# ڕامان


89


- دیاردەی شەرم لە مێژوودا....... بەختیار محەمەد
- ڕۆحی سەردەمی پۆست..... و/ کاوە بەهەشتی زادە
- ئایینەکانی کوردستان لە....... و. کەمال مەعرووف
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەکرەم شارەزای نووسەر و لێکۆڵ
- سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیکی... و/ ڕەحیم سابیر
- باسێک دەربارەی ئاتەراوی... هاوار ـ جیهاد کەمال
- جەیران کۆنترین ئەدەبی زارەکییە.... عەباس سلێمان
- کاریگەری زەمەن و ڕاستەقینە... دانا عەسکەر



دەزگایەکی ڕۆشنبیری گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات



لوحة: جورج سورا - فرنسا


RAMAN

November 2004

Issue, No. 89

# ڕامان

**89**


گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات
خوولی دووەم - ساڵی نۆیەم
تشرینی یەکەم / **2004**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**دارێژەری هونەری**
سەرکەوت وەلی



**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

**E-mail:**
raman@raman-media.net

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
٢٢٣٠٥٨٢

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
٤٤٩٤٦٦٢
٢٢٢٨٥٠٦



**چاپ**
چاپخانەی حاجی هاشم

**نرخ**
(١٠٠٠) دینار

# ناوەرۆک


• **سەروتار**

– فیستیڤاڵێک.. ستۆدیۆیەک.. مەڵبەندێک بۆ بە ئەرشیفکردنی گۆرانییەکانمان.......... سەرنووسەر 3

• **لێکۆڵینەوە**

– بنەمای دیاردەی شەرم لە مێژووی بە نەفرەتکردنی جەستەدا.......... بەختیار محەمەد 4

– ڕەخنەی ئەفسانەیی و ڕۆڵ و هۆکاری دروستبوونی لە شیکاری ئەدەبیدا.......... لوقمان ڕەئووف 14

– پەرتووکا.. ئاورەک ل زمانێ کوردی ل بەر تیرێژێن ڕۆناهیێ..؟.......... سدیق حەجی وەلی بەرواری 18

– لە نێوان (عەقڵ) و (عاتیفە)دا مەنزڵگایەک بۆ ژیان.......... سەباح مەجید 26

– دڵزاری شاعیر.......... مەجید ئاسنگەر 30

– مەراسیمەکانی جەژنی نەورۆز و جەژنەکانی دی.......... ئا: محەمەد ڕەسووڵ حەسەنپوور 35

– ڕۆحی سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم و کۆتایی.......... و/ لە فارسییەوە: کاوە بەهەشتی زادە 41

• **ڕەخنە**

– وەرگێڕانی (بایەکانی کوردستان) لە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەدا.......... د. کەمال مەعرووف 47

• **دەق و پێناساندن**

– توسنێ ڕەشیت.......... کاری: فەرهاد شاکەلی 53

• **چاوپێکەوتن**

– چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل لەگەڵ نووسەر و لێکۆڵ (کەریم شارەزا).......... ئا: ئازاد عەبدولواحید- مەحموود زامدار 68

• **دیمانە**

– دیمانەیەک لەگەڵ فوکو سەبارەت هەندێ بۆچوونی سارتر.......... و/ لە فارسییەوە: هەژێر عەبدوڵڵا پوور 90

• **فەلسەفە**

– فەیلەسووفی ناوداری ئیتاڵیا (بەندیتۆ کرۆچێ).......... و/ لە عەرەبییەوە: محەمەد سلێمان 95

• **هزر**

– سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیکی.......... و/ لە عەرەبییەوە: ڕەحیم سابیر 101

• **زمانزانی**

– باسێک دەربارەی ناتەواوی ڕێنووسی هەورامی.......... هاوار - جیهاد کەمال 114

• **مێژوو**

– ڕوانینێک لە مێژووی کورد و کوردستاندا.......... و/ لە فارسییەوە: ئازاد عەباس کەریم 117

• **وتار**

– کاریگەری زەمەن و وابەستەیی بە ستراتیژییەتی تێکستی شیعرییەوە.......... دانا عەسکەر 121

– مۆسیقا و مرۆڤ.......... ڕەحیم لوقمانی 124

– هەستی ئیستێتیکی.......... عەلی ڕەزا 128

– مەینەتییەکانی منداڵی لە ڕۆمانەکانی چارلز دیکنزدا.......... کاوە عەبدولکەریم شێروانی 133

• **شیعر**

– مانگەکان.......... سەباح ڕەنجدەر 138

– خەونەکانی مردن.......... ناڵە حەسەن 141

– بۆ گوندێ خاپوورێ من.......... ئەسکەندەر سەلیم مزویری 144

– ١٨ + ٨١ = ٩٩.......... شـەونم زەندی 145

• **چیرۆک**

– پردی ئابڕوو.......... ئەمین گەردیگلانی 146

– تەمەن.......... تەها ئەحمەد ڕەسووڵ 148

– نڤیسکار.. کوتر.. و ئاڤاهیێ بلند.......... عەبدال نوری عەبدال 150

– بووکە شووشەکەم شکاند.......... یووسف عوسمان حەمەد 152

• **چیرۆکی بیانی**

– توشای باڵداری غەریبی زاگرۆس.......... و/ لە فارسییەوە: ئامانج عەزیز کەندی 155

• **شێوەکاری**

– میناتۆری عوسمانی.......... فەرهاد پیرباڵ 160

• **گۆرانی و مۆسیقا**

– حەیران کۆنترین ئەدەبی زارەکییە.......... عەباس سلێمان سمایل 162

• **شانۆ**

– ئەکتەر لەنێوان نواندنی سینەمایی و شانۆییدا.......... خەلیل بابە کەریم 167

– درامانووسانی جیهان.......... مەهدی مەجید جاف 171

• **سینەما**

– کورتەیەک لە گۆڕانکارییەکانی سینەما لە مێژوودا.......... ئا: هانا جەمال 178

• **کتێب**

– کوردستان و عیراق و شام و میسر و حیجاز لە.......... لێدوانی: حەسەن مەحموود حەمەکەریم 181

– خەونێن تازی خەونێن مللەتێ کوردن.......... لێدوانی: یاسرێ حەسەنی 187

– مێژووی (٤١) ساڵەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان.......... لێدوانی: سەڵاح عەبدولقادر 196

• **بەدواداچوون**

– با لە وەرگێڕاندا ئەمانەتدار بین.......... ئەحمەد ڕەحمانی 191

– تیواژ.......... 193

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# فیستیڤاڵێک.. ستۆدیۆیەک.. مەڵبەندێک بۆ بەئەرشیفکردنی گۆرانییەکانمان

سەرنووسەر

* مایەی دڵخۆشییە کە دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کارەکانمان بە سستماتیک دەبن، بۆیە جێگەی خۆیەتی لە بواری ڕۆشنبیری و هونەریدا بەپێی ستراتیژ و زەرووەرەت کار بکەین، خۆ ئەگەر بمانەوێ وەک میللەتێ بەدوای تایبەتمەندییەکانی خۆماندا بگەڕێین و ڕەسەنایەتی خۆمان دەستنیشان بکەین، ئەوە دەکرێ لە دوو ڕێگەوە ئەو کارە بکەین، لەلایەک وەک نەتەوەیەکی زیندوو بە (داهێنان) و ئیزافەکردن ئامادەگی بەردەوامان هەبێ، کە ئێمەش لەو دنیا پان و بەرینەدا وەک میللەت پرسیار و گومان بکەین و وەڵامی تایبەت بە خۆمان هەبێ، لەلایەکی دیکەشەوە زیاتر لەسەر ئەو شتانە بوەستین کە تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئێمە بەدەردەخەن، تا بتوانین ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانە زەق بکەینەوە و بیانکەین بە ڕووکار وناسنامە و ناوونیشانی خۆمان.

* یەکێک لەو کەناڵە گرنگانەی دەبێ زیاتر لە هەڵوەستەیەکی لەبارەوە بکەین، هونەری مۆسیقا و گۆرانییە کە دەتوانین بەهۆیەوە ناسنامە و تایبەتمەندیی خۆمان نیشان بدەین، لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا میللەتان کردوویانە بە واجیبەی شارستانیانە و نیشانەی پێشکەوتنی خۆیان و بەردەوام لە داو و دەزگا زانستی و ئەکادیمییەکانیاندا تاووتوێی دەکەن و شەقڵ و مۆرکی ڕەسەنایەتی خۆیانی پێ هەڵدەدەنەوە.

* ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم لەوانەیە دەمێک بێ لەلای میللەتانی دەرودراوسێ کاری بۆ کرابێ و بە ئەرشیف کرابێ، بەڵام من وەک چێژ وەرگرێک و شوێنکەوتوویەکی گۆرانی کوردی، بۆ ئێستای ئەو هونەرە بە کارێکی بەپەلەی دەزانم تا هەرچی زووترە کێومال و مەسحێکی مەیدانیی بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی میلۆدی و گۆرانیگەلی فۆلکلۆری و میللی بکەین، ئەگەر تا ئێستا لەسەر ئاستی تاکەکەس و هەندێ جار بەشێوەیەکی سنووردار کاری هەرەوەزی کرابێ، بەڵام لە ئاستی دەوڵەمەندیی ئەو سامان و کەلەپوورە مەزن و بەربڵاوەدا نەبووە. چیتر ئەمڕۆ کاتێکی زۆر لەبارە بۆ ئەوەی کەناڵە هونەرییە بەرپرسەکان دەست بدەنە بن باڵی ئەو پرۆژەیە و دوای نەخەن و ئەو میلۆدی و سترانە فۆلکلۆرییە ڕەسەنانە لە سنگ و لەسەر زمانی پیر و بەساڵاچووەکان لە فەوتان ڕزگار بکەن، کە لە کاتی خۆیدا بەهۆی ڕاگوێزان و خاپوور و تەخت کردنی بەدەیان و سەدان گوندی کوردستان زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە.

* لەپاڵ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەش جارێ خۆمان بۆ فیستیڤاڵێکی تایبەت بە هونەری گۆرانی میللی و فۆلکلۆری لە سەرتاپای کوردستانی گەورە ئامادە بکەین و تیپە میللییەکان ئەوانەی ئامێری ڕۆژهەڵاتی و فۆلکلۆری بەکاردەهێنن لەو فیستیڤاڵەدا بەشداربن، مەرجی بەشداربوونیشیان لەو فیستیڤاڵەدا تەنیا پێشکەشکردنی گۆرانی فۆلکلۆری بێ، ئەگەر دەسکاری میلۆدییەکەشیان کردبێ و سەرلەنوێ دایانڕشتبێتەوە و ئامادەیان کردبێتەوە و پێشەکییان بۆ دانابێ، بەڵام نۆتەی میلۆدییەکە وەک ئەوەی هەیە پێشکەشی لیژنەی ئامادەکاری فیستیڤاڵەکە بکەن، چونکە جاری وا هەیە گۆرانییەکی فۆلکلۆری لەهەر ناوچەیەک بەجۆرێک دەوترێ، پێشنیاریش دەکەم هەر تیپێکی بەشداربوو نۆتەی نووسراوی (٥) گۆرانی فۆلکلۆری کەمتر لەگەڵ خۆی نەهێنێ، تا لەپاش کۆتایی هاتنی فیستیڤاڵەکە بکرێنە کتێب و چاپ بکرێن.

* لە سەروبەندی باسکردنی سازدانی فیستیڤاڵێک بۆ گۆرانی فۆلکلۆری، دەبێ لایەنە پەیوەندارەکان دەستوبرد بکەن لە کردنەوەی مەڵبەندێکی تایبەت و تەرخانکراو بۆ ئەرشیف کردن و کۆکردنەوە و پاراستنی سەرجەم گۆرانییە تۆمارکراوەکان کە لەسەر قەوان و بەکرە و نەوار گۆرانی و مقاماتیان لەسەر تۆمارکراوە، تا لەوە زیاتر ئەو سامان و گەنجینەیە لێی نەفەوتێ و زیانی زیاتری بەرنەکەوێ، ڕاپەڕاندنی ئەم پرۆژەیە بە جێهێنانی ئەرکێکی نەتەوەییە و دەکەوێتە ئەستۆی خەمخۆرانی هونەری کوردیمانەوە.

* جێی بەبیر هێنانەوەیە بوونی ستۆدیۆک بۆ تۆمارکردنی گۆرانی بە مواسەفاتی پێشکەوتوو و مۆدێرن لە هەولێری پایتەخت، کە کێشەی تۆمارکردنی گۆرانیی گۆرانیبێژەکانمان بنبڕ بکات، خزمەتی زیاتر بە ڕەوتی بەرەو پێشەوەچووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەکات، بە تایبەتیش ئەمڕۆ تەلەفزیۆنی ئاسمانیی ڕوو لە زیادبوون دەکەن و بۆ کلیپ و کاری هونەری دەبێ گۆرانیبێژەکانمان لە دەردەدڵی تۆمارکردن ڕزگار بکرێن، کە لەکاتی تۆمارکردنی گۆرانییەکانیان دەیچێژن و لەپاش ئەرک و ماندوبوون و لەسەر گیرفانی خۆیان دەکەونە کۆکردنەوەی ژەنیارەکان تا گۆرانییەک تۆمار دەکەن، ئەویش زۆر بە شپرزەیی و نیوە و ناچڵی، کە هەرگیز لەگەڵ ئاوات و خەونەکانیان نایەتەوە.

* پێم وایە دیراسەت کردن و بڕیاردان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پێشنیارانە، بەشێک لە خەونی هونەرمەندان دێنێتە دی کە دەمێکە ئاواتی بۆ دەخوازن، تەکانێکیش بە بزاڤی گۆرانی کوردی دەدا، وەک چۆن خزمەتێکی شایستەیشە بە کەلەپوور و سامانی ڕابردووی ئەم هونەرە، خۆ ئەگەر کۆنگرەیەکیش بۆ هونەری مۆسیقا و گۆرانی ساز بکرێ لە کێشە و کەموکوڕییەکانی ئەو هونەرە بکۆڵێتەوە، ئەوە گوژم و تەکانێکی دیکە بەو هونەرە دەدرێ.

# بنەمای دیاردەی شەرم لە مێژووی بە نەفرەتکردنی جەستەدا

بەختیار محەمەد

(گەورەترین تراژیدیا ئەوەیە،کە تۆ لە ژنی پاکیزە، لە خۆشەویستی پاک بگەڕێی... ئەمە وەهمێکی کوشندەیە، کە ڕۆحی ئاکاری ئایینەکان و ڕۆحی فەلسەفەی ئایدیالیستی دایان هێناوە).

نزیکەی سێ سەدە و نیو بەر لە ئەمڕۆ، «خۆشەویستییەکی پاکیزە» لەنێوان فرانسوا فینیلۆن (١٦٧٥-١٧١٥)ی نووسەری فەرەنسی و خاتوو گۆیۆنی بێوەژندا سەری هەڵدا.

ژوانێک لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٦٨٨)دا کۆیان دەکاتەوە. «ئیتر لەو پایزەوە، پێوەندییەکی ڕۆحیانەی قووڵ لەنێوانی فینیلۆنی و خاتوو گۆیۆندا سەری هەڵداوە، پێوەندی نێوانی هەردوو دڵەکە و هەردوو ئەقڵەکە، بێ ئەوەی جەستە هیچ دەستێوەردانێکی هەبێت، چەندین نامەی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییان ئاڵوگۆڕ کردووە، خاتوو گۆیۆن فینیلۆنی وەکو ئەو جگەرگۆشە ڕۆحییەی خۆی لە قەڵەمداوە کە خودا پێی بەخشیوە. گرنگترین خەسڵەتی ئەو خۆشەویستییە ئەوەیە کە خۆشەویستییەکی پاکیزە بووە، هیچ مەرجێکی تێدا نەبووە، لەسەر بناغەی پێوەرێکی گرنگیش دامەزرابوو، خۆ بە دوورگرتن، بگرە ڕەتکردنەوەی هەموو بەرامبەرێک، چونکە چێژی ڕاستەقینەی بریتییە لە ڕەتکردنەوەی هەموو چێژێکی سەرپێی و تێپەڕ» (١) ئەم خۆشەویستییە پاکە «لەسەر پێشینەی ڕۆشنبیریی خۆراوایی دامەزراوە، بەتایبەتی لەسەر بناغەی ڕەهەندە مەسیحییەکەی» (٢). ئەم خۆشەویستییە نموونەییە پێشی دەگوترێ «خۆشەویستی ئەفلاتوونیانە». وەک دەزانین چ فەلسەفەی ئەفلاتوون و چ ئایینی مەسیحییش، سەر بەجیهانی ئایدیالیزمن، لێرەوە خۆشەویستی پاکیزە، دەلالەت لە ڕەتکردنەوەی (یا لابەلاکردنی) شتە مادییەکان دەکا. جەستە تەوەرێکی گرنگی ئەم شتە ماددییانەیە، بەڵکو سەنتەری ڕەتکردنەوەی ئەو شتە ماددییانەیە. ڕەتکردنەوەی چێژ، ڕەتکردنەوەی حەقیقەتەکانی بونیادی جەستەیە. پێدەچێ «ڕەتکردنەوەی هەموو چێژێکی سەرپێیی و تێپەڕ»، چێژە جەستەیی و ماددییەکان بن. لێرەوە واتای خۆشەویستی پاک بە قوربانیکردنی جەستەیە، لەپێناو شکۆی خەیاڵ و وەهمەکانی عەقڵدا؛ لەپێناو دەسەڵاتی ڕۆحێکدا، کە بوونی جەستە و ویستی جەستە حەرام دەکا، ئەفلاتوون دەڵێ: «لەش کۆسپە لەبەردەم ڕۆحدا. خۆشییەکانی پووچن و سەرچاوەی شەڕانگێزییەکانە» (٣) کەواتە ئێمە دەبێ لەناو خۆشەویستی پاکدا، شەرم لە حەز و ئارەزووەکانی جەستە بکەین. شەرم لە بوونی داینەمیکیەتی جەستە بکەین، کە بەشداری لە پرۆسەی سەرهەڵدانی خۆشەویستی پاک بکا. لە سایەی ئەم تەرزە خۆشەویستییەدا، جەستە دەبێتە کیانێکی پەککەوتەی شەرمن. کیانێکی پەککەوتووی وەها، کە بەر لە هەر شتێک دەلالەت لە کوشتنی ئازادی فیکر و زمان دەکا؛ لە ڕێگەی ئەم دوو ڕەگەزەشەوە جەستە دەتوانێ ماهیەتی خۆی بناسێ. واتە جەستە بە فیکر و بە زمان دەتوانێ بوونی خۆی لە ڕاست پێداویستییەکانی خۆی و پێداویستییەکانی واقیع بناسێ، بەڵام جەستەی شەرمن،

جەستەیەکە پێشوەخت هەموو پاژەکانی لە ڕێگەی شەرمەوە ئیفلیج کراوە: زمان ناتوانێ وشەکان لە دەروونەوە بەڕەوانی ڕابگەیەنێ. زمانی شەرمن لە هەموو هەڵوێستێکدا پێمان دەڵێ ترس و مەحاڵ هەیە، بەڵام پێمان ناڵێ هیوا و بوێری هەیە. لێرەوە زمانی شەرمن بێدەنگییەکی قووڵ لە ڕاست ژیاندا هەڵدەبژێرێ. بەم ڕەنگەش کۆمەڵگەی شەرمن، کۆمەڵگەیەکی ناچالاک و بێدەنگە. لێرە شەرم هەموو سنوورێکی پۆڵایین، بۆ ئازادییەکانی جەستە دەکێشێ؛ چاو ئەو پاژە شکۆمەندەی جەستە، لە سای هەرەسی ڕۆحی شەرمندا، کەم بینا دەبێ و وەزیفە گرنگە مرۆیی-کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە دەست دەدا، کە بە ئازادی هەموو جوانییەکانی ژیان و سروشت ببینێ. چاوی شەرمن لەپانتایی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ترسێندراوە لە نیگاکردن؛ ئەوە چەمکی «نەزەر حەرام»ە، کە سووکایەتییەکی گەورەی بە چاو و وەزیفە مرۆییەکانی ئەم ئەندامە کردووە، بەم ڕەنگە لەپشت دیاردەی شەرمەوە، هەمیشە لێکدانەوەی ئایینیانە هەیە، با دوور نەڕۆین دەستی شەرمنیش هەرگیز ناتوانێ چێژ لە چالاکییەکانی عەشق بکا. ئەوە چەمکی خۆشەویستی پاکیزەیە، کە ناهێڵێ جەستەی ئێمە لە بوونی خۆیدا ئازاد بێ. ئەوە چەمکی خۆشەویستی پاکیزە و دابونەریت و ئەدەبیاتی میللی گەندەڵ و فەلسەفەی ئایدیالیستی و باوەڕی ئایینی خورافییە، کە بەهای شەرم بە هەموو پاژێکی جەستەمان دەبەخشن، بەم ڕەنگە جەستەی شەرمن، جەستەیەکی کلۆڵە لەم جیهانەدا.

ڕاستییەکەی شەرم زمانی شاردنەوەی خۆشەویستی جەستەیە. زمانی ئەو درۆیەیە، کە جەستە و عەقڵ فێری بوونە. زمانێکە کە درۆی تەقواو پاکیزەیی و سەرمەشقی ئەخلاق بە جەستە دەکا. بەهایەکە کە وێنەی سەلبی جەستەمان پێدەبەخشێ، بونیادێکە، بونیادی جەستە وێران دەکا، بونیادێکە ڕۆحێکی سەراسیمە و یۆتۆپیایی دەخولقێنێ، بونیادێکە ڕۆحێکی شەکەت بەرهەم دەهێنێ، کە بەدوای چێژ و ئارامی و یەقینی مەحاڵدا وێڵە. بونیادێکە بە مانای وشە، تاکە دۆڕاوەکان (تەنانەت کۆمەڵگە دۆڕاوەکانیش) گیرۆدەی دەسەڵاتە کولتووریەکەی ئەون.

لە خۆشەویستی پاکدا، ڕەهەندێکی هاوڵفی ئیمانی سۆفیگەرانەی ئایینیی هەیە: وەک چۆن سۆفی عەشقی خودا دەبێ؛ بەم شێوەیەش دڵدار عەشقی دڵبەرەکەی دەبێ. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا جەستە خۆی لەخۆیدا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، تەنیا پرۆسەیەکی دەگمەنی ڕۆحیانە، کە پڕ لە هەستی سۆزەکانە، کارایە لەم پێوەندییانەدا، بۆیە ناوەرۆکی ڕامانەکانی خۆشەویستی پاک، وەک ناوەرۆکی ڕامانەکانی سۆفیگەرایی، ناوەرۆکێکی ئایدیالیستانەیە و هیچ پێوەندییەکی بە بارودۆخی واقیعی ئێستاوە نییە. دەتوانم بڵێم خەیاڵی خۆشەویستی پاک، پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی واقیعێکی سەلبی و بەدە، کە تاک بەدەستییەوە دەناڵێنێ، لێرەوە هەمیشە شەرمکردنیش بەرهەمی واقیعێکی بەدە. واتە دەشێ هەموو بیرکردنەوەیەکی ئایدیالیستانە واقیعێکی بەد بیخولقێنێ، بەم پێیە هەموو خۆشەویستییەکی پاک، دەلالەت لە کۆمەڵێک خەونی بەدی نەهاتوو دەکا:

(نالی) بە گاڵتە لە کۆمەڵی کوردەواریدا (حەبیبە) ناپەرستێ. لە کۆمەڵگەیەکی ئایین پەروەردا، کە تابۆترین شت عەشقکردنە لەگەڵ ژن. (دەبێ لەبیرنەکەین (جزیری)ش عاشقێکی گەورەی سۆفیگەر بووە. هەروەها (خانی)ش لەم تایبەتمەندییە بەدەر نەبووە. زۆر لە شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد، تایبەتمەندیی ئەم ڕۆحیەتەیان هەبوو).

ڕاستییەکەی خۆشەویستی پاک، ڕەتکردنەوەی واقیعی باوە، بەڵام بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە. زۆرجار ئەمە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی سۆفییەکانیش بووە. سۆفی واقیع بەجێ دەهێڵێ و خۆی دەهێنێتە ئاستی خودا، لە بوونی خوادا ژیان بەسەردەبا. هەروەها عاشقەکانیش لەناو خۆشەویستیی پاکدا، دڵخوازەکانیان دەهێننە ئاستی خودا و لەناو ئەم بوونە میتافیزیکییەدا، تەماشای ژیان دەکەن و سرووتی پەرستن جێبەجێ دەکەن. لەم بارەیەوە (جیفری باریندەر) دەڵێ: «پرسی خۆشەویستی خوا بۆ مرۆ و خۆشەویستی مرۆ بۆ خوا، کە تاڕادەیەک لە قورئاندا بەدەرکەوتووە، هەرزوو بووە بابەتێکی بنچینەیی لەکن سۆفییەکانی ئیسلام. (ڕابیعەی عەدەویە) یەکێکە لە دێرینترین سۆفییەکان و هەر بە کچێنی و پاکیزەییش مایەوە؛ تەنانەت لەبەر هەندێ پێیاندەگوت (مریەمی پاکیزەی دووەم). بە جۆرێک بانگی خوای دەکرد، وەک بڵێی برادەر و دڵداریەتی. لەگەڵ ئەوەش لەکاتێکدا دەشێ هەست و نەستێکی وەها، بە سیفەتی هەڵکشانی پاڵنەرە سێکسییەکان لێک بدەینەوە، کەچی تەنیا بڕێکی کەم لە ڕەمزییەتی سێکسی لە ڕێبازەکەیدا بەدی دەکرێ» (٤).

هەر بە فیعلیش خۆشەویستی پاک، دڵخواز دەکاتە خوایەک و شایانی پەرستنێکی زاهیدانە و سۆفیگەرانەیە. لێرەوە عاشق گۆرانی و شیعر دەڵێ، بۆ ئەوەی خوای خۆشەویستی ستایش بکا، هەمیشە

شاعیرەکانیش بەم ئاراستەیەدا دەڕۆن: جەستە دەکەنە قوربانیی خەیاڵی شیعریی و دنیای ڕۆح و دنیای خەیاڵەکان. شاعیر کە شیعر دەنووسێ، ئاگای لە جیهانی مادده نامێنێ و جەستە لەبەر چاویدا ون دەبێ و تەنیا وەک جەستەی (عەشتار)یش تەماشای جەستەی پیرۆزی دڵبەرەکەی (ژن) دەکا. بەم ڕەنگە شیعریش سۆفیگەرانە ستەم لە جەستە دەکا. شیعر زمانی ڕۆحە، کە جەستە پەکی دەکەوێ. شیعر زمانێکە، کە درۆ لەگەڵ کەرامەتی جەستەدا دەکا. شیعر پێماندەڵێ ڕۆحێکی مەزن هەیە بەبێ جەستە. شیعر پێماندەڵێ جەستە هەیە، بەڵام جەستەیەکی پەرستراوی پیرۆزی بت ئاسا هەیە. بەم ڕەنگە شیعر گوتاری ڕۆحێکە بەبێ جەستە دەدوێ.(٥)

میسرییەکان لە ستایش و وەسفی خوداژنێکدا دەڵێن:

**«سەروەری بۆ تۆ خۆشی بۆ تۆ ئەی پەرستراوە زێڕینەکە**
**ئەی تاکە فەرمانڕەوا ئەی سوڵجانی پەروەردگای مەزن بەخۆی**

........

**ئەی دایکە ئەی سەرچاوەی ڕووناکی کە تاریکی لەبەردەمیدا قەتیس دەبێ**
**ئەی ئەوەی هەموو ئافەریدەیەک لە مرۆ بە ڕووناکی خۆت دادەپۆشی**
**سەروەریی بۆ تۆ ئەی مەزنی خاوەن ناوی زۆر**
**ئەی ئەوەی خودا و ماخوداییانی هێنایە بوون و ناویشت ئاستە**
**ناوت پیرۆزە ئەی ئاستی مەزن**
**ئەی ئەوەی هەناسەی ژیان دەبەخشی، ئەی کچی ڕەع**

........

**ئەی ئەوەی کۆمەڵی ئادەمیزاد دەیپەرستن**
**لەبەر ئەوەی خۆشیان دەوێ...»** (٦).

ئێمە دەمانەوێ بڵێین، کە دەبێ جەستە لەناو سیستەمی بوون و سیستەمی ئیماندا، بوونێکی نێگەتیڤانەی نەبێ، بەڵکو ددان بە مافە سروشتییەکانیدا بندرێ. واپێدەچێ لە جیهانی کۆندا، جەستە بونیادی پرۆسەی خۆشەویستیی بووبێ، کە لەگەڵ ڕۆحدا یەکیەتی هێزی خۆشەویستییان پێکهێناوە، بەڵام چەمکی خۆشەویستیی پاک، (کە دەشێ ئەم چەمکە لە مێژووی فیکردا، پرەنسیپی دوالیزمی لەش و ڕۆح بەرهەمیان هێنابێ) بڕوای بە خۆشەویستیی جەستە نییە. پێیوایە جەستە ئەم خۆشەویستییە پیس دەکا، یا قودسیەتەکەی دەشکێنێ. لەمەوە شەرمکردن لە جەستە و حەز و چێژە ماددییەکان، بەهاو خەسڵەتی ئەم تەرزە خۆشەویستییەن.

وەک دەزانین لە کولتووری شەرمنی ئێمەدا، مێژووی بەهای خۆشەویستی پاک، کە بەهای باوەڕێکی میللییە لەناو خەڵکدا، پێناوێکی کاریگەرە بۆ پووچەڵکردنەوە و ڕەتکردنەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینە. ئەو خۆشەویستییەی کە ڕۆح و جەستە پێکەوە ئەنجامی دەدەن. (گرفتەکە ئەوەیە کە خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەشێوەیەکی بەرجەستە بوونی نییە). هەمیشە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دایک و باوکان کوڕە هەرزەکارەکانیان (کچانیش زۆر بەنهێنی) فێردەکەن، کە خۆشەویستی پاک بکەن. بەو مانایەی کە هیچ جۆرە پێوەندییەکی سێکسی (تەنانەت ئاماژەکانی سێکسیش) دانەمەزرێنن. ئەمە گوتارێکە لەگەڵ قەدەغەکردنی پرۆسەی عەشق خۆی دەگونجێنێ و پاساوێکە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو عەشقەی کە بە فیعلی بکرێ. دەسا لێرە تاک چەند بێبەش دەبێ لە پراکتیزەکردنی هەستی سۆز و خۆشەویستی، هێندەش شەیدای خەیاڵی خۆشەویستی پاک دەبێ. بەم ڕەنگە ئایدیای خۆشەویستی پاک زمانی ئازار و شکستەکانی خۆشەویستی پراکتیکییە. ئەمە لە بنەڕەتدا گومانی ئەخلاقیی تاک و کۆمەڵگەیە، لە شەرعیەتی بوونی خودی خۆشەویستی. کەواتە پێناسەی خۆشەویستی پاک، بەدەر لە وەعزێکی پووچی ئایدیالیستی هیچی دیکە نییە، کە بە ئێمە دەبەخشرێ، وانەیەکە شەرمنمان دەکا و جەستەمان لە واقیعی ئێستای حەزەکان و خەون و بیرکردنەوەمان جودا دەکاتەوە و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیمان بەرەو هەڵدێری شڵەژان و نیگەرانی و وەهم دەبا. کەواتە با ئێمە لە وێنای پڕ لە وەهم و تێکشکاوماندا، خۆشەویستیی پاک بکەین، (کە ئەمە لە واقیعدا خەونێکی تاڵی خۆشەویستی ڕاستەقینەیە)، تا هەرگیز لە سایەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و عەقڵێکی ئازاد دا، خۆشەویستی پۆزەتیڤانەی بە کردەوە نەکەین. بەم ڕەنگەش ڕێز لە یاسای ئازارەکانی جەستە و ڕۆحی خۆمان دەگرین و ڕێز لەو یاسا کۆمەڵایەتییانەش دەگرین، کە کولتوورێکی پڕ لە نیفاق و شەرمن بەرهەم دەهێنن، کولتوورێک، کەکولتووری وەهم و نەخۆشی و شکستەکانە. کولتوورێک، کە بەرهەمی واقیعی ئەزموونی شکستەکانە: شکستی ڕۆحی مرۆییمان.

بەهەرحاڵ (٣٣٥٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە وڵاتی میسری سەردەمی فیرعەونەکان، پیرەمێردێک «بەندەی (سینۆهە)ی پزیشکی تایبەتی فیرعەون» دەڵێ: «هەرچەندە پیاو ڕووگرتووتر و شەرمنتر بێت، زووتر

گیرۆدەی ژن دەبێ و زیاتر ڕەنج دەدات و تووشی زیان دەبێ» (٧). لێرە ئەم وشە فەلسەفیانە پێماندەڵێن، بۆنی ئازاری خۆشەویستییەکی ئایدیالیستی (خۆشەویستییەکی پاک) لەم قسانەوە دێ، ئەو خۆشەویستییەی کە بەدەر لە بەهاو ئاکاری شەرم، هیچ بەهاو ئاکارێکی دیکە ناناسێ. هەڵبەت ئەو زیانەی ئەم پیرەمێردە دەیلێ، زیانە لە ژیانی ماددی و وزەی ڕۆح؛ زیانێک ڕۆح لەناو خۆشەویستی پاکدا، وزەکەی دادەچۆڕێ و جەستە دەبێتە مادده و کیانێکی بێ کەڵک و لە کارکەوتوو، سا خۆشەویستی پاک وزەیە بۆ خەیاڵێکی بێهوودە؛ بۆ وەهم و یۆتۆپیا، بۆ سڕکردن و داپۆشینی واقیع. دەلالەتە لەو حاڵەتەی، کە ویستی مرۆڤایەتی پەکی کەوتووە.

ئەم پیرەمێردە بە ئەزموونە پێماندەڵێ، واقیعی مرۆڤایەتی بەدەر لە ئەزموون هیچی دیکە نییە. ئەو ئەزموونەی، کە لە پراکتیکدا خۆی بەدەردەخا، ئەو ئەزموونەی، کە بەرهەمی واقیعە و گەڵێک جار ناکۆکە لەگەڵ حەز و ویست و خەیاڵی مرۆڤ. ئەو ئەزموونەی، کە دەشێ لە هەر ساتەوەختێکدا کتوپڕ خودمان بتاسێنێ. ئەوسا تێدەگەین، کە ئێمە لە کوێی پایەکانی ژیاندا دەژین! ئەوسا تێدەگەین، کە ژیانی خەڵکێک هەیە، هەرگیز بەبێ باجدانی مرۆیی ناچێتە سەر. ئەزموونی ژیان، کە ئامانجی فێرکردنە، باجی لە ئێمە دەوێ، ئینجا ئەم باج ستاندنە ماددی بێ، یا مەعنەوی بێ.

ژیانی بێ ئەزموون، ژیانێکی کرچ و کاڵ و شەرمنە. ژیانێکە هێشتا شەرم لە هەموو شتێک دەکا. ژیانی بێ ئەزموون وەک منداڵێکی فرە شەرمنە: هەمیشە دەسڵەمێتەوە لە بەرائەتی خۆی، دەترسێ لەناو جیهانی پاکی خۆیدا، بەرائەت لە جیهانێکی پڕ لە کێشەدا بێ ئەزموونییە. منداڵ، کە بێ ئەزموونە چۆن ڕووبەڕووبێتەوە؟ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ماهیەتی ژیان؟ بەڵام تۆ بڵێی منداڵی شەرمن یاخییەکی ئەم جیهانەش نەبێ، کە نایەوێ پاکی خۆی لەدەست بدا؟ بەڵام ئەفسووس، بێ سوودە ژیانی بێ ئەزموون! چ شتێکیش لە مرۆڤ گرنگترە لە ناو ماهیەتی ژیاندا؟ بۆیە ئەزموونی ئێمە تەنیا لەگەڵ مرۆڤە. لەویوەش ژیان و خوا و گەردوون و خۆمان دەناسین. (٨)

ئەم پیرەمێردە باس لە واقیعێکی نزیکی ئەمرۆ ،واقیعێکی باوی ئەمرۆی کۆمەڵگەی ئێمە دەکا: پیاوی شەرمن، پیاوێکی بێ دەسەڵات و خەیاڵییە. لە ڕووداوێکی ژیانی تایبەتی خۆشیدا (سینۆهە) دەڵێ: «ڕۆژێکیان دوای دەرکردنی لاشەیەک لە حەوزەکە خۆم شۆری و جلەکانم لەبەرکردەوە و ویستم بگەڕێمەوە، لە ناکاو گوێم لە دەنگی ژنێک بوو کە وتی: کوڕە جوانەکە ناوت چییە؟ کە سەیرم کرد ئەو ژنەی لەناوم دەپرسێ کراسێکی کەتانی لەبەردایە و کراسەکەی ئەوەندە ناسک بوو کە سینگی دیاربوو، دیاربوو کە ژنێکی دەوڵەمەندیشە، چونکە زیاتر لە دە حەڵقەی زێڕ و زیوی لەدەستدا بوو و لێوی سوور بوو و چاوەکانی ڕەش بوو و لە پرچی سەری کە بە ڕۆن چەورکرا بوو بۆنێکی خۆش دەهات، نازانم بۆچی من کە لەخانەی ژیان ئەو هەموو ژنە نەخۆشەم بینیبوو کاتێک کە ئەو ژنەم بینی شەرم دایگرتم، کەچی شەرمم لەو ژنانە نەدەکرد کە کێردە بەردیبیەکانم بەسەر لەشیاندا دەهێنا.

ژنەکە بزەیەکی هاتێ و وتی بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟ ناوت چییە؟ وتم: ناوم (سینۆهە)یە...

وتی: ناوەکەت چەند خۆشە، تۆ بەم سەرە تاشراوەوە ئەوەندە جوان بی دەبێ بە قژەوە چەند جوانتر بێ؟ وام هەست کرد بە بیستنی ئەم قسەیە سوور هەڵگەڕام، چونکە یەکەم جار بوو کە ژنێ بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ دەکردم و بۆ ئەوەی تەریقیی خۆم بشارمەوە و قسەیەکم کردبێت وتم: ئایا تۆ نەخۆشی و بۆ چارەسەر هاتووی؟..» (٩)

وێنەی ئەم پزیشکە نزیکەی (٤٠٠٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، هەر دەڵێی وێنەی کوڕە کوردێکی شەرمنی ئەم سەردەمەیە، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژن دەترسێ و دەشڵەژێ. ئەم پیاوە لەم هەڵوێستەدا بەپێی تەمەن، یەکەم ئەزموونی بووە؛ لە چوارچێوەی نەریتی میسریشدا، ئەزموونی دیکەی زۆری لەم بابەتەی بەدوادا دێ.

(سینۆهە) لەم ڕووەوە کوڕێکی بەختەوەرە، کە وەک لاوی ئەم سەردەمەی ئێمە، پەرستگە و دەسەڵات و پۆلیس بەناوی ئەخلاقەوە چاودێری ناکەن. (سینۆهە) ژنێکی شۆخی دەوڵەمەند بانگی دەکا و دەیدوێنێ، بەڵام لاوانی ئێمە پەرستگە و خێزان و دەوڵەت سەرکۆنەی دەکەن و دەیترسێنن. لێرەوە لاوی ئێمە بەلاڵ بوون، ناچار دەکرێ ژن بێنێ یا شوو بکا: سرووتێک کە پڕە لە مێژووی خوێناویی عاشقەکان و ژنەکان.

دەشێ پیاوی کورد بەشێوەیەکی وەها ئازادی وەک (سینۆهە)، کە هیچ دەرفەتێکی شەرعی و نەریتێک بۆ ئەم جۆرە ڕێکەوت و پێوەندی و دیدارانە نییە، هەرگیز گفتوگۆیەکی لەم چەشنەی لەگەڵ ئافرەتێکدا بۆ هەڵنەکەوێ.

بێگومان (سینۆهە)ش بەر لەوەی لەگەڵ ژندا تێکەڵاو ببێ و لە کەشوهەوا و کۆمەڵگەیەکی ئایینیدا، کە

خەسڵەتی ئەم کۆمەڵگە و کەشوهەوایە گۆشەگیرکردنی مرۆڤە (خانەی ژیان= فێرگەی پزیشکیی ئەو سەردەمە، کە کاهینەکان بەڕێوەیان بردووە) شەرم لە نزیک بوونەوەی ژن دەکا و دووچاری شڵەژان دەبێ. لەمەوە دیارە پرۆسەی سەرهەڵدان و ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە مەدەنی و ساخڵەمەکان، بەرهەمی ژیانی ئازادانە و چالاکانەی ئەزموونی پراکتیکی کۆمەڵایەتین؛ وەلێ خەسڵەتێکی تاکەکەسەکانی ناو هەموو کۆمەڵگەیەکی خۆپارێز و تەقلیدیی، هەمیشە شڵەژاوێکی شەرمن لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا،(١٠) ئێمە دەپرسین: باشە ئەگەر (سینۆهە)ی کۆمەڵگەی ڕووت و قووتی ئەوسای میسری شەرم بکا، لە کۆمەڵگەیەکدا کە بە مانای ئەمڕۆ بەهای شەرم، بەهای داپۆشینی جەستە ڕەتدەکاتەوە، ئەوکاتەی کە جەستە ڕەهەندێکی ئازادانەی پتەوی هەبووە، ئەدی ئەم بەهایە شارستانییە نێگەتیڤە، کە بۆنی مێژووی تەکفیرکردنی جەستەی لێدێ، لە کۆمەڵگەی عەبا و سەرپۆشی ئێمەدا، هێمایەکانی خنکاندنی جەستە، چ فەرتەنەیەک بە بوونی کۆمەڵایەتی و بە سروشتی کەنیونەی مرۆڤ دەکا؟!

دیسان هەر لە هەمان سیاقدا هاوڕێیەکی هونەرمەندی ئەم پزیشکەشمان، بە سیفەتی «ئامۆژگاری» پێی دەڵێ: «سینۆهە،... ئەم خەڵکەی ئەمڕۆ بە شەقامەکانی شاردا دەسووڕێنەوە، ئەگەرچی هێشتا باوەڕیان بە ئاموون و خوایەکانی تر ماوە، بەڵام ئێستا لێیان ناترسن و لە جل و بەرگ پۆشین زۆر کەم تەرخەم بوونە و ئەم گوێ نەدانە گەیشتۆتە ڕادەی بێ شەرمی، لەبەر ئەوەی خەڵک بەبێ ئابڕوویەکی زۆرەوە سنگ و سکی خۆیان بە پارچەی ڕەنگاوڕەنگ دادەپۆشن. خوایەکان مرۆڤیان بە ڕووتی دروست کردووە بۆ ئەوەی بەردەوام ڕووت و قووت بن و هەرگیز لەشیان دانەپۆشن. تەنانەت ژنەکانیش وەک پیاوان بێ شەرم بوونە و جلکەکانیان سنگ و سکیان دادەپۆشێ. من هەر کاتێ بیر لەم بارودۆخە دەکەمەوە لەو گومانەدام کە ئێمە لە کۆتایی دنیا داین و بە زوویی ئاخر زەمان (ڕۆژی دوایی) دێت. ئەگەر پەنجا ساڵ لەمەوبەر ژن یان پیاو کراسێکی لەبەربکردایە کەسینگ و سکی داپۆشیبایێ، بەتاوانی ڕێز لێ نەنانی خوایەکان بەردباران دەکرا و ئێستا هەمان ژن و پیاوانە بە ئازادی لەشاردا دەسووڕێنەوە» (١١). ئەم گوتارە بۆ ئەوسای میسر کۆنسێرڤاتیڤە؛ لێ بۆ ئەوڕۆی ئێمە دەلالەتێکی دیکەی هەیە: دەڵێ یاسای قەدەغەکردنی سەرپۆشە، کە فەرتەنەی خولڤاند. لێرەوە ئەم سکاڵاو ناڕەزاییە، کە بەرگرییە لە دابونەریت و ڕەوشی کۆمەڵایەتی باوی ئەو سەردەمە، لە هەمان کاتدا بەرگرییە لە مێژووی خۆڕسکی ئازادیش؛ ئەوکاتەی هێشتا هیچ کەسێک گومان لە سروشتی جەستە ناکا و ئەم کیانە بایۆلۆژییە، ناکەوێتە بەردەم هەڵمەتی تۆمەتبارکردن و پێناسەی ئیرادەی خوا.

لە چیرۆکی ئەفسانەیی ئایینە یەکتاپەرستەکاندا، بە پێچەوانەی باوەڕ و کولتووری میسرییەکان، لە ئەنجام و تۆڵەی گوناهی (ئادەم) و (حەوا) جەستە دادەپۆشرێ. لێرە وەک بلێی جەستە بەهێما، ڕواڵەتی ئەم سزادانە بگەیەنێ. جەستە لە بەهەشتەوە (هێمای سروشت)، کە هێشتا ڕووتە، کاتێک کە تووڕ دەدرێ بۆ سەر زەوی (هێمای شارسانیەت) دادەپۆشرێ. زەمەنی (ئادەم و حەوا) زەمەنی ئەو سەردەمەیە، کە میسرییەکان سکاڵا لە گۆڕانی زەمانە دەکەن، ئەم ڕووداوەی چیرۆکی (ئادەم و حەوا)، سکاڵای هونەرمەندەکەی هاوڕێی (سینۆهە)مان بە بیردێنێتەوە. نیشانەکانی لەناوچوونی ئایینی کۆن و هاتنی ئایینی نوێ. ئەمە سەردەمی نزیکبوونەوەی دروستبوونی ئایینە یەکتاپەرستەکانە. سەردەمی ململانێی نێوان (ئاموون)ی دیتراو و بەرجەستەی خوای کۆن و (ئاتوون)ی نەدیتراو و نابەرجەستەی خوای نوێ. ململانێیە لەنێوان بتپەرستیی و یەکتاپەرستییدا. لێرەوە مێژووی دروستبوونی گەردوون و گوواندن و چیرۆکی (ئادەم و حەوا) سەرهەڵدەدا و دەنووسرێتەوە: (تەورات) بەرهەمی ئەم هەلومەرجە مێژووییەیە.

ئەم گوتارە (گوتاری هاوڕێ هونەرمەندەکەمان) پرسیارێک دەکا؛ جەستە بۆ دادەپۆشرێ؟ دەشێ ئەم پرسیارە پڕ لە نیگەرانییە، نیشانەی سەرە مەرگی ئایین و شارستانییەتەکانی جیهانی کۆن بێ. ئەم پرسیارە ئاماژەیەکی پێیە بۆ سەردەمی دروستبوونی ئایینە نوێیەکان (ئایینی یەکتاپەرستی). هەر لەو سەروبەندەشدا (ئەخناتوون) دەڵێ: «ئەی گەلی میسر لە ئەمڕۆ بە دواوە تەنیا یەک خوا لە جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات و ئەویش (ئاتون)ە و جگە لە ڕووناکی ئاتوون هیچ ڕۆشناییەک لە جیهان نادات» (١٢).

لەوێش شەرم دەلالەت لە داپۆشین دەکا. واتە جەستە کە دادەپۆشرێ، مرۆڤایەتی دووچاری شەرمەزاریی دەبێ. لەوێ داپۆشین دەلالەت لەلادان و بێ شەرمی و خودانەپەرستی و نزیکبوونەوەی «ڕۆژی دوایی» دەکا.

بەم ڕەنگە لە قۆناغی پەرەستاندنی بیری یەکتاپەرستیدا، واتا و چەمکە ئەخلاقییەکانی جەستە دەگۆڕێن. (ڕاستییەکەی واقیعیەتی شەرمندەیی لەش، لەگەڵ گەشەکردنی سیستەمی پاتریارکی گەشەدەکا. بۆیە ئێمە لێرە مەبەستمان باوەڕی هەموو ئەو ئایینانەیە، کە

لە سرووت و سیستەمی پەرستنیاندا، ڕەگەزی مێ بەلاوە نراوە و تەنیا بوونی ڕەگەزی نێر (خودا پیاو) یان تێدا دەدیترێ).

ئەمجارە ئایین لە پێناو چەسپاندنی ئایدیۆلۆژیای خۆیدا، جێگۆڕکێ بە هەمان بەهایەکان دەکا، بۆ ڕووکار و مەبەستێکی ئەخلاقیی و جیهانیی و مرۆڤایەتی و گەردوونیی دیکە، ئەمجارە ئایینی نوێ، لەسەر پرەنسیپی تاوانبارکردنی جەستە دادەمەزرێ: هێرشێکی میتافیزیکیی چڕ بە ناوی ئەخلاقەوە دەکرێتە سەر بوونی سروشتی جەستە. ئەمجارە جەستە مەڵبەندی واتای خودا پەرستییە. جەستە پێوەرە بۆ هەڵاواردنی واتای چەمکی خێر و شەڕ لە جیهاندا و ململانێی هێزی شەیتان و هێزی خوا. ئەمجارە دانەپۆشین دەلالەت لە شەرم نەکردن و لادان و بێ دینی و نزیکبوونەوەی «ڕۆژی دوایی دەکا». ئەمە وەرچەرخانێکە لە بیرکردنەوەی شارستانیدا، بەڵام میراتی ئایینە کۆنەکان، ئامرازێکی کاریگەرە لەم پرۆسەی پەرەستاندنەدا، پاش ئەوەی کە بەنارەوا بەسەردەمە تاریکەکان لە قەڵەم دەدرێن. بەم ڕەنگە ئایینە نوێیەکان هەر لە سەرەتاوە، بەشێوەیەکی نادیموکراسیانە دێنە ناو جیهانەوە.

ئایینی نوێی یەکتاپەرستی مەغزای کەلەپووری ڕابردوو (ئایینی کۆن)، لە پێناو شەرمەزارکردنی جەستە بەکاردەهێنێ. ئەمجارە شارستانییەت، شارستانییەتی سەرکوتکردنی جەستە و شارستانییەتی سەرکوتکردنی ژنە. ئەمجارە دەبێ هەموو جیهان شەرم لە جەستە بکا و ژن شەرم لە هەموو جیهان بکا. ئەمە شارستانییەتی شەرمە! ئەمجارە جیهان دەبێتە جیهانێکی شەرمن. واتە جیهانێک، کە دوا هەناسەی ئازادییەکەی دەخنکێندرێ، ئەمجارە تراژیدیای ئەفسانەکانی سەر زەوی دەگوازرێتەوە بۆ جیهانی ئاسمان. هەموو شتێک لە دەست هێزێکی باڵادایە. بەم ڕەنگە زەمین (جیهان) شەرم لە ئاسمان دەکا. (گوتاری دینی پێیوایە شەرمکردن و خۆداپۆشین، نیشانەی ئیمانن؛ بەڵکو ئەمە ڕەگەزێکی نائاقڵانەی گرنگە لە باوەڕی ئەم گوتارەدا). بە هەرحاڵ ئەمجارە ئایینەکان لەسەر بنەمای ئەخلاقی ژن، یاسای ئەخلاق بۆ جیهان دادەنێن. ئەمجارە لە جیهاندا دەبێ هەموو شتێک، کە مەغزای جوانی و خۆشەویستی و جووت بوون بکا داپۆشرێ، چونکە جەستەی ژن دادەپۆشرێ، ئێستا ئیشکالیەتی جیهان، ئیشکالیەتی ئەخلاق و جەستەی ژنە. ئیشکالیەتی ئەو کەلەپوورەیە، کە (حەوا) جیهانی بەرەو نەهامەتی برد، لێرەوە تراژیدیای ژن و شوناسی مرۆڤ دەست پێدەکا! لەو کەلەپوورەی، کە (حەوا- ژن) بە گوناهباری یەکەم دەزانێ.

ئەمە چونکە شارستانییەتی دەسەڵاتی پیاوە، بەهانە بۆ تاوانەکانی خۆی دەهێنێتەوە. ئەمە شارستانییەتی جەنگە دژ بە ژن، شارستانییەتی جەنگی ئەخلاقی پیاوە، دژ بە ئەخلاقی ژن. ئەمە شارستانییەتی نیفاق و دوو ڕوویی ئەخلاقییە. سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و میتافیزیکی هەیە پێمان دەڵێ، چەمکی ئەخلاق دوو ڕووی جیاوازی هەیە: یەکیان ئەخلاقی دەسەڵاتی پیاوە، یەکێکیشیان ئەخلاقی کۆیلەیی ژنە. ئەمە سیستەمی ئەخلاقی پاتریارکییە. پیاو دەتوانێ بەناوی ئەخلاقەوە چەند ژن بێنێ و سەرپۆشیان بەسەردا بسەپێنێ و ژنیش بەناوی ناموسەوە تیرۆر بکا. ئەمە شارستانییەتی ملهوڕییە دژ بە ئازادییەکان... تاوانبارکردنی (حەوا)، تاوانبارکردنی (ماخودا)یەکانە. هێمایە بۆ کوشتنی (عەشتار) و خودا ژنەکان، ئەمە ئەو ساتەوەختە مێژووییەیە، کە بە تەنیا پیاو دەبێتە نوێنەری خودا لەسەر زەوی. بەم ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتەوە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە)، کولتووری شەرم هەموو جیهان دادەگرێتەوە: هەر لە شارستانییەتی میسرەوە (سەردەمی ئەخناتوونەوە) بیگرە، تا دەگاتە سەردەمی ئایینی ئیسلام (هەتا ئەمڕۆش لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان) ئەم کولتوورە بەرهەم دێ و خۆی لە جیهاندا زاڵ دەکا. لێرەوە ئێمە دەگەینە قۆناغێکی سیاسی، کە نادیموکراسییەت دەگاتە چڵەپۆپە: هەموو دەسەڵاتەکان بەناوی تاکە خوایەک بەڕێوەدەچن، بەڵام لەناو ئەم دەسەڵاتەدا ڕەنگی ژن هەرگیز دیار نییە... لەم ساتەوەختەدا پەرستگەی (عەشتار) دەڕووخێ و ئەم ماخودایە دەکوژرێ و (ئامون) و (ئاتوون) و (بەعل) سەرەتا لەبیری یەکتاپەرستی میسریدا دەبنە ناسنامەی تاکە خوایەک، لەو دیو سروشتەوە خۆمان پێدەناسێنێ. (سینۆهە) لە سەربوردەی ژیانی خۆیدا، لە بارەی (ئاتوون)ی خوای نوێ دەڵێ: «من لە کاهینەکان نزیک بوومەوە و بە ئەدەبەوە پێیانم وت من میسریم و ماوەیەک لەم وڵاتە دوورکەوتبوومەوە و بەرلەوەی لە میسر بڕۆم ناوی خوای (ئاتوون)م بیستبوو، بەڵام سەرنجم لێی نەدابوو و دواییش بە بۆنەی دوورکەوتنەوەم لە میسر نەمتوانی لە بارەی ئەو خوایە زانیاری بەدەست بهێنم و ئێستاکە گەڕاومەتەوە حەز دەکەم بزانم خوای (ئاتوون) کێیە؟ و چی دەڵێت و چی دەوێت و چۆن ئەو دەپەرسترێت.

کاهینەکان کەمێک لێم وردبوونەوە کە بزانن ئایا گاڵتەیان پێدەکەم، یان بە ڕاستی دەدوێم و لەدوای ئەوەی کە تێگەیشتن پرسیارەکەم بە ڕاستییە یەکێک

لەوان وتی (ئاتوون) تاکە خوای ڕاستەقینەیە.. هەموو ئەو خوایانەی کە بەر لە (ئاتوون) هاتوونە خوای درۆیین و هەموو ئەوانەی کە لە دوای ئەویش دێن خوایەکی ناڕاستن. ئاتوون ئاسمان و زەوی و ڕووباری نیل و هەموو بوونەوەرانی دروست کردووە و هەمیشە هەبووە و لەمەو بەدواش دەبێت و ئێستا خۆی نیشانی کوڕەکەی خۆی، فیرعەون، داوە و هەمووان دەبێ بیپەرستن، ئەم خوایە بە پێچەوانەی خوایەکانی تر کە هەموویان ناڕاستن دیاریی خەڵکی ناوێت و حەز ناکات کەس قوربانیی بۆ بکات و بەیەک چاو دەڕوانێتە دەوڵەمەند و هەژار و هەر کەسێک کە باوەڕی پێ بهێنێت لە پەنای خۆیدا دایدەنێت، (ئاتوون) بە پێچەوانەی خوایە درۆیینەکان هەرگیز نامرێت و لە هەموو شوێنێکدا هەیە و هیچ ڕووداوێک بەبێ ویستی ئەو ڕوونادات» (١٣). ئێمە لێرە بۆنی پەیامەکەی (مەسیح) دەکەین و ڕۆحی هەموو ئایینە یەکتاپەرستە گەورەکانیش، لەم وێنەیەدا بەدی دەکەین: یەک خوای ئافەریدە کار هەیە، کە کەس نایبینێ. لێرە دەسەڵاتی پاتریارکیی لەسەر زەوی، دەبێتە دەسەڵاتێکی ڕەهای میتافیزیکیش.

من پێموایە ئەم هۆشیارییە ئایینییە نوێیە لەوساوە، ئیش لەسەر مێژووی پڕۆژەیەک دەکا، کە من ناوی لێدەنێم: مێژووی پڕۆژەی کوشتنی جەستە. ئەمە بەناوی پاکژایەتییەوە، پاکژایەتی ئەخلاقییانەی جەستەوە دەکرێ. دەسا چەمکی (خۆشەویستی پاک)یش، ئەم پاقژایەتییە ئەخلاقییەی جەستە ناگەیەنێ، کە ڕۆح و خەیاڵی (ڕۆمانسییەتێکی بێ وێنەی) ئایدیالیستیی باڵادەست دەبن؟ بەم ڕەنگە خۆشەویستی پاک، لووتکەی شەرمکردنە لە واقیعی خۆشەویستی، لەو ڕەگەزەی دیکەی، کە دەمانەوێ خۆشمان بوێ. واتە ئێمە ئەگەر شەرمن نەبین، بڕوامان بە خۆشەویستی نموونەیی و ئایدیالیستیش نییە.

بەهەرحاڵ ئەمجارە جەستە کلۆڵێکی بەدفەساڵی کەونییە، بۆ هەر شوێنێک بچێ چاودێری ڕۆحی فریشتەکان لێی دەپرسنەوە. لێرەوە جەستە مۆرکی خەسڵەتەکانی وێنەی شەیتانی لێدەدرێ.

ئەم دوا هۆشیارییە ئایینییە، کە جیهان بەرەو یەکیەتییەکی میتافیزیکیی دەبا، لە سیاقی پەرەستاندنی مێژوویی خۆیدا، داپۆشینی جەستەی ئافرەت دەئافرێنێ. ئەم داپۆشینە دەبێتە پێوانە بۆ ئاکاری جوان، بۆ ئیمان و خواپەرستی، لێرەوە ئەم ئایینە شەرم بەم مانایە بەکاردەهێنێ: مانای داپۆشینی لەشی ئافرەت. لە ڕوانگەی لاهوتیەتی یەهودییەوە «ژن بە چەپەڵ و پیس داندراوە، بەڵکو سەرچاوەیەکی بێ وێنەیە بۆ هەر شتێکی دزێو و پیس. هەموو جۆرە تابۆیەکی پێوەند بە مێینە و وەزیفە سروشتییەکانی و تەنانەت لە دایکبوونیش گەواهی ئەمە دەدەن. سفری لاوییەکان پڕە لە نموونەی لاهووتیی لەسەر ئەم ئیمانە پتەوەی پیسی ژن؛ ئەو پیسییەی، کە قەبالییەکان ڕاڤەیان کردووە لە چوارچێوەی ڕاڤەکردنیان بۆ هەردوو ئیسحاحی (٢ و٣) لە سفری دروستبووندا، کە دەڵێن لە سۆنگەی گووراندنی (ئادەم) لە «خۆڵ» سەروەریی بووە هی ماددە. لە ڕووە تاریک و سەلبییەکەی ماددەش، کە خۆی لە شەهوەتە هەستییەکاندا دەبینێتەوە.. ئافرەت گووراوە. بەم پێیە دەشیا، کە تەلمۆدییەکان و قەبالییەکان قسە لەسەر جووتبوونی ئافرەتی یەکەم، حەوا بکەن لەگەڵ ئاژەڵان؛ بەتایبەتیش لەگەڵ مارو شەیتاندا. وەک دیارە سەرچاوەی ئەم نەگریسیەش، کۆئەندامی زاوزێیی ئافرەتە» (١٤). لەمەوە، لە فیکری لاهووتی پاتریارکیدا، ئێستا جەستە هێندە تاوانبار و حەرامە، پێویستە لەبەر نیگای خوا و نیگای حەزە سروشتییەکانی مرۆڤ دابپۆشرێ و ون بکرێ. بەم ڕەنگە مێژووی دیاردەی داپۆشین هیچی دیکە ناگەیەنێ، تەنیا مێژووی بەندکردنی جەستە دەگەیەنێ.

هاوڕێ هونەرمەندەکەی (سینۆهە) دەتگوت قسەی بۆ ئەم سەردەمەمان دەکرد، کاتێک دەترسا لەوەی، کە داپۆشین نیشانەی ئاخر زەمان بێ، بەڵام نەیدەزانی، کە خەڵکی ئیمانداری ئەم سەردەمە، بە پێچەوانەی بیروباوەڕ و ئیمانەکەی ئەو و (سەردەمی ئەو)، ڕووت و قووتی و (تەنانەت سەرکۆتیی ژن) بە نیشانەی ئاخر زەمان دادەنێن. هاوڕێ هونەرمەندەکەمان، ئەگەر لەم سەردەمەدا بژیابا، ئێمە پێمان دەگوت ئەم پیاوە هونەرمەندێکی پێشکەوتنخواز و لیبراڵە، بەرگری لەمافی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان دەکا. ئا ئەمەیە، کە ئەمڕۆ سیمای مۆدەی شارستانییەتی ئەوروپایی دەیەوێ بۆی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمجارە لە چوارچێوەی سرووت و نەریتە ئاینییەکان نا، بەڵکو لە سایەی دەسەڵاتی عەقڵ و بزووتنەوەی بیری ڕۆشنگەرییدا. بێگومان ئەم ڕەوتە عەقلانییە نوێیە، دژ بە یاسای ئەخلاقی هەموو ئایینێکی (ئایدیۆلۆژیایەکی) پاتریارکییە. ئەم ڕەوتە نوێیە عەقلانییە، وەک ڕەوتە لاهووتییە کۆنەکە، شەرمکردن و شەرمەزاریی لە سروشتی (ئازادی) جەستەدا نابینێتەوە.

بێگومان ئێستا جەستە بەو ئامرازانە ئەشکەنجە دەدرێ، کە هێمای باوەڕ و ئیمانیشن، لێرەوە ڕۆحی ئەم جەستەیەش لەسەر زەوی ئەشکەنجە دەدرێ، تا لەدوای مردن بەختەوەر بێ، هەمیشە ئەشکەنجەدانی ئایینی،

خاوەنی ڕەهەندی ئەشکەنجەدانی سیاسیشە. ئەمە حاڵی جیهانی کۆن و کۆمەڵگە تەقلیدییەکانی ئەمڕۆیە. دەسەڵاتە تیۆکراتییەکان، ئایدیۆلۆژیای ئایین دەکەنە ئامرازێکی ڕەهای شەرعی ئامانجە سیاسییەکانیان، تەنانەت دەسەڵاتە عەلمانییەکان لە کۆمەڵگەی تەقلیدی ئێمەدا، ڕیاکارییەکی بێ وێنە بە ئامانجە سیاسییەکانی ئایین دەکەن، لە جیهانی کۆندا فیرعەون و پاشا خۆیان بە کوڕی خوا زانیوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا مێژووی بە سیاسەتکردنی ئایینە.

دەسەڵاتە سیاسییە کۆماری و پادشاییەکانی جیهانی ئەمڕۆی نادیموکراسیش، زۆرجار ئایین بە باشترین کارتی سیاسی ئامانجی دەسەڵاتەکانیان دەزانن. فوکو دەڵێ: «جەستەش نقوومی ناو کایەی سیاسییە. پێوەندییەکانی دەسەڵات کاری تێدا دەکەن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. ئەو بە ئیشی دەخا، مۆری لێدەدا، هەڵیدەسەنگێنێ، ئەشکەنجەی دەدا، ناچاری دەکا کار بکا.. تەنانەت جەستە نابێتە هێزێکی بە کەڵک، ئەگەر لە یەک کاتدا جەستەیەکی بەرهەمهێن و جەستەیەکی کۆیلە نەبێ» (١٥). بەم ڕەنگە دەسەڵاتی سیاسی نادیموکراسی، هەوڵی لەناوبردنی جەستە دەدا، کاتێک کە وەک کیانێکی سیاسی ڕەخنەگر تەماشای دەکرێ. دەسەڵاتی سیاسی، کە خۆی بە نوێنەری خوازانی، خۆی بە تاکە دەسەڵاتێک و تاکە باوکێک دەزانێ لە کۆمەڵگەدا. لێرەوە جەستە بێ بەهاترین مۆڵکی ڕەوای پرۆسیسی ئەشکەنجەدانی ئەو باوکەیە. ئا لێرەوەش بەناوی خواوە دژایەتی بوونی جەستە دەکرێ. ئەمە میراتێکە لە خوایە کۆنەکانی وەک (بەعل)، بۆ سیاسەتی خوێناویی سەردەمەکانی پاش خۆی ماوەتەوە.

(لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم پرۆسیس و میکانیزمەی ئەشکەنجەدانە، بەفرەوانی لە خێزانەکاندا پەیرەو دەکرێن: وەک نەریتێک، کە نەریتێکی باوکسالارانەیە، لەشی ژن ئەشکەنجە دەدرێ، منداڵانیش ئەشکەنجەمەندە هەمیشەییە بێ تاوانەکانن. ڕاستییەکەی باوکسالاریی نە لە منداڵ و نە لە ژن تێدەگا، ئەو تەنیا لە دەسەڵاتی چاوچنۆکانە و ملهووڕانەی خۆی تێدەگا. ئەمە کرۆکی سیاسەتی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی خێڵەکیی و نادیموکراسییە، لە ڕاست تاکەکانی کۆمەڵگەدا. دەشێ زۆربەی جار جەماوەر ئەو منداڵە بێ تاوانانەبن، کە وەک باوکێکی دەبەنگ و ملهووڕ، دەسەڵات تاوانباریان دەکا، ئەمە پایەکانی وێنەی قووچەکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەی پاتریارکیی ئێمەدا، کە بەرجەستەی پرۆسیسی ستەم و ئەشکەنجەدان دەکا:

لەسەری سەرەوە دەسەڵات و سەرۆک، ئنجا لە ناوەندێ باوک، لە خوارەوەش ژن و منداڵانن، کە قوربانیانی یەکەمن).

بەهەرحاڵ دەشێ ئەشکەنجەدانی جەستە، ئەشکەنجەدانێکی ئەخلاقیی، یا سیاسی بێ: ئەویان بەناوی ئایین و ئەمیان بەناوی سیاسەتەوە ئەنجام دەدرێن. هەردووکیش دەشێ بۆ ئامانجەکانی یەکدی پاساو بن. ڕاستییەکەی حکومەتە ڕەهاکان، کە جەستە لە ڕوانگەی تاوانەوە (هەر تاوانێک بێ) ئەشکەنجە دەدەن، لە بنەڕەتدا لە مێژووی ئەو ڕەهەندە میتافیزیکیی-ئایینییە بە دەر نییە، کە جەستە بەشتێکی ماددی بێ بەهاوفانی لە قەڵەم دەدا. ئەمە چەندین هەزار ساڵە، تێڕوانینێکی سەرتاپاگیری بیری مرۆڤایەتییە، لە ئاست حەقیقەتی جەستەدا. هەر بۆ نموونە: ئێمە لە کتێبەکانی (هرمس)دا، کە دوا ئەڵقەی بیری بتپەرستییە و «لە هەمان کاتدا سەر بە فەلسەفەی گریکی و ئایینی میسرییە» (١٦)، ئەم گفتوگۆیە لە بارەی بیرۆکەی دوالیزمی (دووانەیی) لەش و ڕۆح دەخوێنینەوە: (هرمس) بە (تات)ی کوڕی دەڵێ: «ئەگەر لە ئێستاوە دەستت بە ڕک لێبوونەوەی بەدەنی خۆت نەکردبێ، ئەوە ناتوانی خۆت خۆشبوێ، کاتێک کە خۆشت خۆش ویست ئەوە خاوەن عەقڵی، ئەوساش زانست بەدەست دەهێنی.

تات: دەتەوێ چی بڵێی ئەی باوکە؟

هرمس: کوڕم، مەحاڵە لەیەک وەختدا پابەندی شتی لەناو چوو «فانی» و شتی خوداییش بین، بوونەوەرەکان یا بەرجەستەن، یا نابەرجەستەن، بەم ڕەنگە لەناوچوو لە خودایی جودا دەکرێتەوە..» (١٧)، «لەمەوەش مرۆڤایەتی لە دووپاژ پێکدێ، پاژێکی خودایی و پاژێکی فانیش، کە جەستەیە.. چونکە چشتی زەوینی، کە جەستە حەز دەکا خاوەنیان بێ، نامۆیە بە هەموو پاژێکی بیری خودایی.. کەواتە نامۆشە بە مرۆڤ.. هەروەها خودی جەستەش نامۆیە بە ئێمە، وێڕای ئەمەش پێویستە بێز لە بابەتی ئارەزوو و ئەو شتانەش بکەینەوە، کە وا دەکەن بەدوای ئارەزوو بکەوین» (١٨). بەم ڕەنگە سەرەتای بیرۆکەی سیستەمی ئەخلاقیی ئایینە نوێیەکان بەدەردەکەوێ: ڕووی نێگەتیڤانەی جەستە و ڕووی پۆزەتیفانەی ڕۆح- بیری خودایی.(١٩).

لێرە وەک دەبینین دابڕانێک لەنێوان جەستە و ڕۆحدا، لەسەر بنەمای سووککردن و ڕێزنەگرتنی جەستە ڕوودەدا... ئەم مادده ئۆرگانییە، کە دەبێتە نیشانە و بابەتی سووککردن و ڕێزنەگرتن و بێزلێکردنەوە، ئینجا پرۆسەی سەرهەڵدانی بەهای شەرم لە سیستەمی بیری

مرۆڤایەتیدا دەست پێدەکا. لێرەوە جەستە دەبێتە «بەندیخانە»، بەندیخانەی دەسەڵاتی ئیمان و باوەڕی ڕاست.

ئێستا دەبێ ئەم بەندیخانەیە «جەستە»، کە پڕ لە سەرچاوە و کانی ئارەزوو و شەهوەتە، بە ئامراز و هێمایەکانی دەسەڵاتی شەرم (تەقوا، پەچە، سەرپۆش، باڵاپۆش...) بڕووخێندرێ! ئەمانە ئیمانێکی ڕاست و دروست، ڕۆحێکی پاکی شکۆمەندی باڵا مسۆگەر دەکەن، ئێستا هەڵبەت شەرم، ئەو ئامرازە (بەها) ئەخلاقییەیە، کە جەستە تێکدەشکێنێ، لێرەوە ئەگەر شەرم دەلالەت لە ونکردن و بەنەفرەتکردن و داپۆشینی جەستە بکا، لە پێناو یەکانەیی باڵای دەسەڵاتی ڕۆحدا (شکۆی ناعەقڵانی میتافیزیکی)، کە پرەنسیپی یەکیەتی ئایینی و یەکیەتی چەمکی خودایە، دەبێتە بەشێک لە بیروباوەڕ و ئیمانێکی ڕووخێنەر.. واتە وەک چۆن ئەم ئیمانە دژ بە هەموو بیرکردنەوەیەکی عەقڵانییە، بەم ڕەنگەش دەسەڵاتی شەرم، دژ بە هەموو بیرکردنەوەیەکی عەقڵانییە.

**ژێدەر و پەراوێزەکان:**

١، ٢- جاک لۆبران، خۆشەویستی پاکیزە لە ئەفلاتوونەوە بۆ لاکان، لە عەرەبییەوە: ئاوات ئەحمەد. گۆڤاری سەردەم. ژمارە «٣٢»، ٢٠٠٤، ل١٦٧.

٣- جیفری بارندر. الجنس في أديان العالم. ترجمة: نورالدين بهلول، الطبعة الاولى عام ٢٠٠١، ص٢٦٤.

٤- هەمان ژێدەر. ل٢٢٣، ٢٢٤.

٥- لە پاش مەرگی (پیاتریس)ی دڵبەر، عەشقی (دانتی)ش دەبێتە عەشقێکی نیمچە ئایینیانە.

٦- شفيق مقار، الجنس في التوراة و سائر العهد القديم. الكتاب الاول من الإلاهه الام الى الالهالاب. ص١٦٧.

٧- میکاڤالتاری. سینۆهە/ پزیشکی تایبەتی فیرعەون. وەرگێڕانی سەیدا شێخ زرار. بەرگی یەکەم. چاپی دووەم، ل١٣٠.

٨- من منداڵێک دەناسم تەمەنی (١٠) ساڵان دەبێ. ڕۆژێک هاتە عیادەکەم (عیادەی ناپاسایی میللی گەڕەکان)، لە شەرمان (منداڵێکی شەرمنە) شێوا و وەها لێی تێک چوو، لە جیاتی ئەوەی سەلام بکا و بڵێ (سەلاموعەلەیکوم)، گوتی (بیسمیلاهی ڕەحمانە ڕەحیم).. کە ئەو ڕۆیی ئێمە (خۆم و کاک سەرکەوت وەلی کارمەندی چالاکی گۆڤاری-ڕامان-یشم لەکن بوو) دامانە قاقای پێکەنین. دیمەنەکە چەند تراژیدیی بوو، هێندەش کۆمیدیی بوو. باسی کاریگەریی کوشندە ئامێزی شەرممان کرد تەنانەت لەسەر دەروونی منداڵانیش. من دەزانم ئەم هەڵوەستە پڕ لە شەرمکردنە، پاشان ئەم منداڵەی زۆر ئازار داوە. ئێمە دەزانین، ئەم منداڵە کە گەورەش بوو، بە زۆری کەسایەتییەکی شەرمنی لێدەردەچێ. بەم شێوەیە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ، کوڕی کۆمەڵگەیەکی شەرمنین.

٩- میکاڤالتاری. سینۆهە/ پزیشکی تایبەتی فیرعەون، وەرگێڕانی سەیدا شێخ زرار. بەرگی یەکەم- دووەم، ل٦٦-٦٧.

من لێرە بەهای مێژوویی، داخۆ چەندە سەرچاوەیەکی دۆکۆمێنتە یانا، ئەم کتێبەم بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو حەقیقەتی مێژوویی و نووسینی ئەو بڕگانەم بەلاوە گرنگە، کە باس لە دیاردەی شەرم دەکەن. واتە بەلای منەوە مێژووی دیاردەی شەرم گرنگە، کە پێدەچێ لەگەڵ مێژووی شارستانییەتدا پەیدابووبێ.

١٠- ڕاستییەکەی هیچ مرۆڤێک بەرلەوەی شەرمن بێ، ئازاد نییە و نەگەیشتۆتە پلەی ئازادی. مرۆڤ کە گەوهەرێکی شەرمنی هەبوو، کۆمەڵگە و جیهان بە بەندیخانەیەکی گەورە دەزانێ. لێرەوە مرۆڤی شەرمن بوونەوەرێکی کۆیلەیە: کۆیلەی ئەو ویژدانە شەرمنەیە، کە خود (من) شەرمن دەکا. بێگومان بەر لەوەی سایکۆلۆجیایەکی شەرمن هەبێ، سایکۆلۆجیایەکی ئازاد هەیە، واتە بەرلەوەی کۆمەڵگەیەکی ئازادیش هەبێ، کۆمەڵگەیەکی شەرمن هەیە. ئینجا دەبێ بزانین لە ڕوانگەی بایۆلۆژییەوە، شەرمکردن بنەمایەکی سێکسییانەی هەیە. واتە چەپاندنی سێکس، (فرۆید) لەم بارەیەوە، کە خەونان لێکدەداتەوە دەڵێ: «کاتێک بیری سێکسیی نەستیمان دەبێت ئارەقی دەموچاو جێگەی ئەندامەکانی زاوزێ دەگرێتەوە، ئیتر لە بری ئەوەی ئەندامەکانی زاوزێ وەڵامی بدەنەوە، ڕوو سوور هەڵدەگەڕێت». وەک دەشزانین ڕوو سوور هەڵگەڕان

ئیـدیۆم و دەربڕینی باری شـەرمکردنە. ئێـمـە ئەوەش دەزانین زۆرجـار لە کـوردەواریدا چ لە زمـانی نووسین و چ لە ئاخاوتندا، بە ئەندامی زاوزێ دەگوترێ شەرم. دەڵێین «شەرمی دیاربوو، شەرمی وەدەرکەوت..» واتە عەورەتی وەدەرکـەوت. بەم ڕەنگە چەمکی شـەرم، بە قـووڵی دەلالەت لە ئەندامی زاوزێی نێرینە و مێینە دەکا.

بۆ ئەم سـەرچاوەیەی (فـرۆید) بڕوانە کـتـێـبی لێکدانەوەی خـەونەکـان، وەرگـێـڕانی لە عـەرەبییـەوە: ئاوات ئەحمەد، ل٤٤٤.

١١- مـیکاڤـالتـاری. سـینۆهە/ پزیشکی تایبـەتی فیرعەون. وەرگێڕانی سەیدا شێخ زرار، بەرگی یەکەمی- چاپی دووەم، ٢٠٠٢، ل٧٨، ٧٩.

١٢- هەمـان ژێدەر. بەرگی دووەم/ چاپی یەکـەم ٢٠٠٢، ل٧٣٤.

١٣- هەمان ژێدەر، ل٤٢٦.

١٤- شفیق مقار. الجنس في التوراة و سائد العـهد القـديم- الكتـاب الاول/ من الإلاهه الام الى الالاله الاب، ص٢٤٠.

١٥- مـيشـيل فوكـو. المراقـبة و المعـاقـبة/ ولادة السجن. ترجمة: د. علي مقلد، ص٦٤.

١٦، ١٧، ١٨- لويس منيـارد، هرمس (المـثـلث العظمة) أو النبي ادريس، ترجمة عبدالهادي عباس، ص٧٧، ٧٩-١٠٠، ١٥٥.

١٩- شـایانی باسـە بە پێـچـەوانەی فـەلسـەفـەی ئەفـلاتوون و هەندێک ئایینی وەک مـانەوییـەت و بوودییەت، لە ئایینی زەردەشتیدا، نە بیرۆکەی دوالیزم و نە پرەنسیپی تەرک کردن و وازهێنان لە دنیـایێ هەیە، بەڵکو لەم ئایینە دا «ناکۆکی لەنێوان خێر و شەڕدا بووە، نەک لەنێوان لەش و ڕۆحدا، چونکە ئایینی زەردەشـتیی لەش و جیـهـانی مـاددیش بە دوو ڕەگـەزی خـێرخوازانە ئەژمـار دەکـا و دەشڵێ هەردوو ڕەگـەزەکـە خـوا دروسـتی کـردوون و دەبێ لە ڕێگەی وێرانکردنی شـەڕانگێـزییـەوە ڕزگار بکرێن.. (ئنجا) هەرچەندە زەردەشتیی بڕوایەکی قـووڵی بە ژیانی پاش مـردن هەیە، بەڵام تارادەیەکی گەلەک زۆر دینێکی دنـیاییـە و بـڕوای بـڕوای پرەنسـیپی وازهێنان لە دنیـاشی ڕۆنەناوە». ئەوەی ڕاسـتی بێ لە فـەلسـەفـەی یۆنانیـدا (ئەفـلاتوون) بەپرس و داهێنەری بیـرۆکـەی دوالیـزم و ناکـۆکی نێـوان لەش و ڕۆحـە و لە ئایینی بوودیی و مانەوییـشدا ئەم بیـرۆکەیە بە تەواوی بەرجەستە بووە. بڕوانە جیفری بارندر، الجنس في أديان العـالم، ترجـمة نورالدين البـهلول. لاپەڕەکـانی ٩٦، ٢٦٣-٢٦٤.

# ڕەخنەی ئەفسانەیی و ڕۆڵ و هۆکاری دروستبوونی لە شیکاری ئەدەبیدا

**لوقمان ڕەئووف**
**(سلێمانی)**

ئەفسانە بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ ئەوەی لە گەردوون و دیاردەکانی بگات، یاخود بریتییە لە لێکدانەوەی مرۆڤ دەربارەی ئەو دیاردانە، بێگومان بەرهەمێکە زادەی خەیاڵ و لەگەڵ ئەوەشدا لە چەمکێکی دیاریکراو و فەلسەفەیەکی سەرەتاییەوە پەیدا بووە، واتە ئەو فەلسەفەیەی کە لەوەوە زانست و فەلسەفە گەشەی کردووەو گۆڕاوە، بەم پێیە ئەفسانەی گەردوونی کە چەشنێکە لە ئەفسانە هەروەک فەلسەفە لە یەکەم قۆناغیدا لەسەرنجدانەوە، پەیدابووە، لە دیاردەکانی گەردوون سەرنجدان و سەرسوڕمانی لێ دەکەوێتەوە، سەرسوڕمانیش پرسینی لێ پەیدادەبێت، مرۆڤیش کە وەڵامی خۆی دایەوە، دڵنیا دەبێت، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین ئەفسانە بریتییە لە دەربڕین، یاخود دەرپەڕاندنی خولیای پەستاوتووی دەروونییە لە شێوەیەکی بابەتیدا، ئەم کارەش هەر بۆ ئەوە ساز دراوە کەوا ترس و دوودڵی مرۆڤ کەم بکاتەوەو نەی هێڵێت، مرۆڤ ئەفسانەی کردووە بەهۆیەک بۆ ئەوەی شەقڵی بیروباوەڕ بدات لە تاقیکردنەوەی ژیانی خۆی و واتایەکی فەلسەفی ببەخشێ بەڕاستەقینە ئاساییەکانی ژیانی، با دڵنیا بێت بەرامبەر بەو هەموو پەنهانییەی لە گەردووندا هەیەو دەستی ناگاتە ئاشکراکردنی، بەم هۆیەوە ویستوویەتی خۆی لە ترس ڕزگار بکات، بۆ نموونە ئادەمیزاد لە تاریکی ترساوە و ڕووناکی ڕۆژی خۆش ویستووە، بۆیە ڕۆژی پەرستووەو تاریکی بەنیشانەی خراپە داناوە، بەم جۆرە دیاردەی شەو و ڕۆژیان داناوە بە بەگژاچوونی هێزی تاریکی و ڕووناکی بەسەر شەو و تاریکیدا سەردەکەوێ، ئەفسانە جۆرە هوشیاریەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەو بریتییە لەو هەوڵدانەی بۆ تێگەیشتن لە پەنهانییەکانی گەردوون، یاخود لێکدانەوەی دیاردە سروشتییەکان و پەنهانی مان و نەمان، ئادەمیزادی سەرەتایی بیری لە ئادەمیزاد نەکردووەتەوە لەو ڕووەوەی کە بزانێ کردگار چییە، بەڵکو ویستوویەتی بەو هۆیانەوە بیر لە دیاردەکانی سروشت بکاتەوە، باران بۆچی دەبارێ؟ چۆن دەبارێ؟ برووسکە چییە؟ بەم پێیە ئەم بوونەوەر و دیاردانەی بەهێزی نەبینراوەوە بەستەوە، لەبەر ئەوە بیری لەوە کردووەتەوە کە هەمیشە ئاشت بێت لەگەڵ ئەو هێزانەدا کە ئەو پێیان ناگات و نەریتی بۆخۆی داناوە سەبارەت بەو دیاردە سروشتیانەو گەلێ بۆنەی داهێناوە، وەک باران بارین، یان لافاو، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین ئەفسانە بریتییە لە وەسفکردنی ئەو بۆنەو ئەو نەریتە گیانییانە، یان ئایینییانە، یاخود بریتییە لە سەرگوزشتەی ئەو بۆنە و نەریتانەی پەیوەستیان کردوون بەو دیاردە سروشتیانەوە، ئەفسانە بەرهەمی مێشکی، یان لێکدانەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە کە یەکجار بێ دەسەڵات بووە بەرامبەر بە ڕووداوە سروشتییەکان و، بێ توانا بووە لە لێکدانەوەی ئەو دیاردە و ڕووداوە سروشتیانە، بۆیە ناچار بووە لەڕێی ئەفسانەوە هەستی دەروونی خۆی هەڵبڕێژێ، جگە لەمەش هەر ئەفسانەش بوو کە خواوەندی لەمێشکی مرۆڤدا دروست کرد، وەکو خواوەندی، شەڕو ئاشتی، بەهاری جوانی، داستانیش لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلانداو لە ئەدەبی نووسراویاندا لەزۆر دیمەن و ڕوخسار و ناوەرۆکیش، زۆر بەناویەکداچوون و

لەیەکتری دەچن، ئەم ڕاستیەش لە ئەدەبی فۆلکلۆر و نووسراوی کوردیشدا هەروەک ئەوەی گەلانی ترە.

لە ڕەخنەی ئەفسانەییدا ئەزموونی ئەزەلی و پێش مێژوویی، دەبێتە سەرچاوەی داهێنانی نووسینی خەیاڵاوی، ئەدەبیات پێشینەیەکی ئەفسانەیی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە داستانەکان بنچینەو بنەمایەکی گشتی یەکسانیان هەیە، بەڵام بەستراوە بە پاڵپشتێکەوە ودڵنیابوونی خەڵکی لەوەی کە بەزمانە جۆربەجۆرەکان قسەدەکەن، لەگەڵ هەندێکیدا جیاوازی دەهێننە ئاراوە.

ڕەخنەگری ئەفسانە لە دوابەدوای بەدەستهێنانی سەرچاوەو ڕازەکان هەوڵی بەدەستهێنانی پەیامە ئۆرگانییەکان دەدات کە زۆربەی بەرهەمی ئەدەبی پێوەی کاریگەرن و ڕاکیسونەکان سەبارەت بەیەکسانی لە خوێنەرانی خۆیدا دەهەژێنێت و بەڕێوەیان دەبات، واتە لە بنچینەدا بنەماو پەیجوی نیشانەیین کە ژێر بینای فۆرم و شێوەکان دروست دەکەن.

ڕەخنەگر دوای کلیلی بەدەستهێنانی ئەفسانەیەک دەکەوێت کە لەسەر بنەمای کۆمەڵگەکەی گەشە دەکات، کاری ئەم کاتێک ئاڵۆزتر دەبێت کە ئەفسانەی کۆمەڵگە جیاوازەکان لەگۆڕەپانی بەیەکگەیشتندا پێوەندییەکی بەرامبەری و ئاڵۆسکاوی بەدوای خۆیدا بهێنێت لەگەڵ زانست و ئەوەی کە ئەدەبیات دۆزەرەوەی مرۆڤایەتی و سرشکی مرۆڤ لەسەر مرۆڤە، لە پاش ئاگاییبوون لەمە، سرشک دادوەری ئەمە، داڵانە پێچاوپێچەکانی ئەفسانەکان و ڕەوشەکۆنەکان دێنێتە ئاراوەو ئەمانە لە ڕەوشی پێشکەوتنی کۆمەڵگەن، گونجاندن لەگەڵ مەرجە باوەکاندا کە فۆرم و شێوە یەکسانە نوێکان قبووڵ دەکەن، بەدرێژایی بەدەستهێنانیان لە نوێ سازی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە.

ڕەخنەی ئەفسانەیی پانتایەکی فراوانی هەیە، کە لەسەر بنچینەی واقعیەتێکی قووڵ لەبارەی تێڕوانینە گشتیەکان، یادە کۆکەکانی کۆمەڵگەیەک ئارام و ئامادە دەکات، لەم ڕووەشەوە لەگەڵ مەزهەب، کولتوورو مێژوو، دەروونناسی، مەردمناسدا پێوەندییێکی توندوتۆڵ دروست دەکات، بەهەمان شێوە چەسپاندنی بەگشتی بیری و فەلسەفیەو لەسەرپایەی ڕەفتارەکان و کارە پێچەوانەییەکانی مرۆڤ بنیادنراوە.

ڕەخنەی ئەفسانەیی بە پێوانەکردن لەگەڵ تەواوی ڕووەکانی تری ڕەخنەدا دەتوانرێ بەم شێوەیە بناسرێت: سنوورداریەتی ڕەخنە ڕەوشێکی مێژوویی نییە کە بەرهەم لە ڕوانگەی ژیاننامەوە، لەسەر بنچینەو نەسەب و دەورانی ژیانی نووسەر بکۆڵێتەوە، ئاکام (هدف)ی مەبەستی (غـاية) خود لە ئاشکرا کردن و دیاریکردنی فۆرم و شێوەو دروستکردنی کرۆک وەک شتێک لە خودو دەروونددا بڕیاری لەسەر نادرێت.

بێگومان لەگەڵ ڕەخنەی دەروونناسیدا و لەبوارە هاوبەشەکانی ڕەفتاری مرۆڤدا هەمگەرایی هەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەی دەروونناسی تێڕوانینی لەگەڵ ڕەفتارەکان و گەشەی تاکدا هەیەو ئەفسانەناسی لەگەڵ گەشەو ڕەفتارەکانی گرووپێکی کۆمەڵگەیەکدا پەیوەست بوونێک دروست دەکات.

(جوزيف كمبل) یەکێکە لە ئەفسانە ناسەکانی ڕۆژئاوا دەڵێ: (ئەفسانەناسی، ئەوەی کە لەپشت ئەدەبیات و هونەرەوە شاراوەیە ئاشکرا دەکات و لەگەڵ ئێوەداو لەژیانی خۆتاندا قسە دەکات باسێکی گرنگی پڕ جۆش و خرۆش و بەهێزکەرو سوودبەخشی ژیانەو پێوەندییێکی زۆری لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا هەیە، لەکاتێکدا کە منداڵی دەگوزەرێنین و لێپرساویەتی گەشەیی لە ئەستۆ دەگری، یان لە باسی تەنیایی و موجەڕەدیدا دەچێتە خانەی خێزانداریەوە، هەموو ئەمانە ئاینەکانی ئەفسانەناسین، ئەمانەش بە ڕۆڵێکی نوێوە سەرقاڵ دەبن کە کەسی لەخۆگرە، لە ئاکامی وەلانانی ئەم ڕۆڵە نوێیەدا، دەچێتە یەک پێگەی لێپرساویەتیەوەو لێرەشەوە دەکەوێتە شیکار بۆکردن).

زۆر زەرووره لە پێناوی زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم باسە، پێناسەی زۆرتر لەبارەی ئەفسانەو ئەو هۆکارە گرنگانەی کە کاریگەری لەسەر ڕەخنەی ئەفسانەیی و پێوەندی شێوەی ئەفسانەناسی لە شیکاری ئەدەبیدا بخەینە ڕوو، (میرچائلیادە)ی ئەفسانەناسی ڕۆمانی لەبارەی ئەفسانەوە نووسیویەتی: (ئەفسانە گوێزانەوەی سەرگوزشتەی (مینوی) پەیوەست بەخش و پاکییە، گێڕانەوە واقعیەتێکە کە هەر لەسەرەتاوە و لەکاتی دەست پێکردنی جوانی هەموو شتەکانەوە ڕووی داوە، بە واتایەکی تر ئەفسانە حیکایەت دەگێڕێتەوە کە چۆن دەوڵەتی نهێنی و بە بەرەکەت کارە دیاردەکان و سەرهەڵدانی بووەکان لەسەرووی سروشتەوە بەڕێوە دەبات واقعیەتێک کە هەمووی جهان یان تەنها بەشێک لەواقعیەت: دوورگەیی، جۆرێک لە ڕەمەکی تایبەتی، ڕەفتارو کرداری مرۆیی، ئۆرگانی، پێی خستووەتە گۆڕەپانی بوونەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەفسانە هەمیشە زامنکەری گێڕانەوەی خوڵقەت و سروشتە. واتە دەڵێن چۆن شتێک هاتووەتە ئاراوە و بووەتە بوون و هەستی خۆی خستۆتە ڕوو).

هەروەها دەربارەی کارکردنی ئەفسانەوە نووسیویەتی: (گرنگترین کارکردنی ئەفسانە بریتییە لە ئاشکرا کردن و ڕووناککردنەوە سەرمەشقە نموونەییەکانی هەموو ئایینەکان و چالاکییە واتادارەکانی مرۆڤ لە خۆراک و ژنهێنان، تا کاری پەروەردەیی و هونەر و دانا و زانایی).

لە سەدەی (١٩)داو لەگەڵ گەیشتنە لووتکەی لێکۆڵینەوەی مەردومناسی لە ڕۆژئاوا، ئەفسانە

دەماوەدەمیەکان بەشێوەی بەشێک لە ئەدەبیاتی زارەکی لەلایەن فۆلکلۆرناسان و مەردم ناسانەوە دانرا، ئەمانە سەرەتا سەرچاوەی هەموو ئەفسانەو ئاینەکان و جێگەی قوربانی و ئەفسانەکان بوون کە شێوەیەکی گشتی لێکچوونیان هەیە، بێ گوێدانە جیاوازییە کولتووری و رۆشنبیرییەکان لەیەک توێشووەوە دەرژێن، سەر ئەنجام و بەدرێژایی لێکۆڵینەوەکانی خود گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە چیرۆک و ئەفسانەکان، کرۆکی وەک یەکیان هەیە لە دیاریکراوە گشتییەکان و گەشەو خواستە جۆراوجۆرە کولتوورییەکان.

یەکێک لەلایەنە نوێکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پەیوەستە بە داستانە فۆلکلۆرییەکان (شێوە ناسی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان)، واتە بەکارهێنانی هونەری زمانەوانی مەردم ناسی لە لێکۆڵینەوەی چیرۆک و ئەفسانەکاندا.

یەکێک لە هەرە گرنگترین بەدەستهێنراوەکانی فۆرمالیستە رووسییەکان، سەرنجدانە لەشێوە لەیاد چووە ئەدەبییەکان وەک (چیرۆک، حیکایەت و سەرگوزشتە فۆلکلۆرییەکان و هونەرە فۆلکلۆرییەکانی خەڵکی بوو، ئەمانە لەو باوەڕەدا بوون لە پێناوی ناسین و لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەکان، پێویستە دەست بدرێتە شیکاری پێکهاتەو بنیادنانی، گرنگترین لێکۆڵینەوەش کە لەم بوارەدا خرابێتە کار، لێکۆڵینەوەی (ڤلادیمێر پراپ ١٨٩٥- ١٩٧٠)ی گرووپی فۆرمالیستە رووسییەکانە، (پراپ) لە کتێبی (شێوەناسی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان) کە زیاتر بەوەسفکردنی لا بنیادنراوەکانی چیرۆکەکان و پێوەندی بەرامبەری ئەم لایانە باس دەکات، بچووکترین بەشی چیرۆکەکان (کاری خود) یان کارناسییە.

(پراپ) پاش لێکۆڵینەوە لە (١٠٠) حیکایەتی فۆلکلۆری، ئاکامێکی بەدەست هێنا: (ئەگەرچی کەسەکان و کەسایەتی چیرۆکە جۆربەجۆرەکان، کارپێشەیان جیاوازە، بەڵام رۆڵ و تایبەتییان دیاریکراوەو چەسپاوەو لە پێشنیارێکدا کۆ دەبنەوە)، پراپ رەگەزی دروستبوونی ئەم حیکایەتانە بە (٣١) رەگەز دەزانێ کە رەگەزی یەک لە دوایەکی چیرۆکەکانن، بەڵام تەنها (٧) کەسایەتی لە تەواوی ئەم سەرگوزشتەو چیرۆکانەدا بوونیان هەیە:

١- پاڵەوان.
٢- ژنێک کە قارەمان هەوڵی بەدەستهێنانی دەداو بەدوایدا وێڵە.
٣- بەخشندە کە یاوەری قارەمانە.
٤- دۆستانی قارەمان.
٥- کەسێک کە قارەمان بەکارێکی رادەسپێرێت.
٦- دوژمنی قارەمان.
٧- قارەمانی فێڵباز و حیلەباز.

لە بەرامبەر ئەمەدا، دەبینین چیرۆکناسی بە واتای وردی وشە لەم کتێبەی (پراپ)دا دەستی پێکردووە.

لە روانگەی (لوی ستراوس)ەوە، واتای ئەفسانە لەژێر سیمای سەرگوزشتەو حیکایەتدا شاراوەیە و لەم رێگەیەوە دەتوانرێ پەی پێ ببرێت، هەروەها دەڵێ: چیرۆک گێرەوان بەتەواوی ئاگاداری ئەم پێکهاتەیە نین، بەهەمان شێوەش وتەبێژان بەیەک زمان لە بنچینەو بنەمای دستووری خود، بەشێوەیەک کە زمانەوانان دەیڵێن بێ ئاگان».

پاش لێکۆڵینەوە فراوانەکانی مەردمناسی و فۆرمالیستیەکان، رەخنەی ئەفسانەناسی دووەمین کاریگەری هی (کارل گۆستاڤ یۆنگ ١٨٧٥- ١٩٦١)ی دەروونناسی سویسرییە، چونکە دانەری زۆر لە زاراوە باوەکانە لە رەخنەی ئەفسانەدا.

(یۆنگ) رەگەزەکانی پێکهاتەی ئەفسانەسازی بەوێنە ئەزەلی و کۆنەکان دەزانێت، یەکەمین هاوکاری لە رەخنەی ئەفسانەییدا گریمانەی (پارێزەری نەتەوەییە).

(یۆنگ) ویژدانی تاکی فراوان کردووە بەشێوەیەک کە گەیشتە ویژدانی نەستی کۆمەڵی کە لە پارێزەری دەروونی تەواوی جۆری مرۆڤدا بەشدارە، وەک غەریزەی ئاژەڵان لەپێناو کاری ژیانی جیاوازداو بەشێوەی غەریزە دەروونییەکان دەگاتە بۆ ماوەکان.

ئەفسانەکان لە حەقیقەتی بەدەستهێنراوی دەروونی خودیدان و هۆکارەکانیش کە بەدرێژکردنەوەی ئەمانە ئوسوەتی خود لەتێروانین و خەونەکانی خەڵکیدا ئاشکرا دەکەن و پێوەندییێکی نزیکی تێروانین و خەون و ئەفسانەو هونەر کە هەرسێکیان رۆڵی گەیێنەریان هەیە، ئوسوەتەکان لە ویژدانی هەستیدا شیاوی لێکۆڵینەوەن بە بانگەشەی (یۆنگ)، هونەرمەند مرۆڤە بەواتای بەرزی وشە، واتە مرۆڤێکی گشتگیرە، هونەرمەند خاوەنی حەساسیەتی تایبەتییە لە بەرامبەر وێناکردنی نموونەکان و ئامادەبوونی قسەکردن لەگەڵ وێنە ئەزەلییەکان، کە تواناکانی دەتوانن ئەزموونی جیهانی دەرەوەی بەهاوکاری شێوەی هونەری خود بگوێزێتەوە بۆ جیهانی ناوەوەی.

گریمانەیەکی ناسراوی تری (یۆنگ) (تەنیاییە) واتە تاک لە ئاکامی گەشەدا، ئاگایانە لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی خۆی بناسێت، یۆنگ بنیادنەری بۆماوەی دەروونی مرۆڤ، بەسێ نموونەو ئوسوەت دەناسێت (سایە، مادنیە رەوان (هەژانی دەروون)، (دووبۆش) سیمای بنەماکانی ئەم نموونانە لە ئەفسانەو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا پیشان دەدات.

سایە لە بیروباوەڕی (یۆنگ)دا ناسینی لایەنە مەترسیدار و تاریکەکانی کەسایەتی ئادەمییە، کە سیمای ئەمەش دەتوانرێت لە بەرهەمی کەسایەتییە گرنگەکانی وەک (یاگو)ی شکسپیر و (مفیستوفلیس)ی گۆتەدا ببینرێت.

مادینە ڕەوان وێنەی گیان و مایەی ژیانی مرۆڤە و لە بێکاری ژیانی دووردەخاتەوە، هۆکاری نێوان هەستی و نەستی تاکە، (یۆنگ) مادینە ڕەوان کە لە دەروونی تاکی نێردا داناوەو ناوی ناوە (ئاینما) واتە (Animisme)

(یۆنگ) لە ئەدەبیاتدا کەسایەتی وەک (هیلین تیروا) (خوا)ی (میلۆن) و (ئاتریسی)ی (دانتی) بە پەیکەری مادینە ڕەوان دەزانێت کە تواناو کەسایەتی کۆمەڵایەتی هەر تاکێکە کە بەگشتی لەگەڵ خودی ڕاستیدا جیاوازە، وێنەیەکە ڕووپۆشی هەیەو ئەمەش هۆکاری نێوان من و جیهانی ناوەوەیە.

(نورتروب فرای) ڕەخنەگرو ئەفسانە ناسی کەنەدایی، شێوەی ئەفسانەناسی شیکاری ئەدەبی لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (قاڵبی کەلینی ڕەخنە) زۆر فراوان کردووە (فرای) ئەفسانە لەگەڵ ئەدەبیاتدا بەیەکسانی دەبینێت و دەڵێت لە ڕاستیدا ئەدەبیات هەمان کار دەکات کە پێشتر ئەفسانەکان ئەنجامیان داوە، ئەو بەرهەمانەی کە شێوەی غۆرێلا و سایەیەکی گەورەو دیاری لەبەرهەمەکاندا هەیەو لەگەڵ وەرزەکاندا دەگونجێت، لەو ڕووەشەوە بەرهەمی کۆمیدی لەگەڵ ئەفسانەی بەهار، ڕۆمانس لەگەڵ ئەفسانەی هاوین، تراژیدیا لەگەڵ ئەفسانەی پایزدا، ئەفسووس لەگەڵ ئەفسانەی زستاندا.

لە ڕوانگەی (فرای)یەوە تەواوی ئەو ڕەگەزانەی کە لە ئەدەبیاتدا بوونیان هەیە، لەگەڵ خانەوادەیەکی گەورەتردا پەیوەستە، ئەدەبیات وەک هەر بەرهەمێکی هونەری تر بەدووبارە بوونەوەی ئەسڵی، یان ڕوودانی سەرلەنوێ، وەک کێش لە مۆسیقاداو شێوە لە پەیکەرو وێنەدا نیازمەندە، لەمانەدا خاڵی هاوبەش لەنێوان جیهانی مرۆڤ و جیهانی سروشتیدا هەیەو خواکان و قارەمانەکانی ئەفسانە کۆنەکان شێوە دەنوێنن و کەسانی وەک ئێمە جێگەیان دەگرنەوە.

(فرای) پێی وایە هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ئەوەندە سەرەتایی نییە کە لە دەستدەری جۆرێک لە ئەدەبیات بێت، تەواوی ئەدەبیاتی لادێی ئێستا لەگەڵ لایەنەکانی تری ژیاندا بەراورد و جیا نەکراوەتەوەو لەناو مەزهەب و جادوو ئاینە کۆمەڵایەتییەکاندا شاراوەیە.

ڕوونکردنەوەی ئەدەبی لە ڕاستیدا لە دەرەوەی لایەنە گشتییەکانی ژیان شێوە وەردەگرێت و چوارچێوەی خەیاڵکردن دەهێنێتە ئاراوە، لە داستانی خوداوەندەکاندا هەمووشتێک دەوترێت و زانست ئەفسانەش دەهێنێتە ئاراوە و خواوەندەکان سیفاتی هەمەجۆری بەرز بەدەست دەهێنن، یەکێکیان خواوەندی محیل (حیلەباز) یەکێکی تریان لەجۆری (لاف لێدەرە)... هەموو جۆرە کەسایەتییەکان لە ئەفسانەو داستانە فۆلکلۆرییەکان و ڕۆمانەکاندا ڕووبەڕووی تەواوی ئەدەبیات دەبنەوە جێگەی ئاینی و سەماو شێوەی ڕێوڕەسمی بەخۆیانەوە دەبینن و لەکۆتاییدا دراما بەشێوەی هونەری سەربەخۆ دەردەکەوێت و سروودەکانی نەبەردی بەشێوەی ڕەوشی ئەدەبی دەخەنە ڕوو، لەبەرامبەر ئەمەشدا دەبینین کە (فرای) بۆ هەریەکە لە جۆرەکانی ئەدەب، نەسەبنامەی هێناوەتەوە کە دەتوانین ڕووداوەکانی سەردەمە کۆنەکان بەدوای خۆیدا بهێنێت.

(فرای) لەکتێبی (خەیاڵکردنی پەروەردەکردن)دا نووسیویەتی: «ئەگەر داستانە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤارە تایبەتەکانی ژنان بخوێنینەوە، داستانی (سەندرێلا) یەک لەدوایەک دووبارە دەبێتەوە، لە ڕۆمانە بزوێنەرەکاندا، داستانی (ڕیشی سپی)یە کە دووبارە دەبێتەوە، لەبارەی ئەفراندنی مرۆڤی داستانەکانیش بارەکە هەربەم شێوەیەیە، خوا ئەفسووس و حیلە بازەکان لە ئەفسانە کۆن و داستانە فۆلکلۆرییە کۆنەکاندا، لە هەمان جۆری مرۆڤی داستانەکانن کە لەبەرهەمەکانی (فۆکنەر) و (تنسی ویلیامز)دا دەردەکەون». هەروەها دەڵێت: (مەبەستم ئەوەیە کە شتێکی نوێ لە ئەدەبیاتدا بوونی نییە، بەڵکو هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە هەمان کاتدا درێژە پێدەری نەسەبنامەی کۆنی خۆیەتی)

ڕوون و ئاشکرایە کە ڕەخنەی ئەفسانەیی بەدوورنییە لەخاڵی گەورەو هەندێ لە سنووردارییەکان سەبارەت بە یەکسانییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبیات بەشێوەیەکی هۆکاری سەیر دەکرێت و جارێک جوانناسی کرۆکی ئەدەبی، دەبێتە هۆی گوێزانەوەی چەشن و پەیامی ئەفسانەکان، جارێکی تر سیمای گشتی بەشێوەیەکی تەواو دەتوانێت ئەم شێوەی ڕەخنەیە لە ڕۆخی تەواوی لایەنەکانی تری ڕەخنەدا ڕۆڵی خۆی ببینێت.

**سەرچاوەکان:**

**١- تێڕوانین لە ئەفسانە (میرچا ئلیادە).**

**٢- شێوەناسی چیرۆکەکانی (پریان)، فلادیمێر پراپ.**

**٣- قاڵبی کەلێنی ڕەخنە، نورتروپ فرای.**

**٤- بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی (فزرانە طاهری).**

**٥- بهناز علی پوور، ئەفسانەو ڕەخنەکانی.**

**٦- گۆڤاری کلک.**

**٧- شێوەناسی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان.**


# پەرتووکا.. ئاورەک ل زمانێ کوردی ل بەر تیرێژێن رۆناهیێ..؟

**سدیق حەجی وەلی بەرواری**
**(دهۆک)**

ئەڤ بابەتە بابەتەکێ رەخنێ یە، کو تیرۆژکێن روناهییێنە ل وارێ زمانی، لێ مە ب ئەڤێ ناڤ و نیشانێ ناڤکر، ژ بەر کو زمانێ کوردی هەموو ل پێشییێ ئێک زمان بوو، هەڤگرتی بوو، و هەر دێ بیتەڤە ئێک زمان، کو ب ناڤێ زمانێ یەکگرتییێ کوردی ناڤ دکەن، لێ ژبەر وێ چەندێ کو هەرئێک ل سەر چ رێڤەیە (زارڤەیە). دێ ل وێ کورە رێکێ چیت ئەوا هشک و بەرتەنگ، و وان کولانێن فرهە و تاق دێ ل جە هێلیت، نادەتە ل ناڤ وان در و شەقامێن ڤەکری بچیت بەلکی قۆناخێن باشتر پاڤێژیت، کو رێکا خو باشتر و قەنج تر خویا دکەت ژ یێن دی، کو وان زارێن دیتر کێمتر و لێواز تر د بینت، ئەڤ لێکولینە دێ ل دور وان هزرو بیران بیت، ئەوێن ل پەرتووکا " ئاورەک ل زمانێ کوردی " ژلایێ رێزدار فازل عومەر ڤە هاتیە دانان، کو هندیکە ئەو هزر و بیرێن د ریا بەرژەوەندیا گشتیدا دهێنەکرن د پیرۆزن، چ ب سەرڤە سەرڤە بن، چ د قول و بەهادار بن چونکە ژ خوە و خوینا دلسوژەکی، بێ هەمبەری و هەروە ئەنجام داینە، من وەرە ئەڤ بابەتە دەربڕینە بۆ گرنگی و پویتە پێکرنێن هزری و بۆچوونێن ئاشکرا و نەڤەشارتی، بو وەرار و پێشڤەبرنا ڤێ پەرتوکێ د وارێ پەیڤا رەسەنا زمانێ ماک دا و تور و ئەدەبێ کوردی، یان نیشانا وێ هندێیە کو ئالیەکێ زانستی وەرگریت، کو نەبیت کولکەک پاشڤەرۆ و کەسوکی و نە دجهێ خودا، یان ببیت دەربڕین ژبو مەبەستەکا خرش و ڤالا دور ژ بەرهەمێ راستییێ. ئەم دکارین لڤێرێ هێمایەکا سەرپێ ب دەین بو راڤە و شلوڤەکرنا (ئاورەک ل زمانێ کوردی)، ئەز ب باوەرم دەررینە نە بو رەقییێ و توندییێ کو نیشانا هەستکرن ب سروشتێ وێ ڤە، خەباتکرن بو دەربازبونا هندەک هزرێن ئاڤاکەر و ڤەگەڕیان ژ بو بارودوخەکێ موکوم و ساخلەم بەلکو هەستێ مروڤی بگوهورینێ و ساخلەتێن کەسایەتیدا کو هەر کەسەکی هەین د بارودوخێن ئاساییدا بو تێگەهشتنەکا تێروتەسەل. ل ڤر دبیت ئەو دەربرین ژ لێوازیێ وخەموکییێ کەمتەرخەمییێ یان خونەگونجانێ..، لەوما روگەها مە بویە دەربرین ژبو بوچونەکا مرۆڤانە و زالبونەکا رێک و پێک دوارێ جڤاکی دا، و ئەڤە دبیتە نیشانا ئاستەکێ گشتی یێ کاریگەریێ دهەست ب پێشڤەچونێدا، کو ئارەزویەکا زێدەیە ژبو خوپاراستنێ ژ بەرخودانا خەلکەکی ژ بو بەرهەمەکێ باشتر و بەهاتر، بەلکو شاسوارێ چەلەنگ ل مەیدانێن تەسک و بەرتەنگ هەلنگفتیە چوارگاڤ نەچویە کەتیە لوقا و پشت و پشت هاتیە، لەوا هەوار ل دەور و بەرێن خو کرینە ژبەر ئازریانا بەرخودانا ژیانێ..

ژبو دەست نیـــشـــانکرن و هەلســـەنگاندنا ئالوز د پەیامـــێن(ف.ع) یێن تێک هەلکێـــشـــاین و تێکدانا پێدڤی بو هەولێن وی یێن مروڤایەتی، پێویستە لێ بێنە نێرین، ئەوێن دبنە بنگەهـ بو بەرسڤ و وەلاما راڤەکرنا ڤی بابەتی.. ب رەنگەکێ گشـتی و ب چاڤ نقـاندن ژ هزرا نەهشییێ، گەنگەشەکرنا تاقیکرنێن خرش و ڤالا ژ بەرهەمێ راستییێ بهێتە ڤاڤارتن، ب دیتنامن پشتی ڤێ ئێکێ راڤەکرنا وێ دێ کارەکێ ب رامان بیت، پشتێ ب شێوەکێ گشتی دهێتـە شی و شلوڤەکرن.. من وەرە دیاردەکا سروشتیـە بو بەرهەمێن ئەدەبی وهونەری کو تیـروژکێن روناهییێ دگەل بارانەکا شلوڤە بو وارەکێ بەهی..

برادەر فـازل: بابەتەک ل ژێر ناڤێ گیـرەکێن زمـانێ کـوردی، ل ژمـارا ئێک یا گـوڤـارا ئەکادمیـا زانستی کوردستان بەلاڤکر بو، کو بابەتێ ناڤبری ناسینا گیرەکان بو، کـو دەربینە بو دەرگەهەکێ نوی و تازە دهێتـە دناڤ زمانێ دایک دا، ناڤبری ب وی رەنگی نەچو دناڤ هویر و کـوریا ژێدەراندا، ئەو یێ ل وێ هشێ و هزرێ بو، کـو ئەو یەکەمە د ڤی واریدا کار کری (دناسینا گیرەکان دا)، لەورا وەسا خو د دەت نیاسین کو کەسێ ئەڤ دەرگەهە نەقوتایە و ڤـەنەکریە: مینا دبێـژیت: [ل ڤر پرۆژەک دەستپێکی بو دیارکرن و ناسینا گیرەکێن زمانێ کوردی (دچارچوڤێ زاران ژی دابت)، ئەز وەکـــو ئەرکـــەک نەتەوەیی دزانم، لەو ئەڤ هزە من دارێتە سەرپەران، من ژ زارێ کرمانجی دەست پێکر کو ئەز تا رادەیەکی ژێ ب




ئاگەهم داکو ببتە دەست پێک بو سنوردان و چارچوڤەکرنا گیرەکێن زمانێ مە..]

پێڤە دچیت و دبێـژیت [ب من وەرە ئێک ژ مەزنترین ئارێشێن زمـانێ کـوردی، نە بوونا سیـستـەمێ زاراڤ دارێشتنێیە، کو رێ ل بەر هەرکەسەکی ڤەدکەت ببیتە زمانزان.] پاشی گوتیە (هوسا ب دەهان، هەکە نەبێژم ب سەدان پەیڤ و زاراڤ کەڤتینە ناڤ زمانێ کوردی بێ چو تێکەلی دگەل زمان و دەستورێ زمانێ کوردی هەبن، بو نمونە کـەتوار، دورهێل، بەروار بۆ دیروک، هوزانڤـان، پەروەردە، شورەشڤان، چارەنڤێس، خاست یان خواست، ل شوینا داخوازێ، توخمەپەرست، ل شوینا توخمەپەرێس، یان توخمـەپەرس، رێباز ..هد). من لێنێرین وتێبین ل سەر ڤان زاراڤان هەموویان هەنە، بەلێ ل جهێ خودا دێ هێنە راڤەکرن. راستیا ژیانا ڤی بابەتی دێ ل بن یازدە جەمسەران کوم بیت:

(١) جوتدەنگێن (diphthongs) زمانێ کوردی:
(A) دیفتونگا ئوی - ئوێ-U.
(B) دیفتونگێن وێ - W ، یێ - Y
(٢) واتەسازی- (ئەتومولوجی)
(٣) ئابا کوردی
(٤) ژلایێ رێنڤیسێ
(٥) گوکرن و گوگراندنا پەیڤێ.
(٦) بابەتێن رێزمانی
(٧) دارشتنا زاراڤان و پاشگر.
(٨) زارێن دەڤەرکی
(٩) هەڤگرتنا زمانی
(١٠) زاراڤێن رێزمانی
(١١) رێکرن و خیچکێشان

(١) **جوتدەنگێن** (diphthongs) **زمانێ کوردی:**
(A) دیفتونگا ئوی - ئوێ- U
(B) دیفتونگێن وێ - W ،یێ- Y
(١) دیفـــتـــونگا ( ئوی - ئوێ - U - U) ل١٤، ل١٧:

برادەر فازل، ئەڤ دەنگێ (ئوێ) کو ب ناڤێ واوا درێژ ب ناڤ دکەت چ گوهرین تێدا بوینە بەگوێرەی کاودانێن خوجهی و وارگەهی (14) ئەڤ دەنگە ئوێ (U) دکەتە دو (وو) ل دیو مـروڤـێن نەشـەهرەزا یێن زمـانی ئەڤ جـوتدەنگە شلوڤـەکـریە کـو (وو) یا درێژ ل جـای وێ دانایە، مینا دبێـژیت ئەڤ پەیڤە دبنە ئەڤنە: شی-شوی --> شـوو، جین-->جوون، نوی--> نوو، شـین--->

شـوون، دین --‐> دوون :ل١٧، ل١٨، ل٣٦. کـو هوير وکـوير لێ نەنێـريە،کـائەنجـامـێ وێ دێ چ بن و ئەڤ دوو (وو)یە چییە؟ و دێ چ ل دويڤ خو هێلن ژ ڤان لایەنێن ژێـرێ:١- ئەڤ دو (وو) چیـــــــــە، ٢- وو ژلایـێ واتەسـازی، ٣- پەیڤـێن هەڤگو، ٤- زارێ کـرمـانجـیـا ژێری، ٥- ئەرێ گـــەلو خـــەلک دێ ئەڤێ دو (وو) دێ وەرگریت یان نە؟

**١- کا ئەڤ دو (وو) چییە؟**

برادەر ف. کـو بناڤێ ئو-وو یا درێژ ناڤکریە، هندیکە ئەڤ دو (وو) یـە ئێـک ژوان (و) بـێ دەنگـە یادی (و) دەنگانییـە- بزوێنە، ئانکو دو (وو) دسـەرێ پەیڤێ دا هاتن پیـتـا ئێکێ دێ بیـتـە پیـتـا بێ دەنـگ - مت، و بزوێنا دویێ دێ مینیت بزوێن وەک: ووشە، ووتە و وویە ...هد) و ل نیڤ و داویا پەیڤێ ژی ل کـارن، وەک ئەڤـان نمونان:

جگەرخـووین، جـووان، دووەم، خوواردووە ..هد، ئەڤ هەڤوکە ژ لایێ رێنڤێسێڤە یا دورستە: ئەم دو برانە، ئەز برایێ دووێ مـە ئەڤ رسـتـە ژ لایێ رێنڤـێـسـێ ڤـە یا شاشە: ئەو چوار برانە دو رێنجبەرن دو رێبەرن .رێـز مـن بو دەسـتـەکـا یەکـەم هەیە ئەوا ئەلفـبـێـتکا پ. کـوردی-عـەرەبی دانای، رەنگە وان بەهەشتـیـان دروست دانا بو، ئێـک بـو دەنگـێ: و-U- ئو، یادی بـو ڤـی دەنگی: و -W- وێ، یان ڤـاژی. هیچ جـاران دو (وو)ان ل پەی هەڤ نەنڤێسە ئەڤ بیاڤێن دو دەنگی تێنە. کو دەنگەک مـتـە- Consonant. یا دی بـزوێـنە-VOWEL. بەلێ ڤێ دوبارەکـرنا دو (وو) یان ژی پەیڤ یا قـەپەیە هەڤـجـەی دەم و خـەرجی ومـزاخـتـنەک زێدە هەیە، لەوا دەورێ دیفـتـونگێ گـێـرایە وەک جـوان، دوان، خـوار، جگەرخوین...هد.

هندیکە هزروبیــرێت ناڤـبــرینە دجـهێ خـو دا نیـنن، سەبارەت نڤـێسینا کـوردی ب( پ .ع) و لاتینی ژی ب پیتێن ئەرەبی بەس وێنە ب تنێ، بەلێ پا هندی نڤیسینا کـوردی ب(پ .ل ) لاتینی هیچ جـار ئانکو چ جـار دو (Vowels) ل پەی هەڤ ناهێن و جوت نابن نەخێر. ئەو پەیڤـا دو دەنگدار (VOWEL) ل دوڤ ئـێـک تێن، بێگومـان ئەو وشە دبنیـاتدا یا بیـانیـە، یانی هەر ئێکێ، هەرکـەسێ ئەڤـە دەست نیـشـانکری، بێگومـان مەرەم ژێ نڤێسینا کوردی تیپێن ع. بویە. من وەرە: دو دەنگداران ل پەی هەڤ نەنڤێسە؟ (نە بێژە نەڤـینێ من ...، ل ڤـێرە دو دەنگی ڤـاول (ئی I، ئـێ E) دگـەهنە ئێـک، گــرانی ژێ درست دبیت، ژ بەرهندێ (ی Y)ێ یەک دناڤـبـەرا هەر دو دەنگێن ڤـاول تێـتـە دانان، دبتـە: نەڤیێ من (١١)

وەکی مـە ئامـاژە پێـدای دوو (وو) ئێـک مـتــە یادی بزوێنە، ئەڤـە ژ بەر وێ چەندێ یە کـو ئەڤ هەردو دەنگە (W ,Y) دکێمن دنڤێسینا کوردی ب تیپێن عەرەبی. بەلێ د ئابا ک. لاتین دا هەیە،کـو ئەلفـبێ یا کــوردی لاتینی ئەلف بێ یەکا باشە، ژ بەرکو هەمو زارێن کوردی بێ جودایی پێ تێنە نڤێسین.. مام هەژار دبێژیت: (من لێرەدا- وەکو فەرهەنگەکانی تر- بو واوی قوچاو دو واو نەنوسیوە، چونکە لام وابوە زور زیادن)

(جگەرخوین دبێژیت: پرجهێ ئاخینە کو دزمانێ مەدە گەلک دەڤ خواری (الامیالە)هەیە، کو کورمانج ژ "خون" رە دبێژن: خوین، سورا دبێژن" خوێن )، ل ڤر ژی گوتیە خون، نە گوتیە خوون..

**٢- (وو) ژلایێ واتەسازی ڤە:**

برادەر فــازل: شوێ، شی کـریە: شوو،بێ کـو هزر بوێ چەندێ بهێتەکرن، کو گوهرینا ڤێ (ێ) بو (وو) دێ بیتە هویەک بو گـوهرینا واتا پەیڤێ و چونکە وشـە د زمـانێ کوردی دا یاراماندارە، ئەو رامانە دبیتە بنیاتێ زمانی.

بونمونە: ئەوی کچەک هەبو شێ- شوی- شوو کر: ئەرێ گەلو شێ: لە شیکرنەوە هاتیە (بمعنی الحل) یان شێ: ل شـینکرنەوە هاتیـە. شـوو-شـووش: وە بزانم بنکوکـا شووشتنە، شوو: یان ئەگەرل شوون هات بیت واتە دەفس یانی شونپێ لکارە. ل ڤر هەر دوو رامانێن پێشیێ چێتر نزیکی ل کـارێ شـویکرنێ هەنە بەلێ هەر دووێن دیتـر ڤاژی وێ چەندێنە، ئەڤ دو (وو) بویە ئەگەرێن پەیداکرنا پەیڤێن هەڤواتان.

(وو) و پەیڤێن هەڤگو:

جین: کـریە جـوون: جین-چین ل١٧: رامــانا بەشــەک، کومەک دبەخشیت. جوون ژ ڤەجوین هاتیە، لەورا دبینم هەمــو پەیڤـێـن (ی ) ناهێن گـوهرین بو دو ئویان، بویە ئەگەرێن پەیداکرنا پەیڤێن هەڤگو.

**٣- زارێ کرمانجیا ژێری (ک ژ):**

ســـەبارەتی (ک ژ) ئـەڤ جـــوت (وو)ە بـو وان دەست نادەت، نوی-نوێ کریە نوو، ئەرێ نوو بو نەهـ-نو، یان بو تازە و نوی لکارە، ئەگـەچی ناهێن گـوهرین بـو دوو ئویان بویە ئەگەرێن پەیداکرنابرەکا (وو)ان د کرمانجیا ژێری دا.

نوو هەم بویە هەڤگو دگـەل پەیڤـێـن ناڤـبـری، بێ کـو

رامانا دروست ژی ئەنجام دەت. مینا کویر-کوور Kur و گـویز-گـووز GUZ-. هیچ جـاران (یَ) یەک دڤی بیاڤێدا ناهێـتە گوهرین بو جوت(وو) وەک یێن ژوری، رەنگە ب ڤی میناکی بیت وەک: کور، گوز، خەزور .. هد.

٤- ئەریَ گەلو خەلک دیَ ئەڤێ دو (وو) وەرگریت یان نە؟

(شین--->شـــوون، دین ---> دوون) ل١٨ ئـایا خەلکەک دیَ بێژن رەنگیَ کراسیَ من ییَ شوونە، ل جهیَ شین، یان کوریَ من ییَ دوونە واتە ییَ شـەل وشـێتـە-سەفیهەیە. بەلێ ئەگەر دین ببیت دوون، یانی ئول وئاین بیت، دیَ فەرمـون (دوون)یَ من ئیسلامە ل جهیَ دینێ من ئیسلامە. و هەم نزیکی هەڤگویا دوون- دوهن-رون ژێدبیت. ب رەنگەکێ گشـتی و ب چاڤ نقـاندن ژ هزرا نەهشـــییَ ئەڤ (وو) ل جـای (یَ) دانایە. لێ دیسـا نەبین: واتە کـور-کورە، هەرگـیـز نابیت نەبوون، گـەر بو (نەبوون) رەنگە رامانەک دی ببەخشیت.

من ژی ئەڤ پیتا (u) کوردی لاتینی هەلبژارت، ژبەر کو باوەری ب تیــپــێن ک-لاتینی گــرنگتــرین ریَکێن چارەسەرییێیە بو هەڤگرتنێ.

**چارەسەری:**

**(A) جوتدەنگا هەڤگرتێ (U)**

دەنگدێرا ( ئوو -u -u ) کو ب نا ڤێ واوا درێژ ب ناڤ دکەت گەلەک گوهرین تێدا بوینە بەگویرەی کاودانێن خو جهی و وارگەهی(١٤) کو ئەڤ دەنگە ئوو-u کـریە ئـــویَ (U) بەلێ ویَ رامـانێ نابەخشیت ئەوا پێدڤی، دکـارم بێـژم زمـانێ کـوردی پێـویسـتی ب لێکولین و دیڤچونێن زانستی ل سەر زانستێ زمانی هەیە..، لەورا فــەر دزانم کـوئەڤ جـوتدەنگە ئوی-ئویَ بڤێ پیـتێ u بهـێـتە چارەکرن خـالەک ل بن بو لاییَ چەپێ بهـێـتـە بکارئینـان (U) کو ب ناڤێ جوتدەنگا هەڤگرتێ ناڤ دکەم.

ئەڤ دەنگدێرە دهندە زاریَت کـرمـانجی و لوریدا هەر وەکی هاتیە رونکرن دبیتە (ئویَ- u) ب دروستی

وەکی دە نگدێرا (ڤاولا) فرەنسی "u". ئەڤ دەنگدێرە دزاریَ سلێـمـانی و کەرکوکێ دبتـە "ئویَ" کـو زمـانزانێن کوردێن عیراقێ ب (دیفتونگ- Diphthong) دانێـن (١٥). ئەگـەرچی بـاسێ هەڤگرتنێ وان نەکـریە، بەلێ مـینا ئەز دبینم دیَ بکاریَ هەڤگرتنێ ل ناڤبـەرا هەردوو زارێن سەرەکێ کەت و ئەڤێ ئاریَشیَ ژی دیَ چارەکەت،

هەروەکی دڤی لیستێ ژێری دا روهن و رەوشەن دبیت:

جـوتدەنـگ ( ئویَ- u): دکرمانجیا ژوری دا. د هندەک زارێن کرمانجی و لوری دا. دهندە زارێن کرمانجیا ژێریدا ب ئەڤی رەنگێ خواریَ:

(١) نوبون - Nubun
(٢) نویبون -Nubun
(٣) نوێبون- Nubun
گوز Guz
گویز Guz
گوێز Guz
خەزور Xezur
خەزویر Xezur
خەزور Xezur
ستون Stun
ستوین Stun
ستون Stun
کور Kur
کور Kur
کوێر Kur
خون xun
خوین xun
خوێن Xun
سور Sur
سویر Sur
سوێر Sur
بون bun
بوین bun
بون bun
شون sun
شوین sun
شوێن sun
دوهو Dohu
دوهو Dohu
دوێن Dun

سەبارەت رێزکا نمرە سێیەم ئانکو هندە زارێن کرمانجیا ژێری دیَ ب ئەڤی ئاواکی ژی چێ دبیت بهێتە ئەنجامدان و ل کارین:

(14) گـوێز= Gowez، کـوێر= kower، خـوێن= xowen، ســوێر= sower و شــوێن= Sowen، دووێن= Dowen)

ب ئەڤی رەنگێ ستوینا چواریَ رێنڤێسا ستوینا (٣، ٤)

نابن ئێک، ئەڤ رەنگە ووشە دکرمانجیا ژێری و ژوری دا دێ بنە هەڤواتا، ب دیتنامن جوتدەنگ (ب) رولێ خو دێ ب باشی گێریت و قەنج ترە.

بێگومان هندی پەیڤ دزمانێ کوردیدا هەنە، ییێن ب ڤی رەنگی وئاوایی هو ب هێنە نڤیسین، کو رولێ ئەڤێ جوتدەنگێ (u)ا هەڤگرتنێ هەبیت، ژ بەرکو د لایێ دەمی و ئابورێڤە چاک ترە. لێ خواندنا وان کو هەر ئێک یان هەرشێوە زارەک دێ ل دوی دل و ئارەزوو یا خوە ب خوینت. کو ( زارەڤێ) کرمانجی و لوری مینا ستوینا "2"دووەم دێ گوکەن و خونین. هەم هندەک زارێن کرمانجیا ژێری ژی وەک دویف دلێ خو یان دلنیا خو ئانکو مینا لیستا ژمارە "٣" دێ ل کاربیت وکار پێکەن. بەلێ پا نڤیسین دێ هەر وەکی ستوینا یەکەم یان یا سێیەم بت، میناک خون xur، سور-sur، بون-bun.. تد.

(ب گوێرێ ستوینا دووێ وسێ، جگەرخوین دبێژیت: پرجهێ ئاخینە کو دزمانێ مەدە گەلەک دەڤ خواری (الامیالە)هەیە، کو کورمانج ژ "خون" رە دبێژن: خوین، سورا دبێژن "خوێن.. ب ئاورا من گەرەکە کورد هەمو خەسما خوندەوار ڤێ دەڤ خوارییێ ژ زمانێ خو راکن (16)

چمکو هەگەر رێنڤیسا پەیڤا کوردی یاهەڤ پەیوەند نە بن ئێک، زمان ژی نا بیت ئێک ئانکو زمانێ هەڤگرتی جهـ وار نا بیت، وەک پروفیسور مینورسکی (١٧) دبێژیت: "تشتەکێ زور گرنگ هەیە، کودەلالەت ل یەکێتی یا زارێن کوردی و کوردان دکەت، ئەویش رێزمانەکە و یاسا دەنگێیە کەیەتی"

(B) دیفتونگێن وێ -W، یێ -Y:

هندیکە ئەڤ هەردو تیپەنە ! نهو دەورەکێ جوتدەنگ د گێرینن ل هەر چوار قولاچێن کوردستانێ، چ ب تیپێن لاتینی چ ب تیپێن ع. وەک جوان- Cwan، خواندن- Xwandin

(١) وێ -W:

زمانزانێن کورد هەمو دپێناسینا ئەڤێ تیپێ ب (واو)ا مت ب ناڤ دکەن برادەر فازل تێنە، ئەو ب سمیڤاول و سمیکونسونانت ناڤ دکەت، ئەگەرچی دنڤیسینا کوردی ب تیپێن ع. ب وێنەکێ تایبەت نینە وی مافی ددەتە خو، کو خو-XW، کو-KW، هوسا دنڤیسیت، یا دروست ئەڤەیە: خو-XO، کو-، KO وەتوڤ نەچویە ل ناڤ هویر و کویریا بابەتی. ب دیتنامن ئەگەر تیپا ناڤبری رولێ جوتدەنگ نەگێریت پێویستە وەک هاتیە رونکرن ل کار بیت میناکی: جووان-Cowan، خوواندن- Xowandin ...هد بەلێ نهو ل ک. عیراقێ ب رەنگێ دولایەن بەر بەلاڤە و چونکە قەنج ترە ژ لایێ ئابوری و دەمی ڤە و قەبارێ پەیڤێ ژی بچوک ترە، ئەڤ دامکێ ژێری بو نمونە:

A- جوان =Cwan، جگەرخوین= Cigerxwin، خوین-خوێنXwen- ل ڤێرە دەنگێ ئەڤێ تیپێ (O) ل پشت واوێ(W) هەیە لێ وێنێ وێ نینە ئانکو چونەیە. هەگەر جوتدەنگ نەبیت دێ هوسا بیت وەک ئەڤێن خارێ:

گوویز= Gowez، کووێر= kower، خووێن= xowen، سووێر= sower و شووێن= sowen، دووێن= Dowen.

سەبارەت ئەڤان هەردو دەنگێن (I , o) ل بەری (Y,W) نهو ناهێنە تومارکرن و یا بەربەلاڤە، مینا, Dyar Cwan .. تد. ئەڤ کارێن هوسا ژی ب دەستێن لایەنێن خودان بریارن، مینا ئەکادمیا زانستی کوردستان، ئەگەر دان ب وێ چەندێ کر، کو ئەڤ هەردو دەنگە (I,O) ناهێنە نڤیسین ل بەری ئەڤان هەر دووان (Y,W)وەک: جوان-Cwan، دیار-Dyar..تد. یاتی ئەڤ هەردوو تیپە (w, Y) ژی دێ بنە جوتدەنگ دزمانێ کوردی دا کو ب ناڤێ جوتدەنگ-Diph) (thongێن (B) ناڤ دکەن، هەوجەیە ئەکادمیا زانستی کوردستان دانێ بئەڤان هەر سێ جوتدەنگان بکەت: جوتدەنگا هەڤگرتنێ دگەل هەردو جوتدەنگێن (B).

(٢) یێ-Y:

هندەک زمانڤانێن کورد(١٨) وادیار دکەن، کو دەمێ ئەڤ پیتە(Y) دهێتەنڤیسین، ئەو ئێ(i)یا لبەری پێویستە بهێتە گوهرین بو سڤکە بزوێنێ: مینا دیار-Diyar، هەکە بو دیاری، ئی (i) بهێتە گوهرین بو (i)، دیاری- Diyari، هەر وەتوڤ ژین- Jin دکەنە Jiyan .. تد. ب هزرامن ئەڤ توخمە پەیڤەنە دێ هەر وەک رەسەنێ خو دێ مینن هەرگیز ناهێن گوهرین دور بیت ژ ڤێ ئالوزیێ بو رێنڤیسێ سپەهی ترە.

ئەڤ بابەتە هاتیە شێلان (ل ١٣٤) یادرست ئەڤەیە: مێرکوژ ژ کوژتن، نەژکوشتن. لێ دیسا هنەک کار هەنە ل دوخێ بوری- رابردودا وەک: مێژا- مێژت، کوژا-

کوژت، پێژا- پێژت.. درست نینە ب بیتە: مێشت، کوشت، پێشت ..تد(١٩)، هەرگیز ئەڤ کارێن ب ڤی ئاواکی نابیت تیپا (ژ)ب هێنە گوهرین بو (ش) ل دوخێ کاربوی دا ئانکو ڤاژی، ژ بەرکو ل هەردو دوخێن دی دا، ئانکو د کارمای و کارخازی (فعل الامر)دا هەر ب تیپا (ژ)ل کارە، هندەک تیپ دەنگێن (فونیتیکا) وان ل هەڤ دو د نزیکن لەورا جهێ ئێک دو دگوهرن و زارکێن دەڤەرکی پەیدا دکەن. ئەڤ هەردو تیپە (W ,Y): کوردێ عێراقی و ئیرانی د گەلەک بواران دا ب رەنگێ جوتدەنگ ل کاردبەن، لێ ژبەر نەبو نا وان ب ئاوایەکێ ئێکسەر، زمانزانێن کورد ب شێوێ جوتدەنگ هند دیارنەکرینە. لێ د. ئەورەحمان ح. مارف (و -W، ی -Y) ب نیمچە بزوێن- Semi Vowel ناڤ.

دکەت دبێژیت: (ئەو دوو نیمچە بزوێنەی زمانی کوردی لە حالەتی وەستاوی (سکون)دا دەبنە بزوێن وەک (چاو، نەوت، های، ئای، دایک ..تد)، بەڵام کاتێک حەرەکە وەردەگرن دەبنە کونسنانت وەک: وەرە، یاری .. تد(٢٠).

(هندەک کاودان ل سەر وارگەهێ بابینییێ هات بون، لەومان زار و زاروچکە و دیالی کت د زمانێ کرمانجیدا بشکورینە، بەلکو ووشە، هەر ئێک وشەیە، بێگومان زمان ژی هەرئێک زمان بو، دێ بیتە ڤە ئێک، ئانکو زمانێ تێکەلێ کوردی، بەلێ پا گوکرن و رێک نەکەفتنا رێنڤیسا پەیڤێ بویە ئالوزیا زمانی، کو هەر دەڤەرەکێ ب رەنگەک تایبەت بێژە گوکریە و بێژە ژی هەر ئێک بێژە بویە، بەس گوهرین لێ پەیدا بووینە، ب درستی وەک دئەڤان پەیڤێن ژێریدا روهن و رەوشەن دبت:

کرمانجیا ک. ژوری هندەک زارێن کرمانجیا ژوری هندەک زارێن کرمانجیا ژێری

شون Sun

شوین Sun

شوێن Swen - Sun

گوز Guz

گویز Guz

گوێز Guz- ( gwez)

ئەڤ جوتدەنگا (Diphthong)ا هەڤگرتنێ (U) ئەڤێ چەندێ چارەدکەت، دکارین بێژین زمانێ کوردی پێویستی ب لێکولین و دیڤچونا زانستی ل سەر زانستێ زمانی هەیە..

**(٢) وانەسازی (ئەتیمولوجیا- Etymology)**

من وەرە ئەڤی بابەتی بایەخ و جهەکێ هەژی ل جەم مە هەیە، ئەم یێن دوێ بیر وباوەریدا. کو زمانێ کرمانجی ژ زمانێن سپەهی و رەسەنە ل وارێ زمانزانیدا(٥٦) philology. فقە اللغە، علم اللغە(٥٧) ئانکو ژلایێ فونولوجی، مورفولوجی و سینتاکسیڤە جهێ شەهنازیێ یە و بەرچاڤە، لێ بێگومانە ئەو پێشڤەچونا زمانێ کوردی هەیە دبیاڤێ وتەسازیدا، چ دلسوژ نەشێن پشت گوهڤە پاڤێن کو جهێ دویچون و لێکولینا مەیە و ئامانجا دانانا ڤی بابەتی بو، رامان و پەژنا مە یانی مەبەستا مە، ل دویچونەکا هویر و ورد، کویر و قول ئەڤەیە، کو ئەم بشێن وان راستیا روهن و ئاسانکەین، کو زمانێ کوردی دوارگەهێ بابینیێ دائێک زمان بو دێ بیتەڤە ئێک ئەگەرچی "پەرتوکا ئاورەک ل زمانێ کوردێ" پێبشکوریت پێشکەڤیت، ملەتێ کورد پێ بئاخڤیت..

برادەر فازل، دڤی واریدا لێ مخابن ئەڤ برپارێن وی پر و پرسادەنە، ئێک ژنەزانینا وی ئەوە دەمێ دبێژیت: سوولاڤ (ل٧٩) یانی کەندال، بەرێ فراکە و ژ سولاڤا فارسی هاتیە، پاشی دبێژیت گوڤار ژ کوم نڤیسار هاتیە..هد.

ناڤبری یێ کەتیە گەنگەشێ ل ناڤ بەرا دەنگێ ڤ-V، و-W، سەر یێ لێ شێوای و یا ل بەر بەرزەبوی نەزانییە کا بوچی دەنگێ ڤ بویەدەنگێ ب مینا ئاڤ --> ئاب، باڤ --> باب، بەلکی ئەڤە ژ بەروێ چەندێ یە کو دەنگێ (ب) سڤک و نەرم ترە ژ دەنگێ (ڤ)، جهێ ئێک دو گوهریە، ئەڤە ژی ئاواکەکێ زمانێ کوردیە، لێ یا رەسەن و بنەجە ژی باڤە و نە بابە، سولاڤە و نەسولابە، کرمانجێ ژوری باڤ و باڤک، کرمانجێ ژێری باو و باوک ..هد.

*راڤا ووشا سویلاڤ- سیلاڤ -سولاڤ:

سو- سی- سوی: واتە تی، لا، رەخ، ئال..

ل: ساویلکا لول و لویلی.

ئاڤ: ئاو، ئاڤ ئانکو شلەی بێ تام و رەنگ.

یانی ئەو سویێن ئاڤێ دکەتە لویلی و سورک و سولاڤ. نەفارسییە و نەکەنداڵە. سویلی هەیە بێ ئاڤ: بەرێ سویلێ واتە ئەو بەرێ سویل لێ. ئانکو مینا دبێژن: جهال درها و گەنم سویلی هاتە خوارێ ..هد.

*گوڤار (ل١٩٨): گوتنوار، گوتنیار.

گو: ژ گوتن هاتیە، ئەحمەدێ خانی د مەم و زینێ دا پرانیا وێ "گو" بکارئانیە.

ڤار: واتە وار،یانی جھ و شوێنێ گوتن و پەیڤ و بێژان، ژ بەرکو هەمو ف-F، ڤ-V، دکرمانجیا ژوریدا نابن (و)، یان نا گوهرن بو: و-V دزارێ کرمانجیا ژێریدا و ڤاژی ل ڤر(و) بویە (ڤ).

هەلبەت ب. فازل (ل٥٤)، ب ڤی رەنگی جگەرخوین پەسن دکەت مینا دبێژیت (لێ هند کوور جگەرخوون خوبەردای نێڤ دەریا ئاشوپ و خەباتێ هند کوور نەداکەفت بو دەریا زمانی لەو ئەڤ بریارا وی پر و پر سادەیە)، بەلگە و گروڤێن ناڤبری ژی تەنیا ئەڤەیە(جگەرخوون دبێژیت: دسورانیدە (وە) شوونا (ڤە) دگری چاوە خویا دکی (ڤە) دکوکاخوەدا. (وە)یە لێ پاشی بویە (ڤە).. ئاوا ودەستورا زمانێ کوردی ل١٨٠. وەک بەری نهو هاتیە گوتن هەمی (ڤ) نابن(و) و ڤاژی.

پێژندار (ل٣٤): بو دەنگێ پیان ل کارە.

پێ: لنگ، قاچ، پێپک،.

ژن: ل ڤر سڤکا ژەنە، ژەن دو رامان هەنە ئێک: ل ژەنین هاتیە یانی چێکرن، دو: ژەن واتا ڤەژەنین یانی پێ ژ ئەردەکی تشتەکی بگریت، ئەڤ ڤەژەنینە دەنگەکی پەیدا دکت د بێژنێ پێژن، یان چک چک و دەنگێ پیا.

دار: پاشگرە.

پێژندار: ل هندەک جهان ل٢١٧ بو پ. مت:(Consonants) ئاوازدار و کپ بکار ئانیە ڤویسید(Voiced)ە.و ل هندەک درێن دیتر، ل٣٤ کریە زاراڤ بو پ. بزوێن- دەنگانی- دەنگدار- دەنگدێر ئینایە. (بەدرخانیان:دەنگدار بو پ. مت، دەنگدێر بو پ. بزوێن بکارئانییە، لێ بدیتنامن دەنگدێر ودەنگدار هەردو ئێک رامان دبەخشن بو بزوێنان (VOWELS) ل کارن، تیپێن (پێژندار) دەنگدار ئەڤەنە (A , E , U ,I , O , E , I) دزمانێ کوردیدا (من ئەڤە وو-U نەدا دگەل).

لێ برادەر هند هویر وکویر لێ نەچویە، نەزانیە بو وان پێلاڤکێن بچوکان ئەوێن رەنگەکێ موزیکێ ژێ دهێت لکارە، ب تمامی ڤاژی وێ مەرەما وی بو دەست نیشان کری.

شەهرەیاری ل١٩١: شەهرواری. شەهرڤانی، باژێری، شارنشینی (ل٤٩٢ هەنبانەبۆرینە. هەژار)، شاری، شەهری: چ یاسا رێکێ ل مە ناگرن ئەم وان پەیڤێن ئێک برگی وسادە بکاربینین ئەوێن ئەم بچوکاتی فێر بوینێ وان بکار بینین و نیشا زاروکێن خو ژی بدەین، مینا ئاگردانی-کوچکی ناڤ مالێ رون دکەن.

شاری، شەهری، شەهرەیاری، شاریاری، شەهرڤانی، شاروانی و شارڤانی هەمو ئێک رامان دبەخشن.

ئەرێ گەلو شار یان شەهر؟ دەمێ کو هندەک پەیڤ ژبنکوکێ خو دەردکەڤن ئەوێن ئەڤ (ا ) تێدا دگوهریت بو (ە ) ڤان دەنگان بەری خو پەیدا دکەت: ١- ھ: وەک شار دبیتە شەهر، قارەمان دبیتە قەهرەمان، پالەوان= پەهلەوان ..هد، ٢-ھ: ح میناک تال دبیتە تەحل، پان= پەحن، باس دبیت بەحس.هد ٣- ھ: ع وەک چاڤ (لجەم کوردێ یەکێتیا سوڤیەتی یابەرێ) دبیتە چەعڤ، یانی دبیتە یەعنی..هد. ئەوێ بێژێ بزڤرینە بودنگێ وێ یێ بەرێ بو (ا) دێ پیتێن بیانی بجھ هێلیت، دێ بینی وشەک کوردی پەیدا بو. ئیک ژڤێ گوکرنا زمانەڤانی پەیڤان بەرەف زمانێن بیانی دبەت نەمازە زمانێ عەرەبی، هندەک زمانزانێن کوردێ عێراقێ وشێن کوردی رەسەن بەرەو زمانێ بیانیان بڤێ رێ وبارێ دبەن.

من وەرە تشتەکێ فەرە، دەمێ نڤیسکار و رەوشەنبیر و شارەزا پەیڤەک بیانی بکاردئینن هەڤبەری یانی هەمبەرێ وێ پەیڤێ بزمانێ کوردی ژی بنڤێسیت، وەک ئەلەفون:(جودادەنگ)، کونسنانت (مت -بێ دەنگ)، جیولوجی، جیولوجیا:( ئەردزانی )، پروناون: (جهناڤ، راناو. بروناڤ بfroناڤ)..هد.

پالاسنشین ل٧٣: بو ڤێ مەرەمێ: کوچک، شانیشین، بالات، دێلیزان، تەلار و قەسر لکارە

پالاس و پەلەس: پەیڤەک ئنگلیزیە.

نشین، نش: رەگی دانشتنە، هنەک جاران بو پاشگر ژی لکارە . ب دیتنامن ئەڤ وشە و بێژێن ڤی رەنگی نیڤ ئنگلیزی نیڤ کوردی پێدڤیە هەمی، نەخاسمە زمانزان و روناکبیر پاش گوهڤە پاڤێژن.

چی ل٦٧: سەبارەت ڤێ پاشگرێ دوارێ رەسەنیێ دایە، کرمانجییەکا پەتی و خورستێیە، ژ بوچێکرن لکارە، هەرپەیڤا ئەڤ پاشگرە گیرەکا وێ بت، دێ رامانا چێکرنا تشتەکی دەتێ، برادەری ژ بەر نەزانینا وێ کریە تورکی.

برادەر فازل ل روپەرێ (١٠٠) دبێژیت (هندەک برادەر خورست، خورستی ل جهای سروشت ددنە کاری ب دیتنامن شاشن..) نەخێر ئەو برادەر هەمی دروستن و خورست- خورستی هەڤواتا سروشتە، خورسکە، خورستێ (گیو، فەرهەنگا کوردستان ل٣٧٥). خورست: ژ دو پەیڤان پێکهاتووە، یەکەم خو: خوە یانی بێ کەس تشتەکی بو بکەت. دووەم رست: شین بوی، هەما سەرکەتی، رامانەک دی ژی هەیە: ڤەهینای، بادای و

رستی و ژێکری ..، کرمانج دبێژن سەرێ بهارێیە کەسکاتی هەما یا رستی، ل ڤر ژی ژ تەرش وکەوال رە، وی دەم سالی ڤێ گوتنێ دبێژن (دەڤچەرێ گارەشی ئەزمانە، یێ پەزی گوبزانە، یێ دەواری کێلبتانە).

خورست ل۱۰۰: خورستی، سروشتی، بخو شین بوی، کو کەسێ نەچاندی و نەپەروەردە کریە خورستیە (لێ دیسا ناڤبری دفەرموت کو ئەڤ خورستییە فورمەکا فارسییە، و س. خانی بکار ئینایە. برادەر فازل، هەر وشەکێ ژ زمانەکی ئانکو بیانی بیت بزانیت و نزیکی زمانێ کوردی بیت دێ فەرمانکەت ئەڤ پەیڤا هە یا کوردی ژ فلان ووشا بیانی هاتیە وەک سولاڤ، شەڤ، خورستی، باب، برادەر..هد. بەلێ ئەگەر ناڤبری هەمو پەیڤێن زمانێ ماک پالدەتە زمانێن بیانی، ماف هەیە بێژیت زمانێ کوردی ل دەرگەهێ هەژاریێ دە ل۷۹. هوسا ئەم گەهشتین وێ راستیێ یا جەمسەرێ ئێک و دو ب یارمەتیا خودێ مەزن تمام بو. ئەز ئومێدەوارم ئەڤ پەرتوکە پتر چهێ خو بکەت دمەیدانا تور و ئەدەبێ کوردیدا، لێ هیڤیامن ئەوە ئەو رێکا نڤێسەر و هوزانڤان و سترانبێژ و خەباتکار و روناکبیرێن کورد ل سەر دچون بو سەخبێریا ملەتێ خو ببیتە رێکا خورت و لاوێن کورد.

**ژێدەر و دامان:**


١- جەلادەت ئالی بەدرخان، ئەلفابێیا کوردی و بنگەهێن گرامەرا کوردمانجی، ئارف زێرەڤان، ڤەگوهاستن ژ تیپێن لاتینی، مەسعود خالد گولی، چاپا یەکێ، چاپخانا خەبات- دهوک، ٢٠٠١.

٢- گیویی موکریانی، گیوی نامە، هەولێر.

٣- محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێک لە فیلولوژی زمانی کوردی، بەغداد ١٩٧٣، ل ٨٢-٨٣

٤- هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەنبانە بورینە،کوردی- فارسی، یەک جلدی تەهران ١٩٩١، ل١١، ل٣١

٥- صادق بهائەدین ئامێدی، رێزمانا کوردی، کرمانجیا ژوری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ ١٩٨٧بغداد، ل٧٦

٦- محەمەد تاهرگوهەرزی. رێزمانا کوردی زارێ کرمانجێ، دهوک ١٩٩٩، ل٢٠

٧- صادق بهائەدین ئامێدی، رێزمانا کوردی، کرمانجیا ژوری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ ١٩٨٧بغداد، ل١٦٣

(8) Langue Kurde L,emir Kamiran Ali Bedir Khan. 3" Edition. paris 1968 p.1v

٩- پارێزەر ئیبراهیم رەمەزان زاخولی، رێزمانا کوردی، دهوک، ١٩٩٨، ل١٨

١٠- جگەر خوین. ئاواو دەستورا زمانی کوردی، بەغداد ١٩٦١، ل٦٨، ل١٨٠

١٧- پروفیسور مینورسکی، گوڤارا کوری زانیاری کورد، بەرگێ ئێکێ. ئانکو بروانە محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایێک لە فیلولوژی زمانی کوردی ل٤٢.

١١- حسن محمد حسن، نڤێسینا کوردی ب تیپێن لاتینی ژ وەشانێن گوڤارا گازی یا خوندکار و لاوان سالا ١٩٩٢، ل٤. رێکێش ئامێدی، فێربونا کوردی ب تیپێن لاتینی ل٥٣، گەلەک د وێ باوەریێ دانە.

١٢- محەمەد تاهرگوهەرزی، رێزمانا کوردی زارێ کرمانجی، دهوک، ١٩٩٩، ل١١٥

١٣- د. ئەورەحمان ح. مارف، زمانی کوردی لەبەر روشنایی فونەتیکدا، بەغداد ١٩٧٦، ل٣٢

١٤- جگەر خوین. ئاواو دەستورا زمانی کوردی، بەغداد ١٩٦١، ل١٨٩

١٥- رشید کورد، قواعد اللغة الکردیة، بیروت ١٩٩٠.

١٦- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازوی بەراوورد دا، ١٩٨١ بەغدا.

١٧- گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، هەولێر ١٩٩٩.

١٨- جگەر خوین. فەرهەنگا کوردی، بەغداد ١٩٦٢.

# له نێوان (عەقڵ) و (عاتیفە)دا مەنزڵگایەک بۆ ژیان

## خوێندنەوەیەکە بۆ نۆڤلێتی «خەونی جاڵجاڵۆکەکان»

سەباح مەجید

نۆڤلێتی «خەونی جاڵجاڵۆکەکان» ئاوەژووکردنەوەی زۆرینەی دەقەکانی پێشووی شێرزاد حەسەنە، نەخاسمە ئەو دەقانەی کە باوک دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە و خەونە وەنەوشەییەکانی فەرزەندەکان دەپلیشێنێتەوە، گەڕەکی داهۆڵەکان، تووتی ستان، عزرائیل، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، نموونەی ئەو تەوزیفکردنە پاتریارکیەن، هەروەسا نۆڤلێتی (حەسارو سەگەکانی باوکم)یش سەد دەرسەد ڕەنگڕێژکردنی دەسەڵاتی ڕەهاو ئۆتۆکراتی باوکە، بەچەشنێک کە دوای کوشتنی باوکیش؛ دیسانەوە باوک ئامادەگی هەیە، واتە، فیزیکیانە لەنێو چووە، بەڵام میتافیزیکیانە لە ئارادایەو تەحەکوم بە حەسارییەکان دەکات و غائیبێکی ئامادەیە.

له خەونی جاڵجاڵۆکەکاندا؛ شێرزاد حەسەن لە پلاتفۆڕمی مەسخکردنێکی فانتازی؛ پاڵەوانەکان لە فۆڕمی جاڵجاڵۆکە بەرجەستە دەکات و لەم تەقسە فانتازییەدا کەتوار (واقیع)ێکی ماتریارکی نمایش دەکات. بە بەجاڵجاڵۆکەکردنی پاڵەوانەکان ئیدی سەنتەری دەسەڵات- لە یەکەم چرکەساتی خەونەوە لە پیاوەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژن، واتە: ژن دەبێتە سێنتراڵ و پیاویش دەبێتە پەراوێز (بە واتا سارتەرییەکەی). بەواتایەکی تر شێرزاد حەسەن لە ڕێگەی بە جاڵجاڵۆکەکردنی پاڵەوانەکانەوە جڵەوی دەسەڵات لە دەست پیاوەوە دەسەنێتەوەو دەیداتە دەست ژنەوە:

- ئاخر.. واتا تۆ زاڵ بووی..

- جا چی تیایە؟ کە وەئاگاین جەنابت زاڵە.. با لە خەوندا من زاڵ بم... (خەونی جاڵجاڵۆکەکان ل١٦٠/گ ڕامان، ژ ٦١)

شێرزاد حەسەن تەعامولکردنێکی هونەرییانەی لەگەڵ سایکۆلۆژییەت و تقوسات و شێوە ژیانی (جاڵجاڵۆکە/ مرۆڤ) کردووەو دەقەکەی لەسەر بونیاد ناوە، چونکە لە جیهانی جاڵجاڵۆکاندا مێینە زاڵەو کاروبار بەدەست ئەوە. واتە: سیستمی ماتریارکی لەنێو گرۆهی جاڵجاڵۆکاندا پەیڕەوی لێدەکرێت، ئەگەر (کافکا) لە نۆڤلێتی (مەسخ)دا؛ بە مەسخکردنی گریگۆر سامسا بۆ مێروولەیەکی قێزەونی وەک سیسرک توانیبێتی گوزارشت لە بێزارییەکانی مرۆڤ بکات و گوتاری بە ئاژەڵبوونی مرۆڤ لەسەردەمی فراژووبوونی تەکنۆلۆژیادا پەخش بکاتەوە؛ ئەوە شێرزاد حەسەن بە مەسخکردنی هەردوو پاڵەوانە تەوەرەییەکەی نێو نۆڤلێتەکە بۆ جاڵجاڵۆکە؛ توانیویەتی گوزارشتی بێزاری و مەینەتییەکانی پیاو بکات کە لە ژێر چەپۆکی ماتریارکیدا پەلەقاژەی مەرگیەتی. خەونی جاڵجاڵۆکەکان خەونێکەو تیایدا ژن ئەدای مۆنۆپۆلکردنی پیاو دەکات و لە سۆنگەی ئەمەشەوە پیاو ئیرادەی دەکوژێتەوەو چەشنی کۆتەڵی لێدێت. ئەگەر لە نۆڤلێتی (حەسار...)دا.. حەسار ئەو دۆزەخە ناقۆڵایە بێت کە سەرجەم هێڤی و ئاواتە قەشەنگەکانی فەرزەندەکانی تیادا بسووتێت و چاوگی خەم و ئەشکەنجەو تلانەوەو مەینەتی و چەپاندن و لەباربردنی ئیرادە بێت؛ ئەوە تەون یاخود هەناوی تاریکی ژن لە خەونی جاڵجاڵۆکەکاندا جێگرەوەی حەسارە. هەناوی ژن- وەک حەسار- قودسیەتێکی کۆنکریتی و فرە مەزنی هەیە لە هزری ژنەوە: «تۆش تا لە دەرەوە بیت هی من نیت، وەرە زۆر ساردەو خەریکە دەیبەستێ.. وەرە بتخەمە ناو هەناومەوە، لەوێدا ئارام و ئاسوودە بە..

کەس دەستی ناتگاتێ» (خەونی جاڵجاڵۆکەکان/ ڕامان ژمارە (٦١)، ل ١٧٢)

ئەوەی لە (حەسار...)دا تێبینی دەکرێت؛ باوک (پیاو) بەردەوام کردوکۆش دەکات تاوەکو فەرزەندەکان و ژنەکانی لە حەساردا دەرنەچن و وایان نیشان دەدات کە دەرەوەی حەسار تەژییە لە ترس و بیم و نائارامی، بۆیە بەردەوام جلوبەرگی خوێناوی لە دەرەوەی حەسار دەهێنێتەوەو نیشانی حەسارییەکانی دەدات تاوەکو بیانترسێنێ و باوەڕ بەمە بهێنن کە ژیان تەنیاو تەنیا لە حەساردا هەیەو دەرەوەی حەساریش پڕە لە دێوەزمەی مەرگ. لەم خەونەشدا ژن هەمان ڕۆڵی پیاو دەبینێ، واتە بەردەوام لە هەوڵی ڕواندنی ترسە لەنێو دڵی فەرزەندەکان و پیاویش هەترەشی دەبردرێت و وای لێدەکرێت کە بە هیچ کلۆجێک هزر لە دەرەوەی تەون و هەناوی تاریکی ژن نەکاتەوە، بەڵکو دەبێ شوکرانە بژێری ژن بێت و سەرجەم فەرمایشتەکانیش سەد دەرسەد جێبەجێ بکات:

– وەرە.. دوو دڵ مەبە...

– منیش سەرمەستانە هاتم. (خەونی جاڵجاڵۆکەکان، ڕامان ژ(٦١)، ل ١٧٣) لەگەڵ وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن ژنەوە؛ ئیدی سەرجەم خەسڵەت و ئاکارو ڕەفتارەکانی ژن گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵییان بەسەرا دێت.. ئیتر ژن ئەو ژنەی جاران نییە کە زەبوون و بێ ئیرادەو شەرمن و شوکرانە بژێری پیاو بێت، بەڵکو بوونەوەرێکی دیکەیە: «لەوخەوەدا چ شەرم و حەیا هەیە؛ نەمابوو.. دڵڕەقانە دەتگوت: گەر تینووتە با چۆڕێک مێزت بۆ بکەمە ناو ئەو قاپولکەیە» (خەونی جاڵجاڵۆکەکان/ ڕامان ژ (٦١)، ل ١٦٨)

لەم خەونەدا پیاو دەبێ بە ژن و ژنیش بە پیاو، بەو واتایەی ژن پیاوانە هەڵسوکەوت دەکات و پیاویش ژنانە ڕەفتار دەکات. ڕەنگە ئەمە نووکە بە ئاوەژوو بوونەوە بزانرێت، بەڵام لە تێڕوانینی (پاکیز/ ژن) ئەمە گەڕانەوەیەکە بۆ سەرەتای ژیار، بۆ ئەو زەمەنەی کە ژن دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبوو، واتە سیستەمی ماتریارکی لە ئارادا بوو، بۆیە ژن بەردەوام خەون بەگەڕانەوەی ئەم سەردەمە دەبینێ: «دەگەیتەوە بەو سەردەمەی کە ئێستاکی لە یادت چووە.. ئەوە منم وا دەکەم بیرت بکەوێتەوە؛ ئەو زەمەنەی تیایدا ئاسوودەو ئارام لەوێدا.. لەناو منداڵدانی ژنێکی دیکەدا کە دەکرێ هەر خۆم بووبم.. مەلەت دەکرد... ئیدی تەواو» (خەونی جاڵجاڵۆکەکان/ ڕامان ژ (٦١)، ل ١٧٣)

ئەو ساتەی کە ماتریارکی لە ئارابوو.. پیاو لەنێو تاریکی و نووتەکیدا دەژیا؛ لەم خەونەشدا دیسانەوە پیاو دووچاری هەمان تاریکی و نووتەکی دەبێتەوە دوای ئەوەی لەلایەن ژنەوە دەخورێت و دەکەوێتە نێو هەناوی (پاکیز/ ژن)ەوە؛ کە پڕە لە زولوماتی چەپاندن و کوژاندنەوەی ئیرادەو مەینەتی و میحنەتی و تارمایی مەرگ.

شایانی ئاماژە بۆکردنە؛ پیاو کە مۆنۆپۆل دەکرێت لەلایەن ژنەوە توانستی هیچی نییە؛ ئەم مۆنۆپۆلکردنەش هاوتەریبە لەگەڵ نازو عیشوەو پەیڤی شیرین.. شیرین و لاواندنەوەی بەسۆزانەی ژن، واتە: ژن ئەمانە وەکو ئالیەتێک بەکار دەبات بۆ هەژموونکردنی پیاو:


– دەتپرسی: لاریت لەوە هەیە؟

– من لالتر بووم لەوەی بڵێم «ئا» یان «نا» جا چیم پێ دەکرا؟ (خەونی جاڵجاڵۆکەکان/ ڕامان ژ (٦١)، ل ١٧١)


لەم خەونەدا (پاکیز/ ژن) وەکو سۆزدارێک خۆی بەرجەستە دەکات کە لە سۆنگەی سۆزە هەڵخەڵەتێنەرەکانەوە هیواکانی پیاو لەباردەبات.. دەمەوێت بڵێم: گەر لە (حەسار...)دا عەقڵانییەتێک- وەک باوە پیاو نمایندەی عەقڵ دەکات- کۆمەڵگای کوردی خاپوور کردبێ؛ ئەوە لە خەونی جاڵجاڵۆکەکاندا سۆزدارییەک – وەکو باوە ژن نمایندەی سۆز دەکات- هەمان پرۆسەی خاپوور کردن ئەدا دەکاتەوە. گەر سەرنج بدەینە ئەم دوو هێڵکارییەی خوارەوە، ئەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە (حەسار)دا لەژێر سایەی سیستەمی پاتریارکیدا ئاواتی ژن و فەرزەندەکان لەبار دەبردرێت، کە نمایندەی عەقڵ دەکات. هەروەسا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە لەژێر سیستەمی ماتریارکیشدا دیسانەوە خەونی پیاو و فەرزەندەکان لەبار دەچێت، کە نمایندەی سۆز دەکات، واتە:


لە هەردوو ساتدا کۆمەڵگا بەرەو خاپوور بوون دەچێت:

**هێڵکاری ژ(١)**




**هێڵکاری ژ(٢)**







لێرەدا دەشێ بڵێین: بە کوشتنی (پیاو/ باوک) لە حەساردا؛ (ژن/ دایک) نابێتە ئەلتەرناتیڤێک، چونکە گەروایە ئەی بۆچی هەمان ئەو بێزارییەی کە لە حەساردا هەیە لەم خەونەشدا بەدی دەکرێت؟

کەواتە ئەگەر قێزە ونکردنی (پاکیز/ ژن) لە خەونی جاڵجاڵۆکەکاندا وەک قێزەونکردنی (باوک/ پیاو)بێت لە حەساردا؛ ئایا گوتاری شێرزاد حەسەن ئەمە نییە کە نە پاتریارکی و نە ماتریارکی بە تەنیا توانستی فەراهەمهێنانی خۆشنوودی و ڕەفاهەتیان نییە بۆ کۆمەڵگای کوردی؟ کەواشبێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پێویستیمان بە هاوکێشەیەکی هاوسەنگ هەیە؟ بەواتایەکی تر؛ ئایا پێویستیمان بە ئاوێتەکردن و ئاوێزانکردنی پاتریارکی و ماتریارکی نییە؟ واتە تۆ بڵێی شێرزاد حەسەن ئاوێتەکردنی (عەقڵانییەت/ عاتفییەت) بە زەروورەتێک بزانێ بۆ هاتنە ئارای خۆشنوودی لە کۆمەڵگای کوردیدا؟ گەر بڕوانینە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە زیاتر لە مانای ئەم پرسیارانە نزیک دەبینەوە:

**هێڵکاری ژ(٣)**




شێرزاد حەسەن لە خەونی جاڵجاڵۆکەکاندا گەڕاوەتەوە بۆ نێو ئەوکی مێژوو یاخود دەسپێکی ژیار؛ ئەو سەردەمەی کەتیایدا پیاو وەک ئێستای ژن- هەڵبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا- زەلیل و زەبوون بووەو ژن لە ڕێگەی نازو عیشوەو دەسەڵاتێکی ڕەهاوە مۆنۆپۆلی کردووە، ڕەنگە ئەمە بەرسڤێکی شیاو بێت بۆ ئەم پرسیارە: بۆچی (پاکیز/ ژن) خەونەکەی نەدیت؟ چونکە پیاو هەرگیز ئەو ڕۆژە ڕەشانەی بیرناچێتەوە، بەڵکو هەمیشە ترس دایدەگرێت کە بیر لەو ڕۆژانە دەکاتەوە، بۆیە کە پاڵەوانی نۆڤلێتەکەش خەونێکی لەم جۆرە دەبینێ ڕادەچڵەکێت، چونکە حەزی لێناکات.. ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە شێرزاد حەسەن زۆر هونەرییانە تەعامولی لەگەڵ خەون و سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ (پیاو) کردووە.

ژن هەردەم بەهیوای گەڕانەوەی سەرەتای ژیارە، بۆیە کە پاڵەوانی نۆڤلێتەکە- پیاوەکەی پاکیز- خەونەکە دەگێڕێتەوە (پاکیز) زۆر بە تامەزرۆییەوە گوێقوڵاغ دەبێت و تامو چێژ لەو سادیییەی خۆی دەبینێ کەوا پیاوەکەی خۆی دەچەوسێنێتەوەو قەپوگازی لێدەگرێت و لە ڕێگەی سێکساندنیشەوە قووتی دەداتە هەناوی تاریکی خۆیەوە:

– خەون نەبووایە مرۆڤ بەدەم خەم و قەهر و ئارەزووە خنکاوەکانی خۆیەوە دەمرد.

– کەواتە خەون حاڵەتێکە هاوشانی ژیانەو لێی جیانابێتەوە؟

– دەکرێ ئارەزوویەک بێت و لەبەرگێکی پڕ لە ڕەمزکاریدا خۆ بنوێنێ.

– بە واتا من حەزم کردووە بتکوژم؟ (خەونی جاڵجاڵۆکەکان، ڕامان ژ (٦١)، ل١٦٦)

– لە کوێوە بیگێڕمەوە؟

نا ئومێدانەتر وتی:

– بەر لەوەی کە بتخۆم..

– من لە هەناوتا بووم کە...

شێتانە قیژاندی!

– وتم: بەر لەوەی بچیتە ناو هەناوم، واز لەو هەناوەم بێنە! (خەونی جاڵجاڵۆکەکان، ڕامان ژ (٦١)، ل ١٦٧)

درێژکردنەوەی ئەم سروتە خەونییە لە پاش وەئاگاهاتنیش بەدیار دەکەوێت؛ خوێنەر لەم سروتە دانابڕێت، چونکە لەپێش خەونەکەدا سەربانەکان ئارامن و مانگ و ئەستێرەکانیش ئاساین، بەڵام لە پاش تەواوبوونی خەونەکە هەموو شتێک دەئاڵۆسکێت و دنیا دەبێتە تاریکستانەکەی هەناوی پاکیز «لەو شەوەدا کە ڕەشەباو ترسی خۆم و کوژانەوەی ئەستێرەکان و مانگ؛ کوێریان کردم» (خەونی جاڵجاڵۆکەکان، ڕامان ژ (٦١)، ل١٧٥) پاکیز کە لە دنیای خەونەکەدا میتافیزیکیانە ببوو بە جاڵجاڵۆکە؛ دیسانەوە لە جیهانی فیزیکیشدا دەبێتە جاڵجاڵۆکەیەکی مەزن و هەموو خەونە وەنەوشەییەکانی پیاو هەڵدەپرووکێنێت «گوێم لە قرچەی زۆر بێزەوەری فلیقانەوەی جاڵجاڵۆکەکان بوو لەژێر پێیەکانیدا، یان بەپێی ئەو خرچەخرچ و کرماندنە بێ، وام

مەزەندە دەکرد کە پاکیز بوویێتەوە بە جاڵجاڵۆکەیەکی گەورۆنەو جاڵجاڵۆکەکانی دیکە داکرمێنێ» (خەونی جاڵجاڵۆکەکان، ڕامان ژ (٦١)، ل ١٧٥) پیاو تامی ئەو مەرگەی کە لەنێو تاریکستانی هەناوی (پاکیز/ ژن)ەوە دەیچێژێت.. لە جیهانی دەرەوەشدا- واتە لە دنیای دەرەوەی خەونیشدا- هەمان مەرگ دەست لەملانێی دەبێت:

«- ناچاربووم کە بمرم.. کە بنووم.. کە بمرم.. کە بنووم» (خەونی جاڵجاڵۆکەکان، ڕامان ژ (٦١)، ل١٧٦).

وەک سەرنجمان دا ژن پانتاییەکی زۆر لە ڕووبەری ئەم نۆڤلێتەدا بۆخۆی داگیرکردووە؛ لەم پلاتفۆرمەوە دەلوێ بپرسین: ئایا ژن ئەو بوونەوەرە پیرۆزەیە کەوا دەبێ سوپەرمانی کوردی لە منداڵدانی ئەودا بێتە بوون و تەناهی و ڕەفاهییەت و خۆشنوودی بخاتە نێو کۆمەڵگای کوردی؟ هەڵبەت مەبەستمان لە سوپەرمان (مرۆڤی نەچەپێنراوە) وەک (ستێرن) باسی لێوە دەکات. (١) لێرەوە ئەوەی شێرزاد حەسەن و (فردریک نیتشە) زیاتر لەیەکەوە نزیک دەکاتەوە؛ ئەوەیە کەوا هەردووکیان بەردەوام لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی کازیوەی سوپەرمانن، بەڵام ئەم سوپەرمانە لای هەردووکیان گۆدۆیەکەو تا دوماهی نایەت. هەروەکو (نیتشە) خۆی دەیگوت: «زەردەشت) کوڕی منە، بەڵام هەرگیز نایبینم» (٢). لێرەدا پرسیارێک خۆی ڕەپێش دەکات: ئایا شێرزاد حەسەن نایەوێت بڵێ سوپەرمان لە منداڵدانی ژنەوە دێتە بوون، بەڵام نەک ئەو ژنانەی کەوا هاوشێوەی (پاکیز)ن؟ خۆ (نیتشە)ش تاوەکو کۆچی کرد، بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی ژنێک بوو تاکو ببێتە دایکی زەردەشت (سوپەرمانی چکۆڵە)، بەڵام وەگیری نەکەوت؛ ئەوەتە (نیتشە) دوای ئەوەی کە لە (لۆسالۆمەیێ)ی ئەڤینداری جیابۆوە زۆر خەمناک بوو؛ گوتی: «لۆسالۆمەیێ شایانی ئەوە نییە ببێتە دایکی زەردەشت؛ سوپەرمانی چکۆڵە». (٣)

لەم نۆڤلێتەدا ڕەنگە گوتاری شێرزاد حەسەن ئەوەبێت کە نە لە سایەی دەسەڵاتی پیاودا، نە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ژنیشدا؛ سوپەرمانی کوردی نایەتە ئاراو مەنزڵگایەکیش بۆ ژیان چێ ناکرێت، چونکە وەک ئاماژەمان بۆکرد- لە حەساردا پیاو خەونە جوانەکانی ژن و فەرزەندەکان هەڵدەوەرێنێ، لەم خەونەشدا ژن هەمان پرۆسە ئەدا دەکاتەوە؛ واتە چ ژن و چ پیاو بەشێوەیەک تەوزیفکراون کەوا قێزەون و دزێون، هەردووکیشیان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ڕەها دەکەن، واتە: خواهانە تەحەکوم بە شتەکانی دەوروبەریان دەکەن، ڕەنگە مەغزای شێرزاد حەسەن ئەوەبێت: نابێ ئەم دەسەڵاتە ڕەهایانە تەحەکوم بە کۆمەڵگای کوردیمان بکەن؛ بەڵکو گەرەکە جاری مەرگی ئەم چەشنە دەسەڵاتانە بدرێت کەوا خواهانە ڕەفتار دەکەن، ئەمەش لە جاری (مەرگی خوداوەند)ی (نیتشە)مان نزیک دەکاتەوە، چونکە لای (نیتشە) سوپەرمان نایەتە بوون تاوەکو مەرگی خوداوەند مەیسەر نەبێت «خوداوەند مردووە؛ کەواتە ئێستا دەبێ سوپەرمان بژیت» (٤). واتە لای شێرزاد حەسەن و (نیتشە) سوپەرمان (مرۆڤی نەچەپێنراو) لەدایک نابێت لەسایەی وجوودی دەسەڵاتێکی ڕەهاو مۆناد، چونکە لەسایەی بوونی ئەم تەرزە دەسەڵاتەیەدا هێڤییەکانی مرۆڤ گشتیان دەپووکێنەوەو مەرگێکی نەگریس لە ئامێزیان دەگرێت؛ وەک ئەو مەرگەی کە پاڵەوانەکانی (حەسار)و (خەونی جاڵجاڵۆکەکان) لەخۆی دەگرێت.

**پەراوێزەکان:**

(١) بڕوانە پەڕتووکی: لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا، چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئەدەبی- وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠١، چاپی دووەم، ل ٩٤ و ٩٥.

(٢) نیچە، ن: پۆل ستراتێرن، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، ٢٠٠١، ل٣٨.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٤) وەهای گوت زەردەشت، فردریش نیچە، وەرگێڕانی: عەلی نانەوازادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠١، ل٩١.



# دڵزاری شاعیر

**مەجید ئاسنگەر**

دڵزار، (ئەحمەد مستەفا حەویزی)، هەروەک پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لە پێشەکی دیوانی (خەبات و ژیان)دا باسی کردووە (شاعیری خەبات و ژیانە و زۆر باش لەوە گەیشتووە کە دەبێ (خەبات) بۆ کۆمەڵانی فراوانی گەل بێت و (ژیان)یش هەر بۆ ئەوانە، بۆ زۆربەی گەل، بۆ زەحمەتکێشانە. دڵزار یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی بە جوانی پەلی خوێندەوارانی دەگرێ و بە شەقامێکی ناوەڕاست لەنێوان بەرزی- تەنیای ڕادەی هونەرو تێگەیشتنی زۆربەی گەلا دەبیات و شیعریان بۆ دەڵێ. هەر ئەمە وامان لێ دەکا بڵێین شیعرەکانی دڵزار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ (گەل) نووسراوە لە ڕووی ڕوخساریشەوە لەو شیعرانەیە کە هونەرپەرستان زەوقی لێوەرگرن)«١» دڵزار شاعیرێکی نیشتمانپەروەرو تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر و خۆڕاگرە. ئەو هەر لە هەرەتی لاوێتییەوە تێکەڵاوی (سیاسەت) بووە و ساڵی (١٩٤٠) پێوەندی بە حزبی (هیوا)وە کردووە و بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە کوردییەوە و لە ڕوانگەی ئەویشەوە سەرەتای بەرهەمە ئەدەبیەکانی بە شیعر و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی دەست پێکردووە. فەرموون سەرنجێکی ئەم نموونانەی بدەن کە دەڵێت:

**نابەزین هەروەک نەبەز بووین گەر سەریشمان دابنێین**
**ئێمە پێشمەرگەی خەباتی سوور و ڕۆڵەی شۆڕشین**
**ئەو دەمە ئەو ڕۆژە کوردیش، کوردی سەرپاکی وڵات**
**دەست لە مل هیوا دەکەین، ڕزگارەبین سەربەست ئەژین«٢»**

دڵزار لە (١٩٤٦) بەولاوە کە بۆتە ئەندامی حزبی تەحەرور (التحرر الوطني) ئیدی زێتر بایەخی بە خەباتی چینایەتی و هەروەها لە سۆنگەی جیهانبینییەکی بەرفرەوانترەوە پشتیوانی لێکردنی گەلانی ستەمدیدەو ژێر دەستەو خەباتکار بە دژی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی و چەوساندنەوە، داوەو، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی بۆ ئەو ڕێبازە تەرخان کردووە. بۆ نموونە لە هەڵبەستێکیدا دەڵێت:

**لە لادێدا لەناو وەرزێرو جووتیار**
**لە شاراندا لەگەڵ چینی کرێکار**
**لە گەرمێن و لە کوێستان**
**لەناو پەرێز و بێستان**
**لەگەڵ خوێنەران وەتەن پەروەران**
**ئەکەین خەبات لە بۆ نەجات لە ئیستعمار«٣»**

هەروەها نوسیویەتی:

**یەکگرن جا ئەی کرێکارانی دنیا یەکگرن**
**هەڵبڕن کۆت و کەلەپچە و بەندی دیلی هەڵبڕن«٤»**

یان لە باسی (عەدالەت) و (ناهەقی)دا وتوویە:

**خەنجەری ناهەق ئەبەد جەستەی حەقیقەت نابڕێ**
**لەشکری شەڕ خۆی لەبەر هێزی (عەدالەت) ناگرێ«٥»**

دڵزار هەمیشە و هەردەم خۆشەویستی کوردستان لە دڵ و دەروونیدا پەنگی خواردۆتەوە و لە زۆر چامەو هەڵبەستیدا گوزارشتی لە جوانی و ڕازاوەیی ئەو نیشتمانە بە هەشتییەی خۆیەوە کردووە، ئەوەتا دەفەرموێ:

**کوردستان جوانی یەکجار شیرینی**
**بێ شک بە هەشتی سەر ڕووی زەمینی**
**خاوەن غیلمان و حۆری نەخشینی**
**دایم ڕازاوە و جوان و ڕەنگینی هەوێنی ژینی«٦»**

یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

**جوانە کوردستان خاکی ڕەنگینت**
**باغ و بەهەشتی پان و بەرینت**
**کێوانی بەرزی لوتکە بەفرینت**
**هەوای بێ گەرد و ئاسمانی شینت**
**کانی و سەرچاوەی ئاوی چەمینت**
**زێوەو بێخاڵ و دێی نازەنینت«٧»**

شاعیری هەست ناسک و جوانی و بەهار پەرست کە هەمیشە بەهۆی کاری سیاسەت و حزبایەتییەوە دووچاری گرتن، یان خۆشاردنەوە و جێگۆڕکێ و شکەنجەو ئازار بۆتەوە و لە هەموو خۆشییەکی ژیانی ئاسایی بە دوور بووە خۆزگەی بەهاتنی بەهار و حەزی بەدیدەنی دیمەنی دڵڕفێنی سرووشت و چاوی جوانی دلبەر کردووە و خۆزگەیشی بۆ خواستووە. ئەوەتانێ بەتاسەوە دەڵێت:

**دەبا بەفر و سەهۆڵ ول بێ**
**قەڵای زستانێ کاول بێ**
**ئیتر با مەوسمی گوڵ بێ**
**لە هەرلا تیپی بولبول بێ**
**بەرامبەر گوڵ لەسەر چڵ بێ**
**خرۆش و جۆشی وەک دڵ بێ**
**گوڵستان پڕ شل و مل بێ«٨»**

یان لە هۆنراوەی (چاوی تۆ)دا وتوویە:

**چاوی تۆ چاوی شەهێن یا چاوی باز و ئاسکە**
**کوڵم و لێوت شەکر و گوڵ یا شەکرە سێوی ناسکە!«٩»**

هەروەها لە بارەی (نەورۆز)ەوە چەندان هۆنراوەی جوان و دڵگری نووسیوە،

ئەوەتانێ لە (نەورۆزنامە)دا دەڵێت:

**مژدەبێ ئەی کورد کە ئەمڕۆ جەژنەکەی نەورۆزتە**
**کاتی خۆش و بەختی و سروور و ساتەکەی پیرۆزتە**
**مژدە بێ ئەی کورد کە نەورۆز پێشڕەوی سەربەستییە**
**مژدە هێنی ڕۆژی ئازادی لە دیلی و پەستییە!«١٠»**

شاعیر لە هەستکردنیەوە بە دواکەوتوویی و بێبەشبوونی نەتەوەکەی و خەمساردیی هەندێ لە گەنجان و هاوولاتییان لە ئاست ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانییانەوە، ڕووی دەمی شیعریان تێدەکا و بە تاسووقەوە هاواری لێهەڵدەستێ و بە گوێچکەیان دا دەدات لە هۆنراوەی (گەنجێ)دا دەڵێت:

**گەنجێ کە پیشەی هەر فەسادی بێ**
**دایم قومارچی ژووری نادی بێ**
**مەی و مەیخانە هۆش و یادی بێ**
**مەینەتی کوردی لەلا شادی بێ**
**خوایە بەشی ئەو هەر کەسادی بێ**
**کوردێ کە عاشقی کوردستان نەبێ**
**خزمەتگوزاری کوردستان نەبێ**
**باکی بەناڵەی هەژاران نەبێ**
**دڵتەنگی جەوری دوژمنان نەبێ**
**خوایە بەشی ئەو هەر کەسادی بێ (هەتا دوایی هۆنراوەکە)«١١»**

ئەوجا، دێ زۆر بە پەرۆشەوە کۆمەڵانی خەڵک بۆ خوێندن و زانست پەیداکردن هان دەدات و پێیان دەڵێت کە ڕێگا چارەی ڕزگاربوونی کورد لە یەکگرتن و چرای زانستدایە:

**برا گەل بخوێنین توانا دەبن**
**خەبەرداری ئەحواڵی دنیا دەبن**
**لەپێش لەشکری جەهل و زوڵم و زیان**
**بە وێنەی کەژ و کێو و دەریا دەبن«١٢»**

یان دەڵێت:

**هێزی یەکێتی و چرای زانستی**
**کورد رزگار ئەکا لە ژینی پەستی«١٣»**

دڵزاری مرۆڤدۆست بەکۆچی دوایی ناوادەی (دڵدار)ی شاعیری هاوشار و هاوڕێ و هاوبیر و هاوخەباتی ئێجگار دڵتەنگ و خەمبار دەبێت و لە چامەیەکی پرسۆز و خەمئاوەر و پرسەئامێزدا لەژێر ناوی (شیوەن بۆ دڵدار)دا بەم شێوەیە دێتە هاوار و ڕۆڕۆ:

**هەی ڕۆ کاکە ڕۆ کاک دڵدارم ڕۆ**
**هاوڕێی بە نرخ و بەهادارم ڕۆ**
**شاعیری گەنج و پڕ شعورم ڕۆ**
**ئەدیبی گەورەو بێ قسوورم ڕۆ**
**محامی گەلی هەژارانم ڕۆ**
**ڕێ نیشاندەری بێچارانم ڕۆ**

تا لە دوایی چەند کۆپلەیەکدا دەڵێت:

**لاوێکی ئازا و حەق پەروەرم ڕۆ**
**تێکۆشەرێکی کوڵنەدەرم ڕۆ«١٤»**
**کۆچکردووی یازدەی چل و هەشتم ڕۆ**
**یونس ڕەئووفی پاک ڕەوشتم ڕۆ!**
(کە ئەمەیش مێژووی مردنەکەیەتی)

کارەساتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەش گڕی بەرداوەتە دەروونیەوە و لە (سرووودێک بۆ هەڵەبجە)دا دەڵێت:

**بەهۆی فاشیست و میلیتاریست و کۆنەپەرستان خاکمان وێرانە**
**گەلمان دەربەدەر دووره وڵات و پەرتی شارانی تێکڕای جیهانە**
**پاش هیرۆشیماو نیاگازاکی کارەساتی وا هیچ ڕووی نەداوە**
**نەک هەر هەڵەبجە چوار هەزار گوندی کوردستانەکەم خاپوور کراوە**

بەرهەمی شیعری دڵزار دەریایەکی پڕاو پڕە لەدوڕ و گەوهەر و ڕەوانبێژی و هونەرو وەستاکاری و وێنەی شیعری سەرنجڕاکێش و هەستی ناسک و سۆزی گەرموگوڕی مرۆڤانە، سەیری کەن چۆن لە هەڵبەستێکی ناوازە و بەرزی پڕ لە هونەر و جوانکاریدا کە وەستایی شیعریی خۆی تێدا نمایش دەکات، هەر چۆنی بیخوێنیتەوە هەمان مەبەست دەدات بە دەستەوە لەژێر ناوی (ئەی نیگارا)دا دەڵێت:

**بێ قەرارم * ئەی نیگارا * مەرحەمەت کە * من نەماوم**
**ئەی نیگارا * خۆت ئەزانی * من لە عەشقت * دڵ سووتاوم**
**مەرحەمەت کە * من لە عەشقت * شێت و شەیدام * تێک شکاوم**
**من نەماوم * دڵسوتاوم * تێک شکاوم * نوری چاوم«١٥»**

هەروەها بەناوی (نیگارا) وتوویە:

**نیگارا قامەتی بەرزت چ شۆخ و شەنگ و باریکە**
**چرای رووت چەندە رووناک و شەوی زولفت چ تاریکە!«١٦»**

یاخود دەڵێت:

**جوانی و جاهێلی لەتۆدا کۆیە**
**دەی فیدای تۆ بێ شاعیری کۆیە!«١٧»**

لە هەمان کاتدا (دڵزار) نامەی شیعریی نووسیوە، ئەوەتا لە هەڵبەستێکی دۆستانەی گاڵتەئامێزدا بۆ (دڵدار)ی شاعیر کە پارەی ڕۆژنامە قەرداری کتێبخانەی (کۆیسنجق) بووە کە دڵزار سەرپەرشتی دەکرد، نووسیویە و دەڵێت: (دڵدار ٦٣٦ فلس قەرزاری کتێبخانەکەمان بوو

(کتێبخانەی کۆیسنجق) لە کۆیە، لە ڕۆژی (١٢/٩/١٩٤٨)، واتا بەر لەکۆچکردنی یەکجاری بە شەست و یەک ڕۆژ، نامەیەکی زۆر جوانم بۆ نووسی و بەم چوار شیعرە کۆتاییم پێ هێنا(١٨)

**برام کاک دڵدار، برام کاک دڵدار**
**ئەدیبی گەورە و شاعیری قەرزار**
**شەش سەد و سی و شەش پوول قەرزاری**
**خێرا بینێرە بۆ لای دڵزاری**
**ئومێدەوارم ئەی کاکی شاعیر**
**محامی بەرز و بەڕێز و ماهیر**
**لەخرینگ و هوڕ و زرینگەی فلووس**
**هەرگیز نەمانکەی بێ بەش و مەئیووس!**

هەر لە هەمان ڕۆژدا دەمەو ئێوارە بوو، سمکۆی جوانەمەرگی ئاسەفی برای دڵدار، هات و ئەم نامە شیعرییەی دایە دەستم:

**دڵزار شیعرەکەت دڵزار شیعرەکەت**
**دڵزار نامەکەی پڕ شعوورەکەت**
**گەیشتە دەستم لەوەختێکی وا**
**کافر بەحاڵم نەبێتن خوا!**
**ئەڵێی شەش سەد و کسوور قەرزاری**
**ئایا بۆ پارە زۆر گیانە هاری؟**
**زرنگ و هوڕی دەرهەم و پارە**
**بۆ من خەیاڵی خەونی بەهارە**
**دەرهەم بزانێ لە جێیێ من هەم**
**بە کوڕ ڕائەکا لەم چەم بۆ ئەم چەم**

**من پیادەم و پارە سوارە**
**راوکەری ئەوم لە ئەم دیارە**
**جار جار لە دۆڵێک ئەحەسێتەوە**
**کە ئەچمە سەری ئەسڵەمێتەوە**
**گومبەتە ئەداو بەتاو رائەکا**
**من بێ (ملجا) و بێ پەروا ئەکا**
**بەڵام رۆژێ دێ دەردەستی بکەم**
**بە پەت وەکو سەگ دەست بەستی بکەم**
**چەکمە حەساری ئەکەم وەکو شێت**
**راکێشی ئەکەم ئەیخەمە ژێر پێت** (کۆیە ١٩٤٨/٩/١٢)

دڵزار دەڵێت: (بێ گومانم کە ئەمە دوا شیعری دڵدار بوو، پاش ئەمە چ شیعری دی نەگوتووە و تەنیا دوای نووسینی ئەم پارچە شیعرە، شەست و یەک ڕۆژ ژیاوە) هەرواش بوو.

دڵزاری هەست ناسک و جوانپەرست لەنێو تەنگو چەڵەمەی ژیان و هەموو ناسۆر و دەرد و سەربەکیشدا هەرگیز ڕوخساری دڵڕفێن و قەد و باڵای شلک و ناسکی نەمائاسای ئافرەتی فەرامۆش نەکردووە و بە وشەی تەڕو پاراوی جۆش سەندوو پێیدا هەڵداوە و گڕی خۆشەویستی پەنگخواردووی نێو دڵ و دەروونی پڕ سۆزی خۆی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

**شیفتەی قەد عەرعەرێکم شۆخ و شەنگ و نەو نەهال**
**سینە باخ و زولفی زاغ و ڕوو بەخاڵ و دیدە کاڵ**
**نازک و نازدار و دولبەر، سەروەری زومرەی خوبان**
**قیبلەگاهی عاشقانی غەم زەدەی دڵ پڕ لەخاڵ**
**لەنجە کۆتر ڕەوتی ئاهو چاو بەخەو پەرچەم پەشێو**
**کوڵمە پشکۆ قژ رحانی جەبهە ڕۆژ ئەبرۆ هیلال**

ئەوجا پێدا دێتە خوارێ تا دەگاتە ئەو جێیە کە دەڵێت:

**جازبەی عشقی بە تەرزێ روحی کێشاوم کەوا**
**هەنگی دڵ بەندە بە شەکری کوڵم و شەهدی لێوی ئاڵ**
**چونکە بێ زارە لە زاری لەم دەم کەیفی دەوێ**
**کەیفی چی (دڵزار) بەخوا دڵ قەت لە غەم نابێ بەتاڵ!«١٩»**

دڵزار وەک شاعیرێکی (مولتەزیم) و پابەندی بیروباوەڕی پێشکەتخوازو پەیڕەوی ئایدیۆلۆژیاو ڕێبازی مارکسیزم و پشتگیرێکی ڕاستگۆیانەی چینی هەژاران و چەوساوان، شیعری زۆری بۆ (ڕەنجبەران و خەباتکاران) گوتووە، فەرموون ببینن چۆن لەم دەقەدا بەجۆشەوە دەیاندوێنێ و هانی خەبات و تێکۆشانیان دەدات و ورەیان بە بەر دەنێت کە دەڵێ:

**ئەی ڕەنجبەران تێکۆشەران وەرنە مەیدان بە ماڵ و گیان لە بۆ ژیان**
**بۆ ژیانی کامەرانی**
**دوور لە بەدکار دوور لە زۆردار لە ئیستیعمار**
**دوور لە دیلی لە زەلیلی**
**لە ڕەنج مژین لە ژانی ژین لە زار و شین**
**لەژێر ئاڵای بەرز و باڵای شێری خەبات**
**کە بۆ نەجات خۆی کرد خەڵات**
**شێرێ کەوا، باخی ڕووا**
**بەشانە و مل بەخوێنی دڵ هێنایە گوڵ**
**پەرژینی کرد ڕەنگینی کرد**
**زۆر بە چوستی بە زانستی سۆسیالستی«٢٠»**

یان لە چامەیەکی دیکەدا بۆ نەورۆز کە دەڵێت:

**خوێنی سووری نەوجەوانانت دەسا ئەی نیشتمان**
**خوێنی پێشمەرگەی بە جەرگ و چاونەترس و قارەمان**
**سەیری چۆن وا بوو بە زەیتی مەشخەڵی ڕێگەی ژیان**
**مژدەبێ ئەی کورد کە نەورۆز پێشڕەوی سەربەستی یە**
**مژدەهێنی ڕۆژی ئازادی لە دیلی و پەستی یە:«٢١»**

هەروەکو پێشتریش گوتمان دڵزار لە شیعری (مەرگنامە) دەستی باڵای بووە، چۆن بۆ مەرگی دڵداری جوانە مەرگ شین و ڕۆڕۆی کردووە بۆ کۆچی دوایی سەرقافڵەچی شیعری تازەی کوردیش. گۆرانی نەمر بەم شێوەیە هاتۆتە گۆ، کە بە ڕاستی لووتکەی داهێنانە:

(بۆ گۆرانی هەمیشە زیندوو)«٢٢»

**چل، شکا گوڵ هەڵوەرا، بولبول نەما**
**کاتێ گۆران کاخی ژینی دارما:**
**وەک (ئەپۆڵۆ) بوو بە خوداوەندی هونەر**
**بۆ نەوەی کوردی دلێر و بەهرەوەر**
**گەرچی ئێستا کە، بەلاشە، مردووە و**
**لێ بەناو و ناوەڕۆک هەر زیندووە**
**هەر دەمێنی، هەر هەیە، تا کورد هەبێ**
**دیارە وەک هەڵگوردە کوردیش هەر دەبێ**
**گەورەیی گۆران لە شیعرا ساڵ بە ساڵ**
**زیاد دەکات و سیحری ڕوونی دێتە پاڵ**
**بەختیارە هەروەکو من هاودەمێ**
**گەر لەگەڵ گۆران ژیابێ سەردەمێ**
**شیعری وەک ئاوی ڕەوانی بیستبێ**

**لەفزی کوردی پاک و پوختی ویستبێ**
**هەروەکو هۆمێرو فەرجیل بێ گومان**
**گەنجی کوردی خستە گەنجینەی جیهان**
**شوێنی لاشەی ئەو ئەگەرچی ناوگڵە**
**شوێنی شیعر و شاعیریی هەر ناو دڵە**
**سەد درورد بۆ گیانی پڕ ئازاری ئەو**
**سەد چرا بۆ گۆڕی تەنگوتاری ئەو!**

ئەو چامەیەی لە (١٩٩٢/٢/١٤)دا لە شاری (ستوکهۆڵم)ی سوێدی لە یادی (٣٠) ساڵەی کۆچی دوایی (گۆران)ی نەمر (٨٨) ساڵەی لە دایکبوونیدا نووسیوە. هەروەها بۆ شینی (بەکر صدقی) گوتوویەتی:

**دیسان دووکەڵ و بوخاری ئەستەم کوردستانی گرت**
**چەشنی تۆز و تەم«٢٣»**

بە هەمان شێوەیش بۆ کۆچی دوایی شێخی شاعیران (حەسیب قەرەداغی) شیعری داناوە.«٢٤».

شایانی ئاماژە پێدانیشە کە (دڵزار) لەپاڵ زمانە کوردییە پاراوەکەیدا لە هەردوو زمانی فارسی و عارەبیشدا شارەزایی تەواوی هەیە و بە زمانی عارەبی چەند هۆنراوەیەکی ڕێک و پێک و بەتام و پڕ واتاشی داناوە، فەرموون ئەمە نموونەی شیعرەکانی بەزمانی عارەبی: لەژێر ناونیشانی (أنشودة العمال)دا دەڵێت:

**نحن عمال العراق**
**جند جيش الكادحين**
**ترفض العيش بذل**
**تحت نير الظالمين**
**عزمنا عزم الرجال**
**عشقنا عشق النضال**
**في سبيل الانعتاق**
**نحن عمال العراق**
**نحن نور للسلام**
**في دياجير الظلام**
**نحن روح للحياة**
**نحن حتف للطغاة**
**نصرنا أت و باتت عودة الغد اكيدا**
**و قريبا سوف يغدو شعبنا حرا سعيدا« ٢٥ »**

هەروەها بڕوانە چۆن بە جوانی ئەم ڕاستییەی دەربڕیوە کە دەڵێت:

**ألا يا أيها الطاغي دع الطغيان وأهجره**
**فنور الحق قد لاح وعين الشعب تبصره« ٢٦ »**

ئەگەر یەکێک نەزانی کە ئەمە دڵزاری شاعیری کورد گوتوویەتی، دوور نییە بە شیعری (الجواهري) یان (أحمد شوقي) یاخود (محمد صالح بحر العلوم)ی تێ بگات، چونکە ئەوەندە بەجوانی دارێژراوە و پڕ لە واتای سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

خوێنەری هێژا ئەمە مشتێکە لە خەروارێک لە شیعر و شاعیریەتی دڵزار، هیوادارم توێژینەوەی چڕوپڕتر بۆ بەرهەمەکانی ئەم کەڵە شاعیرەمان بکرێت، لەگەڵ هیوای تەمەن درێژی بۆ مامۆستا (دڵزار)ی خامە ڕەنگین، کە دەستێکی باڵای لە نووسینی پەخشانیشدا هەیە.

**سەرچاوەکان:**

١- عزەدین مستەفا ڕەسووڵ- دیوانی دڵزار چاپی یەکەم، ستوکهۆڵم- سوید (١٩٩٣)، لاپەڕە (٣٤).
٢، ٣- هەمان سەرچاوە- ل(٣٧) و (٥٥).
٤ل٦٧، ٥ل٦١، ٦ل٨٦، ٧ل١١٩، ٨ل١٤٩، ٩ل١٥٩- هەمان سەرچاوە.
١٠ل١٥٩، ١١ل١٦٣، ١٢ل١٧٧، ١٣ل١٨٢، ١٤ل١٨٦- هەمان سەرچاوە.
١٥ل٢٩١، ١٦ل١٣٢، ١٧ل٢٢٧- هەمان سەرچاوە.
١٨ل١٨٣و ١٨٤- هەمان سەرچاوە.
١٩ل٣١٠- هەمان سەرچاوە.
٢٠ل٣٣٤، ٢١ل٣٦١، ٢٢ل٣٦٣، ٢٣ل٢٩٤، ٢٤- بڕوانە هەمان سەرچاوە.ل٢٥٢.
٢٥ل٣٦٧- لە (١٩٨٤/٦/١)، لە شاری (دیمەشق) لە سوریا گوتوویەتی.
٢٦ل٣٧٣- هەمان سەرچاوە.

# مەراسیمەکانی جەژنی نەورۆزو جەژنەکانی دی لە ئێرانی کۆن و کوردستان-دا

**ئا: محەمەد ڕەسووڵ حەسەنپوور**
**(کوردستانی ئێران)**

لە ئەفسانە دێرینەکاندا باس لەوە کراوە کە زەردەشت لە یەکەمین ڕۆژی یەکەم مانگی (١٦٧٦ی پ.ز) کە بە هەڵکەوت ڕۆژی شەممە بووە لە دایک بووە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی یەکەمی وەرزی بەهار بووە بەناوی نەورۆزی جەمشیدی ناوبراوە. هەروەها هێندێ کەس لەم باوەڕەدان کە جەمشید شا (١) لە ڕۆژی (هورموزد- ڕۆژی خودا) لە مانگی فەروەردین (خاکە لێوە) کە دەبێتە ڕۆژی یەکەمی مانگی وەرزی بەهار لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووەو ئەو ڕۆژە وەک نەورۆز دیاری کراوە، دواتریش هەموو ساڵێک ئەوڕۆژەیان کردووە بە جەژن.

لە چیرۆکێکی کۆنی دیکەدا هاتووە کە جەژنی نەورۆزو میهرەگان، بە بۆنەی سەرکەوتنی هەق بەسەرناهەق و دادپەروەری بەسەر ستەم و زۆرداریدا بەڕێوە چووەو نەورۆزو میهرەگان هەر یەکێک بوون و لەو ڕۆژەدا کاوەی ئاسنگەر خەڵکی بەدژی زوحاکی خوێنمژ هان داوەو شۆڕشێکی سەرتاسەری سازکردووەو زوحاکی لەسەر تەختی پاشایەتی لابردووەو لەکێوی دەماوەند بەندی کردووە و خۆی بۆتە سەرکردەو قارەمانی گەلەکەی.

بەم هۆیەوە وا وێدەچێ لەواقیعدا دەماوەند، زەماوەندە کوردییەکەی خۆمان بێ کە لە زمانی فارسیی کۆندا زۆر جاران دوو پیتی (داڵ-ز) بەجێگەی یەکتری لە وشەدا بەکاربردراون.

بەدوای ئەوەیدا کە زوحاک گیراو خەڵکی لە دەست زوڵم و ستەمی ئەو خوێنمژە ڕەهاییان دێت، هەموو ساڵێ لەم یادکردنەوەیەدا دەیکەن بە جەژن و شادی و خۆشی و ناویان ناوە نەورۆز. هێندێ کەسیش پێیان وایە ئەم جەژنە ناوی میهرەگان بووە. لەم نێوەدا. هێندێ مێژوونووسی سەدەکانی نێوەڕاستیش پێیان وابووە ئەم ڕۆژە میهرەگان بووە.

بەڵام شارەزایان و مێژوونووسانی دی ئەمەیان دەرخستووەو بۆ گەلی کوردی قارەمانیش ئەمە ڕوون و ئاشکرایە کە نەورۆز بێجگە لەوەی یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهارو زیندوو بوونەوەی سروشتە هەروەک لە ناوەکەشی دیارە ڕۆژی سەرکەوتنی کاوەی دلێر بەسەر زوحاکی خوێنمژ دایەو لە مێژووی گەلی کورددا کاوەی ئەوتۆش زۆرن کە بەسەر زوحاکەکانی زەماندا زاڵ بوون و گەلی کورد ناوی ناون پاڵەوانی گەل وەک بارزانی-ی نەمر.

لەگەڵ ئەوەی ئەم واقیعییەتە بۆ ئێمە ڕوونە، بەڵام لە کتێبە کۆنە ئێرانییەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە نەورۆزو میهرەگان دوو جەژن بوون کە لە ئێرانی کۆندا بەڕێوەچوون.

ئەوەی ڕوونە میهرەگان سەرەتای دەسپێکردنی وەرزی سەرماو سۆڵەیەو نەورۆز سەرەتای وەرزی گەرمایە. بەپێی نووسراوەکانی (یەسنا) کە کتێبی زەردەشتییەکانە، هەتا پێش ئایینی ئیسلام، دینی زەردەشتی دینی ڕەسمیی گەلانی سەرزەوییە ئێرانییەکان بووەو ئەم دینە لەسەر بناغەی سێ ئەسڵی: (کردەوەی باش، وتەی باش، بیروبۆچوونی باش) دامەزراوە و ڕۆژی



زەردەشت

لە دایكبوونی زەردەشتی پێغەمبەر لە ساڵی (١٠٨٠ی.پ.ز)دا بووەو ئەو ڕۆژە بەناوی نەورۆز- ناودێر كراوە.

هێندێ سەرچاوەی دیكەش ئاماژە بەوەی دەكەن كە زانایانی ئایینی زەردەشت لە ساڵی (٤٨٥ی پ.ز) ساڵنامەی هەتاوییان دروست كردووەو لەوێدا چوار وەرزی ساڵییان دیاری كردووەو یەكەم ڕۆژی وەرزی بەهار وەك ڕۆژی دەسپێكردنی ساڵی نوێ دیاری كراوە. هێندێ سەرچاوەش دەڵێن زەردەشت بۆ خۆی جەژنی نەورۆزی هێناوەتە ڕۆژی یەكەمی وەرزی بەهار. هێندێ سەرچاوەش باس لەوە دەكەن كە جەژنی نەورۆز لە هەر دەورو زەمانێكدا بە چەشنێك و بەجۆرێك بەرپاكراوە.

لە دەورانی دەسەڵاتداریی هێندێ پاشای ساسانی لە (٢٢٦- ٦٥١ی ز)دا واباو بووە كە سەرەتای مانگی خاكەلێوە (٢١ی مارس «مارت»- ٢٠ی ئاوریل «نیسان») كراوە بە جەژن و شادی و خۆشی.

ئەبوو ڕەیحانی بیروونی دەڵێت (هەر سی ڕۆژەی مانگی فەروەردین- خاكەلێوە) كرابوو بە شەش بەش، پێنج ڕۆژی بەم چەشنەی خوارێ:

پێنج ڕۆژی یەكەم تایبەت بوو بە پاشاكان كە لەم ماوەیەدا خەڵات و پێشكێشیان بۆ دەچوو.

پێنج ڕۆژی دووهەم بۆ نەجیب زادەكان.

پێنج ڕۆژی سێیەم بۆ خزمەتكارانی پاشاكان.

پێنج ڕۆژی چوارەم بۆ دەست و پێوەندەكانی كۆشكی پاشایەتی و دەرباریەكان.

پێنج ڕۆژی پێنجەم بۆ سەركردەكانی سوپا.

پێنج ڕۆژی دوایی بۆ خەڵكی ئاسایی بوو كە پێیان دەگوت (باری عام)- ئیجازە پێدانی گشتی.

لەسەر بەڕێوەچوونی نەورۆزو میهرەگان دابونەریت وەك یەك وابوو، هەر بۆیە ئێرانییەكان هەر دووك ڕۆژیان دەكرد بە جەژن و بەم پێیە میهرەگانیش وەك نەورۆز دابەش دەكرا بەشەش بەش.

بە هێندێ ڕاوبۆچوون پاشاكانی ساسانی لە (٥٨١ی ز) و بە واتایەكی دی لە (٤٧١ی ز)دا نەورۆزیان كردووە بە جەژنی میللی گەلانی سەرزەویە ئێرانییەكان.

سوڵتان جەلالەددینی مەلیكشای سەلجووقی بەیارمەتیی وەزیری زاناو بەناوبانگی خۆی خواجە نیزامەددینی تووسی لە ساڵی (١٠٧٤ی ز)دا ساڵنامەیەكی دروست كرد بەناوی (ساڵنامەی جەلالی) لەوێدا ڕۆژی یەكەمی وەرزی بەهاری بەیەكەم ڕۆژی ساڵ ناوبردو وەك جەژنی نەورۆز دیاری كرد. ئەم ڕۆژ ئەژمێرە ئێستاش بنچینەی ڕۆژئەژمێری هەتاوی ئێرانە. بەم پێیە لە ساڵی (١٠٧٤ی ز)یەوە جەژنی نەورۆز لە هەوەڵی وەرزی بەهار بەرامبەر بە (٢١)ی مانگی مارس (مارت) و میهرەگان لە (١٠-١٦) مانگی ڕەزبەری وەرزی پاییزی هەمووساڵێك بەڕێوەچووە.

هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆ كراوە گەلانی نیشتەجێی سەر زەوییەكانی ئێرانی كۆن جگە لەم دوو جەژنە چەندین جەژنی دیكەشیان بەڕێوە بردووە وەك:

- جەژنی سەدە(١) -(ئاگر) ئەم جەژنە پەنجا ڕۆژ بەر لە هاتنی نەورۆز گیراوە.

لە هێندێ شوێنی كوردستان ئەم جەژنە بەناوی (بیلندانە) (٢) لە ڕۆژی یەكەمی چلەی بچووك (پەنجا ڕۆژ بەر لە هاتنی نەورۆز) ئێستاش باوی ماوە بەتایبەتی لەنێو گوندنشینەكانی چیاییدا. لەم ڕۆژەدا گاووگەردوون دەكرێ و مێوژ و گوێزو خورما دەبەشنەوەو بێڵی بەفر فرێ دان هەڵدەوسن و دەڵێن ئیتر سەرماو سۆڵە پشتی شكاو سەرما تەشقی شكا. جەژنی سەدەو میهرەگان و باقی جەژنەكانی ئێرانی كۆن ئێستاش لەنێو زەردەشتییەكان بەتایبەتی زەردەشتییەكانی ئێران لە دەوروبەری شارەكانی یەزدوكرمان و ئیسفەهان و شیراز بەشێوەیەكی جوان بەڕێوە دەچێت و زەردەشتییەكان خۆیان بە پارێزەری ئەم جەژنانە دەزانن (٣)

ئێرانییەكان لە ڕۆژگاری كۆندا هێندێ جەژنی دیكەشیان بەڕێوە بردوون وەك:

- جەژنی تیرگان (٤)

- بەهمەنگان.
- (ئاخیری هەموو مانگە ئێرانییەكان جەژنێكیان دەگرت و پاشگری «گان» پێوە دەلكێنرا.

ئازەرەخش. كە لەدوای هێرشی عەرەبەكان لەسەرەتاكانی ئایینی ئیسلامدا بەرەبەرە لەنێو چوون.

## نەورۆزو جەژنەكانی دیكەی لە دوای ئایینی پیرۆزی ئیسلام

جێگەی سەرسوڕمان نابێ ئەگەر بڵێین گەلانی تیرەی ئاریاییەكان بەم ڕێوڕەسم و یاسایانەوە كە شێوەی بەڕێوەبردنی ژیانی لێدەباریێ و هەردەم سەر زیندوو و شادمان ژیابێت بە تێپەڕبوونی زەمان و هاتنی قەوم و تیرەی نامۆدا وێدەچوو مەشخەڵی ڕووناكیدەری نەورۆز ڕووی لە كوژانەوە بێ و ئەو مەراسیمە دێرینانە بۆ هەتاهەتایە لە بیروەمێشكی خەڵكی بچنەدەر. بەتایبەتی لەدوای ئایینی ئیسلام و هێرشی عەرەبەكان كە ئەم ڕێو ڕەسمانەی ئێرانییەكانیان بە «ئاگرپەرستی، كوفروزەندیق» و شتی لەم بابەتە ناودەبردو بەتوندترین شێوە بەربەرەكانییان دەكردو بەنووكی شمشێر بەرخوردیان لەگەڵ بەرپا كارانی ئەم جەژنانەدا دەكرد.

بەڵام قەومەكانی ئێرانی بەسەبرو سیكەدانەی تایبەتی خۆیان توانییان بۆ جارێكی دیكەش تۆزو غوباری زەمانە لەسەر ڕوخساری نەورۆزو جەژنەكان وەسڕن و بۆ جارێكی دیكەش ئەم چرایە ڕۆشن بكەنەوە. هێندەی نەخایاند بەزیرەكی و وشیارییەوە چوونە نێو دامودەزگای خەلیفەكانی ئومەوی و عەبباسی و ئەم ڕێوڕەسمانەیان سەر لەنوێ بەرپاكردنەوەو تا ئەو جێگەیە چوونە پێشەوە كە جلوبەرگی ئێرانییان بە خەلیفەكان پۆشی و وایان لێكردن بە چاولێكەری لە پاشاكانی ساسانی -باری عام- بە خەڵكی بدەن و شاعیرانی عەرەب بەزمانی عەرەبی سروودو هۆنراوە بۆ جەژنەكانی نەورۆزو میهرەگان دابنێن. نموونەی زیندوو لەم بارەیەوە ئەوەیە كە ئەبوونەواس وشەی نەورۆزی بەشێوەی كۆن لە هەڵبەستەكانیدا بەكاربردووە.

ئەو ئێرانییانەی لە دامودەزگای حكومەتی خەلیفەكاندا دەستیان بوو، ئاگریان ڕۆشن دەكردو گۆرانیبێژان ئاهەنگ و سروودیان دەچڕی.

بەم پێیە بۆمان دەردەكەوێ تەنیا چەند ساڵێك ئەمیروسوڵتانەكانی ئومەوی توانییان دان بە جەرگی خۆیاندا بگرن و چاوپۆشی لەم هەموو دیاری و پێشكێشەی ئێرانییەكان بكەن كە لە جەژنی میهرەگان و نەورۆزدا بۆ پاشاكانی ساسانی و لە پاش ئەوانیش دەبوو بۆ خەلیفەكان بچێت.

عەرەبەكان بەرەبەرە بەوە ڕازی بوون بە مەرجێك ئێرانییەكان ئەم جەژنانە بەرپا بكەن و جەژن و شادی و ئاهەنگ بگێڕن كە خەڵات و پێشكێش بۆ ئەوانیش بەرن.

هێندێ سەرچاوە باس لەوە دەكەن كە خەلیفەكانی بەنی ئومەییە لە جەژنی نەورۆزدا نزیكەی (٥ تا ١٠ ملیۆن) درهەمیان وەک خەڵات و بەرات و پێشكێش و دیاری لەلایەن ئێرانییەكانەوە بۆ چووە.

دەڵێن حەجاجی كوڕی یووسف كە لە چاو ئەمیرەكانی دیكەی ئومەوی كابرایەكی بە ئینساف و ڕەحم و بەزەیی ناسراوەو زۆر چیرۆكی لە نان بدەیی و جوانمێری لەسەرباس دەكرێن، یەكەم كەس بووە لە نەورۆزو میهرەگاندا دیاریی بەنرخ و بەهاداری لەلایەن خەڵكی ئێرانەوە بۆ چووەو تەنانەت دەڵێن خەڵكی ڕەش و ڕووت لەم دیاری و خەڵات و سووروسات بردنانە دەرنەهاوێژراون.

لەسەر بەڕێوەچوونی جەژنی میهرەگان لە كوردستاندا بیروڕای جۆربە جۆر هەن. مامۆستا هێمنی موكریانی (یادی بەخێر) دەڵێ «.... هەر لە جێژنی میهرەگان كە لە (١٠)ی ڕەزبەر دا دەگێڕێ زۆر دوور نییە، هەر بە بیری منداڵێ مەڕدار لە ئاخیرو ئۆخری مانگی میهر (ڕەزبەر) بەرانیان دەمەڕی كردووەو جێژنی میهرەگانیان بۆ كردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە كە عارەب وەریان گرتووەو كردوویانە بە «میهرەجان» بە هەموو ڕۆژێ خۆش دەڵێن میهرەجان. مەڕ بە پێنج مانگان دەزێ پێشینان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی دەبەردێ و مەترسیی بەر ئاوێن كەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە ئێستاش لە زۆر شوێنی كوردستان دەكەن و پێی دەڵێن (بیلن دانا).

(دوو مانگ پاییزو سێ مانگ زستان دەبێتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕومالات و جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.).

هەر لەسەر جەژنی میهرەگان لە ئێرانی كۆندا لە (١٠-١٦)ی مانگی ڕەزبەردا دەگیرا، ئێستاش لە هێندێ شوێنی كوردستاندا باوی ماوەو پێی دەڵێن جێژنی خەرمان (خەرمان هەڵگرتن) یان بە هێندێ واتە جەژنی ترێ (ترێ چنین) كە لە هێندێ جێگەی كوردستان ناوی بە جەژنی شەراب هاتووە. لەو جەژنانەدا گاوو گەردوون دەكراو ڕیز لە میوان دەگیرا.

## هێندێ مەراسیمی پێش جەژنی نەورۆز
## لە کوردستانی ئێران

– چوار شەممە سوورە (چوارشەممە سوورە)

لەکاتی ئێوارەو تاریکبووندا لە حەوشەو سەربان و کووچەو کۆڵانان ئاگر دەکرێتەوە. منداڵان لە چەند ڕۆژ پێشتر چیلکە چاڵ و ئاوردو کۆدەکەنەوە.

منداڵان بەسەر ئاگرەکاندا بازدەدەن و دەڵێن: (سووری تۆ بۆ من، زەردی من بۆ تۆ..)

جارجارەش ئەگەر چاوەکان خافڵان ئەوا کیژانی عازەب و نۆبۆکان و کچانی دەمی بەختیش لەسەر ئاورەکان بازدەدەن و زۆرجاری وایە بەخۆیان نازانن داوێنی کراسیان دەسووتێ.

لە شاری سنەی کوردستانی ئێران بە چوار شەممە سوورە دەڵێن (کوڵە چوار شەممە) بەشکۆیەکی تەواوەوە ئەو مەراسیمە دەگرن و دەیکەن بە جەژن و شادی و لەسەر کێوی (ئاوییەر) لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەسەدان ئاگر ڕۆشن دەکرێ و کیژان و کوڕان بە ڕەشبەڵەک و ئاهەنگ گێڕان تا شەو درەنگانێک لە دەرەوەی ماڵان بەسەر دەبەن.

لە شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران:

لە کرماشان لەسەر بێستوون و پەراو

لە پاوە لەسەر شاهۆ

لە مەریوان لەسەر میراجی

لە سەقز لەسەر کەلی وەنەوشە

لە بانە لەسەر ئاربابا

لە بۆکان لەسەر تەرغەو قەبری حەسەن زیرەک

لە مەهاباد لەسەر داشامەجید

لە سەردەشت لەسەر گردە سوورو گیا ڕەنگ

لە ڕەبەت لە سێوە سوورەو زنریران

لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە سوورە (کوڵە چوارشەممە)دا ئاگر دەکرێتەوەو ئەوە بێجگە لە حەوشەو حەسارو سەربان و کووچەو کۆڵانی هەموو شارەکانە کە هەر ماڵەو ئاگری خۆی ڕۆشن دەکاو منداڵان بەترەقە تەقاندن و فشفشە هەڵدان ئەم مەراسیمە پیرۆز دەکەن.

شارەکانی دیکەی ئێرانیش هەر بەم شێوە چوارشەممە سووری پیرۆز دەکەن و نەرم و ئاهەنگ دەگێڕن.

لە پاکستان و بەشێک لە هیندوستان و ئەفغانستانی (بێ تاڵەبان) و ئاسیای ناوەڕاست مەراسیمی چوارشەممە سووری دەگرن.

(لەشێوەی بەرپاکردنەکەی ئاگادارییەکی ئەوتۆم لەدەس نییە– ن)

– حاجی فیرووز، لە ئێراندا (لە کوردستان بەرچاوم نەکەوتووە–ن) لە هەر کووچەو کۆڵانێک دەهۆڵ و زوڕناژەن دەگەڕێن. جلی سوورو ڕەنگاوڕەنگ لەبەر دەکەن، لەنێویاندا یەکێک دەموچاوی خۆی ڕەش دەکات و کڵاوێکی قووقی بە زەنگوڵە لەسەری دەکاو هێندێک زەنگوڵە بەخۆیەوە هەڵداوەسی و بە ئاهەنگی دەهۆڵ و زوڕنا هەڵدەپەڕێ و سووڕان دەداو دەڵێ:

«حاجی فیرووزە، ساڵی یەک ڕووزە....» ئەو حاجی فیرووزە حەج نەکردووە چەند ڕۆژ پێش جێژنی نەورۆز وەدیار دەکەوێ و موژدەی هاتنی «مامە نەورۆز» بەگوێی خەڵکیدا دەدات و کاتێکیش مامە نەورۆز دابەزی دیاری و نوقڵی (بیدشک) و شیرینی بەتایبەتی بۆ منداڵان لەگەڵ خوێ دادەنێ.

دایک و باوکەکان مۆچیاری (ئامۆژگاری)ی منداڵەکان دەکەن:

– ئامان نەکەن شیرینیی زۆر بخۆن هەموو دەموددانتان خەراپ دەبێت!

بەڵام منداڵ گوێیان بەم قسانە قەرزدار نییە هەر کە گەورەکان ڕوویان لەولا کرد یان چوونە جێژنە پیرۆزەی دەروجیرانان چ عەشرێک بەم هەموو شیرینی و ئاجیل (چەرەس)ە دەکەن؟

– ماڵ تەکاندن (خانەتەکانی). چەند ڕۆژ پێش هاتنی نەورۆز کابانی ماڵی هەموو ئەسپاب و ئەساسییەی ماڵێ وەدەردەنێ، زۆر جاری واش هەیە زۆربەی کەلوپەلی ماڵێ نوێ دەکرێتەوە، هەر نەبێ یەک دووپارچە حاجەتی نێو ماڵێ دەکردرێن و لە سووچێک ڕۆدەنرێن بۆ ئەوەی میوان بزانن و بیانبینن.

ئەوەی ماڵی پاک و خاوێن نەکاتەوە ئێرانییەکان دەڵێن جەژنی پێوە نانووسێ.

## ڕێوڕەسمی (ڕۆژانی) نەورۆز

– سفرەی حەوت سین:

یەکێک لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە ئێرانی کۆندا کە تاکو ئێستاش هەر باوە ڕاخستنی سفرەی حەوت سینە. لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی پادشاکانی ساسانیدا دەفری لەگەڵ دروستکراوی نەخشێندراو لەسەر سفرەیەکی تایبەتی کە بۆ ئەم کارە دروست دەکرا، دادەنرا.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا حەوت جۆر شت لەسەر سفرەی حەوت سین دادەنرێ کە پیتی یەکەمیان لە زمانی فارسیدا بە پیتی «سین» دەست پێدەکات. شتەکانیش ئەمانەن:

(سیر- سرکە- سەمەنی- سێو- سماق «ترشی سماق»- سەوزی- سنجوو).

بێجگە لەوانە قورئانی پیرۆز- سکەیەکی ئاڵتوون (ئەگەر نەبوو زیو یان ئیدی) ئاوێنە گردی پایەدار- مۆمدانێک بە مۆمی هەڵکراوەوە و لە وانەش زیاتر تونگەی مینای خڕکە چەند دانە ماسیی ڕەنگی تێدا لە هامووشۆدان.

ئەم ماسیانە هەم بۆ جوانی و هەم لەبەر ئەوە لەسەر سفرەی حەوت سین دادەنرێ کە ماسی لە یەکەم ساتەکانی ساڵ نوێ بوونەوەدا چەند جارێک خول دەخواو خۆی ئاوەژوو دەکاتەوە.

هەموو ئەندامانی بنەماڵە لەیەکەم ساتەکانی ساڵ نوێ بوونەوە لە دەوربییەک لەسەر سفرەی حەوت سین ڕۆدەنیشن و چاوەڕوان دەبن تا ساڵ نوێ دەبێتەوە لە پاش ئەم کارە دەست دەکەن بە ڕابووسانی یەکترو دوعای ساڵنوێبوونەوە دەخوێنن.

خۆراکێکی کە هەموو ئێرانییەک لەشەوی جەژنی نەورۆزدا پێویستە بیخوات پڵاو ماسییە (ئەوانەی بۆیان بلوێ).

ئەو شتانەی سەر سفرەی حەوت سین بەپێی ناوچە جیاجیاکانی ئێران فەرق دەکات (لە کوردستان لەنێو بنەماڵە کوردەکان تاک و تەرا ڕاخستنی سفرەی حەوت سین باوە).

ئەو کەسانەی ڕێوڕەسمی ڕاخستنی سفرەی حەوت سین بەڕێوە دەبەن، ئەم خاڵانە لەبەر چاو دەگرن:

- سفرەکە پێویستە ڕەنگی سپی بێت، لەبەر ئەوەی ڕەنگی سپی لەنێو ئێرانییەکاندا بە نیشانەی پاکی و ڕاستی و شانس و بەخت ناسراوە.
- سفرەکە پێویستە پەراوێزی بەشێوەی نەخش و نیگاری تایبەت بە ئێرانییەکان کە پێی دەڵێن «سفرەی قەڵەمکار» بێ.

لە ئێرانی کۆندا بۆ ڕاخستنی سفرەی حەوت سین، حەوت دەفری لەگڵ دروستکراوی نەخشێندراو بە نیشانەی حەوت (ئەمشا سپەند- حەوت فریشتەکەی ئایینی زەردەشت) پڕ لە خواردنی جۆراوجۆر دەکران و لەسەر سفرەکە دادەنران هەر لەبەر ئەوەیە کە سفرەی نەورۆز بەناوی حەوت سینی یان حەوت چینی ناو دێرکراوە. لە پاشان بەرەبەرە «یای نیسبەت»ی سینی لاچووە بووە بە «سین».

بەپێی عادەت بەناوی هەر کام لە (ئەمشا سپەندەکان) سینییەک ئامادە دەکراو دادەنرا:

- سەوزە لە حەوت جۆردانەوێڵە، لە حەوت قاڵبی گڵێن یا مس-دا، هەر کام لە دانەوێڵەکان باشتر سەوزبا نیشاندەری ئەوەبوو کە ئەم ساڵە بۆ چاندنی ئەو دانەوێڵەیە باشترە. بەم پێیە پێشنیاریان بە وەرزێران دەکرد لەم جۆرە دانەوێڵەیە زیاتر بچێنن.

چاندنی سەوزە لە دەفری جۆراوجۆردا بێجگە لەوەی لەسەر خەڵکی ئاسایی پێویست بوو لەسەر پادشاکانیش واجیب دەکرا.

بۆ ئەم مەبەستە بیست و پێنج ڕۆژ بەر لە هاتنی نەورۆز لە هەیوانی قەسری پاشایەتیدا دوازدە کۆڵەکە بە ژمارەی دوازدە خوداوەندی جێگەی ڕێزی ئێرانییەکان کە ناوەکانیان لەسەر دوازدە مانگی ساڵ (هەتاوی) دانراوە، بەرپا دەکران و لەسەر هەرکام لەم دوازدە کۆڵەکەیە جۆرێک دانەوێڵە شین دەکراو لە پاش تەواوبوونی دوایین ڕێوڕەسمی نەورۆز- ڕۆژی سێزدە (سێزدە بەدەر) بە ئاهەنگی سازو ئاوازو هەڵپەڕکێ هەڵدەکەندراو بە ئاوی چۆم و ڕووبارانیان دادەهێشت.

دەڵێن پاشا کۆنەکانی ئێران ڕۆژی سێزدەیان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی بەسەر دەبردو و دەستیان دەکرد بە هەڵپەڕکێ.

شتێکی دیکە کە پێویست بوو لەسەر سفرەی حەوت سین دانرابایە گۆزە ئاوێک بوو کە لەلایەن کیژۆڵەیەکی جوانچاکی (باکیرە)وە لە کانیی گوند یان شارەکەوە دەهێنرا لەبەر ئەوەی ئاوو (باکیرە) بوون لەلای ئێرانییەکان گرینگیی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە لە پاشان لە ئایینی خاچپەرستان لە جەستەی حەزرەتی مریەم-دا خۆی نواند.

بەردی جوان و بەنرخ لە هەنگڵ و دەسگیرەی گۆزەکە هەڵدەواسران کە نیشانەیەک بوو بۆ ڕازاندنەوەی «ئاناهیتا» (٥) خوداوەندی ئاوی پاک و خاوێن و کانی و سەرچاوەکانی ئێرانییەکان.

لە شەوانی نەورۆزدا ئاگری پیرۆزی نەورۆز لەسەربانی هەموو ماڵێک دایسا. بەیانی ڕۆژی نەورۆز بازێکی ڕەنگ سپی لەسەر کۆشکی پاشاوە بە نیشانەی ئازادیی مرۆڤ لە بەندو گیرەوکێشەکانی ڕۆژگار، هەڵدەدرایە ئاسمان و بەشوێن ئەوەیدا گشت بەندییەکان ئازاد دەکران.

شەڕە ئاوکردن لەم ڕۆژەدا ڕێوڕەسمێکی دێرین بوو بە نیشانەی ئارەزووی باران بارین بۆ پاراوکردنی داچێنراوەکان.

لە پاش ئەو مەراسیمانە جێژنە پیرۆزەو ڕابووسانی

یەکتری دەستی پێدەکردو پیاوان لە پێشدا بەشتی شیرین جێژنی یەکتریان پیرۆز دەکرد.

وەک باس کراوە جەژنی نەورۆز دوازدە شەوورۆژان بەردەوام بوو و ڕۆژی سێزدە (سێزدەبەدەر) یان بە چوونە دەرو پەنابردنە بەر ئامێزی سروشت و تا ئێوارە بەخۆشی ڕایاندەبواردو لە پاشان بەرەو ماڵ دەبوونەوە.

مەراسیمەکانی جەژنی نەورۆز لە حاڵی ئێستادا گەرچی ژیانی ماشینی بەتەواوی زاڵە بەسەر وەزعەکەدا، بەشێوەو شکۆیەکی تایبەتی خۆی بەڕێوە دەچن، سوننەتی دێرینی باب و باپیران بەجێ دەگەیەنرێت و بەتایبەتی نەورۆز قەت لەیادناکرێت.

ئێمەی کورد لەسەرمانە لە ڕۆژی پیرۆزی نەورۆزدا کە یادگاری کاوەی نەبەردە پەیمان نوێ بکەینەوە بۆ یەکخستن و پتەوکردنی ڕیزەکانمان و ڕێزگرتن لەیادی شەهیدانی سەربەرزی گەلەکەمان و یادکردن لەبەندی و دوورخراوەو ئازیزانی دوورە وڵاتمان.

نەورۆز لەگشت لایەک پیرۆزبێت.

**پەراوێزەکان:**

**١- لە ئێرانی کۆندا شەووڕۆژ بەجیا باس دەکران. (پەنجا ڕۆژو پەنجا شەو بۆتە ١٠٠)- بۆیە بەم جەژنەیان وتووە (سەدە).**

**٢- بە واتای (بێڵمان دانا) لەبەر ئەوەی لایان وایە لەمەوپاش بەفر نابارێت یان کەمتر دەبارێت و بێڵی بەفر ماڵین پێویستی پێ نابێ.**

**٣- زەردەشتییەکان خۆیان بە پارێزەری ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز دەزانن گەرچی لە ئاوێستادا ناوی نەورۆز نەهاتووە، بەڵام ئێرانییەکان کە هاتنە سەر دینی زەردەشت، جەژنی لەمێژینەی خۆیان لەبیرنەکرد. ئێستاش لەسەر ئەم بیروباوەڕەی خۆیان سوورن. زەردەشتییەکان خۆیان لەگەڵ گەلی کورد بەنزیک دەزانن و زۆر دابونەریتی نزیک لەگەڵ کوردانیان هەیە.**

**٤- لە ڕێزمانی فارسیی کۆندا وشەی (گان) پاشگری زەمانی و وشەی (گاە) پاشگری مەکانییە.**

**٥- ناهیدیشی پێ دەڵێن ئەستێرەیەکیش بەم ناوە هەیەو ئێرانییەکان ڕێزی لێ دەگرن و ناوی زۆر ئافرەتان دەنێن ناهید.**


**سەرچاوەکان:**

**١- تاريخ إيران زمين ص ١٠-١١.**

**٢- آثار الباقيه و الجاحظ- أبوريحان بيروني.**

**٣- تأريخ اجتماعى ايران.**

**٤- مام هێمن موکریانی (یادی بەخێر) بابەتێک لەسەر نەورۆز.**

**٥- ماهنامە- اقتصادی- سیاسی- اجتماعی، گزارش شمارە ١٠٩-١١٠. صفحە ٢٥-٢٦-٢٧.**

**٦- تمدن اسلامی، جرجی زێدان ج ٢، ص ٢٢.**

**٧- بیرەوەرییەکانی نووسەر لەسەر جەژنەکانی نەورۆز.**

# ڕۆحی سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم و کۆتایی پێ هاتنی دەورەی پرۆلیتاریایی

مەجید تەمجیدی محەمەدی
و/ لە فارسییەوە: کاوە بەهەشتی زادە
(کوردستانی ئێران)

## کۆتایی پێ هاتنی دەورەی پرۆلیتاریایی، ئاوڕدانەوەیەک بۆ ڕابردوو

نێزیکی سەد ساڵ لەوەوپێش لەهەلومەرجێکدا، کە سەرنجدان لەو خاڵە، یانی: چەوساندنەوەی هێزی کار بنەمای کۆمەڵگای سەرمایەداری بووەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەپێوەندییەکانی ئێستادا، پێویستی بە گۆڕانکارییەک لەم پێوەندییە بنەڕەتییەوە هەیە، بەشێک لە زانیاری چین و توێژێکی گرینگ لە کۆمەڵگا، بە تایبەت لە ئەوروپا بوو «ئیدوارد برێنشتین» یەکێک لە ڕێبەرانی حزبی دیموکراتی ئەڵمانیا دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەم بیروڕایە دەربڕی. بنەماو لێوارەی تیژی ڕەخنەی «برێنشتین» لەتیۆریی بایەخی مارکسی بوو. باس و ڕەخنەی ئەو تەنیا باسێکی ئاکادیمی سەربەخۆنەبووەو خێرا بەرهەمی سیاسی و تاکتیکی تایبەتی، بۆ حزبی بەنفووزی ئەڵمانی هەبوو. سروشتییە کە ئەگەر کەسێک چەوساندنەوەی هێزی کار بە بنەمای پێوەندییە ئابوورییەکان نەزانێت بەو ئاکامەش دەگات کە چینی کرێکار خاوەنی ئەوڕۆڵە بنەڕەتییە نییە کە مارکس بۆ ئەم چینەی لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی داناوە و ئەم ڕوانگەیە، بەشێوەیەکی سروشتی، تاکو بەهێنانە بەرهەمێکی دیاری کراوی سیاسی و عەمەلی درێژەی دەبێت. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی پێوەندییە ئابوورییەکان نەکرێ بڕوات بەهۆکار و بنەمای ئەسڵی هەبێت، سروشتییەکە لە ئاڵوگۆڕی ئەم پێوەندییانەی ناکرێ پشت بەڕەت کردنەوەی ئەم پێوەندییە بنەڕەتییە، یانی کاری دەسمز ببەستیت. ئەگەر ئەم پێوەندییە ئابوورییانە نییە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و بەرهەم هێنانی نابەرامبەری، کەوابوو دەکرێ لە ڕێگای چاکسازی ئەو نەک گۆڕانکاری بنەڕەتی، لەنێو مرۆڤەکاندا بەرامبەری دابین بکرێت. سەرنجدان بە چینی ڕوو لە گەشەی نوێ، یانی چینی ناوەندی، پشت بەستن بە پەرلەمان وەک کەرەسەیەکی ئەسڵی بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا، کەوابوو، هێنانە گۆڕی بەرنامەیەک لەسەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندییەکانی گشتی و دەست شۆردن لە بیروڕای شۆڕش، ئاکامی عاقڵانە و عەمەلی ڕەخنەگرتن لەتیۆریی بایەخی مارکس و دەست شۆردن لە پەرەپێدانی پرۆلیتارییانە. ئەگەر لەکاتی هێنانە گۆڕی ئەم بیردۆزانە لەلایەن «برێنشتین» سوسیال دیموکراسی ئەڵمانیا بە ڕاشکاوی لەبەرامبەریدا ڕاوەستا، بەڵام ئەم جووڵانەوە لە بەرەو ڕووبوونەوەی لەبەرامبەر تاقی کارییەکی نێو نەتەوەییدا، یانی چۆنیەنی بەرەوڕووبوونەوەی لەگەڵ شەڕی یەکەمی جیهانی، لاقی نەتەوە پەرستییەکەی شەلی و قازانجە میللییەکانی بەسەر قازانجی مرۆڤەکان و کرێکارانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی داناو لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەو ئاکامەی گەیشت کە خۆی دژایەتی لەگەڵ کردبوو. سوسیال دیموکراسی کە تەواوی ژیانی خۆی بە پەرلەمان گرێداوە، بۆ کۆکردنەوەی دەنگی گشتی، وردە وردە، بەڵام بەردەوام لە بەرنامە کارییەکەیدا لەبایەخی کرێکاری کەم کردەوە و پشتی بەچین وتوێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەست. لەلایەکی ترەوە، بەشکستی دەوڵەتێک کە بەرهەمی ئۆکتۆبەربوو. لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی لە ئابووری و هەڵوەشاندنەوەی کاری دەسمز، ڕەوتی خێرای بەرەو پێش چوونی سەنعەت و

نەتەوە پەرستی ڕووسیا بەڕێبەری «ستالین» ئاڵاهەڵگری جۆرێکی دیاری کراو لە کۆمۆنیسی بۆرژوایی یانی کۆمۆنیسمی پرۆڕووس بوو. ئەگەرچی لەبیردۆزەکان و تیۆرییەکانی ئەم ڕەوتە، هێشتا کرێکار ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، بەڵام چینی کرێکار ئەو چینەی نەبوو کە قەرار بوو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر پێوەندییەکانی سەردەم دابنێت و مرۆڤ لەشەڕی نابەرامبەریدا ڕزگار بکات، بەڵکو هێزو کەرەسەی سەرەکی بۆ پەرەگرتنی خێرای سەنعەت لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودابوو.

ڕۆڵی کرێکار لەمەکتەب و لقەکانی دیکەی سوسیالیسمی بۆرژوایی، بەتایبەت کۆمۆنیسمی جیهانی سێیەم بۆ وێنە ماویسم بوو کە تەنانەت لە بەراوردکردنی لەگەڵ جۆری پرۆڕووسییەکەی ئەودا بە توندی کەمڕەنگتر بوو. ئەم مەکتەبە فکرییانە کە لە بنەڕەتدا دەنگدانەوەی فکری جووڵانەوە سەربەخۆ خوازو دژی چەوسانەوەکان، جووڵانەوەکانی پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونی وڵاتی دواکەوتوو و ڕەوتی پەرەگرتنی نەتەوەیی بوو، زیاتر لە کرێکار قامکیان لەسەر خەڵک و نەتەوەی ژێر ستەم و چەوساوە دادەنا، جێنشینی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم ڕەوتانەش بەرەو لای دەوڵەتی کردنی سەرمایەکان، گەشەسەندنی سەنعەت و پەرەگرتنی نەتەوە و کۆتایی پێ هاتنی ئەرکەکانی شۆڕشی بووژوازی شکابوو، بەڵام ماڵئاوایی کردن لەگەڵ کرێکار «نەک لە چینی سوسیالیزمەکانی مەوجوود»، بەڵکو زۆرتر لە نێو چین و توێژێک ڕووی دا کە خۆیان لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە نیشان دەدا. «بیردۆزەی ڕەخنەگرانە» کە بەمەکتەبی فرانکفۆرت لە دەیەی بیستەمدا دەستی پێ کرد و تاکو پەرەگرتنی شۆڕشی خوێندکارانی زانستگا لەدەیەکانی (٦٠ و ٧٠) ئەوروپا درێژەی هەبوو، یەکێک لەو ڕەوتە بنەڕەتییانەیە کە لە ئاڵوگۆڕی ویستەکان لە ئابوورییەوە بۆ فەرهەنگ و لە کرێکار بۆ خوێندکاران ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا.


### کاتێک مارکس دەبێتە وانەیەکی زانستگایی

چەند ساڵ دوای کۆتایی پێ هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، کاتێک ئاکامە ڕاستەقینەوماڵوێرانکەرەکانی ئەم شەڕە لایەنە ترسێنەرەکانی خۆی خستە بەرچاو، کاتێک شۆڕشی کرێکاری لە ئەڵمانیا و مەجارستان تووشی شکست بوو و ئاسۆی شۆڕشێکی نێونەتەوەیی کوێر بوو، کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەوەدی هێنانی ئاکامە ڕاگەیاندراوەکەی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کاری دەسمز و جێگیرکردنی ئازادی و یەکسانی تووشی شکست بوو؛ کاتێک بێکاری بەربڵاو، نشوستی و قەیران، کرۆڵی و نائومیدی پەرەی گرت، لە بەرامبەری سۆسیالیزمی مەوجوود، بیروڕای ڕەخنەگرانەی زۆرسەری هەڵدا. یەکێک لەو مەکتەبانەی کە بە تایبەت لە ساڵانی دواتر وەک ڕەوتێکی دیاری کراو لەناوەندی گۆڕینەوەی بیروڕادا ناسرا، مەکتەبی فرانکفۆرت بوو. ئەو ڕەوتەی کە لە سەرەتادا خاوەنی ئەندامێکی دیاری کراوبوو کە ئەرکی خۆی لەسەر ڕاستکردنەوەی هەڵسەنگاندنە ناڕاستەکانی بیروڕای مارکس دانابوو، بەتایبەت بە تێکەڵ کردنی بیروڕاکانی مارکس لەگەڵ بیروڕای هێندێک کەس وەک (ماکس ڤیبەر،سیگمۆند فرۆید) بوو بە مەکتەبێکی فکری ناسراو.

(فلیکس وایل). لە ساڵی (١٩٢٣) بونیادێکی بەناوی «بونیادی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژە لێکۆڵینەوەییەکان دامەزراند. چەند ساڵ دواتر، ماکس هورکایم بە کۆکردنەوەی ژمارەیەک لە کەسانی زانستگایی و خاوەن تیۆریی زانستی کۆمەڵایەتی تاقمێکی پێکهێنا کە دواتر بە مەکتەبی فرانکفۆرت ناوبانگی دەرکرد. خاوەن تیۆری بەناوبانگی وەک ڤاڵتربنیامین (فەیلەسووف و ڕەخنەگری ئەدەبی)، تیۆدۆر ئادۆرنۆ (کۆمەڵناس)، هێربێرت مارکۆزە (فەیلەسووف)، ئێریک فرۆم (دەروونناس) فردریک پۆلۆک (ئابووریزان)، لیۆلونتال (کۆمەڵناس و لێکۆڵەری بابەتە ئەدەبییەکان)، فلیکس وایل (ئابووریزان)، یۆرگن هابرماس (کۆمەڵناس) لەو کەسانەبوون کە مەکتەبی فرانکفۆرتیان پێکدەهێنا. دوو جەمسەری کردنی (مارکسی لاو) و (مارکسی پیر) و بە تایبەت نیشاندانی ویستی خۆیان بۆ لای بەرهەمەکانی سەردەمی لاویەتی مارکس، ئەوەڵین نیشانەکانی کەمڕەنگ بوونەوەی ڕەخنەگرتن لە ئابووری مارکس لەلای مەکتەبی فرانکفۆرت بوو. ئەم ڕەوتە لە ڕەخنەگرتن «وترمینیسم، گەشەسەندنی داروینسیتی، ئێکۆنومیسم و ئامپریسمی» کە کاریگەری لەسەر زۆربەی مارکسیستەکانی دوای مارکس هەبوو، کەوتە ئەو دیوەکەی تری سکەوەو دەست بە شاکلیلی فەرهەنگ گەیشت و نیشانی دا کە بە باشی لە جێگای ڕاستەقینەی باسە ئابوورییەکانی مارکس و بەتایبەت ڕەوشتی مارکسی لە توێژینەوەی کۆمەڵگا تێ نەگەیشتبوو. «ماکس ڤیبەر» لەشی کردنەوەی بەرەو سەرچوون و لێکدانەوەی سەرمایەداری، لێکدانەوەو شی کردنەوەی بەتەواو نازانێت و بەسەر هۆکاری ئەخلاقی پرۆتستانی- هۆکاری فەرهەنگ - لەسەرهەڵدانی سەرمایەداری پێ دادەگرێت، بەلای مەکتەبی فرانکفۆرتەوە لەشی کردنەوەی چۆنیەتی سەرمایەداری، تاکو پلەی تەواوکەری مارکس گەشەی کرد. فرۆیدیش پلەی پڕکردنەوەی بەتاڵایی کارتێنەکردنی مارکس لە بەشی تاک و دەروونناسیدا پڕ کردەوە. هەوڵی بنەڕەتی ئەم ڕەوتە، بە تایبەت پاش جێ گۆڕینی بۆ نیویۆرک و لۆس ئانجلۆس ئەوەبوو کە لە مارکسیسمدا لقێکی زانستگا پەسەندو تایبەت بە مەسەلە فەرهەنگییەکانی

دامەزرێنێت. بەهۆی سەرنجێک کە ئەمریکاییەکان لە ئەوەڵێن سەفەری (هورکایم) بە مارکسیستەکانیان نیشان دا، روون کرایەوە کە ئەم ڕەوتە لەم کارەیدا سەرکەوتووە بەم شێوەیە، لەلایەن مەکتەبی فرانکفۆرتەوە مارکس بوو بە وانەیەکی زانستگاو مارکسیسم لە تیۆری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئابووری و کەرەسەی تیۆریی کرێکار بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئاڵوگۆڕە لە شوێنی ڕەسمی و زانستگایی بوو بە لقێک لە فەلسەفە، ئابووری، کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

لە ساڵەکانی دوای کۆتایی پێ هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، هێندێک کەس وەک «سی رایت میلز» کە سەر بە مەکتەبی فرانکفۆرت نەبووە، بەڵام لە هەمان نەریتی ڕەخنەگرانەدا جێگایان گرتبوو، بە گوێی چەپییان دەهێنایەوە کە دەست لە میتافیزیای کار هەڵگرێت. ئەو لە سەر ئەوە پێی دادەگرت کە مرۆڤەکان پێوەندی جۆراوجۆریان پێکەوە هەبووە و ئەم پێوەندییانە لە بنەڕەتدا، نە لە چوارچێوەی بەرهەم، بەڵکو لە دەرەوەی ئەو، جێگای شی کردنەوەیە.


مارکۆزه

بەڕای «سی رایت میلز» لەم ساڵانەدا هاووڵاتییان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری رۆژئاوادا بە وەرگرتنی فەرهەنگی بەکارهێنان کە لە ڕاگەیەنەرەگشتییەکانەوە پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرا، ڕاست بوونەتە مرۆڤگەلێک کە ویستی خۆیان بۆ ئازادی لە دەست دەدەن ئەو ئەم خەڵکە بە «هاوشێوەی مرۆڤگەلی شاد» ناو دەبات. بە بڕوای «میلز» بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە، نەشۆڕشێکی ئابووری، بەڵکو لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی فەرهەنگی پێویست بوو.

«یورگن هابر ماس» یەکێک لە تێکۆشەرە بەناوبانگەکانی مەکتەبی فرانکفۆرت لەو ساڵانەدا بەو ئاکامەی گەیشت کە هەڵەی بنەڕەتی بیردۆزەی مارکس لەوەدا بووکە ئەو کاری بە بازنەی توێژینەوەی مرۆڤ داناوەو کەمتەرخەمی لەسەرنجدان بە لایەنەکانی دیکەی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان کردووە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، دەبێ دژ کردەوەی داهێنەری مرۆڤ جگە لە کار بەسەرنجدان بەلایەنی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لەدەرەوەی پێوەندییەکانی بەرهەم شی بکرێتەوە، سەرجەمی ئەم بیرورایانە بنەمای ڕەوتێکی فکرییان پتەو کردەوە کە تایبەتمەندی سەرەکی ئەو ڕەوتە ئەمە بوو کە بەجێی بایەخدان بە ئابووری و شۆڕشی ئابووری و هێزی بەرەوپێشبەری ئەم شۆڕشە، یانی ئەوکەسانەی کە هێزی کار دەفرۆشن، دەبێ پاڵ بە فەرهەنگ، شۆڕشی فەرهەنگی و فەرهەنگییەکان و خوێندکارەکان بدرێتەوە. ئەم بیردۆزانە کە تاکو ئەم دەورەیە، زۆرتر لە چوارچێوەی زانستگاو کۆڕو کۆمەڵی زانستگایی مابووەوە هاوکات لەگەڵ پەرەگرتنی شۆڕشە جۆراوجۆرەکان نارەزایەتی دەربڕینی خۆیان لە ئەوروپا ،وەڵام نەدانەوەی کۆمەڵگای پیشەسازی بە پێداویستییە دەروونییەکانی مرۆڤ و ڕۆڵێک کە خوێندکارانی زانستگا وەک پسپۆڕانی داهاتووی دوای شەڕ بۆ خۆیان دانابوو، زەمینەی بنەڕەتی پەرەگرتنی شۆڕشی خوێندکارانی زانستگا لەم ساڵانەدا بوو.

مەکتەب و بیردۆزەی ڕەخنەگرانە، کەرەستەیەکی باشی لە دەستی شۆڕشی نارەزایەتی دەربڕین دادەنا کە ناسنامە ئەسڵییەکەی نە لە چوارچێوەی ئابووری و بەرهەم، بەڵکو لە چوارچێوەی بەکارهێنان و فەرهەنگدابوو. لە ڕاستای ئەم ئاڵوگۆڕە لە قۆڵی چەپی ڕەخنەگرانە. لەم دەورەیەدا ڕەوتی نیو مارکسیسمیش هاتە گۆڕێ. ئەم ڕەوتە لە چوارچێوی هەمان سوننەتی بیردۆزەی ڕەخنەگرانەدابوو، لە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ سوننەتی مەکتەبی فرانکفۆرت، زۆرتر پێی لەسەر کاری بەرهەم هێنەر، شۆڕشی ئابووری و چینایەتی و توێژینەوەی قەوارەیی کۆمەڵگا دادەگرت. کەسانێکی وەک «ئێریک ئولین رایت»، «پیێرۆبۆردیۆ»، «پولانزاس» و «ڕاڵف دارندۆف» لەو کەسانەبوون، بەڵام ڕەوشت و جۆری لێکدانەوەو شی کردنەوەی ئەم لایەنەش زۆرتر لەوەی کە هاوشێوەی ڕەوشتی مارکسی لەشی کردنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بێت، تێکەڵاوییەک لە تێگەیشتنە ڕواڵەتییەکان لە مارکسیسم و تێکەڵاوییەک لە مەکتەبی فرانکفۆرت بوو.

بە نەبەست گەیشتن و شکستی جووڵانەوەی خوێندکارانی زانستگا لە دەیەی (٧٠)دا، «چەپی نوێ» و «مارکسیسمی فەرهەنگیش» وەک ڕەوتێک بە لاوەنرا، بەڵام لەسەر نێوەرۆکی شکستی ئەو مەکتەبە، ڕەوتێک کە جگە لە کەڵک وەرگرتن لە بنەماکانی بیردۆزەی ڕەخنەگرانە، خاوەن نەزەرە سەربەخۆکانی خۆی لە هەمان ساڵەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی هێنایە گۆڕێ؛ یانی مەکتەبی پۆست مۆدێرنیسم، سەری هەڵدا. ئەگەرچی بابەتی ئەسڵی ئەم نووسراوەیە جێگای کرێکار لەلای ڕەوتە ڕەخنەگرەکان لە مارکسە، بەڵام بینینی

وێنەی تەواو دیاری پۆست مۆدێرنیسم، شوێنی ڕاستەقینەی ئەم ڕەوتە و هەروەها گشتگیرکردنی ڕۆڵی کرێکاریش ڕوونتر دەکاتەوە.

## پۆست مۆدێرنسیم، ماڵئاوایی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ، سڵاو لە پاساودان

بیردۆزەی ڕەخنەگرانە چ لە دەیەکانی پێش لەشەڕی دووەمی جیهانی و چ لە ناخی پەرەگرتنی شۆڕشی خوێندکارانی زانستگا لە دەیەکانی (٦٠-٧٠)دا ڕەوتێک بوو کە لەلایەنە جۆراوجۆرەکانەوە گلەیی لە کۆمەڵگای سەردەم هەبوو. «ئۆمانیسم» و مرۆڤ دۆستی بەشێک لە ناسنامەی ئەو ڕەوتە بوو. ئەم مەکتەبە، لەسەردەمانی جۆراوجۆردا یارمەتی بەنارەزایەتی دەربڕینی جوولانەوە جۆراوجۆرەکانی وەک شۆڕش بە دژی هەژاری، بە دژی شەڕ، خوێندکارانی زانستگاو لاوان، دژی چەوساندنەوە، خەبات بۆ مافی بەرانبەر لەنێوان ژن و پیاودا، بەدژی پیس کردنی ژینگەو ...تاد گەیاندووە. پۆست مۆدێرنیسم لەگەڵ کەڵک وەرگرتن لەسەرچاوە گەلی تیۆریکی ئەم ڕەوتە، وردە وردە، ویستی بۆ ئاڵوگۆڕی وەلاناو لەسەردەمی گەیشتن بە ئامانجەکانی، دەستی کرد بە پاساودانی جیهان و پێوەندییەکانی سەردەم.

«دانیێل بێل» لە کۆتاییەکانی دەیەی (٥٠)دا بە هێنانەگۆڕێی توێژینەوەیەک لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەو ئاکامەی گەیشت کە کۆمەڵگای ئێستا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ قۆناغەکانی یەکەمی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئینسان لە ئەسڵدا لە سروشت ژیانی دەکرد. «بێل» ناوی ئەم کۆمەڵگایەی نا پێش پیشەسازی. لە ساڵەکانی هێنانە گۆڕێی ئەم توێژینەوەیەدا، یانی دەیەی (٥٠)دا لە ڕوانگەی «بێلی»ەوە، وڵاتانی ئاسیایی، ئەفریقایی و ئەمریکای لاتین هێشتا سەر بە دەورانی پێش پیشەسازی، قۆناغی بەرهەم هێنان، قۆناغی دەرهێنان بوو. کۆمەڵگا پاڵی بەکاری وەرزێرەکان و کرێکارانی ئاسایی و تێکنۆلۆژی لەسەر کەرستەی کاڵدابووە. ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ سروشت، شکل و شەمایلی نێوان مرۆڤەکانی دیاری دەکردو ڕەوشتی ئەزموونی تاکەکەسی ڕیش چەرموویی و عەقڵ ساغ. بەسەر شی کردنەوەی جیهانی دەوروبەردا زاڵ بوو. لە بەراوردکردن (هەڵسەنگاندن) لەگەڵ وڵاتانی سەرەوە، وڵاتانی ئەوروپایی، شۆرەوی و ژاپۆن بوون کە لە قۆناغی پیشەسازی کە لە بنەڕەتدا پاڵی بە بەرهەم هێنانەوەدابوو و لەسەر بنەمای کاری کرێکارانی شارەزادا دەگەڕا کە ناوبراو ناوی ئەو کۆمەڵگایەی نا کۆمەڵگای پیشەسازی. لەم قۆناغەدا، تیکنۆلۆژی پاڵی بە وزەوە دابوو و ئاڵوگۆڕ بە کەرستەی سروشتی و کاڵ، شکڵی بە پێوەندی نێوان مرۆڤەکان دەدا. ڕەوشتی زاڵ بەسەر تیۆری و لێکۆڵینەوە لەم دەورەیەدا، ئامپریسم بوو. لە ڕوانگەی «دانیێل بێل»، بە کۆتایی هاتنی ڕۆڵی هێڵی بەرهەم و فوردیسم و گۆڕینی بە بەرهەمە ئەسڵییەکانەوە بۆ عیلم و زانیاری، کۆمەڵگا هاتووەتە نێو قۆناغێک کە «بێل» بە کۆمەڵگای «پۆست پیشەسازی» ناوی دەبا. لەو ساڵانەدا «بێل» ئەمریکای بە کۆمەڵگایەکی پۆست پیشەسازی دەزانی. قۆناغێکی ئابووری کە بنەماکەی ترانسپۆرت، بازرگانی، لێکۆڵینەوە، عیلم و زانست بوون و بەجێی کرێکاری پسپۆڕ، کۆمەڵگا پاڵی بە کاروتێکۆشانی زاناکان و تیکنۆلۆژی لەسەر زانیاری داوە. بەجێی ئاڵوگۆڕی کەرستەی سروشتی و کاڵ، ئاڵوگۆڕی نێوان مرۆڤەکان شکڵ بە پێوەندی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا دەدات و ڕەوشتی توێژینەوەو تیۆری لێکردنەوە جێی ئامپریسمی قۆناغی پێشووی گرتووەتەوە.

بیردۆزەیەک کە «دانیێل بێل» لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای سەرەوەتر لە کۆمەڵگای پیشەسازی هێنابوویە گۆڕێ، بوو بە بنەمای نەزەری پۆست مۆدێرنیستەکان لە ساڵانی دواتر. کتێب گەل و نووسراوە گەلی زۆر لە پۆست مۆدێرنیسمە دەستە دوو و دەستە سێ گەلی وەک «ئالوین تافلر» لە ساڵانی دواتر، لە بنەڕەتدا ڕوونووسییەک لە بیروڕاکانی «بێل»ە. ئەو سیستمێکی نەزەری پتەوی بە ڕەوتەکان و مەکتەبە نەزەرییەکان کە پێیان لەسەر کۆتایی هاتنی ڕۆڵی کرێکار دادەگرت، بەخشی کە گرینگترین تایبەتمەندی ئەو جوولانەوەیە بۆ ئەم لایەنە ڕزگاربوونیان لە نووسراوەکان و مانا بێ بایەخەکانی مارکسیستی بوو. ئەوەڵێن کەسانێک کە ناویان لە پۆست مۆدێرنیسم وەک بابەتێک بە پێداگرتن لەسەر تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایان برد، «سی رایت میلز» و «ئارنۆڵد توینبی» بوون، بەڵام ئەوەڵێن کەسێک کە پۆست مۆدێرنیسم وەک مەکتەبێکی نەزەری ناودەبا، «چارلز جنکز»ە کە لە ساڵی (١٩٧٧) لە کتێبەکەی خۆیدا «زمانی سازکردنی پۆست مۆدێرنیسم»، بەپێچەوانەی بیروڕای «دانیێل بێل» و پۆست پیشەسازییەکان، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە بنەڕەتدا پۆست مۆدێرنیسم لە چوارچێوەی «ڕەوشت» بەربەست کراوەتەوەو قەرارنییە مەکتەبێک بۆ هێنانەگۆڕی بیردۆزەیەک لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگاو لێکدانەوەی بارودۆخی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگادا بێت. ئەو لەم کتێبەدا بە گشتی لەسەر خاڵی بەهێزی پۆست مۆدێرنیسم وەک ڕەوشتێک کە بە تێکەڵ کردنی ڕەوشتی جۆراوجۆر و پێکهێنانی پۆلۆرالیسمێک لە ڕەوشتدا لەناوی دەبات، پێ دادەگرێت. لە ساڵی (١٩٧٩) «جین فرانچۆیس لیۆتارد» کە بابەتێکدا لەژێر ناوی «هەلومەرجی پۆست مۆدێرنیستی»، بیردۆزەکەی «چارلز جنکز» تەئید دەکات و ئەوەش دێنێتە گۆڕێ کە پۆست مۆدێرنیسم شێوەیەکی نوێیە بۆ تێگەیشتنی زانست، تەکنیک و گەشەکردنی کۆمەڵگا لە سەردەمی

ئێستادا، تاکو ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە سەر ڕەوشت و شێوەی لێکۆڵینەوە، هێندێک لە پۆست مۆدێرنیستەکان بە ڕەخنەگرتن لە زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ڕەوشتی چەندایەتی و بە ڕەخنەگرتن لە «ئامپریسمی» زاڵ لە زانستەکان بۆجێ خستنی کەڵک وەرگرتن لە ڕەوشتی چۆنایەتی، تێکەڵ کردنی ڕەوشتی چەندایەتی و چۆنایەتی، گرینگی کەڵک وەرگرتن لە مێژووی بەدەم گوتراو... تاد بە زانیاری زانستی لەم بوارەدا زیادکردووە. لەم نموونەیەدا دەکرێ ئاماژە بە «ئاندرو سەیر» و کتێبەکەی (ڕەوشت لە زانستی کۆمەڵایەتیدا) بکرێ، بەڵام پۆست مۆدێرنیسم بە پێچەوانەی بیروڕاکانی «چارلز جنکز» و «لیوتار» لە چوارچێوەی ڕەوشتدا نەمایەوەو بەتایبەت بە دابەش بوون بۆ لقی جۆراوجۆر جگە لە ڕەخنەگرتن لە مەکتەبەکان و بیردۆزەکانی وەک مارکسیسم. ڕەخنەگرتن لە سەدەی ڕووناکبیری و مۆدێرنیسم و دەستی بەهێنانە گۆڕێی بیردۆزەکانی خۆیان نە تەنیا لە چوارچێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای مەوجوددا، بەڵکو تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکانی وەک شەڕی کەنداوی فارس و «نەزمی نوێی جیهانی» کرد. سەدەی ڕۆشنفکری مۆدێرنیسم لە بوارگەلی جۆراوجۆری وەک جیایی دین لە دەوڵەت، لاوازکردنی بنەماڵەی باوکسالاری، یەکیەتییەکانی کرێکاری و ....تاد وەک کەم کەرەوەی ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگا کەوتە بەرهێرش و «دووبارە ناسینەوەی ڕێزی نەریت»، سازان لەگەڵ چەند فەرهەنگی، وردبوونەوە لە ئاکامی زانستە جۆراوجۆرەکان لەسەدەی ڕۆشنفکری جێ نشین بوو. مارکس کە بەشی هەرە زۆری ژیانی خۆی بۆ ئاگادارکردنەوەو خەریکبوون بە بابەتی فەرهەنگی کرێکاران تەرخان کردبوو، بە بایەخ نەدان بە ڕۆڵی «لایەنی فەرهەنگی» تاوانبارکرا. بنەمایەکی گرینگی مارکسیسم کە ڕەخنەگرتن و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بابەت گەلی ڕووبینابوو وەک جووڵانەوەیەک کە بایەخی کەمی بە فەرهەنگ دابوو کەوتە بەر ڕەخنە. پۆست مۆدێریسم کە لە بەرامبەری مارکسیسم -دا توانای تێگەیشتنی شوێنە ڕاستەقینەکانی بابەت گەلی ژێر بینایی، ئابووری، پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان و شوێنی ئەو لە ڕەوتە مێژووییەکانی نەبوو، «ڕەوشتی میکانیکی»، دترمینسیم و ئۆکۆ نومیسمی ئابووری مارکسیستەکانی دوای مارکس بە مارکسیسم ناوبردو کەوتە ڕەخنەگرتن لێیان، بەڵام پۆست مۆدێرنیسمیش لەم چوارچێوە بەربەست کراوەدا نەمایەوە و مەکتەبەکەی خۆی لە بواری فەلسەفی بە ئیدیالیسمێکی تەواو، لە بواری مێژوویی بەدژی مێژوو، لە بواری تەکنیکی بە فتیشیسم و لە بواری سیاسی دەستی کرد بە لێکدانەوەی کاری دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت سیاسەتی ڕۆژئاوا لەبەرەوڕووبوونەوەی لەگەڵ جیهانی سێیەم لە قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد پەرەپێدا.

«ئیسکات لاش» کە یەکێک لە پۆست مۆدێرنیستە بەناوبانگەکانە، گوتوویەتی کە بە پێچەوانەی کۆمەڵگای مۆدێرن کە نێوەرۆکی واتاکان گرینگ بوو، لە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنیستی، وێنەی واتاکان لە نێوەرۆکی واتاکان گرینگترە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ڕاستییەکان هەر ئەو وێنانەن و مرۆڤ لە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنیستی بە بینینی ئەم وێنانە، ڕاستییەکانی تایبەت بە خۆیان ساز دەکەن، «ڕیمگۆنت بامن»، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەخنەی لە ڕاسیۆنالیسمی مۆدێرنیستی گرت، گوتی هونەرمەند لە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنیستی ڕاستییەکانی ژیانی خۆی دادەهێنێت.

«گیانی ڤاتیمو» ڕایگەیاند: پۆست مۆدێرنیسمی ئێمە ئاکامی بێ بایەخ نیشاندانی وێنەی جیهانی ڕاستییەکە باوەڕبوون بە عەقڵی مۆدێرنیستی بە شوێنی تێگەیشتن و ناسینی ئەودابوو. بەردەوام بوونی ئەو ڕوانگە ئیدیالیستییە لە بواری فەلسەفی و لە دنیای ڕاستەقینەدا ئاکام گەلێکی هەبوو کە زۆر لە بەرامبەری دەستکەوتەکانی ڕابواردن، ئازادیخوازانە و مرۆڤایەتی جێگا دەگرێت. بۆ وێنە، بیردۆزەی سازان لەگەڵ نەریت و ڕێزدانان بۆ تەواوی فەرهەنگەکان کە دواتر وەک بیردۆزەیەکی پتەوی «ڕێژەیی فەرهەنگی» هاتە گۆڕێ لەلایەن فاتیکان و کۆنەپەرستە توندڕەوەکان بوو بە کەرستەیەک بۆ هێرش کردنە سەر دەستکەوتگەلێکی وەک مافی جیهانی ژنان، قەدەغە کردنی کاری منداڵان، یاساکانی پێوەندیدار لەگەڵ پاراستنی کەسایەتی مرۆڤەکان و تاوان و تەمێیان.

تاکو ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە سەر نێوەرۆکی ئەسڵی ئەم بابەتە، پۆست مۆدێرنیسیم بەکەڵک وەرگرتن لە بیردۆزەی تیۆریکی داهێنەرانی کۆمەڵگای پۆست پیشەسازی وەک «دانییێل بێل»، کۆتایی هاتنی دەورەی پرۆلیتاریایی، ئەم بیردۆزە کۆنەیان لە جلوبەرگێکی نوێدا ڕاگەیاند. لەبەرامبەر بیروڕای پۆست مۆدێرنیسیتەکان لەسەر کەم کردنەوەی ڕۆڵی کرێکار لە ئابووری و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسی و زۆربەی مارکسیستەکان، کە یەک لەوان «ئێرنێست مەندێل» بوو، هەوڵیان دا تاکو ئەو نموونەیە کە لەلایەن پۆست مۆدێرنیستەکانەوە لەسەر کەم بوونەوەی ژمارەی کرێکاران هاتووەتە گۆڕێ، ڕەت بکەنەوە، ئەگەرچی نموونەی پۆست مۆدێرنیستەکان لەسەر ڕەوتی کەم بوونەوەی ژمارەی کرێکاران لە قۆناغی ئێستادا لە هێندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وێنەیەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام سەرنجدان بە چەند خاڵێک لەم بارەیەوە پێویستە:

(١) ئەم وێنانە، زۆر لە ڕاستییەکان بە دوورە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە بۆ دابین کردنی ژیانی خۆیان ناچارن

هێزی کاری خۆیان بفرۆشن، لە حەشیمەتی تەواوی جیهان، بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر بووە. ژمارەیەکی زۆر لە حەشیمەتی (٦) میلیار کەسی گۆی زەوی لە کرێکار پێکهاتووە.

(٢) ڕەوتی کەم بوونەوەی ژمارەی کرێکارەکان لە هێندێک لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوایی زۆر زۆر کەم بووە.

(٣) ئەگەر سەرمایە، بە توندی بووەتە جیهانی، ئەمە خۆی بەو مانایەیە کە بەشێک لە کارخانە و کۆمپانیاکانی پێوەندیدار بەو مەسەلەیە بەجێی ئەوەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادابێت، ئێستا لە باشووری چینە. ڕاکێشان و سیاسەتی بنەڕەتی لە دابەش کردنی کارو ڕێکخستنی ڕێکخراوی لە ئاوەها کارخانە گەل و کۆمپانیاگەلە ئەوەیە کە بەشی زانیاری و خزمەتگوزاری لە وڵاتی دایک (سەرچاوە) کۆبووەتەوە بەشی بەرهەمی ڕاستەوخۆ، نەقڵ بکرێتە بەشی هەرزانی هێزی کار.

(٤) گرینگتر لە هەمووی ئەوانە ئەوەیە کە تیۆری بایەخی مارکس، لەسەرئەوەی کە بنەڕەت و بنەمای پێوەندییەکانی کۆمەڵگای ئێستا یانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بەپێی چەوساندنەوەی هێزی کار، یانی بەپێی کارمزییە، کە بە هیچ جۆرێک لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییە نەهاتووەتە دەر.

مارکس پێی لەسەر ڕەوتێک وپێوەندییەکی بنەڕەتی دادەگرێت کە کۆمەڵگا لەسەر ئەو بنەمایە دارێژراوە. لەسەردەمی مارکسدا لە سەدەی (١٩) بەراوردی ژمارەی ڕێژەیی کرێکاران لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری لەگەڵ کۆمەڵگاکانی پۆست پیشەسازی زۆر زۆر لە خوارتر بوو.

(٥) ناکرێ سووچی بینینی بیردۆزەیەک و چاوەڕوانییەکانی جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە بەشی مرۆڤەکان لە سامان و نیعمەتەکانی بەردەست بەپێی لێکۆڵینەوەی فیتیشیسمی لەبەرهەم و تەکنیک دەربێنن. ئەگەر شۆڕش ئێنفۆرماتیک و پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییەکان ئەگەری ئەویان پێکهێناوە کە ڕۆڵی هێزی کار لە ڕەوتی بەرهەم هێنان، کەمتر بێتەوە، یەکەم چاوەڕوانی ئەوەیە کە ئەم پێشکەوتنە لە خزمەتی ئاسایش و کامەرانی مرۆڤ و لە هێنانە بەرهەمی ژیانێکی شیاوی مرۆڤدابێت.

بایەخ و چوارچێوەی بەرهەم و بەرهەم هێنانەوەی دووبارە لە کۆمەڵگای مەوجوود، ئاستی قازانج هێنان و زیادکردنی نرخی قازانجە، هۆی ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە بەپێی قازانجی خاوەن سەرمایەکان ڕێکخراوە.

جووڵانەوەی چینی کرێکار، ئەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەیەکە بەشێوەی ئۆبژێکتیڤ و بارودۆخی چینایەتی دەتوانێ کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دابین کردنی پێداویستییە ئینسانییەکان ڕێک بخات نەک لەسەر بنەمای قازانج هێنان. پۆست مۆدێرنیسم بە ڕوانینێکی فیتیشیسمی بە تیکنۆلۆژی لەم بوارەدا وەک کەرستەیەک بۆ پێکهێنانی ترس و وەحشەت لەنێو زۆربەی مرۆڤەکان لە پێشکەوتن کەڵک وەردەگرێت.

بە کورتی، بیروڕا پۆست مۆدێرنیستەکان لە ڕاگەیاندنی کۆتایی پێ هاتنی دەورەی پرۆلتاریای، بیروڕایەکی نوێ نییە؛ ئەگەرچی ئاوەها ئیدیعایەک، بەبەکارهێنانی وێنەکان و شێوازە نوێیەکان دەگوترێ، بەڵام نێوەرۆکی شیکردنەوە و مانا کردنی جیهانی ڕاستەقینە، لە هەر جل و بەرگێکدا کە بگوترێ، زۆر زۆر لە مێژووی سەرهەڵدانی نابەرانبەری لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆنترو لەمێژینەترە. جیهانی ڕاستەقینەی بەشەرەکان و کوشتنەکان و لەنێوبردنی نەتەوەکان، بێکاری و هەژاری و برسیەتی لەپێش چاوی ئێمەدایە، لە حاڵێکدا کە لەلایەکەوە زۆربەی دانیشتووانی سەرگۆی زەوی، خاوەنی ئاسایش و خۆشی نین. هەموو ڕۆژێک سامان و نیعمەتەکانی گۆی زەوی لەدەستی ژمارەیەکی زۆر کەمدا کۆدەبێتەوە.

پۆست مۆدێرنیسم، مەکتەبێک بۆ گۆڕین و چاک کردنەوەی ئەم بارودۆخە نییە. بەتایبەت لە دەیەی (٩٠)دا، بەشێکی گرینگ لەم جووڵانەوەیە دەستی بە پاساودانی ئەوە کرد کە هەیە و بوو بە بەشێک لە بەشەکانی ژورنالیسم و دەزگاکانی دەسەڵاتدار. ئەم ڕەوتە، بەتایبەت، بەشی کردنەوەی پێکهاتن لەگەڵ ڕاستییەکان، خۆڕاگرتن لەبەرامبەری ڕۆژ گەلی سەخت بۆ گەیشتن بە ڕۆژ گەلی بەهاری. یارمەتیدان (سمپاتی) بە نەزمی نوێی جیهانی و سازان لەگەڵ «مشتی ئاسنین»، وەک خواوەندی نەجات و کەرەسەی سەقامگیربوونی ئەم نەزمە، تەکمیل بوو. کەوێل گەلی ئیلکترۆنیکی کە بەڵێن وابوو بە یارمەتی «فەنی سەرکەشەکان» سازبکرێت، بوو بە ئەو ناوچەو کۆڵانە جوان و ڕازاوە و تەواو ئۆتوماتیکانەی کە سەرمایەدارەکان لێی دادەنیشن و هەروەها قەرار وابوو کە بەپشت بەستن بەدوایین پێشکەوتنەکانی زانستی و تەکنیکی، دانیشتووانی شارەکان و پایتەختی کۆمەڵگاکانی پۆست پیشەسازی لە دیاردەی نەخۆشینە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت.

**سەرچاوە:**

**ئەم بابەتە لە مانگنامەی «اندیشهء جامعه»، ژمارە (١٣)، خەزەڵوەری، «١٣٧٩»، لاپەڕە (٣٢ تا ٣٦) چاپ و بلاوکراوەتەوە.**

# وەرگێڕانی (بایەکانی کوردستان) لە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەدا

د. کەمال مەعرووف
(کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین)

با، یان بایەکانی کوردستان نامیلکەیەکی چووکەلانەی گیرفانە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوی کردۆتەوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی پرۆفیسۆر (د. محەمەد موکری)یە، د. موحسین ئەحمەد عومەر لە فەرەنسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە. هەروەکو ئاشکراو روونە وەرگێڕان کارێکی پڕ زەحمەتە، چەند زانستییە، زیاتریش هونەرییە، وەرگێڕ دەبێ شارەزاییەکی باشی هەمەلایەنەی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێ، تارادەیەکی زۆریش پسپۆری بوارەکە بێ، بە قووڵی لەناو شتە وردو درشتەکانەوە گوزەر بکات و بتوانێ بەسەر هەموو ئەو وشەو زاراوانەدا زاڵ بێ کە بۆ گیانەوەرو بێ گیان و دیاردەکانی سروشت بەکار دەبرێن. ئەگەر لەم روانگەوە سەیری ئەم کارە بکەین، بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە دەگەین.

١- یاساو ڕێساکانی زمانی کوردی تێدا نەخراوەتە ڕوو.

٢- بێ ئاگایە لەو زاراوانەی کە بۆ بابەتی جوگرافی بەکار دەهێندرێن.

٣- زمانی سەر زارەکی و دەستەواژەی ڕەمەکی و ڕستەی چرووکی بەخۆوە گرتووە.

٤- وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی بێ سەرو بەرە، لە زۆر شوێندا ڕستەی بێ هێزو نادروستی لێ کەوتۆتەوە کە هیچ واتایەک نەبەخشێ.

٥- وەرگێڕانێکی سەرپێی و بە پەلەیە و چێژی تایبەتی بابەتەکەی تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆش کردووە.

٦- بەکورتی و بەکوردی هیچ بنەمایەکی وەرگێڕانی تێیدا بەرچاو ناکەوێ.

هەڵەکانی ڕێزمانی، هەموو پێشگرێک پێویستی بە پاشگرێکە، کەچی لەم نامیلکەیەدا زۆربەی زۆری پاشگرەکانی فەرامۆش کردوون.

ل٩ بابردی و پەنجا مەتر تێیهەڵداو لەولاتر خستییە ناو بەفر تێیهەڵدا، بەشەق لەیەکێکدان دەگەیەنێ، ڕاستییەکەی توری هەڵداو یاخود فڕێداو، هەروەها پاشگری (ەوە)دەوێ،


بابردی و پەنجا مەتر توری هەڵداو (فڕێداو) لەولاتر خستییە ناو بەفرەوە.

ل١٠ لە ناوەڕاستی زنجیرە چیای زاگرۆس. پاشگری (دا)ی دەوێ

لە ناوەڕاستی زنجیرەی چیای زاگرۆسدا.

ل٩ لەنێوان سنەو سەقز

پاشگری (دا)ی دەوێ




لەنێوان سنەو سەقزدا.

ل١١ هەندێ جاریش بای بۆگەنی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا کە لەناوچەگەرمەکان پێی دەگوترێ سابوون یان (ساوین)ە

لەم دوو دێرەدا سێ هەڵەی تێدایە.

جارێ سابوون نییە بەڵکو (سەبوون)ە پاشگری (دای) دەوێ لەناوچە گەرمەکان دا (پێی دەگوترێ) دەکەوێتە دواوە، بەم جۆرە دەبێ،

هەندێ جاریش بای بۆگەنی باشوورو باشووری ڕۆژئاوا کە لەناوچە گەرمەکاندا سەبوون یان (ساوین)ی پێی دەگوترێ.

ل١١ بەهاری کورد لە ٢١ی مانگی دوو (21 Fev-rier) دەست پێ دەکا.

ڕاستییەکەی بەهاری کورد لە (٢١)ی مانگی ڕەشەمەوە ( 21 Fevrier) دەست پێ دەکا.

ل٢١ بەتایبەتی لەنێوان (١٣)ی شوبات و (١٣)ی ئادار هەڵدەکا.

پاشگری (دا)ی دەوێ

بە تایبەتی لەنێوان (١٣)ی شوبات و (١٣)ی ئاداردا هەڵ دەکا.

ل٢٢ لە هەرێمی کرماشان و هەورامان.

پاشگری (دا)ی دەوێ،

لە هەرێمی کرماشان و هەوراماندا

ل٢٣ لەهەرێمی هەورامان و سنەو هەرێمەکانی زاری کرمانجی پاشگری (دا)ی دەوێ.

لەهەرێمی هەورامان و سنەو هەرێمەکانی زاری کرمانجی دا

ل٢٣ لە زستان زۆر ساردو توندو تیژە.

پاشگری (دا)ی دەوێ، لە زستاندا زۆر ساردو توندوتیژە.

ل٢٣ ئەم بایە لە کتێبی روائع لغات.

پاشگری (دا)ی دەوێ، ئەم بایە لەکتێبی روائع لغات دا

ل٢٣ لەناوچەی ڕەی وشەهریار پێی دەگوترێ (باد قاغذان). پاشگری (دا)ی دەوێ، لەناوچەی ڕەی وشەهریاردا (بادقاغذان)ی پێی دەگوترێ.

ل٢٤ لە ئەتلەنتیکەوە هەڵدەکەن، دوای ئەوەی بەسەر دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش تێدەپەڕن.

پاشگری (دا)ی دەوێ، لە ئەتلەنتیکەوە هەڵدەکەن، دوای ئەوەی بەسەر دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەشدا تێدەپەڕن.

ل٢٥ لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیش مانای لای چەپ دەگەیەنێ پاشگری (دا)ی دەوێ، لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیش دا مانای لای چەپ دەگەیەنێ.

ل٢٦ لەگەڵێک ناوچەی جیاجیا.

پاشگری (دا)ی دەوێ، لەگەڵێک ناوچەی جیاجیادا.

ل٢٦ لەناوچەی موکری.

ڕاستیەکەی لەناوچەی موکریاندا.

ل٢٦ لەوەرزی جیاجیا هەڵدەکەن.

پاشگری (دا)ی دەوێ، لە وەرزی جیاجیادا هەڵدەکەن.

ل٢٦ کە لەکۆتایی زستان بەفر دەتوێنێتەوە.

پاشگری (دا)ی دەوێ، کە لەکۆتایی زستاندا بەفر دەتوێنێتەوە.


ل٢٦ لەوەرزی جۆخین هەڵگرتن و کارەکانی دیکەی کشتوکاڵ سوودی لێ وەردەگیرێ پاشگری (دا)ی دەوێ، لەوەرزی جۆخین هەڵگرتن و کارەکانی دیکەی کشتوکاڵدا سوودی لێ وەردەگیرێ.

ل٢٧ لەهەمان ئەو ناوچانە ناوێکی دیکەشی هەیە.

پاشگری (دا)ی دەوێ، لە هەمان ئەو ناوچانەدا ناوێکی دیکەشی هەیە.

ل٢٧ لە هەرێمی کرماشان، بەتایبەتی لە ناوچەی گۆران و سەنجابی و ناوچە گەرمەکانی ئەم هەرێمە پێی دەگوترێ ساوین.

ڕاستییەکەی لەهەرێمی کرماشاندا، بەتایبەتی لە ناوچەی گۆران و سەنجابی و ناوچە گەرمەکانی ئەم


د. موحسین ئەحمەد عومەر

هەرێمەدا (ساوین)ی پێ دەگوترێ.

ل٢٧ کە لە ئێران و میزوپۆتامیاو ئاسیای بچووک ناسراوە. کە لە ئێران و میزوپۆتامیا و ئاسیای بچووکدا ناسراوە.

ل٢٧ بایەکی سووتێنەرە و لە ناوچە گەرمەکان هەڵدەکا.

بایەکی سووتێنەرە و لەناوچە گەرمەکاندا هەڵدەکا.

ل٢٩ لەزاری هەورامان و مەریوان پێی دەگوترێ گێژەلووکە. ڕاستییەکەی لەزاری هەورامان و مەریواندا گێژە لووکەی پێ دەگوترێ.

ل٣٤ لە هەمان پەڕەگراف، پاشگری (دا)ی دەوێ لە هەمان پەڕەگراف دا.

ل٣٤ لە دەروازەی پردی چینڤەت دەوەستێ.

پاشگری (دا)ی دەوێ، لە دەروازەی پردی چینڤەت دا دەوەستێ.

ل٣٨ لەسەردەمی شاکانی کیانی،

پاشگری (دا)ی دەوێ، لەسەردەمی شاکانی کیانی دا.

ل٣٧ بێگومان کاریگەری خراپی هەندێ با لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی کشتوکاڵ و گیانەوەران خانووبەرە، بیروخەیاڵە ئەفسوون ئامێزەکانی ناو فۆلکلۆری کۆنیان بەهێز کردووە، ڕستەیەکی ناتەواوە، ڕاستییەکەی بێگومان کاریگەری خراپی هەندێ با لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دا، بەتایبەتی کشتوکاڵی و گیانەوەرو خانووبەرەدا، بیروخەیاڵی ئەفسوون ئامێزەکانی ناو فۆلکلۆری دێرین یان بەهێز کردووە.

ل٤١ ئەفسانە فارسی و کوردییەکان لەگەڵ ڕوانین و چەمکە میتۆلۆژی و ئاینییەکانی ئێرانی کۆن لێک گرێ دەداتەو ڕاستییەکەی ئەفسانە فارسی و کوردییەکانی لەگەڵ ڕوانین و چەمکە میتۆلۆژی و ئایینە کۆنەکانی ئێرانیدا لێک گرێ دەدەنەوە.

ل٤٢ بەم جۆرە دەبینین لە ئەدەبیاتی فارسی،

پاشگری (دا)ی دەوێ، بەم جۆرە دەبینین لە ئەدەبیاتی فارسیدا.

ل٤٥ هەمان شت لە ئۆقیانووسەکانیش هەیە.

پاشگری (دا)ی دەوێ، هەمان شت لە ئۆقیانووسەکانیشدا هەیە.

ل٤٥ لەهەمان کات، پاشگری (دا)ی دەوێ، لە هەمان کاتدا.

ل٤٧ دەربارەی نەژادو بنچینەی بایەکان لە ئەفسانە کوردیەکان. ڕاستییەکەی کوردیەکاندا کە پاشگری (دا)ی دەوێ.

ل٤٧ گوایە بایەکان لەنێوان زنجیرە شاخەکان عاصێ بوونە.

پاشگری دەوێ، گوایە بایەکان لەنێوان زنجیرە شاخەکاندا عاصێ بوونە.

ل٤٨ لە ئەفسانەی خەڵق و دروست کردنی جیهان با بوونی هەیە.

پاشگری (دا)ی دەوێ، لە ئەفسانەی خەڵق و دروست کردنی جیهاندا با بوونی هەیە.

ل٥٢ نەک هەر لەناو گۆرانیە فۆلکلۆرییە کوردیەکان، بەڵکو لەناو تەواو ئەدەبی کوردی و هەورامان.

ڕاستییەکەی نەک هەر لەناو گۆرانیە فۆلکلۆرییە کوردیەکاندا، بەڵکو لەناو تەواوی ئەدەبی کوردی و هەورامانیدا.

ل٥٤ لەناو گشت چاپەکانی دیوانی بێسارانی،

پاشگری (دا)ی دەوێ، لەناو گشت چاپەکانی دیوانی بێسارانیدا.

ل٥٧ ئەو وشانەی لەم گوتارە هاتوون پاشگری (دا)ی دەوێ، ئەو وشانەی لەم گوتارەدا هاتوون.

لەنیشانەی تاک و کۆدا کەوتۆتە هەڵەی زۆرەوە.

ل٧ بایەکان هەڵدەکەن و نەژادی جیاوازی دوورو ناوچەییان هەیە.

بەکارهێنانی نیشانەی تاکی (هەیە) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بووترێ (هەنە).

ل١٢ لێرەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە شێوەو هەڵکەوتی جوگرافی چیاو دۆڵەکان نەک هەر تەنیا هێزو ئاراستەی بایەکان دەگۆڕێ.

ڕاستییەکەی دەبێ بووترێ (دەگۆڕن).

ل١٤ ئەگەرچی خێراییان لەناوچە جیا جیاکان وەک یەک نیە.

نیشانەی تاکی (نیە) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بووترێ (نینە)، هەروەها پاشگری (دا)ی دەوێ (جیاجیاکاندا).

ل٣٤ کەواتە دوو خوداوەندی تایبەت بە ئەتمۆسفێر و با هەیە. نیشانەی تاکی (هەیە) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (هەنە)

ل٤٠ بەم شێوەیە دەبینین لە شانامە کۆمەڵێک توخم و بیری جیاجیای فۆلکلۆری کۆن کۆکراوەتەوە نەوە دوای نەوە پارێزراوە، وەک ئەفسوون، سوارچاکی ڕووداوی دیکە و لە هەمووشیان گرینگتر کە مادەی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە باو- و ڕەشەباکانە.

هەڵەیەکی زۆری تێدایە لەبارەی کرداروەوە (کۆکراوەتەوە، پارێزراوە) هەڵەن، بەڵکو دەبێ بگووترێ (کۆکراونەتەوە، پارێزراون)، لە بارەی پاشگرەوەش (لەشانامە) هەڵەیە، دەبێ بگووترێ (لە شانامەدا)، (باو ڕەشەبەکانە) هەڵەیە دەبێ بگووترێ (بەباو ڕەشەباکانەوە).

ل٤٧ گوایە ئەم تۆفان و ڕەشەبایە وەک سزایەک نێرراوە بۆ گوناهبارەکان هەڵەیەکی زۆری تێدایە، ڕاستییەکەی گوایە ئەم تۆفان و ڕەشەبایانە وەک سزایەک بۆ گوناهبارەکان نێردراون.

ل٥٢ نموونەی لەم جۆرەمان گەلێک زۆر هەیە. نیشانەی تاکی (هەیە) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (هەنە).

ل٤٢ گوایە هەندێ پیرە-کان، کۆنترۆڵی باو ڕەشەباکانیان کردووە و بە ئارەزووی خۆیان توانیویانە فەرمانی هەڵکردنی دەرکەن، هەڵەیەکی زۆری تێدایە (پیرەکان) هەڵەیە، پێشگری دەوێ دەبێ بگووترێ (لە پیرەکان)، (کردووە) هەڵەیە دەبێ بگووترێ (کردوون)، (دەرکەن) هەیە دەبێ بگووترێ (دەریکەن)

ل١٠ بە چەشنێکن هەندێ شوێن زۆر گەرمە هەندێکی دیکە ساردن،

(زۆر گەرمە هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (زۆر گەرمن)، هەندێکی دیکەش ساردن.

ل٢٣ واتە شەوێک و ڕۆژێک.

نیشانەی نەناسیاوی (-ێک) بەکۆتایی دوا ناوەوە دەلکێ، بە هەردووکیانەوە نالکێ بۆیە (شەوێک) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ شەو و ڕۆژێک.

بەکارهێنانی کردار لەشوێنی نەگونجاو، بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕستەکەی چرووک و لاواز کردووە،

ل١٠ لەناوچە ساردەکان بچنە ناوچە گەرمەکان ڕاستییەکەی لەناوچە ساردەکان بەرەو گەرمەسێر بچن.

ل١٣ ئەو بایانەی ناویان بەپێی نەژادی جوگرافیان دروست بووە، وەک بۆ نموونە: ڕستەیەکی ناتەواو، (نەژاد) لەشوێنی خۆی بەکار نەهێنراوە، بۆ (با)و وشەی ڕیشە یاخود بنەڕەت بەکاردێ، ڕاستییەکەی بەم شێوەیە: ئەو بایانەی ناویان بەپێی ڕیشەی جوگرافی یان دروست بوونە، بۆ نموونە.

ل١٠ ئاوو هەواکانیان هەردەم لە گۆڕاندان هەندێ جار درەنگ دروست دەبن هەندێ جار زوو، ڕستەیەکی ناتەواوە، ڕاستییەکەی بەم جۆرە دەبێ، ئاو و هەواکانیان هەردەم لە گۆڕاندان هەندێ جار زوو، هەندێ جاریش درەنگ دروست دەبن.

ل٨ چونکە تاقە دەروازەی والایە لەنێوان زنجیرە چیاکانی زاگرۆس (دەروازەی پاتاق).

ڕستەیەکی بێ سەروبەرو ناتەواوە، ڕاستییەکەی لەنێوان زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا، دەروازەی پاتاق، تاقە دەروازەی والایە.

ل٧ لە هەرێمە کوردییەکانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا کەشێکی زۆر سەخت هەیە،

ڕستەیەکی ناتەواوە، ڕاستییەکەی بەم جۆرە دەبێ هەرێمە کوردییەکانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا کەشێکی زۆر سەختی هەیە.

ل٩ لەبەر ئەوە زستانێکی ئازار دەروسەختی هەیە و لەسەرەوەی توانای مرۆڤە.

ڕستەیەکی ناتەواوە، ڕاستییەکەی بەم شێوەیە لەبەر ئەوە زستانێکی دژوارو سەختی هەیە و لە سەرەوەی توانای مرۆڤەوەیە.

ل١٧ بەبای باشوور ناسراوە پێی دەڵێن زریان ڕاستییەکەی بە بای باشوور ناسراوە و زریانی پێ دەگووترێ.

ل١٥ جۆرە بای دیکەی هەن کە لە قەدی چیاکان هەڵدەکەن، ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی ئەتمۆسفیری هەردوودیوی چیاکان. ڕاستییەکەی جۆرە بایەکی تر هەن کە لەقەدی چیاکانەوە هەڵدەکەن، ئەمانەش بۆ جیاوازی ئەتمۆسفیری هەردوو دیوی چیاکان دەگەڕێنەوە.

ل١٥ کزە بایەکی دڵگیر لە دایک دەبێ کە ناوە ناوە هەڵدەکا،

(ناوە ناوە) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (ناوە ناو) یاخود (ناو بەناو)، (دڵگیر) لەجێی خۆیدا بەکار نەهاتووە، ڕاستییەکەی (کزە بایەکی فێنک).

ل١٥ ئەم بایانە ناویان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەرزانەی لێی هەڵدەکەن.

(دەگەڕێتەوە) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بکرێ بەکۆ (دەگەڕێنەوە)، خراپ داڕێژراوە، ڕاستییەکەی ئەم بایانە ناویان بۆ ئەو وەرزانە دەگەڕێنەوە کە لێوەی هەڵدەکەن.

ل١٦ ئەم بایە کە ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی عەرەبی (موسم) هەمان (la moussor)ە.

ڕاستییەکەی ئەم بایە کە ناوەکەی بۆ مەوسیمی زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە، هەمان ورزە بایە.

ل٢٤ زۆرجاریش لەگەڵ ئەو بایانە تێکەڵیان دەکەن کە لە باکووری ڕۆژئاوا دێن. (تێکەڵیان دەکەن) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگوترێ (تێکەڵاو دەبن)، (ڕۆژئاوا) پاشگری دەوێ (ڕۆژئاواوە).

ل٢٧ لەناوچەی گۆران و سەنجابی و ناوچە گەرمەکانی ئەم هەرێمە پێی دەگوترێ ساوین.

ڕاستییەکەی لەناوچەی گۆران و سەنجابی و ناوچە گەرمەکانی ئەم هەرێمە (ساوین)ی پێ دەگوترێ.

ل٢٦ هەموو ئەو بایانەی لە باکوور دێن پێیان دەڵێن شەماڵ.

ڕاستییەکەی هەموو ئەو بایانەی کە لە باکوورەوە دێن شەماڵیان پێ دەڵێن.

ل٣٧ کە هەموو زانیارییەکی تێدایە دژی ئەفسون و سحر بەتاڵ کردنەوە.

ڕاستییەکەی کە هەموو زانیارییەکی دژ بە ئەفسون سحر بەتاڵ کردنەوەی تێدایە.

ل٣٧ لێرەوە هەموو شتێک بزر دەبێ، قەڵاو کۆشک ئەفسوونەکان، ڕەشەباو تۆفەکان، ڕۆشناییەک دەردەکەوێ ئینجا دڵبەرەکەی ڕزگار دەکا.

(بزر دەبێ) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (بزر دەبن) و لەدوای ناوەکانەوە دێت بەم جۆرە دەبێ، لێرەوە هەموو شتێک لە قەڵاو کۆشک، ئەفسوونەکان، ڕەشەباو تۆفەکان بزر دەبن، ڕۆشناییەک بەدەردەکەوێ، ئینجا دولبەرەکەی ڕزگار دەکا.

ل٣٨ کە سەرچاوە ئەدەبیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام.

ڕاستییەکەی کە سەرچاوە ئەدەبییەکەی بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە.

ل٤١ شتێکی نەناسراو نییە لەفۆلکلۆری کوردی و فارسی.

پاشگری (دا)ی دەوێ، هەروەها داڕشتنەکەی هەڵەیە، بەم جۆرە دەبێ.

لە فۆلکلۆری کوردی و فارسیدا شتێکی نەناسراو نییە.

ل٤٢ ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەم و چوارەمی هیجری.

ڕاستییەکەی ئەم کتێبە بۆ سەدەی سێیەم و چوارەمی هیجری دەگەڕێتەوە.

ل٤٣ هۆکارێک بووە، یان هۆکارێک بووە هێرشی سوپای دوژمن ڕاگرێ و بیچەقێنێ. ڕاستییەکەی هۆکارێک بووە کە هێرشی سوپای دوژمن ڕاگرێ.

ل٤٤ گوایە ئەم دێو و ئەجندانەن بەرز دەبنەوە و لەناو هەوا بە دەوری خۆیان دەسوڕێنەوە.

ڕاستییەکەی گوایە ئەم دێو و ئەجندانە لەناو هەوادا بەرز دەبنەوە و بەدەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە.

تۆفان و ڕەشەبایەک هەڵدەکا ئەوەندە بەهێز دەتوانێ ئەسپێک بە ئەرزدادا.

ڕاستییەکەی تۆفان و ڕەشەبایەک هەڵدەکا ئەوەندە بەهێزە دەتوانێ ئەسپێک بە ئەرز دادا.

ل٥١ لەشوێنێکی دوورەپەرێز چاوەڕێی دەکرد، پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر، خێزانەکەی ناچاریان کرد بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی. ڕاستییەکەی لە شوێنێکی دوورە پەرێزدا چاوەڕێی دەکرد، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، خێزانەکەی ناچاری کرد کە بۆ ماڵەکەی خۆی بگەڕێتەوە.

ل٥٨ دوو خواوەند، کە یەکێکیان ڕەمزی چاکەیە و ئەوی دیکە ڕەمزی خراپەیە، لەمیتۆلۆژی و بیری ئایینی کۆنی ئێران تەعبیری لێ کراوەو پاشماوەکانی لەناو گێڕانەوە کوردییەکان دەدۆزینەوە.

ڕاستییەکەی دوو خواوەند، کە یەکێکیان ڕەمزی چاکەیە و ئەوی تریان ڕەمزی خراپەیە، لە میتۆلۆژی و بیری ئایینی کۆنی ئێرانیدا گوزارشتی لێ کراوە و پاشماوەکانی لەناو گێڕانەوە کوردییەکاندا دەدۆزینەوە.

ل٣٢ کچان (کیژ- وەرگێر) هەر دەستی لێ نەدابا باشتر بوو. ڕاستییەکەی کچان (کیژان).

ل٣٧ نوێژ بۆ خودا دەکاو ناوی مەزنی خودا دێنێ و دەچێتە ناو قەڵا ئەفسوون بەندەکە.

(مەزنی خودا) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگوترێ (خودای مەزن (قەڵا) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگوترێ (قەڵای).

هەندێ دەستەواژەو زاراوەی بەکارهێناون کە لەگەڵ دیاردەی با ناگونجێ بۆ نموونە، بنچینە، خەبات، هێمن، هەسار، شەرەنگێز، چڕ، هاوسێ، لەدایک دەبێ.

ل٧ کە بایەکان هەڵدەکەن و نەژادی جیاوازی دوور و

ناوچەییان هەیە.
ل٤٧ دەربارەی نەژاد و بنچینەی بایەکان لە ئەفسانە کوردییەکان.
(نەژاد) زیاتر بۆ ئەسل و نسب بەکاردێ بۆ دیاردەکانی سروشت گونجاوترە کە ڕیشە و بنەڕەت و بنکە بەکاربهێندرێ.
ل١٠ کاریگەری ئەم بەرزاییانە لەوەدایە پلەی گەرما دادەبەزێت و چڕی هەوا کەم دەکەنەوە.
(چڕی) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (فشاری هەوا) یاخود (تەوژمی هەوا).
ل٣٤ دوو خوداوەند تایبەت بە ئەتمۆسفێرو با هەیە یەکێکیان چاکەخواز ئەوی دیکەیان شەڕەنگێز.
(شەڕەنگێز) بەکارهێنانی لەم شوێنەدا هەڵەیە، چونکە (شەڕەنگێز) مانای ئاژاوە چی دەگەیەنێ، بەڵکو دەبێ بگووترێ (شەڕخواز) کە پێچەوانەی (چاکەخواز) دێ، لە زۆر شوێنی تری ئەم نامیلکەیە (شەڕەنگێز)ی بە هەڵە بەکارهێناوە، بۆ نموونە لاپەڕە، ٣٢، ٤٤، ٤٨.... هتد.
ڕاستییەکەی دەبووایە (شەڕخواز)ی بەکاربهێنایە.
ل٤٧ هەندێک لەگەڵ ئەوەن گوایە بایەکان لەنێوان زنجیرە شاخەکان عاسێ بوونە یان زیندانی کراون و ئەوانەی دەتوانن هەوسارو زنجیر بپسێنن، هەڵدێن و (هەوسار) بەکارهێنانی لەم شوێنەدا هەڵەیە و نەگونجاوە ئەگەر بۆ ئەفسانەش بێ، چونکە هەوسار بەمانای ڕێشمە دێ کە گاجلەو هەوسار دەکرێت.
ل١٥ نەژادی ئەم بایە ناوچەییانە چین؟ بێگومان بێجگە لەهۆکاری دیکە، هۆی دروست بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی پاڵەپەستۆ و نایەکسانی لەگەرمبوونی دووجەمسەری هاوسێ، (هاوسێ) کە مانای جیران دەگەیەنێ، بەکارهێنانی لەم شوێنەدا هەڵەیە، بەڵکو دەبێ لەجیاتی هاوسێ (بەرابەر) یان (بەرامبەر) بەکاربهێندرێ.
ل١٥ کزە بایەکی دڵگیر لە دایک دەبێ کە ناوە ناوە هەڵدەکا.
(لەدایک دەبێ) بەکارهێنانی لەم شوێنەدا هەڵەیە، چونکە مرۆڤ لە دایک دەبێ، (با) لەدایک نابێ، بەڵکو هەڵدەکا.
(ناوە ناوە) دیسانەوە هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (ناوە ناو) یاخود (ناو بەناو). هەروەها (دڵگیر) گونجاو نییە، بەڵکو دەبێ بگوترێ (فێنک).
ل٥٧ بای هێمنی شەماڵ،
(هێمن بەکارهێنانی لەم شوێنەدا هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (کزە بای شەماڵ)، یاخود شنەی شەماڵ.
ل٢٢ دەگێڕنەوە کە لەکۆتایی زستان، بای کەلەوا خەبات دژی بای زەڵان دەکا، بەڵام لەم ڕکەبەرایەتییە دەدۆڕێنێ.
بەکارهێنانی (خەبات) لەم شوێنەدا هەڵەیە، بەڵکو دەبێ (پێشبڕکێ) بەکاربهێندرێ، کە ڕاستییەکەی بەم جۆرە دەبێ،
دەگێڕنەوە کە لەکۆتایی زستاندا، بای کەلەوا پێشبڕکێ لەگەڵ بای زەڵان دەکا، بەڵام لەم پێشبڕکێیەدا دەدۆڕێنێ.
ل٣٠ پێدەچێ ناوەکەی لەگەردەلوولە مەزنەکان (Cyclon)ی ئۆقیانووسی هیندی و کەنداوی فارسی هاتبێ.
(گەردەلووله مەزنەکان) هەڵەیە، بەڵکو دەبێ بگووترێ (گێژەڵووکە) یاخود (گەرداو)، چونکە (Cyclon) بەفەرەنسی مانای (إعصار حلزوني، زوبعة) دەگەیەنێ.
ل٤٤ کە ڕاستەوخۆ دەکاتە (سوڕانەوەی دێو ئەجندە). ئیشارە بۆ بای گەردەلوول.. ئەمەش لەگەردەلوولی بچووکەوە بگرە تا دەگاتە هی گەورە.
بەکارهێنانی (گەردەلوولی بچووک، گەردەلوولی گەورە) هەڵەیە،
ڕاستییەکەی کە ڕاستەوخۆ دەکاتە (سوڕانەوەی دێو درنج) ئاماژەیە بۆ بای گەردەلوول تا دەگاتە گێژەڵووله.
ل٦١ بایەکی گەورە- بای گەورە. (بای گەورە) هەڵەیە،
بەڵکو بای توند یاخود توندەبا، بەکاردێ، پێچەوانەکەشی کزەبایە.
ل٢٦ زستانیش هەندێ جار دەبێتە هۆی ساردییەکی سەخت و بەستنی ئاو. (ساردییەکی سەخت و بەستنی ئاو) گونجاو نییە، بەڵکو دەبێ (بەستەڵۆک) بەکاربهێندرێ.
پەلە پەل و خێرایی و ناوردی زۆری پێوە دیارە، چونکە دەڵێ: دوای گەڕان بەدوای ئەم شەش دێڕە شیعرە لەناو گشت چاپەکانی دیوانی بێسارانی، بەداخەوە کوردییەکەیان نەدۆزییەوە، ڕەنگە د. محەمەد موکری لە دەستنووسێکی وەرگرتبێ بۆ خۆشی سەرچاوەی شیعرەکەی دیاری نەکردووە، لەبەر ئەوە وەکو خۆی بەفەرەنسی هێشتمانەوە، چونکە کردنەوەی بەکوردی جارێکی دیکە، تامی هۆنراوەکە زیاتر بزر دەکا وەرگێر)«١».
ل٥٣ بۆ شیعرەکەی بێسارانی فەرەنسییەکەی نووسیوەتەوە لەژێر ناونیشانی (-O, Semal qu' af

(tends- tu? گوایە گشت چاپەکانی دیوانی بێسارانی پشکنیوون، بەڵام چنگی نەکەوتووە، بەندە ئەو شەش دێرە شیعرەی بێسارانی دۆزیوە، دەیخەمە پێش چاوی خوێنەران.

**شەماڵ مداران.....**
**شەماڵ بێ مروەت، چۆنت مداران؟**
**بشۆ وەضامن وەلای گشت یاران**
**واچە پەرێمان هیمەت بداران**
**هەردەم بکەران دوعای خێرمان**
**کۆتانەکەران دڵ جەمێرمان**
**جەدەستی ڕەقیب، بەدانی بەدگەست**
**جەی زێد وضامن دەستورێمان وەست**
**جە جەورو جەفای چەرخی بێ بونیاد**
**ڕوومان کەرد بەچۆڵ هەر چەباداباد**
**چونکە نەگێلا چەرخمان بەکام**
**شەرتەن بنێمێ سەر وەموڵکی شام«٢»**

کوردییەکەی ئەوەندە پڕ خەوش و بێ سەروبەرە لێرەدا هەندێ لەو دێڕە شاش و بێشانە دەیخەینە ڕوو کە بەپێویستم نەزانی ڕاستیان بکەمەوە، بەڵکو وەکو خۆی بڵاویان دەکەمەوە، تا خوێنەر بەباشی بۆی دەرکەوێ کە چ وەرگێڕانێکە! هەندێ لەو ڕستە سەیرو سەمەرانە، بۆ چێژ لێ وەرگرتن دەخەینە ڕوو:

ل٣٩ بارانێک تیر لەسەر کۆشک ببارێنێ.

ل٣٨ شای چاوەڕوانکراو کەیخوسرەو خۆی بڕیاردەدا هێرشێکی بکاتە سەر کەیخوسرەو کە بە باوەڕێکی دەگمەن گۆش کرابوو.

ل٥٨ ئەمەیە گرینگی بیری لەزمان و ئەدەب و بیری میللی هەندێ هەرێمی ئێران کە کوردستانە و لێرە پێشانمان دان.

ل٩ بایەکانی ئەو ناوچەیە بۆ ماوەی هەشت مانگی ساڵ دەکەنە چۆڵەوانی و بیابان.

ل٤٢ بیری بوونی بایەکان لەبن فەرمانڕەوایی زاتێکی پیرۆز لەناو ئەفسانە میللییەکانی تەسەوفی کوردە (سوبنیەکانی تەریقەی نەقشبەندی) هەیە و هەستی پێ دەکرێ.

ل٩ لە هەندێ دۆڵی کراوە بە ڕووی بایەکان هەندێ جار جێ جێ بە بەرزایی دە مەتر بەفر کۆدەکەنەوە.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامانەی لای خوارەوە، کە سەرجەم دێڕەکانی ئەم نامیلکەیە لە ڕووی زمان و ڕێزمان و دارشتنی کوردییەوە هەڵەن، جگە لە بەکارهێنانی دەستەواژەو چەمک و وشەی ناتەواو و نادروست کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سروشتی بادا ناگونجێن، هەندێکیان بۆ مرۆڤ و هەندێکی تریشیان بۆ ئاژەڵ بەکاردەهێندرێن، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە هەموو هەڵەکانم دەست نیشان نەکردوون، بەخوێندنەوەیەکی تر خەوشەکان زیاتر دەبن، ئەوی ڕاستی بێ خۆم بەو شتانەوە خەریک ناکەم.

**سەرچاوەکان:**

١- پرۆفیسۆر د. محەمەد موکری، وەرگێڕانی د. موحسین ئەحمەد عومەر: بایەکانی کوردستان، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٤.
٢- حەکیم مەلا ساڵح: دیوانی بێسارانی، چاپەمەنی میهن، ١٣٧٥ هەتاوی، ل٣٤٧.

# تۆسنێ ڕەشیت

**کلامێ ڕێ**
**(فەرهاد شاکەلی) لە تیپی کریلیکەوە هێناویتیە سەر ڕێنووسی کوردی، پێشەکیی بۆ نووسیوە و فەرهەنگۆکی بۆ داناوە.**

## کوردەکانی سۆڤێتی جاران و ئەدەبییاتی کوردی سۆڤێت

نامەوێ ئەم پێشەکییە بۆ مێژووی کوردی سۆڤێت یا ئەدەبی کوردی لە کوردستانی سۆڤێت تەرخان بکەم. ئەوە دەرفەتێکی لەبارتر و پشوویەکی درێژتری دەوێ. ئەگەرچی تا ئێستا گەلێ لێکۆڵینەوە لەبارەی مێژووی سیاسیی ئەو بەشەی نەتەوەی کوردەوە نووسراوە، بەڵام ئەو ئەدەبە کوردییەی لەو بەشەی نیشتمانەکەماندا نووسراوە، بە تەواوی لە تاریکیدا ماوەتەوە و کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاگادارییەکی یەکجار کەمیان لە بارەیەوە هەیە. سیاسەتی سۆڤێتی جاران ڕێگەی بە هاتوچۆ و تێکەڵی نەدەدا. هەندێ لەو خوێندکارە کوردانەی لە سەرەتای شەستەکاندا بۆ خوێندن چووبوونە سۆڤێت، جاروبار شتێکیان لەسەر کوردی سۆڤێت دەنووسی، بەڵام هەرگیز وێنەیەکی ڕاستەقینە و تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو ناوچەیە نەگەیشتە دەست خوێنەری کورد. چەند تێکستێکی نووسەرانی کوردی سۆڤێت گوێزرانەوە سەر ئەلفوبێی کوردی یا هەر «تەرجەمە»ی کوردیی خواروو کران. لەم بوارەدا جێدەستی مامۆستا شوکور مستەفا زۆر ئاشکرایە و لە هەموو کەسێک زیاتر کاری کردووە.

لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا (کە ئێستا ئیدی بۆتە سەدەی ڕابوردوو!) وام بۆ هەڵکەوت کە بە شێوەیەکی ڕەسمی سەری یەکێتیی سۆڤێت بدەم و بە تایبەتیش ماوەیەکی باش لە هەر سێ کۆماری ئەرمەنستان، ئازەربایجان و گورجستان، کە کوردیان تێدا دەژیا، بمێنمەوە. ئەم سەردانە بوو بە دەروازەیەکی باش بۆ دروستکردنی دۆستایەتییەکی گەرموگوڕ لەگەڵ ڕووناکبیر و نووسەرانی کوردی ئەو ناوچەیەدا، کە خۆشبەختانە، تا ئێستاش هەر بەردەوامە. هەر بەو هۆیەشەوە لە ماوەیەکی کورتدا خۆمم فێری ئەلفوبێی کریلیک کرد بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەو دۆستانە بخوێنمەوە. دواتریش داوام لە هەندێ لە نووسەرانی ئەوێ کرد کە چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی شیعر و پەخشان و درامای خۆیانەوە ئامادە بکەن، بەڵام بەداخەوە هەر وا بێئەنجام مایەوە.

بە هۆی شارەزابوونەوە لە ئەدەبی کوردی سۆڤێت و ئاشنایەتیی ڕووناکبیران و نووسەرانەوە ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە ئەو خزمانە ئەدەبێکی دەوڵەمەند و چاکیان هەیە و لە ڕووی فەرهەنگییەوە هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی گەلی کورد و زمانی کوردی. بۆ ئەوەی دواتر خوێنەر بێئومێد نەکەم دەبێ پێشەکی ئەوە بدرکێنم کە ئەگەرچی لە نیوە زیاتری نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردی سۆڤێت شاعیر بوون، بەڵام شاعیری گەورە و شیعری چاکیان یەکجار کەم بوو. کەچی بە پێچەوانەوە لە ڕووی پەخشانەوە، بە تایبەتی کورتەچیرۆک و ڕۆمان، بەرهەمێکی باش و تا ڕادەیەک پێشکەوتوویان هەبوو. لەمەدا دیارە ئاشنایەتیی نووسەرەکانیان لەگەڵ فەرهەنگی دەوڵەمەندی ڕووس و گەلانی نزیکی خۆیان ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە. لەم بوارەدا سوودیان لە ئەدەبی ڕووسی وەرگرتووە، بەڵام چێژی شیعرییان هەر چێژە فۆلکلۆرییە گوندییە کۆچەرییەکە بوو، تا ڕادەیەکی زۆریش هەر وا مایەوە. لە ناو شاعیرەکانی کوردی سۆڤێتدا بەرهەمی هەندێکیان زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، کە یەکێکیان کاک تۆسنێ ڕەشیت (ڕەشید) بوو.

تۆسنێ ڕەشیت ساڵی ١٩٤١ لە گوندی کورەکەند (کە دواتر ناوی کرابووە فێریک)، لە ناوچەی ئێشمیازین لە

ئەرمەنستان لە دایک بووە. دۆکتۆرای لە زانستی کیمیادا وەرگرتووە. یەکەمین دیوانی کاک تۆسن (کلامێ رێ) بوو کە ساڵی ١٩٧٥ بڵاو کراوەتەوە. دیوانی دووەمی ناوی (زۆزان)ـە کە وەک بەشێکی ئەنتۆلۆگیای (باهارا تەزە) ساڵی ١٩٨٤ بڵاو بۆتەوە و ساڵی ١٩٨٧یش دیوانی (نیڤرۆ)ی بڵاو کردەوە. لەم ساڵانەی دواییدا دەستی داوەتە نووسینی کورتەچیرۆک و شیعر کەمتر دەنووسێت.

دوای هەڵوەشانەوەی سیستەمی سۆسیالیستیی سۆڤێت، هەلومەرجی ژیانی کوردەکانی سۆڤێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەرەو خراپی دەچوو. ئەو کەمە مافە فەرهەنگییانەی هەیانبوو، ئەوەشیان وردە وردە لێ سەندنەوە. تەنیا لە ئەرمەنستان نزیکەی بیست هەزار کوردی موسوڵمان دەرکران و ئاوارەی کۆمارەکانی دیکە کران کە خەڵکەکەی موسوڵمان بوون. لە ناو ئەوانەدا دوو دۆستی خۆشەویستم هەبوون: چیرۆکنووس و نیشتمانپەروەری هێژا خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلیێ عەبدولڕەحمان و مامۆستا کنیازێ ئیبراهیمۆڤ، کە پرۆفێسۆری ئەدەبیاتی ئازەری بوو لە زانستگەی ئێرێڤان.

کاتێ دوو کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان بە هۆی ناوچەی (ناگۆرنی قەرەباخ)ەوە شەڕیان هەڵگیرساند، لێرەشدا دیسان کوردەکە تووش بوو، چونکە بەشی زۆری دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کوردن. هەردوو لایەن دەیانویست کورد وەک کەرەستەیەکی سیاسی بە کار بێنن دژی لایەکەی دیکە، بێ ئەوەی کەسیان هیچ مافێک و هیچ سەربەستییەک بە کورد ڕەوا ببینن.

بە هۆی ئەم هەلومەرجە تازەیەوە بەشێکی زۆری دانیشتووانی کوردی ئەو کۆمارانە، بە تایبەتیش ڕووناکبیرەکانیان، پەڕەوازە بوون، وڵاتەکەیان بە جێ هێشت و ڕوویان کردە وڵاتانی دیکە. هەندێکیان لە شارە گەورەکانی ڕووسیا گیرسانەوە، بۆ نموونە مۆسکۆ و هەندێکی دیکەشیان ڕوویان کردە ئەورووپای ڕۆژاوا و ئاوسترالیا. کاک تۆسن یەکێک بوو لەوانەی کە ئەرمەنستانیان بە جێ هێشت و ئێستا لەگەڵ خانمەکەیدا، (نوورا جەوەری)، کە کچی مامۆستا حاجی جندییە، لە ئاوسترالیا دەژی. نوورا خان مۆسیقازانێکی گەورە و ناودارە. لە بواری مۆسیقای کوردیدا گەلێ لێکۆڵینەوەی گرنگی نووسیون. ئێستا ڕەنگە ئیدی زەحمەت بێت مرۆڤ بتوانێت باسی ئەدەبی کوردی لە کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و گورجستان بکات. ئەوەی هەیە بۆتە بەشێک لە ڕابوردوو.

پرۆسێسی بە کوردی نووسین لە سۆڤێتی پێشوو بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە. ئەگەرچی لە هیچ سەردەمێکدا فەرهەنگی کورد، ڕۆشنبیریی کورد، لە ئازار و دەرد و چەوساندنەوەوە دوور نەبووە، بەڵام ڕەشترین لاپەڕەی ئەو مێژووە ساڵانی حوکمی ستالین بوو. ساڵانێکی دوورودرێژ خوێندن و نووسین بە کوردی هەر بە تەواوی قەدەغە کرابوو. هەندێ لە ڕووناکبیران و نووسەران کەوتنە بەر شاڵاوی ڕاونان و بەندکردن. یەکێک لەوانە ڕۆماننووسی گەورە (عەرەبێ شەمۆ) بوو، کە ساڵانێکی زۆری لە بەندیخانە و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا بردبووە سەر. شەمۆ دوای دەرچوونیشی لە زیندان و تا ئەو ڕۆژەیش کە مرد نەیوێرابوو باسی هەموو دەردیسەری و ئازار و ئەشکەنجەکانی خۆی بکات.

وا پێ دەچێت کوردەکانی سۆڤێت یەک دوو جار ئەلفوبێیان گۆڕیبێت، تا لە دواییدا دەستیان کردۆتە بەکارهێنانی ئەلفوبێی کریلیک بۆ نووسینی کوردی. دیارە ئەو ئەلفوبێی کریلیکە جۆرە گونجاندنێکی ئەلفوبێی ڕووسییە لەگەڵ ئەو فۆنێمانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن. لە ڕووی زانستییەوە ئەلفوبێی کریلیک بەو شێوە سیستێمەی کە کوردی سۆڤێت بە کاریان دەهێنا، یەکجار ڕێکوپێک و گونجاو بوو. ئەوان بۆ هەموو فۆنێمەکان وێنەیەکی سەربەخۆیان دانابوو. وێنەی هەندێ دەنگیشیان دانابوو کە ئەوان پێیان وا بوو لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵام دەزانم کوردی خوێندەواری هەندێ ناوچەی دیکەی کوردستان باوەڕیان نییە کە دەنگی وا لە زمانی کوردیدا هەبێت. ئەوان، بۆ نموونە، دوو جۆرە تیپی جیاوازیان بە کار دەهێنا بۆ نوێنەرایەتیکردنی دوو جۆرە دەنگی (پ، ت، ک، چ). هەروەها دوو فۆنێمی (ڕ) و (ر)یان بە دوو شێوەی جیاواز دەنووسی. ئەم جۆرە جیاوازییانەیان بە هۆی نیشانەیەکی زیادەوە، کە دەیانخستە سەر یا ژێر یا تەنیشت تیپێک، دروست دەکرد. ئەم نیشانانە لە زمانناسیدا پێیان دەگوترێ (دیاکریتیک Diacritic). ئەگەر لەسەر بنەما زانستییەکانی زمان بیر لەو سیستێمە بکەینەوە دەبێ بڵێین کە شێوە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی کریلیک زۆر لە شێوە نووسینی کوردی بە تیپی لاتینی پێشکەوتووتر و ڕێکوپێکتر و ڕاستتر بوو. چونکە دەزانین ئەو سیستێمە لاتینییەی کە جەلادەت بەدرخان دایناوە و ئێستا کوردی تورکیا، بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات، بە کاری دەهێنن، لاساییکردنەوەیەکی ئەلفوبێی تورکییە و لە زۆر ڕووەوە ناڕاست و نازانستییە و لەگەڵ فۆنێمەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێت.

لە کاتی گواستنەوەی ئەم تێکستانەدا بۆ ئەلفوبێی کوردستانی خواروو هەندێ گیروگرفتی ڕێنووس و ڕێزمان هەبوون کە دەبوو بە شێوەیەکی وا یەکلایان بکەمەوە کە بکرێ لە سەرتاسەری شیعرەکاندا پەیڕەوی بکرێت. بە شێوەیەکی گشتی من ئەم بنەمایانەم ڕەچاو کردوون:

– ئامڕازی پێوەستی (و) لە ئەلفوبێی کریلیکدا وەک بزوێنێکی (ڤاوەڵ، ڤۆکال) درێژ، واتە وەک (وو) بە کار هێنراوە، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدرێت کە وشەی پێشوو بە بزوێن یا بە کۆنسونانت دوایی هاتووە. لە ئەلفوبێی لاتینیشدا ئەم هەڵەیە دەکرێت. من لەم گواستنەوەیەدا ئامرازی پێوەستم وەک (و) بە کار هێناوە، کە دیارە دەکرێ وەک بزوێنیش و وەک کۆنسونانتیش

بخوێنرێتەوە. لەو شوێنانەدا کە زانیومە کار دەکاتە سەر کێش (وەزن)ی شیعرەکە بە شێوەی (ئوو) نووسیومە.
– ناوی لێکدراو هەندێ جـار پێکەوە نووسـراوە و هەندێ جاریش بە جیاواز. من لەم ڕووەوە بنەمایەکی زانستیم بە کار بردووە و ئەو وشەیەی بەڕاستی لێکدراوە کردوومە بە یەک وشە؛ بۆ نموونە (دلسار، نەک دل سار)
– کرداری لێکدراو، لە کاتی گەردانکردندا پێکەوە نووسرابوو، من بە جیا دەینووسم. نموونە (خەبەر دم، نەک خەبەردم)، (حز دکن، نەک حزدکن)، (پال دایە، نەک پالدایە).
– پۆستپۆزیشن لەگەڵ وشەکەی پێش خۆیدا نووسرابوو، منیش هەر وای دەنووسم. نموونە (منڕا، عەردێدا، دنێدا، گوندێ مەڤا...)
– کرداری بوون (Verb to be, Copula) لەگەڵ وشەکەی پێش خۆیدا پێکەوە نووسرابوو، منیش هەر وام نووسیوە. نموونە: (بێخەمن، تفاقن، بلوورن). لە شێوە ڕێنووسی لاتینیدا ئەمانە جیاواز دەنووسرێن، کە زۆر گرفت دروست دەکات.
– یەکێ لەو گۆڕانە گرنگانەی بەسەر ڕێزماندا هاتووە لای کوردی سۆڤێت، ئەوەیە کە پریپۆزیشن تا ڕادەیەکی زۆر ون بووە و ڕۆڵی نەماوە، بەتایبەتی ئەو پریپۆزیشنانەی کە بە دوایاندا پۆستپۆزیشن دێت. دیارە من لەم ڕووەوە هیچ دەستکارییەکم نەکردووە ئەگەرچی ئەمە هەڵەیەکی زمانەوانییە. نموونە: (گوهێ مندا، لە جێی د گوهێ مندا)، (منڕا، لە جێی ب منڕا)، (منڕا، لە جێی ژ منڕا)، (هیڤیبیا، لە جێی ل هیڤیبیا، یان ب هێڤیبیا)، (دەفێ دخە، لە جێی ل دەفێ دخە)...
– شێوەی کۆی ناو لای کوردی سۆڤێت بە پاشگری (ێد) دروست دەبێت، وەک: کورێد مە، ژنێد وان. ئەم پاشگرە هەندێ جار کورت دەکرێتەوە و دەکرێ بە (ێ). نموونە: (کلامێ ڕێ، لە جێی کلامێد ڕێ)، (چەعڤێ تە، لە جێی چەعڤێد تە)، (خەمێ وان، لە جێی خەمێد وان).
– ئاوەڵکار و ئامرازی پێوەستی (ژی) بە جیاواز نووسرابوو، بەڵام من لەگەڵ وشەکەی پێش خۆیدا پێکەوەیان دەنووسم. نموونە: (بەرفژی، نەک بەرف ژی)، (کانیژی، نەک کانی ژی)، (تەعڤێژی، نەک تەعڤێ ژی)
– بزوێنی (ئا) کە ڤۆکالێکی درێژە، هەندێ جار دەگۆڕێ و دەکرێ بە بزوێنێکی کورتی (ـە) لەگەڵ کۆنسونانتی (ع)دا. نموونە (چاڤ، تاڤ، چال) دەبنە (چەعڤ، تەعڤ، چەعل). ئەمانە هەر وەک خۆیان هێڵراونەتەوە، چونکە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەسەر شێوە و زاراوای کوردی سۆڤێت ئەم تایبەتییانەی زمان دەبێ بپارێزرێن و لێیان بکۆڵرێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ئەم تێکستەم پێش هەموو شتێک وەک تێکستێکی جوان، وەک شیعرێک تەماشا کردووە، نەک وەک کێڵگەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی. پێم خۆش بوو نموونەیەک لە شیعری کوردستانی سۆڤێت بکەوێتە بەرچاوی خوێنەری کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. من پێم وایە ئەدەبی کوردی بەو ئەدەبە دەگوترێ کە بە زمانی کوردی نووسراوە، بێ بیرکردنەوە لە دیالێکت (زاراوا) یا ئەلفوبێ یا جێگەی دانیشتنی نووسەرەکە. ئەدەبییاتی کوردی سۆڤێتی جاران بەشێکی خۆشەویست و گرنگی ئەدەبییاتی کوردییە و دەبێ بیناسین و لە چوارچێوەی سامانی نەتەوایەتیماندا جێگەی بدرێتێ و توێژینەوەی لەسەر بکرێت.

**ستۆکهۆڵم، بەهاری ۲۰۰۰**

## کلاما ڕێ

سبە زوویە
باهارا خوەش
پەنجێ ڕۆیێدا سەرێ چیا،
تەڤی سبێ
ڕابووم سەر پێ،
دنیا تەمام هۆگر منڕا.
بەختەوەری و ئۆغرژی منڕا هۆگر.
مە حەڤسیبیا تەڤ، دایە سەر ڕێ.
ئەزم ئیرۆ خوەیێ دنێ،
چیا و بانی،
دەشت و زۆزان
تەڤ یێ منن.
مێشە و ئاڤ،
چەم و کانیژی یێ منن،
هیڤا نارینژی یا منە،
تۆپا ڕۆییژی یا منە.
کی ئالی بخوازم ڕیبیا منە،
پێشیبیا من تو حدوود تونە
هەر وەلاتەک من هێورگە
ئێمەکێ ل ور ڕەحەت بە،
پاری نانێ وانا کەرکە
دیسا سبێ ڕێ ل بەر تە.
ئەگەر دنیا من هندکە،
عەرشێ عەزمان
منڕا مەیدان.
ڕیبیا کادز بۆ من شڤەڕێ
تەڤ ئۆغر و بەختەوەرییە
بمە سەر وێ
سلاڤ بکم
پیێور و مەزن
دەرباز بم جەم ستەیرکێ دل

لەیل و مەجرووم
ور ببینم
مرازێ وان
بگهینم.

## عەدلایی

قیزەکە سۆسنەک
دایە بەر بینا خوە،
بێن دکە، دکەنە،
تەعقێژی ئەو قیزک
کرییە ناڤ پەنجێ خوە،
گەرم دکە، شا دبە.
ئەز ل وان دنهێڕم
شا دبم.

<> <> <>

حافا گەلیمە...
ل بنێ گەلی
خوشینییا چەمە،
کو کەنارارا،
کو زنارارا
قاش و زانگارا
کەتییە قال جەنگێ.
گەلی پڕ کوورە
ب وێ کوورایێ
دخوەزە، وەکی
دەنگێ چەم کەڕ کە
کو خوشینییا وی
کەسەک سە نەکە.
حافا گەلیمە،
ژ بنێ گەلی
خوشینییا چەم تێ
و منڕا دبێ:
«ئەز هەمە، دبهێیی».

## ژیین

ئەز ڤان ڕاکێتێ
پەڕکوڕ چێ دکم
ئەزم نەردەوان
ئۆرتا عەرد، عەرشا،
ئەز دبم شەمدان
ل شەڤەڕەشا،
ئەز ڤان دۆرگەڕا
ل هەڤدو تینم،
دنترینم،
هەما وێداژی
عەمر دبینم.

گاڤا لازم بە
ئەز دشەوتم،
وەکی، گەرم بێن،
یێ سەرما دکن،
کو دلڕەم بێن
یێ کو دلسارن.
جارناژی گاڤا
ئەز ڕەحەت دبم
ئەزی تەنێمە،
مووسا مێڤانە
تەڤ کەچا کەزی،
من دبن سولتان،
زەڤتی خوە دکن.
دل دلەک، گومان
من دکن شاییر،
هەما ڤێداژی
عەمر دبینم.

<> <> <>

وەکی ڕۆژا
منە ئیرۆ،
وەک یا دوه بوو،
مینا وە بوو،
من ژ عەمر
ڕۆک ئوندا کر.

<> <> <>

دڤێن دەقیقە،
تەمام وەک هەڤن،
ئوساژی دەقە
ئوساژی سەحەت،
لێ باوار نەکە،
وەکی ئوسا بوویا
ئەزێ دین بووما.

## مەری

مەزل بەر من
بێ سەرۆبن
ئەز سەر ڕێوی
مەرڤێ عەگید،
ب گاڤێ خوە
وێ دپیڤم
نە ب مەتر.

<> <> <>

گەر کەل و بێن تێم،
ب دلێ دین تێم،
شەکا من نەشکێن.

## شیرەت

باز وەکە سێسد سال عەمر دکە،
باسکێ باز هەنە
و باز دفرە،
ڕەبیشکێ گووزێ کوور عەردێدانن،
گووز تەیرژی پرتر
دنێ دمینە.
گەر مایین نێتە،
کوور عەردێدا بە.

<> <> <>

گەلۆ سەر مارسێ
قەت دەنگز هەنە؟
خازل هەبوونا
منێ قەیکا خوە
هلدا، بچووما.

<> <> <>

هەڤرازە پێشیا من
ڕێ، درب خویا ناکە،
ئەز دچم پش خوەڤا نانهێرم،
چ دبە برا ببە،
سەرییە ئەڤ ئۆغرە،
ئەز دچم تەعقێ ڕامووسم.

## پایز

پایز...
ژ عەسمان هێسر دبارن
سەر دنیا زەرین.
هێژا ژ دارێ
بەلگەک هات خارێ.
دنیا سەر بەلگێ زێڕیندا دگری
عەمرێ وێ ئەو بوو، جارکێ هات دنێ
تەک بوو خەملەکێ
ل بەدەنا وێ.

## ئەمەک

وەخت دپیڤم
ب کرنێ خوە،
نە ب سەحەت،
ئەمەکێ خوە
نە ب دەقە.
ب وان دەما
یێ بوون زەمان
عەمرێ مندا،
ب وان ڕۆژا،
یێ ڕێچ هیشتن
بیرا مندا.
لێ ڕۆژێ دن
نە یێ منن.
و خوەزیبیا من
ئەوی عەڤدی،
کو ڕۆژنەمە
پیڤانا وی،
وەخت وەکە هەڤ
حەساب دکن.

## دوعا سبێ

سبەیە...
ئەز دوعا خوە دکم.
دخازم ئیرۆ ڕۆژێ خوەش بە،
سەر دارێ
دوومەقەسک بسترە،
دخازم کاوا خوە ببینم،
دخازم بەعسێ خێر بستینم،
ناڤ وانا،
داخازا لاپە مەزن
«کوردستانا ئازا»
دخازم عەدلاییی بە دنێ
چەعقێ دایکا زاها بە
تو کولفەت دنێدا بی نەبە،
شەڕژی بێ بیرکرنێ.
دخازم تشتەکی ئوسا بکم،
کو هەڤال هۆگرا تەڤ شا کم.
دخازم کووچێ زارە زەف بن
نەهێلن مالدا ئەز هێسا بم.
دخازم دایکا من تم هەبە
و ئیدی پیر نەڤە.

## نەگەڤتیمە

نەگەڤتیمە،
نکارم هەرڕۆ،
ڕێکێدا هەڕم،
گەرە داگەڕم
گەر ڕێ بوو پێگە،
تۆز لێ ڕادڤە.
نکارم ڕەحەت
جیێ خوەدا ڕوونێم،
گەرە بگەڕم...

ئاڤ گۆلادا ما
زوو گەنی دڤە.
نەگەڤتیمە،
ڕەخ بەدەوارا
نکارم هەڕم،
و لێ نەنێرم.
شوخولەکی ڤەت
نە یێ من بەژی،
زۆرێ تەڤ دڤم،
منرا یەک نینە،
کو مەرڤێ دنێ
چ حالیدانن،
چڕا دگرین
چڕا دکەنن.
چنە خەمێ وان،
چڕا بێخەمن.
نەگەڤتیمە،
دکەڤمە جی
کێلەک، کێلەک خوە
وەلدگەڕینم.
دکەڤمە ناڤ
فکر متالا
چڕا ئەو کەچا
ئیرۆ دگریا،
چڕا ڤێێتنامێ
ددن بەر بۆمبا،
چڕا ئازاییێ
نادنە کوردا.
نەگەڤتیمە
ئوو بۆی ڤان خەما
نکارم ڕازێم.

## کەدا من

کەڤر سەر کەڤر
کەڤر سەر کەڤر،
ل ئۆرتێ حەڕی،
دیوێر داتینم.
دلۆپ پەی دلۆپ،
مینا قورقوشووم،
دنقتە ناڤ
خوودان ژ عەنیا من.
ب دەرد، ب شابوون،
ب کەتن ڕابوون،
هەرڕۆ و هەردەم،
ب خەم و بێ خەم،
دوێر داتینم.
ئەوی دیواری
چقاس بلند کم
ئەزێژی پێڕا
ئەوقاس بلند بم.

## دەستێ من

پێنج پێچی، مینا پێنج پاردنیا
چووک، مەزن مینا دەستێ حەمیا.
تفاقن و ئامن.
ڕۆژێ پاک و خراڤ
تەڤ منن چا برا.
نازکن خوەشبەختا.
تڤنگ و باروود نەدینە،
نەژی خوون سەر واندا ڕژیایە.
قەلەمێ حز دکن
و خوەلیێ.
حز دکن
زلفێ زەریارا بلیزن
دەستێ پسماما بگوڤێشن،
ببن پرا ئۆرتا من دۆستا.

## دەنگێ من

گوڕینا عەورا
و خورمینییا وان
کو بەرق ڤەددن.
خوشینییا چەما
ل ناڤا زانگا،
قوورتینییا مێرخاس
مەیدانا جەنگا.
دەنگێ بلووره،
دەفێ و زوڕنێ
تەڤی هەڤ بوونە
و بییە دەنگێ من.
لەما نکارم
هێدی خەڤەر دم.

## قالبێ من

کولەک ژ خوەلییا
سیپانی خەلات،
گولەک ژ ئاڤا
زاب، دجلە، فەرات،
تەڤ هەڤ سترانە،
هەڤڕا هوونانە،
سەر باباگوڕگوڕ
قملاندنە،

و ببیە قالبێ من.

## بەربانگ

ئێڤارێ هێدی
ب ئاپنجییێ ڕەش
دنیا تەڤ نخامت.
تەری بوو سلتان.
ژ ناڤ وێ تەرییێ
دەنگێ سڤێ تێ.

<> <> <>

کەچ بوویی کەزی
چەعڤێ ڕەشبەلەک
دنێ دنهێڕین
ب خەم
ئوو بێ خەم.
کەچ بوویی کەزی
من تە نهێڕی
ئوو بوویی هۆری.
بوویی زیارەت
وەکە لالشە،
بوویی حەباندن.
هەردو چەعڤێد ڕەش
بوونە دو چرا
بەر تە ڤێکەتن.
خوەی مراز بووم
بوومە زیارەتڤان.
و چا زیارەتڤان
کەڤرێ زیارەتێ،
ترس و خۆف دلدا،
ڕجاف سەر لێڤا
گەردەن ڕامووسا
مینانی کەڤرێ
زیارەتێی سار،
تە تو جاب نەدا.

<> <> <>

شەڤ چڤاس دچە
شکلێ تە بەر من
هێ زەلال دڤە.
دەنگێ تە هێ باش
تەسەلە دڤە
ئوو گوهێ مندا دیسا دکەنی.
پێور و مێزنژی ئیدی چوون ئاڤا
دخوەزم ڕازێم
چەعڤێ خوە دگرم،
و بیرا خوەدا ژمارێ دکم:
یەک، دودو سسێ،
پێنجی شێست، حەفتێ.
ئوو بیرا دکم، کا کوڤا دەرتێ.
هەو پێ دحەسم
دیسا جەم منی،
دیسا دڤێژی، دیسا دکەنی،
دیسا ب کەنئەشقێ،
زەڤت دکی خانی.
شریکی منڕا، تا سڤێ ڕۆنبە
ئوو چڤاس شەڤە،
حالێ مە ئەڤە.

## کو تە دبینم

دلێ من دکە
سینگ بقەلێشە،
ژ ور دەرکەڤە.
لنگێ من ئیدی
گوهـ نادە من،
ژ جی دلڤە،
ئەز لەز دکەڤم،
وەخت ئەگلە دبە.
ئەڤ باغ گول ددە،
کەڤر ـ کوچکژی
عەمر وەردگرە
خەلقێ دۆرا من
تەڤ من مەتەلن،
خوە عەجەبمایی
من ترێ دینم،
کو تە دبینم.

<> <> <>

گاڤەکێ پێشدا
ئەم تەڤ دگەڕیان،
ناکا وێ باران، ئیدی ژ سۆقاقێ
ڕێچا مە دشۆ.
ڕێچ هەبوو
تونە.
لێ کا ئەو باران،
وەکی بکاربە
ڕێچا تەڤ بشۆ.

<> <> <>

کەچەکە کەزی
ب چەعڤێ خوە ڕەش،
منڕا بەشری،
سۆسنا دەست خوە
ئاڤیتە جەم من
و هەڤراز بەزی.

هلکشیا سەر قاش،
هەڤڕەنگا سێری
سەر عەسمانێ شین
کەسکەسۆر ڤەگرت،
خوەژی بوو هەیکەل

<> <> <>

تو بچووکی
و کوچکی
تو ئاگری
لێ دگری،
دل شەوتی
جان پرتی.
خوەدا حەلییام
بێ دەنگ کەلییام،
ڕوح من گەرم بوو
دل من ڕەم بوو،
حوب و ئەڤین
من بوون مێڤان
خەوێد شەڤا
ژ من بریان.

## قیزا کوردا

ئاخ، قیزا کوردا، بەدەوی، بەدەو، بەدەو وەک هۆری،
وەکە تە بەدەو کەسی نەدیتیە ل تو وەلاتی.
وەکە تە بەدەو، ئوسا زار شیرن، ئوسا ڕوو ب کەن،
سوورەتێ ئوسا ئەو سوورەتێ سۆر، سپی خالخالی.
چەعڤێد ڕەشبەلەک تژی حوب، ئاگر، ئەو بریێ قەیتان
ڕەش گولیێ سەر مل، عەنیگا کەڤەر، سینگێ زەر زۆزان،
گەردەنا قەرقاش، لێڤێ وەک کاغەت، درانێ مرجان،
کەسی نەدیتیە ئوو نە بینایە ل سەر تو عەردان.
مێزە دکم ئەز وێ بەژن بالا تە و دبم مەلوول،
ب تیرێ ئاڤڕیا، بەشەرێ گولهوور تە لاپ کرم قوول،
مالێ خوە ددم، سەرێ خوە ددم، مرن من قەبوول،
تەنێ ئازا بی، هەر بەختەوەر بی، ب کەن و شا بی.

<> <> <>

دەولەمەند بوویی
و پر مەرد بوویی
هن دلڕەم بوویی
هن ئەڤین دا بێ،
تە تشتەک نەهشت
سەڤا ڤێ ڕۆژێ

<> <> <>

عەورێ ڕەش تۆپ بوون
سەر ئەلەگەزێ.
ئەو تو هێرس کەتی.
ل ئەلەگەزێ
باران دبارە.
دگرییی دیسا.
ڕۆ دچە ئاڤا،
هەچە گەڤەز بوو.
مەلوولی ناکا.
سڤە،
شەمس پەنجە
ئاڤیتنە هەچە.
بەشەرا تەیە.
لسەرێ هەچە بن پەنجێ تەعڤێ
بەرفژی برقی و شەوق دا دنێ،
درانێ تەنە،
ئوو تو دکەنی.

<> <> <>

ڕیا ئۆرتا دلا
یا لاپە درێژە،
ڕیا ئۆرتا دلا،
یا لاپە کنە،
ئەز ـ تو تەڤایی
لسەر وێ ڕێنە،
بەر ب هەڤ تێن ئەم.
ڕێ پڕ دژوارە،
یازی خەدەرە،
لێ مە نابە خەم.
یەک مە کەل و بین
سەرگەرم بێ سەبر،
یەک هێدی هێدی،
حەمدێ خوە بێ خەم
بەرب هەڤ تێن ئەم.

## گاڤا حز دکی

تو ب چەعڤێ خوە
ب وان چەعڤێ ڕەش
گازی من دکی.
ب دران مرجان
ب دەڤێ دکان
گازی من دکی.
پێچیێ موومان
تو بلند دکی
و ب وان پێچیا
گازی من دکی.
تو من حز دکی.

## سەیر

باهارە، ئێڤار،
دۆر من کەڕ لالە،
باژاڕ پال دایە و دهێنژە.
هیڤا کەڕ خوردا
خار بوویە سەر من
لووری دبێژە،
لێ خەوا من نایێ
ئەز دچم، دچم،
ل بەر گوهێ من
دەنگێ ڤاگۆنێ،
یا کو تو بری،
حەڤکیژی کەنێ
تەیی بەر گری.

## هیڤیا تەمە

دەم دبە دەوران،
گاڤ قورنە، زەمان.
کو هیڤیا تەمە،
دەقیقە ئوسا
هێدی دمەشە،
دل بەر تال ناکە
دێشە، دماشە.

<> <> <>

تو گول و نووری.
هەما ژ وێ نوورێ،
کو ژ هیڤێ تێ،
کو ژ ڕۆیێ تێ،
ژ پیێور و مەزن.
وەکە واناژی
ئاگر ئالاڤی،
وەکە واناژی
ئیشق ڕۆنایی
ئوو وەکە وانژی
نێزیک و دووری.

<> <> <>

من کەچ حەمێز کر،
چەحڤێد ڕەشبەلەک دخاست ڕاموسا.
شەڤ هیڤەڕۆ بوو.
وێ دەستێ من گرت
و هێدیکا گۆت:
«سەبر کە، شەرمە،
هیڤ مە دبینە».

## سوفەت

کۆندا پال دایە
خەوا من نایێ،
کانیا ڕەخ کۆنژی،
هێ ڕانەزایە.
بن دەما شڤێن
کو ل گوهێڕێ
بلوورێ دخە،
هێدیکا دسترێ.
«هۆپ لەیلێ هیڤە ڤایە
شەوقێ دا دۆر مالایە».
هیڤا چاردەشەڤ
خۆرێ سە دکە
و دبەشرە.

<> <> <>

دارەکی رزی
کەتبوو جەوێ،
ئوو ژێرا بووبوو
کولا بچەنگێ،
لێ ئاڤێ ئەو یەک
زەعف تموول نەکر،
هات بەر پنگرِی،
برنێ خوە ڕادکە،
گەلەکی هێرس بوو،
کەفدا بلند بوو،
دار وێدا ئاڤیت...
و ڕیبیا خوەدا چوو.

<> <> <>

بەلەکیکە چووک
کەتبوو چەعلێ
و خوە ڤەدشارت
ژ تیرەنجێ تەعڤێ
ئەوێ نزانبوو،
وێ فەعم نەدکر،
وەختا بهارە
بەرفا سالا پار،
گەرەک بحەلە،
گەرەک ئوندا بە.

<> <> <>

باران ل سەربان
نەرم دەفێ دخە،
ئەز هیڤیبیا تەمە
زانم توبێ بێی.

تو پڕ ڕاستگۆی
و تویێ ڕاست بێژی...
کو من حز ناکی.

<> <> <>

ناکا ڕازایی.
ئوو بژانگێ ڕەش
پەی ڕۆژا درێژ
ب حوب و حسرەت
خوە هەڤ پێچانە.
خەوا من نایێ
دخازم ناکا
بێمە خەونا تە،
لێ نزام چاوا.

**بمبارەک بە**

بمبارەک بە،
بمبارەک بە،
عەیدا تە.
بەخەحتەواری،
خوەشبەختی بە،
ئاخرییا تە.
وەتەنحزی،
پێشڤاچوون بە
هەر ڕیبیا تە.
تەک ب دل بە،
بێ دەرد ـ کول بە،
حوبا تە.

**بکەنە**

دبهێیبی، نەگری
هێسرە شۆڕن،
حەیفا چەعڤێ تە.
نەگری،
بکەنە!
برا دنیا تەڤ
ببهێ کەنێ تە
ئوو بەختەوەر بە.
کەن زەعف ل تە تێ
بکەنە!
وەختا گری لازمە
ئوو عەمرێ شا بە.
بکەنە!
وەختا ڕۆژە چەتنە،
ڕۆژێ هێسا بە.
بکەنە!
وەختا تو ل تەڤ منی،
بکەنە!
وەختا جەم یەکی دنی
هەر تەنێ نەگری،
بکەنە، شا بە.

**بیرا تەدانە...**

هیڤ کەتە بن عەور
بیرا تەدانە.
پایزا تەڤنکر
بەر پێ من و تە
ب بەلگێ دارا
ئەمەنی چێ دکر،
بایێ دین زوو زوو
نەخش دگوهاستن،
هیڤا چاردەشەڤ
ڕۆنایی دکر
سەر مە و تەڤنێ.
هیڤ کەتە بن عەور
بیرا تەدانە؟...

<> <> <>

خوەزل ڤر ببیان
ئەم ڤێ بارانێ
تەڤ بگەڕیانا،
خوەزل ڤر ببیان
بەر ڤێ بارانێ
ئەم تەڤ شل بوونا.

خوەزل ڤر ببیان
کنج شل بوونا هەڤ
ئەم بکەنیانا.

<> <> <>

ل عەزمانێ تاری
عەورا هەڤدو دا،
بروسک بوو شریت خوە دا ئۆرتا وان.
هێرسا عەور گریان
هێسر بوون باران
سەر مالێد باژێر،
سەر سۆقاقادا
ئوو ل سەر دارا.
تەعڤێژی سبە
دنێ ڕامووسا
گۆ: «تە سەحەت بە».

<> <> <>

تە هیشت و چوویی

تەک گومانەک ما ،
کو بێیی خەونێ.
شەڤا ڕەش درێژ،
هات و دەرباز بوو ،
دلکەڤر بوویی،
تەمامییا شەڤێ
نەهیشت ئەز ڕازێم.

## باهار

باهار
ل پالا گوندێ مەڤا تێ،
پێشییێ بەرف چاوا کۆنەکی ڕزی
هەڤ دپزنە ،
پاشێ قالچیچەک بن بەرفێ دەرتێ،
پەیڕا تەعڤ بنەڤدشا دۆرێ دهوونە ،
سەرزەر پەڕیێ منێ ناڤێ داتینە
ب حوب و حەسرەت
دخەملینە وان بەر و بەستان،
باهار دبە سیار
دنیا ڕۆنکژی بۆنا وێ مەیدان.
مەیدانا لەجێ
یا حنارتنێ،
و بەرپالا چیێ
جەو ـ کانێد سازبەند
«جریدێ» لێ دخن،
بن وی ئاوازێ هیمنا حەژینێ
تەبییەت هار دبە ،
بێی حەمدێ خوە دکەڤە چەرخێ
و دڕەقسە ،
بشکۆکێ دارا
مینانی مەمکێ
قیزێ گهیشتی
ئوسا دین دبن
کو دبشکڤن و کولیلک ددن.
مەرڤ هوندوڕدا ئیدی تاپ ناکە ،
دل لێ تەنگ دبە ،
دەرڤا دخوەزە ، هەوێ دخوەزە ،
دلێ ، تە ترێ ، ئیدی ئاڤاش بوویە
ل خوە دحەسە ،
دیسا دلەزە
لێ لێیە هەڕە ، ژ تە بڕەڤە
ژ تە ببەزە.
باهار ل پالا گوندێ مەڤا تێ...

◇ ◇ ◇

زانی چ دبێژم،
گاڤا کەڕ دبم.
نزانی ؟
کەڕ بە
ئوو گوهـ بدە من.

## داخاز

ئەز دخازم هەڕڕۆ ، هەرتم
بەرف ببارە سۆقاقا مە ،
خوەزییا منە ، تم ببینم
کولیێ بەرفێ سەر گۆڕێ تە .

ئەو کولیانا بەر چەعڤێ من
دبن کولیلک ، گول و سۆسن
دبن چیچەک ، بەیبوون ڕەنگڕەنگ ،
ئوو دکەنن منڕا بێ دەنگ.

◇ ◇ ◇

ئەز و بەرفێڤا
هەڤدو دکەنن.
ئەو ل پێشیا من
تۆپێ پاتسقێ سپی ڕادخە ،
ئەزژی
دپیڤم وێ ب گاڤێ خوە.
ڕێچا لنگاژی
سەر دکم نیشان،
پەی خوە دنهێڕم
کا ؟ کونە نیشان.
عەجێبا قەرقاش.
کولیێ بەرفێ خوە من ڤەددزن
ئوو دزی منڤا ،
تۆپێ پاتسقێ تەزە ڕادخن.

## کەنێ تە

تو ئوو بەرفێڤا
کەتنە حوجەتێ.
بەرف کولیا پەی هەڤ
ل تە وار دکە ،
دل هەیە زلف و باسکێ ڕەش
زەفت کە ،
تە پۆڕسپی کە .
خوە دەست پێ دکە ،
خوەژی تاپ ناکە .
دە توژی تویی
ب بەشەر ، ب کەن،
بێ خەم و بێ ڕەعم،
وێ دحەلینی.

دکی ئاڤ هێسر سەر خوەدا تینی،
ئوو پێ دکەنی.

<> <> <>

گولا گول دا،
بلبل مێڤان،
هەڤدو شا بوون
ڤێ باهارێ.
دلا گول دا
هەڤرا کالیان،
هەڤدو تا بوون
ڤێ باهارێ.
ناڤ ڤان گولا،
ناڤا ڤان دلا
ئەز تو جەم هەڤ،
هەڤ دوور ڤێسیان.
ئەم شەوتین،
کەس گەرم نەبوو
مەرا سار بوو
ڤێ باهارێ.

## کلاما بەرفێ

شەڤە، هیڤەرۆن،
دۆر مە کەر لالە،
عەسمان قنجلیە و درەجفینە،
ئەز، تو تەڤ دچن
بێ دەنگ گوه ددن
چرکینیا بەرفێ
یا ژ بن لنگێ مە
مەرا دسترە.
رێ

پێشمێرگ هاتنە گوند
مەیتێ خۆرتەکی ل دارەبەستێ سەر ملێ وان بوو،
سێری بوو برین.
و خوونا گەڤەز توونجک تەمۆری،
دێم، قرک و سینگ
سۆر رەنگ کربوو.
بەعسا نەبخێریێ مینا برووسکێ
بەلا بوو ل گوند،
گوندی بوون گۆڤەک دۆرا مەیتێ خۆرت
شینا خوە کرن.
رۆ پەشمووردە، هێرس پەیا بوو گێلی،
عەسمانێ گاڤکێ پێشدا هێشین بوو،
سۆر گەڤەز وەرگرت.
لێ ڤا نشکێڤا
گۆڤەک بوو دو جیبیا،
دەرگیستیا کوشتی ب خۆف و هێدی
نێزیکی مەیت بوو.
ئەوێ عەجێبمای دۆر خوە نهێری،
(دنیا بوو کەڤر)
چەعڤ لێ فرە بوون، گەوری تژی بوو،
لێڤ لێ لەرزی.
دنیا منا بوو ل بەر چەعڤێ وێ،
ئەو ما و جنیاز...
ئەو ما و جنیاز...
یەکژی ئەو مراز،
کو هەردویا تەڤ، بۆ خوە هوونابوون،
و ڤا بەتال بوو...
مێل بوو سەر مەیتدا
لێڤێ مچری، سوورەتێ سار، خوون،
حسرەت راموو‌سان.
پاشێ ب فەسال قەما بەر کشاند،
جۆتێ رەش گولیا برین دانە سەر،
تڤنگا بووبوو دارەبەست هلدا
بەر ب چییێ رێکەت.

## مەشقا پێشمێرگا

مە مالدا هیشتن
ژن، خوشک و مندال
مە مالدا هیشتن
دێ، باڤ، پیر و کال.
سیلح هلدایی
کەتنە بەستان
بۆ تە، کوردستان،
بۆ تە، کوردستان.
ئەڤ چیاییێد بلند
مەرا مال و جی
ئەڤ نەوالێد کوور
کرن قەلەچی
عەمرێ خوە ددن
فێرزی، رەحەت
تەک تو ئازا بی
ئازا بی جماعەت.
ئەڤ چەک و سیلح
مەرا بوون هەڤال
کو قەید و زنجیر
تەڤ بن بەتال
شەر دکن شەڤ رۆژ
ڤان دەشت و راستان،
هەر تو سەربەست بی
ئەم ژین حز دکن
عەمرێ عەشق و شا،
لێ ژ مرنێ

ناکن شایشا
ئەگەر لازم بە
ددن جان و لات
بۆ تە کوردستان،
بۆ تە ئەی وەلات.

## فەرهەنگۆک

**ع (عەرەبی)، ت (تورکی)**

(ئـ)

ئازا: ئازاد
ئۆرتە، ئۆرتا (ت): ناوەڕاست، نێوان، لەناو
ئوندا بوون (ئوندا بە): ونبوون، گومبوون
ئوسا: وەسا، وەها، ئاوها، ئاوەها، ئاوا
ئەلەگەز: چیایەکە لە کوردستانی ئەرمەنستان
ئیشق (ت): شەوق، تیشک، ڕووناکی

(ب)

برا: بلا، بڵا، با
بەلگ: بەرگ، گەڵا، پەل
بشکڤتن (دبشکڤن): پشکوتن
باباگوڕگوڕ: ناوچەیەکی گرنگە لە شاری کەرکووکی کوردستانی خواروو، بە چاڵەنەوتەکانی بەناوبانگە
باهار: بەهار
بەزین (بەزی): ڕاکردن، هەڵاتن، ڕەڤین
بەشرین (بەشری) (ع): زەردەخەنە گرتن، بزە، ڕووخۆشی
مبارەک (ع): پیرۆز
بەدەو: جوان، چەلەنگ، خوەشک، ڕند
بی: بێوەژن، ژنەبی

(پ)

پێشمێرگ: پێشمەرگە
پێچی: تلی، تبل، پەنجە، قامک
پەشمووردە: پەژمردە، پەژمردوو، سیس، ژاکاو، چلمسی

(ت)

تەعڤ: تاڤ، تاو، هەتاو. ڕۆژ، خۆر
تەڤن: تەون
ترێ (من ترێ) (تە ترێ): لە من وایە، لە تۆ وایە
تفاق: یەکگرتن، یەکێتی
تموول (ع): تامولّ، تەحەمول، بەرگەگرتن
تم (ت): هەمیشە، هەموو کاتێ، هەر گاڤ
تۆپ بوون (ت): کۆبوونەوە، کۆکردنەوە، جڤاندن
تیرەنج: تیرۆژ، تیشکرۆژ، تیرڕۆژ

(ج)

جماعەت (ع): گەل، میللەت، خەڵک

(چ)

چا: چاوا، وەک، وەکوو، مینا
جەم (ع): لا، کن، نک، ڕەخ، دەڤ
چەتن (ت): دژوار، زەحمەت، تووش، سەخت
چەعل: چال، چاڵ
چڤاس: چەند

(ح)

حافا (ع): کەنار، ڕۆخ، قەراخ
حەڕی: قوڕ، گڵ
حەڤکیژی: حەبەکژی، تۆزێکیش، برێکیش، کەمەکژی
حەلییان (حەلییام) (ع): توانەوە

(خ)

خوودان: خوێدان، عەرەق، خوناو
خوەلی: خۆڵ، ئاخ، خاک
خەدەر (ع): خەتەر، ترکزە
خراڤ (ع): خراپ، نەباش
خازل: خوەزی، خۆزگە، بریا، کاشکی
خەڤەردان (خەڤەر دم): قسەکردن، پەیڤین، دوان، ئشتەغالی

(د)

دبهێی: دەبیستی
دین: شێت
دەرگیستی: دەستگیران
دێم: ڕوومەت، ڕوو، دەموچاو
دەنگز (ت): زەریا، دەریا، بەحر
دوعا (ع): دۆعا، نزا، پاڕانەوە لە خودا
دوومەقەسک: پەڕەسێلکە، حەجحەجک، (کلکی وەک مقەسە!)

(ڕ)

ڕازان (ڕازێم): خەوتن، نووستن، نڤستن
ڕاموسان (ڕاموسم): ماچکردن
ڕۆ: ڕۆژ، تاو، تاڤ، هەتاو، خۆر
ڕەییشک: ریشە، ڕەگ و ریشە، ڕەه
ڕەجفین (دڕەجفینە) (ع): لەرزین، هەژان

(ز)

زاها: زوها، وشک
زەلال: ڕوون

(س)

سڤێ: سبە، سبەینێ، بەیانی
سۆقاق (ع): کۆلان، کووچە
سەڤا: بۆ، لەبەر، بۆ خاتری، لە پێناوی، سەبارەت بە
سیپانی خەلات: شاخێکە لە کوردستانی سەروو
سیلح (ع): چەک
سەحەت (ع): سەعات، ساعەت
سە کردن: سەح کردن، تەماشاکردن، وردبوونەوە

(ش)

شل: تەڕ
شەمدان (ع): مۆمدان، شەمعدان، جێگەی دانانی مۆم

(ع)

عەید (ع): جەژن
عەدلایی (ع): ئاشتی
عەور: هەور

(ف)

فەعم (ع): تێگەیشتن

(ق)

قالب (ع): گیان، لاشە، لەش

(ک)

کەڤر: بەرد، سەنگ، کوچک
کەسکەسۆر: پەلکەزێڕینە، پەلکەڕەنگینە
کال (ع): پیر، کەهل
کولم: مشت، مست
کۆن: ڕەشماڵ، دەوار
کنج: جل، ڕەخت، جلوبەرگ، کەلوپەل
کولفەت(ع): ژن، پیرەک، ئافرەت
کوور: قووڵ

(گ)

گەوری: گەروو، قورگ، ئەوک
گولم: قوم، پڕ بە دەم
گوڤاشتن (بگوڤێشن): گوشین
گەلی: دۆڵ، نەوال

(ل)

لڤین (دلڤە): جوولانەوە، بزووتن
لەز: پەلە
لاپ: زۆر، بە یەکجاری، هەرە (وەک هەرە گەورە)
لەج (ع): شەڕ
لەما: بۆیە، لەبەر ئەوە

(م)

مینانی: مینا، وەک
مووم: مۆم

(ن)

نتراندن (دنترینم): خەملاندن، نەخشاندن
نشکێڤا: ژ نشکاڤە، لەپڕ، لەناکاو
نەوال: دۆڵ

(و)

وەتەنحزی: نیشتمانپەروەری، خۆشەویستیی نیشتمان

(ه)


هیڤیا تەمە: چاوەڕوانی تۆم
هیڤ: مانگ، هەیڤ
هێسابوون (هێسا بم): ئیسراحەت کردن، پشوودان
هۆری (ع): حوری، ژنی جوانی ناو بەهەشت
هێسر: ڕۆندک، فرمێسک، ئەسرین، ئەسر، سروشک
هێرس: تووڕە.

کەریم مستەفا شارەزا ناوێکە زیاتر لە نیو سەدەیە لە بواری نووسین و تێکۆشانی سیاسیدا کار دەکات.

تا ئێستا (١١) کتێبی جۆراوجۆری لە بواری ئەدەبیدا بە چاپ گەیاندووە، وەک مامۆستایەکی خەمخۆریش لە پێگەیاندنی چەند نەوەیەک کەمتەرخەمی نەکردووە و بە بەشداریی چەند مامۆستایەکی تر (٨) کتێبی بۆ قوتابخانەکان وەرگێڕاوە و داناوە.

لە هەمووی گرنگتر ئەو نووسەرە بە درێژایی ئەو ماوە سووربوون و بەردەوامی خۆی سەلماندووە و بەو تەمەنەشەوە هەر خەریکی نووسین و خوێندنەوە و خزمەت گەیاندنە بە زمان و ئەدەبی کوردی و ئامادەگی خۆی هەیە..

گۆڤاری (ڕامان) بە دەرفەتی زانی لەگەڵ ئەو نووسەرە دیالۆگێک ساز بکات و یادەوەرییەکانی بورووژێنێ و لەمەڕ بابەتگەلێکی سەر گۆڕەپانی ئەدەبیاتی کوردی ئەمڕۆمان گفتوگۆیەکی سەر ئاوەڵای لەگەڵ بکات..



## کەریم شارەزا:

# من نەپەرژاومەتە سەر ئەوەی ڕۆمانی نوێ بخوێنمەوە

**رامان:** سەرەتا پێمان چاکە بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان روونی بکەیتەوە لە سەرەتاوە چۆن خۆتان لەناو دنیای نووسین دۆزییەوە؟

**کەریم شارەزا:** من لە ناوەڕاستی چلەکانەوە زۆر شەیدای شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بووم، لە هەمان کاتیشدا شیعرەکانی ئەحمەد دڵزاری براگەورەم وەک ڕێ نیشاندەرێک بوون بۆ من، کە شیعرەکانیانم دەخوێندەوە لەبەرم دەکردن، لە سەرەتای چلەکان، شیعرەکانی حاجی قادر و هەندێک شیعری ترم لە کاتی ڕیزبوونی قوتابیان بە جورئەتێکی ئەدەبی و بەرێکوپێکی دەخوێندەوە، لەبەر ئەوە بەوە ناوم دەرکرد کە دەتوانم شیعر جوان بخوێنمەوە، هەر لە ڕێگای جوان خوێندنەوەی شیعر توانیم هەست و سۆز لە شیعرەکان وەربگرم ڕوو بەرەو نووسین چووم و هەوڵم دا لە ساڵی (١٩٤٨ - ١٩٤٩) چەند بابەتێکم نووسی و وەرمگێڕان بۆ گۆڤاری گەلاوێژ، کە من ئەو کاتە لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا لە ئەعزەمییە قوتابی بووم بابەتەکانم برد بۆ لای مامۆستا عەلائەددین سەجادی ئەویش دەیخوێندنەوە، دیاربوو ڕای لێیان نەبوو دەیگوت با قەڵەمەکەت بەهێزتر بێ.. دواجار توانیم چیرۆکێکی کورتی (گی. دی. موپاسان) وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی، کە بردمە لای خوێندییەوە و گوتی: ئەمەیان باشە دەست دەدا بۆ بڵاوکردنەوە، کەچی هێندەی نەبرد گەلاوێژ لە (١٩٤٩/٨/١) داخرا، سەرەتای نووسینم ئەوها بوو، بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی چ وتار و نووسین و چ شیعر لە ساڵی پەنجاو دووەوە دەست پێدەکا کاتێک هەفتەنامەی هەولێر لەلایەن کۆمەڵی مامۆستایانەوە نیوەی بە کوردی و نیوەش بە عەرەبی دەردەچوو، بەشە عەرەبییەکەی (ئەربیل) بوو، بەشە کوردییەکەی (هەولێر) بوو، لەوێ هەندێک شیعری تەعلیمی و جارێک شیعرێکم لە بارەی کۆیەوە نووسی و ناردم بۆیان، بەڵام لە سەرەتادا بابەتێکم لەسەر پێشکەوتنی پەروەردە و زانین لە سایەی ئاشتیدا نووسی، کە ناردم بۆیان دوو سێ حەفتە بڵاونەکرایەوە گوتم دیارە ڕایان لێ نەبووە و فڕێ دراوە، کەچی ژمارەیەک دەرچوو کرابوو بە سەروتار، بەهۆی ئەوەوە متمانەی زیاترم بەخۆم پەیدا کرد.

**رامان:** مامۆستا ئەوەی من بیرم بێ ئەو شیعرەت لەسەر جوگرافیا بوو؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ وابوو.

**رامان:** جوگرافیا بوو، نەخشەی جیهانت بەشیعر نەخشاندبوو، لە ساڵی پەنجاو یەک بوو بڵاوکرایەوە..


مەحموود زامدار، کەریم شارەزا، ئازاد عەبدولواحید

**کەریم شارەزا:** لە ڕاستیدا لەژێر کاریگەریی شیعرە فێرکارییەکانی مامۆستا زێوەری شاعیر، منیش بە زۆری نەک هەر لەسەر عێراق، بگرە لەبارەی هەموو جیهان توانیم لە سەریان بنووسم، ئەوە فەرەنسایە بەریتانیایە ئەڵمانیایە هەوڵم دەدا، بەڵام ئەوانە بە شیعر حیساب نین ئەوانە هۆنراوەن و نەزمن، یەعنی شیعر نینە، شیعری تەعلیمی بوون، بەڵام دوای ئەوە کە گۆڤاری (هەتاو) دەرچوو، پێداهاتم شیعری مەعقوولم لێ بڵاودەکردەوە و لە هەتاویشدا مامۆستا (گیو) گوتی نابێ بنووسی (کەریم مستەفا حەوێزی)، بەڵکو دەبێ ناوەکەت ناوێکی کوردی بێ، جارێک چوومە لای لە بارەی مێژوو، لە بارەی ئەدەبیات هەندێک پرسیاری لێکردم، وەڵامم دایەوە گوتی وەڵڵاهی تۆ شارەزای، ئەی بۆ خۆت ناکەیتە کەریم شارەزا؟ هەزار ڕەحمەتی لێ بێ مامۆستا (گیو) ئەو نازناوەی بۆ دانام و بوومە (کەریم شارەزا).

**رامان:** دەوروبەرەکەی خۆت لەناو ئەو خانەوادەیەی تێیدا پەروەردە بووی، بەتایبەتی تەئسیری برا گەورەکەت مامۆستا ئەحمەد دڵزار لەسەر ئێوە چەندە بۆ ئەوەی زیاتر ڕوو بکەیتە دنیای نووسین و ئەدەبیات؟

**کەریم شارەزا:** من لە بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و شاعیر پەروەردە بووم. لە لایەکی باوکم فارسی زانێکی باش بوو، هەموو داستانەکانی شانامە و ڕۆستەم و زۆراب و ئەسکەندەرنامە و حسێنی کورد و ئەوانەی دەخوێندەوە و ڕاستەوخۆش وەری دەگێڕایە سەر زمانی کوردی، واتە تەنیا ئەو بوو، لە هەمان کاتیشدا کاک ئەحمەد دڵزاری برا گەورەم وەکو هاندەرێک بوو کە لە ماڵدا بەیەکەوە دەژیاین و شیعرەکانیمان لەبەر دەکرد و بۆمان دەنووسییەوە و لە فەوتان ڕزگارمان دەکرد، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، تەنانەت لە سەرەتادا هەندێک ڕێی نیشان دام لە بارەی وەزن و قافیە چ لەسەر

شێوەی کۆن کە عەرووزییە، چ لەسەر شێوەی کێشی پەنجە کە گۆران هێنایەوە مەیدان، ئەوانەی فێر دەکردم، واتە دلزار دەورێکی سەرەکی لە چوونە ناو دنیای ئەدەبم هەبوو، هەروەها لە بنەماڵەی ئێمەدا خاڵی باوکم کە (ئەمیناغای ئەختەر) بوو شاعیرێکی بەدەرەوە بوو، مقام شوناسیش بوو، باپیرمان باپیری بابیشمان (حاجی بەکرئاغا) ئەویش هەر شاعیر بووە. ئێمە لە بنەماڵەیەکی شاعیر و ئەدەب دۆست پەروەردە بووین، ئەوەش هاندەرێک بووە بۆم کە بێمە ناو دنیای ئەدەبەوە.

## ئەوەی بۆ ئافرەتان دەنووسرێت، پێویستە ئافرەتانی ئێمە خۆیانی تێدا بدۆزنەوە

**ڕامان:** ئەی بێجگە لە بنەماڵەکەتان، تەئیسری شارەکەش وەکو شارێکی ناسراو و وەک مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و هونەری تەئسیری چییە؟

**کەریم شارەزا:** شارەکە خۆی شاری ئەدەب و هونەر بوو، شاری کوردایەتی و تێکۆشان بوو، من منداڵ بووم لەپێش باوکم فانووسم هەڵدەگرت و دەچووینە قۆناغی ئاغەکان، بە پێچەوانەی ئاغەکانی شوێنی تر کە باسی دەغڵ و دان و حاساڵاتیان دەکرد، ئەوانەی کۆیە هەریەکەیان باسی شاعیرێکی دەکرد، یەک دەیگوت شێخ ڕەزا لە هەجووی فڵانی وای گوتووە، یەک دەیگوت حاجی قادر خاکی جزیر و بۆتانی وا باس کردووە، ئەو هەموو ئاغەو مەلایانە هەموویان شیعری حاجی قادریان لەبەر بوو، شیعری (سالم)یان دەزانی، شیعری نالی و هەندێکیان تاک تاکە هەبوون کە تەواو شارەزاییان هەبووە. جا ئەو کەشوهەوایە وای کرد ئێمەش ڕوو بکەینە ئەو دنیایە.

**ڕامان:** ئەو وەختەی جەنابت دیوەخان و حوجرە و گازینۆیەکانی دەوروبەری زەمانی گەنجایەتیت لە کۆیە چ بوون؟

**کەریم شارەزا:** لە کۆیە بۆ نموونە، من لەگەڵ باوکم دەچوومە دیوەخانی جەمیلاغای حەوێزی کە جاران قایمقامی کۆیە بوو، دوایەیش نوێنەری کۆیە بوو لە پەرلەمانی عیراق لەوێندەرێ داستانێک دەخوێندرایەوە، یان شیعری شاعیرە گەورەکان، بەکوردی و کوردییەکانیان وەردەگرت، بە فارسی نا، جارجار دێرە فارسییەکیان دەهاویشتە ناوی، بەڵام ناچار بوون تەرجومەی کوردی بکەن، ئەوە دەکرا، دوای ئەوە چایخانەی تر هەبوو وەکو سالۆنی ئەدەبی وا بوو، چایخانەی سەعیدی مەلا ئەحمەد کاتی هاوینان بوو هەموو شەوێ تەمسیلییەکی لێ دەکرا، شانۆگەرییەکی بچکۆلە، تەمسیلییەک پێشکەش دەکرا.

**ڕامان:** وەکو چی ئەگەر لە بیرت مابێ؟

**کەریم شارەزا:** بۆ نموونە یەک لەوانە لەسەر کەرامەتی شێخ بوو، کەشف و کەرامەتی شێخ، یەک لەوانە لەسەر مارەیی ئافرەت بوو کە کچی بە تۆیزی بەمێرد دەدەن، گرووپێکی تەمسیلی تێدابوو، کەمال غەمبار تازە پێدەگەیشت دەستە کوڕ بوو، عەبدولڕەزاق بیمار بوو، واحید حەمەد، تۆفیق ئەحمەدی بەیتار بوو ئەوانە هەموویان تەمسیلییەیان دەکرد، بەڵام لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە جارێک تەمسیلییەکیان کرد، کێش تەمسیلەکەی زیاتر دەکرد ئەکرەم عەبد جاسم. کە دوایی بووە ئەفسەرێکی گەورە و پایەدار.

**ڕامان:** کوڕی عەبد جاسمی؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ کوڕی عەبد جاسمی، چونکە لە کۆیە پەروەردە ببوو، خۆی ناوپشتی کوردایەتی بوو، کورد بوو. ئەوە تەمسیلییەکیان کرد، شێخێکیان هێنا، گوتیان شێخ تۆ چی دەبینی؟ گوتی چاوم لەسەریەک دابنێم عەرش و قورش دەبینم. دنیای دەبینم. ئەوانیش گوتیان باشە بەخێرهاتنیان کرد و ڕایان سپارد گوتیان هەڕوون لە ژوورێ قاپێ برنجی بۆ بێنن لە جیاتی گۆشتەکەی لەسەربی لە بنەوەی دانێن، دوایە کۆمەڵێک برنجی لەسەر بکەن و... هەستان ئەوەیان کرد و بۆیان دانا. گوتی من ناخۆم، ئەوە ئیهانەم دەکەن. گوتیان قوربان، بۆ ناخۆی؟ گوتی گۆشتی تێدا نییە بۆ من ئیهانەیە. ئاخری بە جەنابیان گوت لە قاپێکی تریان کرد گوتیان ئەتۆ عەرش و قورشی دەبینی کەچی لە چەند سانتیمێک قووڵایی بن برنجەکە پارچە گۆشتێک نابینی؟ کەوتنە لێدانی لە هەموو لایەک هەتا ئەو کابرایە لە چایخانە دەرپەڕی هەر تێهەڵدرا. واتە جاران شتی وا دەکرا، بەڵام ئێستا لەو زەمانە ئەوە ناکرێ.

**ڕامان:** خوا تەمەن درێژترت بکات بەوە ناسراوی زاکیرەت زۆر بە هێزە؟

**کەریم شارەزا:** هەرچەندە ئەوەندەی لە بیرمان مابێت دەیڵێم.

**ڕامان:** نوکتەی جوانت پێیە، نوکتەی ئەو دەورو

زەمانەی کۆیە، ئەگەر چەند نوکتەیەکی جوان لە بۆ ڕامان بشێت.

**کەریم شارەزا:** یەک لە نوکتە خۆشەکانی کۆیە، مامۆستا تایەر ئەحمەد حەویزی، لەسەر زاری ئەوەوە ڕووی داوە، جارێکی خەبەر دەدا دەڵێ دەچمە لای خەزووری من، عەبدولڕەحمانی مەلا نەشئەتی، کە مێژووی کۆیەی لە بیرەو ئەویش زانیاری هەیە. دەچێتە لای و پێی دەڵێ قوربان هاتووین هەندێک بابەتی مێژوویت لێ بپرسین. ئەویش نازانێ مێژوو چییە. دەڵێ مێوژی چی؟!. دەڵێ مێژوو واتە قسەی ڕابردوو، شتی کۆن و.. گوتی ئێ دە بنووسە لە ساڵی شەڕەکەی ڕەشید عالی گەیلانی باوکت هاتە لام (ئەحمەد ئاغای باوکی تاهیرە فەندی) گوتی هاتە لام، گوتی جۆتە پێڵاوەکم بدێ تاهیری کوڕم کە مەعاشی وەرگرت لە قەلادزێ بۆت دەنێرێ. گوتی ئێستاش فلسێکی نەدامێ. تاهیرە فەندیش گوتی کردی چەند؟ گوتی (٧٥٠) فلس، گوتی ئەوە (٧٥٠) فلس. پاش سی ساڵ چل ساڵی.. گوتی پرسیاری دیت نییە؟ گوتم ناوەڵڵا. گوتمان لۆ نەتکرد؟ گوتی دەترسێم قەردی دیش بەدەرکەون. هەتا قەردەکان بەدەرنەکەون هەروەکی خۆی بێ باشترە.

**ڕامان:** هەر ئەو وەختە، کەش و هەوای شیعر لە کۆیە ئەوەی ئیشارەتت پێدا، زیاتر چۆن بوو؟

**کەریم شارەزا:** هەندێ کەس هەبوون کە مامۆستای شیعر بوون، ئەمن پێڕانەگەیشتم، چونکە من منداڵ بووم، وەکو حوسێنی، حوسێنی کە ناوی سەید ئەحمەدی شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی، دوای وی مەلا محەمەدی دلاوەر، لە مزگەوتی حەتک بوو، هەتا یەک لەوانە خۆم کە شیعرم دادەنا بۆم دەخوێندەوە، مامۆستای شیعر بوو، هەڵیدەسەنگاند.

**ڕامان:** ئەوە غەیری مامۆستا دلزار؟

**کەریم شارەزا:** ئەوە غەیری مامۆستا دلزار، ئەوە مەلا محەمەدی حەتک کە پێیان دەگوت مەلا محەمەدی دلاوەر، شاعیرێکی زۆر باش بوو کە شیعری فەلسەفی هەیە. شیعرێکی هەیە بەناوی دووربینی ڕۆژی. یەعنی فەلسەفییەکی تەواوە و وجودی و عەبەسییە. ئەوە مامۆستاش بوو، مەلاش بوو. جا ئەوە زۆر ڕێی نیشان دەداین، کە شیعر ئەوها دەبێ و ئەوها نابێ.

**ڕامان:** چیرۆک ئەو وەختە لە کۆیە سەری هەڵدابوو؟

**کەریم شارەزا:** چیرۆک هەر بەشێوەی داستان و حیکایەت دەخوێندرایەوە، کە مەسەلەی چیرۆکی نوێ لەگۆڕێ نەبوو، من لە چلەکان چیرۆکم خوێندەوە لە گەلاوێژ هەر جارەی چیرۆکێکیان وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی، یان هەندێ کەس دایان دەنا، بەم جۆرە چیرۆک وردە وردە پەیدا بوو. عومری شیعر گەلەک کۆنە.

**ڕامان:** ڕادیۆ گەیشتبووە کۆیە؟

**کەریم شارەزا:** ڕادیۆ لە دەوروبەری (٩٣٩- ٩٤٠) گەیشتبووە کۆیە ئێمە قوتابی بووین گەیشتبووینە چواری سەرەتایی، ڕادیۆ هاتبوو بە پاتری تەڕ ئیشی دەکرد. چەرچیان دەکرد بە مەکینەی تایبەتی واتە شەحن دەکرا هەتا بە مەکینەی ئاوێ و بە مەکینەی دیکەی تەولیدی طاقە و شتی وا خەزن دەکرا، ئەو پاترییە تەڕە دادەنرا ئنجا مۆدە مۆدەی چ بوو مۆدەی ڕادیۆی بەرلین بوو، یوونس بەحری دەیدا ئەوروپا.

**ڕامان:** ئەوە لە عیراق؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ، هەرچەندە ئیزگەی عیراق لە سی و شەشەوە دامەزرا، بەڵام لە بۆ (٩٣٩) بەشی کوردی کرایەوە، ئێزگەیەکی سەربەخۆ نەبوو، بەشی کوردی هەبوو، هەتا یەکێک بە منی گوت وەرە ڕادیۆیەک پەیدابووە بە کوردی قسان دەکا، چووین گوێمان لێ ڕاگرت لە کن چایخانەیەک تەبیعی بەشێوەزاری سلێمانی بوو زۆر سەرمان سوڕما.

**ڕامان:** چایخانەکە، هی کێ بوو؟

**کەریم شارەزا:** چایخانەکەی حەمە گەمحان بوو. گەمحان، لە ئێمە گەورەتر بوو.

**ڕامان:** ئەدی وەزعی کوردی نووسین لەو ناوە چۆن بوو؟

**کەریم شارەزا:** کوردی نووسین لە بیستەکانەوە هەبوو، جەمیلاغای حەویزی فارسی دەزانی، کوردیشی دەزانی، بە کوردییەکەی عەرزو حاڵیان بۆ دەنووسی. کتێبی کە دەنووسی بە کوردی بوو، دوایە دادگای کۆیە لە ساڵی (١٩٢٨) یان (١٩٢٩) مارەیی ئافرەتان کە لە مەحکەمەی دەبڕایەوە، بە ئیعتبار دادگای شەرعییە، بە کوردی ئیفادەکە دەنووسرایەوە ئەوە لە (١٩٢٨) و (١٩٢٩). دوایی مامۆستایان بە کوردی نووسیویانە، بەڵام لە هەمووی سەیرتر یەک لە نووسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێرە ناردیتی کە سەردەمێک لە کەرکووک بوو، دوایی معاونەتیان هاتە ئێرە و دەیانەوێ ئاراستەی قوتابخانەی بکەنەوە لە سەرکەپکان و کتێبیان ئاراستەی ئاغای سەرکەپکان کردییە و سورەتیان دایتە مامۆستای خدران کە ئەحمەد حەویز بووە، کە ئێستاش لە ژیاندا ماوە و تەمەنێکی زۆری هەیە، تەمەنی درێژبێ. ئەوە دەڵێن تۆ بووی بە بەڕێوەبەری قوتابخانە لە سەرکەپکان، کە ئەو وەختی



**لەگەڵ سەرجەم قوتابیانی قوتابخانەی دووەمی کۆیە و دوو مامۆستاکەی «عومەر جەلال حەویزی - کۆیە» و «سەعدی جەلال- کەرکووک. لە پایزی (١٩٣٣) لە یەکەم ڕۆژی خوێندندا وەرگیراوە**

برایم ئاغای برا گەورەی عەباس ئاغا سەرۆک عەشیرەتی ئەو وەختی بووە، دوای مەمەند ئاغای بابیان، قائیمقامیش خەبەردەدا و دەڵێ هەندێ ڕەحلە ببەن و قوتابخانەکە لە سەرکەپکان بکەنەوە، ئەوە ساڵی (٩٣٨) بە کوردی ئەو مراسەلاتانە لە ناوچەی کۆیە و دەوروبەری هەر بە کوردی بووە.

**ڕامان:** ئەی تەئسیری بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە یان قوتابخانە و مامۆستایەکانی ئەو زەمانە چ بووە بۆ دروستکردنی ئەو کەش و هەوا ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییە ؟

**کەریم شارەزا:** من لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا بووم ساڵی (٩٤١) شەڕی ڕەشید عالی کوژاندرابۆوە، بەڕێوەبەر لێی پرسیم؟ گوتی کێ بوو لە عیراقدا هەرایەکی خولّقاند و دوایە هەڵات بۆ خۆی چوو بۆ ئێران؟ قوتابییەکان هەموو خۆیان گرت کەس نەیزانی من گوتم: ڕەشید عالی گەیلانی. گوتی ئافەرین تۆ تێدەگەی، چونکە شتەکەی خولّقاند بەناوی عرووبە و دوایی ڕایکرد و هەڵات و خەڵکیشی بەجێهێشت، دواتر شتێکی دیکەش مامۆستا سابیر ئیسماعیل محەمەد، کە ئێستا وەفاتی کردووە لە ساڵی (١٩٧٢)ەوە کتێبێکی پێ بوو کتێبەکە، گۆڤار بوو لێی نووسرا بوو (هیلال) هەتا خوێندمانەوە (الهلال) ئەو هیلالە ڕەسمی کابرایەکی ڕووت و ڕەجاڵی لەسەر بوو کە پارچە قوماشێکی لەخۆ وەرپێچابوو، گوتمان مامۆستا ئەو کابرا سەیدە چییە، گوتی کوڕم ئەوەیە زەعیم و سەرکردەی هیندستان. ئێمەش گوتمان مامۆستا چۆن ئەوە دەتوانی بە ئینگلیز بوێرێ؟ گوتی: کوڕم ئەوە بە شێوازێکی وا خەبات دەکا دەڵێ موقاتەعەی هەموو کەل و پەل و کاڵایەکی بەریتانی بکەن و هەرکەسە پارچە قوماشێکی لەخۆ بپێچی، ئەوانە (٤٠٠- ٥٠٠) ملیۆن کەسن، مانای وایە دەتوانن بەو ڕێگایە بەریتانیا ببەزێنن. ئەوەتان لەبیرنەچێ ئێمە وا تێدەگەیشتین، کە سەرکردە هەر ئەوەیە دەبێ زەبر بە دەست و شیر بەدەست بێ و بە تفەنگ و تۆپ ئیدارە بکات، کەچی ئەو، واتە مامۆستا سابیر بەشێوەیەکی سادە تێی گەیاندین، کە سەرەتای تێکۆشانی میللەتان چۆن بووە، بەڵام بۆ پۆلی شەش، کە ئێمە لە ساڵی (١٩٤٢) چووینە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لەوێ ئەو مامۆستایە کرابووە بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا، ئێمەش بۆ ئەوێ چوو بووین، کە زانستی پۆلی پێنج و شەش نەما، بووە ئەوەلی، کە چووینە ئەوێ ڕۆژێکی مامۆستای بەڕێوەبەر کوڕێکی سوورکەڵەی جوانی لێوەشاوەی هێناو گوتی: «ئەو مامۆستایە هاتووە لە جیاتی من پەروەردەی نیشتمانی و ئەخلاقیتان پێ بڵێ ئەو دەرستان پێ دەڵێت. دایناو گوتی: ناوی ئەوەشیان مامۆستا یوونس دڵدارە، پاش ئەوەی یوونس دڵداری پێ ناساندین هێنای لە پێشەوە لەسەر کورسییەکی دانا، یەکەم جار ویستی قسە بکات، کە قسەی کرد تۆزێک زمانی گیرا، دوایی زمانی کراوە و بووە وتارخوێنێکی ئەوەندە فەسیح و بەلیغ و بەتوانا هەر مەپرسە.

**ڕامان:** ئەوە دڵدار؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ دڵداری شاعیر بۆ ماوەی دوو هەفتان دوو سێ جاران هات.

**ڕامان:** ئەو تەخەروجی کردبوو؟

**کەریم شارەزا:** ئەو جارێ تەخەروجی نەکردبوو، گوتی ئەو هێشتا قوتابییە لە کۆلێژی ماف. ئەوە ساڵی (١٩٤٢) بوو ئەو لە بۆ (١٩٤٤-١٩٤٥) دەرچوو.

**ڕامان:** ئەگەر پەڕەکەی وەرگێڕین ئەو وەختە کەش و هەوای مقامات و گۆرانی و بەزم و ڕەزمی شەوانی کۆیە، یان ڕۆژانی کۆیە، یان ئەو هەموو باخ و ڕەزەی کۆیە، ئەگەر وێنەیەکی جوانمان لە بۆ بکێشی؟

**کەریم شارەزا:** ئێستا دەمەوێ قسەکەی دڵدار تەواو بکەم، ئەوجا مەسەلەی مقامات و ئاهەنگەکانیشتان بۆ باس دەکەم.

**ڕامان:** زۆر باشە.

**کەریم شارەزا:** ئەوەی مامۆستا دڵدار، کە دانیشت تێی گەیاندین گوتی: ڕۆڵە ئێوە گەورەی دوارۆژی ئەم میللەتەن، کوردستان لەسەر دەستی ئێوە پێش دەکەوێت، لەسەر دەستی ئێوە سەربەخۆیی وەردەگرێت، لەسەر

دەستی ئێوە دێتە ڕێزی میللەتان، ئێوە منداڵی ئێستانە و گەنج و پیاوی دواڕۆژن، گەورە پیاوان، سەرکردەکان دوێنێ وەک ئێوە بوون». ئەو قسانە زۆر کاری تێکردین، کە ئێمە زۆر بە جوانی بەرەو کوردایەتی و بەرەو تێکۆشان بچین.

**ڕامان:** ئەو وەختە دڵدار چەپ نەبوو؟

**کەریم شارەزا:** ئەو وەختە دڵدار خۆی سکرتێری گشتی حزبی هیوا بوو. دوای مامۆستا ڕەفیق حلمی، دڵدار دەهات، چونکە دڵدار سکرتێری گشتی بوو. ئەو هات هەموو شتانەی تێگەیاندین و ئێمەش کە چووینەوە ماڵێ، من بە باوکم گوت ڕاستە ئێمە سبەینێ دەبینە گەورەی ئەو میللەتە؟ گوتی: ڕۆڵە ئەو سەرکردە و مەلیک و پاشایانەی کە بووینێ هەروەکی ئێوە منداڵ نەبوون؟

**ڕامان:** ئەو وەختە سروودی ئەی ڕەقیبی دانابوو؟

**کەریم شارەزا:** ئەی ڕەقیبی لە (١٩٤٠) لە کەرکووکێ دانا، کە قوتابی دواناوەندی بوو، بەڵام ئەو ئەی ڕەقیبە بێ ناز کەوت هەتا کۆماری مەهاباد لەوێ ئاوازیان بۆ دانا و دەنگی دایەوە.

**ڕامان:** ئاواز دانەرەکەی کێ بوو؟ مامۆستا وردی دەیگوت ئەمنم؟

**کەریم شارەزا:** نا نەخێر... دەیانگوت یەکێکی ئازربایجانی تەورێزی، یان ئازربایجانی قەفقاسی ڕووسی بووە، کە ئاوازەکەی داناوە لەسەر شێوەی مارش و شتی وا دایناوە.

**ڕامان:** مامۆستا تۆفیق وردی خوالێ خۆشبوو دەیگوت، ئەمن ئاوازی ئەی شەهیدان و ئەو سروودەم داناوە؟

**کەریم شارەزا:** ئەی شەهیدان ئەو دایناوە، ئەوە ڕاستە.

**ڕامان:** دەبێ ڕاست بکرێتەوە؟

**کەریم شارەزا:** ئەی ڕەقیب نەخێر هی ئەو نییە. ئەوانەی هاتبوونەوە، گوتیان یەکێکی ئازربایجانی کە مۆسیقاژەنێکی باش بوو مارشی عەسکەری لێ دەدا لەسەر شێوەی مارش ئەوەی داناوە. ئەوەی لە کەرکووک داندرا کەچی لە شارێکی گرنگی کوردستانی ئێران دەنگی دایەوە، دۆمێلی دانەری مارسلیسی فەرەنسیش لە ساسبرگ داینا، کە سەرۆکی شارەوانی وان پێی دەڵێت شیعرێکی وادابنێ، کە سەربازەکانمان لەناو سەنگەر بتوانن بەرامبەر ئەڵمانەکان بووەستن.

**ڕامان:** لە مارسیلیا سەری هەڵدا؟

**کەریم شارەزا:** وەختەکی متەوەعینی شەڕ لە دژی ئەڵمانیا، کە لە مەرسیلیای دەهاتنە پاریس بەو سروودەیان دەگوت مارسیلیس، دڵداریش لە کەرکووکی دانا، کەچی لە مەهاباد دەنگی دایەوە. ئەوجا ئەو دوو کارە بەراوردی زۆری هەیە.

**ڕامان:** پێت وایە ئەمە بە تەئکید کابرایەکی ئازەرییە؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ ئازەری.. ئازەرییەک دایناوە لەگەڵ ئەوەی کوردیشی زانیوە. هەندێ و شتەکە بە وردی کراو.

**ڕامان:** ئێستا باسێکی حزبی هیوامان لە بۆ بکە لە کۆیە چۆن بوو، ڕمووزەکانی باس بکە؟

**کەریم شارەزا:** من سەردەمی حزبی هیوا ئەو تەمەنەم نەبوو ببمە ئەندام، بەڵام دەمانزانی هەیە، چونکە پاش وی تێگەیشتین لەو برادەرەی، کە هات قسەی بۆ کردین کە دڵدار، سکرتێری حزبێکی گەورەیە پێی دەڵێن هیوا و دەیەوێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێبکۆشێ، ئێمە بووژانەوەیەکمان بە جەستەی داهات و لە هەمان کاتیشدا هەندێک بڵاوکراوەی (ژێ کاف) لە ئێرانەوە دەهاتە ناو کوردستانی ئێرە و تەئسیریان تێدەکردین، کە دەگەیشتە کۆیێ زۆر بە چاکی خەڵکەکە هەست و شعوری گۆڕا بەتایبەتی دوای سوپای سۆڤیەت (لەشکری سوور)، کە چووە باکوری ئێران، گەیشتە مەهاباد و ئەو ناوچانە زەختی شاهنشای لەسەر نەما، ئەو وەختی کوردەکە بووژایەوە، کە بووژایەوە وردە وردە هەوڵیان دا لە (١٦)ی ئەیلوولی (١٩٤٢) حزبی (ژێ کاف) دامەزرێ، کەچی لە بۆ (١٦)ی ئابی (٩٤٥) ئەوەلی حەزیان نەدەکرد قازی محەمەد، داخیل بێ، دەیانگوت بە نفوزە و بەتوانایە داخیل بی دەستەڵات لە ئێمە دەستێنێ بەتایبەتی زەبیحی و ئەوانە زراویان چوو بوو لە قازی محەمەد دەیانگوت ئەو بێتە ناوێ، سەرکردایەتییەکەی بۆ خۆی دەبات. بەڕاستیش کە بووە (١٩٤٥) گوتی: هەتا کەینێ ئێمە هەر بڵێین (ژێ کاف) و ژیانەوە. ئێستا ئێمە ژیاوینەوە پێویستمان بە حزبێکی کوردستانی و دیموکراتی هەیە، ناویان لێنا (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) واتە قازی محەمەد ئەو ناوەی لێنا سکرتێری گشتیش هەڵبژێردرا و ئەو ترسەی کە زەبیحی و ئەوانە هەیانبوو، هاتەدی کە گوتیان ئەو بێتە ناوێ مەعنای وردە وردە حزبەکە بەلای خۆیدا دەبا.

**ڕامان:** وەک تۆ بزانی، بەینی چەپ و نا چەپ لە کۆیە چ ململانێی هەبووە؟

**کەریم شارەزا:** ململانێیەکە زۆر هەستی پێ نەدەکرا چونکە ئەو وەختە ململانێیەکە دەست پێکرا، کە لە

(١٦)ی ئابی (١٩٤٦) پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، ئەوکاتە بووە دوو قوتب لە کۆیە قوتبێکیان ئەوانەی چەپ یەعنی جەماعەتی (عوسمان مستەفا خۆشناو) بوو دوای ئەو حەمە سەعیدی مەلا ئەحمەدی باشوگ و شادی، دوای وی دڵزار، کە لە عەسکەری هاتەوە ئەویش بە گەڕ کەوت، دوای ئەویش ئەنوەر سەید ئەحمەد، کە ئێستاش لە ژیاندا ماوە خوا تەمەنی درێژکا ئەوانە بەرەو چەپ چوون، خەتەکەی دیکە پارتی دیموکراتی کورد. کتێبخانەکیان لەوەو پێشتر کردبۆوە کە جارێ هەر سەردەمی حزبی ڕزگاری لە گۆڕێ بوو، ئەو هەستیشی پێ دەکرد، کە شۆڕش و ڕزگاریش لە کۆیە لقیان هەبوو، چالاکیان هەبوو، پێشی دروستبوونی پارتی دیموکراتی کورد سەرەتا کە دامەزرا بەناوی پارتی دیموکراتی کورد بوو لە کۆنگرەی سێیەم لە مانگی کانوونی دووەمی (١٩٥٣) ناوی حزبەکە گۆڕاو بووە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئۆرگانەکەشی لە ڕزگارییەوە بوو بە خەباتی کوردستان ئەوجا ساڵی (١٩٤٥) هێشتا پارتی ساڵێکی پتر مابوو لە نەورۆزی (١٩٤٥) کە نەورۆزێک کرا لە کۆیە هەستمان پێکرد جەماعەتی ڕزگاری و شۆڕش دەوریان هەبوو دەیانگوت داوا بکەن سەیرانێک بکەن کە سەیرانەکە لە ڕۆژی نەورۆزبێ.

کردمانە سەیران و چووینە شاخی مشکەی، کە بەسەر ڕەزەکانی خاڵە سدیقی دا دەنۆڕیی، باپیری کاک ئازادە سەر ڕەزەکانی جێیەکی زۆر خۆش بوو، لەسەر بەردەکان جێگای شایی هەبوو جێگای کۆڕ هەبوو، یەعنی پایە پایەیی بوو وەکو شانۆ تا نیوەڕۆیێ سەیرانێکی عادەتی بوو، پاش نیوەڕۆیێ ئەوانەی لە شۆڕش و لە ڕزگاری بوون، وردە وردە هاتن شەخسیات هاتن تا پڕ بوو، لە پڕ ڕاست بوونەوە یەکیان وتارەکی دا وتی ئەمڕۆ کە ڕۆژی نەورۆزە و ڕۆژی ئەوەیە کاوە بە چەکووچەکەی شانیەوە سەری زوحاکی پان کردیتەوە. ڕاستیشتان دەوێ حزبە کوردییەکان کردیانە مەسەلەی کاوە و ڕەهەندێکی سیاسییان بۆ ئەوەی بڵێن کورد زوڵم قبووڵ ناکات.

**ڕامان:** کاکە زیاد ئەو وەختە چ دەوری هەبوو؟

**کەریم شارەزا:** کاکە زیاد وەکو ئەو لە (١٩٣١ – ١٩٣٢)ەوە کۆمەڵەی منەوەرانیان دانابوو کە بەشێک بوون لە کۆمەڵەی لاوانی بەغدایێ، کە مامۆستا شاکر فەتاح و حامید فەرەج و دواتر ئیبراهیم ئەحمەد ئەوانە لاوان بوون، بەڵام هی کۆیە خەڵکەکە پێیان دەگوتن منەوەرانی کۆیە، واتە وەک بڵێن ڕۆشنبیرانی کۆیە. کاکە زیاد کوڕێکی خۆشەویست بوو، چونکە خاکەراو بێ فیز بوو لەگەڵ هەموو کەسێک هەڵدەستا و دادەنیشت، بەتایبەتی تاقمێکی گەنج بوون ئەوانە ڕۆحی کوردایەتیان هەبوو.

**ڕامان:** کەش و هەوا و دنیای جوانی مقامات و گۆرانی و بەزم و ڕەزمی کۆییانی ئەو وەختە چۆن بوو؟

**کەریم شارەزا:** کۆیە خۆی ڕووبارێکی بە تەنیشت دادێ، ئەو ڕووبارە یەک ڕێزە باغ و باغاتی لەبەرە، خەڵکەکە تەواوێک بەهۆی واریداتی ئەوە دەژیان و بەهارانیش دەبووە جێگای سەیرانگا و شایی و ڕابواردن و جێی خۆشی، لەوەش دوورتر دەرمـاناوی لێ هەبوو، هەیبەت سوڵتان هەبوو، چنارۆک هەبوو، مەلەک مراد و مەلەک ڕەیحان ئێستا بووینە جێگای خۆشی ئەوان، هەرمۆتەمان هەبوو، تۆبزاوەمان هەبوو ئەو شوێنانە هەموو جێگای خۆشی و ڕابواردن بوون، شایی دەکرا لە هەموو لایەکی زۆر جۆرە مقامات دەگوترا، دوایی تەسەورکەن شەوانی ڕەمەزانێ لە هەر چایخانەیەکی گەورەکان سینی و زەرفانێ دەکرا و دەستەی مقام بێژیشیان دێنا، سێوەیان دێنا هەرچەندە ڕەمەزانە، کەچی مقامبێژی مەسیحیان دێنا، مەلا ئەسعەدیان دەینا، ئەوانە گۆرانییان دەگوت، تایەر تۆفیق جارێ پێ نەگەیبوو، وەکو گەنجێک لە نەورۆزەکەی (٩٤٥) بۆ یەکەم جار «تا دەست لە مل هیوا نەکەم». یەکەمین گۆرانی بوو، کە لە مەولوودان دەریهێنایە سەر شانۆ، واتە کردیە گۆرانی میللەت، جاران تایبەت بوو لە بۆ چەند کەسێک لە دیوەخانی ئاغایەک، یان مەولوود، یا شتێکی ئەوها. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەموو جێگای ئەوەبوو چایخانەکان ئەو شتەی لەوێ بە مقامات دەگوترا، ئەگەر هیچیش نەبووایە یەک لەوانە چایخانەیەک هەبوو کە چایخانەی سمایل بزنیان پێ دەگوت، ئەو فەقیرەی نە مقام بێژی چاکی بوو، نە گۆرانیبێژی عادەتیش، بانگی کردبوو دەهۆڵ و زوڕنایەکیان لێ دەدا هەتا پارشێوێ عالەم و منداڵ لەوێ خڕ دەبوونەوە و چایەکەی سەرف دەبوو، چایخانەکەی گەرم دەکرد، ئەو ڕەگی مقامات کە لە کۆیە هەبووە دەچێتەوە سەر ئەمیناغای ئەختەر سەر لە ئێوارەو عەسرەکە و تا پاش عیشایێ و تا خەڵکەکە دەچووە ماڵان، ئەوە جێگای مونازەرەو و توێژی ئەدەبییان بوو، هەر لە شێخ ڕەزاتەوە تا حاجی قادر، سەردەمێک بوو، شێخ ڕەزا و حاجی قادر بە یەکەوە لە کۆیە نەبووین شێخ ڕەزا درەنگتر هاتیە. هەر لە ئی وەکو هەمزەی بادینی هەبوو پێیان دەگوت هەمزە حیماری، یەکی دیکەش هەبوو بەناوی

مەلکەی موکریانی پێیان دەگوت مەلکە قۆڕ، ئەنواعی شیعری سەیر سەیریان دەگوت و گاڵتەیان پێی دەکرد و ئەگەر هیچیشی نەبا، ئەوجا شێخ ڕەزا دەهاتە مەیدانێ و شەڕە جوێنەکانی خۆی دەست پێدەکرد، ئەوە بەشیعر ڕایان دەبوارد، کە دەبووە نیوەشەو تاقمێ لە مقامبێژی باش یەک لەوانە زەمانی ئەختەری، مەربێنی قەشە شاعیری دوای وی نەشئەتی ڕەشیداغای، کە برازای خۆی بوو ئەو مقامبێژانەی لە کنە خۆی دادەنا مقامی دەگوت، ئەگەر هەڵەیەکیان کردبایە دەیگۆت وە نابێ هەڵەت کرد ئەو مقامە حوسێنییە، ئەوە سێ گایە، ئەوە چارگایە، ئەوە نەهاوەندە، ئەوە بەیاتی کوردە، یان تورکە،..تاد.

**ڕامان:** ئێمەش دەمانەوێ ئەوەت لەگەڵ ساغ بکەینەوە، چونکە زۆر ڕا هەیە ئی کۆییان بەتایبەتی ئەوانەی بەدوای ئەو گۆرانیە جوانەی کە گوایە شیعرەکە هی ئەختەرە، «هەوێ میرێ مە، شلە و خانان ڕای ئێوە»، ئەگەر بکرێ، چونکە زۆر ڕەئی لەو بارەیەوە هەیە؟

**کەریم شارەزا:** ڕەئی من ئەوەیە، کە ئی ئەمیناغاش نییە، چونکە پێش ئەمیناغاش هەبووە ئەوە شیعرێکە لە بۆ سەردەمی میرنشینەکان دەگەڕێتەوە، چونکە دەڵێ هەو هەوێ میرێ مە، کاتێ هێرشیان دەبردە سەر دوژمن، دەڵێ هەوە هەوە میرێ مە لێدە لێدە یەعنی ئەوە تابیعێکی دەوری میرنشینەکانە دەوری بابان دوایی سۆران سەردەمێکی تەواویش لەگەڵ کۆیە بووە، یان حاجی بەکراغای قاسید حەلیفی محەمەد پاشای ڕەواندز بووە جا ئەو نەوعە شتانە دەوریان هەبووە.

**ڕامان:** ئاوازەکە دوور نییە لەسەر دەستی ئەمین ئاغای داندرابێ لەسەر شایی ڕۆیینەش دەگوترێ، شایی ڕۆیینە شاییەکە لە بۆ بازرگانەکان و دەوڵەمەندەکانە هەتا دەڕواتن ڕاست دەڕوا ناسووڕێتەوە، مومکینە بەدرێژایی جادەکەدا دەڕوا کو درێژە ئەوها دەڕواو لەسەرەخۆشە، جەبارە و جەبارەش هەبوو، جەبارە و جەبارە جەبارەی نەورۆزێ چەندە قیت و قۆزی لەبرۆیان ئارۆزی، ئەوانە ئەو سەروبەندە کۆنانەیە، کە لە دەوری ئەمارات و شتی ئەوهایە ئەوجا لە دەوری ئەمیناغا دوور نییە شلەوخانان ئاواز و ئیقاعەکە ئەو داینابی، یان دەوری وی داندرابێ؟

**کەریم شارەزا:** ئەختەر خۆی، چونکە ئیقاعات و شتی هەمووی دەزانی. هەموو تەبەقاتەکانی دەزانی.

**ڕامان:** یەعنی بەمتمانەوە دەڵێیی ئی ئەختەرە؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ.. ئاوازەکە ئی ئەختەرە، بەڵام شیعرەکە ئی ئەو نییە.



**دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی (الربیع) لە قەزای شەترە-ی پارێزگای (ناسریە).. (١٩٦٢/٤/٢٢)**

**ڕامان:** وەک نووسەرێکی خاوەن ئەزموون، ڕەئی هەیە دەڵێن ئەدەبی ژنان هەیە ئەدەبی پیاوان هەیە شتی وا لای جەنابت هەیە... نازانم؟

**کەریم شارەزا:** بەڕای من هیچ ئەدەبێک نییە پێی بڵێن ئەدەبی ئافرەتان بە تەنیا، یان ئەدەبی پیاوان بە تەنیا، بەڵکو ئەدەبی مرۆڤی کورد هەیە، واتە کورد پێویستە ئەو پێوانەیە نەکات بەڕای من ئەوانەی هەوڵ دەدەن، ئەدەبی ئافرەتان جیابکەنەوە واتە لە پایەی ئافرەت کەم دەکەنەوە، چونکە ئافرەتیش مرۆڤێکە شان بە شانی پیاو. ئەو سەرکردەیە، ئەویش سەرکردەیە، ئەو وەزیرە، ئەویش وەزیرە.

**ڕامان:** ئەوەی ئافرەت دەینووسێت جیایە لەو کەش و هەوایەی کە پیاو دەینووسێت؟

**کەریم شارەزا:** ڕاستە من دەڵێم کامەیان دەینووسێت بۆ نموونە: ئەگەر پیاو دەینووسی بە فکرەکی نێرینە دەینووسێت. ئەوەی ئافرەتیش دەینووسێ بەفکرەکی مێینە دەینووسێت و زیاتر لە مافی خۆی تێدەگات، چونکە یەک لەو شاعیرانە لەوانە مهاباد قەرەداغی و ئەوانە خۆیان دەڵێن: «کەس هەندی ئافرەت لە کێشەی خۆی نازانێت هەر خۆی دەبێت قسە لە کێشەکانی خۆی بکات»

**ڕامان:** کەواتە دەبێ ئەو ناوەی ئەدەبی ژنان و ئەدەبی پیاوانی لێ بنێیت؟

**کەریم شارەزا:** نا، ئێستا ئەوانە هەمووی ئەدەبی کوردین، بەڵام بۆ نموونە هەیە ئافرەت دایدەنێ بە تەبیعەتی حاڵ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئێمە ناتوانین بڵێین ئەدەبی ئافرەتان و ئەدەبی پیاوان ئەوە بەڕای من

ڕاست نییە، چونکە هەریەک ئەدەبە، بەڵام ئافرەت بەسۆزی خۆی دەنووسێت، وا چاکە ئافرەت خۆی تێدا ببینێتەوە، کە دەبینی لە کێشەی خۆی و لە هەموو ئێش و ئازارەکانی خۆی دەدوێ لە خوێندنەوەکەی تێیی بگەیت و بڵێی ئەوە دیارە ئافرەتە. ئێستا بۆ نموونە ئەوەی نەوال سەعداوی دەینووسێت خۆت دەزانی لە کێشەی ئافرەت دەدوێ، مانای وایە خۆی ئافرەتە ئەمە وەکی ئەوەیە بڵێین پیاو بۆ منداڵان بنووسێت قەت باش دەرناچێت، تەنیا ئەوەی زانستی دەروونی زۆری خوێندبێتەوە خۆی دێنێتە ئاستی منداڵ هێشتا نایگاتێ و هەوڵ بدرێ منداڵ چی بەمێشک دادێ بابینووسێت، با پێنج شەش دێڕ بێت باشترە خۆی بینووسێت، نەک یەکێک لە جیاتی ئەو بۆی بنووسێت.

**ڕامان:** واتە ئەو کێشەیە لەلای جەنابت بڕایەوە؟

**کەریم شارەزا:** ئێستا وای لێهاتووە جیاوازی نەماوە بۆ نموونە سەردەمێک یەک لەوانە یادی بەخێربێت کۆچی دوایی کردووە، خوالێی خۆشبێت کاکەی فەلاح هەموو جارێ بەناوی ڕووناک محەمەد و بەناوی کچەکەی شیعری دەنووسی ئەوجا دەیانگوت کورد ئەو شاعیرە بەرزەی لە ئافرەتاندا هەیە لە دوایێ دەرچوو کاکەی فەلاح خۆی بەناوی کچەکەی دەیاننووسێ. جاران، چونکە کچ نەدەهاتە مەیدان بنووسێت، بەڵام ئێستا دەنووسێت و دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی خەمەکانی خۆی دەربڕێت. واتە بێتە ڕیزی پیاوان.

**ڕامان:** تۆ شیعرت نووسیوە، بەڵام لەناو عەمودی شیعر دەرنەچووی واتە شیعری عەمودیت نووسیوە و زۆریشی کراوەتە گۆرانی و سروود لەو لاشەوە کتێبت هەیە لەسەر پەندی کوردی و بەراوردت کردووە بە پەندی ئینگلیزی، کەچی لەجیاتی ئەوەی بە دیدێکی نوێ هەڵس و کەوت لەگەڵ شیعر بکەی، بەڵام لە نووسین، وەکو ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیرانی، وەکو سەلاح شوان و جەلالی میرزا کەریم و سەلام محەمەد و جەمال شارباژێڕی و ئەوانە دەنووسی و ئەمە جۆرێک لە تەحەفوز نییە لەلای جەنابت؟

**کەریم شارەزا:** شیعری عەمودیم داناوەو شیعری سەربەستم هەیە و ئێستا ئەو شیعرانەی نووسیتم بە تایبەتی لەماوەی شەڕی برا کوژی و ئادار و ئەوانە هەموو شیعری نوێنە و هیچی ستوونی نیین، واتە مەبەست ئەو شتانەم نییە و خەریکیش بوومە، ئەو ماوەیە هەر بەلایەنی کەمەوە نەمتوانیوە کۆمەڵەیەکی لەو جۆرە شیعرانە بڵاوبکەمەوە، بەڵام ڕاستییت دەوێ من لە زووەوە تەبیعەتێکم هەیە و هەر زوو کەشفیان کردم، کە دەمەوێ لە هەموو بوارێکی زانیارییەکم هەبێت؛ زانیارییەکی ئینسکلۆپیدی بچکۆڵە، واتە ئەوەندە بەرفرەوان نەبێت، ئەوجا دەتوانی تایبەتمەندی وەرگری. هەیە، بەس خەریکی شیعر دەبێت، هەیە خەریکی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەش دەبێت. من لەپاش شاعیرییەکەی خۆم کەوتمە سەر مێژووی ئەدەبیش، پاشان سەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن. ئەوجا دەستم پێکرد، واتە وردە وردە ئێستا هاتمە سەر شاعیرە نوێیەکانیش لەسەریان دەنووسم و لەو دواییەشدا پرۆژەیەکم بە دەستەوەیە لەسەر (جەمیل ڕەنجبەر) بە دوور و درێژی لە بارەیەوە بنووسم. بەڕاستی شاعیرێکی مەغدوورە، چونکە شیعرەکانی زۆر زۆر تایبەتمەند و فیکری و ناسکن. واتە دەتوانم بڵێم لە ئاستی (جەلالی میرزا کەریم)ە و نزیکە بیگاتێ، ئەو تەمەنی هەندە نەبوو ئەگەر زیاتر لەو (٣٢)ساڵەی تەمەنی ژیابا داهێنانی لەوانە بوو لە گەلێک لە شاعیران زیاتر دەبوو.

**ڕامان:** ئێستا شیعرەکانت زیاتر لیریکییە، واتە تۆ خۆت دەینووسی لە بۆ ئەوەی ئاوازی بۆ دابنرێ و بکرێ بە گۆرانی؟

**کەریم شارەزا:** بێگومان ئەوە سەردەمێ وابوو، بەڵام بەڕای من ئێستا زۆر زیاتر ڕام لێیانە، لە شیعرە لیریکییەکان و لە شیعرە سیاسییەکان، چونکە شیعری سیاسی بە تەبیعەتی حاڵ بەرەو تەنکاویی دەڕوات، واتە تەنیا وەکو ئەو شتانەیە، کە بچێ بە جۆرێکی مەجازی بنووسێ لە چوارچێوەی شیعرەکەی ئاماژەیەکی سیاسیی تێدا نییە، دەبێ بەو جۆرەی بێت، بەڵام مەسەلەی غینائییەتە کە یەک پارچەیە، ئێستا من سەردەمێکی لە (١٩٥٦) چەند ساڵێک بوو شیعرم دادەنا لە چنارۆک بووم لە هاوینە هەوارەکەی تەماشام کرد ڕۆژ ئەوە لەلای قەندیلەوە هەڵدێت وەسفی ئەو ڕۆژ هەڵاتنەم کردووە:

**لێواری زەریای ئاسمانی زیوین**
**ماچ ئەکا کولمی ئاسۆگەی خوێنین**
**سەرپۆشی کێوان**
**بە پرشنگی جوان**
**چەشنی ئەرخەوان**
**پەمەیی تەرزە جوان و دڵگیرە**
**لەم جێگە بەرزە ڕاکێشی بیرە**

**ڕامان:** قسە قسە ڕادەکێشێت، خاسیەتەکانی شیعری لیریکی هی گۆرانی، چییە لەلای ئێوە؟

**کەریم شارەزا:** واتە ئەوەی لایەنی شیعر زیاتر پێویستە یەکەمیان سۆز، دووەمیان هەست، سێیەمیان ئەندێشەی قووڵ، چوارەمیان جوانی و پێویستە ستاتیکا و زانستی جوانناسی تێدا بێت.

**رامان:** ئەی لە شیعری گۆرانی؟

**کەریم شارەزا:** لە شیعری گۆرانی و لە هەموو شیعرێکی دی ئەوجا حەز دەکا لە شیعرە هەجووەکانی شێخ رەزای دەبینی وای داناوە، لەو شتە ناخۆشەی، جوانی دروست بووە.

**رامان:** خاسیەتی شیعری گۆرانی بۆ ئەو گەنجانە تا لە تەجرەبەی ئێوە سوود وەرگرن، چونکە کەمن ئەوانەی شیعری گۆرانی دەنووسن، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئێوە سەرامەدن لەگەڵ چەند کەسانی وەک سەرکەوت و بێلاف و، خورماڵی شیعری گۆرانی دەنووسن و جوانیشی دەنووسن، خاسیەتی شیعری گۆرانی، وەکو ئاماژەت بۆ کرد سۆزە، هەستە، جوانییە، ئەندێشەیە..تاد.

**کەریم شارەزا:** ئەوجا یەک لە سیفەتی ئەو جۆرە شیعرە ناوی کەسی تێدا نییە، دوای ئەوەش زەمانیش کاری تێناکات، واتە سەردەمێک پێوەندی بە زەمەنەوە نەبێت مەکانیشی تێدا نەبێت، بەڵام جاری وا هەیە جێگاکە جوان دەکات بە تایبەتی ئەگەر لە گوڵزارێکت گوتبێت، واتە قەیدی ناکا شوێنی تێدا بێت.

**رامان:** بۆ ئەوەی نەمرێت؟

**کەریم شارەزا:** دواتر باشترین شیعرێ کە بمێنێت لە بۆ چییە؟ دیارە لەسەر خۆشەویستی، لەسەر رق لێبوونەوە، لەسەر جوانی، لەسەر ئافرەت، لەسەر دەشت و دەر، لەسەر ئەو شتانەی بەرائەتی تێدایە و شتی ئاساییە، ئەوانە بنووسی واتە هەتا دنیا دنیایە لە قیمەتی خۆی ناکەوێت.

**رامان:** گیانەکەم فاتم؟

**کەریم شارەزا:** ئێستا گیانەکەم فاتم، فاتمەکە گشتییە واتە شتێکی دیاریکراو نییە، ئەگەر راستیت دەوێ، وەک بەرامبەرکردن شیعرەکەی من لە شیعرەکەی ئەحمەد هەردی بەهێزتر نییە، کە گیانەکەم ست فاتیمەیە لە کوردی (ست و مت) نییە زیاتر ئێمە دەڵێین فاتم، ئامین ئەوجا بەجۆرە سادەکەی ئەوی من لە سەرەتای شاعیرییەتیشم بوو و لە شیعرە هەرە کۆنەکانمە، لە دەوری شیعرە زووەکانە، مەرج نییە هەموو کاتێکیش ئەو فاتیمەیە هەبێ.

**رامان:** مامۆستا خاسیەتێکی دی شیعری گۆرانی دواندنی گوێچکەیە زیاتر، لەبەر ئەوە زۆرجار لە هەڵبژاردنی وشەش دەبێ سەلاسەت و رەوانی و ئاسانی تێدابێ و تێی بگەیت؟

**کەریم شارەزا:** یەک شت هەیە لە شیعر بەگشتی و بەتایبەتی لە شیعری گۆرانی، واتە هیچ شتێکی لەو جۆرە نییە بڵێی ئەو وشەیە شیعرییە و ئەوە نا شیعرییە، بەڵکو هونەر و وەستاییەکەی شاعیر جوانی دەکات، واتە بۆ نموونە بەرمیل، تەنەکە بڵێی ئەوە دەست نادا بۆ شیعر.

**رامان:** مەبەستت رەوانییە لە زمان؟

**کەریم شارەزا:** نەخێر.. چۆنیەتی هۆنینەوەکەی (حبکە)، جوانی پێدەبەخشێت، کەواتە هیچ وشەیەک نییە بڵێین ئەوە شیعرییە و ئەوە نا شیعرییە.

## لەچاو قەوارە و قەبارەی گەلێک زیاترمان کردووە

**رامان:** تۆ لەسەر ئەو شاعیرانەت نووسیوە لە پاش سالانی حەفتا دەرکەوتن، وەکو شاعیری نوێخواز، هەروەها تۆ نوێکاریش بەکاردێنی بۆ (جەلالی میرزا کەریم) واتە حەزت کردووە شاعیرێک بی لەو ئاستانەدا شیعر بنووسی، واتە پێت خۆش بوو؟

**کەریم شارەزا:** من ئایا خۆم حەز دەکەم هەندێ شیعرم هەیە، ئەگەر لەلام بایە ئێستا بۆم خوێندبانەوە نزیکە لە ئاستی ئەوانە. من کەم بلاودەکەمەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەش پێویستە جیاوازی لەنێوان نوێخواز و نوێکار بکەین. زۆر کەس دەڵێ من نوێخوازم، کەچی تەماشا دەکەی شیعرەکەی چ نوێ نییە جوینەوە و گوتراوە، کە دەڵێی نوێکار واتە کارەکە و داهێنانەکەت شتێکی نوێی پەیدا کردووە، شتێکی نوێی دروست کردووە، ئەوەیە نوێکار. جا بۆیە من جەخت لەسەر نوێکارەکە دەکەمەوە و دەمەوێ شاعیر نوێکار بێت نەک نوێخواز.

**رامان:** ئەو زاراوانەت زۆر بەکارهێناوە و جیات کردۆتەوە. ئەوجا لە یەکێک لە وتارەکانتدا، کە لە بارەی جەلالی میرزا کەریم نووسیوتە و باسی ئەوە دەکەیت، کە یەکێک لەو شاعیرە بەرچاو روونانەیە، بەرچاو روونییەکەش مەبەستت تەنزیرە؟

**کەریم شارەزا:** نەخێر... بەرچاو روون، واتە وەک

ئەوەی گەشبینە نەک ڕەشبین و شتی وا.

**ڕامان:** مەبەست نوقڵانە لێدانە بۆ پاشەڕۆژێکی ڕووناک؟

**کەریم شارەزا:** پاشەڕۆژی گەشە و کورد دەگاتە ئەنجام، بەڵام شتی جوانیشی هەیە، کە دەڵێ واتێبگەین ئەو مافەی (١١)ی ئادار درا ئەوە شتێکە لەناو گەرووی نەهەنگ دایە، واتە هەندە بە ئاسانی نایەتە دەستت.

**ڕامان:** یاقووتێکە لە قوڕگی نەهەنگدایە؟

**کەریم شارەزا:** یاقووتێکە لەناو گەرووی نەهەنگ و..

**ڕامان:** ڕا هەیە لەسەر جەلالی میرزا کەریم، کە لە شاعیرە هەرە چاکەکانە لە زەنگی مۆسیقایی؟

**کەریم شارەزا:** ئەمە ڕاستە و من ئەو هەقەم پێداوە و لە شاعیرە هەرە بەرزەکانە، دەتوانین بیکەینە پێوانە، ئێستا بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی زۆر چاکە و لە ڕیزی پێشەوەیە و لەتیف هەڵمەت زۆر باشە، بەڵام شێرکۆ ئێستا ناو بەناو شیعر دادەنێ لێی دەپرسی دەڵێی ئەوە شیعرە، دەڵێت نەخێر ئەوە شیعر ئامێزە، واتە واش نەبێت بە پلەیەکی یەکجار بەرهەڵدایی و شتی وا، بەڵکو زیاتر بەهای بداتێ هەرچەندە ئێستاش شێرکۆ بەهێزییەکەی خۆی نەدۆڕاندووە.

**ڕامان:** ئەو هەستە مۆسیقییە لە شیعردا هەیە؟

**کەریم شارەزا:** ئەوەندە باوەڕم بەوەی نییە، کە یەکجار بەرەڵڵا بکرێت، پێویستە ئیقاعەکەت هەبێت، چونکە ئیقاعەکە جوانیەکەت بۆ دەخولقێنێ، واتە ئێستا کە هەندێ جاران لەکۆتاییەکانی چەند دێڕێک قافیەی وەکی یەک دێتەوە و خۆش دەبێت، دەبینی جوانییەکی بەخشیوە، کە من شتێک لەسەر خۆشەویستی کوردستان، نووسیومە:

**مرۆڤی کورد ڕۆژێک دادێ مانگی دەستکرد بفڕێ بەناو گوڵزارەکانی گەردوونا**

**بچێ بۆمان خونچەی هەزاران بیری ورد دەڵێم ڕاستە کورد زیندووە و باوەڕ دەکەم**

باوەڕم کرد، کەچی هەرگیز باوەڕ ناکەم، ئەگەر بڵێن خۆشەویستی کوردستانت لە دڵدا مرد قافیەکانیشی هەیە، زەنگەکەی، جوانییەکەی پێ دەبەخشێ، واتە دەڵێم باوەڕم بەوەیە کورد هەتا مانگی دەستکرد دروست کات، کە ئەوە پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە، بەڵام باوەڕ ناکەم خۆشەویستی کوردستان لە دڵی خەڵکی دەربچێت.

**ڕامان:** لەگەڵ ڕۆمانی پۆلیسی لەچیدایت؟

**کەریم شارەزا:** لە ڕاستیدا سەردەمێکی زوو، کە گەنج بووم کە تازە قوتابی بووم زۆر سوودم لەوانەی مۆریس لە بلان و ئارسین لۆپیل و ئەوانە وەردەگرت لە دواییدا ئامۆژگارییان کردم گوتیان باش نییە ئەوە مرۆڤ بەرەو شتی پۆلیسی و بەرەو خراپە دەبات، وازم لێ هێنا، بەڵام زۆر بە شێوەیەکی هونەرییان ڕێک خستبوو، خەیاڵی جوانیشیان هاوێشتبووە ناوێ، واتە پێی سەرسام بووم، بەڵام ئێستا بێگومان ئەو شتە نەماوە.

**ڕامان:** لەگەڵ ڕۆمانی زانستی؟

**کەریم شارەزا:** ڕۆمانی خەیاڵی زانستیش زۆر نایابە.

**ڕامان:** لە وانەی لەبەرچاوت بێت؟

**کەریم شارەزا:** لەوانە (ريح ليل القمر) بە خەیاڵ چۆن بۆت دەخولقێنێ هەتا تەکنەلۆژیای نوێ لە خەیاڵی زانستی کۆندا هەبووە بۆ نموونە دەڵێت پاشای هیندستان ویستی کچی بە مێرد بدات، ڕایگەیاند کێ دێتە پێش؟ سێ کەس چوونە پێشێ موعاناتیان بڵێن یەکیان گوتی: من دەزانم لەکێندەرێیە، بیربکەمەوە دەزانم، ئەوەی دووەم گوتی من ئامێرێکم هەیە دەیگەمێ- کۆپتەرەکەیە، ئەوەی دیکە گوتی: من دەتوانم ڕزگاری بکەم، ئەوجا هەستان چوونە لای پاشا و کە چوون دەبینن لە چیای هیمالایا لە جێیەکی گیرکرایە، کچەیان دەرهێنا و هێنایانە لای باوکی دایانا. باوکی بیداتە کێ؟ دەڵێت لە کۆتاییدا ناچاربوو بیداتە ئەوەی کە ڕزگاری کردووە هێزی چەکدارە، نوێنەرایەتی هێزی چەکداری لەسەرە. ئەوەی یەکەمیان زانای بیردۆزییە و دەڵێت ئەو شتە وایە و چی لەدەست نایە. ئەویدیکەش زانای تەکنەلۆژییە و خەیاڵی زانستیش ئەمەی دواییانی تێدایە.

**ڕامان:** پێت وایە ئەوە لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا لە کوردستان، لەناو ئەدەبی کوردیدا ئەو جۆرە ڕۆمانە دروست ببێت؟

**کەریم شارەزا:** بێگومان ئەوەی، کە پێوەندی بە ڕۆشنبیری جیهانییەوە هەبێت بەرەو جیهانگەرایی بچێ شتی زانستی زۆر بخوێنێتەوە بۆی هەیە ئەوانە هەمووی لە ڕۆمانێکی خەیاڵی زانستی تەوزیف بکا.

**ڕامان:** پێت وایە ئەمە شتێکی چاکە، ئەگەر لە ئەدەبی کوردیدا سەرهەڵبدات؟

**کەریم شارەزا:** زۆر باشە ئەوە بۆ کردنەوەی بیروهۆشی مرۆڤ بۆ ئەوەی مێشکی زیاتر بڕوات، وەک ئەوەیە تۆ زۆر مەسەلەی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتت پێ شتێکی گرنگە، بەڵام دەبێ بشزانی، کە فکری مرۆڤ ئەمەی دروست کردووە، واتە مێشک و هۆشی مرۆڤەکە لە کۆمپیوتەرەکەی بەرزترە، کەواتە مرۆڤ بۆی هەیە هەموو شتێک بکات.



دڵزار-ی شاعیر و کەریم شارەزا و منداڵەکانیان
کۆیە - ١٩٦٢/٦/٢٩

**ڕامان:** ئەدی لە ڕۆمانی کلاسیکی جیهانی؟
**کەریم شارەزا:** بێگومان هۆگۆلە (کلۆڵەکان)دا، وەک گۆتێ شتی جوانیان هەیە.
**ڕامان:** واتە بەینت خۆشە لەگەڵ ئەوانە؟
**کەریم شارەزا:** زۆر.
**ڕامان:** بەردەوامیت لە خوێندنەوەی ڕۆمان؟
**کەریم شارەزا:** بەپێی توانا.
**ڕامان:** چەند سوودت لێیان بینیوە؟
**کەریم شارەزا:** سوودم لێیان بینیوە بۆ بیرفراوانی، بۆ بەراوردکاری. من تەبیعەتەکم هەیە، کە شتێکی بیانی دەخوێنمەوە بیردەکەمەوە و دێم بزانم بۆ کوردی دەست دەدا کە بیهێنمە ئێرە و وەری بگرن، ناشمەوێ بە هەمان جل و بەرگ بێت، دەمەوێ بەشێوەیەکی دی بیهێنم، چونکە چ ئەفسانە بێت چ ئەو جۆرە خەیاڵانە بێت، کە دەیهێنی، ئەگەر کاربۆنی بێت دەبێتە دزی.
**ڕامان:** چ هەوڵی ڕۆمانت هەیە؟
**کەریم شارەزا:** نەخێر، بەڵام ئیشم بەس لە سەربردەی ژیانی خمم لە شێوەی ڕۆمان و چیرۆک نووسیتم. بەسەرهاتی ژیانم یەکەم جارە کە چۆن هاتووم واتە یەک لە شتە سەیرەکان ئەوەیە، کە یەکەم جاری خۆم ناسیوە و لەگەڵ کوڕەکانی گەڕەکێ هاتم بابم چونکە کۆنە ئاغا بووە دەیگوت دەبی کوڕی من کەوای لەبەر بێت؛ کەوا درێژ و شۆڕ و شتی وا، وەکو بازرگانەکان، وەکو ئاغەکان. ئەو دەستووره لەناو ئاغەکانی کورد و لەناو جوولەکەکان باوبوو، منیش جارێک لەگەڵ منداڵان چوومە بن لەیلووگان و کەیفی خۆم کرد و گوتم ئەرێ بۆ نەچمەوە خۆ پێدەزانم گەڕامەوە لە ڕێگە منداڵ ڕێیان لێ گرتم، لێدە وتیان ئەوە کوڕە جوولەکەیە، چونکە بە جل و بەرگەکەم جیاوازیم هەبوو هەموو منداڵێک کورتەک و شەرواڵی لەبەربوو، ڕانک و چۆغە پەیدانە ببوو، بەڵام هی من لەناو خەڵکی شاز بوو، من لەناو هەموو کوڕەکان کەوام لەبەربوو.
**ڕامان:** ڕەسمت ماوە بە کەواوە؟
**کەریم شارەزا:** پێش چوونە قوتابخانەم بوو گەلێک زوو بوو.. گەلێکیان لێدام و قۆڵی چاکەتەکەیان دەرهێنام و کڵاوەکەیان فڕاندم و منیش بە گریانەوە لەگەڵ جیرانەکمان، کە منی بردەوە چوومەوە ماڵێ. دایکم زۆر مشەوەش بوو، دوایی بابیشم گوتی ئەوە کێ لێی داوە دراوسێکەمان گوتی تۆ لێت داوە. گوتی بۆچی من خۆ نەمدیتووە، گوتی کەوای شۆڕی بۆ دەکەی وەکو منداڵی خەڵکی کورتەک و شەرواڵەکی باشی بۆ بکە و بڕایەوە. هەر بیری کردەوە و گوتی ئەو جارە کورتەک و شەرواڵی بۆ دەکەم، کە وای گوت لە خۆشیان خەنی بووم.
**ڕامان:** تەمەنت چەند بوو؟
**کەریم شارەزا:** سێ چوار ساڵ بووم.
**ڕامان:** نانا بچووکی.. یەکەم دڵداریت مامۆستا لە کۆیە بوو، یان لە دەرەوەی کۆیە بوو؟
**کەریم شارەزا:** ئەگەر ڕاستیت دەوێ دڵداری ڕاستەقینەم نەکردووە.
**ڕامان:** ئەدی چۆنە هەروا دڵتەڕ دیاری؟
**کەریم شارەزا:** جا ئەوە خەیاڵییە ئەو شتانە دەکەم. لەو ڕۆژانە شتێکم بڵاوکردەوە دێ و نایێ واتە هەموو شتێکی دڵدارییە و دەڵێم ئەگەر بێ ئەوە ئەمن دەژیم، ئەگەر نەشیەت ئەوە نەماوم و مردووم.
**ڕامان:** واتە قەت دڵداریت نەکردووە؟
**کەریم شارەزا:** نەمکردووە بەس هاوسەرەکەم لە شاییەکی دیتم زۆرم لەلا قۆز و جوان بوو، پاش چەند ساڵان بیرم لێ کردەوە، کە هەر دەیانگوت ژنێ بینە لە دواییدا گوتم ئەوم دیتیە و ڕام لێیە. ئەویش دوور بە دووری، ئەوەی ئێستا کە هاوسەرمە.
**ڕامان:** ئەوە دڵدارییەکە بووە؟
**کەریم شارەزا:** ئەوەندە زیاتر چی دیم نەبووە.

**ڕامان:** گرنگە؟

**کەریم شارەزا:** ئاخر وەکو ئەو بەزمەی نییە چاوشارکێ و پێچ و پەنا و ئەولا و ئەولام نەبووە دیتم شۆخ و شەنگ و ڕێک و پێک بووە، داوام کرد.

**ڕامان:** واتە (لە کونی پەنجەرەی خۆی دا نیشانم) ئەوانە نییە؟

**کەریم شارەزا:** نا نا ئەو پەنایانە نەبووە.

**ڕامان:** زۆر چاکە.. مامۆستا جەنابت لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بەناوی مەنهەجی نوێی ڕەخنەوە دەنووسرێن؟

**کەریم شارەزا:** دەخوێنمەوە، بەڵام هەتا ئێستا خووم نەدایتە مەسەلەی بونیەوییەت و هێڵ و هاوکێشە و ئەوانەم نەکردووە.

**ڕامان:** واتە بەبێ پێچ و پەنا ڕات چییە بەرامبەریان؟

**کەریم شارەزا:** بۆچوونم ئەوەیە، چونکە مامۆستا بووم هەردەم ئەوەی دەینووسم حەز دەکەم بەرامبەرم لەسەداسەد تێم بگا، ئەوجا لەبەر ئەوەی خۆم لەوەنە داوە زمانی کوردی ئەوەیە، کە گۆتت ئاو واتە ئاو، کە گۆتت بەرد واتە بەرد.

**ڕامان:** بڕوات بە واقیعیەت هەیە؟

**کەریم شارەزا:** بە هۆی واقیعیەتەوە دەتوانی لە ڕێگایەوە، چونکە هەموو شیعرێک، ئەگەر ڕۆمانسیەتی تێکەڵ نەکەیت، تامی نابێت دەبێتە فۆتۆگرافی، بەلای بنیەویەت و ئەو شتانەدا نەچووم و هەندە خووم نەداوەتێ، بەڵام ئێستا دەتوانم بەدواتەرزی شیکردنەوەی ئەفسانەدا بچم لەناو شیعردا، لە فەرەنسا، گوتیان ئێمە چووین شیعری قژکاڵی لیو ئاڵی پرشنگی نیگاکاڵی گۆرانمان وەرگێڕا گوتیان ئەوە شتێکی سروشتییە هەموو کچەکی فەرەنسی قژکاڵە و هەمووشی لێوی ئاڵە و چاویشی کاڵە و جوانە و ئاساییە، گوتی ئێمە دەمانەوێ ئەفسانەی تێدا بێت، شتی خارقی تێدابێت. جا بۆیە ڕۆلان بارت دەڵێت: «باشترین شیعر ئەوەیە یان بە جۆرێکی دی دابڕێژیەوە جا چ پۆزەتیڤ چ نەگەتیف، یان ئەفسانەیەکی نوێ بخوڵقێنی».

**ڕامان:** ئێمە میتۆلۆژیای کوردیمان هەیە، ئێمە ئەفسانە و داستانمان هەیە، یان نییە؟

**کەریم شارەزا:** هەمانە ئەفسانەی تایبەت بە کوردمان هەیە لەسەر بنەمای زەردەشتی هێزی چاکە و هێزی خراپە و ئەوجا هێزی خراپەچی لێ دەبێتەوە، دێوی لێ دەبێتەوە، ئەجندەی لێ دەبێتەوە، عەفریتی لێ دەردێت. عەفریت لەلای ئێمە بەکاری ناهێنین.

**ڕامان:** جیاوازی نێوان ئەفسانە و داستان؟

**کەریم شارەزا:** داستان بریتییە لە خارق واتە ئازایەتی و شتی وا مەلحەمە، قارەمانەتییە، داستانی دڵدارییە، ئەوجا ئەوانەی، کە بەلاوک دەیڵێین هەمووی لە مەلحەمە درێژترن.

**ڕامان:** ئەفسانە کۆنترە، یان داستان؟

**کەریم شارەزا:** ئەفسانە زۆر زۆر کۆنترە هەر لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ و فامکردنی ئیدی هەرشتێکی دیتیتی و لێی ترساوە باوەڕی پێی هێناوە. سەردەمێک واتە بروسکە لەزەوی دەدا دەیگوت ئەوە خوامە، ئەستێرە هەڵاتییە گوتویەتی ئەوە خوامە. بای داوەتەوە سەر ئەوەی سەردەمێکی تەوتەمی، تەوتەمیزم پەیدا بوو بۆ نموونە دەبینی ژنێک مێردی کردووە لە پڕ گورگێک تێدەپەڕی ها گورگە گورگە دواتر هەست دەکا زگی دەبزووێ، دەڵێ هەبێ و نەبێ لە قووەتی ئەو گورگەی گرتیتم، ئیتر ئەو بەرەبابە هەمووو گورگیان دەپەرست، ئەوە پێش پەیدابوونی ئایین و شتی ئەوها. جا لەبەر ئەوەی تەوتەمیزمە و فلانە شتی دیکە ئەوانە هەمووی پێش داستان هەبووە. دوایی دەشڵێن وەک هەندێک بۆچوونیان وایە ڤیکۆ و ئەوانەی فەرەنسی دەڵێن سەرەتا مرۆڤ قسەیەکی وای کردووە هەمووی بەش بەش بووە زیاتر بە شیعر چووە. واتە شیعر پێش پەخشان و قسەی ئاسایی هاتووە.

**ڕامان:** کەواتە ئێمە ئەفسانەی تایبەت بە خۆمان هەیە، وەکو کورد، یان تێکەڵاوە لەگەڵ میللەتانی هیند و ئەورووپی؟

**کەریم شارەزا:** ئێمە، کە سەر بە میللەتانی هیند و ئەورووپینە بەتایبەتی کۆمەڵەی زمانە زیندووەکانی ئێرانی، کە کوردییە، فارسییە، مازندەرانییە، یامیلیە، تاجیکییە هەموو لەو کۆمەڵەوە هاتووین، ئەوە زۆر تێکەڵاویمان هەیە لە پەندی پێشینان، لە ئەفسانە، لە داستان، لەشتی وا لێک نزیک بوونەوە و تێکەڵاوی هەیە، چونکە ڕۆیشتووە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ پەندێک، یان ئەفسانەیەک تایبەت بە کوردە بێ دەبێ ئاسەواری کوردی تێدا بێت. ئێستا بۆ نموونە لە پەند زۆر شت هەیە، وەک ئێمە دەڵێین «چاکەی بکە و بە ئاوێی دادە» عەرەب دەڵێت: «سوی زین ذبە بالشط»، کە چوویە بەریتانیا دەڵێت: «چاکەی بکە و بەدەریای دادە» ئەوان دەریایان هەیە. بزانە بەپێی تایبەتمەندییەکەی جێیەکەی گۆڕا، بەڵام کە گوتت ئەگەر پشتم سەفین بێت تف لە ئاسنیش دەکەم. ئەوە کوردییە، کورد بدوێنە و شەرعی

خۆی دەکات ئەوە کوردی تەواوە، سیروان، ئەگەر لێشت نەدەم خۆ نامبەی ئەوە مۆرکەکەی پێوەیە، بەڵام ئەوی دی دەڕوا لەناو میللەتان.

**ڕامـــان:** کەواتە هاوبەشە لەگەڵ میللەتانی هیند و ئەوروپی، یان لەگەڵ میللەتانی ئێران؟

**کـەریم شـارەزا:** ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە، کە هەمووی کاتی خۆی یەک قەوم بوون و کۆچ و ڕەویان کردووە لەبۆ هیند و ئەوروپا و بنەمایەکەی لەوێوە هاتووە، زۆرشتمان لێک نزیکە، بەتایبەتی کۆمەڵی کشتوکاڵی شتی کشتوکاڵی لێ پەیدا دەبێت.

**ڕامـــان:** ئەوەندەی فارس کاریگەری لەمە کردووە و شتی مەی تالان کردووە و بڵێین بوویتە موڵکی فارس، تۆ مافت هەیە ئەمڕۆ شانازی بەو کولتوورەوە بکەی، کە فارس هەیەتی ئەتۆش تێیدا بەشداری؟

**کـەریم شـارەزا:** نزیکترین زمان و کولتوور لە ئێمە فارسییەکەیە، بتەوێ و نەتەوێ وایە، بەڵام ئەوان قەوارەی سیاسیان هەبووە بۆیان پارێزراوە و غەیری وانیش هەروایە مەسەلەی عەرەبی، چونکە قەوارە و ئایین و بنەمای بووە زۆر وشەی کوردی و فارسی چوویتە ناوی و تەواو بوویتە موڵکی ئەو. ئێستا کەهروبا کای ڕادەکێشی. عەرەب وەریگرتووە و کردیە کەهرەبا و بووە ئی خۆی، کەچی چووینە دەڵێین برق بابە تۆ وشەی کارەبا کە خۆتی داتناوە ئەوەی دۆڕاندووە و دایتییە عەرەب بەرق بەکاردێنێ.

**ڕامـــان:** لە لێکۆڵینەوە لە شیعری نوێدا، بۆ زۆرتر لەسەر ئەفسانە و وێنەی شیعری وەستاوی؟

**کـەریم شـارەزا:** ئەو دوو لایەنە لە کوردی هەندە لێی نەدواوین، هەندە گوێیان پێی نەداوە، جارێکی یادی بەخێربێ مامۆستا عزەدین فەیزی گوتی چییە ئەوەندە بایەخ بە ئەفسانە دەدەیت باوەڕت پێیەتی؟ گوتم سەر دەمێک ئەفسانە قەشمەری و گاڵتە بوو، بەڵام ئێستا لە دەوری (تی. ئێس ئلییەت)ەوە هێنایە ناو شیعرەوە، توخمی ئەفسانە داخیلی شیعر دەکات، مێژوو داخیل دەکات دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، دەگەڕێتەوە سەردەمی فینیقی و چی و چی و بەوانە هەموو شیعرەکانی پێ بەهێز کردووە، واتە لە کەرستەیەکی لاواز بتوانی هونەرێکی بەرز دروست بکەی ئێستا گەیشتمە ڕادەی ئەوەی کە لێی تێربوویم. وێنەی شیعریش زەینم دایتێ یەکەم جار لە ڕامان بڵاوم کردەوە، لام وایە مەحموود زامدار بوو دەڵێت بەکارهێنانی ئەفسانە لە شیعری کوردیدا شتێکی نوێیە، کەچی ئەو لەسەر شاعیرە کۆنەکانی پەیڕە و کردووە.

**ڕامان:** ڕاست دەکەی ئەوە من وام گوتووە؟

**کەریم شارەزا:** ئەوە بۆ ڕوونکردنەوە ئازاد عەبدولواحید وای گوتووە، کە شیعر دادەنرێت حەز دەکا شیعری جاهیلی هی عەنتەرەی وەرگرە لەگەڵ دانانی شاعیرەکە بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ لە ڕێگای لێک چوواندن، لە میتافۆرم واتە ئیستیعمارەوە.

**ڕامان:** لەلا شعورەوە؟

**کـەریم شـارەزا:** لەلا شعورەوە دروست دەبێت، واتە شیعر کە وجوودی هەبێت تێیدا دەبینیەوە، وێنەی شیعری ئەمەش سەردەمی عەباسییە، جاهیلییە، هی کوردی کۆنە ئەحمەدی خانییە، جزیرییە هەمووی هەمانە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی، کە بۆ خۆت دەزانی نووسین لەسەر دنیای شیعری نوێ سوودی لە دەستاوێژی سینەمایی، شانۆ، زانستی دەروونی، فەلسەفە کردووە. هەروەها لە هەموو بوارەکانی هونەری و فیکری سوودی وەرگرتووە، تۆ تەرکیزت لەسەر دوو لایەن کردوو ئەفسانە و وێنەی شیعری، بیر لەوە ناکەیتەوە لە دواڕۆژدا پەل بۆ بابەتەکانی دیکەش باوێت؟

**کەریم شارەزا:** دەبێ پەل باوێم، واتە پێویستیمان هەیە بەوەی هەرچەندە سینەما دەوری جارانی نەماوە، بەڵام زنجیرەی تەلەفزیۆنی و فیلمە تەلەفزیۆنییەکان پێویستە ئەو تەجرەبە کوردییانە بگەیەننە تەلەفزیۆن و سینەما و ببێتە سیناریۆ، سیناریۆش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دیالۆگەکاندا هەیە، چونکە هەموو پێگەی کامیرا باس دەکات، چۆنیەتی دانان و ڕێکخستن و شتی وا واتە پێویستە گرنگی بەو لایەنەش بدەین و بچینە ناو ئەم بابەتەی، چونکە بەڕاستی نابێ ئێمە چەند شتێکی دیاریکرا و بکوتینەوە، دەبێ هەوڵ بدەین مەیدانی نوێ پەیدا بکەین و بچینە ناو دنیای نوێ و تازەوە.

**ڕامان:** تۆ باڵادەستی لە زمانی کوردی و لە عەرەبیش، دەزانی وەرگێڕان هونەرێکی گەورەیە، بۆ وەرگێڕانت کەمە؟

**کەریم شارەزا:** ئێستا لەو تەمەنەی زۆر زەحمەتە، بەڵام ئێستا بۆ نموونە بۆ ڕۆژنامەی ستایل زۆر شتی نوێ وەردەگێرم.

زۆر شتی عەرەبیم بۆ نموونە وەرگێڕاوە مەسەلەی نان و ژیانەکە سەیر بوو، سەردەمەێک ئەو شتە زانستیانەی کە هەندە قورس بوون خەڵکەکە سوێندی دەخوارد دەیگوت بەکوردی داندراوە چیم دەکرد؟ چەند برگەیەک، یان ڕستەیەکم دەخوێندەوە چ مانایەکی تێدایە مانایەکەم

وەردەگێڕا، بەڵام هەیە وشە وشە، یان دەهاتن لەمنیان دەپرسی مامۆستا (صف صف) مانای چییە.. تاد. وشە بە وشە ناکرێ.

**ڕامان:** مەبەستم ڕۆژنامە و گۆڤار نییە، مەبەستم بۆ نموونە جیهانی شانۆگەری، یان جیهانی ڕۆمان، یان لە تەرجەمەکردنی چامەی گەورە گەورەی جیهانی ئەوە لێت دیار نییە؟

**کەریم شارەزا:** ئێستا تەجرەبەم هەیە (١٢٠) شاعیری بیانی، کە وەرگێڕدرایتە عەرەبی، بەڵام لە عەرەبییەوە من کردوومن بە کوردییەکی وا، کە دەیخوێنییەوە وەتێدەگەی بە کوردی دانراون کەش و هەوایەکەشم نەدۆڕاندووە، ئێستا مەمنونم هەر لایەنێک کە بۆم چاپ بکات. ئەمە ئامادەیە و تۆمارێکی سەربەخۆی (١٢٠) شاعیری بیانی تێدایە هەتا زۆریش سەرسامم بە شاعیرەکانی ژاپۆن، کە شتی نوێیان داناوە، نموونەیەکی دێنێتەوە دەڵێ مرۆڤێک هەبوو، ئەگەر لە باکوور گرفتێک ڕوویدابایە، دەچوو شانی دەدابەری، ئەگەر لە باشوور گرفتێک هەبایە ئەو دەچوو چارەسەری دەکرد، ئەگەر حەمباڵێک کوڵە برنجێکی، چونکە ئەوان وڵاتی برنج و ئەوەنە، ئەمن دەچووم بۆم هەڵدەگرت، ئەگەر یەکێک لەوێ نەخۆش بایە، دەچووم تیمارم دەکرد، دەڵێت هەموو کەسیش پێیان دەگوت زۆر بێ ئەقڵە، دەڵێ مادامەکێ ئەوەندە مرۆڤ دۆستە، زگی بە خەڵکی دەسووتێ، دەڵێت خۆزگە ئەو نموونەیە من بام.

**ڕامان:** پێ دەچێ لە شیعر زیاتر ناوەرۆک سەرنجت ڕابکێشێ؟

**کەریم شارەزا:** بێگومان پێشتر دەمانگوت هونەرەکە لە ڕوخسارە، کەچی ئێستا دەبێ گرنگی بە ڕوخسار و ناوەڕۆک بدرێت.

**ڕامان:** لەجیاتی ناوەرۆک شێوەی گوتنی ئەو بابەتە باشترە؟

**کەریم شارەزا:** ئێستا چۆن شیعر دانان هونەرە، خوێندنەوەشی هونەرێکی ترە. پێویستە ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە، خوێندنەوەکەی تەواو بێت.

**ڕامان:** هەن بیروڕایان وایە شیعری نوێ بۆ خوێندنەوە دەست نادا، بەتایبەتی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و...تاد؟

**کەریم شارەزا:** دەتوانی بە جۆرێکی کاریگەر بیخوێنیتەوە واتە ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە ڕۆحی بداتێ زۆر کاریگەر دەبێت.

**ڕامان:** شیعری نوێ هی خوێندنەوەی بەردەمی مایکرۆفۆن نییە، چونکە ئیشارەت و ئاماژەی زۆری تێدایە، سوود وەرگرتن لە ئەفسانەی تێدایە، ڕمووزی تێدایە؟

**کەریم شارەزا:** ئاخر مەرجی بەکارهێنانی ئەفسانە لە شیعر ئەوەیە، کە بۆ نموونە لە شیعری کوردی هەوڵ بدەی جەمسەرە گەورەکانی ئەفسانە بەکاربێنی، بەتایبەتی ئەوانەی لەلای کورد ئاشکران، کە دەڵێی ئاهورامزدا، کە دەڵێی ئەهریمەن، کە دەڵێی خواوەندی خێر و شەڕ، چاکە و خراپە و ئەوجا بە جۆرێکی هونەریی تەوزیفی بکەی شتێکی جوانی لێ دەردەچێت.

**ڕامان:** ئێستا چووینە ناو پرسیاران لەو (٣٤) ساڵەی نوێخوازی شیعری کوردیدا هەر لە ڕوانگەوە هەتا ئەوڕۆ گۆڕەپانەکە چۆن دەبینی؟

**کەریم شارەزا:** ڕوانگە لەوەختێک هات جێی خۆی بوو شتێکی زۆر باشیان کرد و داهێنەری باشیش ڕۆڵی خۆیان تێدا بینی، لەوانە: جەلالی میرزا کەریم و شێرکۆ بێکەس و حوسێن عارف و لەتیف هەڵمەت و ئەوان دەوریان بوو، وەکو هەژانێک بوو دوای ئەوەی هاتن شاعیری دیکە پەیدا بوون هەروەها گەنجەکان هاتن وردە وردە، بەڵام ئێستا ئامۆژگاریم بۆ گەنجەکان ئەوەیە تەمومژ نەیانخنکێنێ واتە شیعرەکانیان ڕوون و ئاشکراییەکی تێدا بێت، چونکە ڕەخنەگرە هەرە گەورەکان دەڵێن، دوو جەمسەر هەیە جەمسەرێکیان ئەوەیە کە شاعیرەکە داهێنەرە، لایەنەکەی دیکە وەرگر ئەوەی وەریدەگرێ چ گوێگر چ خوێنەر پێویستە لەنێوان شاعیر و گوێگر و خوێنەر پێوەندییان هەبێت، وەکو بڵێی دوو سەری تەلەفۆن بێت ئەولاو ئەولای بە چەند وایەرێکەوە بەسترابێتەوە، ئەگەر ئەوەی ڕەخنەگر و تێگەیشتووە پێویستە بە لایەنی کەمەوە لە (٧٠٪ - ٨٠٪)ی تێبگات، ئەوەی دیکە شیعر دۆستە لە (٥٠٪ - ٦٠٪) تێبگات، ئەوەی ڕۆشنبیرە لە (٣٠٪-٤٠٪)یکی تێبگات، بەڵام کە یەکێک هیچ تێی نەگەیشت، ئەوە زەربێکی بەسەردا بێنە و پێی ناڵێن داهێنان واتە داهێنانەکە سفرە.

**ڕامان:** واتە لەگەڵ ئەو تەمومژە نیت بێتام بووە؟

**کەریم شارەزا:** نا نەخێر... لەگەڵ ئەو تەمومژەی نیمە، چونکە دەڵێم شیعریش خۆی خاوەن نامە و پەیامی خۆیەتی تۆ بۆ ئەوە شیعر دەنووسی کە کار لە بەرامبەرەکەت بکەی، چونکە کە لە سۆز و ئەندێشە و جوانی دروست دەبێت پێویستە کار لە هەست و سۆز و ئەندێشەی بەرامبەرت بکات، ئەگەر نەیهەژاندیت هیچ.

**ڕامان:** دەڵێن شیعرێکی گەورە، ئەگەر یەک کەسیش

لێی تێ بگات و زەوقی لێ وەربگرێت شـــیـــعـــرە و تەمومژاویش نییە؟

**کـــەریم شـــارەزا:** ئاخـر من باوەڕم بەو شـتـەی نییـە پێویستە هەندێک هەر تێی بگات، بۆ نموونە وەک سەر دەستە، نوخبە، چونکە نوخبە تێی نەگەیی ئەوە هیچ.

**رامـــان:** لە باسکردنی ئەفسانە و ئەوانە ئاماژەت بۆ ئەوە کـرد، کـە ڕمـووز وەربگیـرێت، بەڵام ئەسـڵـەن لە شیعری نوێ تۆ بونیەی ئەفسانەکە وەردەگری و دەیکەیە بەشێک لە ڕوئیـای خـۆت و لە قـەسیـدەکە ڕەنگی پێ دەدرێتەوە؟

**کـەریم شـارەزا:** کە تۆ ڕەمـزەکەت بەکارهێنا ڕەمـزی یەکـەم و ڕەمـزی دووەمت بەرامـبـەر یەک ڕاگـرت ئەوە ئەوەت بۆ دروست دەکـات لە نێـوان ئەو دوو هاودژەی بوونە لایەنی هاودژ. واتە لە ململانێی ئەم دوو جەمسەرە کە بۆ نموونە بابڵێین خوداوەندی خێر و خوداوەندی شەڕ لێرەدا کێشەکە دروست دەبێت، تۆ لە کێشەکەش دەدوێی واتە ڕەمـزەکـە بۆ ئەوەی هێـمـایەکە بەبیـرت بێنێـتـەوە، لەنێوان ئەوانە بابەتی ئەفـسـانە کـە دەخولقـێت، واتە ئەفسانەکە دەبێـتە کێشەی ئەو دوو جەمسەرەی، کەوا دژی یەکترن.

**رامـــان:** جەنابت بایەخ بە ئەرشیف دەدەن ئەرشیف بۆ خۆی ئێستا زانستێکە و بایەخێکی زۆری پێ دەدرێ، بۆ کورد هەتا ئێستا ئەو هۆشیارییە ئەرشیفییەی نییە و لەو بارەیەوە چ قـەسـەیەکت هەیە، وەکـو پرۆژەیەک ئەگـەر حکومــەت دەســتی بداتێ چۆن دەست پێ بکات، یان گلەییت چییە ئێمە لە گۆڤارەکەمان تێبینیمان کردووە نووسـەری کـورد، هونەرمـــەندی کـورد هەر بە تەواوی هۆشـیـاری ئەرشـیـفی نیـیـە؟ حـەز دەکـەین وەک ئەرشـیفـیـەک، کە ئەرشیـفێکی باشت هەیە و بایەخت پێداوە قسەیەک لەو بارەیەوە بکەیت؟

**کەریم شارەزا:** ئەرشیفەکانم چییە، واتە ئەو بابەتانەی کـە بڵاویان دەکـەمـەوە بەر لەوەی بڵاوبێـتـەوە، من دیکۆمێنتی دەکەم، لە سجلێک تۆماری دەکەم، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەویش ون بوو، لەلای خۆم بمێنێ. واتە ئەو شتانە و ئەوانەی کـە بڵاویش دەبنەوە دوو بەرگی گـەورەم بۆ ئەوانیش دروست کـردووە، بەتایبـەتی ئی خـۆم، یان ئەو برادەرانەی کە لایان زۆر پەسەند و جوانن ئەوە لەلای خۆم هەڵگرتووە و زۆر کەسیش سوودی لێ وەرگرتوون.

**رامان:** ئەوە پرۆژە گەورەکەتە؟

**کـەریم شـارەزا:** نا نا پرۆژە گـەورەکـەم (٢٣) سـجلی گەورەیە، کە بە دەستخەتی خۆم نووسراوە.

**رامان:** ناوی چییە؟

**کەریم شارەزا:** ناوم لێ نەناوە، دەتوانم زۆر جۆرە ناوی لێ بنێم یەک لەوانە ناودارانی جـیـهـان، یەک لەوانە خزمەتگوزارانی کورد، یەک لەوانە بلێین ئەو مرۆڤانەی، کە خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان کردووە، جا ئەوە ناودارانی جیـهـانیم نووسیـوە هەر لە مۆسیـقاژەنەکانەوە، هەر لە سـەرکـردەی گـەورەوە هەر لە شـاعـیـری گـەورە و هەر لە ئەدیبی گەورە و هی کوردیش بە هەمان شێوە.

**رامان:** جگە لەوانە، بایەخێکی زۆر گەورە بە ساڵنامە و تەقـویم و شـتی وا دەدەیت، ئەوە لە چ غـەمـێکەوە هاتووە؟

**کەریم شارەزا:** ئەمەیان باوکم هەزار ڕەحمەتی لێ بێت، زۆر ئارەزووی دەکرد، ببووە سەرچاوەیەک خەڵک لێیـان دەپرسی ئەمـسـاڵ چۆنە و چ دەبێت، یان ئەو شـتـە چۆن دەبێت، ئەو تەقـویمی لە ئێـران بۆ دەهات، بۆ خـۆیشی دەفـتـەرێکی کـردبۆوە هەمـوو سـاڵێک بۆ نموونە لە یەکی کـانوونی دووەم دەیگوت بارانە ساردە سـاڵێکی دیکە لە هەمـان ڕۆژ بارانە، ئەگـەر لە (١٠) سـاڵان (٧) سـاڵان باران بایە، لە ڕۆژێـک پێـشـتـر بە خـەڵکی دەگـوت ئاگاداری خۆتان بن بەیانی بارانە ئەو شـتـانەی دەزانی، ئەوە ئەستێرەی ئاسمانێ لەوانە ئەوە حەوتەوانەیە، ئەوە تەرازووە، ئەوە گـــەلاوێژە و ئەوانەی هەمـــوو دەزانی لووتکەی هەنجـیـران، کـە دەگـاتە قـیـبلەی هەنجـیـر پێدەگەیشت...تاد.

**رامان:** ئەوە لە بابتەوە؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ لە بابمەوە فێر بووم.

**رامان:** خۆت ئێستا پرۆژەکەت چییە؟

**کـەریم شـارەزا:** خۆم ئێـستـا دەلیلم دروست کردووە ئەو دەلیلە مـاوەی (٣٠٠) سـاڵ نیـشـان دەدات هەمـوو مـانگێک لە چ ڕۆژێک نوێ دەبێـتـەوە، هەمـوو نەورۆز دەبێ ساڵێک نەورۆزەکەی لە چ ڕۆژێکە.

**رامان:** باشە ئەوە بۆ بڵاونەکرێتەوە؟

**کـەریم شـارەزا:** کاتی خـۆمی دەلیلێکم بڵاوکـردەوە لە کـاروان، ڕەنگاوڕەنگ و شـتی ئەوها ئێـسـتـا ئەوەکـەی دیکەشم لەلایە، کە داوام لێ دەکەن هەر ڕۆژژمێرێک بێ لەبۆیان دروست دەکەم بەپێی ئەو دەلیلە.

**رامان:** بیدە وەزارەتی ڕۆشنبیری با بۆت بڵاوبکەنەوە، یان هەر دەزگایەکی دیکە؟

**کـــەریم شـــارەزا:** ئەوەش دەبێت واتە هەر کـــەسی و لایەنێک هەبێت.

**رامان:** چونکە زۆر سوودی هەیە؟

**کەریم شارەزا:** پرۆژەیەکی دیشم هەیە ئەمڕۆ لە مێژوودا، سجلێکی گەورەیە ئەوەش هەموو ڕۆژێ چ ڕوویدابێ شتە گرنگەکانی سەبارەت بە کوردستان و جیهان وەرگیراوە، ئێستا بۆ نموونە (٣١) ڕووداو لە یەکی کانوونی دووەم ڕووی داوە بۆ نموونە لە ڕۆژێکی دی ئەوەندە. ئەوجا لە وانە کامیان بۆ کورد بە کەڵک بێت، ئەوەی جودا دەکەمەوە، جا لەو ڕۆژەدا یەکێک لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانەوە، گوتی مامۆستا مادامەکی سجلێکی وات هەیە بۆ ناماندەیێ لەوێ بیخوێنینەوە گوتم سجلەکەم نەماوە.

**ڕامان:** وەکو نووسەرێک لەکۆیە دەوری ئافرەت زۆر کەمە، یەکێک لەوانەی شتی نووسیوە خوشکی جەنابتە، فریشتە خان، ئەمە بە کاریگەری ئێوە، یان بەهاندانی ئێوەیە، یا هەر شوێنەکە وای لێ کردووە؟ ڕەئیشتمان دەوێ لەسەر ئەو بزافەی ئافرەتی کورد لە بواری نووسین و چالاکی نواندن لە بواری کۆمەلایەتی و چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**کەریم شارەزا:** سەبارەت بە فریشتەی خوشکم ئەوە دوو ساڵ لەمن گەورەترە، بەڵام بیرەوەری هێشتا گەلێک لەمن بەهێزترە و هەموو شتێک لەبیرە هەموو شتێکی لەبەر دەکا بێنە بەرچاوی خۆت دڵزاری برام کە چەند جاران تووشی گرتن بوو شیعرەکانی ئەو لەبەری کردبوو، کە بەردەبوو لە زیندان دەیگوت شیعرەکانم نەماوە ئەو دەیگوت کاکە بنووسە ئێستا شیعرەکانی خۆی خەریکە حزبی شیوعی بۆی چاپ دەکەن، واتە هەمووی لەبەرە لە بۆم نووسیوەتەوە و چاپیش کراوە نازانم بۆ دەرنەچووە. واتە لە هەرجێیەکی داوای لێ بکەن بڵێین تۆ شیعرێکت لە فلانە جێی گوتووە، ڕاست دەبێتەوە و دەیڵێت ئەوجا حەز دەکا (٥٠) خەت بێت لەبەریەتی. مەسەلەی ئافرەتان ئێستا زۆرم ڕا لێیە ئافرەتەکان زۆر باش بوونە شاعیر و نووسەری چاکیان لێ هەڵکەوتووە و لە زانکۆ ژمارەیەکی باشمان هەیە و دکتۆرایان هەیە، بەڵام من قەت لەگەڵ ئەوەی نیمە گرفتی ئافرەتان بە تەنیا چارەسەر بکرێ، واتە مەسەلەکە گرفتی کوردە گرفتی هەموو مرۆڤی کوردە ئەوجا مرۆڤی کورد کە ئازادی هەبوو بۆ هەموانە ئەوجا ئافرەتیش لازمە لە ڕیزی پیاوان بێت قەت خۆی وەها لێ نەکات بە جودا بێت. من بۆ نموونە پێم گوتن زیاتر خەتا لە خۆتانە لە کۆمەڵەی ئافرەتان و لە ئی دیکە و لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان باشە ئێستا بە هەر کامەکتان بڵێم بە دایکی کچان بی زۆر پێی ناخۆشە و دەیەوێ بە دایکی کوران بێت. جا لەوانەیە کچێک سەدەهەندی کوڕان خزمەتی میللەت بکات، سەد هەندەی کوڕان خێری هەبێت چاکە و نووسین و دەوری سیاسی هەبێت.

**ڕامان:** باشە تەوەرەی ئەدەبی منداڵان لەناو ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینی؟

**کەریم شارەزا:** ئێستا لەچاو خۆی باشە... ئێمە ئەوانەی کردیتمان لە چاو قەوارە و قەبارەی خۆمان گەلێک زیاترمان کردووە. ئێستا ئەدەبی منداڵان لێرە و لەوێ دەردەچێ و بوونەتە گۆڤارێکی زۆر سەرکەوتوو و بە ڕێک و پێکیش دەردەچێت. لە سلێمانی جگەر گۆشەکانە و ئیدی لە بادینان سفۆرە و هەنگ ئەوانە هەیە شتی زۆر بەکەڵکو باشن.

**ڕامان:** خۆت لەو بارەیەوە چت کردووە؟

**کەریم شارەزا:** سەردەمێ کارم لەگەڵ دەکردن بۆ دارشتنەوەی هەندێک شت.

**ڕامان:** خۆت هەوڵت نەداوە شتێک بکەیت؟

**کەریم شارەزا:** دوو ئۆپەرێتم بۆ منداڵان هەیە بەتایبەتی یەکیان لەسەر کۆمەڵەی شەمسی، کە ڕۆژ زۆر شتێکی جوانە و بە هەرحاڵ مین هەڵگرەوە و شتی وا دەیانگوت بە ڕەنگاوڕەنگی چاپی دەکەین.

**ڕامان:** لە بارەی مامۆستایەتی و بایەخدانت بە ئەدەبی جیهانی لەوانە ئەدەبی فارسی، ئەدەبی تورکی، ئەدەبی عەرەبی؟

**کەریم شارەزا:** من تەنیا لە پەنجەرەی ئەدەبی عەرەبی و زمانی عەرەبییەوە چوومەتە ناو ئەدەبیات، واتە ئەوەی دی کوردییەکەی خۆمە ڕوو لە عەرەبییەکەی دەکەم، چونکە فارسییەکەی کەمێکی تێ دەگەم و تورکیش نازانم.

**ڕامان:** لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە چ ئەدەبێکی جیهانی بەلاتەوە زۆر گەورەیە کە ئاگاداری واتە لە یادت بێ ئەڵمانییە، ئینگلیزییە، فارسییە؟

**کەریم شارەزا:** ئێستا ئەمریکای لاتینیش هاتیتە مەیدان و ئەوانیش شتی زۆر باشیان هەیە. هەروەها ئەڵمانیش.

**ڕامان:** تۆ ئاماژەیەکت بۆ ژاپۆنیش کرد؟

**کەریم شارەزا:** ژاپۆنیش هەیانە، بەڵام ئێمە ئەوەندە ئاگادار نینە تەنیا ئەوەندە دیقەتم داوە شیعرەکانیان شیعری زۆر بەرزن، شیعری بە بەهێزیان هەیە شیعری نوێی جوان.

**ڕامان:** ئەدەبی وا هەیە سەرپەڕ بێ ئەدەبی جیهانی کە لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە بەلاتەوە زۆر گەورە بێت؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ... زۆرە ئەوەی من سەرم پێی

سوڕماوە و بیری لێ دەکەمەوە، کە بیانهێنینە سەر زمانی خۆمان. لە کۆتاییدا نەپرژامە سەر شتەکان واتە ڕۆمانە هەرە نوێیەکان بخوێنمەوە، بەڵام شتی زۆر گرنگ هەیە ئەوانەی پێشترمان بە زمانی عەرەبی خوێندۆتەوە.

**ڕامـــان:** مەبەستمان ئەوەیە ئەدەبی میللەتێک، وەکو فەرەنسی، یان ئینگلیزی، یان ئەڵمانی...تاد؟

**کەریم شارەزا:** فەرەنسی زۆر بەرزە.

**ڕامـــان:** ئەدی لەگەڵ جیهانی فۆلکلۆر و کەلەپوور لە چیدای؟

**کەریم شـارەزا:** خۆم زۆر ماندوو کردووە، کە مەزهەری خالقی هاتبوو پێوەندی پێوە کردم گوتی دەبی شتمان بۆ بنووسی و بۆمان بنێری. باسی ئەوەی کرد گوتی ئێمە شت کۆکەینەوە، گوتم فۆلکلۆر دوو لایەنی هەیە قەیدی نییـە ئەوە کـۆت کردەوە، بەڵام کـۆکـردنەوە بەس نییـە پێویستـە شی بکەینەوە هەڵیسـەنگێنین، بزانین هی چ سەردەمێکە بە چ هەستێکەوە گوتراوە، چ کراوە؟ دیارە شـیـعـری وا هەیە لە فـۆلکلۆر یان قسـەی وا هەیە لە فـۆلکلۆر، ئەگەر کـتێبێکی لەسەردانیی تەواو نابێت. ئێستا تایەر تۆفیق گۆرانییەکی هەیە دەڵێ بە دەم جوێنم پێ دەدا بە چاو پێم دەڵێ وەرە، کـوڕەکـە بە کـچـەکـەی دەڵێت بە دەم لە ترسی کـۆمـەڵەکەی جـوێنی پێ دەدا و دەڵێت بڕۆ ڕامـەوەسـتـە، لەژێرەوەش حـەز دەکـات لێی نزیک بێتەوە. جا بزانە ململانێ لەنێوان ئەو دوو شتە، لەنێـوان پێـوەندی کـۆمـەڵایەتی و لایەنی پێـوەندی سێکسی.

**ڕامان:** خۆت لەو مەیدانەدا هیچت کردووە؟

**کـــەریم شـــارەزا:** بەڵێ پرۆژەم هەیە نووسـیـومـە لەولایەنەوە بۆ مـەزهەریشم نووسـیـوە و بەرهەمی تریشم هەیە.

**ڕامان:** لە بارەی فۆلکلۆر و کەلەپوور چی ترتان هەیە؟

**کـــەریم شـــارەزا:** کـاتی خـۆی پەندی بەراوردکـاریم پێشکەش کرد پێشـەکـییـەکەی لێکۆڵینەوەیەکـە دوایی دەکەومە سەر فەرهەنگەکەی لەنێوان ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیدا.

**ڕامـــــان:** ئێمە وەکو نووسەرانی کورد بۆ فـۆلکلۆر و کەلەپووری خۆمان هیچمان کردووە؟

**کەریم شارەزا:** باس کراوە خراپ نییە، چونکە هەردەم کـە ئاوڕدەدەمـەوە دواوە لە مـیللەتێکی بێ قـەوارە ئەوەندەی کردوویە زۆریشی کردووە، میللەتی کورد لە هەموو میللەتێکی سەر دنیا بەهێزترە دەنا ئەو هەمووو غـەدر و زوڵـمـەی لێی کـراوە دەبوایە بتـوێتـەوە. بزانە لەتورکیا و ئێران چیمان پێ کراوە، لێرە چیمان پێکراوە لە دەست بەعس دەیانویست هەتا ناو و بە هەمـــوو شتێکمان لێ بگۆڕن، بۆیە ئێمە ماوین و ئێستا خاوەن زمان و خۆمانین ئەدەب و خەونی تەتەلوعات دەکەین و باسی جـیـهـانگەرایی دەکـەین و باسی ئەولا و ئەم لا دەکـەین مـانای وایە ئێـمـە مـیللەتێکی زیندووین و نەتواوینەوە. هیـواداریـن لەمـەودواش ببـینە قـەوارە نەک هەر فـیـدراڵی دەبەست بێنین ئەو وەختی ئێـمـە دەچینە ئاسمانێ.

**ڕامـــان:** لەگەڵ هەڵپەڕکێ و شایی و سەمای کوردی چۆنی؟

**کـــەریم شـــارەزا:** شـایی بەزۆری سێ پێیی، چەپەیی، ڕۆینەیە، شێخـانیـیـەکـەی، گوڵچێنی دەزانم، ئەگـەر بۆنەیەک بووبێت بەشداریم تێدا کردووە، هەتا لەخانەی مامۆستایان ساڵی دووەمم بوو ساڵی (١٩٤٨) گۆتیان گـەشـتـێـک دەکـەین بۆ (سلێخ) چووینە لای کـۆلێـژی ئەمریکییەکان گۆڕەپانێکی گەورەی لێیە، پاش ئەوەی سەردانی ئەو جێیانە لەوێ بووە سەیران ئەوجا لەوێندەرێ چ بکەین؟ قوتابییە کوردەکان گوتمان باشترین شت ئەوەیە با شاییەکی بکەین شاییەکمان کرد من سەرچۆپییەکەم گرت و بوومە گـۆرانیـبێـژەکە، گەردوون من چیـبکەم، گۆرانییەکەم، کە لەبۆ گوتن لەسەر ئیقاعی گۆرانییەکەی من شاییان کرد.

**ڕامان:** ئەوە شێخانییە ؟

**کـــەریم شـــارەزا:** بەڵێ.. لەوێندەرێ مـامـۆسـتـایەکی ئینگلیزیمان هەبوو ئینگلیزی پێ دەگوتین دوو ساڵ زۆری لێ فێربووین ناوی چۆن هایلۆک بوو، دوایی کە چووینەوە قـوتابخـانەی دەیگوت (کـەریم ئیس مـیـوزیک) تومـەز ئەوان گۆرانی ناڵێن لە سەمای ئینگلیـزی مـۆسـیـقـای لێدەدەن.

**ڕامـــان:** چ ناوچەیەک لە کوردستان زۆر دەوڵەمەندە بە هەڵپەڕکێ و شایی و سەما؟

**کـەریم شـارەزا:** بێگومان سلێمانی، کۆیە، قەڵادزێ و ئەوانە و زۆر جێگای تر.

**ڕامـــــــان:** نەک هەر کـوردسـتـانی خـۆمـان بەڵکو، کوردستانی گەورە؟

**کـەریم شـارەزا:** سەردەشت و سابڵاغـیش زۆر خـۆشن لەولاشەوە بێگومان یەک شت هەیە لە بۆتان و دیاربەکر و وانە و ئەوانە زۆر زیندوون و لە کۆنیشـەوە گۆرانیـبێـژی ئەوان سازی هەبووە، سازی لێداوە، ئەوەی لای ئێمە یان بۆشـایی زوڕنای بەکارهێناوە، یان شـمشـاڵ و بلوێر واتە

شتی وانەبووە مەسەلەی کەمانچە و عود و ساز شتە کۆنەکان هەبووە، بەڵام ئەوان لەکۆنەوە سازیان بەکارهێناوە.

**رامان:** کۆیە دەوڵەمەندە بە هەڵپەڕکێ؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ.

**رامان:** چەند جۆری هەیە؟

**کەریم شارەزا:** وەک ئاماژەم بۆ کرد سێ پێیە، چەپەپیە شێخانییەکەیە، ڕۆینەش هەیە جاران بازرگان و دەوڵەمەندان و کەسایەتی ئەوها ئەم شاییەیان دەکرد.

**رامان:** لە غەیری کۆیە گوتت سەردەشتە، سابڵاخە، سنەیە، لای سلێمانی بەناوبانگە بەشایی و هەڵپەڕکێ؟

**کەریم شارەزا:** لە بەغدایێ فەیلیەکان ئێمە قوتابی بووین زۆر جۆرە شاییان دەکرد کە زۆر غەریب بوو، واتە لەلای ئێمە ئەو جۆرە شاییانە نەبوو، جلکە تایبەتییەکەی وەکو پانتۆڵ و شەرواڵیان لەپێ دەکرد لە (١٩٤٦ - ١٩٤٧) دەچووینە شاییەکانیان ئەو شتانەیان دەکرد، بەڵکو بادینانیش واتە بە ڕاستی زۆر دەوڵەمەندە زاخۆیە، دهۆکە ئەوانە نەک هەشت نۆ دە شایی دەزانن.

**رامان:** حسابم کردووە (٧٧) شاییم کۆکردووەتەوە بە ناو، بەڵام ئەمە پرۆژەیەکە لەگەڵ برادەرێک ئەگەر کرا بە ڤیدیۆ وێنەی گرین؟

**کەریم شارەزا:** جا خۆزگە بچنە بادینان بەتایبەتی ئەو شاییەی ئێمە پێی دەڵێین شێخانی، ئەوان زیاتر لە (١٥-٢٠) شاییان هەیە.

**رامان:** بەلای جەنابت قەت بوویتە غەم لەلای تۆ شتێکی ئەوها بکەی لە بۆشایی و هەڵپەڕکێ؟

**کەریم شارەزا:** نەخێر، بەڵام لەچوارچێوەی فۆلکلۆر و کولتوور کتێبێکمان بە دەستەوەیە لەسەر «کۆیە لە ڕەوتی شارستانی کوردیدا».

**رامان:** لەوێ باسی کراوە؟

**کەریم شارەزا:** هەیە خۆمان نووسیومانە، هەیە بۆمان هاتووە تەکلیفی هەندێ کەسمان کردووە.

**رامان:** لایەنێکی دیش، کە پێویستە لەسەری ڕابوەستین و قسەی لەسەر بکەین ساغکردنەوەی شیعری شاعیرانی وەک حاجی قادری کۆیی و ئەسیرییە سەبارەت بە ئەسیری شاعیرێکە کە ڕەنگە زۆر کێشەی لە بارەوە نەبێت، لە زۆر شیعریدا، بەڵام شاعیرێکی وەکو حاجی هەم شاعیرێکە شیعری زۆری دیار نییە هەم ڕەنگە ئیلتیباس هەبێ؟

**کەریم شارەزا:** حاجی قادر..

**رامان:** بەڵێ.. حاجی قادر هەتا ئێستا ئەوەی کە کراوە لێی ڕازیت؟

**کەریم شارەزا:** هێشتا بە تەواوی نەگەیشتینە ئەنجام، چونکە حاجی قادرێک بە سەڵتی ژیا بێ، ماڵ و منداڵێک، وەرەسەیەکی نەبێ بلێین دوو سێ دەست خەتی بەجێ هێشتبێت تەنیا ئەوەندەی هەبوو، کە شیعرێکی دادەنا ئەوانەی ئەستەنبۆل هەڵدەستا بۆ ئەمین ئاغای ئەختەری برادەری دەنارد لەکۆیە ئەویش لەلای خۆی لەلای سەلیم ئاغای کوڕی پاراستبووی، سەلیم ئاغاش پاش وی کەوتە دەستی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای تا ئەو ساڵانەش مابوو، کە دەتوانرا لێیان وەربگرن چەند دانەیەکی لەسەر کۆپی بکەن.

**رامان:** ئەو مەلا ڕەئووفە برا گەورەی دڵداری بوو؟

**کەریم شارەزا:** نا نا مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغای مەلا ڕەئووفی مەحموودە فەندی پێ دەڵێن..

ئەویدی مەلا ڕەئووف ئینسانێکی خاوەن زەوقی ئەدەبیات بوو، مەلایەکی گەلێک چاک بوو، ئینسانێکی قسەزان بوو، وەفاتی کردووە لەلای وی مابوو ئەوجا لەبەر ئەوەی کە یەکێک بنەماڵەیەکی نەبێ بۆی بپارێزێ، خانوویەکی نەبێ، وەرەسەیەکی نەبێ هەتا دەیانگوت و حکومەتی عوسمانی زۆری ڕک لێ دەبۆوە بە نەمانی وی دەستی بەسەر کەلوپەلەکانی داگرت واتە بردبوویان، بۆیە گرفت زۆرە، ئێستا سەردەمێکی مامۆستا پێی لەبەر دەکردینرو دەیگوت بۆچی چوار چاو و دوو سەر بوو، فەرەیدوون گاو و فیل و شێری نەبوو، کەچی وا نییە فەرەیدوون کاوە فیل و گاو و شێری نەبوو. جا لەبەر ئەوەی زۆر شت دەبێ بزانی کێهان ماقووڵترە، کامەیان دەقەکە تەواوترە دوایی هەندە کەسیش هەزار ڕەحمەتی لێ بێ مامۆستا... زۆر دڵسۆزی کوردایەتی بوو، بەڵام وشەیەکی بە عەرەبی بووبێ دەیکردە کوردی و دەیگوت با وابێ لە کاتێکدا زمانە ئەدەبییەکەی ئەو وەختی وا بووە ئەو وەختی وشەی عەرەبی زۆر تێدا بوو دەستکاری دەکرد.

**رامان:** لە بارەی شیعری ئەمڕۆوە چ ڕەئیەکت هەیە؟، ئەگەر ناوی وا هەبی لەبەر دڵت بێ و حەز بکەی ناویان بێنی؟

**کەریم شارەزا:** ئەوە تۆزێک تووشی ئیحراجم دەکات؟

**رامان:** چ قەیدی دەکات ناو بدە ئەوانەی دەیانخوێنییەوە؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ.. دەیانخوێنمەوە بە بەردەوامی ئێستا دەبینی (شێرکۆ بێکەس) شاعیرێکی گەورەیە، قوبادی جەلی زادە چاکە، بەڵام ئامۆژگاریشی دەکەم

هەندە بەلای سێکسەوە نەچێت تۆزێک خۆی لابدات.

لێرەش وەکو (کەریم دەشتی)، (هاشم سەراج)، (دلشاد عەبدوڵڵا) ئەوانەش باشن. لە گەنجەکانیش (سەباح ڕەنجدەر) وازی لە غمووزیەت هێناوە، ئێستا تەواو باشتر بووە، هیوادارم پاشەڕۆژێکی باشتری ببێت.

**ڕامان:** تا ئێستا کۆمەڵە کتێبێکت بەچاپ گەیاندووە، لەزۆر بواری جۆراو جۆر نووسیوتە پێت وایە ئەوەی کە ئێستا داوتە بەدەستەوە و چاپت کردووە تۆ قەناعەت پێ هێناوە؟

**کەریم شارەزا:** من هەموو ئەوەی کردوومە چ هی خۆم بە تەنێ چ ئەگەر بە هاوبەشی لەگەڵ یەکی دی کردبێتم (١١) کتێبی چاپکراوم هەیە، ئازادی و ژیان یەکەمین بەرهەمم بوو دوایی کۆیە و شاعیران و دواتر ڕێگەی دوور و دوایی ئەوانی دی هاتووە؛ (٨) کتێبیشم بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستایان داناوە بۆ قوتابخانەکان.

**ڕامان:** ویستم ئەو باسە بکەم تا باسێکی ئەو پاشاگەردانیەمان لەبۆ بکەی، کە قوتابی کورد لە دەست ئەو تەرجەمە و تەئلیفانەی لەبەردەستیەتی گیری خواردووە بە ڕاستی ڕستە و پەرەگرافی تێدایە هەر زۆر نا مەفهوومە شتەکانی زۆری پێوەندی بە دابونەریتی، بە مێژووی، بە ژیانی ئەو قوتابیانەوە نییە، کە تەجرەبەت لەم بوارەوە هەیە حەز دەکەین دوو قسەی تێدا بکەی، کە چ بکەین؟ کێ بەرپرسیارە لەوەی دەست و بردێک بکات ئەو قوتابیانە لەو تەنگژەیە ڕزگار کات؟

**کەریم شارەزا:** ئەوەی کە کتێبی قوتابخانە دادەنێ، یان وەریدەگێڕی، پێویستە خۆی لەناو پرۆژەکەدا بێت. مامۆستایەکی زمانزان بێت زۆربەیان هونەری وەرگێڕان نازانن و دەچن وشە بە وشە دەیکەن، ئەوە شتێکی زۆر نارێک دەردەچێت. جا ئامۆژگاریم ئەوەیە ئێستا واتە واز لەو شتانە بێن تەرجەمەیان باش بێت، نووسین بەتایبەتی هەوڵ بدرێت بەرنامەی کوردی و خوێندنی کوردی بە زمانی کوردی بێت. واتە هەر خۆی دانان بێت نەک پشتبە وەرگێڕان ببەسترێت.

**ڕامان:** پێت وا نییە درەنگە ئەم ئیشە بکرێت؟

**کەریم شارەزا:** زۆر درەنگە، ئێستا وەزارەتی پەروەردە پرۆژەکیان داناوە خوا هەڵناگرێ ئیشێکی باش دەکەن، ماوەیەکی تر کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەم هەتا ئەوانەی ناوەندیش دەکەن بە کوردی بەتایبەتی پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەم دەبنە یەک کتێب، بەشێکی مێژووە، بەشێکی جوگرافیایە، بەشێکی پەروەردەی نیشتمانییە و هەمووش لەسەر کورد و گەورەیی کورد و بزاڤی کوردی، ئەمە شتێکی زۆر باشە واتە بۆ خۆمان و کوردستان ئەوە دەبێت. شتێکی دیکەشیان کرد ئەوە چاپ کراوە و ئەوساڵ دەگوترێتەوە، واتە پەیڕەو دەکرێت. پرۆژەیەکی دیکەیان بەدەستەوەیە بۆ ساڵی دادێ ئەویش خوێندنەوەکانی کوردی لەدووی سەرەتایی تا شەشی سەرەتایی و بەرزتریش.

**ڕامان:** بۆ وروژاندن نییە خۆ ڕەئیت لە بارەی ئەو تێزانەی ماجستێر و دکتۆرا کە پێشکەش دەکرێن لە زانکۆکانی کوردستان خۆت ڕەئیت لە بارەی ئەوانەوە چییە؟

**کەریم شارەزا:** ڕەئیم ئەوەیە زیاتر شتێکی مەنهەجییە، واتە ئەوانە مامۆستاکەیان بەپێی مەنهەجەکەی دەیداتێ، بەڵام ئایا ئەو کەسەی، کە وەردەگرێ بایی هەندەی لە باراندا هەیە، یان باکگراوندی ئەدەبی هەیە، کە بتوانێ بابەتی تەرح کات.

**ڕامان:** خۆت ڕازی لێیان؟

**کەریم شارەزا:** لە هەندەکان ڕازی نیم، بەڵام هەندەکیش جێی خۆیان گرتووە جاران ئەوەی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا، یان ماستەریایە، دەبووە خاوەن نامەیەکی تەواو، مامۆستا عەلی وەردی لە بەغدا، چ حەشرێکی دەکرد، دکتۆر کەمال مەزهەر دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ ئەوانە چ کارەکیان دەکرد. جا هەیە لە هیچ کاتێکدا بایی ئەوەندە هەڵس و کەوت و مامەڵەتی لەگەڵ ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی نەکردووە، جاران دەیانگوت کورە دەبڕۆ بەشی کوردی، کە دەچووە بەشی کوردی بایی هەندەی فێر دەبوو، کە پێی دەربچێ، بای هەندەی پێ نەبوو، کە بەرهەمی بە برشتی هەبێت.

**ڕامان:** هەر لە بواری زانستیش دەڵێم واتە بەشێوەیەکی گشتی تێزەکانی پێشکەش دەکرێن لە زانکۆکانی کوردستان تۆ هەڵوەستەت بەرامبەریان هەیە؟

**کەریم شارەزا:** بەڵێ هەیە، بەڵام دیسان من مەرج نیمە، چونکە بۆ ئەوە پێویستە لیژنەیەکی باڵای زانستی دابندرێ ئەو هەڵیسەنگێنێ، بەپێی مەنهەجی تێزەکە و نووسینەکە ڕەنگە تەواو بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە تا چ ڕادەیەک پێش دەکەوێت، یان چییان لە باریان دایە دوایی چی پێشکەش دەکات.

**ڕامان:** بەدرێژایی تەمەنی نووسینت ڕەنگە پێوەندییەکی زۆرت لەگەڵ هونەرمەندان و شاعیران و ئەدیب و سیاسەتمداران هەبووبێ و ئەوانەی کە زۆر دیارن و لەو قۆناغانەی نووسینی تۆ دیارن و کاریگەریان لەلای

تۆ بەجێ هێشتووە حەز دەکەین لێرە بۆمان باس بکەی؟
**کەریم شارەزا:** ئەوەی، کە زۆر کاری تێکردم و چەند ڕۆژێک هەستان و دانیشتنم لەگەڵ مامۆستا گۆرانی ڕەحمەتی بوو لە کۆنگرەی دووەمی شەقلاوە لە ئابی (١٩٦٠) لە (١٥ی هەتا ١٧)ی لەوێ شەوێ شیعرێکی خوێندەوە بەناوی بەرەو کۆنفرانس، منیش شیعرم خوێندەوە بەناوی (دوو ڕوو) زۆر پەسندی کرد گوتی: بیدەمن من لە ڕۆژنامەی ئازادی بلاوی دەکەمەوە، هەینێ ئازادی دەردەچواند، یەک وشەی لێ گۆڕی، (گۆران) ئامۆژگاری دەکردین، کە هەردەم لەسەر ئیقاع و کێشی پەنجە شیعر دابنێن خۆتان لەکێشی عەرووز مەدەن.
**ڕامان:** ئەوە گۆران، غەیری گۆران؟
**کەریم شارەزا:** لەگەڵ هەردی برادەر بووین و چەند جاریش لەگەڵ یەکتر بە یەکەوە دانیشتووین و ڕای وەکو یەک و دژی یەکتریشمان هەبووە.
**ڕامان:** تۆ وەک نووسەرێک، کە بەردەوام لەگەڵ ئێمە هاوکاری لە بارەی گۆڤارەکەمان بیروڕات چییە؟
**کەریم شارەزا:** گۆڤاری ڕامان بە ڕاستی ئێستا بە دەرهێنانێکی تر دەردەچێت، لایەنی تەکنیکیشی جوانە، بەلام بەڕای من ئەگەر هەوڵ بدەن پیتەکانی بڕەک هەراشتر بێت، چونکە ئێستا زۆر چاپەمەنی هەیە ئەوەندە وردە لەو بڕوایەدام بە بەچاویلکەش ناخوێنرێتەوە.
**ڕامان:** بەنیو دێر، حەزینە؟
**کەریم شارەزا:** حەزینە: شاعیرەیەکی زۆر باش بووە، بەلام کۆمەڵگەکەی بواری نەداوە شیعری زیاتر دانێ.
**ڕامان:** د. نەسرین فەخری؟
**کەریم شارەزا:** سەردەمێک نووسەرێکی باش بوو، بەلام ئێستا هیچی وای نییە.
**ڕامان:** پاکیزەی ڕەفیق حلمی؟
**کەریم شارەزا:** ئەو بەرهەمی زۆر بوو، باش بوو.
**ڕامان:** سیمۆن. دی. بۆڤوار؟
**کەریم شارەزا:** ئەو تەبیعی لەو دواییەی کە کۆچی دوایی کرد کاریگەرییەکی زۆری هەبووە.
**ڕامان:** ئەجاسا کریستی؟
**کەریم شارەزا:** ئەویش بە جۆرێک دەوری لە ڕۆمانی پۆلیس، هەبووە، سەردەمێکیش بەجوانی دەمانخوێندەوە.
**ڕامان:** ڤێرجینیا وۆلف؟
**کەریم شارەزا:** ئەویش نووسەرێکی گەورە بووە.
**ڕامان:** د. کوردستان موکریانی؟
**کەریم شارەزا:** دکتۆرێکی ڕوحسووکە و بەرهەمیشی هەیە و قسەش وەردەگرێ و قسەشت پێ دەبەخشێت.
**ڕامان:** جەمال نەبەز؟
**کەریم شارەزا:** جەمال نەبەز جۆرە دەمارگیرییەکی هەیە، کە زۆرجاری وا هەیە زیانی پێ دەگەیەنێت.
**ڕامان:** زەکی هەناری؟
**کەریم شارەزا:** لەبارەی شیعری فێرکردن و مندالان بەرهەمی هەبوو، دواڕۆژی.. زۆردار، بەرهەمێکی دیکەی بوو.
**ڕامان:** هیگڵ؟
**کەریم شارەزا:** سەرەتای فەلسەفەی مارکسی لە هیگڵەوە سەری هەڵدا هەرچەندە ئەو بە پێچەوانەوە هات.
**ڕامان:** ئەدۆنیس؟
**کەریم شارەزا:** شاعیرێکی بەرزی لوبنانییە.
**ڕامان:** ئیلیەت؟
**کەریم شارەزا:** نوێکەرەوەی شیعری ڕۆژئاوایی.
**ڕامان:** ئەزرا پاوەند؟
**کەریم شارەزا:** دوای ئیلیەت ئەو دێ کە شاعیرێکی پتەوە.
**ڕامان:** سیمفۆنیا؟
**کەریم شارەزا:** بەرهەمێکی مۆسیقی زۆر بەرزە لەلای ئێمە کەم هەیە، خۆزیا کوردیش چەند سمفۆنیایەکی هەبایە.
**ڕامان:** فۆکنەر؟
**کەریم شارەزا:** یەک لە نووسەرە بەرزەکانە.
**ڕامان:** ئەگەر بلێین خۆت؟
**کەریم شارەزا:** خۆم.. ئێستاش ڕام لەخۆم نییە و وا تێدەگەم زۆر شت ماوە فێری ببم و بگەمە ئامانجێکی بەرزتر، واتە ئێستاش خۆم بەنەزان دادەنێم.
**ڕامان:** ئەو دانیشتنەت بەدڵ بوو؟
**کەریم شارەزا:** زۆر سوپاستان دەکەم کە ئەرکێکی زۆرتان کێشاو ماندووبوون.
**ڕامان:** نا تۆ ئێمەت گەورە کرد و ڕامان بەتۆوە گەورەیە.
**کەریم شارەزا:** زۆر سوپاس گەورەیی خۆتانە.
**ڕامان:** مامۆستا زۆر سوپاس داوای لێبووردن دەکەین ئەزیەتمان دای دەبایە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ کە هەینییە پشوو بدەی.
**کەریم شارەزا:** سوپاس هەروەختێکی شتێکتان لەمن ویست من ئامادەمە و لەخزمەتدام.. زۆر سوپاس.

**پێناسە:**


* کەریم مستەفا شارەزا لە ساڵی (١٩٢٨)دا لە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە.
* لە ساڵی (١٩٣٥)دا لە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە چۆتە بەر خوێندن.
* خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە (١٩٤٣) و قۆناغی ناوەندیشی لە (١٩٤٦)دا هەر لە شارەکەی خۆی تەواو کردووە.
* لە پاییزی ئەوساڵەدا چووەتە بەغدا و لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ئەعزەمیە وەرگیراوەو لە (١٩٥٠)دا خوێندنی تەواوکردووە.
* لە ١٩٥٠/١٠/٩دا بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە دامەزراوە.
* دوای یازدەساڵ مامۆستایی بە فەرمانی حاکمی گشتی عەسکەری لە (١٩٦١)دا لەسەر هەڵوێستی سیاسیی دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگای ناسریە و لەیەکێک لە قوتابخانەکانی قەزای شەترە دانراوە.
* لە ١٩٦٦/١١/١دا ڕێگەی دراوە بگەڕێتەوە پارێزگای هەولێر و کراوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی (قەراج)ی سەرەتایی لەناو شارۆچکەی مەخموور.
* لە پاییزی (١٩٦٨)دا گوێزراوەتەوە بۆ ناو شاری هەولێر و کراوە بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی هەولێری نموونەیی.
* لە ١٩٧٠/١٠/١دا کراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی کوڕەکی سەرەتایی کوڕان لە هەولێر.
* لە ١٩٧١/١٠/١دا گوێزراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی هەڵگوردی سەرەتایی کوڕان
* دوای ٢٠ ساڵ خزمەتی مامۆستایی و ١٢ساڵ بەڕێوەبردنی قوتابخانە لە سەر داوای خۆی لە ١٩٨٢/٧/١ خانەنشین کراوە.
* لە (ساڵی ١٩٥٢)ەوە وتار و هۆنراوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.
* لە ماوەی ژیانی ئەدەبیدا تاکو ئێستاکە (١١) کتێبی خۆی بە چاپ گەیاندووە جگە لە (٨) کتێبی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیی و دوا ناوەندییەکان بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستایانی دی وەریگێڕاوە و (٣) شیانی داناوە.
* لە ساڵانی (١٩٥٩) و (١٩٦٠) بەشداریی لە کۆنگرەکانی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوەدا کردووە و دەورێکی دیاری تێدا بینیون.
* لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٠)دا بووەتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و لە هەموو کۆنگرە و میهرەجان و سیمینارەکانیدا بەشداریی کردووە.
* ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە، کە لە ١٩٧١/١/١٥دا کۆنفرانسی دامەزراندنی بەست و ئەمیش بەسکرتێری دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرا.
* لە دامەزراندنی لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر تاکو هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی (١٩٨٤) یان سکرتێر، یان سەرۆکی لقەکە بووە.
* لە ساڵی (١٩٧٣)دا بە ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا هەڵبژێردراوە.
* لە ساڵی (١٩٩٣)ەوە تاکو ئەمڕۆ بەگرێبەست کراوە بە کارمەند لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق.
* ئێستا لە گەڕەکی ڕووناکی شاری هەولێری پایتەخت دادەنیشێ و خاوەن خێزانە و چوار کوڕی بەژن و ماڵ و کچێکی هەیە.

**هەڤپەیڤینی:**
**ئازاد عەبدولواحید- مەحموود زامدار**

# وەڵامی فوکو بۆ سارتەر

و/ لە فارسییەوە: هەژیر عەبدوڵڵا پوور
(کوردستانی ئێران)





## ئاماژە

بۆ ئەوانەی کە لە بواری فەلسەفەو ئەندێشەی سەدەی بیستەیەمدا موتاڵاو لێکۆڵینەوە دەکەن، نێوی کەسانێکی وەک میشێل فوکو و ژان پول سارتەر زۆر ئاشنایە. ئەم دوو ڕۆشنبیرە لە دەورەیەک لە مێژووی ژیانی سیاسی و فەلسەفی خۆیاندا کاریگەرییەکی فرەیان لەسەر بیرو زەینی خەڵکێکی زۆری جیهان هەبووە. لەسەرەتای جووڵانەوەکانی قوتابییان لە دەیەی شەستەکانەوە تا ئێستا، ئەم کاریگەرییە شایانی زانین و هەست پێ کردن بووە.

لەم وتووێژەدا، هەوڵ دراوە کە ڕوانگەی جیهانناسی و ئەپستمۆلۆژی ئەم دوو فەیلەسووفە سەبارەت بە حەقیقەت و شوێنکار و جیهانی دەوروبەر ئاشنا بکەین.

ئەگەر بۆ کەسێکی وەک میشێل فوکو کە بە «دژایەتی لەگەڵ مێژوو» ناوبانگی دەرکردووە، بتوانین جێگەیەکی مێژوویی لەبەرچاوبگرین، ئەوا میشێل فوکو لەسەر یەکێک لە هەڵدێرترین پەراوێزەکانی مێژووی ئەندێشەی ڕۆژئاوادا وەستاوە. کاتی سەرهەڵدانی فوکو- دوای شەڕی دووەمی جیهانی- هاوکاتە لەگەڵ بە چڵەپۆپە گەیشتنی دەسەڵاتی ستالین، سەرشۆڕی ئەورووپای زامدار لەشەڕدا، سەرەتای پەرەپێدان و ڕمبازێنی چەکە ناوەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤییەت، لێکترازانی ئەندێشەی مارکسی و سەرهەڵدانی ماوی خوازی و تیتۆخوازی و... خێراتربوونی شنەی سەربەخۆیی خوازی وڵاتانی کۆلۆنیالی پێشوو و هوشیاری و ڕاپەڕینی وڵاتانی جیهانی سێیەم و.. لەسەرووی هەمووی ئەمانەوە، هەر لەو کاتەدا قەیرانی قووڵی زانستی ئینسانی کێشەیەک بوو کە زانایەکی وەک فوکوی بۆ وەڵام دانەوە هان دا. فەلسەفە، ژینگەی مەعریفەت کە ژینگەکانی دیکە لەودا خوازیاری یەکیەتییەکی ئارمانی بوون، لەناوەوە تووشی شڵەژان و لەرینەوە هاتبوو. جووڵانەوە ئەدەبی و هونەرییەکان،

دەسەڵاتەکانی فەلسەفەیان بەرتەسک کردبووەوە تا بواری بەرتەسکی فەلسەفەی زانستیان برد بوو.

جێگەیەک کە کەسانێکی وەک «فایرابند» و «کوهێن» دواییتریان لە سینگی یەکێک لە ئاڵۆزترین و زیندووترین سەردەمی ئەندێشەی مرۆڤ ڕەها کردبوو. بە کورتی جیهان ببوە جیهانی «نیچە»یی. بایەخەکان لە تەنیشت دژە بایەخەکاندا، عەقڵ هاوشان لەگەڵ شێتی هەر شتێک کەوتە پاڵ شتێکی دی وهەمووان چاوەڕوانی بووژانەوەیەک بوون کە ئەمجارە شایەد دەیانزانی، نایەت و فەیلەسووفی کۆچ کردوو لە ساڵی (١٩٠٠) بۆ جارێکی دی لەسەر ئاسۆگی بیری ئەندێشە داناندراو ئێستا و سەرلەنوێ واتای نوێی لە زەردەشت هەڵێنجا.

لەم ناوەدا سارتەر دەچێتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە هەوڵیاندا پشت ئەستوو بە هەمان لایەنی کەم و زۆری میتۆدەکۆنەکان، هێندێک لەم قەیرانانە چارەسەر بکەن. هەوڵی بێ پسانەوەی سارتەر لە هەڵسەنگاندنی عەقڵی دیالکتیک بۆ ڕێکخستن و پێکەوە سازدانی سووژەی دیکارتی لەگەڵ مێژوو، سەلمێنەری ئەم ئیدعایەیە .

لە لایەکی دی و بە میتۆدێکی دی کەسانێکی تر سەریان هەڵدا کە بونیادەکانیان خستە ژێر پرسیارەوە.

نەخشەی گەورەی فوکو بۆ پرسیارکردن لە خولقاندن، بەکارهێنان و بەرتەسک کردنەوەی خودی مێژوو و خودی سووژەی دیکارت، نموونەی بەرچاو و باڵای ئەم جۆرە تێڕوانینەیە. لەم ڕوانگەیەوە گفتوگۆی نێوان کەسایەتی فوکو سارتەر نەتەنیا گفتوگۆی نێوان دووکەس یان دوو نەسلە، بەڵکو مەیدانێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چارەنووسسازی دوو جۆرە ئەپستمۆلۆژی لەگەڵ یەکتریدا. ئەم هەڤپەیڤینەی خوارەوە لەلایەن «الکباخ» لەگەڵ فوکو ئەنجام دراوە، سەرەتا لە بلاوکراوەی (ToQuinzaine Litteraine) بلاوبۆتەوە.

* بەڕێز میشێل فوکو دەڵێن - بە پێچەوانەی ویستی خۆت- کە تۆ فەیلەسووفی بەلای ئێوەوە فەلسەفە چییە؟

**فوکو:** سەردەمێک بوو- سەردەمی سارتەرو میرلۆپۆنتی- کە سەردەمێکی بە شکۆ بوو لە فەلسەفەی هاوچەرخدا. لەو سەردەمەدا دەبوایە نووسراوە فەلسەفی و تیۆرییەکان بەڕاشکاوی بیانوتایە کە ژیان و مەرگ و ناسنامە چییە. خودا هەیە یان نا؟ پێناسەی ئازادی چییە؟ چۆن دەبێ لەگەڵ کەسانی دیکە هەڵسوکەوت بکرێ؟ و لەم جۆرە باسانە، وا چاوەڕوان دەکرێ کە ئەم جۆرە فەلسەفە باوی نەماوەو ئەگەر لەنێو نەچووبێ، لانی کەم لێکترازاوە. سەرەڕای ئەوە وێدەچێ کە «کۆمەڵە» کردارێکی تیۆری هەبن کە بە شێوەیەک دەچنە پاڵ یەک. تیۆری- یان هەمان چالاکی فەلسەفی- بەرهەمی بواری جۆراوجۆرە کە لێک جیاوازن. چالاکییەک دەچێتە خانەی تیۆرییەوە کە بەرهەمی بواری بیرکارییە، هەروەها چالاکییەک تیۆریزە دەبێ کە بەرهەمی بواری زمانناسی یان ئوستوورەناسی یان مێژووی وێنەکان یان خودی مێژووە. دوا وتە ئەوەیە کە هەر ئەم چەند لایەنە بوونی کاری تیۆرییە، بۆتە مەیدانی ژیانی فەلسەفەیەک کە تا ئێستاش خاوەنی «ئەندێشمەند» و «یەکیەتیی وتە»ی خۆی نییە.

* لێکترازانی نێوان ئەو دوو ساتە کەی خولقا؟

**فوکو:** لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٠-١٩٥٥)، ئەو کاتەی کە سارتەر بەشێوەی ڕەسمی لە شتێک خۆی بوارد کە دەبێ ئەمە وەک ڕاوێژی (گمانەزنی) فەلسەفی ناو ببەین. لە کۆتاییدا چالاکی فەلسەفی خۆی لە هەڵسوکەوتی سیاسیدا بەرجەستە کرد.

* لە کۆتایی کتێبەکەتدا «نەزمی شتەکان» ئینسان لە مەسەلەی زانستی مرۆڤدا نەکۆنترینەو نە جاویدانیترین، بەڵکو بەوتەی ئێوە ئینسان داهێنراوێکە کە پێشینەناسی ئەندێشەی ئێمە باس لە کۆتایی و لەوانەیە بە ئەنجام گەیشتنی کارەکەی دەکا ئەمە لەو ڕستانەیە کە زیاتر لەوانی دیکە خوێنەرانی تووشی دڵەڕاوکێ و شڵەژان دەکا. بەڕای ئێوە مێژووی لە دایک بوونی مرۆڤ لە فەزای زانستدا دەگەڕێتەوە بۆکەی؟

**فوکو:** سەدەی نۆزدەیەم، سەدەی ژمارەیەک داهێنانی زۆر گرینگە، وەک عەقڵ، بایالۆژی و «بیرقاطیی». هەروەها سەدەیەکە کە لەودا زانستی مرۆیی داهێنرا. داهێنانی ئەم زانستەش نیشانەی ئەوە بوو کە مرۆڤ بۆتە «ئۆبژە»ی زانستێکی گونجاو، واتە بیناکردنی مرۆڤ بەهۆی کارتێکرنی زانستەوە بوو. هەروەها سەدەی نۆزدەیەم مەیدانی چرۆکردنی هومێدو خەیاڵ ئوستوورەی گەورەی کۆتایی ناسی (أخراشناختی) بوو، بەو مانایە کە زانستی مرۆیی وەها بکەوێتە خزمەت مرۆڤایەتی کە لە ژێر سێبەری ئەو زانستەدا ئازادی ئینسان دابین بکرێ. ئازادی مرۆڤ لە تەواوی نامۆکان و ئەو جەبرانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی ئیختیاری ئەودان. بە جۆرێک کە لە ژێر سێبەری ئەو زانستەی کە لە خودیەتی خۆیدا هەیە، بتوانێ سەرلەنوێ یان بۆ هەوەڵین جار خاوەنی ئیختیارو سەروەری خۆی بێ. بە وتەیەکی دی مرۆڤ بووە ئۆبژەی زانست تا بەو هۆیەوە ببێتە خاوەنی ئازادی و بوونی خۆی. کەواتە، ڕەوتەکە بەم شێوە بزاوت. هەربەم هۆیەوە دەڵێم، مرۆڤ لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەدایک بوو- سەرەڕای ئەم لێکۆڵینەوانە سەبارەت بە مرۆڤ و لەبەرچاوگرتنی وەک ئۆبژەی مومکینی زانست، ڕووداوێکی زۆر گرینگ هاتە ئاراوە.

ئەم مرۆڤە ناودارە، ئەم سروشتی ئینسانییە. ئەم جەوهەرە ئینسانییە یان ئەم نیشانەی جەوهەری ئینسانییە، هەروا بەدەست لێ نەدراوی مایەوە. بۆ وێنە کاتێک کەسێک بە لێکدانەوە لە دیاردەی شێتی دەکۆڵێتەوە. بەرهەمی کارەکەی بریتی بوو لە خوڵقاندنی شتێک بە ناوی «نائیرادی».

نائیرادییەک کە بە تەواوەتی لە ژێر سەیتەرەی غەریزەو جووڵانەوەکان دایە. نائیرادییەک کە کردەکەی لەسەر بناخەی ئەو کردەوانە بوو کە بە هیچ شێوەیەک پێوەندی بە چاوەڕوانی مرۆڤ لە جەوهەر، ئازادی و بوونی ئینسانەوە نییە.

نائیرادییەک- بەو جۆرەی کە لەم دواییانەدا وتراوە- کارکردەکەی، لە جۆرێک زمان دەچێ. کەوایە هەرچی زیاتر لە ناوەرۆکی مرۆڤ وردبوونەوە، زیاتر لە بەرامبەر چاواندا ونبوو و هەرچی زیاتر چوونەپێش، دەسکەوتی کەمتریان بوو، هەلومەرجی زمانیش بەم شێوەیە بوو، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا زمانەکان خرانە بەر لێکۆڵینەوەو هەوڵ درا، لەم ڕێگەیەوە هێندێک لە نەگۆڕ (ثابت)ە گەورەکانی زەینی ئینسان بخوڵقێنرێ. دەیانویست کە بە لێکدانەوەی ژیانی وشەکان و تەکمیل کردنی ڕێزمانەکان و بەراوردکردنی زمانەکان لەگەڵ یەکتری، کەسایەتی ڕاستەقینەی مرۆڤ- چ لە تەواوەتی لە ڕواڵەتدا و چ لە سیمای شاراوەیدا- دەربخەن. ئێستا بە وردبوونەوەی بنەڕەتی لەسەر زمان، چی خوڵقێنرا؟ قەوارەکان، پێوەندییەکان و ڕێسایەک کە بە جۆرێک لە ڕێسای ژێربێژی دەچێ و مرۆڤ، ئازادی و بوونی مرۆڤ، دیسان نادیار بوون.

* نیچە مەرگی خودای ڕاگەیاند. وێدەچێ کە ئێوە مەرگی بکوژی خودا، واتە مرۆڤ پێشبینی دەکەن، جۆرێک «قەصاص». ئایا نادیاربوونی خودا بە مانای ونبوونی مرۆڤ نییە؟

**فوکۆ:** ونبوونی مرۆڤ ڕاست لەو کاتەیدا کە ئێمە ماهییەتەکەیان تاوتوێ دەکرد. بەمانای ونبوونی زاتی مرۆڤ نییە من هیچ کات وەها شتێکم نەوتووە. وتوومە کە زانستی ئینسانی خۆی لە مەیدانێکدا دەبینێتەوە کە ئیتر ئاسۆکەی لە چوارچێوەی ئینسانخوازیدا پێناسە ناکرێ. مرۆڤ لە فەلسەفەدا ون دەبێ، نەک وەک ئۆبژەی زانست بەڵکو وەک سووژەی ئازادی و خودیەتی خود کە ئەمە جۆرێک وێنەی پێکەوە گرێدراو (همبستە) لە خودایە. مرۆڤی سەدەی نۆزدەیەم خودایە کە مرۆڤایەتی لەودا بەرجەستە بووە. جۆرێک ئیسلاهی سازی مرۆڤ. جۆرێک «هبوط»ی* سەرلەنوێی خودا هاتبووە ئاراوە کە لە ڕێگەی ئەوەوە، خودا وەک مرۆڤی ئیسلاهی چووی سەدەی نۆزدەیەم دەرهات. فیورباخ بە گوتنی ئەم وتەیە «دەبێ ئەو خەزێنانەی کە لە ئاسماندا سەرفمان کردوون، بگەڕێنینەوە سەر زەوی». خەزێنەگەلێکی لە سروشتی مرۆڤدا بە ئەمانەت دانا کە پێشتر بە خودایان نسبەت دەدا. نیچە لەو کەسانە بوو کە بە مەحکووم کردنی مەرگی خودا، هەر لەو کاتەدا ئەم مرۆڤی لەخودا چووە کە فەنتازیای بەردەوامی سەدەی نۆزدەیەم بوو، مەحکووم کرد. نیچە بە ڕاگەیاندنی سەرهەڵدانی مرۆڤی کاریزما، سەرهەڵدانی مرۆڤێکی ڕاگەیاند کە ئیتر نسبەتێکی لەگەڵ خودا (ئەو خودایەی کە مرۆڤ هەڵگری هێماکەی بوو) نەبوو؛ نەک سەرهەڵدانی مرۆڤێک کە زیاتر لەخودا دەچوو تاکو ئینسان.

* هەر بەم هۆیە ئێوە کە لە کۆتایی هاتنی ئەم داهێنانەی ئەم دواییە دەدوێن دەڵێن «لەوانەیە»؟

**فوکۆ:** هەڵبەت، دڵنیایی من بەستراوەتەوە بە چوارچێوەی عارضە شناسی -عارضەشناسی خۆم لە- کاتی ئێستادا. چەند ساتێک لەمەوبەر پرسیارت لەمن کرد کە چۆن و بە چ شێوەیەک فەلسەفە گۆڕانی بەسەر داهات؟ لەوانەیە بتوانین بڵێین کە فەلسەفە، لە هیگڵ تا سارتەر، لانی کەم لە مەیدانی ئەزموونەکانی مرۆڤدا، بەرهەمی چالاکییەکی گشتی ڕوانگەیی بوو. دەمهەوێ بڵێم کە لە کاتی ئێستادا ئەگەر چالاکییەکی فەلسەفی پشت ئەستووری بەخۆ هەبێ، ئەگەر بوونی فەلسەفەیەک تەنیان لە سەرووی جۆرێک چالاکی تیۆری لە بواری بیرکارییەکان یان زمانناسی یان ئابووری سیاسی، بە گونجاو بزانین، ئەگەر فەلسەفەیەکی ڕەها یان سەربەخۆ لەم بوارانە لەئارادابێ، دەکرێ ئەوە وەک چالاکییەکی «عارضەشناسی» پێناسە بکەین. «عارضەشناسی» کاتی ئێستا بە مەبەستی ئامادەکردن و داڕشتنی ناسنامەکەی و چۆنایەتیی نەگۆڕی کاتی ئێستا لەگەڵ کاتی ڕابردوو. لەوانەیە ئەرکی ئێستای فەلسەفە هەر ئەمە بێ.

* ئەمڕۆ تەشک خوازی چۆن پێناسە دەکەن؟

**فوکۆ:** ئەگەر لەو کەسانەی کە لەژێر ناوی «تەشک خوازی»دا نەهۆم بەندی کراون- وەک: شتراوس، لاکان، ئالتوسێرو زمانناسەکان و ....تاد- پرسیار بکەی، دەڵێن کە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لە نێواندا نییە یان خاڵی هاوبەشیان زۆر کەمە. تەشک خوازی چەمکێکە بۆ کەسانی دی، بۆ ئەو کەسانەی کە تەشک خواز نین. تەنیا لە دەرەوەی ئەو بازنەیەیە، کە کەسێک دەتوانێ بڵێ کە فلان کەس تەشک خوازە. دەبێ لە سارتەر پرسیار بکرێ کە تەشک خوازان کێن؟ چونکە ئەو وا بیردەکاتەوە کە شتراوس و ئالتوسێر و دومزیل و لاکان و من، کۆمەڵێکی یەکگرتوو پێک دێنین کە لە نەوعێک

یەکێتیدا یەک دەگرنەوە، یەکیەتییەک کە خۆمان لێی بێ ئاگاین.

* باشە، کە وایە ئێوە چ پێناسەیەک بۆ کارەکەی خۆتان دەکەن؟

**فوکو:** کاری خۆم؟ دەزانی کە چوارچێوەی کاری من زۆر بەرتەسکە. ئەگەر بمهەوێ زیاتر پێی لەسەر داگرم، بریتییە لە هەوڵدانی بۆ خوڵقاندنی شتێکی وەک «ضمیر»ی نائیرادی عیلم و زانستی ئینسان (Desconnaisances et du Savoir Hu-main) کە پێرەوی بێ ئەم لاو ئەولا لە یاسای گشتیی «رەوتی عەقڵ» ناکات. زانیاری خودی مرۆڤ یان عەقڵی ئینسان نییە کە پێکهێنەری یاساکانی مێژووی خۆی بێ. لە ناوەرۆکی ئەودا شتێک هەیە کە زانست سەرەڕای ئاگاداربوون لێی، بەڵام لێی تێ ناگات و مێژووی ئەم شتە، رەوت (deverin)و رووداوەکانی پێرەوی لە ژمارەیەک یاسای دیاری کراو دەکا.

ئەم دانان و یاسایانە، ئەو شتانەن کە من هەوڵم داوە روونیان بکەمەوە. من هەوڵم داوە، بوارێکی پشت ئەستوور بەخۆم بخوڵقێنم کە بەشێوەی نائیرادی عیلمە، بەشێوەی نائیرادی زانست (Savoir)ە، بوارێک کە یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، هەر بەو جۆرەی کە تاکە کەس خاوەنی یاساو دانانەکانی خۆیەتی.

* هەر ئێستا ئاماژەت بە سارتەر کرد، ئێوە رێزتان بۆ هەوڵی بێ وچان و بەرزی ئەو دانا، هەوڵێک کە بە وتەی ئێوە تایبەتمەندی مرۆڤی سەدەی نۆزدەیەمە کە تێدەکۆشێ لە سەدەی بیستەمدا بیر بکاتەوە. تەنانەت وتووتە کە ئەو دوایین کەسی مارکس خوازە. هەر لەو کاتەوەش سارتەر کەوتە وەڵام دانەوە بە ئێوە. سارتەر لۆمەی تەشک خوازان دەکا کە مەسلەکێکی نوێیان خوڵقاندووە، شتێک کە ئەو بە دوایین سەنگەری بورژوازی لە بەرامبەر مارکس دادەنێ. بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

**فوکو:** لە وەڵامدانەوە بەو دوو خاڵە دەمەوێ ئاماژە بکەم بەوەی کە یەکەم: سارتەر ئینسانێکە کە بە زۆر کاری گرینگەوە -ئەدەبیات، فەلسەفە، سیاسەت- خەریکە کە ئەم ئەرکانە کاتی بۆ ناهێڵنەوە کە کتێبەکەی من بخوێنێتەوە. لە راستیدا ئەو کتێبەکەی منی نەخوێندۆتەوە. هەر بەم هۆیەوە ئەوەی کە سەبارەت بە کتێبەکەی من دەیڵێ، زۆر پێوەندیی بە منەوە نییە. دووەم: ئەوەی کە دەمەوێ لێرەدا دان بەوەدا بنێم کە ساڵانێک لەمەوبەر بۆ ماوەی چەند مانگ -یان کەمێک زیاتر- ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست بووم. لەو کاتەدا بە ئێمەیان دەگوت کە سارتەر بۆ دوایین جار داکۆکی لە ئیمپریالیزمی بورژوازی دەکا، وەک دوایین بەردی بناغەی ئەو رێبازەو....تاد. ئێستا بۆ من مایەی سەرسوڕمان و سەرگەرمییە کە دەبینم دوای (١٥) ساڵ وەها عیبارەتێک لە پێنووسی سارتەرەوە دەچۆڕێ. دەکرێ بڵێین، من و سارتەر بەنۆبە بەدەوری ئاشێکدا سووڕاوینەتەوە.

* ئێوە ئەسالەتێک لەم وتەیەدا نابینن؟

**فوکو:** نا، بیست ساڵە کە ئەم وتانە چوونەتە نێو خەڵکەوە، سارتەر بەردەوام بەکاریان دێنێ کە مافی خۆیەتی.

* سارتەر، ئێوەو فەلسەفەزانەکانی دی لۆمە دەکا کە نسبەت بە مێژوو کەمتەرخەمن و حورمەتی مێژووتان شکاندووە. ئایا ئەمە دەسەلمێنی؟

**فوکو:** هیچ کام لە مێژووزانان، وەها سەرزەنشتێکی منیان نەکردووە. مێژوو لەلای فەیلەسووفەکان جۆرێک ئوستوورەیە. ئەوان بەگشتی لە دەرەوەی چوارچێوەی نەزم گرتووی شوێنکاری خۆیان زۆر بێ خەبەرن. یەک بیرکاری، یەک بایالۆژی و هەروەها یەک مێژووی تایبەتی فەلسەفە هەیە . مێژوو بۆ ئەوان جۆرێک تێکەوەگلانی گەورەو بەرینە کە لەودا ئازادی کەسەکان و دانانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان لە یەک ئاڵاون و ئەگەر دەست بۆ ئاوێتەی یەکێک لەم واتایانە -پەیوەستەگی، کردەوە کاریگەرییەکانی ئازادی مرۆڤ، دان پێدانانی ئازادی تاکە کەسی لەگەڵ دانانە کۆمەڵایەتییەکان- بەری، ئەوا ئەم ئاغایانی پلە بەرزو جیددی هاواریان لێ بەرزدەبێتەوە کە مێژوو هێرشی کراوەتەوە سەر. راستییەکەی ئەمەیە کە ماوەیەکە هێندێک کەسی ناوداری وەک مارک بلوخ و لوسین فۆر کۆتایی وەها ئوستوورەیەکیان لە مێژوو راگەیاندووە. ئەوان بە میتۆدێکی تەواوجیاواز مێژوو دەنووسن. زۆر شادمانم، بەوەی کە ئەگەر ئوستوورەی فەلسەفی مێژوو، ئەم ئوستوورە فەلسەفییەی کە بە بکوژی تاوانبار کراوم، بمکوشتایە، چونکە بە راستی ئەمە راست هەمان ئەوکارەیە کە دەمەویست ئەنجامی بدەم، بەڵام نەک تەواوەتی مێژوو، بەڵکو بەو مێژووەی کە بەو جۆرەی کە لە فەلسەفەدا باسی لێوە دەکرێ، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ویستوومە بیکوژم.

* کام یەک لە ئەندێشمەندان، لێکۆڵەران و فەیلەسووفەکان لەمەڕ سەرهەڵدان و شکڵ گرتنی ئەندێشەی ئێوە کاریگەرییان بووە؟

**فوکو:** من لە نەسڵێکم کە ئاسۆی ئەندێشەکەی بەشێوەی گشتی لەلایەن «هوسرل»، بەشێوەی وردتر لەلایەن سارتەرو وردتر لەویش لەلایەن

«مێرلۆپۆنتی»یەوە پێناسە کراوە.

بەهۆگەلێک کە هەر لە کاتەدا سیاسی، مەسلەکی و زانستییە و زۆر بە دژواری دەکرێ ڕوونیان بکەمەوە، ئەم ئاسۆیە لەبەرچاوی ئێمە ڕووخاو بزر بوو، ئێمە لە بەرامبەر خۆماندا هەستمان بە بۆشاییەک کرد لەودا گۆڕانکاری زۆر بەرتەسکترو ناوچەییتر لە پێشوو ببوونەوەو لە زێدەخوازی ئەوان کەم ببووەوە. ڕوونە کە زمانناسی بە میتۆدی «یاکوبسن» و مێژووی دینەکان و ئوستوورەناسی بە میتۆدی «دومزیل» وەک پاڵپشتێکی بە نرخ بوون بۆ ئێمە.

* لەهەڵوێستی ئێوە لەهەمبەر کردەوەو سیاسەت چ پێناسەیەک بەدی دەکرێ؟

**فوکو:** چەپی فەڕانە لەسەر بنەمای جۆرێک ئوستوورەی نەزانی پیرۆز (جهل مقدس) ژیاوە. ئەوەی کە بۆ ئێستا نوێیە، بڕواهێنانە بەوەی کە دروست بوونی ئەندێشەی سیاسی لە ئاکامی وردبینی و جیددیەتی زانستی ئەو ئەندێشەیەیەو لەم ڕوانگەیەوە وا بیردەکەمەوە، تەواوی ئەو هەوڵانەی کە ئەمڕۆکە گرووپێک لە ڕۆشنبیرانی کۆمۆنیست بە مەبەستی سەرلەنوێ نرخاندنی واتاکانی مارکس دەیدەن، تەواوی ئەو هەوڵانەی کە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی ئەم واتایانەو هەڵسەنگاندنیان و لە ئاکامدا بەدەستەوەدانی پێناسەیەک بۆ بەکارهێنانی گونجاوو لەباریان ئەنجام دەدرێ، بەبڕوای من تەواوی ئەو هەوڵ و تەقەللایانە هەم سیاسییە و هەم زانستی و ئەم حوکمە کە خۆ خەریک کردنمان بە چالاکی وەها زەینی و تیۆری بەو جۆرەکە ئێمە ئێستا خۆمان پێوەخەریک کردووە، ئەگەر بە مانای پشت کردن لە سیاسەت چاوی لێ بکرێ، بە بۆچوونی من ئەم تێڕوانینە ڕاشکاوانە هەڵەیە، سەرتاپا هەڵەیە. بەهۆی هەڵگەڕانەوە لە سیاسەت نییە کە ئێمە لە مەسەلە گەلێکدا غەرق بووین کە لە بواری تیۆریدا وەها وردو دەقیق پێناسە کراوە، بەڵکو بەوهۆیەیە کە تێ گەیشتووین کە کردەوەی سیاسی- بەهەر شێوەیەک کە هەبێ- تەنیا لە پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ بیرۆکەی ورد لەتیۆریدا ئیمکانی سەرهەڵدانی هەیە.

* فەلسەفەی بوون خواز (وجودگرا) خەڵکی بۆ کردەوەو «تعهد» هان دەدا، ڕەخنەیان لە ئێوە گرتووە کە بە پێچەوانەی ئەو میتۆدە کاردەکەن؟

**فوکو:** سەیر نییە کە وەها ڕەخنەیەکیان گرتبێ، بەڵام دیسان دەڵێم کە جیاوازی کارەکە لەمەدا نییە کە سیاسەتمان لە تیۆری پەردازی جیاکردۆتەوە، ئاسانە، ئەگەر بمانەوێ سیاسەت لە تیۆری نزیک بکەوینەوە، دەبێ لە قبووڵ کردنی ئەم سیاسەتی پشت ئەستۆ بە نەزانی زانایانە (جهل عالمانە) خۆ بپارێزین. سیاسەتێکی کە بە بۆچوونی من نیشاندەری هەمان ئەو شتەیە کە ناوی «تعهد»ە.

* زمانی دیکە یان قامووسی دیکە، کامەیە کە ئەمڕۆ فەیلەسووفەکان و زاناکان لە کۆمەڵانی خەڵکی هاوچەرخی خۆیان جیادەکاتەوە؟

**فوکو:** بە پێچەوانەوە، بە بۆ چوونی من ڕاگوێزانی زانست (SAVOIR) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەربڵاوترو بەهرەمەندترە. بۆ نموونە زانست لە سەدەی چواردەیەم و پازدەیەمدا لەنێو کۆمەڵی بچووک بچووک، بازنەیی و پاوانکراودا بەیان دەکرا. زانست جۆرێک ڕاز بوو، بڵاوبوونەوە یان نەبوونەوەی تەنیا لەنێوان ژمارەیەکی دیاری کراودا، لەهەمان کاتدا زەمانەت دەکرا و دەپارێزرا. هەر کە گشتگیر دەبوو، ئیتر لە قاڵبی زانست دەچووە دەرێ و هەر بەم پێیە لە حەقیقەتەکەی دوور دەکەوتەوە.

ئێمە ئەمڕۆکە لە قۆناغێکی پێشکەوتوو بە خێراییەکی تێپەڕدا ژیان دەبەینە سەر کە لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم دەستی پێکردووە. یانی ئەو کاتەی کە سەرەنجام زانست حاڵەتێکی گشتگیری بەخۆوە گرت. زانین بە مانای بە ڕوونی دیتنی شتێک بوو کە هەر کەسێک لە هەلومەرجی وەک یەکدا دەیتوانی بیبینێ و تەئیدی بکات، تا ئەو ڕادەیە کە خوڵقاندنی زانست لەو هەلومەرجەدا شکڵی گشتیی بەخۆوە گرت. هەموو بوونە خاوەنی زانست. جیاوازی تەنیا لە ڕادەی وردبینی و ڕێکخستن و ...تاد بوو، بەڵام بەو جۆرەش نەبوو کە لەلایەک نەزانان و لەلایەکی دی زانایان جێیان گرتبێ. هەر کە زانست تەشەنە بۆ لایەک دەکا لەلایەکی دیشەوە ڕەنگدانەوەی دەبێ و بە بۆچوونی من سەرەڕای بە پسپۆڕبوونی هەرچی زیاتری زانست، ڕەوتی پێوەندی زانست بە پشت ئەستوور بوون بە خۆی، لەپێشدا هیچ کات بەم خێراییە نەیدەتوانی جێگیر بێت.

*** هبوط: تنزیل**

**سەرچاوە:**
**آزدگان، شمارە-٥٣- ٢٠/آذر/١٣٧٨.**

# فەیلەسووفی ناوداری ئیتالیا بەندیتۆ کرۆچێ

د. تاهیر ئەحمەد مەکی
لە عەرەبییەوە: محەمەد سلێمان

جیهانی عەرەبی لەگەڵ ڕاپەڕینی نوێیدا ئەو دیوارە بڵندانەی کە لە دەوروبەری دادەبڕین ڕووخاند، ئەوکات زانی ئەوانی دی چییان هەیە و هەرسی کرد، و سوودی لێ وەرگرت، و لەبەر ڕۆشنایی کەلەپوورەکەی خستیە خزمەتی خۆی، بۆ ئەوەی وەک بەرهەمێکی عەرەبی خۆی بنوێنێت، هەرچەندە سروشتی نوێخوازی و بۆنی تازەگەری هەڵگرتووە، لەم گەشتەیدا بۆ ئەم نوێیە زۆر لە زانایانی ڕۆژاوای ناسی و زۆر لە ئەدیب و ڕەخنەگرانی، زۆرینەیان یان ئەوەتا ئینگلیزبوون یان فەرەنسی، بەهۆی ئەوەی ئینگلتەرا و فەرەنسا لە بەهێزترین دەوڵەتانی ڕۆژاوا بوون، و لە هەموان زیاتر پەیوەندییان بەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو بەتایبەتی و جیهانی ئیسلامی بە گشتی. شتێکی ئاسایی بوو لە زانکۆکانمان لە هۆڵەکانی وانەوتنەوەدا لە کۆلێجەکانی زانستە مرۆییەکان، و لەسەر لاپەڕەکانی کتێبان ناوەکانی: سانت بیف، برونتییر، دینان، تین، هازلت، کولردج، ماتیو ئارنۆلد و کەسانی تریش دەنگ بداتەوە، هەروەها چەندان گەورە ڕەخنەگران و ئەدیب و هونەرمەندانی تر، لە تەک چەندان ناوی ئەڵمانی بە ژمارە کەم، بەڵام خاوەن توانا و بەهرەی مەزن لە فەلسەفە و تیۆردانان و ڕەسەنایەتی، وەک: هیگڵ، نیچە، شوپنهاور و چەندانی دیش.

زانیاریمان دەربارەی شارستانیەتی ئەوروپا تەنیا چەند دەوڵەتێک دەگرێتەوە بەتایبەت، بەریتانیا و فەرەنسا. ئەو شتە کەمەی دەربارەی ئەدەبی وڵاتانی تر دەزانین لە ڕێگەی ئەم دوو زمانەوە پێیان گەیشتووە هەرچەندە هەندێک لەم وڵاتانە کۆنیشن و ڕۆڵی دیاریکراویان هەبووە لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و گەشەدان بە ئەدەب و هونەر. ئەم وڵاتانە ئەمڕۆ ڕۆڵێکی کەمیان هەیە لە جیهانی ئەمڕۆماندا. ئەگەرچی خاوەن مێژوویەکی پرشنگدار و ڕابردوویەکی مەزنیان هەبووە. وەک یۆنان بۆ نموونە ئێمە هیچ دەربارەی ئەدەبی یۆنانی هاوچەرخ نازانین، چونکە بەرهەمی یۆنانی نوێ کەمە و بەرچاو نییە، هەڵوێستمان بەرامبەر ئەدەبی ئیتالی گەلێک باشتر نییە هەرچەندە ئیتالییەکان تا ڕادەیەک هەوڵ و کۆششیان داوە. بەتایبەت لە بواری ڕەخنە و فەلسەفەی تاوان و سزادا.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم ئیتالیا دابەشی چەند فەرمانڕەواییەکی دژبەیەک بوو کاتێک ئەم فەرمانڕەوایانە یەکیان گرت. بەربەرەکانی دەستی پێکرد لەنێوان زلهێزەکانی ئەوروپا لەسەر داگیرکردنی شوێنەکانی جیهان. بەریتانیا و فەرەنسا ئەو شوێنانە کە داگیریان دەکرد و دەیانخستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان ڕۆشنبیری خۆیان تیادا بڵاودەکردەوە، هەر یەکەیان لەو وڵاتەی کە داگیری کردووە کاتێک ئیتالیا لیبیای داگیرکرد، بە گیانێکی فاشیستانە هاتنەپێش بۆیە خەڵکەکەیان دەربەدەری بیابان کرد بۆ ئەوەی برسیەتی و هەژاری و وشکانی لەناویان ببات. کاتێ شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد خەونەکانیان پووچایەوە و شکان

و ژێرکەوتن. لە لیبیا دەرچوون، هیچ پاشماوە و شوێنەوارێکیان دوای خۆیان جێ نەهێشت. بۆیە زانیاریمان کەمە دەربارەی بەشداری ئیتالیا لە مەیدانی هونەر و داهێنان. هەرچەندە ئەدیبی گەورەیان مورافیا جیهانی دەوڵەمەند کردووە بە دانراوەکانی بەچیرۆک و رۆمان و هەروەها گەشتەکانی، بەڵام چەند لە رۆشەنبیرەکانمان بندتۆ کرۆتشێ دەناسن، کە گەلێک بیروڕای رەسەن و تایبەت و جیاوازی هەیە لە مەیدانی رەخنە و فەلسەفە و هونەردا.

هیچ کتابێک لە بارەی رەخنەی ئەدەبی نوێ ناکەیتەوە گەر بیروبۆچوونەکانی نەخاتە ڕوو.

بوومەلەرزە: کرۆتشێ لە گوندێک لە دایک بووە کەوتۆتە ناوەڕاستی باکوری ئیتالیا. لە چیایەکانی ئەلبی ناودار ساڵی (١٨٦٦). هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوە دەکرد بەتایبەتی رۆمان، کاتێ تەمەنی گەیشتە (٩) ساڵان ناسراوترین کتێبە ئەدەبییەکانی ئیتالی خوێندەوە، بەکارتێکردنی دایکی گەلێک حەزی لە هونەر و شوێنەواری کۆن بوو، دایکی لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ کەنیسەی ناپۆلی و پێکەوە سەیری تابلۆ هونەرییەکانیان دەکرد، لە هەژدە ساڵیدا دایک و باوک و خوشکی تاقانەی گیانیان لە دەست دا بەهۆی بوومەلەرزەوە. خۆشی چەند سەعاتێک لەژێر پاشماوەی رووخاودا مایەوە.

لە کاتی هەرزەکاریدا تووشی گەلێک تەنگانەی دەروونی هات و زیاتر لە جارێک بیری لە خۆکوشتن کردەوە. ئینجا کتێب بوو بە هاوڕێ و خەمڕەوێنی هەموو کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ کتێب خوێندنەوە.

بەشێکی کەم لە ژیانی لە رۆمادا بەسەر برد، دوایی گەڕایەوە ناپۆلی کە تیایدا هەموو ژیانی بەسەربرد وە ژیانی بەم شارە بەستراوە وە لە باوەشیدا چیرۆکەکان و مێژوویی سیاسەت و رووداو و شانۆی ئەدەبی نووسی. چووە مەیدانی سیاسەت بوو بە ئەندام لە ئەنجومەنی پیران و بوو بەوەزیری زانست. لە سیاسەتدا بیروڕای بەهێزی هەبوو. شوێنێکی دیاریکراوی هەیە لە بیری نەتەوەکە و رۆشنبیریدا.

رۆشەنبیریی ئیتالی: دەتوانین بڵێین کرۆتشێ ئەدەبی ئیتالی بەرزکردەوە بۆ ئاستێکی بەرزی ئەوروپی. توانی ئەدەبی ئیتالی موتوربە بکات بە ئەدەبی جیهانی، کۆششەکەی تەنیا هەڵگرتنەوە نەبوو، بەڵکو هەڵیدەبژارد و دەیخستە ژێر دراسەکردن و رەخنە لێ گرتن و نرخاندن. وە پەیامێکی گەورەی بە نیشتمانەکەی گەیاند نەک تەنیا بەرزکردنەوەی رۆشەنبیری، بەڵکو لە بواری ژیانی شارستانی و ئاکاریشدا، کرۆتشێ ساڵەکانی یەکەمی بەدراساتی قووڵ و جیاواز بەسەربرد، لە چوارچێوەی رێبازی (دانانەکیەتی) وضعی دا (بوستوفیزم)، بەڵام هاتە ئەو باوەڕەی کە ئەم فەلسەفە مردووە. بۆیە لە دراسەکردنی خاسیەتەکانی چوو بۆ دراسەکردنی رێباز و رێگایەکانی ئەم فەلسەفەیە، بۆیە بە توانایەکی بەرز لە نووسیندا و بەشێوەیەکی بەرز سەرکردایەتی بزاڤی یاخیبوونی کرد دژی بیروباوەڕی کۆن و هەموو شێوەیەکی رۆشەنبیری وضعی، لەژێر ئاڵای ئەم بیروباوەڕە گەڕایەوە بۆ ڕابردوو، بەستراوە بە قووڵترین شێوازی رۆمانسی و قووڵترین رۆشەنبیری ئیتالی.

## لێکۆڵینەوەیەکی سەیر و بوێرانە

کرۆتشێ ساڵی (١٨٩٣) دەستی بەم بەرهەمە فەلسەفی و رەخنەییە کرد. ئەویش لێکۆڵینەوەیەکی کورت بوو بەناوی (وەڵامی مێژوو بۆ چەمکی گشتی هونەر). بەو ئەنجامە گەیشت کە کێشەی مێژووی بەستەوە بە کێشەی هونەر ئەوەش دۆزینەوەیەکی نوێ بوو، لێکۆڵینەوەکە سەرنجی رەخنەگرانی ڕاکێشا و بیری بوێرانەی تێدا بوو. ساڵی پاشتر فراوانتر بوو پاش ئەوەی کە لەگەڵ زانایی زمانەوانی بوو بە گفتوگۆیان، ئەوە بوو کتێبی (رەخنەی ئەدەبی) دانا، پاشان رووی کردە لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی مێژوو. زنجیرە تۆژینەوەیەکی لە ماوەی پێنج ساڵدا لەنێوان ساڵی (١٨٩٥-١٩٠٠) پاش تەواوکردنی هەستی کرد کە بیروباوەڕی دەربارەی هونەر دەوڵەمەند و رێک و پێک بووە، بۆیە دەستی کرد بە دانانی کتێبێک بەناوی (فەلسەفەی هونەر). کە رێبازێکی فەلسەفی تەواوی تیادا بوو، ببوو بە سەرچاوەیەک بۆ گیروگرفتی فەلسەفی نوێ. بریاری دا بەردەوام بێت لەسەر ئەم رێگایە و رێبازە، بۆیە هەڵسا بە دەرکردنی گۆڤارێکی فەلسەفی بۆ ئەوەی بیروباوەڕی بگەیێنێت بەخوێنەران لە وڵاتەکەی و لە جیهاندا. لەگەڵ دانانی زنجیرەیەک لە دانراوی تیۆری و مێژوویی، کە لایەنەکانی ئەم فەلسەفەی روون دەکردەوە و ئاسان دەکرد.

بەرەنگاری فاشستیەت دەبێتەوە: لە «٢٩»ی کانوونی دووەم ساڵی (١٩٠٣) ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (رەخنە)ی دەرکرد، خۆی سەپاند بەسەر بیری ئەوروپی و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ئەوروپا. ئەم بیروباوەڕەی وەک چەکێک بەکاردەهێنا دژی رەخنەی مێژووی سادە و رووت و رێبازی دانانەکیەتی (وضعی) لەو رێگەوە مژدەی تیۆری جوانی (ئێستاتیک)دا وەک چۆن لە دانراوەکانی دەری بریوە. گەیشتە پلەیەکی بەرز و

ڕێز پەیدا بکات، لە ئەدەبەوە بەرەو سیاسەت و فەلسەفە چوو، تاکو ئەو کاتەی گۆڤارەکە ڕاگیرا ساڵی (١٩٤٦)، بەڵام گیانی فەلسەفەکە و ڕێڕەوەکەی بەردەوام بوو لە گۆڤارێکی تر بەناوی (چەند نامیلکەیەک لە بارەی ڕەخنە) جگە لەم گۆڤارە چالاکییەکانی بەردەوام بوو لە دانانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژوویی باش و بەپێزی نووسی کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە لەسەر ژیانی بیری ئیتالی. لەم زنجیرەدا (زانایانی فەلسەفەی نوێ) و (ئەدیبەکانی ئیتالیا) و (کتێبخانەی شارستانی نوێ) بەهاوکاری جنتیلی (١٨٧٥-١٩٤٤) کە هاوکاری دەرچوونی گۆڤاری ڕەخنەی دەکرد.

ئەگەرچی ڕۆژگار لە یەکتری جیاکردنەوە هەریەکەیان ڕێگایەکی گرتە بەر، ئەوە بوو جەنتیلی چووە ڕیزی فاشییەکان، بەڵام کرۆتشێ خۆی پاراست ساڵی (١٩٢٢) فاشییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست باڵیان بەسەر گەلی ئیتالیادا کێشا تاکو لە شەڕی دووەمی جیهانیدا دۆڕان ساڵی (١٩٤٣). لەو ڕۆژگارەدا کرۆتشێ زیاتر بەناوبانگ بوو. ڕێز و تەقدیرێکی باشی هەبوو لە لایەن خەڵک و هاووڵاتیەکانی، چونکە بە توندی بەرەنگاری فاشییەت بۆوە و بەردەوام هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی دژیان هەبوو. لە وڵاتەکەی خۆیدا مایەوە جێی نەهێشت هەرچەندە تووشی گەلێک ئازار و تەنگ و چەڵەمە بوو. نموونەی ڕۆشەنبیرێکی نیشتیمان پەروەر بوو کە لە کاتی تەنگانە و ناخۆشیدا بمێنێتەوە پاش ئەوەی ئیتالیا ڕزگاری بوو لە دەست فاشییەکان و ئەڵمانەکان چالاکانە بەشداری ژیانی ڕۆژانە بوو بەردەوام مرۆڤێکی ڕاست و دڵسۆز و مامۆستایەکی پێشەوا بوو. وازی لە پەیامەکەی خۆی نەهێنا تاکو دوا ڕۆژی ژیانی ئەگەرچی پیر و پەککەوتە بوو لە ساڵی (١٩٥٢) کۆچی دوایی کرد. ڕەخنەگری گەورەی ئیتاڵیا خاوەنی شێوازێکی ئاسان و خۆش بوو. جوان و شیرین نەک تەنیا لە فەلسەفەدا بەڵکو لە مێژوو و ڕەخنەشدا، خاوەنی ڕۆشەنبیرێکی فراوان بوو لە گفتوگۆیەکانیدا ناسک و لەسەرخۆ و لە هەمان کاتدا توندیش بوو، چەمکەکانی هونەر و زمان و ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوویی نوێ کردەوە دانراوەکانی بوونە سەرچاوە بۆ تێگەیشتنی ڕۆشەنبیری ئیتاڵی نوێ بە توندی تێکۆشا دژی تیۆرەکانی دانانەکیەتی (وضعی) کە هونەر لە چوارچێوەیەکی واقعی تەسک و هەستدار دەهێڵێتەوە. یا هونەر دەکات بە بەرهەمی خەلەفاوەکان یا دەیکات بە ڕێگایەک بۆ گوتنی ڕاستییەکان یا وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتی وەستا.

بیروڕاستی: کرۆتشێ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بیروڕاستی یەک شتن. زانست بریتی نییە لە پێوەندی نێوان بیر و بابەتێکی سەربەخۆ، بەڵکو خۆی بیرەکەیە لە پێزانینی خودی خۆی. بیر دوو شێوە یا دوو جۆرە چالاکی هەیە: تیۆری کە ڕوو لە زانست دەکات و بەجێ هێنانی ئامانجەکەی ویست و ئیرادەیە. یاخود بەمانایەکی تر بریتین لە کار و زانیاری مەبەست لە ویست لێرەدا مانا فەلسەفییەکەی نییە واتا بنەمای گشتی، و بڕوای شتەکان و واقیع و نەک مانا مەجازییەکەی کە بریتییە لەو کردارەی کە بیری مرۆڤایەتی دەیکات، بەڵکو بریتییە لە چالاکی بیر جیایە لە تێڕامانی تیۆری بۆ شتەکان و کردار بەرهەم دێنێت نەک زانست و کارەکە باش و ڕاست دەبێت ئەگەر بە ویست و ئیرادە بێت. ئەگەر نا جوولانێکی ڕووت دەبێت ویستی کاریش سەرەتای ویستی یاخیبوونی تیادایە. زانستیش دوو شێوەی هەیە: حەدەس (سۆسەیی) کە لە دایکبوونی خەیاڵەکە بەهۆیەوە وێنەی تاک و بەش دەزانین ئەوەش هونەرە. بیرەکە لە ڕێگەی مێشکەوە پێمان دەگات و بەهۆیەوە پێوەندییە گشتییەکان دەزانین ئەوەش لۆجێکە (ژیربێژییە) بەجێهێنان یا کار دوو شێوەی هەیە: ئابووری ئامانجی جێبەجێکردنی ئارەزووی کەسییە و سوود وەرگرتنەوە ڕەوشتییە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانە بەرەو باشە. لە زانیاری و کاردا بە هەردوو شێوەیەوە چوار چەمک پێک دێت کە ڕاستی پێک دێنن: جوانی، هەڤ، چاکە، سوود. بەم چوار لایەنەی ڕاستی دەگوترێت چوار ترووکە ئەم چوار ترووکەیە لە یەکتر جیاناکرێتەوە. هەریەک لەمانە ڕاستییەکی تەواو دەنوێنێت. لە ترووکەی یەکەمدا ڕاستی دەبێتە جوانی لە دووەمدا دەبێتە هەق. لە سێیەمدا دەبێتە سوود لە چوارەمدا دەبێتە چاکە. چالاکی هونەری یەکەم هەنگاوی بیرە و شێوەی یەکەمە و حەدەسێکی تەواوە. حەدەسیش پێزانینێکی ڕاستەوخۆی ڕاستی تاکە. هیچ توخمێکی ژیربێژی (لۆجیکی) تیایدا نییە. زانستی هونەریش یا حەدەسییەت پێش زانستی لۆجیکی دەکەوێت، ئەوەیان لەسەر ئەویتر بەندە لەو لێکۆڵینەوەی بەناوی (سۆسەیەکی پوخت و شێوازی لیریکی «غنائی» هونەر). ساڵی (١٩٠٨) بڵاوی کردەوە زاراوەی حەدەسی لێرکی لە جیاتی حەدەسی تەواو دانا. بەم شێوەیە چارەسەری گیروگرفتی نێوان چالاکی کۆمەڵایەتی و ناوەرۆکەکەی کرد، کرۆتشێ ڕوونی کردەوە کە هونەر بریتییە لە دەربڕینی هەست. یا بریتییە لە هاوهێزییەکی تەواوی نێوان ئەو سۆزەی کە هونەرمەند هەستی پێدەکات و نێوان

ئەو وێنەیەی کە هەست و سۆزەکە دەردەبڕێت. بۆیە ناتوانین هونەر و شێوازە ئەدەبییەکان ڕیزبکەین بەشێوەیەکی کۆتایی، چونکە حەدەسی شتێکی تاکە کەسە و بەردەوام نوێیە، بۆیە ئەو ڕیزکردنەی ڕەخنەگران دایدەنێن نرخێکی نەگۆڕی نییە.

ڕەخنەگر هونەرمەندە: کرۆتشێ دەڵێ هونەرمەند داهێنەرە واتە مرۆڤێکە حەز دەکا و دەردەبڕێ. هونەرمەند وەکو فەیلەسووف و زانا و هی تر نییە دەتوانین وەسفی بکەین بە مرۆڤێکی بە ڕەوشت یا بێ ڕەوشت، بەڵام وەک مرۆڤێکی داهێنەر ناتوانین لەوە زیاتر داوای لێ بکەین کە هاوهێزی بکا لەنێوان ئەوەی دایدەهێنێ و ئەوەی هەستی پێدەکا. لەسەر هونەرمەند پێویستە هەڵوێستێکی تێرامانی هەبێت بەرامبەر داهێنانی هونەری نەک هەڵوێستی قازی یا ڕاوێژکار، چونکە ڕەخنەگریش هونەرمەندە جیاوازی نێوانیان ئەوەیە ڕەخنەگر لە ژیانیدا بە ئاگایە، بەڵام هونەرمەند بێ ئاگایە. ئەگەر فەلسەفەی هونەر زانیاری حەدەس بێ تەنیا ئەوا مەنتق زانیاری چەمکە، حەدەس لەسەر چەمک (مفهوم) بەند نییە، چونکە یەکەم شێوازی زانستە، بە پێچەوانە چەمک لەسەر حەدەس بەندە، لەم ڕووەوە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەرستۆ و کرۆتشێ، چونکە بەڕای کرۆتشێ بیرە و گەیشتۆتە قۆناغی بەگشتیکردن، بەڵام ئەرستۆ. وای دادەنێت کە تەنیا چەمکێکی ڕووتە و زیاتر نییە.

زانست یەکسانە بەویست: بەدیدی کرۆتشێ ویست بێ زانست نابێت دەتوانین دەرک بەوە بکەین کە زانست بێ ویست هەیە بەڵام ویست بێ زانست نییە. چۆن دەتوانین بمانەوێ ئەگەر حەدەس مێژوویی نەبێت چۆن ئیرادە و ویستمان دەبێت، ئەگەر جیهانی دەوروبەری خۆمان نەناسین. چالاکی کردار یا ویست سەربەخۆ نییە لە زانستدا و دوو شێوە بەخۆیەوە دەگرێ یەکەم: چالاکی سوود یا تەواو ئابووری. چالاکی ڕەوشت بەهێوای بەجێهێنانی ئامانجی تاکە ئەویش (جوانی). ژیانی کردار. ئەویتریش بەهێوای ئامانجی گشتییە ئەویش مەنتقەکەیەتی.

ئەم چوارساتە: جوانی. هەق. سوود. چاکە. بەشێوەیەکی بازنەیی بە یەکەوە بەستراوە. ساتی یەکەم مەرجی دووەمە و لەسەر چوارەمیان بەندە سێیەمیان بەندە لەسەر دووەم و مەرجە لە چوارەم بەم شێوەیە ژیان دەسووڕێ: حەدەس. مەنتق، ئابووری، ڕەوشت.

چێژ و بلیمەتی: بەپێی ئەم بنەمایە کرۆتشێ چەمکەکانی چێژو عەبقەریەت و ڕەخنە و مێژووی ئەدەب، چالاکی جوانی و ناوەڕۆک و شێوەی ڕوون کردەوە. سروشتی زمانی دیاری کرد و دەربڕینی شیعری لە دەربڕینەکانی تری جیاکردەوە.

بەڕای کرۆتشێ کردار و بەرهەمە ئەدەبییەکان لایەنێکی گەورەی ڕۆشنبیری گەل پێک دێنێت، شێوەیەکی شارستانییەوە دەربڕینە لە چێژی گەل. تیایدا نابێ تەنیا بەدوای داهێنانی تاکەکەس بگەڕێن، بەڵکو بەدوای بڵاوبوونەوەی شارستانی، وەک ڕووەکانی تری شارستانی، فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری، کردارە ئەدەبییەکان داهێنانێکی بەتوانان کە عەبقەریەتی تیادایە لە هەمان کاتدا هیوا و ئومێدی گەل دەنوێنێت. بەشێکی زۆر لە ڕۆمان و شیعر و شانۆ شێوەکانی تر وەک مۆسیقا و نیگار و هی تر کرداری شارستانینە. گەل دەخوێنێت بەهەموو وردەکارییەکەوە لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا. ئەم جۆرە جیاوازییانە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لە مێژووی ئەدەب بگەین.

مێژوو و شاعیر: کروتشێ بە ڕێگایەکی ڕوون و جوان پێوەندی نێوان ڕەوشت و شیعری ڕوون کردۆتەوە، بە بڕوای ئەو شیعر ڕاستی دروست ناکات، کاری شیعر وتاردان و وەعز خوێندن نییە گیانی شاعیر ناتوانێت پشت لە ئەزموونی گیانی مرۆڤایەتی بکات دەبێت ئامانجی پاک بێت واتە ڕەوشت شیعر جوان و ڕێک دەبێت ئەگەر کەسایەتی شاعیر بەرز و بڵند بێت.

دەربارەی پێوەندی نێوان شاعیر و مێژوو واتە واقیع نموونەی بەرز لە کۆمەڵدا سیاسی بێت یا ئایینی لە سەردەمێک لە سەردەمەکان. هەر داهێنانێکی شیعری لە خۆیدا تەواوە، سەربەخۆیە لە هەر شتێکی تر، بەڵام مادە و ناوەڕۆکی شیعر لە ڕووی بیرو مرۆڤایەتییەوە بەندە لەسەر خودی شاعیر دەوڵەمەند دەبێت بەفراوانی بیرو هۆشی شاعیر و قووڵایی پێوەندی بە مێژوو. هەر کارێکی شیعری لە لایەن مێژووەوە دیاری ناکرێت، بەڵام ئەم بارودۆخە دروست دەکات کە دەوری داوە. ناتوانین لێی قووڵ بینەوە یا باش تێی بگەین ئەگەر بارودۆخی ڕەوشتی مێژوویی سەرهەڵدانی نەزانین.

## چەندان شێوەی تایبەت

لە دوا کایە لە بارەی ئەم ڕایەی کە دەڵێت، چەندان شێوەی هونەری تایبەت هەیە، و هەر شێوەیەکیان چەمک و سنوور و یاسای تایبەتی خۆی هەیە، و چۆن ئەم بیرۆکەیە لە دوو ڕاڕەو بەرجەستەبوون، یەکێکیان بەناوی تیۆری ڕەگەزەکانی ئەدەب ناسراوە و، ئەدەب دابەش دەکات بۆ ئەدەبی لیرکی و شانۆیی و داستان و ڕۆمان و

چیرۆک و بۆ کۆمیدیا و ئیتریش. دووەم بەناوی تیۆری هونەران ناسراوە و ئەدەب دابەش سەر شیعر و شێوەکاری و پەیکەرتاشی و بیناسازی و مۆسیقا و نواندن و ئیدیش دەکات. هەندێ جار تیۆری یەکەم بە بەشێک لە تیۆری دووەم دادەنێت، ئەو دابەشکردنەشی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی یۆنانی و ئێستای باوە و زۆر لە نووسەران هونەری کۆمیدی و هونەری تراژیدی و هونەری گاڵتەجاڕی و ئیتریش دادەنێن، بەڵام زیانیان کەمە بۆ خەڵک لەبەر ئەوەی خەڵک ئەوەندە گوێیان لێ ناگرن، ئەوان بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان دەنووسن، یاخود بۆ ئەوەی پێگەیەکی زانستی بگرن، بەڵام لەوە دژوارتر ئەوەیە کەوا ڕەخنەگران خۆیان بابەتە هونەرییەکان بە گوێرەی ڕەگەزی ئەدەبی و هونەرییان بە بەبۆچوونی خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، لەم بارەدا جوانی یان ناشیرینی بابەتەکە دەرناخەن، بەڵکو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە ئایا بەپێی دەستووران ڕۆییوە یان نا، ئەو ڕووکارە ئەوەندە بڵاوبۆوە، تا ئەو ڕادەی مێژووی ئەدەب و هونەر بوو بە مێژووی ڕەگەزەکانی ئەدەبی و هونەری، ئەوەشیان بووە هۆی بەش بەش بوونی کارەکانی یەک هونەرمەند، کە لە ڕاستیدا یەکەتیەک پێک دێنێت لە هەوێنەیەکدا بێت، لیرکی یان چیرۆک یان شانۆگەری، کەواتە دەتوانین شاعیرێکی وەک ئەریوستی ئیتالی (١٤٧٤- ١٥٥٣) لەنێوان پیاوانی ڕاپەڕین بژمێرین کەوا بە شیعری لاتینی خەریک بوو و لەنێو شاعیرە لیرکیەکانی بژمێرین کە خەریکی بە میللی نووسین بووە لە لایەکی تر، هەتا دەتوانین بیخەینە ڕیزی نووسەرانی داستان، یان خەو شکۆکان.. تاد لە ڕەگەزەکانی ئەدەب، کە دەتوانین شوێنی بۆ بدۆزینەوە لەناو ئەم ڕەگەزانەی ئەدەبدا.

## هونەر بە ڕەهایی

کەس لەوە بێ ئاگانییە کەوا مێژووی ئەدەبی پڕن لەو حاڵەتانەی کە هونەرمەندی بلیمەت لە ڕەگەزەکانی ئەدەبی و هونەری بڕیاردرا و دەچێتە دەرەوە، و ڕەخنەگران شالاوی بۆ دێنن، بەڵام ئەم شالاوە سەرنجی خەڵک لە بارەیەوە دانامرکێنێت، و لە ناوبانگی کەم ناکاتەوە، بە ڕەوتی کات ڕەخنە خۆی هەوڵ دەدات نەرمی بەرامبەر بنوێنێت، سنووری ڕەگەزە ئەدەبیەکە فرەوان دەکات بۆ ئەوەی لە خۆی بگرێت، یان وەک ڕەگەزێکی نوێ وەری دەگرێت، بەم جۆرە کۆت شکاندن بەردەوام دەبێت و دەستوورەکان دەگۆڕدرێن، لەگەڵ هەر بابەتێکی بلیمەتانەی نوێ.

بەڵام ڕاستیشە ئەم تیۆرەی بابەتکردن سوودی هەیە، پێوەندی بە داهێنانەوە نییە، خۆکارو لە خۆوەیە و بڕیاری لەسەر نادرێت، ئەوەشیان کارێکی فەلسەفییە، لە چوارچێوەی گڵدانەوە و ئەژماری بابەتەکانەوە دێت بێ کۆتاییە، کە سوود بە بیر دەگەیەنێت و یاریدەی دەدات وریابێت، شتێکی چاکە سوود بەخشە، گەر نەیکەینە بنەمایەکی فەلسەفی و پێوەرێک بۆ بڕیاردان لەسەر هونەر، بەڵام ئەم بابەت و ڕەگەزانە زانین ئاسان دەکەن و پەروەردەی هونەری ئاسان دەکەن، لەبەر ئەوەی لە بواری زانین وەک لیستێک وایە گرنگترین داهێنانە هونەرییەکانی تێدایە، لە پەروەردەدا کۆمەڵەیەک لە ئامۆژگاری پێویست کەوا شارەزایی کرداری هونەری سرووشی پێ بەخشیون، گرنگ ئەوەیە لیستەکانی تێکەڵ هەڵکەوت نەکەین، یان ڕووداو و فەرمانە گومانییەکان تێکەڵ نەکەین و لەگەڵ دەستوورانی توند و قاڵبگرتووی تێکەڵ نەکەین. کە تێکەڵ کردنێکە زۆر بە ئاسانی تووشی دێین، بەڵام پێویستە و دەتوانین بەرگری بکەین. کتێبەکانی ئەدەب و ڕەوانبێژی و ڕێزمان و عەرووز و مۆسیقا و وێنەکێشان و ئیدیش، لە یەکەم پلەدا لیست بەکارە هونەرییەکان، و کۆمەڵە ئامۆژگارییەک، و دووەم چەند وانەیێکی تیا دەردەکەوێت بۆ دەربڕینی هونەری پوخت و لەم بارەدا پێویستە بە بەشێکی «هونەری پوخت»ی بژمێرین کە تائێستا لە قۆناغی ئامادەباش و خۆ تەیارکردندایە، لەدوا کایە چەند هەوڵێک بۆ تێگەیشتنی فەلسەفییانەی بابەتەکانیان، بەڵام ئەوەی زیانی پێدەبەخشێت هەڵەی دابەش کردنیەتی بۆ ڕەگەزان و هونەران وەک چۆن ڕەخنەمان لێ گرتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەسازیانەن کەوا ڕێگا خۆش دەکەن لەبەردەم تیۆری ڕاستەقینەی کە دەڵێت هونەر یەکتاییە.

## ئەدەبی ئیتاڵی نوێ

بەم ڕێگایە کرۆتشێ ڕەخنە و بیروهۆشی خوێنەری ئاودا. بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر چێژ لە خوێندنەوەی کردارە مەزنەکان وەرگرێت، ڕۆشنەبیری ئیتاڵی لە هەموو ڕوویەکەوە گەشەی سەند. بەپێی ئەوەی فەلسەفە بە یەککگرتوویی دەژی لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیان. هەڵسا بە کۆششی ڕەخنەیی گەورە و کاریگەر، گەلێک کتێب و وتاری نووسی لەسەر نووسەرە ئیتاڵییەکان و بیانییەکان. لە کردارە ڕەخنەییەکانی (ئەدەبی ئیتاڵی نوێ) کە شەش بەرگە یەک لە کارە مەزنەکانیەتی فراوان و هەمە چەشنە لەنێوان ساڵی (١٩١٣-١٩١٤) دایناوە. دەربارەی ئەدەبی ئیتاڵی پاش یەکگرتن واتە نێوان ساڵی (١٨٦٠-١٩١٠). تاکو ئەمڕۆ باشترین کتێبە لەسەر

ئەم سەردەمە. جگە لەمە گەلێک نووسراوی قوولّی هەیە لەسەر گەورە نووسەرانی ئیتالیا و بیانی وەک: ئەرپوست، شکسپیر، کورنای، دانتی. لەم نووسراوانە توانایی و ڕەسەنی کرۆتشێ دەردەکەوێت، لەسەر شیعری میللی و کۆن و نوێی نووسیوە. لەسەر ئیتاڵیای سەردەمی بووژانەوە و سەدەی شازدەمی نووسیوە.

مامۆستای کارامە: جگە لە لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و هونەر لێکۆڵینەوەی لە مێژووش کردووە. بەتایبەت مێژووی زمان و لەسەر ئابووری و یاسای نووسیوە. کاریگەری ڕژێمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر ژیان باس کردووە.

کتێبی (مێژووی مەملەکەتی ناپۆلی) لەکارە باشەکانیەتی لەم بوارە، بەپێی کە خاوەنی ڕۆشەنبیرییەکی فراوان و هەمەجۆر بوو بۆچوونێکی تایبەتی هەبوو دەربارەی ژیان. ئەرک، ماف، کۆشش، تەندروستی و باوەڕبوون بە پەرەسەندنی مێژوو و بەهونەر وەک ئامرازێک بۆ یەکخستن و جوانی.

خاوەنی شێوازێکی تایبەت و جوان بوو لە نووسیندا، زمانی نووسینی جیا بوو لەوانیتر هەڵبژاردە و نموونەی ناسکی بوو. بەتوانا بوو لە بەکارهێنانی زمان بۆ ئەوەی یەکسانییەک هەبێت لەنێوان ناوەرۆکی زمان و یاسا و ڕێسایەکانی و هەڵبژاردنی وشەی مۆسیقی، چاو و گوێچکەی خوێنەر بە ئاسانی وەریان گرێت و ئینجا بەرەو مێشک بە ئاسانی.

ئەوەیە بەشێوەیەکی گشتی بیروڕا ڕەخنەییەکانی ئەم زانا ڕەخنەگرەیە ئاسانکردنی پێویستی بە هەوڵ و کۆشش هەیە، چونکە باوەڕی بە یەکگرتوویی هونەر هەیە و گەلێک بیروڕای تێکەڵ بەیەک کردووە. لایەنێکی گەورەی بیروڕاکانی لەگەڵ گەورە ڕەخنەگرانمان یەک دەگرێتەوە وەک: جرجیاتی: عەبدولقەهار و عەلی و ئیبن ئەسیر و حازمی قرتاجی بەتایبەتی، ئەشێ ڕۆژێک بگەڕێمەوە سەر ئەم جۆرە لە یەکچوونانەدا.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الدوحة)ی سپتێمبەری (١٩٨٢)، لاپەڕە (١٠٠-١٠٤).

# سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیکی


برتراند رسل
و: ڕەحیم سابیر

(١ - ٣)

دیارترین ڕووگەی بزووتنەوەی ئەزموونگەری ئینگلیزی ئەو هەڵوێستەی بوو کە بە گشتگیری لێبوردن دەناسرا بەرامبەر ئەو کەسانەی کە هەڵگری ڕێبازە هزرییە جیاوازەکان بوون، لۆک جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە لێبووردن بێ جیاوازی بەرفراوان بکرێ و تەنانەت بگاتە کاتۆلیکیش، هیوم سەرەڕای ئەوەی کە بەگشتی پابەند نەبوو بەدینەوە، بە شێوەیەکی تایبەتی گاڵتەی بەکاتۆلیکی ڕۆمانی دەکرد، هیوم نارەزابوو بەرامبەر ئەو پەرۆشییەی کە مەرجێکی پێویست بوو بۆ داپڵۆسین، بەگشتی ئەم هەڵوێستە ڕۆشنە بووە ڕێبەری کەشی عەقڵیەتی ئەو سەردەمە، لەماوەی سەدەی هەژدەیەمدا سەرەتا لە فەرەنسادا جێ پێی خۆی کردەوە، دواتر لە ئەڵمانیا، بەڕاستی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری (Enlightenment) کە دواجار، ئەڵمانیاکان ناویان لێ نا (Aufklarung) بەهیچ جۆرێک پێوەندی هەمیشەیی بەقوتابخانەیەکی فەلسەفی تایبەتەوە نەبوو، بەڵکو ئەنجامی ئەو ململانێ دینییە خوێناوییە بوو کە یەکلا نەکراو هەردوو سەدەی شازدەیەم و هەڤدەیەمی بەخۆیەوە بینی، پرنسیپی لێبووردنی دینی هەروەک لای لۆک بینیمان، دەچووە دڵەوە بەقەد ئەوەی کە لەلای ئسپینۆزا هەبوو ،لە هەمان کاتدا ئەم هەڵوێستە تازەیە لەمەسەلەکانی باوەڕبووندا ئەنجامی سیاسی زۆر دووری هەبوو ، بەهۆی ئەوەی کە دەبوایە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی توندوتیژ بوەستایە لە هەر شوێنێکدا بێت، مافی پادشا خوداوەندەکان لەگەڵ گوزارشتی ئازادی ڕای دین یەکیان نەدەگرتەوە، ململانێی دینی لە ئینگلتەرا پێش کۆتایی سەدەی هەڤدەیەم گەیشتە ترۆپک، سەرەڕای ئەو دەستوورەی کە لێی پەیدا بوو دیموکراتی پێوە دیار نەبوو ، ئازاد بوو لە هەندێ پەڕگری قێزەون کە فەرمانڕەوایانی خاوەن پلەی لەوڵاتانی تر جودا دەکردەوە لێرەوە چاوەڕێی ئەوە نەدەکرا کە ڕووداوی توندوتیژ ڕوو بدات، بەڵام ڕەوش لە فەرەنسا جیاواز بوو ، لە فەرەنسا هێزی ڕۆشنگەری زەحمەتیەکی زۆری بینی بۆ ڕەخساندن، یان ئامادەکردن بۆ شۆڕشی (١٧٨٩) ، لە ئەڵمانیادا ڕۆشنگەری وەک ڕۆشنبیرییەکی زیندوو مایەوە، لەماوەی جەنگەکانی سی ساڵەدا کە ئەڵمانیای بۆ ماوەیەکی درێژ دواخستبوو، تا لەسەر خۆ برینەکانی تیمار بکات، ئەڵمانیا ژێردەستەی ڕۆشنبیریی فەرەنسا بوو ، ئەڵمانیەکان هەوڵیان نەدا تا لەژێردەستەیی ڕۆشنبیری فەرەنسادا ڕزگاریان بێت تا ئەوکاتەی بروسیا سەری هەڵدا لەسەردەمی (فردریک-ی- گەورە) هەروەها کەوتنە زیندوو کردنەوەی ئەدەب لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا.

بزووتنەوەی ڕۆشنگەری پەیوەندیشی بە بڵاوکردنەوەی ئەپستمۆلۆژی زانستییەوە هەبوو ، خەڵکان پێشووتر زۆر مەسەلەیان دەسپاردە دەسەڵاتی ئەرستۆ و کڵێسا ، ڕێبازی تازە، وای لە خەڵکان کرد کە پشت بەڕای زانایان ببەستن، هەروەها پروتستانیەتیش ئەو بیرۆکەیەی خستە بەرباس کە دەڵێ پێویستە هەموو کەسێ بەقەد خۆی هەڵسوکەوت بکات، لەبواری زانستیدا ئەرکی خەڵکانیش ئەوەبوو کە خۆیان سروشت تاوتوێ بکەن،

نەک متمانە بەقسەی ئەوانە بکەن، کە بەرگریان لەتیۆرە شـرەکـان دەکـرد، بەو شـێـوەیە دۆزینەوەی زانست لە ئەوروپای خۆرئاوادا رووگەی ژیانی گۆڕی، لەفەرەنسا شۆڕشی فەرەنسی سیستەمی کۆنی رووخاند، کە دوا ئەرک بوو لە فەرەنسادا، ئەڵمانیاش بەدرێژایی سالآنی سەدەی هەژدەیەم ژێر دەستەی ستەمکاران (دادپەروەران) بوو، رای ئازاد کەمێ هەنگاوی نابوو، بەڵام هەندێ بەربەستی لەبەردەمدا بوو، سەرەڕای ئەوەی کە بروسیا بەمۆرکی سەربازی دەناسرا، بەڵام بە باشترین حاڵەتی ولآت دادەنرێ کە بەشێوەیەک لەشێوەکان لیبرالیەتی تێدا سەرهەڵدەدات، بەتایبەتی لەبواری رۆشنبیریدا، (فریدریکی گەورە) وا گوزارشی لەخۆی دەکرد کە خزمەتکاری یەکەمی دەوڵەتە، لەنێو سنووری دەوڵەتدا رێیدا بە هەموو کەسێک بۆ گەڕان بەدوای خۆ رزگارکردن بەو رێگا تایبەتییەی کە خۆی دەیەوێ، ناوەرۆکی سەردەمی رۆشنگەری گەڕانەوە بوو بۆ رێزگرتنی چالاکی عەقڵی سەربەخۆ، بەمانای وشە ستێرکی ئەوەیە کە رووناکی بڵاودەکاتەوە کە پێشوو تاریکی داپۆشی بوو، شیاویش بوو کە خەڵکان بە رۆحێکی پڕ لەخۆ بردوو بە پەرۆشەوە هەوڵیان دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو رووناکییە.


راسل

ئەم هەوڵدانەیان نەبووە شێوازێک لەژیاندا کە پشت ئەستوور بێ بە هەڵچوونە بێ پەرواکان، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری هێزێکی دژ هاتە گۆڕێ ئەویش هێزی هەتککردووی رۆمانتیکی بوو، لەنێوان بزووتنەوەی رۆمانتیکی و بزووتنەوەی رۆشنگەری پێوەندییەک هەیە کە لە هەندێ لایەنی تایبەتەوە بە تێڕوانینی (دیو نیزیەت) لەبەرامبەر (ئەبۆلۆنیەت)دا بیرمان دەخاتەوە، رەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کە بە بەرگێکی ئایدیالیستانە مۆرکراوە کە سەردەمی رێنیسانس دروستی کرد و لە یۆنانی کۆنەوە وەریگرتووە، لەماوەی سەدەی هەژدەیەمدا ئەو بزووتنەوەیە لەفەرەنسا بەشێوەیەک پێش کەوت کە بووە پەرستن بۆ هەڵچوونەکان، ئەم پێشکەوتنە لەلای بیرمەندە عەقڵییەکان کاردانەوەی لەسەر بابەتە سارده داماڵراوەکان بەخۆوە دەبینێ، بەڵام بیری سیاسی لای عەقڵانییەکان هەر لە رۆژگاری هۆبزەوە هەوڵی دا بۆ چەسپاندنی جێگیربوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پارێزگاری کردنی، رۆمانتیکییەکان ژیانی مەترسیان پێ باشتر بوو، لێرەوە هەوڵی خۆشگوزەرانیان نەدەدا، بەڵکو بەدوای موغامەراتدا دەگەڕان، قینیان لە ئارامی و هێمنی و دڵنیایی دەبووەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە توانای مرۆڤ ناهێڵێ، تیۆریانە وایان دەبینی کە ئەو ژیانەی تووشی مەترسی دەبێت، شکۆمەندترە، ئاوا بەو شێوەیە ئەو بیرۆکەیە سەری هەڵدا کە مرۆڤی ئایدیالیستی پێوە بوو، بیرۆکەی ئەو جووتیارە هەژارەی ئەو رەنجەی لە پارچە زەویەکی بچووکدا دەیدا لە چەرمەسەریدا دەژیا، بەڵام ئەمە وای لێ دەکات کە بە ئازادی بژی و لەگەندەڵی شارەوە دووربێ، بەهایەکی تایبەتیان هەبوو بۆ پاراستنی پێوەندی پتەویان لەگەڵ سروشتدا، بەڵام شێوەی هەژاری کە پەرۆشی بوون لەناوەرۆکیدا گوندیانەبوو، بزووتنەوەی پیشەیی بەتێڕوانینی رۆمانتیکیە سەرەتاییەکان لە نەفرەت بوو، لەو بارەیەوە لەسەر حەق بوون لەبەر ئەوەی شۆڕشی پیشەسازی زۆر شتی گەندەڵ و قێزەونی لەگەڵ خۆی هێنا، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و مادی، بەڵام لەسەدەکانی دواییدا لەژێر کاریگەری مارکسیزمدا تێڕوانینێکی رۆمانتیکیانە بۆ چینی کرێکاری پیشەیی دەرکەوت کە وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو کێشانەی کە رووبەرووی کرێکارانی پیشەیی دەبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینی رۆمانتیکیانە بۆ (کرێکار) تا ئێستاش لەسیاسەتدا هەرماوە، زیندووکردنەوەی رۆحی ناسیۆنالیزم بەبزووتنەوەی رۆمانتیکییەوە گرێ درا، لەو بارەیەوە شتێک بیر دەخەینەوە ئەویش ئەو هەوڵدانە عەقڵییەتە گەورەیەیە کە زانست و فەلسەفە پێی هەڵستان و لەناوەرکیاندا دوور بوون لەسۆزی ناسیۆنالیزمییەوە، وەک چۆن بزووتنەوەی رۆشنگەری بەو هێزە دەناسرێ کە سنوورێکی سیاسی ناناسێ، سەرەڕای ئەوەش نەیتوانی شان بەشانی کاتۆلیکی لە ولآتی (ئیتالیاو ئیسپانیا)دا گەشە بکات، بەڵام کاری جیاوازکاری ناسیۆنالیزمی بەهێزکرد و یاریدەی وێناندنی سۆفیزمی دا بۆ مەسەلەی نیشتمانپەروەری، ئەمەش ئەو ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەبوو، کە (هۆبز) لەکتێبەکەیدا بەناوی (ئەژدیها ) لەسەری رۆیشتووە، وای لێ هات کە

نەتەوە کەسێک دەهێنێتەکایەوە کە چێوەیەکی فراوانتر بگرێتەوە، کە یەک جۆر ئیرادەی تایبەتی هەبێت، ئەم هەستە ناسیۆنالیزمییە وای لێ هات کە بتوانێ دەست بگرێ بەسەر ئەو هێزەی شۆڕشی (١٧٨٩)ی هەڵگیرساند، بەڵام ئینگلتەرا بەخت یاوەری بوو بەوەی کە سنوورێکی سروشتی هەیە لەبارودۆخێکی زۆر هێمندا هەستی ناسیونالیزمی بەدەست هێنا، شوێنەکەشی لەنێوەندی ئەو بارودۆخە گشییەی جیهاندا بەربەستێک بووە کە نەتوانراوە شالاوی بۆ ببردرێ، بەرامبەر ئەوە کۆماری فەرەنسای لاو کە فەرمانڕەوا دوژمنەکان لەهەموو لایەکەوە چاویان تێ بڕیبوو، توانای ئەوەی نەبوو کە لەنێو خۆیدا ئەو شێوە بەربەستە لەخۆوە بۆ ناسنامەکەی گەشە پێ بدات، یان دروستی بکات، بەڵام لای حاڵەتی ئەڵمانیا لەشێوەی ئەو بەربەستە زەحمەت بوو، ئەمەش دوای ئەوەی کە سوپای ئیمپراتۆری ناپلیۆن وڵاتەکەیانی داگیرکرد، کە جەنگی ڕزگاری لەساڵی (١٨١٣) دەستی پێ کرد، هەستێکی توندی نیشتمانی لایان هەڵقوڵا، بروسیا بووە ئەو خاڵەی کە هەموو ئاسایشی نەتەوەیی ئەڵمانیای تیا کۆببێتەوە، سەیریش ئەوەبوو کە هەندێ لە شاعیرە مەزنەکانی ئەڵمانیا پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەو مەسەلەیە لە پاشەڕۆژدا دەبێتە سەر ئێشە، ڕومانتیکیەکان وازیان هێنا لەو شتانەی پێوەندی هەبوو بەسوودگەرایییەوە، بۆ هەموو شتێک پشتیان بە پێوانەکانی جوانی بەست، ئەمەش بەسەر ڕایاندا دەسەپێنرێ لە ڕەفتارو ئاکاریاندا، هەروەها لەمەسەلە ئابووریەکاندا، ئەو مەسەلانە بیریانی سەرخست، بەتایبەتی ئەو سیما جوانانەی لەسروشتدایە، بەمە مەیلیان چوو بۆ جوانییەکی توندوتیژ بەشێوەیەک کە بەرز لێی بڕوانن، ژیانی چینی ناوەڕاستیان لەلابووە بێزاری و کۆتکراو بەهەندێ دابی باوی تەنگ و خنکاو، بەڕاستیش لەو ڕایەدا لەسەر ڕاستی بوون، ئەگەر ئەمڕۆ وامان لێ هاتبێ کە زۆر لێبووردووبین بە نیسبەت ئەم کۆتانەوە، ئەوا گرنگترین هۆکاری یاخیبوونی ڕۆمانتیکیەکان بوو. ئەوانەی ڕووبەڕووی داب و نەریتی سەردەمی خۆیان بوونەوە، دەتوانین ئەوە بڵێین کە ڕۆمانتیکیەکان لەڕووی فەلسەفیەوە کاریگەری خۆیان هەبوو، لەدوو ڕووگەی دژ بەیەک، ئەو جەختە بێ سەروبنەی بۆ عەقڵ دەکرا، لەگەڵ ئەو هێدیییەی کە ئێمە کارمان بەعەقڵی خۆمان کرد، بەرامبەر ئەو تەنگ و چەڵەمانەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوا تەگەرەکانمان تا هەتایە نەدەما، ئەم شێوە عەقڵانیە ڕۆمانتیکیە کە بیرمەندانی سەدەی هەڤدەیەم پەییان پێ نەدەبرد لەکارەکانی ئایدیالیستە ئەڵمانیەکاندا دەرکەوت، دواتر لەفەلسەفەی مارکسدا دەرکەوت، هەروەها کاریگەری کردە سەر سوودخوازەکان، ئەمەش بەو مەزەندەی کە مرۆڤ بەمانای ئەبستراکتیانە مایەی پێکهاتێکی بێ سنوورە لەڕێگای فێرکردنەوە، ئەمەش شتێکی دیارە، بیرۆکەی یۆتۆپیا بەشێوەیەکی گشتی چ ڕۆشنبیری پاکژبێت، یان لایەنی بواری کۆمەڵایەتی بێت، ئەو ئەنجامەیە کە نوێنەرایەتی عەقڵانیەتی ڕۆمانتیکیە کە چاکترین نموونەیەتی لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی بووە هۆی کەمکردنەوەی هێزی عەقڵ، دەتوانین بڵێین کە ئەم هەڵوێستە ناعەقڵانیە لەوانەیە بوونگەرایی بەناوبانگترین دیاردەی بێت، لە هەندێ لایەندا بوونگەرایی یاخی بوونێکە لەو دژایەتیە زۆرەی کە کۆمەڵگای پیشەسازی دەیکردە سار تاک، شاعیران زۆر بە پەرۆشەوە گرێدراوی ڕۆمانتیکیەکان بوون، بەناوبانگترین کەسایەتی ڕۆمانتیکی (بایرۆن) بوو، هەڵگری هەموو ئەو توخمانە بووە کە تێکەڵ دەبن بۆ دروستبوونی ڕۆمانتیکی، بەمانایەکی تەواو، یاخیبوون تێدا دەبینینەوە، ڕووبەڕووبوونەوە، قین لە نەریتە باوەکان، هەڵچوون، دەتوانین بڵێین مردن لەزەڵکاوەکانی میسولۆنجی دا بۆ بەرگریکردن لە کێشەیەکی ئازادی لەلای یۆنانییەکان. ئەمە بەدرێژایی مێژوو بە مەزنترین گوزارشتی ڕۆمانتیکی دەژمێردرێ، بایرۆن کاریگەری خۆی کردە سەر شیعری ڕۆمانتیکی لە ئەڵمانیاو فەرەنسا، شاعیری ڕووسی لیرمۆنتۆڤ خۆی وا ستایش دەکرد کە قوتابی ئەوە، ئیتاڵیاش شاعیری ڕۆمانتیکی مەزنی هەبوو ئەویش لیۆپاردی کە کارەکانی پەرچدانەوەی حاڵەتەکانی داپڵۆسینی بێزارییە کە ئیتاڵیا لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا پێوەی دەتلایەوە، بەرزترین بەجێماوی هەڵکەوتووی سەدەی ڕۆشنگەری لەسەدەی هەژدەیەمدا (فەرهەنگ)ی مەزن بوو کە هەندێ لە نووسەرو زاناکان لەفەرەنسا دایان نا. ئەم نووسەرو زانایانە بە هوشیارییەکی تەواوەوە پشتیان کردە زانیارییەکانی پیاوانی دین و فەیلەسووفە میتافیزیکییەکان، لەبواری عەقڵدا هێزێکی پاڵنەری نوێیان بەدی دەکرد، بەو شێوەیە هەموو ئەو کارە ئەپستمۆلۆژیە زانستییەی کە هەموو لەو سەردەمەدا لەیەک کاری گەورەدا کۆیان کردەوە، نەک تەنیا بەوەی کە تۆمارێکی ڕێکخراو و ڕیزکراوی ئەبجەدی بێت، بەڵکو لە ڕووی تریشەوە ئەو ستایشکردنە بوو بۆ ڕێگایەکی زانستی کە دەتوانرا بەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکرێ، هیوای ئەم کارەیان ئەوە بوو کە ئەنجامێک بە دەستەوە بدات، ئەویش کەرەستەیەکی بەهێز بێت بۆ ململانێ دژی نەزانین و ئەو سیستەمەی کە هەبوو، بۆ ئەو ئەرکە چەند کەسێک

بەشداریان تێدا کرد بەتایبەتی زۆرینەی کەسایەتییە ئەدەبی و زانستییەکانی سەدەی هەژدەیەم، دووان لەو کەسایەتیانە کە شایەنی ئەوەن باس بکرێن، یەکەمیان (دالمبێر ١٧١٧-١٧٨٣) کە زۆر ناوبانگی پەیدا کرد، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زانایەکی ماتماتیکی بوو، ڕێبازێکی سەرەکی هەیە لە تیۆری میکانیکدا کە بەناوی خۆیەوە ناونرا، بەڵام لەبوویەردا بایەخێکی فەلسەفیانە و ئەدەبیانەی فراوانی هەبوو، یەکێک لەو بەشداریانەی نووسینی پێشەکییەک بوو بۆ ئەو (فەرهەنگ)ە هەروەها ئەو پیاوەی کە بارە گەورەکەی خستەسەر شانی خۆی و هەستا بە بەرپرسیارێتی سەرنووسەرێتی (فەرهەنگ)، (دیدرۆ ١٧١٣-١٧٨٤) بوو کە لەزۆر بابەت دەینووسی و هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی باوی ڕەت دەکردەوە، فەرهەنگ کارێک نەبوو بەمانا فراوانەکەی دژی دین بێت، ڕای دیدرۆ زۆر نزیک بوو لەوێناندنی ڕێبازی (شمول الالوهیة- Pantheism)یەی (ئسبینۆزا)وە، هەروەها (ڤۆلتێر ١٦٩٤-١٧٧٨) ئەویش لە بەشداریکردنی ئەو کارە گەورەیەدا ڕۆڵێکی گەورەی بینی، دەیوت ئەگەر خوداوەندێک نەدەبوو، ئەوا دەبووایە بمان ئەفراندایە، زۆر بە توندی دژی مەسیحیەتی دام و دەزگای دینی ڕەسمی دەبووەوە، بەڵام ئیمانی بە بوونی هێزێکی بڕەر دەهێنا بۆ سروشت، خەڵکان دەگەیشتنە ئارمانجەکانیان ئەگەر ژیانێکی خێرو بەرەکەت بژینایە، لەواقیعدا ئەمەش وێنەیەکە لە وێنەکانی ڕێبازی بیلاجیۆس* کە بەتاڵە لە هەموو پێوەندییە باوەکان، لە هەمان کاتدا گاڵتەی بەڕای لینبتس دەهات کە دەیوت جیهانەکەمان لەوانەیە باشترین جیهان بێ، دانی بەشەڕدا دەنا کە شتێکی لەبارەو پێویستە دژی بجەنگین، لێرەوە ئەو ململانێ تاڵەو تووڕەییە دژی جۆرەکانی ڕێبازە باوەکان دەستی پێ کرد، مادیە فەرەنسییەکان بەشێوەیەکی زۆر پەرگیرانە ڕێبازە کۆنەکانیان ڕەت دەکردەوە، ڕێبازەکەیان درێژکراوەی تیۆری کاکڵەبوو. هەروەک دیکارت باسی لێوە کردووە، بینیمان چۆن «ڕێبازی المناسبة» دەبێتە ئەو هۆیەی کە بوویەرانە بتوانین بۆ لێکۆڵینەوەی زەینی پێویستیمان بەمادە نەبێت لەگەڵیدا. مادامەکی جیهانی زەینی و جیهانی مادی بەڕێگایەکی هاوکێشە کاردەکەن، دەتوانین پێویستیمان نەبێت بۆ هەریەکێک لەو دووانە، دەتوانین باشترین نمایش بدۆزینەوە بۆ تیۆری مادیەت ئەویش لەکتێبی (مرۆڤی ئامێر L, Homme machine)ی (لامتری)دا کە دووالیزمی دیکارتی تێدا ڕەت کراوەتەوە تەنیا یەک کرۆکی هەڵگرت و پاراستی، ئەویش مادەبوو، ئەم مادەیە ڕەق هەڵاتوو نەبوو بەو مانایەی کە

تیۆرە ئامێرییە کۆنەکان دەیان وت، بەڵکو سیماکانی مادە لەخۆیدا ئەوەیە کە پێویستە لەبزاوتندا بێت، پێویست بەسووڕێنەری یەکەم ناکات، گریمانەی هەر بۆچوونێکی بوونی خوداوەند هەروەک دواتر لابلاس گوزاری لێ دەکات، کە گریمانەیەکی پێویست نییە، بەپێی ئەم ڕایە توانای زەینی دەبێتە وەزیفەیەک لەوەزیفەکانی جیهانی مادی، بەڕاستی ئەم تیۆرە هەر نەبێ پێوەندییەکی هەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (لیبنتس) بۆ (المونادات)، سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا یەک ناوەڕۆکی بەرامبەر ناکۆتایی (المونادات) وتووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەوترێ کە (مونادات- نفوس) تا زۆرێک لەو بیرۆکەیە دەچێ کە دەڵێ زۆرجار مادە کارێکی هاوشێوەی عەقڵانەی هەبێت، لەمەڕ ئەو مەسەلەیەوە ئەوە یاددەخەینەوە کە ئەمە ئەو سەرچاوەیەیە مارکس پشتی پێ بەست بۆ ئەو تیۆرەی کە دەڵێ ئاوەز ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی ڕێکخراوی بەدەنی ئەندامەکان، لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە مادیەکان هەڵوێستێکی سەربەخۆیان وەرگرت بەرامبەر دین، وایان تێدا دەبینی کە ڕێگای بڵاوکردنەوەکەی دەبێتە هەڵگری مەترسی کە فەرمانڕەواو قەشەکان هان دەدات بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان، بۆیان ئاسانتر دەبێ کە فەرمان بەسەر نەزانەکاندا بدەن، لەم بارەیەشەوە مارکس قەرزارباری ئەو مادیانە بوو کاتێک دەربارەی دین دەدواو بە ئەفیونی گەلی ناوی دەبرد، ئەو هەڵمەتەی کە مادیەکان کردیانە سەر بیرکردنەوەی دینی و میتافیزیکیانە، ستێرکەکەی گەڕانەوەی خەڵکان بوو بۆ ڕێگای زانست و عەقڵ کە بتوانرێ شێوەیەک لەشێوەکانی فردۆسی لەسەر زەوی دابمەزرێنرێ، لەو بارەیەوە مادیەکان هاریکاری (الموسوعیین) دەکەن، مارکس سۆشیالیستی یۆتۆپی (الاشتراکیة ألطوباویة)ی بە دەرهاویشتەی ئەو بیروباوەڕە دەزانی، بەڵام دەتوانین بڵێین کەوا هەموویان لەو بارەیەوە بوونە قوربانی بۆ وەهمی ڕۆمانتیکی، لەگەڵ ئەو دانپێدانانەی ئەو ڕایەی دەڵێ هەڵوێست وەرگرتنێک بەرامبەر تررووسکاییەک لەژیان و ئەستەمەکانی هیوایەکی گەورەمان دەداتێ بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی لەبار تا بەسەر ناخۆشیەکانماندا زاڵ بین، ڕوون و ئاشکرایە چارەسەری کۆتایی هەمیشەیی بۆهەموو تەنگ و چەڵەمەکان ناکرێ سەر بەم جیهانە بێت، ئەو بیرمەندانە زۆربەیان جەختیان لەسەر ئەولەویەتی عەقڵ نەکردەوە، بەڵام دوای ئەوەی شۆڕشی فەرەنسا بنەماکانی ڕێبازی باوی هەڵتەکاند، خەڵکان (بوونەوەرێکی شکۆمەندیان) ئەفراند کە تایبەت بوو بۆ ئاهەنگێران لەڕۆژێکی دیاریکراودا، ئەمە لەکاکڵەدا

ئامادەکردن بوو بۆ ئاوەز، لە هەمان کاتدا شۆڕشیش لەهەندێ مەسەلەی دیاریکراودا ڕێزی بۆ ئاوەز دانەدەنا، لەسەردەمی توندڕەویدا لافوازییە داهێنەری کیمیای نوێ لەبەردەم دادگایەکی شۆڕشدا فەرمان درا بەسەریدا، پێش ئەوە لەباجی سوود بەخشدا چاکسازی کرد کاتێک سەرپەرشتیار بوو لەمەسەلەی کشتوکاڵدا، بەڵام تەنیا ئەو کارو پلەیەی لە (سیستەمی کۆندا) هەیبوو وای کرد کە شۆڕش بەو تاوانانەی دژی گەل کردوویەتی تاوانباری بکات، کاتێ لە دادگا پێی وترا کە گەورەترین زانایە، کۆمار وای وەڵام دایەو کە پێویستی بە زانا نییە، بەو شێوەیە سەری بە (مقصلة) لەت کرا، لەلایەکی ترەوە (فەرهەنگ) لەسەدەی هەژدەیەمدا هێمایەک بووە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری کە بایەخیان بەو دیالۆگە عەقڵیە هێمنە دەدا، ستێرک لەوەدا بوو کە بگەنە پاشەڕۆژێکی نوێ بۆ خۆشگوزەرانی بەشەر، ئەوکاتەی کە (فەرهەنگ) هاتە مەیدانەوە بزووتنەوەیەکی ڕۆمانتیکی گەشەی کرد کە دژایەتی ئاوەزی دەکرد، بەناوبانگترین نوێنەریان (جان جاک ڕۆسۆ ١٧١٢-١٧٧٨) بوو، ڕۆسۆ بەمانایەکی ورد فەیلەسووف نەبوو، دەتوانین ڕێگە بەخۆمان بدەین و ئەو کارانەی لێ جیابکەینەوە کە لە بواری تیۆری سیاسی و پەروەردەییدا هەیبووە، سەرەڕای لایەنە چالاکییەکانی ئەدەبە فراوانەکەی کە دواجار کاریگەری گەورەیان کردە سەر بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی، ڕۆسۆ لەکتێبی (دان پیانانەکان)دا تۆمارێک لەژیانی تایبەتی خۆیمان پێشکەش دەکات، ئەو چیرۆکەی کە دەیگێڕێتەوە شێوێنراوە ئەویش بەهۆی زیادەڕۆیی شاعیرانە، ڕۆسۆ لە ژنێڤ لەدایک بووە و لەخێزانێکی هەژار هاتۆتە دنیاوە، هەر لە سەرەتای لاوێتی باوکی مردو لەسەر دەستی یەکێک لە ئامۆژنەکەی پەروەردە کرا، لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا قوتابخانەی بەجێ هێشتووە لەچەند پیشەیەکی جیاوازدا خۆی تاقی کردۆتەوە، بەڵام هیچ کام لەو کارانە نەچووە دڵیەوە، لەتەمەنی شازدەساڵیدا هەڵهات و ماڵی بەجێ هێشت، لە (تورینۆ) لەبەر هەندێ بەرژەوەندی چووەسەر ڕێبازی کاتۆلیکی، تا ماوەیەک هەڵگری ئەو ڕێبازە بووە، دوایی بووە خزمەتکاری یەکێ لەخانمە بەناوبانگەکان، دوای سێ مانگ لەخزمەتکاری خانمەکە مرد، ئەمیش لەلاڕێ خۆی بینییەوە، بەم بۆنەیەوە ڕووداوێکی بەناوبانگ ڕووی دا کە بووە هەڵماڵینی هەڵوێستی ئاکاری کەسێک کە پشتی بە هەستەکانی خۆی بەستبوو، دەرکەوت کە ئەو ملپێچەی کە هەیبوو، لەو خانمەی دزی بوو کە لەلای کاری دەکرد، ڕۆسۆ وای دەرخست کە کارەکەرەکە پێی داوە، کارەکەرەکە سزای خۆی وەرگرت بەرامبەر بەو دزیە، بەڵام ڕۆسۆ لە (دان پیانانەکان)دا وای وتووە کە ئەوەی پاڵی پێوە نابێ بۆ ئەو کارە هۆگری بووە بۆ کچەکە، کە ئەمەش ئەو خەیاڵە بوو لەکاتی پێشکەشکردنی ڕاڤەیەک بۆ مەسەلەکە بۆی هاتووە، دان پیانانەکان هیچ هێمایەک بەوە نادەن کە ویژدانی ئاگاداری کردۆتەوە، ڕۆسۆ نکۆڵی لەوە ناکات کە بەدرۆ شاهێدی داوە، بەڵام پاکانەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بە نیەتێکی خراپ ئەو کارەی نەکردووە، دوای ئەوە ڕۆسۆ پێوەندی لەگەڵ خانمێک بەست کە ناوی مدام دی خاران (M. de warens) بوو ئەویش بووە کاتۆلیکی کە تەمەنی بەچەند ساڵێک لەو گەورەتر بوو، بەڵام بۆ ڕۆسۆ بووە دایک و عاشق لەیەک ئاندا، ڕۆسۆ بەشێکی زۆری لە (١٠) ساڵەی ژیانی لەماڵەکەیدا بردەسەر، لەساڵی (١٧٤٣) بووە سکرتێری باڵوێزی فەرەنسی لە (بندقية)، بەڵام کاتێک مووچەکەی دوا دەکەوێت دەست لەکار دەکێشێتەوە، لەساڵی (١٧٤٥) لەپاریس چاوی بە بتیریز لوفاسیر کەوت، کە کارەکەرێک بوو، وەک ژنی بووبێ وا دەژیا لەگەڵیدا، لەگەڵ هەندێ کاری عاشقانەی تری لەملاو لەولا، بووە خاوەنی پێنج منداڵ لەو خانمە، کە هەموویانی بردە (خانەی منداڵانی بێ کەس)، هۆی پێوەندیکردنی بەو خانمەوە دیار نییە، ناشیرین بووە، هەژار بووە، نەزان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئامانەت نەبووە، بەڵام دیاربووە کە شتە ناشیرینەکانی هەستەکانی ڕۆسۆیان بەرزدەکردەوە، ڕۆسۆ تا ساڵی (١٧٥٠) وەک نووسەر نەناسرابوو، لەو ساڵەدا زانکۆی دیجون پێشبڕکێیەکی ئاسانی ڕێک خست بۆ مەسەلەی ئەوەی کە ئایا ئەدەب و هونەر سوودیان بە بەشەریەت بەخشیبێ، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەو باسە نووسی کە وەڵامەکەی (نەخێر) بوو، بەڵام بە بەڵگەی بلیمەتانە ئەوەی سەلماند بەمەش خەڵاتی وەرگرت، وتی کە ڕۆشنبیریی خەڵکیان بە پێداویستە نا سروشتییەکان ڕاهێناوە و کراونەتە کۆیلە بۆی، هەروەها پشتگیری لە هەڵوێستی (اسبرطة) کرد بەرامبەر بە (ئەسینا)، قێزی لەزانست دەبووەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پاڵنەرانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەو زانستە لە ئاستی نزمدا بوون، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە مرۆڤی شارستانی گەندەڵە، بەڵام مرۆڤی هەمەجی و دڵپاک ئەوە پیاو چاکە، دوایی ڕۆسۆ ئەو ڕایانەی خۆی لەکتێبی (گەڕان بەنێو نایەکسانیدا) فراوان کرد لە ساڵی (١٧٥٤)، دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە بە ساڵێک دانەیەک لەو کتێبە گەیشتە دەست ڤۆلتێر کە بووە جێی گاڵتەپێکردنی دانەرەکەی، ئەمەش ئیهانەیەک بوو، کە دواجار بووە هۆی گرژی لەنێوانیاندا، لە ساڵی (١٧٥٤) گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی خۆی گەوار کرد، کە ژنێڤ بوو،

گەڕایەوە بۆ کالڤینی بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانێ شوناسنامەیەک وەرگرێ، لە ساڵی (١٧٦٢)دا کتێبی (إمیل)ی بڵاوکردەوە، کە لێکۆڵینەوەیەک بوو لەبارەی پەروەردەوە، هەروەها کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بڵاوکردەوە، بەمە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەی خستەڕوو، ئەو دوو کتێبە لەبەر دوو هۆ خرایە بەر تانەوتەشەر، یەکەم بەهۆی ئەو شێوازەی کە نمایشی دینی سروشتی کردووە، کە هەموو دامەزراوە دینییەکانی تووڕەو بێزار کرد، دووەم بەهۆی مەیلی دیموکراتی خوازانەیەوە، سەرەتا ڕۆسۆ بۆ (نیوشاتل) هەڵهات دوایی بۆ (بروسیا) دواجار بۆ بەریتانیا، (هیوم)ی بینی، دوایی لەلایەن پادشا (جۆرجی سێیەم) مووچەی پێ دەدرا، بەڵام لەدواییدا لەگەڵ هەموویان بوو بەشەڕی، لێرەشەوە تووشی گرێکوێرەی چەوسانەوەیەکی شێتی بوو، دوایی گەڕایەوە پاریس و دواساڵەکانی ژیانی بەکڵۆڵی و نەداری بردەسەر، بەرگریکردنی ڕۆسۆ لە هەستەکان لەبەرامبەر عەقڵ، یەکێک بوو لەو کاریگەرییە بە هێزانەی بووە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی، ئامانجەکەشی نیشاندانی ڕێگایەکی نوێ بوو بۆ لاهووتی پروتستنتی کە بە ئاشکرا جیاوازی پێوەدیار بوو لەنێو خۆیی و نێوان ڕێبازی تۆماری کە سەر بەکولتووری فەلسەفە کۆنەکان بوو، ئەو ڕێگا پروتستنتیە نوێیە دەستبەرداری ئەو بەڵگانەیە کە بوونی خودا دەسەلمێنێ، کە ئەو بوونە وا لە هەست دەکات کە لەناخی دڵی مرۆڤەوە دەرچێتە دەرەوە بێ یارمەتی لەلایەن عەقڵەوە، بەو شێوەیە ڕۆسۆ وای دەبینی لەبواری ئاکاردا سۆزە سروشتییەکانمان دەبنە ڕێ نیشاندەری ڕاست، بەڵام عەقڵ سەرمان لێ دەشێوێنێ، بێ گومان ئەو هەڵوێستە ڕۆمانتیکییە بەتەواوی دژی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و بزووتنەوەی (قوتابخانەیی) بووە، کە تیۆرێکی زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی پەرشو بڵاو بوو، هەر شێوە کاردانەوەیەک بەگونجاو دەزانێت مادامەکی پشت بە هەڵچوونەکانی بکەر دەبەستێ، ڕۆسۆ لەنێو توێی کتێبی (إمیل)دا بەشێوەیەکی دیاریکراو دینی سروشتی نمایش کردووە و لە (دان پیانانەکانی قەشەیەک لەسافوی) بەفراوانی باسی کردووە، بەڕاستی ئەو لاهووتییە سۆزیە نوێیەی کە ڕۆسۆ هێنایە گۆڕێ نەدەتوانرا شالاوی بۆ ببردرێ، بەمانایەکی تر کە پێوەندی دەپچڕێ لەگەڵ ئاوەزدا هەر لەسەرەتاوە ئەمەش لەسەر ڕێبازی ئەو کام، بەڵام کێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بە ڕۆحێکی جیاواز نووسراوە، ڕۆسۆ لە باشترین حاڵەتی نووسیندا تیۆرەکەی نووسیوە، تێیدا هاتووە کاتێک تاکەکان مافەکانیان دەدەن بە کۆمەڵ هیچ ئازادیەکیان نامێنێ، ڕاستە کاتێک ڕۆسۆ بوارێک دەکاتەوە لەشێوەی شوورایەک، ئەویش ئەمەیە، کاتێک دەڵێ مرۆڤ مافە سروشتییە دیاریکراوەکانی لای خۆی دەپارێزێ، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەو گریمانەیەی کە گومانی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە فەرمانڕەوا بە بەردەوامی ڕێز لەو مافانە دەگرێ، بەڵام فەرمانڕەوا ناچار نییە ژێر دەستەی دەسەڵاتێکی لەخۆی بەرزتر بێ، ئیدارەکەشی (ئیدارەی گشتییە) کە ئەمەش شێوەیەکە لە فەرمانڕەوایەتی تێکەڵ کە بەزۆر دەیسەپێنێ بەسەر ئەو کەسانەدا کە لەوانەیە لەگەڵ ئیرادەی تاک ڕەویاندا نەگونجێ، سەرەڕای ئەوە، زۆر لە خەڵک هەڵوەستە دەکەن بۆ مەبەست بوونی ئیدارەی گشتی، لەبێ بەختیدا ڕۆسۆ بە فراوانی لێی نادوێ، مەبەستی ئەو تیۆرە ئەوەیە ئەگەر لایەنێکی بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکانی تاکەکانمان وەلانا لەدوای ئەوە شێوەیەک لەبەرژەوەندی خودی دەمێنێتەوە کە هەموو بەشداری تێدا دەکەن، بەڵام ڕۆسۆ بەهیچ شێوەیەک بەدوای ئەم بیرۆکەیەدا ناچێت تا ئەنجامی کۆتایی بەدەست بهێنێ، ئەو وای دەبینێ کە دەوڵەتێک لەسەر ئەم ڕێبازە بڕوات بەڕێوە، ئەوە دەبێ شێوەیەک لە ڕێکخستنی تایبەتی ئامادە بکات، بەتایبەتی ئەو ڕێکخستنەی کە ناوکی ئامانجە سیاسی و ئابووریەکان دەپێکێ، بەو شێوەیە هەموو توخمەکانی سیستەمی گشتگیریمان لا دروست دەبێت، ڕۆسۆ بەهۆشیاریەوە پەی بەوە بردووە، بەڵام بۆمان ڕوون ناکاتەوە چۆن خۆمان لەو ئەنجامانە لادەین، ئەو ئاماژانەی کە کردوویەتی بۆ دیموکراتیەت، دەبێ لەوە بگەین، کە لەبارەی شاری دەوڵەتی کۆنەوە دواوە، نەک لەبارەی حکومەتی نیابیەوە، سەرەتا لەنێو ئەوانەی کە دژایەتی تیۆرەکانیان دەکرد بەخراپ لەو کتێبە گەیشتن، بەهەمان شێوە لەنێو ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕانەی پشتگیریان دەکرد، لەدوای دیکارت فەلسەفەی ئەورووپی پێشکەوتنی بەخۆوە دی و دوو ئاراستەی گرتەبەر: لەلایەکەوە ئەو ڕێبازە عەقڵیە جیاوازانەی کە لە کیشوەری ئەورووپا سەری هەڵدا و لەلایەکی ترەوە، سەرهەڵدانی هێڵی گشتی بۆ ئەزموونگەرایی ئینگلیزی، هەردوو ئاراستەکە بەخودیەتی ناسرا، کە هەردوو ئاراستەکە تایبەت بوون بە ئەزموونی تایبەت، لۆک ئەرکی توێژینەوەی یەکەمی بۆ زانینی چێوەی زەینی بەشەری خستە ئەستۆی خۆی، کێشەی گەورە کە هیوم ڕوونی کردەوە ئەویش چۆنیەتی ڕاڤەکردنی پەیوەندیەکانە لەنێوان دیاردەکاندا، وەڵامی هیوم ئەوەبوو کە ئێمە نەریتێکی تایبەت پێکەوە دەنێین کە وامان لێدەکات شتەکان بە گرێدراوی ببینین، هەروەک لە پێشدا ڕوونمان کردەوە، هیوم لەم قسەیەی کە کردوویەتی لای داوە،

پێشەکییەکانی ڕێی پێ نادەن، ئەگەر وردبینی تەواوی بکردایە، بێجگە لەوە لەو گوزارەیەدا هێمایەک هەیە بۆ ڕێگایەک کە بتوانرێ لێوەی ئەو ئەستەمە چارەسەر کرێ، خوێندنەوەی (کانت) بۆ هیوم کە لەخەڵوەتی دیاگۆجیەت بێداری کاتەوە، (کانت) بەرزبووەوە بۆ پلەی پرنسیپی عەقڵی بەهەمان ئەو نەریتەی کە هیوم قسەی لەسەر کردووە. بەمەش زۆر بە ئاسانی رزگاری بوو لە کێشەی هیوم دواتر خۆی بەهەندێ کاری نوێی قورسەوە بەستەوە کە تایبەت بوو بەخۆی، ئیما نوئیل کانت لە (١٧٢٤-١٨٠٤) لەکونجزبرج لەدایک بووە لە بروسیای ڕۆژهەڵات، بەدرێژایی تەمەنی ولاتەکەی بەجێ نەهێشتووە، هەر لەسەرەتای لەدایک بوونیەوە هەڵگری (نزعة الورع- مەیلی دینداری -Pietism)ە کە کاریگەری کردە سەر شێوازی ژیان و شێوازی نووسینە ئاکاریەکان، لە زانکۆی کونجزبرج خوێندوویەتی و بەلاهووتیەت دەستی پێ کردو بە فەلسەفە کۆتایی پێ هێنا، وای هەست دەکرد کە ئاواتەکانی لەوێدا دێنە دی، چەند ساڵێک بەهۆی کاری پیشەی مامۆستای تایبەتی کوڕانی ئۆرۆستۆکراتیەکان خاوەن زەویە کشتوکاڵەکان دەرامەتی خۆی پەیدا دەکرد، تا ساڵی (١٧٧٥) کە کاری وانە گوتنەوەی فەلسەفەی لەزانکۆی کونجزبرج دەوتەوە، لەساڵی (١٧٧٠) بۆ کاری مامۆستا بەرزکرایەوە و کورسی پێ درا لە لۆژیک و میتافیزیقیادا، ئەم کارە تا مردنی پێوەی خەریک بوو، سەرەڕای ئەوەی دەست بلاونەبوو، ڕێک و پێک ژیانی بردۆتەسەر، ئەم نەریتە و ڕێک و پێکییەی وای لە خەڵکانی شارەکەی کرد کە کاتژمێرەکانیان بەو کاتەی ئەو بە بەر دەمیاندا تێدەپەڕێ، چاک بکەن، پیاوێکی کەتەوزل بوو، بەڵام نەخۆشیش دووچاری نەدەهات، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو ژیانە جێگیریەی کە تێیدا دەژیا، لەهەمان کاتدا وتەبێژێکی لێهاتوو بوو، گەر بچوایەتە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ڕێزی لێ دەگیراو جێی ڕێزگرتن بوو، بەڵام لە مەسەلە سیاسیەکاندا لیبریاڵی بووە و باشترین بیرمەندی سەدەی ڕۆشنگەری بوو، هەڵوێستی لەبواری دینەدا شێوەیەک بوو لە برۆتستانیەتی دوور لەباو، پێشوازی لەشۆڕشی فەرەنسی کردووە، پشتگیری لەبنەماکانی (کۆماری) کردووە، دانراوە فەلسەفیە بەرزەکانی، ناوبانگی زۆریان دەرکردووە، بەڵام هیچ سامانێکیان پێ نەبەخشیوە، لە دوا ساتەکانی ژیانیدا، هزری بەرەو تێکچوون دەچوو، بەڵام خەڵکی شاری کونجزبرج شانازیان پێوە دەکرد، کاتێک کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەیان بە ئاپۆڕێکی گەورە بەڕێوەبردووە، کە شەرەفێک بووە، کەم لە

فەیلەسووفانی تر بەخۆیانەوە بینیویانە، کارەکانی (کانت) زۆر بابەتی هەمەجۆری لەخۆ گرتووە، هەموویانی لە یەک کاتدا دەوتەوە، هەندێ لەو کارانە مایەوە کە تا ئێستاش بایەخی پارێزراوە، ئەگەر تیۆری دروستبوونی گەردوونی لێ دەربکەین کە بەتەواوی لەسەر بنەمای فیزیایی نیوتن دامەزراوە، لەوێدا هەندێ ڕای خۆی وتووە کە دواجار لابلاس بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی لێوە دەکات، بەڵام ئەوەی لای ئێمە بایەخی هەیە بەشێوەیەکی تایبەتی فەلسەفە، ڕەخنەیەکەی (کانت)ە، لوک یەکەم کەس بوو کە کێشەی ڕەخنەیی هێنایە بەرباس لەسەر ئارەزووی خۆی، ئەویش بۆ پاککردنەوەی زەوی، بەڵام دوای لۆک ئاراستەی بیروباوەڕەکان بەڕێگایەکی حەتمیانە وای کرد کە لای هیوم ڕێبازی گومان دروست بێت، بەڵام کانت بەنێوی (شۆڕشی کۆبەرنیکی) لەو بوارەدا نوێخوازی کرد، لەبەر ئەوەی لەجیاتی هەوڵ بدات جیهان بەچەمکە عەقڵیەکان لەسەر بنەڕەتی ئەزموون ڕاڤە بکات، هەروەک هیوم بەوەهەستا، ڕاڤەی ئەزموونی لەسەر بنەڕەتی تێگەیشتنە عەقڵیەکان کرد، دەتوانین بەشێوەیەکی تر بڵێین فەلسەفەکەی هاوکێشەیەکی ساز دەکرد لەنێوان هەڵوێستی پەرگری بۆ ئەزموونگەرایی ئینگلیزی لەلایەکی تر لەنێوان پرەنسیپە لەخۆوەکانی ڕێبازی عەقڵیانەی (کانت)ی، سەرەڕای ئەوەی تیۆرەکەی قورس و ئاڵۆزبوو، بەڵام لەزۆر لایەنیدا دەتوانرا ڕەخنەی لێ بگیرایە، پێویستە هەوڵ بدەین هێڵە گشتییەکانی تێبگەین. گەر بمانەوێ لەو کاریگەریە بگەین کە کاری کردە سەر پێشکەوتنی فەلسەفەکانی دوای خۆی، کانت و هیوم و ئەزموونگەریەکان لەسەر ئەوقسەیە کۆک بوون کە دەڵێ (هەموو زانینێک لە ئەزموونەوە دەست پێ دەکات)، بەڵام تێبینی گرنگیان خستە سەر جیاوازیەکانیان بۆ ڕای کە جیاوازی بکرێ لەنێوان ئەوەی زانین چ ئەنجامێک بەدەستەوە دەدات، هەروەها ئەو وێنەیەی کە زانین هەڵیدەگرێ، سەرەڕای ئەوەی کە زانین لە ڕێگای ئەزموونەوە دروست دەبێت، بەڵام تەنیا لەوی وەرناگرێ و پشت بەو نابەستێ، دەتوانین گوزارشتێکی تر بۆ ئەو بیرۆکەیە بکەین واتە بەشێوەیەکی دی کە ئەزموونی هەست پێکراو، مەرجێکی پێداویستییە بۆ زانین، بەڵام تەنیا مەرج نییە بۆی، ئەو وێنەیەی کە زانین هەڵیدەگرێ و ئەو پرنسیپە ڕێک و پێکەی کە مادەی خاوی لە ئەزموونەوە بۆ ئەپستمۆلۆژی گۆڕی، بەڕای کانت لە ئەپستمۆلۆژ وەری ناگرێ، ئاشکرایە ئەو پرنسیپە لەخۆدانە بەو مانایەی کە دیکارت دەیوت لەوانەشە کانت ئەوەی نەگوتبێ، کانت ناوی نا (المقولات- گوتەکان) کە زاراوەیەکی ئەرستۆیی بۆ

پرنسیپە گشتییەکانی ئاوەزە، کە زەین لەلای خۆیەوە دەیخاتەسەر لە پێناو دروستکردنی ئەزموونداو لەوێنەی ئەپستمۆلۆژی، کاتێک ئەپستمۆلۆژی شێوەی مەسەلەکان وەردەگرێ کەوابێ ئەو (گوتانە) دەبێ پەیوەست بن بەوێنەی مەسەلەکانەوە، بەڵام پێش ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە کانت بە چ شێوەیەک گوتەکانی وەرگرتووە، پێویستە بەدوای مەسەلەیەکی گرنگدا بگەڕێین کە پێوەندە بە پۆلێنکردنی کێشەکان، کانت بۆ گەوارکردنی لۆژیکی ئەرستۆیی باو کە لۆژیکی بابەت و هەڵگیراون، ئەو وای دەبینی کە ئەو لۆژیکە تەواوەو ناتوانرێ باشتری بخرێتەسەر، لەسەر ئەو پرنسیپە دەکرێ جیاوازکاری لەنێوان ئەو مەسەلانەی کە بابەتەکانیان هەڵیگراوی لەخۆ گرتووە و ئەوانەی دی کە بەو شێوەیە نین، مەسەلەکە ئەوەیە کە (هەموو تەنەکان درێژەیان پێ دراوە) لە جۆری یەکەم، لەبەر ئەوەی گوزارشت لەو ڕێگایە دەکات کە لێیەوە دەتوانرێ چەمکی (تەن) پێناسە بکرێ، ئەو مەسەلانە ناوی شیکردنەوەی لێ دەنرێ هەموو کارەکەی ئەوەیە کە باسی فۆنەتیک دەکات و ڕوونیشیان دەکاتەوە، بەڵام مەسەلەی (هەموو تەنێک کێشی هەیە) لەجۆری دووەمە، لەبەرئەوەی بیرۆکەی تەن لەنێو خۆیدا لوول ناخوات بۆ بوونی سیفەتی کێش، بۆیە ئەمە مەسەلەیەکی پێکهاتەییە و لەوانەشە نکۆڵی لێ بکرێ بۆ ئەوەی نەچینە نێودژایەتییەکی خۆییەوە، کانت لەتەک ئەو ڕێگایە، پرنسیپێکی تری ئاخنییە ناو پۆلێنکردنەکەوە بۆ جیاواز کاری لەنێوان مەسەلەکاندا، بەهۆی پرنسیپ و لەڕێگای ئەزموونەوە ناوی لە ئەپستمۆلۆژی سەربەخۆی نا ئەپستمۆلۆژی (قبلي- پێش وەخت- Opriori)، ئەوەشی کە لە ئەزموونەوە وەردەگیرێ ناوی لێ دەنێ (بعدية- aposteriori)، بەڵام گرنکی لەوەدایە کە هەردوو پۆلینەکە لێک دادەبڕێن، بەو شێوەیە کانت لەو تەگەرانە ڕزگاری دەبێت کە ڕووبەڕووی ئەزموونگەرییەکان دەبێتەوە وەک (هیوم) و ئەوانەی کە تەنیا وا سەیری هەردوو پۆلینەکە بکەن کە گوزارەیە لە یەک شت، بەو شێوەیەی کە هەموو شی کردنەوەیەک لەگەڵ هەر هۆزگەراییەکدا یەکسان بێت، پێکهاتەش لەگەڵ هەر (بعدی)یەکدا یەکسان بێت، سەرەڕای ئەوەی (کانت) لەسەر دێڕی یەکەم ڕازی بوو، جەختی لەوەش کردەوە کە بوونی مەسەلەکانی قەبەلی و پێکهاتەیی لەیەک کاتدا شیاو دەبێت، ستێرکی گشتی لەکتێبی (ڕەخنەی عەقڵی پەتی) چۆنیەتی شیاوی سەپێنەرە پێکهاتەییە قەبەلیەکان بسەلمێنین، بەڵام ستێرکی تایبەتی تر توانایی دانانی ماتماتیکی تەواوە یان پوختەیە، لەبەر ئەوەی مەسەلە ماتماتیکەکان بەڕای ئەو پێکهاتەیی قەبەلین، لە هەژمارکردنەوە نموونە وەردەگرین، ئەویش کۆئەنجامی کۆی پێنج و حەوتە، بێ گومان ئەم نموونەیە لە دیالۆگەکەی (تیتاتوس)ی ئەفلاتووندا وەرگیراوە، کە هەمان دوو ژمارەی بەکار هێناوە، مەسەلەکە (٥+٧=١٢) قەبەلیە، لەبەر ئەوەی لە ئەزموونەوە نەهاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێکهاتەیە لەبەرئەوەی چەمکی (١٢) پێک نەهاتووە لەوێناندنی (٥ ، ٧) و هێمای کۆکردنەوە، بەپێی ئەم پرنسیپە، کانت وای دەبینێ کە ماتماتیک پێکهاتەیی (قەبەلی)یە، نموونەیەکی تری گرنگ هەیە، ئەویش پرەنسیپی هۆکارییە کە ئەو ڕاڤەیەی لێ کەوتەوە کە هیوم خستیە بەردەم تەگەرەی پەیوەست بوونی پێویست، کە لە چوار چێوەی تیۆری سروشتگەرایی و بیروباوەڕەکاندا مەحاڵ بێت، لەلای کانت هۆکارەکان پرەنسیپێکی پێکهاتەیی قەبەلیە، وەسف کردنی هۆکارەکی بە قەبەلی تەنیا بۆ جەخت کردنەوەی ڕاکەی هیوم دەگەڕێتەوە کە دەڵێ مەحاڵە لە ئەزموونەوە وەرگیرێ، بەڵام کانت بەوە وەسفی ناکات کە هەمیشە مەرجە دەرەکییەکان بڕیاردەرن لەنێویدا، بەڵام وەک پرنسیپێکی ئەپستمۆلۆژی سەیری دەکرد، کە پێکهاتەیشە لەبەرئەوەی دەتوانین نکۆڵی لێ بکەین بێ ئەوەی بکەوینە جیاوازییەکی خودی فۆنەتیکییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پرنسیپێکی قەبەلی پێکهاتییە و مەحاڵە بێ ئەو ئەپستمۆلۆژی دابمەزرێ هەروەک لەدوای کەمێک دەیبینین،

با بگەڕێینەوە بۆ (المقولات)ی کانت، ئەم (مقولاتە) بۆچوونێکی (قەبەلی) یان هەیە بۆ تێگەیشتن، جیاوازترە لە بۆچوونەکانی ماتماتیک، هەر دەبێ بەدوایدا بگەڕێین، کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، لەوێنەی مەسەلەکاندا، بەو شێوەیە لەچوارچێوەی تێڕوانینی کانت بۆ لۆژیک ئەنجامی لیستی مەقوولاتەکان مەحاڵ دەبێت، کانت وای زانیوە کە ڕێگایەکی دۆزیوەتەوە بۆ چارەسەری هەموو لیستەکانی مەقوولات، لەجیاوازکاری نێوان سیما وێنەدارە باوە تایبەتیەکانەوە دەستی پێ کرد وەک (چەند- quantity) و (چۆن- quality) و (خستنەسەر- relation) و (ڕووکار- modol-ity)، بۆ مەسەلەی چەندایەتی، لۆژیکیەکان هەر لە ڕۆژگاری ئەرستۆوە مەسەلە هەمووەکان و بەشەکان و کەسایەتییەکانیان جیادەکردەوە. ئەم بەشانەش بەسەریەکەوە یەکە و زۆری و هەمووی دەگرتەوە، بە چ جۆرێک مەسەلەیەک نالەبارو لەبارو دیاریکراو دەبێت بەرامبەر مەقوولاتە واقیعەکان و نالەبارو دیاریکراوەکان ئاوەهاش دەتوانین مەسەلەکان سەرەڕای خستنەسەری بۆ مەرجی پێکەوە لکان و مەرجی دابڕان، لەمەوە پوختەی

مەقوولاتی کرۆک و نمایش و هۆ و ئەنجام و کاریگەری ئاڵوگۆڕمان دەستگیر دەبێ، دوایی لەوانەیە مەسەلەکە بەپێی ڕووکـــار ئەگـــەریانە، یان بڕیاردەرانە، یان پێداویستییانە بێت، ئەو مەقوولاتانەی هاوشێوەی دەبن ئەمـــانەن توانایی و هەڵگیـــراو، بوون و نابوونگەرایی، دوایی پێویستی و نمایشە، پێویستیمان بەچوونە نێو وردەکـــاریەکـــانی کـــانت نییـــە بۆ دەســـتگیـــرکـــردنی مەقوولاتەکان، هەروەها هیچ گران نییە کە لیستی (مـــەقـــوولات)ی کـــانت بەناتەواوی بینین وەک وا بۆی دەچوو، مادامەکی پشتی بەتیۆرە تەسکەکەی دەبەست بۆ لۆژیک، بەڵام بیرۆکەی تێڕوانینە گشتییەکان ئەوەی لە ئەزموون وەرنەگیراوە لەگەڵ ئەوەدا کاریگەری خۆی هەیە لەبواری ئەزموونداا، ئەم بیرۆکەیە گرنگی فەلسەفیانەی خۆی دەمێنێت، کە وەڵامێکمان دەربارەی کێشەی هیوم دەداتێ، کەسێک دەتوانێ ئەوەی کانت نمایشی بۆ کردووە گـــەواری نەکـــات، دوای ئەوەی کـــانت لیـــســـتی مەقوولاتەکانی لەسەر پرەنسیپی شێوەیی وەرگرت، گواستیەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ماحاڵە بێ مەقوولات هەر ئەزموونێک دابنرێ کە شیاو بێت و بێگوێزینەوە بۆ ئەوانی تر، بەو شێوەیە پێش ئەوەی ئەو مۆرکـانەی کە دەگەنە هەستەکانمان، سیفەتی ئەپستمۆلۆژی وەرگرن، پێویستە بەشێوەیەک لە شێوەکـان لەرێگای چالاکی زەینییەوە ڕێک و پێک و یەک بخرێن، ئەمەش کێشەی ئەپستمۆلۆژیە لەوەدا نەبوو کە هەڵوێستی کـانت ڕوون بکەینەوە، تەنیا لە دیاریکردنی بەکارهێنانی ئەو ڕێگایە نەبێ کـە بەوردی بۆ زاراوەکـان کـردوویەتی، دەڵێ کـە پرۆسەی ئەپستمۆلۆژی لە ڕووکاردا بەهەستەکان داخراوە، کـــە کـــاریگەری ئەزمـــوونە هاتووەکـــان لەدەرەوە بە کورتکراوی وەردەگرێ، لەلایەکی ترەوە بۆ تێگەیشتن لەو گـرێدانەی کـە توخـمـەکـانی ئەو، هەست پێکەوە گـرێ دەدەن، دەشبێ جیـاوازی لەنێوان زەین، یان تێگەیشتن لەنێـــوان ئاوەزدا هەبێ، هیگڵ لەقـــۆناغـــێکی تردا گوزارشتی لەو بیرۆکەیە کردووە کە دەڵێ ئاوەز خەڵکان یەک دەخات لەلایەکی ترەوە تێگەیشتن جیاوازی دەخاتە ناویانەوە، دەتوانین بڵـێین کـە خـەڵکان بەقـەد ئەوەی ژیرین یەکسـان دەبن، یان دەبنە خـاوەنی بەرەکـەتێکی ئاوەز، بەڵام لەتێگەیشتندا جوداییان تێ دەکەوێت، لەبەر ئەوەی ئەمـــەی دوایی ژیریەکی پۆزەتیـــڤـــانەیە کـــە جوداوازیەکی زۆریان تێ دەکەوێ، بۆ ئەوەی ببینە خاوەن ئەزموون کـە بتوانین دایڕێژین لە فـەرمـانەکـاندا دەبێ بگەینە ئەو ئامـانجـەی کە کـانت ناوی لێ ناوە (یەکەی هۆشی خودی) ئاشکرایە کە مۆرکە گۆشەگیرەکانی هیوم بەس نییە، بەدواداچوونی چەندە بەخێرایی بێت، لە بری پچڕپچڕەی کە ئەزمـوونی هەسـتیـار پێی دەناسرێ لای ئەزمـوونگەرییـەکـان، کانت بەشێـوەیەکی پەیوەست بوون دەڵێ؛ ئەگەر ئەزموونێکمان هەبێ بەشتێکی دەرەکییەوە مەحاڵ دەبێت کە لەچوارچێوەی (المقولات) دانەبێت، کە کـارەکەی مـەرجـێکی پێویست دەبێ بۆ ڕووداوێکی ئەو جۆرە ئەزموونە، مادام واپێویست دەکات کە هەستەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن کەواتە تەنیا مەرجێک نابێت بۆی، بەڵام مـەقـوولاتەکـان لەلای خـۆیانەوە، خـۆیان دەئاخنە نێـوبەوە، ئەوەی کـــانت نکۆڵی لێ دەکـــات توانایی دامەزراندنی ئەزموونێکی پەتییە کە تەنیا پێشوازییەکی نێگەتیڤانەی مۆرکەکان بێت، ئەگەر لەزەینماندا ڕەوتە هوشیـــارییـەکـان نەبن ئەوا، ناتوانین گـوزارشـتیـــان لێ بکەین، بەڵام لەبارەی شوێن و کاتەوە، کانت وای دەبینێ دوو چەمکی تایبـەت و قـەبەڵین و سـەربەهەسـتی پەتین بەسـەریەکـەوە بۆ جیـهـانی دەرەوە و ناوەوە، ئەم جـۆرە دیالۆگە سیمایەکی ئاڵۆزی بەخۆوە گرت لای کانت، بەڵام بەگـشتی بەڵگەکانی جێی متـمانە کـردن نەبووە، کـۆی هەمـوو تیـۆرەکـەی ئەوەیە بێ تێگەیشـتنی قـەبەلی، بۆ شـوێن و کـات، مـەحـاڵە ئەزمـوون هەبێ، لەم لایەنەوە شوێن و کات لە مەقوولات دەچن، بەم شێوەیە ئەزموون لە بۆچوونە (قـەبەلی)یەکانەوە دروست دەبێت، ئەوەشی کە پاڵ دەنێت بۆ دانانی ئەزموون ئەو بابەتییە دەرەکیانەن کـــە لەدەرەوەی زەین و بڕیـاری لەســـەر دەدەن، ئەو سەرچاوانەشی کە ئەزموون لێی وەردەگرێ کانت ناوی لێ دەنێ (ئەوشـتـانەی لەخۆیاندان- namena) لـەبـری ڕووکەشەکان یان دیاردەکان Phenomena) بـەپێی تیـۆری کـانت مـەحـاڵە ئەزمـوونێک هەبێت بەو شـتـەی لەخـۆیدایە، مـادامـەکی هەمـوو ئەزمـوونێک لەڕێگای چڕکـردنەوەی شـوێن و کـات و مـەقـوولات (لەگـەڵ هەر توخـمـێکی دەرەکـیدا) ڕوودەدات، ئەو ماوە کـورتەی کە بتوانین پێی بگەین دەرخستنی ئەوشتانەیە لەخۆیاندا لەو سـەرچاوە دەرەکـیـانەی گـریمانەی مـۆرکـەکـانن، ئەگـەر وردبینیـمـان بویستایە، ئەوا خـۆی مـەحاڵ دەبوو، مـادام ڕێگایەکی سەربەخـۆمـان بەدەستـەوە نییـە بۆ دۆزینەوەی بوونی ئەو جۆرە سەرچاوانە، گەر ئەو ڕێگایەشمان لەبەر دەست بووایە ئەوا بەبێ توانا دەمـایەنەوە بەرامـبـەر ئەو قـسـەیەی کـە بڵـێین کـەوا دەبێـتـە هۆ بۆ مـۆرکـەکـانی هەستـمـان، لەبەرئەوەی ئەگەر ئێـمـە قسـە لەسەر هۆکار بکەین، ئەمە بەو مـانایە دێت کە ئێـمـە دەگەڕێینەوە بۆ چوونە نێـو تۆڕێک لەبۆچوونە (قـەبەلی)یەکـان کـە کارەکانی خۆی لەچوارچێوەی تێگەیشتندا پیادە دەکات، لێـرەوە لۆک جـارێکی تر ڕووبەڕووی ئەو وقـورسـاییـە دەبێتـەوە، هەروەک چۆن تیۆری لۆک ڕێگا بەوە نادات کە

قسە لەسەر جیهانی دەرەوە بکەین لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی هەست پێکردنی لێ پەیدا دەبێت، ئاوەهاش کانت مافی ئەوەی نییە قسە لەسەر شتەکان بکات لەخۆیاندا لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەوە دیاردەکان هۆکار دەکات، شتێک لەخۆدا کە لە دەرەوەی شوێن و کاتدایە، قەوارەیەکی میتافیزیکییە ستێرکی لەوەدایە وامان لێ دەکات کە بتوانین خۆمان دووربگرین لە مەیلی گومان و دان پیانان لەبواری ئەزموونیدا، دەتوانین بە (هاوبەشی لەنێوان خودەکاندا) وەسفی بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە تیۆری ئەپستمۆلۆژی لای کانت کەمێک سیمای خودیەتی پێوەبوو، کانت ناچار بوو ئەو هەڵوێستە وەرگرێ لەبەر ئەوەی بوونی شوێن و کاتی بەرەو سەربەخۆیی گەوار نەدەکرد، ئەگەر ئەو دووانە لە لیستی بۆچوونە (قەبەلی)یەکە بکوژێنینەوە لەوێ شتێک نەدەبوو کە شتێک بێت لەخۆیدا، بێ گومان دەتوانین ئەو شتە دابنێین بێ ئەوەی دەست بدەینە تیۆری (مقولات)ی کانت، هۆیەکی تر هەیە کە زۆر لەوە جیاوازترە ئەویش ئەوەیە کە شتەکان لەنێو خۆیاندا لای کانت پێویست بن، مەبەستم لەوە تیۆرە ئاکاریەکەیەتی کە دوای کەمێکی دی دەچینە سەری، بەڵام با ئێستا ئاگاداربین کە چۆن شتێک تەواو لەخۆیدا دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی بۆچوون و پرنسیپە (قەبەلی)یەکان، بەڕاستی مەترسی بەکارهێنانی ئەم بۆچوونانە بەرێگایەکی تیۆری وامان لێ دەکات لەو سنوورە دەرچین کە ئەم بۆچوونە (قەبەلی)یانە لە ڕێگایانەوە پراکتیک دەبن بەرێگایەکی ڕێ پێدراو، مەبەستم لەو سنوورە بواری ئەزموونە، ئەگەر ئەو بوارە بشکێنین، ئەوا دەچینە نێوبواری نەزۆکەوە ئەویش میتافیزیکاو دیالێکتیکە، کە بەتێڕوانینی کانت واتای بێ فەڕی دەگەیەنێ، کتێبی (ڕەخنەی ئاوەزی پوخت) تەنیا چارەسەری یەک مەسەلە دەکات لەنێو سێ مەسەلە سەرەکییەکەی کە خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێ، ئەویش وێنەی سنووری ئەپستمۆلۆژی دەکێشێ، بەڵام خۆی لەبابەتی ئیدارە نادا و ئەوەی کانت پێی دەڵێ و ناوی لێ دەنێ (الحکم- فەرمانڕەوایەتی) ئەم دوو بابەتەش دەچێتە چوارچێوەی ئاکارەوە، کە لەکتێبی (ڕەخنەی ئاوەزی پراکتیکی)دا چارەسەر دەکرێ، بەڵام کانت (فەرمانڕەوایەتی) بەمانای ڕێزلێنانی ستێرکەکان، یان ئامانجەکان بەکاردەهێنێ، کە بابەتی کتێبی (ڕەخنەی شاژنی فەرمانڕەوا) کە لێرەدا نمایشمان نەکردووە، بەڵام با بەتێڕامانەوە بڕوانینە تیۆرە ئاکارەکەی کانت کە لە (ڕەخنەی ئاوەزی کردارەکی) و (میتافیزیکای ئاکار) دا گفتوگۆی لەسەر کردووە، ئیرادە بەوە وەسف دەکرێت کە خاوەن مۆرکێکی کردارەکییە بەو مانایەی کە کردار، یان ڕەفتار بەرابەری کرداری ئەپستمۆلۆژی تیۆری بێت، دەبێ هەردوو وشەی (تیۆری-theoretical) و (پراکتیکی- Practlcal) تێ بگەیەنرێ، بەمانا ڕەچەڵەکییەکەی لە زمانی یۆنانیدا، لەو لایەنەی کە هەردووکیان بەیەکەوە گرێ دراون، یەک لەدوای یەک بە (بینین) و (کردار)، بەو شێوەیە پرسیاری بنەڕەتی بۆ ئاوەزی کردارەکی ئەوەیە! چۆن پێویست دەکات ڕێ بگرینەبەر؟ هەروەها لێرەشدا کانت هەڵدەستێ بەجۆرێک لە شۆڕش کردن، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاکار وەک پێشوو هەمیشە گریمانەی ئەوە بکات کە کاریگەریی دەرەکییەکان ئیرادە بەڕێوە دەبەن، بەڵام کانت بەم شێوەیە گریمانەی دەکات و دەڵێ کە خۆی یاسای تایبەت دەدات بەخۆی، بەم مانایە دەتوانین وەسفی ئیرادە بکەین کە سەربەخۆییەکی خودی تەواو تەواوە، گەر بمانەوێ بگەینە پرنسیپە گشتییەکانی ڕەفتار، ئەوا لە ستێرکەکاندا، یان لەهۆکارە دەرەکییەکان بۆی ناگەڕێین، بەڵکو پێویستە لەناوەوەماندا بۆی بگەڕێین، بۆ گەیشتن بەوەی کە کانت پێی دەڵێ یاسای ئاکاری، بەڵام ئاشکرایە ئەم یاسا ئاکاریە، ناتوانێت ببێتە بنکەی فەرمانی بەشێکی دیاریکراو، ئەم یاسایە ناتوانێ ئەو ڕێگایەمان نیشان بدات کە پێویست دەبێ بیبڕین لەحاڵەتە دیاریکراوەکاندا، لەبەرئەوەی ئەمە خۆی نابێ پێویست بێت لەسەرمان، بەپێی پرەنسیپی خود دەبێ بەلایدا نەچین، بەمەش جۆرێک لە پرەنسیپی شێوەیی تەواومان بۆ دەمێنێتەوە، کە بەتاڵە لەهەر ناوکێکی ئەزموونگەری، کانت ئەمە ناودەنێ فەرمانی ڕەها- Categorical imperative، لێرەدا جارێکی تر خۆمان لەبەردەم چەمکی جنێودانندا دەبینینەوە، لە بەکارهێنانی کردارەکی ئاوەزدا، چەمکی قەبەلی پێکهاتەیی لەبەکارهێنانی تیۆریدا، لە لۆژیکی باودا مەحاڵە دارشتنی (بڕیاری ڕەها- Categorical mood) لەگەڵ (دارشتنی فەرمان- imperative) کۆببنەوە، بەڵام کانت بۆ ئەوە دەچێ کە هەندێ مەسەلە هەن تایبەتن و ماونەتەوە وەک ئەوەی پێویستە وا بێت، کە لەوانەیە بێ مەرجایەتی بێت، ئەمەش ئەوانەن کە ناویان لێ دەنێ فەرمانەکانی ڕەهایەتی، بەم شێوەیە پرەنسیپی باڵای ئاکار کە خۆی لە فەرمانی ڕەهادا دەنوێنێ بەوەی کە: هەمیشە ڕێ بگرە بەر بەو جۆرەی کە پرەنسیپەکان ئاراستەی ئیرادە دەکرێن و دەبنە یاسایەکی تەواو و بەرفراوان و گشتگیر، ئەم گوزارە توند و تیژە گوزارشتێکی ترە بەرێگایەکی نمایشانەی ئاڵۆز، لەو قسە بڵاوە هاتووە کە دەڵێ: چیت بۆ خۆت ئەوێ ئەوەشت بۆ براکەت بوێ، واتەی پرەنسیپی نکۆڵی دادپەروەری خۆ دەربازکردن، یان بەرگریکردن لە

هەڵوێستێکی تایبەت بەخۆی، بینیمان کە فەرمانی ڕەها کە کانت ئاکارەکەی لەسەر ڕاگرتووە، پرنسیپێکی وێنەیی، یان شێوەییە بەم ستایشەش مەحاڵ دەبێت لایەنگری بواری ئاوەزی تیۆری ببێت مادامەکی ئەم ئاوەزە لەسەر دیاردەکان دانرابێت، کانت ئەوە دەستگیر دەکات کە ئیرادەی چاک کە لەگەڵ ئەو فەرمانە ڕەهایەدا یەک دەگرێتەوە، پێویستە لایەنگری جیهانی شتەکان بێت لەخۆیدا، لێرەشەوە کاری شتێک لەخۆیدا دەردەکەوێ دیاردەکان لەگەڵ (مقولات)دا لەیەکتری دەچن، بەتایبەتی ئەو وتەیەی کە دەڵێ هۆ و هۆدۆز، بەڵام شتەکان لەخۆیاندا سەرکەچ نابن بۆ ئەو کۆتانە، بەو شێوەیە کانت دەتوانێ ڕزگاری ببێت لەگێژاوی ئیرادەی ئازاد لەبەرامبەر حەتمیەتدا، بەقەد ئەوەی کە مرۆڤ لایەنگری هەبێ بۆ جیهانی دیاردەکان، مل کەچ دەکات بۆ یاسا حەتمیەتەکانی، بەڵام مرۆڤ بێجگە لەوەی کە کردارێکی ئاکارییە سەر بەجیهانی شتە لەخۆیدا، دواییش ئیرادەیەکی ئازادی هەیە، بەڕاستیش ئەمە ئەنجامگیریەکی چاپووکانەیە، ئەگەر چارەنووسی سنووردار بێت بەپێی چارەنووسی بیرۆکەی شتەکە لە خۆیدا، بە شێوەیەک ئەگەر بڕووخێ، ئەوا بیرۆکەکە دەڕووخێ، ئاکار لای کانت توخمێکی پتەوی لەکالڤینیەتی لا ڕاست گرتۆتە خۆ، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە کە یەکەم شت گرنگی هەبێت، ئەوەیە کە ڕەفتارمان لەدەروونی پرنسیپە ڕاستەکانەوە هەڵقوڵابێ، بەپێی ئەم ڕایە کات بردنە سەر بەشتێکەوە کە لە ڕووگەی ئاکاریەوە پەیوەست بێت پێوەی، ئەوا ئەو وەخت بەسەربردنە لەمپەرێک دەبێت لەبەردەم ڕەفتاری ئاکاریدا، ئەگەر بێت و دراوسێکەم خۆش بوێ، بەو پێیەی هەستی پێدەکەم کە حەز دەکەم لەکاتی تەنگانەدا یارمەتی بدەم، ئەوکاتە ئەو کردەوەیەم بەپێی باوەڕی کانت هەمان ئەو گرنگیە ئاکارییەی نییە کە دەتەوێت هەستیت بەکارێکی باش وەک هەمان کاری پێشوو بەرامبەری کەسێک کە زۆر ناشیرین و قێزەون بێت، بەم شێوەیە مەسەلەکان هەموو دەگۆڕێن بۆ کۆمەڵێک ئەرکی قورسی دڵتەنگ کە پێی هەڵدەستین و لەسەر ئارەزووی خۆمان نییە، بەڵکو لەسەر ئارەزووی پرەنسیپە، بەڵام ئەوەی کە هەڵدەستێ بەو کارە. ئەوە ئیرادەی چاکەیە کە تەنیا ئەو چاکەیەیە بەبێ هیچ کۆت و مەرجێک دێتە ئاراوە، زۆر ڕاستە کە پێویستە ئێمە پێشەوایەتی بۆ مەیلەکاتیەکان قەدەغە بکەین، هەندێک بارودۆخ هەیە کە بە پرنسیپەوە هەڵسوکەوتی تێدا دەکەین، تەنانەت ئەگەر ئەو پرنسیپە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئارەزووەکانماندا یەکتری نەگرنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی شازە، ئەگەر پێویست بکات ئەو جۆرە تەنگژەیە بەسەر هەموو کردەوەکانی مرۆڤدا بسەپێنین، لەوانەیە باوەڕی کانت بۆ ئەو ڕایە بگەڕێتەوە کە هەموو ژیانی تا ئەوپەڕی مۆرکی تیۆریانەی وەرگرتووە، ئەگەر وا نەبووایە لەوانەبوو لەبواری هەستە تایبەتەکاندا هەندێ شتی تر بەخەیاڵیدا بهاتایە کە ڕێگەمان بەخۆمان دەداو بە باشترین شتەکانیمان دابنایە، بێ ئەوە بتوانرایە هەر کامێکیان بگۆڕدرایە بۆ یاسای گشتی، بەڵام لەوانە بەرپەچدانەوە بۆ ئاکاری کانتی زۆر لەوە گرنگتربێت، ئەگەر پێداگرتنەکە هەمووی لەسەر حاڵەتی زەینی، یان مەبەست بێت، ئەوا ئەوکاتە خۆت لەگێژاوێکدا دەبینیتەوە کە دەرچوونی نەبێ، هەر ئەوە لەسەرتە کە ئەوەی دەیکەیت هەستی پێ بکەیت کە ئەرکێکە لەسەرت، بەڵام ئەنجامە خراپەکەی کە کردەوەکەت پێت دەکات، بەهیچ شێوەیەک بەهای نابێ، ئەگەر سوکرات لەگەڵ یەک لەلایەنگرانی ئەم ئاکارەدا گفتوگۆی بکردایە، ئەوا مافی خۆی بوو ئاگاداری بکردایەتەوە کە نەزانین شەڕی گوناهەکانە، بەڵام لەبارەی وەزیفە ئاکاریەکانی شتێک لەخۆیدا، ئەوە هەندێ ئەنجامی تر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ، کانت لە (ڕەخنەی ئاوەزی پوخت)دا دەڵێ: لەچوارچێوەی ئاوەزی تیۆریدا مەحاڵ دەبێت بوونی خودا بە بەڵگەی ئاوەز بسەلمێنیت، چالاکی تێڕامانی ئاوەزی پوخت بەکردەوە بوارێک دەکاتەوە بۆ بیرکردنەوەی بوونی خودا، بەڵام تەنیا ئاوەزی کردارەکییە کە بنەڕەتێکی ئاوەزیمان دەداتێ بۆ ئەو باوەڕبوونە، بەڵکو ئێمە بەواقیعی لە بواری کردارەکیدا لەسەرمانە ئەو بیرۆکەیە گەوار بکەین، مادامەکی بێ ئەو ماحاڵە چالاکی ئاکاری بەواتای تەواو ببێت لەبەر ئەوەی ئەو وای دەبینێ کە توانای لەسەر بنەمای فەرمانی ڕەها بۆ یاسای ئاکاری پێویست ناکات لەلایەنی کردارەکییەوە کە خودا بوونی هەبێ، دەتوانین بڵێین کە تیۆرەکەی کانت بەجۆرێک وێنەی هەڵەیەکی داپچڕان دەکێشێ کە بە(ولیم الاوکامی)مان بیر دەخاتەوە لەبەر ئەوەی کتێبی (ڕەخنەی ئاوەزی پوخت) ئەوە دەخاتە سەر شانی خۆی کە سنوورێک بۆ ئەپستمۆلۆژی دابنێ لەپێناو ڕێگاکردنەوە بۆ باوەڕبوون، بوونی خودا ناتوانرێ وەک ڕاستییەکی تیۆری بناسرێ، بەڵام خۆی دەسەپێنێ بەوەی کە ئیمانەو لەسەر هۆی کردارەکی دامەزراوە، لەگەڵ ئەو پێویستییەی کە چاوپۆشی لەمانای تیۆری و پراکتیکی بکەین کە لەوەو پێش لە هەردووکیان دواین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاکارەی کانت لێی دواوە هیچ بوارێکی بۆ پابەندبوونی هەر باوەڕێکی ڕەق هەڵاتوو نەهێشتۆتەوە، لەبەر ئەوە ئەوەی بایەخی نییە بەلایەوە یاسای ئاکارە، بەڵام فێرکردنە

سنووردارە ڕەق هەڵاتووەکانی باوەڕی بێ هەق دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی خوداوەندەکان، بەو شێوەیە، سەرەڕای ئەوەی کانت باوەڕی وابوو کە مەسیحییەت تەنیا باوەڕە لەگەڵ یاسای ئاکاردا ڕێدەکا، ڕای بەرامبەر دین وای کرد کە حکومەتی برووسی بەشێوەیەکی ڕەسمی ئاگادار بکرێتەوە، ئەو ڕایانەی کە بانگەوازی بۆ دەکرد، ڕای بەرامبەر ئاشتی و هاریکاری نێودەوڵەتی هەبووە هەروەک لەنامیلکەیەکی بچووکدا بەناونیشانی (ئاشتی هەمیشەیی) دەری بڕیوە و لە ساڵی (١٧٩٥)دا بڵاوکرایەوە، ئەو بیرە سەرەکییەی کە لەو نامیلکەیەدا پێشنیاری کردووە، ئەویش دانانی حکومەتێکی نیابییە، هەروەها یەکێتییەکی جیهانی لەنێو دەوڵەتەکاندا ئەو دوو بیرۆکەیە لەم سەردەمەماندا پێویست ناکات باسیان لێوە بکەین.

* * *

فەلسەفەی کانت جۆرە وەڵامێکی داینێ لەمەڕ کێشەی هیوم، بەڵام لەسەر حسابی دەرخواردی بیری شتەکان لەخۆیاندا، هاوپەیمانانی کانت لەبزووتنەوەی ئایدیالیستی ئەڵمانیدا هەستان بە دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکان لەو بۆچوونەدا، سەرەڕای ئەوەی پێشکەوتنیان خستە نێو تیۆرە ئەپستمۆلۆژیەکە، بەڵام هەر ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبوونەوە، بیری ماویەکان کەرستەیەک بوو لەو کەرستانەی خۆی لەدووالیزمی لادەدا، بەشێوەیەک سەیری ئاوەزیان دەکرد کە دیاردەیەکە دەرئەنجامی شێوەیەکی تایبەتە لە ڕێکخستنی توخمە مادییەکان، بەڵام کەرستەکەی تر ئەوەیە کە مەسەلەکە هەڵبگەڕێنینەوە و وا سەیری جیهانی دەرەکی بکەین بەمانایەک لەماناکان کە دەرئەنجامی ئاوەزە، پێداگرتنی کانت بۆ شتەکان لەخۆیاندا ئەوە بووە کە حەزی نەکردووە دوا هەنگاو بنێ بەڵام (فشتە- Fichte) بەژیرانەوە ئەوەی کردووە، (فشتە- ١٧٦٢-١٨١٤) لەباروودۆخێکی خێزانی هەژاردا ژیاوە، لەماوەی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆدا شوانێک گرتوویەتی بەخۆی، دوایی بووە بە مامۆستای وانەی تایبەت، لەسەر لێواری هەژاری و نەداری ژیاوە، کاتێک کتێبەکانی (کانت)ی کەوتە بەر دەست یەکە و ڕاست بەدوای ئەو فەیلەسووفە گەورەیەدا گەڕا، کە یاریدەی دا بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی لەسروش، ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، فشتە لە (ینا- Jena) بووە مامۆستای زانکۆ، لەلایەن دەسەڵاتداران ڕەواجی نەبوو، ئەویش لەبەر ڕاوبۆچوونی بەرامبەر دین، ئەو شارەی بەجێ هێشت و بەرەو بەرلین بەڕێ کەوت، پێوەندی بە سلکی میرییەوە کرد، لەساڵی (١٨٠٨) کتێبە بەناوبانگەکەی (بانگەوازەکان بۆ نەتەوەی ئەڵمانی) بڵاوکردەوە کە بانگەوازی ئەوەی تێداکردووە کە هەموو ئەڵمانییەکان بەرگری بکەن دژی ناپلیۆن، نەتەوەی ئەڵمانی لەو بانگەوازەدا وێنەیەکی توندوتیژیان وەرگرت، ڕای فشتە ئەوەیە (ئەگەر کەسێک ئاکاریانە بێت و ئەڵمانی بێت، ئەوا هەردووکیان یەک شتن) زۆر ئاشکرانییە کە ئەم باوەڕەی ڕاستییەکی ئەزموونی بێت، یان پێناسەیەکی فۆنەتیکی دروست بێت، مەسەلەکە شتێکی تێدایە، ئەگەر بێت و پێناسە بێت، ئەوا خوێنەر لەگەڵمدایە کە ئەم پێناسەیە هەندێک لەزیادەڕۆیی تێدایە، کاتێک زانکۆی بەرلین لە ساڵی (١٨١٠) دامەزرا، فشتە بووە مامۆستا لەو زانکۆیە، تا مردن بەو پلەیە مایەوە، کاتێک جەنگی ڕزگاری لەساڵی (١٨١٣) ڕووی دا قوتابییەکانی نارده بەرەی جەنگ بۆ ئەوەی دژی فەرەنسییەکان بجەنگن، ئەمەش وەک زۆربەی خەڵکان زۆر بە پەرۆشی شۆڕشی فەرەنسییەوە بووە، بەڵام دژی ئەو شێواندنە بووە کە لەسەر دەستی ناپلیۆن کرا، فشتە لەبیرکردنەوە سیاسییەکانیدا لە هەندێ چەمکە مارکسییەکان لەپێش بوو، وەک دامەزراندنی ئابووری سۆشیالیستی کە دەوڵەت کۆنترۆڵی بەرهەم و دابەشکردنی دەکات، بەڵام ئەوەی کە گرنگی و بایەخی فەلسەفیانەی گەورەی هەیە و لێرەدایە ڕێبازەکەیەتی لەمەڕ (من) کەستێرکی ئەوەبووە وەڵامی دووالیزمەکەی (کانت)ی پێ داوەتەوە، (من) کە لەلاتایبەتیەکەوە لێی دەڕوانرێ بیری یەکەی هۆشی خودیە لای کانت، لەهەمان کاتدا قەوارەیەکی چالاکە کە بە سەربەخۆیی خود دەناسرێ بەو مانایەی کە کانت سنوورداری کردووە، بەڵام جیهانی ئەزموون شێوەیەکە لە دارمانی نەستی (من)ە کە ناوی دەنێ بە (نامن اللا أنا) لەبەر ئەوەی ئەم دارمانە لەبێ هۆشییەوەیە، ئەوا بۆچوونمان هەڵەیە کە جیهانێکی دەرەکی خۆی دەسەپێنێ بەسەرماندا، بەڵام لەبارەی شتەکانەوە لەخۆیاندا کێشەکەیان ئەوەیە کە هیچ سەرهەڵنادەن لەبەر ئەوەی هەر دیاردەکانە کە دەیانزانین، بەڕاستی قسەکردن لەسەر شتەکان لەخۆیاندا دژ دەبن بەخۆیان، ئەوەش وەک ئەوە وایە کە ناتوانرێ بەپێی ناسینی- بناسرێ- کرداری دارمان تەنیا لە بێ هۆشیدا نییە، بەڵکو لەبێ مەرجیشدایە لەکاتی دەرچوونی بۆ نێو چوارچێوەی ئەزموونمانەوە بۆیە لەگەڵ مەقوولاتە هۆکارییەکان یەک ناگرنەوە، لەوەوە دەرهێنراوە کە پرۆسەیەکی ئازادە لە سروشتی کردارەکی و ئاکاری (من)دا، پێویستە وشەی (کردارەکی) تێ بگەیەنرێ بەمانا پێک هاتووەکانی، بەم ڕێگەیە پرەنسیپی کردەکی کە خۆی لە (من)دا دەنوێنێ هەڵدەستێ بەکاری

مامەڵەکردن لەگەڵ دارمانی تایبەتیدا، ئەم تیۆرە کە سیمای رۆحی خەیاڵی پێوە دیارە خۆی لەبارگرانی ڕێبازی دووالیزمی دەپارێزێت، هەروەک دوایی دەیبینین، کە چۆن پێش ڕێبازی هیگڵی کەوتووە، ئەنجامی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە مەحاڵە جیهانێک لە (من) تەون بکرێت، لەسەرەتادا هەوڵی (شلنج) بوو لەوێشەوە هیگڵ فەلسەفە سروشتییەکەی وەرگرت، (شلنج-١٧٧٥-١٨٥٤) وەک هیگڵ و شاعیری ڕۆمانتیکی (هولڵدرلن) کە ڕەگەزی (شڤابی- Swabian) بوو (کانت) و (فشتە) بوونە هاوڕێی شلنج کاتێک پێوەندی کرد بە زانکۆی توبنچین لە تەمەنی پازدە ساڵیدا دوو سەرچاوە بوون بۆی لەڕووی فەلسەفیەوە کاریگەریان تێ کرد، پێش تەمەنی بیست و سێ ساڵی بەهۆی ژیری و شێوازە ئەدەبییەکەیەوە لە (یینا) توانی کورسییەک لەفەلسەفەدا بەدەست بهێنێ، لەوێدا هەردوو شاعیری ڕۆمانتیکی (تیک و (نوڤالس)ی ناسی هەروەها هەردوو برا (شلیجل) و (فریدرش)ی ناسی هەروەها (ئوگوست)ی ناسی، ئوگوست لەگەڵ (تیک) پێکەوە کارەکانی شکسپیریان بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا کاتێک ئوگوست لەژنەکەی جیا بۆوە شلنج هێنای، سەرەڕای ئەوەی کە بەدوازدە ساڵ لەم بچووکتر بوو، شلنج بەدوای ڕووداوەکانی جیهاندا دەگەڕاو بەدوای نوێترین شت دەکەوت، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە بیست و پێنج ساڵی کتێبی (فەلسەفەی سروشت)ی لەچاپدا، ئەرکی ڕاڤەکردنی سروشتی خستە ئەستۆی خۆی بەشێوەیەکی قەبەلیانە، شلنج بۆ ئەم هەوڵدانەی ڕەوشتی کردەکی بۆ زانستی ئەزموونی خستە بەرچاو، بەڵام وای بۆ چوو کە مەحاڵ نییە دواتر ئەم دۆزینەوە زانستیانە لە پرنسیپە گشتگیرەکاندا هەڵبهێنجرێن، کە سیمای ئەزموونگەری پێوەنییە، هەست دەکەین کە لەم هەوڵەدا سیمای ڕێبازی ئاوەزی لای (ئسپینۆزا)ی پێوە دیار بێ، هەڵێنجرابوو لەبیرۆکەی کردارەکی لای فشتە، لەبەر ئەوەی شلنج وا سەیری جیهان دەکات کە هەوڵ دەدات هەڵی هەنجێ ئەوە جیهانی کردەیە، لەلایەکی ترەوە جیهانی زانستی ئەزموونی لای ئەو ڕەق هەڵاتووەو خاوە، دوای هیگڵ بەدوای میتۆدەکەی کەوتووە، بێگومان ئەم تێڕامانە تارماییە لەمەسەلە زانستییەکاندا لای خوێنەری هاوچەرخ شتێکە مەحاڵە تێگەیشتنی، لەم گفتوگۆ زۆرەو قسە پووچە بۆشەدا کە زۆر پڕن لە وردەکاری کە دەبنە مایەی گاڵتەجاڕی دواتر ئەمە یەکێ لەو هۆیانە بوو کە بەهای فەلسەفەی ئایدیالیستی پێ شکا، بەڵام جێی سەرنج ئەوەبوو کە شلنج خۆی لەدواساتەکانی ژیانیدا ئەو جۆرە فەلسەفاندنەی ڕەت دەکردەوە، لە قۆناغی پیریدا بایەخی بە سۆڤیزمی دەدا، ژنی یەکەمی مرد، هەروەها دابڕان دروست بوو لەنێوان ئەو و هیگڵدا، کاتێک لەساڵی (١٨٤١) بانگهێشت کرا بۆ نووسینی پێشەکی بۆ وەرگێڕانی شاکارەکانی فەیلەسووفی فەرەنسی فیکتۆر کۆزان بەهەلی زانی بۆ هێرشکردنە سەر فەلسەفە سروشتییەکەی هیگڵ، ڕاستە کە هەندێ ناوی نەهێناوە، ئەوکەسەی کە هێرشی کردۆتەسەر مرد، بەڵام مەبەستەکەی بەڕوونی دیاربوو، لێرەدا شلنج بەتوندی نکۆڵی لە توانای هەڵهێنجانی ڕاستی ئەزموونەکان لە ڕێبازە (قەبەلی)یەکان دەکات، بەڵام زۆر گرانە ڕایگەیەنین کە ئەوکاتە بەهۆشەوە دەرکی بەوە کردبێ ئەو هێرشە، فەلسەفە سروشتییەکەی خۆی دەڕووخێنێ، وەک چۆن بەرامبەرەکەی خۆی دەڕووخێنێ کە هیگڵە، دەتوانین لەلای فشتە و شلنج وێنەی میتۆدی جەدەلی (دیالێکتیکی) بدۆزینەوە کە هیگڵ دوایی بەکاری هێناوە، لای فشتە بینیمان کە چۆن (من) هەڵدەستێ بەڕووبەڕووبوونەوەی (منی نا) و دەیبڕێ، لەفەلسەفەی سروشتی (شلنج)دا بیرۆکەیەکی سەرەکی دەدۆزینەوە ئەویش بیرۆکەی دژ بەیەکەکانە کە لە یەکەدا کۆ دەبێتەوە، ئەو بیرۆکەیەش بانگەشەی جەدەلی هیگڵی دەکات بەشێوەیەکی ڕوونتر، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەی جەدەل لە لیستی مەقوولات لای کانت پەیدا دەبێ، وای ڕوون کردەوە کە لایەنی سێیەم لە هەموو کۆمەڵێکدا کۆی نێوان یەکەم و دووەمە کە هەردووکیان دژ بەیەکن، نموونەش بۆ ئەوە یەکێتی بەمانایەک دژی زۆرە، یان پێچەوانەکەیەتی، هەموو یەکە زۆرەکان دەگرێتە خۆ ئەمەش کۆی نێوان هەردوو بیرەکەی پێشووتر دەکات.

*** ڕێبازێکی یاخیگەرانەیە دژی مەسیحییەت ڕاهیبی ئینگلیزی (بیلا جیۆس- ٣٦٠- ٤٢٠) یەکەم کەس بوو کە باسی لێوە کردووە، بیری گوناهی یەکەم ڕەت دەکاتەوە و وای دەبینێ کە ڕزگارکردنی خەڵک تەنیا بەدەست خۆیانەوە و پێوەندی بەخۆیانەوە هەیە.**

**سەرچاوە:**
**کتێبی حکمة الغرب، الجزء الثاني، الفلسفة الحديثة و المعاصرة، تاليف، برتراند رسل، ترجمة، د. فؤاد زكريا، ص١٤٣-٢٠٦**

# باسێک دەربارەی ناتەواوی ڕێنووسی هەورامی

هاوار (بەیارمەتی جیهاد کەمال)*

وەک ئاشکرایە زمانی کوردی لە چوار شێوەزار پێکهاتووە (کرمانجی ژوورو- کرمانجی ناوەڕاست- کرمانجی خوارو- هەورامی) ئەوەی مەبەستە لێرەدا شێوەزاری هەورامییە و دەرخستنی ناتەواوییەکانی ڕێنووسە لەم شێوەزارەدا، ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە ئەم شێوەزارە (هەورامی)یە کوردی کۆنە بۆ سەردەمێکی دوورو درێژیش زمانی ڕەسمی بووە برەوی گەیشتۆتە ناوچەکانی تری کوردستان و زۆر لە نووسەران و شاعیران کە هەورامیش نەبوون بەم شێوەزارە نووسیوویانە و هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە لەوانەش (مەولەوی و خانای قوبادی...تاد) لە سەردەمی میرنشینی هەورامان و ئەردەڵانیشدا برەوی زۆری هەبووە و پاشان لە سەردەمی بابانەکان و دواتریش ڕۆژ دوای ڕۆژ شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست کە هەندێ جار بە (سۆرانی) ناو دەبرێت جێی هەورامی گرتۆتەوە و بۆتە زمانی نووسین و بەسەر شێوەزارەکانی تری کوردیدا زاڵ بووە ئەمەش لەبەر ئاسانی و ڕەوانی شێوەزارەکەیە و زۆربەی نووسەر و ڕۆشنبیران کە ئەم شێوەزارە بەکاردەهێنن، زمانەوانانی کورد دانیان بە (٣٣) پیت داناوە لە زمانی کوردیدا ئەمەش سەبارەت بە شێوەزارەکانی تر نەک بەپێی هەورامی و هیچ حیسابێکیان بۆ شێوەزاری هەورامی نەکردووە ئەم حیساب نەکردنەش بۆ کەمتەرخەمی ڕۆشنبیران و زمانەوانی کورد دەگەڕێتەوە کە گوێیان نەداوەتە ڕێکخستنی پیتەکان و چاککردنی هەڵەکانی ئەم ڕێنووسە، هەرچەندە هەندێک حیسابی بۆ کراوە، بەڵام ناگاتە پلەی شارەزایی تەواو لەچاو شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی، بەڵام ئێستا ئەم شێوەزارە (هەورامی) کزە و ڕێنووسە کۆنەکانی تریش لە یاد کراون تەنیا ڕێنووسی ئەبجەدی و لاتینی نەبێت، ڕێنووسە کۆنەکانی کوردیش ئەمانەن:

١- ڕێنووسی ئاڤێستایی: ڕێنووسی ئاییینی زەردەشتی بووە و دوای موسوڵمانبوونی کورد، برەوی نەماوە.

٢- ڕێنووسی ماسی سوّراتی: ئەویش جۆرە ڕێنووسێکی تری کۆن بووە لەپێش زایندا.

٣- ڕێنووسی بۆ سیخانی: ئەمیش جۆرێکی تری ڕێنووسە و سوڵتان (سەهاک) دامەزرێنەری ئاییینی ئەهلی هەق (کاکەیی) دروستی کردووە و کتێبی (یارسان)ی پێ نووسیوە کە کتێبی ئاییینی کاکەییەکانە و ئێستا ئەم کتێبە لە هەورامان لە گوندی (هاواری) نزیک شاری هەڵەبجە هەیە.

٤- ڕێنووسی ماریفەت و پیری: ئەم ڕێنووسەش ماریفەت و پیری کتێبی پیرشالیاری زەردەشتییە کە لە سەردەمی ئاییینی زەردەشتیدا نووسراوە لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایین. ئەم کتێبە لە هەورامان لە گوندی (سەروپیری- پیرشالیار) ماوە و پارێزراوە- ئەم ڕێنووسانەی کە باسمان کردن، وەنەبێت تەنیا شێوەزاری

هەورامی پێ نووسرابێت، بەڵکو کوردەکانی تریش پێیان نووسیوە و بەکاریان هێناوە ئەو دوو جۆرە ڕێنووسەش کە کورد وەری گرتوون بریتین لە:

١- ڕێنووسی ئەبجەدی: کە ڕێنووسێکی بێگانەیە واتە (عەرەبی)یە و ئەو ڕێنووسەیە کە قورئانی پیرۆزی پێ نووسراوە، کوردیش لەدوای موسوڵمانبوونی (جگە لەیەزیدی و کاکەییەکان کە ڕێنووسیان تا ئێستاش جیایە و پاراستوویانە) هەندێک گۆڕانکاری لە زیادکردن و لابردنی ئەبجەدی کردووە و بەکاری هێناوە.

٢- ڕێنووسی لاتینی: ڕێنووسێکە و پیتەکانی لە پیتی ئینگلیزیەوە وەرگیراون و هەندێک گۆڕانکاری تێداکراوە و بۆ داهاتوو چاوەڕێ دەکرێت ببێتە ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، پاش ڕوونکردنەوەی شێوەزارەکان دێینە سەر ڕێنووسێکی ئەبجەدی لە شێوەزاری هەورامیدا، ئەم ڕێنووسە هەتا بڵێی ناتەواوە، چونکە وێنەی (٤) پیتی تێدا نییە کە لە شێوەزاری هەورامیدا دێنە گۆکردن (تلفظ) هەروەها ئەو چوار پیتە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا نین، لێرەدا پرسیارێک دەکرێت ئایا ئەمە چۆن دەبێت؟ منیش دەڵێم (ڵ) لە کرمانجی ژووروودا نییە، بەڵام لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا هەن هەروەها (ڤ) لە هەورامیدا نییە، بەڵام لە شێوەزارەکانی تردا هەیە، ئەم چوار پیتەش لە شێوەزاری هەورامیدا پێویستە هەبن، چونکە گۆ دەکرێن، بەڵام وێنەیان بۆ دانەنراوە، بە داخەوە تائێستا ئەوانەی (دکتۆرا) و (ماجستێر)یان لە شێوەزاری هەورامیدا بەدەست هێناوە هیچ هەنگاوێکی شایستەیان نەناوە بۆ بەرەو پێشچوون و نەپووکانەوەی ئەم شێوەزارە تەنیا لەبەر بڕوانامە خوێندوویانە نەک لەبەر خزمەتکردن بەم شێوەزارە و هیچیان بۆ شێوەزاری هەورامی نەکردووە جگە لە وشە جوینەوە هیچ داهێنانێک و شتێکی نوێیان لانەبوو تابینووسن و برەوی پێ بدەن. ئەمەش بیروڕای من و وابزانم لە هەمان کاتیشدا دروستە، چونکە ئەوانەی کە بڕوانامەی بەرزیان وەرگرتووە لەم بوارەدا دەرکیان بەم پیتانە نەکردووە؟! من لەبارەی شێوەزاری هەورامیدا کەمێک نەبێت ئەویش خوێندنەوەی خۆمە لەم بوارەدا دەرکم بەم ناتەواویە کرد. ئەم چوار پیتە کە یەکێکیان مەولەوی دایناوە، سێیانەکەی تریش خۆم لەدوای کۆشش و بەردەوامیەکی زۆر، توانیم بیاندۆزمەوە و وێنەیان بۆ دابنێم، هەر کەسێک لاری لە هەبوونی ئەم چوار پیتە هەیە چ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد، بەتایبەتی هەورامیەکان چ ئەوانەی ماستەر و بڕوانامەی بەرزیان لەم بوارەدا هەیە، ئامادەم بە ڕوونتر لەسەری بدوێم و تێبگەیەنم کە لێرەدا باسی دەکەم:

١- د: ئەم پیتە مەولەوی وێنەی بۆ دروست کردووە لە شێوەزاری هەورامیدا، بەڵام لە هۆنراوەکانیدا ئەم پیتە بەرچاو ناکەوێت، لەوە دەچێت لەبەر تێگەیشتنی ڕێنووسی و بۆ ئاسان خوێندنەوەی هۆنراوەکانی لە هەورامیدا نەینووسیبێت جگە لە کەسێکی هەورامی بەدەگمەن کەسانی تر دەتوانن ئەم پیتە وەک خۆی دەربڕن و گۆی بکەن، هەرگیز لە سەرەتای وشە و بڕگەوە نایەت:

نموونە:

ئەدا واتە (دایک)
ئاد واتە (ئەو)
بدیە واتە (سەیرکە)

سێ پیتەکەی تر (و، و، ی) خۆم بۆ ڕێنووسی هەورامیم زیاد کردووە بەیارمەتی هەندێ کەسی شارەزا لەم بوارەدا ئەویش لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی شێوەزاری هەورامی گەیشتمە ئەو ئاستەی ئەم سێ پیتە لە گۆکردندا هەن، بەڵام وێنەیان نییە منیش هەوڵم دا لە دانانی ئەم وێنانە بۆیان ڕەنگە یەکێک بپرسێ چۆن زیادکردنی پیت و دەستکاریکردنی شێوەزارێک دروستە، منیش دەڵێم خۆ مەولەوی هەورامی نەبووە شارەزایی تەواویشی لە هەورامیدا نەبووە لە ئەنجامی گۆکردنی ئەم پیتە بۆی دانا و خستیە سەری.

٢- ی: ئەم پیتە لە نێوان (ی-ی) دایە و وەک کەسرەی عەرەبی دەخوێنرێتەوە و گۆ دەکرێت واتە (ی) یەکی زۆر کورت هەرگیز لە سەرەتای وشە و بڕگەوە نایەت.

نموونە:

بەیدی - وەرن
بوسدی - بخەون

ئەگەر بڵێین ئەم پیتە (ی) بوونی نییە و لە نووسیندا بە (ێ)نووسراوە، ئەمە هەڵەیە چونکە جیاوازی دیار و ئاشکرا هەیە لە نێوان (ێ وی) هەندێک نموونە بەسە بۆ تێگەیشتن.

١- ئادێ: ئەو بۆ (کچ)
ئادی: ئەوان
٢- کەردێ: بکەنەوە
کەردی: بکەن

٣- بەیدێ: وەرنەوە
بەیدی: وەرن

٤- هورسدێ: هەڵسنەوە
هورسدی: هەڵسن

٥- ئانێ: ئەوەتان
ئانی: ئەوە بۆ (کچ)

٣- و: ئەم پیتە (و)ی کورتە واتە (الضمة)ی عەرەبی، لەوەدەچێت لە سەرەتاوە لە (ۆ)وە هاتبێت و لە سەرەتای وشە و بڕگەوە نایەت.
نموونە:

١- بو: وەرە
٢- لودش: بڕۆن
٣- کور:کوێر
٤- سو ڵ: سوێر

١- کرمانجی ناوەڕاست (کۆڵ) - هەورامی (کوڵ)
٢- کرمانجی ناوەڕاست (چۆڵ) - هەورامی (چوڵ)
٣- کرمانجی ناوەڕاست (درۆ)- هەورامی (درو)
٤- کرمانجی ناوەڕاست (دۆ) - هەورامی (دو)

هەر کەسێکیش دەڵێت ئەم پیتە (و) لەگەڵ (و)دا جیاوازی نییە وەک چۆن ئێستا لە ڕێنووسی هەورامیدا بە (و) دەنووسرێت با بڕوانینە ئەم جیاوازیانە.
نموونە:

١- ملۆ: دەڕوات ملو: دەڕۆم
٢- کولْ: کورت کولْ: کۆڵ
٣- موەرو: دەخوات موەرو: دەخۆم

٤- و: ئەم پیتە لە بنەڕەتدا لە (ڤ)ەوە هاتووە پاشان گۆڕانکاری بەسەر ئەم پیتە (ڤ)دا هاتووە بوونی نەماوە لە هەورامیدا ئەم پیتەش لە نێوان (و-ڤ)دا گۆ دەکرێت و لە سەرەتای وشە و بڕگەشەوە دێت:
نموونە:

سەوای: بەیانی
تاویای: توانەوە
کوای: کوتان

وارای: بارین
وەشین: بەسە

بۆ سەلماندنی ئەوەی (و) لە (ڤ)ەوە هاتووە واتە لە بنەڕەتدا (ڤ) بووە پاشان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە با بڕوانینە ئەم پیتانە:

١- ڤەرڤە: بەفر (بەشێوەی هەورامی کۆن یاخود ئاڤێستا)
وەروە: بەفر (بەشێوەی هەورامی ئێستا)
٢- ڤادان: باران (بەشێوەی هەورامی کۆن یاخود ئاڤێستا)
واران: باران (بەشێوەی هەورامی ئێستا)

ئەگەر بڵێین ئەم پیتە (و) لەگەڵ (و)دا جیاوازی نییە یان وەک (و) بنووسرێت وەک ئێستای نووسینی هەورامی بڕوانە ئەم نموونانە کە چەند لێک دوورن.

١- خوا: پێکەنی
خوا: خودا (خودای گەورە) واتە ئەگەر (و) وەک (و) بنووسرێت ئەوا کوفرە.

٢- خوای: (پێکەنین) و (پێکەنیت)

٣- وەر: خۆر (هەتاو)
وەر: پێش

ئەم پیتانەش کەمتر کوردەکانی تر (غەیرە هەورامی) دەتوانن دەریانبڕن ئەگەر دەریشی ببڕن، هەروەک خۆی نایڵێن ئەمەش تایبەتمەندیەکی شێوەزاری هەورامییە، ئەگەر کەسێک چەندەها ساڵ فێری هەورامی بووبێت و تێبگات هەر ناتوانێت ئەم پیتانە وەک هەورامییەک دەریبڕێت.

*** (زانکۆی سلێمانی)**

# ڕوانینێک لە مێژووی کورد و کوردستاندا

ئیسماعیل شەمس
لە فارسییەوە: ئازاد عەباس کەریم

ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخ ناسراو بە جەمالەدین خەلەف شێخ عەبدولمولمئمین وتاربێژی (هەینی) کوردستان لە شەوی (٢٧)ی ڕەجەب (١٢٩٧ی کۆچی مانگی) بەرانبەر بە (١٢٥٦)ی کۆچی هەتاوی لە شاری کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و لە نەوەی ئەمیر محەمەد سەری سیلسیلەی مەردۆخێکان بوو کە لە ساڵی (٧٣٧ک مانگی) بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ کۆمەڵێ لە خزم و کەسانی لە شامەوە کۆچی کردووە بۆ هەورامان لە پاشان بۆ بەرگریکردن لە سەرما، ناچاربوون کە گوندی (دەگا شێخان) بکەنەوە. ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە تەمەنی (٧) ساڵی لە لای باوکی خۆی عەبدولمولمئمین دەستی بە خوێندنی قورئان کرد، چونکە فیکر و ئەندێشە و زەکاوەتێکی زۆری بوو، زووتر لە سنووری چاوەڕوانی بە زانیارێکانی قەدیمەوە خەریک بوو چون خاوەنی وتەی شیاو و نوتقێکی باش بوو لەسەر داواکاری باوکی لە هەمان کاتی لاوی و گەنجیدا پیشەی پێشەوایی و وتاربێژی گرتە ئەستۆ و لە ماوەی تەمەنی (٩٠) ساڵەی خۆی چەند کتێبێکی نووسی بەناوبانگترین کتێبەکانی بریتین لە: (فەرهەنگی مردۆخ، فقه محەمدی، اصول فقه، صرف و نحو منطق مردوخ، رموزافرنیش، ندای اتحاد، دین و دانش، خلاصه الاحکام، منتخب الخواص، تاریخ کردو کردستان و....) ئەو لە هەمان کات کە پیاوێکی ئایینی و زانا بوو ئاگاداری بەسەر کارە سیاسی و نیزامییەکانیشدا هەبوو و لە زۆربەی ڕووداو و مەسئەلە سیاسییەکانی چەرخی خۆی وەک فەردێکی کارا حەقی بە هەر کارێکی دەدا، بەڵام گرنگترین شێوەی شەخسیەتی ئەو زانیاریەی بوو، لەم باسەدا مەبەستی لێکۆڵینەوەی ژیانی ئەومان نییە مەبەستی ئێمە ناساندنی یەکێک لە پاشماوەکانی، یانی کتێبی کورد و کوردستان (تاریخی مردوخ)ە ئەم کتێبە لە دوو بەرگا چاپ کراوە، دانەر خۆی لە چوار بەشی جیاجیا دایناوە سێ بەشی لە بەرگی یەکەم و بەشی چوارەم لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبە جێگەی گرتووە. دابەشکردنی مەبەستەکانی کتێبەکە لەسەر ئەساسی بەش، دانراوە. مێژووی مەردۆخ (تاریخ مردوخ) لە چاپخانەی (ارتش) چاپ کراوە و زەمانی چاپکردنی دیار نییە. لە سەرەتای بەرگی یەکەم مەبەستی دانانی (تاریخ مردوخ)ی وا باس دەکا: مەبەستی ئەسڵی بەشەر (مرۆڤ) لە داهێنانی خەت و نووسین شتێکی تر نییە جگە لە ئەنجامی ئەم مەبەستە کە بیر و زانیاری و کردەوە و هەڵبژێراوەکانی خەڵک بێتە سەر کاغەز و پارێزراو بێت تا خەڵکی تر لە خوێندنەوەیان سوود وەربگرن هەر لەسەر ئەم ئەساس و بنەڕەتە لە هەر هونەرو باسێکا نامیلکە و کتێبم بەناوی خزمەت بە گەلم نووسیوە و ویستم کە لە هونەری مێژووش کورتەیەک بەیادگاری بەجێ بهێڵم یەکەمین و باشترین شتێ کە بە خەیاڵم داهات مێژووی کوردستان بوو کە تەوقە سەرو هەموو گیانی بەندەیە. دڵم بەمەوە پەیوەندە هەرچەندە مێژووی کورد و کوردستان ئێستا

لەلانکی منداڵیدایە، بەڵام هیوا وایە کە لەژێر بایەخدان و چاودێریخوازان کەم کەم بە ڕادەی گەورە بوون و پێگەیشتن بگات چون بنەمای ڕوانینی من لەسەر ئاشکراکردنی ڕاستییەکانی حاڵەتەکانی کوردستانە ئەگەر خوێنەران بەتایبەت کوردەکان یا غەیری کورد بە باسێک گەیشتن کە بەدڵیان نەبێ، دەبێ خەیاڵیان تێک نەچێ، بۆ؟ چونکە من دەمەوێ مێژوو بنووسم نە ئەوەی کە چەند کەسێک یا تیرەیەک بلاوێنم. هەر ئەمەی کە بینا لەسەر نەزەریان بێت شایانی خوێندنەوە نییە و هۆی ترس و هیوا نییە کە کارمەندانی هەر قەومێک ئەبێ لە ئەوە ترس و هیوای هەبێ تا لە ترسی مێژوو کاری خراپە نەکەن و بە هیوای مێژوو بۆ مانەوەی ناوی چاک لە بەخشینی هیچ شێوەیەک فیداکاری خۆیان لانەدەن. بەرگی یەکەمی تاریفی مردوخ سێ بەشی گرتووەتە خۆ: بەشی یەکەم باس لە چۆنیەتیە گشتییەکانی کوردستانە کە پێنج بەندی گرتووەتەخۆ:

بەندی یەکەم: (قضاوت عقل برنقل می باشد) بۆچوونی وایە کە هەرچەندە مێژوو دانراوە لەسەر نەقڵ بەڵام نەقڵێ کە شایانی وەرگرتن بێت لەبەر ئەوەی جاری وا هەیە کە نەقڵکراوەکانی یەک باس تەنیا جیاوازییەکی زۆریان هەیە وە ئەو وتە نەقڵکراوانە کە لە خەڵکی ناوچەکە نەقڵ کراوە بە باشتر دەزانێ و بۆچوونی وایە کە بێگانەکان یانی یۆنانییەکان و ڕۆمەکان لە زانینی مێژووی ئێرانی عاجز بوون و موستەشریقەکانی ئەمڕۆش بە ڕێگەی پێشبینیەکانی خۆیان هەنگاو هەڵدەنێن. وە بۆ سەپاندنی وتەکەی خۆی ڕیوایەتێکی لە ئەفسەرێکی بێگانە لە کوردستان جێنشین بووە دەگێڕێتەوە کە ئەم فەردە دیاری کراوە بە حوکمڕان دەڵێ کە دوێنێ بە فڕۆکە لە (گەڵباغی) تێپەڕیم و لەنزیکی گوندی (نازانوم) کۆمەڵێک سوارم بینی. ئێمە هەرچی گەڕاین ئەم ناوەمان لە گوندەکانی کوردستان نەدۆزییەوە. تا ئەوەی کە زانیمان کە ئەم ئەفسەرە لە هاوڕێیەکی خۆی پرسیوە ک ئەم گوندە ناوی چییە و هاوڕێکەی لە جوابدا وتوویەتی «نازانم» وە ئەفسەرەکە وای بۆچووە کە ناوی ئەو گوندە «نازانم»ە.

بەندی دووەم باس دەکات لە دروستبوونی مرۆڤ و لەم بەندەدا ڕاوبۆچوونی قەومەکان و ئایینە جیاجیاکانی بەشی چۆنیەتی دروستبوونی باسی کردووە. بەندی سێیەم لە باسکردنی نەژادی مرۆڤ و باسکردنی تیرەکانی مرۆڤە. کە تێیدا ناوی نەژادی ئاری (ئاریایی) و تیرەکانیەتی. و ئاری بە تێکەڵکراوی (ار) و (ی) داناوە. (ئاری)یا ئایر بە مانای ئاگرە. و (ی) ئەمرازی پێوەندییە. کەوا بوو ئاریا بە واتای ئاگرپەرستە. وە بەرپەرچی هەموو ڕایەکی تری داوەتەوە کە لە باسی واتای نەژادی ئاریادا هاتووە. لە بەندی پێنجەم تیرەکان و کۆمەڵی ئاریانی بەشێوەیەکی درێژ باس کردووە. بەشی دووەم لە باسکردنی کورد و کوردستان چوار بەندی گرتووەتە خۆ، بەندی یەکەم لە بارەی مەنشەئی کوردە. و بۆچوونەکە وایە کە کوردەکان خەڵکانێکی ئاری نەژاد لە جینسی هیند و ئەوروپان کە لە چەرخێکی نەزانراو بەشێوەی تەدریجی هاتوونەتە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی لە دامێنە چیاکانی زاگرۆس و ڕووباری دیجلە و ڕۆژئاوایش لە دامێنە چیاکانی تۆروس و ڕووباری فورات بڵاوبوونەتەوە. لە بەندی دووەمی ئەو ڕابردووی مێژووی قەومی کوردی بەشێوەیەکی کورت باس دەکات و بەگوێرەی شوێنەوار و بەڵگەی کەشفکراو پێنج دەورەی کاتی بۆ قەومی کوردی باس کردووە... دەورەی پێش مێژوو، ١- لە چەند هەزار ساڵ پ.ز تا ٢٦٠٠ پ.ز. سەڵتەنەتی (ئارامسیس) بەدەستی سەڵتەنەتەکانی (گووتی) لەناوچوو (٢) لە ساڵی ٣٦٠٠ پ.ز. پاش دەورەی پێوەندی کوردەکان لەگەڵ (سومر و کلدە) تا تەشکیلبوونی دەوڵەتی ماد لە ٨٥٣پ.ز. (٣) لەکاتی دروستبوونی دەوڵەتی ماد تا سەرەتای حکومەتی (کوروش) لە ٥٥٠ پ.ز.

(٤) لە ٥٥٠ پ.ز تا دەورەی ئیسلام. (٥) لە دەورەی ئیسلام بەدواوە. ئەو لە بەندی دووەمدا تەنیا بەسێ دەورەی دووەم و سێیەم و چوارەم خەریک دەبێ و تێیدا بە هەنگاونانی قەوم لە ئەم چەند دەورو مێژوویییە خەریکە و ئەو دەوڵەتانەی کە تەشکیلیان داوە و هەروەها پێوەندییان لەگەڵ (پارسەکان)ی بەشێوەی کورت باس دەکا و لەکۆتاییدا ئەم نەتیجەیە دەگرێ، کورد و پارس هەمیشە لەباسەکانی سیاسی و مەزهەبی بەرابەر و هاوهەنگاو هاودەنگ بوون و لە شایی و شیوەندا هاوبەش بوون و بەشی (لاینفک)ی یەکتر بوون هەر کات کە کورد توانایەکی بووە پارسیش شوێنکەوتەی بووە و هەر کات خاوەنی هێز بووە دیسان شوێنکەوتەی بووە. وە هەرکات کە لەیەکتر جیابوونەتەوە یانی یەکێکیان ژێرکەوتەی یەکێکی تر بووە دووبارە هەوڵی ئەوەیان داوە کە بەیەک بگەنەوە. بەندی سێیەم: لە باسی خەت و مەزهەب و ئادابی کوردە ئەو بەشێوەی نەقڵکردنی لە (نولدک)ەوە دەڵێ کە خەتی کوردەکان وەک پارسەکان خەتی مێخی (بزماری) بووە. وە لە چەرخەکانی دواییشدا کورد و فارس لە خەتدا شان بەشانی یەکتر ڕۆشتوون و دەنووسێت کە زمانی کوردی هەمان زمانی (مادی

اوستایی) مادی ئەوێستائیە کە ڕشکی ئەم زمانە ئاریایی کۆنە. ژیانی کوردەکان بەسترابوو بە کۆچەری و کشتوکاڵ و هەروەک پارسەکان زەردەشتی بوون. بەندی چوارەم: لە باسی کوردستان و ئامار و هۆزەکانی کوردە ئەو ڕیوایەتە زۆرەی لە جوگرافیزانەکانی کۆن و تازە لە بارەی جوگرافیای کوردستان باسی کردووە.

مێژووی کوردو کوردستان پێش ئەوەی کە مێژووی ئەم سەرزەمینە بێت مێژوویەکی اتوبیوگرافییە. دانەر هۆزەکانی کوردی کرد بە دوو دەستەوە. کوردە ئەسڵێکان و کوردە مادییەکان و لەپاشان ناوەرۆکێکی تێروتەسەل لە لقە فەرعێکانی لەگەڵ باس کرد. ژمارەی نەفەر و شوێنی ژیان نیشان دەدات. نووسەر مەساحی کوردستانی کۆنی لە ڕۆژهەڵاتەوە (ئرستان) تا ڕۆژئاوا (دیاربکر) (١٣٠٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە لە قەڵەم دەداو ویلایەتەکانی کوردستان بە (٦ویلایەت) هەرێم ناو دەبا. بەشی سێیەم لە باسکردنی ماد و مادستان و پێنج بەندی دەگرێتە خۆ.

بەندی یەکەم: لەباسکردنی کورد و مادەوە بەپشتبەستن بەڕیوایەتی جیاجیا دەنووسێ کە چەند کاتێ ماد زیاتر کوردە و لە چەند جێگەیەکیش کورد هاوواتای مادە. لە بەندی دووەمدا وشەی ماد و سنووری مادستانی بەدرێژی باس کردووە. بەندی سێیەم لە باسی پێکهێنانی دەوڵەتی مادە لە ئەم بەندە بە وڵاتەکانی عیلام، سومر، ئاشور، کلدە، بابلە وە شەڕەکانیان لەگەڵ یەکتر و هەروەها هجومەکانیان بۆ سەر مەنتیقە کوردنشینەکان ئیشارە کراوە. دانەر سەرەتای دەوڵەتی مادی لە ٢١ بیست و یەک سەدە پێش زایین (پ.ز) دەزانێ و لەم ئاستەدا بە ڕیوایەتەکانی (کتزیاس) و (فردوسی) پشتی بەستووە و تەشکیلی تازەی دەوڵەتی ماد لەلایەن (دیاکۆ) بەرپەرچ دەداتەوە. بەندی چوارەم لە باسی پاشاکانی مادە کە بە پاشایەتی کەیقوباد (کیقباد) دەست پێدەکا و بە (ئاژی دهاک) کۆتایی دێت. لێکۆڵینەوە نوێکان نووسەرەکانی لەبارەی مادەوە بەرپەرچ داوەتەوە، بەڵام دوو نەفەر لە پاشاکانی ماد کە لە مێژووی مەردوخ هاتوون یانی (هوخشترە) و (اژدی هاک) لەگەڵ حەقیقەتی مێژووی ماد یەک دەگرن. دانەر لەپاشان بەهۆی لەناوچوونی دەوڵەتی ماد و دەست بەسەراگرتنی کوروش بەم سەرزەمینە خەریک دەبێ.

بەندی پێنجەم لە باسکردنی زانایان و ئەدیبەکانی کوردستانە ئەو دەنووسێ، چونکە لە سنە (سنندج) کتێبی پیاوەکان بە ئەندازەی کافی دەست ناکەوێ بینا لەسەر ئەمە نەمانتوانی بەسەرهاتی زانایان و ئەدیبەکانی پێش لە ئیسلامی کوردستان بە دەست بهێنین، لەم بەندە لەسەدەی سێهەمی کۆچی بە دواوە لە زانایانی کوردستان لەگەڵ باسکردنی دانراوەکانیان و بەسەرهات و ژیانیان بە کورتی یاد دەکرێت. لەم بەندەدا ناوی (٧٠) حەفتا کەس لە زانایانی کوردستان تا سەدەی سیازدە و هەروەها (٣١) کەس لە زانایانی سەدەی سێزدەیەم ناو دەبا کە لەناوی ئەمانە چەند کەسێکی وەک (ابو حنیفەی-دینوری، زەمخشری، ابن أثیر، شهاب الدین، سهروردی، و... دەبینرێ.

بەرگی دووەم: بەشی چوارەمی مێژووی مەردوخ لە بەرگی دووەمدا هاتووە. بەشی چوارەم لە پێشەکی و سێ بەند پێکهاتووە و پێشەکێکەی ئاوا دەست پێدەکا:

لەپاش ئەوەی کە مادەکان بە دەستی (کوروش)ی گەورە ڕووخان تا ساڵی (٣٥٨) کۆچی ئیتر هیچ ناوێک لە دەوڵەتی کورد لە مێژوودا نەهاتووە. لەم ماوەدا کوردەکان هەر ئیشێکیان کردبێ بەناوی ئێران و بۆ ئێران بووە. تا ئەوەی کە لەمێژووی ناوبراودا جوانی پەیدا کردو دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێکهێنا. دانەر لە پاشا بە ئیرائەی مێژوویەکی کورت لە باسی گشتی حکومە بێ مەحەڵێکانی کورد تا زەمانی هاوچەرخ دەبێ، بەندی یەکەم لە پەیمانی هۆزەکانی سنە دژە، بە شێخەکانی مەردۆخ دەست پێدەکات و ئەو ڕیشکی وشەی مەردۆخ بۆ مەردۆک، خوای بابلەکان، دەگەڕێنێتەوە و دەنووسێ کە ئێستاش لە سوریا گوندێک بەناوی مەردۆخ هەیە و باپیرە گەورەی (بابا مردۆخ) لە ساڵی (٧٣٧) کۆچی لە شامەوە بۆ هەورامان کۆچی کردووە. و بەبڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام خەریک بووە. لە سیلسیلەی نەسەبی شێخەکانی مەردۆخی جیاوازی بۆچوون هەیە ئەوان لە زەمانەکانی دوایی لە چەند مەنتیقەیەکی کوردستان بڵاوبوونەتەوە و لە خزمەتی شەریعەت و ئایین بوون و ئەو لەپاشان بەباسکردنی تیرەکانی دوایی سیلسیلەی هەورامیەکان سیلسیلەی مەوالی ئەردەڵان، شێخەکانی مشکانی، ساداتی ئەردەڵان، خانەوادەی وەزیری، خانەوادەی وەکیلی، تایفەی بابان، خانەوادەی کەلب علی بەگ، تایفەی بەراز، تایفەی ئاق ڕۆستەم، خانەوادەی میرزا شفیع، تایفەی تەیموری، تایفەی زەرین کەفش و تایفەی کەهزادی خەریک دەبێ، بابەتی بەندی دووەم جوغرافیای سنەیە کە تێیدا باسە موهیمەکانی جوغرافیای کوردستانی تیانووسراوە وە ولایەتی سنە یانی کوردستانی ئەردەڵان بە ٢٨ مەنتیقە بەش دەکات و ژمارەی کۆچەرێکانی مەنتیقەکە بە ٤١ بەش دەزانێت کە هەریەکان بە چەند لقێکی فەرعی دابەش دەبن و

جەمعیەتی تەواوی کوردستانی ئەردەڵان بە (٢٥٠٠٠٠) کەس لە قەڵەم دەدات لە درێژەدا ناوی مزگەوتەکان و شوێنە پیرۆزەکانی سنە هاتووە. دانەر لە لاپەڕەکانی دوایی بە لێکۆڵینەوەی جوگرافیای مەنتیقەکان و هەرێمەکانی کوردستانی ئەردەڵان خەریک دەبێ. وە لە پاڵ ئەمەشدا تێڕوانینێک بە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات و بەندی سێیەم باسی حاکمەکانی سنە لە ئەردەڵان و غەیری ئەردەڵانە. ئەردەڵان کۆی (ئەردلە) و طایفە و هەرێمەکانی کوردستان لە نەسڵی (قوبادی ئەردڵن) بە ئەردەڵان ناو دەبرێن. لەم باسەدا چەند ڕیوایەتێک هاتووە. یەکەم حاکمی بەناوبانگی ئەردەڵان (کلول بەگ) بووە کە بە مێژووی ٦٠٦ی کۆچی بە حکومەتی کوردستان گەیشت. لەم مێژوویەدا تا ساڵی (١٢٨٤)ی کۆچی (دەورەی- ناصرالدین شاە) کە غولامعلی (غولام علی) شا ئاخرین حاکمی ئەردەڵان مرد ئەم خانەدانە بەشێوەی لەدوایی یەک هاتووە لە کوردستان حکومەتی هەریەک حاکمەکانی ئەردەڵان بەدرێژایی وتووە ڕۆشتووە. لە ئەنجامدا ناصرالدین شا لە ساڵی (١٢٨٤) کۆچی، شازادە فەرهاد میرزا (معتمد الدولەی) مامۆی خۆی بە حکومەتی کوردستان دانا. بەهاتنی ئەو یەکەمین حاکمی غەیرە کورد لێپرسراوێتی ئیدارەی کاروباری کوردستانی بە ئەستۆگرت. لە هەنگاوەکانی ئەو لە کوردستان شەڕ لەگەڵ عەشایەر و گرتنی هەورامان و دروستکردنی قەڵای لەشکر ئاباده لە ساڵی (١٢٩١)ی کۆچی شازادە (طهماسب میرزا مؤید الدولە) کە حاکمی کرماشان بوو بە گوێرەی فەرمانی هەمایونی حکومەتی کوردستانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و تا ساڵی (١٢٩٣)ی کۆچی لە حکومەتی کوردستاندا مایەوە. لەپاش ئەو (غولا مرەضا شهاب الملک) بە حکومەتی کوردستان گەیشت. لەکۆتایی ساڵی (١٢٩٣)ک سلطان میرزا (حسام السلطنە) بە حکومەتی کوردستان دانرا. و تا ساڵی (١٢٩٨)ک مایەوە. جێنشینی ئەو (ابو الفتح میرزا) تەنیا یەک ساڵ حوکمی کرد. لەپاشان حکومەت بە (ناصر الملک)ی هەمەدانی سپێردرا. کە تا ساڵی (١٣٠٠)ک مایەوە. لەم بەروارەوە تا (١٣١٣) ک کە ناصرالدین شاە مرد کە بەدوای یەک (اقبال الملک، احتشام السلطنە، اقبال الملک «جاری دووەم» حسام الملک، ابراهیم خان، نظام الدولە نوری، اقبال الملک «جاری سێیەم»، امیر نظام گروسی، عبدالحسین میرزا، فەرمان فەرما حسام الملک قراگوزلو بوون بە حاکمی کوردستان. لە دەورەی حکومەتی مظفرالدین شا بەدوای یەکدا، امیر نظام کروسی، محمود احتشام السلطنە، ناصر الملک، سالار الدولە، جلال الدولە و وەزیر همایون بوون بە حاکمی کوردستان. مێژووی مەردۆخ لە ساڵی (١٣٠٠)ک بەدواوە بە تایبەت لەسەرەتای حکومەتی خاوەن یاسا، خاوەن قەدر و ڕێزێکی تایبەتییە، چونکە خۆی لە ڕووداوی ئەم دەورانەدا. ئامادە و بینەر بوون. شۆڕشی یاسا لە ساڵی (١٣٢٤)ک مانگی (١٢٨٥ک هەتاوی) سەرکەوت. لەم کاتەدا وەزیر همایون حاکمی کوردستان بوو. ئایەتوڵڵا مەردوخ لەو کەسانە بوو کە دەستێکی باڵای لە دەرەوەی یاساگەری لە کوردستاندا نیشان دا. لەم کاتە بەدواوە مێژووی مەردۆخ زیاتر بەیەک ئوتوبیوگرافی (خودی ژیاننامەکە) دەمێنێت. لەبەر ئەوەی مێژوونووس بەسەرهاتی خۆی لە تایبەتیترین مەسایلی ژیانی خانوادگی(خێزانی) تا ڕووداو و بەسەرهاتە سیاسییەکان کە بۆی پێش هاتووە لێی کۆڵیوەتەوە کە لە میانیدا ئیشارەتی بە بەسەرهاتە مێژووییەکانی ئەم دەورەداوە. لە (٢٢) ذیقعدە وەزیر هومایون عەزڵ کراو حکومەت بە (ثقة الملک) سپێردرا، لەزەمانی حکومەتی ئەو ئەنجومەنە میللییەکان دادەنرێ کە لەسەرەوەی ئەمانە ئەنجومەنی صداقت بەسەرۆکایەتی ئایەتوڵڵا مەردۆخی بوو. لەپاش ثقة الملک ظفر السلطنە بە حاکمیەت دەگات وە لەپاش کۆدەتای (محمد علی شا) وە بەهۆی ئەوەوە بۆ کوردستان دەنێنرێت. لەپاش عەزڵکردنی ظفر السلطنە. (حاج میرزا عبداللەخان امیر نظام) دەبێتە حاکم. مێژوونووس لەم بەشەدا لە مێژووی خۆی لە بەشەکانی چۆنیەتی دروستکردنی ئەنجومەنە میللییەکان بەپاراستن لە یاسا خەریک دەبێ و پاشان بەدرێژەی سەفەری خۆی بەتاران ئیشارەت دەکا. ئەو لە تاران لەگەڵ محمد علی شا شێخ (فضل الله نواری) و ژمارەیەک لەوەزیرەکان دەبینێت. لە درێژەی سەفەری ئەو لەتاران ئازادیخوازەکانی شای لابردووەو ئەحمەد شای لە جێگەی ئەو هەڵبژاردووە.

**سەرچاوە:** هەفتەنامەی سیروان ل٩، ژمارە(٣٨)، ساڵی (١٣٧٨).

# کاریگەری زەمەن و وابەستەیی بەستراتیژییەتی تێکستی شیعرییەوە

دانا عەسکەر
(کەرکووک)

زەمەن ئەو فەزا خولقاوەیە کە مێژوو ڕەهایەکی بنەڕەتی شاردراوە و ئاشکرای تێدا بەرقەرار کردووە لە ڕێی بابەتەوە کە بریتییە لە قەیران و کێشە دەرەکی و ناوەکییەکانی تاک و کۆمەڵ و ئەرێ و نەرێییەکانی ورووژاندن لە مەڕ پێکهاتەکانی وتووێژ و ژیاری مرۆڤایەتی لەوێ لە ئایندە و هەنووکە و ڕابوردوودا.. کۆی پرسیارەکان و پرۆسەی وەڵام دروستکردن زۆرترین ڕووبەری هۆش و دانووساندنی پێکهاتەی خەیاڵسازی و زمانسازی داهاتوویەکی گەرەکە.

هەنووکە دەکرێ لە چوارچێوەی مەرجەکانی کاریگەری جوانکاریی وێنەی شیعریی و فەرهەنگی زمانەوانی لە بواری دەوڵەمەندبوونیدا هەنگاو بەرەو سڕینەوەی «کات» بنێ لە ڕواڵەتی خەیاڵی خوێنەردا.

هەر لەو ئەزموونگەرییەوە هزر کاریگەرییەکی ڕەوانی دەبێت لە ئەفراندن بۆ درێژە پێدان و گەشەسەندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لە بواری ئاڵوگۆڕکردنی پێکهاتە ئەدەبییەکان لە ڕێی ئاخافتن + نووسین.

کە دەکرێ زادەی کلتوور و داستان و نەبەردییەکان بێت لە چوارچێوەی ڕابوردوویەکی فەرهەنگی و مێژووییدا هەر لەو تێڕامان و بۆچوونانەوە مێژوو وابەستەیە بە فاکتەری زەمەنەوە کە هاوشان لەگەڵ کۆمەڵگادا پرۆسەی ئەندێشە و کارە هزرییەکانی ڕووبەری پرنسیپی ئاراستەیی دەبێ. دەکرێ لێرەدا پرسیارێک قووت بکەینەوە. ئایا زەمەن کاریگەری بەسەر کۆمەڵگادا چییە. کۆمەڵگا لەکوێدا زەمەن دەستنیشان دەکات، یا بڵێین زەمەن لە چ ئاستێکدایە لە ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی بزاڤی ئەدەبی و هونەری و سیاسی کۆمەڵگا کە وابەستە بێت بە کۆمەڵێک داب و نەریتی کۆنەپەرستانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە نەزەمەن و نە دیرۆکەکان لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا نابن.

لە قەدیس «ئۆگستین»یان پرسی زەمەن چییە، لە وەڵامدا وتی: «بەر لەوەی ئەم پرسیارەم لێبکەن دەمزانی.»

لە وتەکەی قەدیس «ئۆگستین» دەردەکەوێت کە زەمەن پێناسەیەکی تایبەتی هەبێ لەلای وی.

دەکرێ لە مەزموونی ئەم پێناسەیەشدا خاڵێکی نادیار هەبێ لەودیو ماناکانی دیکەی زەمەنەوە کە عەقڵ لەو پرۆسە نەبزاوتەدا کار ناکات، بەڵام کە دەچێتە ئاراستەی زمانی شیعرییەوە ئەوکات «زەمەن» لە وەڵامێک دەگۆڕێت پێناسەی بکات، هەربۆیە ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە لەبەردەم ئەم پرسیارە پەنا بۆ چەند کۆپلە شیعرێک دەبەین لە پێناسەی حاڵەتە جیاجیاکانی هزری ئەم شاعیرانەی لە بۆتەی دەقەکانیاندا «زەمەنیان» هێناوەتەوە خزمەتی ئەو حاڵەتە مرۆییانەی پڕ دەبن لە وێنە جوانکارییەکانی عەودالّی.

هەر لێرەوە بە مەبەستی وێناکردنی پێناسەی زەمەن هەوڵ دەدەین ئەم کێشەیە بخەینە بەر کاریگەری میکروسکۆپی دەقی شیعرییەوە.

بۆیە دەبینین ئەم ئەزموونگەرییە پێناسەیەکی تیۆری ئەوتۆی هەیە لە ڕەهابوونی دەقی شیعری. دەکرێ کاردانەوەی «زەمەن» لە دەرەوەی دەقەکاندا بەکارێکی مەعریفی هاوکێشەیی لە خزمەتی پێناسەی خەیاڵ بەرجەستە بکرێت.

له هەمان کاتدا دەتوانێ له مەزموونی تێکستی شیعریی بوون بترازێت هەر لێرەوە لەبەردەم ئەم شیعری کەژاڵ ئەحمەدی شاعیر ئێوارەیەک له زەمەن نزیک دەبینەوە بۆ دۆزینەوەی ژوورە تاریکەکانی شیعر ئەو دەمانەی ویستەکانیان له بۆتەی زەمەنی خولْقاو تاوتوێ دەکەن بۆ دۆزینەوەی سادەیی ئەو ڕووحە پاکانەی هەر له ماڵەکانی شیعر دروست دەبن و زەمەن له بۆتەی هیچ پێناسەیەکی کاریگەری دەرەوەی بزاوتی شیعریی و بزاوتی پێشەیی ناناسرێت «قاوە گەرمەکەم بەشنەی دوا خەندەیەوە تەواو کرد، من قاوەیەکم خواردەوە یان ژیانم له پایانەوە دووبارە دەستی پێ کرد.»

لێرەدا دووبارەبوونەوەی ژیانی مرۆڤێک لەسەر حیسابی کێشەکانی ناوەوەی کۆمەڵگا به زەمەنێک وابەستەیە که دەکرێ مرۆڤ هەندێ جار لەگەڵ ناوەوەی خۆشیدا درۆ بکات، بەڵام ئەم پێناسەیە لای خودی شاعیر ئەو درۆیە دەگەڕێنێتەوە بەردەم زەمەنێک دەتوانم بڵێم جورئەت کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەیە ئەو وەسفە تەنانەت مل به زەمەنیش کەچ دەکات له ئاست ناوەوەی کەسایەتی شاعیر که دەبێتە قوربانی هەموو کێشەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی لەبەردەم کێشەی ژنان که دەکرێ بڵێین گەورەترین کێشەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتییە تا هەنووکەش سەرەڕای هەموو ئەم نووسینانەی سەبارەت بەم کێشە وتراوە دەتوانم بڵێم هیچمان نەکردووە دیسان دەڵێم ئەگەر ئەم کێشە خودی ژن باسی لێوە بکات پێم وایە ڕاستگۆیانە و سەربەستانە و به جەرگانەتر لێی دەدوێت.

کەواتە ئەم خەندەیە ڕەنگدانەوەی چارەسەرکردنی کێشەی ژنە له ڕێی دووبارەبوونەوەی ژیانێکی هاوسەنگ لەبەردەم کێشەکان که زەقکردنەوەی پیاوسالاری تیا دەبێتە زەمەنێک بۆ پڕبوونەوەی غەریزەکان له زەمەنێکی دیاری نەکراودا که شاعیر توانیویەتی زیرەکانە پێکهاتەی زەمەن له خەیاڵە بەربڵاوەکانی خودی خۆی گەلێک بچووکتر بکاتەوە له میانەی خواردنەوەی قاوەیەک و دووبارەبوونەوەی زەمەنێک که خەندەیەک خوێنی پێ دەبەخشێ که دەکرێ دوا خەندە بێت له زەمەنێکی دیاریکراو لەلای کەسایەتی پیاو، بەڵام دووبارەبوونەوەی ژیانی ژنێکی تێدا بەرجەستە بوو لەبەردەم زەمەنێک که هێشتا مێژوو ئاشنای نەبووە.

هەر لەو ڕوانگەیەوە وێنەی شیعریی و پرۆسەی فەرهەنگی بوونی زمان له ڕێی توانای بەیانی هزری نووسەرەوە دەبێ که زەمەن ناتوانێ پێش ڕووداو بکەوێت هەربۆیە دەبێتە فاکتەرێک بۆ پەڕینەوەی ئەم دوو چەمکە سەرەکییە بۆ بناغەدانانی توانای شیعریی نووسەر، ئەویش زمان+ هزر.

بۆیە دەتوانین بڵێین زمان کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەیە بەسەر پێناسەی وێنەی شیعریی دەکرێ ڕووحیەتی شیعر بەدەر بێت له جوانی بەواتا بەدەر له زمان، بەڵام ناتوانێ بڵێی بەدەر له زەمەن.

ئەو هۆکارەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر چوونە هێماکانی جوانکاریی و بەربڵاوی خەیاڵسازی مەودای هەست و نەستی نووسەر و دیاری نەکردنی زەمەن لەم ئەزموونگەرییەدا. هەر لەبەردەم هەمان وێنەی شیعریی ئەم خانمەدا ئەگەر لەودیو فەزاو ماناکانی دیکەی ئەو قاوە خواردنەوە هەڵوێستەیەک بکەین یا قووڵتر له بنی بنەوەی ئەم فینجانە بکۆڵینەوە بێ شک بوونێک بەر له خواردنەوەی ئەم قاوەیە و سووتانێک له دوو دڵی پاش خواردنەوەی قاوەکەی بەسەرچوونی زەمەن دەسەلمێنێ که ئەویش دواخەندەیە که تیایدا هەموو خواست و کێشەکانی بەلێواری کۆتایی پێهێنان به بواری نووسینەوەی زەمەنێک پڕ له سەروەری یا خواردنەوەی قاوە و پەردە دادان بەسەر تراژیدیاکە.

کەواتە وشەی «دواخەندە» ئاراستەییەکی هەیە له دووبارەبوونەوەی پرۆسەی پێکەوە ژیان یاخود هەست بەهاوکێشەیی عیشق تەنیا لەلایەن کەسی یەکەمەوە پەیامەکەی هەڵگرتووە که ئەویش «ژن»ە.

کەواتە زەمەن کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەیە بەسەر بنبڕکردنی کەمبوونەوەی هەستی کەسایەتی ژن له نەستی پیاوی ڕۆژهەڵاتی که دەیەوێ له ڕێی قاوە خواردنەوە پیاو سالاری و غەریزەکانی خۆی له ژنایەتی مرۆڤێکی بێ دەسەڵات و پاکی کۆمەڵگایەکی وابەستە به کۆمەڵێک داب و نەریتی به زۆر سەپێنراو پڕ بکاتەوە.

بەڵام هەستکردن به جەسارەت له پێکهاتەی عەقلانییەتی شیعریی ئەم شاعیرە ژنە دەکرێ لای هیچ کام له ژنانی ئەم دەڤەرەدا بەو زەقییە هەستی پێ نەکرێ.

دیارە ئەمیش تایبەتمەندی ئەو ڕووحییەتە هاوسەنگییەیە له کۆمەڵگای مۆدێرندا بەرجەستە دەبێت و خۆ دەربازکردنە له دەقی شیعریی لاساییکردنەوە و بەدەر له جموودییەتی کۆمەڵگای دواکەوتوو، بۆیە پێکهاتەی خەیاڵی شاعیر به هەمان ڕووحییەت گۆش کراوە که پانتاییەک بەرینی له پێناسەی شیعردا گیرکردووە بۆیە ئەم جەسارەتە دەتوانین بڵێین زەمەن ناچار دەکات گوێگری بڕیارەکانی خەیاڵ و ڕەوتی هزری شیعریی نووسەر بێت.

کەواتە جەسارەتی کەسایەتی شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا ئیشارەت به زەمەن دەدات لەبەردەم پڕبوونی تواناکانی ژنایەتی کەسێکی ئەم کۆمەڵگایەدا عیشق بواری خواردنەوەی ئەو قاوەیەی داوە نەک ملکەچ بوونی له ئاست زەمەن و پیاوسالاری ئەوەتا له ناسنامەی به عاشق بوونی ئەم کەسایەتییە شەفافەدا به پیاوی سارد و سڕ بەدەر له خەونە مۆرەکانی عیشق و سووتانەکانی ئێوارانێکی درەنگ دەڵێ «پیاوێکە له چاو بەڵام حەیف ئەو ئاتەشگایە نابینێ که له بوونما دایخستووە و هیچ

نالێت، كـەسـێكە لە ڕوانین بەڵام سـەیرە لە گـەرمی شەیدابوونمدا هێشتا لەهۆش خۆ نەچووە و نا ناڵێنێت».
ڕەنگە هاوكێشەی ئەم كۆپلە شیعرەی ئەم خانمە ئەگەر لە ژنایەتی كەسێكی ڕۆژئاواییدا ڕەنگ بداتەوە دەتوانین زۆر بەسـاردیی و سـرپیدا بەسـەری بكەینەوە، بەڵام لە پڕبوونی هەستی كەسایەتییەكی ڕۆژهەڵاتی و بەژن بوونی لە دەڤـەرێكی ژێركاریگەری كۆمـەڵگایەكی وابەسـتـە بە كۆمـەڵێك داب و نەریت و دەتوانین بڵـێین هاوسـەنگی تواناكـانی عـەقـڵـیـەتی ئەم ژنە شـاعـیـرە پێش زەمـەن كەوتووە و كاریگەربشی بەسەر داهاتووی زەمەن دەبێت كـەواتە زەمـەن وابەسـتـەیە بە هزری نووسـەرەوە، نەك نووسـەر وابەسـتـەیە بە زەمـەنەوە. بۆیە دەتوانین بڵـێین زەمەن ئەو فـەزایەیە بەر لە خوڵقاندنی لە نەستی مرۆدا كاردانەوەی دەچێتە هەستەوە بۆ دۆزینەوەی ئاسەوارێك كە تێیـدا بوونی خۆی لە ڕێی دەقی بابەتییـەوە بخـاتە گەڕ.
تا لە نووسـینەوەی «داخـسـتنی ئاتەشگایەك» كاردانەوەی بچێتەوە پرۆسەی نەستی مرۆڤایەتییەوە، لێرەدا دەتوانین ئەوەش بڵـێین «زەمـەن» لەنێـوان بوون و نەبوونی پێناسـەی خۆیدا كێشـەیەك دەخاتە بەردەوامی بوونی خـۆیەوە كـە دەبێ بەر لەدانووسـاندنی بە زمـانی مـێـژوو هەوڵدانێك بە گـەڕ بخـاتەوە تا لەناوەوەی كـەسێكی تردا دیوە ئاشكراكـەی عیشق بسووتێنێ كە ناوەوەی مرۆڤە ئەوەتا شـاعـیـر دەڵێ: «پیـاوێكە لە چاو بەڵام حـەیف ئەو ئاتەشگایە نابینێ كـە لە بوونمدا دایخستووە».
دیارە لێـرەدا لە دیوی ناوەوەی كـەسـێكدا زەمـەنێك هەیە بەبێ ویست خوڵقاوە كە پێناسەكەی دەچێتەوە ئەو فـەزایەی لە بۆتەی عـاشـقـبـوونی شـاعـیـردا بە گـەرم داگیـرساوە كـەچی كـەسایەتی خـوڵقێنەری ئەو فـەزایە كەسێكە لە ڕوانین كەسێكە لە ڕێی توانا نەستییەكانی ئەوەوە زەمـەنێكی بۆ وروژاندن عـیـشق لە ڕێی بەرزبوونەوەی غـەریزەكـان و جـەسـارەتی خـودی ژنەوە بەرقەرار بوو.
ئەوەتا دەڵێ: «سەیرە لە گەرمی شەیدابوونمدا هێشـتا لەهۆش خۆ نەچووە و نا ناڵێنێت».
شـاعـیـری ئەفغـانی عەزیز سولـتان ئاراش لەم كـۆپلە شیعرەدا دەڵێ:

«وەكو ئەوە وایە هەر نەبن ئەو ئاپوورە خەڵكە
جوولاوە لەسەر شەقامەكان لە بازاڕەكان
لە شارە گەورە و بچووكەكانا ئەو ئاپوورە خەڵكە
لە زۆریا كەس نین.».

دیارە شـەرعـیـیـەتی «بوون» بە كـەسـانێك دەدرێت بەقەدەر توانای عـەقڵـییـەتی هەستكردن بەبوونی خۆیان زەمەن لە كۆمەڵگا بدوێت بۆیە لێرەدا شاعیر ماهییـەتی نەبوونی لە ڕێی بوونی زەمەنێكەوە سەقامگیر كردووە كە كۆمەڵێك لە هیچ وابەستەبوونە بە زەمەنێكی ئیفلیجەوە كە تیایدا خاوكردنەوەی بۆچوونەكانی كۆمەڵگای بەرقەرار كردووە لە ڕێی دەستتێوەردانی خەیاڵەكانی تاك و كۆمەڵ بە داب و نەریتی كۆنەپەرستانە.
كـە لە هەلومـەرجی بابەتی ناوچەییـدا بۆیان ڕەخسـاوە ڕێ لە پێشكەوتنی كۆمەڵگا بگرێت.
هەر بۆیە لێـرەشـدا هەمـان حـاڵەت دووبارە دەبێـتـەوە زەمـەن لە خزمـەتی ڕەهەندەكـانی دەقی شـیـعـریی وەكـو پرۆسەیەكی مـەعریفی بەكاردێت كە لەودیو ئاگایی و مانا سادەكـانەوە پێوەندییـەك لەنێوان ئێـمە و واقـیـعـیـیـەتی ڕەهادا بەرجەستە دەكات.
هەروەها شاعیر «فێریار فوئاد» لەم دوو دێڕە شیعرەدا پێناسـەیەك بۆ زەمـەن و زەمـەن لە ڕووداوەكـانی دەقی شـیـعـریدا دەخـاتە بەر دەسـتی زمـان تیـایدا ئامـاژە بەو پێكهاتەیە بكات كـە هزری نووسـەر لە ڕێی ئاخـافـتنەوە دەیخاتە چوارچێوەی زەمەنێكی بەرجەستە و دەڵێ:
«بەرد لەوێوە ڕاڤەی خەونە تەمەن كورتەكانی ئێرە دەكا و بێ پەروا لەسەر ڕووی ئەو گەڵایانە دەنووسێ».
لێرەدا شیعر زەمەن دەكاتە فاكتەرێك بۆ بەستنەوەی ئەوێ بە ئێرەوە بۆ ڕاڤەكردنی خەونە تەمەن كورتەكان لە ڕێی بەردەوە كـە بەرد بەشـێكە لە پێكهـاتەی دۆزینەوەی مـرۆڤـایەتی كـە لە خـودی زەمـەندا سـەقـامگـیـربووە كە هەمیشە لە ڕێی ئاشنایەتییەوە لەگەڵ ئێمەدا كە دیسـان «زەمەن» پابەندی ئاشنایەتی بوونمانە بە ئاسانی لە خەون و ڕاستییەكانمان دەگات.
لەم دوو دێڕەدا بە ئاشكرا بێ ئومـێـدی باڵـی بەسـەر مەعریفە و كاردانەوەی زەمەن كێشاوە، كە ئێمە تەنانەت خەونەكانیشـمان تەمەنیـان كورتە و تەنیا دەتوانین لەسەر ڕووی گەڵاكان بیاننووسین.
وەختێ لە زەمەن ترازان ئەوەدەمانەی با قژی هەڵوەراندن ئەوسـا دەچنەوە حـاڵـەتەكـانی نەبوون «عـەدەم»ەوە كـە دیسـان لە زەمـەندا ئەم پرۆسـەیە ئەنجـام دەدرێ، وەلێ جـیـاوازی لەنێـوان دەقی شـیـعـریی و چەمكەكـانی تری ئەدەب زەمەن ئەو كاریگەرەی هەیە لە ڕۆماندا.
كـەواتا زەمـەن دیاریكراوە بەتایبـەت لە بەسـتنەوەی ڕووداوەكان و ململانێی نێوان كەسایەتی و دایالۆگ كە گـێـڕانەوە لە زەمـەنێكی دیاریكراودا، لە یەك خـاڵدا بەرجەستە بووە ئەویش دەستنیشانكردنی كات و سات و جوگرافیای مەزموونی بابەتەكەیە.

**سەرچاوەكان:**

١- قاوەیەك لەگەڵ ئەودا، كەژاڵ ئەحمەد.
٢- كۆمەڵێك لە هیچ، عەزیز سولـتان ئاراش، گۆڤاری شیعرستان، ژمارە«١٠».
٣- ئیـمـپـراتۆرییـەتی بەرد، فـێـریار فـوئاد، گـۆڤـاری شیعرستان، ژمارە«١٢».

# مۆسیقا و مرۆڤ

**ڕەحیم لوقمانی**
**(سەقز)**

زەوی بەمیزانێکی جوان هەڵدەسووڕێ. ئەگەر ئەم میزانەی نەمێنێ، ژیان نامێنێ. سروشت و دیاردەکانی هەموو دەنگ و سۆز و ئاهەنگن. وژەی با هاژەی ڕووبار، خوڕەی کانیاو، خرمەی باران، چریکەی باڵداران و گیاندارانی تر دەنگی مۆسیقای گیان پەروەری سروشتن و ڕوحی ئینسانیش شارەزای هەموو گۆشەو دەزگاکانیەتی. بەربەرەکانێی ئینسان و سروشت. غەم و حەزو شادی هەریەک بەجۆرێ تەلی گیانیان هەژاندووەو خستوویانەتە سۆز و گریان و گۆرانی.

سەردەمی ڕاوی گیانداران ئاهەنگی ڕاوی خولقاندووە دەمێک مشتووی ئامووری گرت و گەوزی دروێنەی وەشاند گۆرانی کار سەری هەڵدا. لەگەڵ شەڕی دڕندە و دوژمنانیدا سروودی بەرەنگاری و نیشتمانی پەیدا بوو. کە خەرمان هەڵگیرا و نێچیری باش ڕاوکرا، یان نەیاران ڕاونران بە چەپلەڕێزان و هەڵپەڕینەوە جێژن گیراوە.

بەپێکدادانی داروبەردان تێگەیشتن کە هەر شتێک دەنگێکی لێ دەبێتەوە. بەردانی ژێی کەوان و هاژەی کلۆری بنەداران، سادەترین سازی پێ ساز کردن. کە ژیان و گوزەران بەرەو ژوورتر هەڵکشا سۆزو خەیاڵیش پوختەتر بوو. سازەکانیش جوانتر، هاودەنگی ڕوح و خەیاڵ بوون. بەپێی باری جوغرافیاو تایبەتمەندیی شوێنی ژیان، سۆزو هەستی دەروونی مرۆڤیش یەکجۆر نەبوون. چیاییەکان حەزیان لە چیای بەرزو خوڕەی کانی و بەفراو و دەنگی باڵدارانی چیاو حەنجەرەی غەم و شادییان زمانی سروشتی خۆیان بووە، دانیشتووی گەرمێن و لێواری دەریاکانیش حەزیان لە جوانی و ڕەنگ و دەنگی زێدی خۆیانە.

مۆسیقای هەر میللەتێک لەسەر بنەمای دیاردەکانی سروشت و وڵاتی خۆی گیرساوەتەوە. ئەو ڕیتم و ئاهەنگانەی کە لەنێو هەست و خوێنی خەڵکیدا گووراون، هەرگیز دەستی زەمان خۆڵی بیرچوونەوەیان بەسەردا ناکات. لەوانە مۆسیقای کوردی کە لە هەموو بوارەکان ژیانی کوردەواریدا ڕیشەی داکوتاوە. لە غەمو شادییەوە بگرە هەتا مەرگ هەموو چرکەیەکی پڕ سۆزی ژیان زایەڵەی مۆسیقا هاتۆتە هاواری دەروون، وەک گۆڤەند، شەلان. چەمەرچۆپی...تاد.

گۆرانی و مۆسیقای ئێمە پێش هەموو شتێک هەناسەی دێرینی نیشتمانە زایەڵەی سۆزوناڵەی باپیرانە کە لەژێر خاکەوە دێتە بەرگوێ. شریخەی مەتاڵ و خرمەی ئەسپی سوارانی کاروانە کە ئێمەی نەوەی تازەو داهاتوو دەبیبیسینەوە دڵمان دەڕوا. تەنبوور و بلوێرو شمشاڵی شوانان کێ دەڵێ دەنگی سروشتی خۆمان نییە. گۆڤەندی کەسک و سوور کێ دەڵێ لە ڕەنگی سروشت ناچێ؟

نووسەری کتێبی داغستانی من لە بارەی مۆسیقاوە دەڵێ: خەنجەر پیاو دەخاتە گەرووی مەرگ، مۆسیقا زیندووی دەکاتەوە. دەڵێ: ڕق و قین و خۆشەویستی لە بێژنگ بدە گۆرانیت دەست دەکەوێ. بەسەرهات و

کاروباری مرۆڤایەتی و ژیان لە بێژنگ بدە گۆرانییت دەست دەکەوێ و. دەڵێ: شامیل یەکێک لە گەورەکانی داغستان وتی: گۆرانی تەنیا دوو شتی تێدایە، یان خەندە یان فرمێسک. ئێمە کە لە شەڕداین. پێویستمان بەوانە نییە و بەخراپی دەزانم دەجا گۆرانی لە هەر کەس ببیستم، بەتوندی سزا دەدرێ. ژن بەگسک و پیاو بە قامچی.

هەر لەو دەمانەدا، دوژمن گوندێکی داغستانیان گەمارۆدا، بریندااران لە ڕەوەزو بانانەوە خۆیان هەڵداشت. خوشکی شامیلیش لەنێو گەمارۆکەدا بوو. زۆریان کوژران. شامیل بە برینداری خۆی گەیاندە گوندێکی تر. بەرلەوەی جڵەوی ئەسپەکەی بگرن. سۆزو لۆرەیەکی دڵگیری بەرگوێ کەوت.. «بگرین، بگرین. دێ نشینە چیاییەکان، بۆ شەهیدەکانتان بگرین..»

شامیل بە تووڕەیی وتی: ئەم گۆرانییە چەند دێڕە.

گوتیان قوربان سەدو دوو.

گوتی: هەرکەس داینا وە سەد قامچی لێدەن. دوویش بۆ خۆم.

پیاوەکان دەچنە گوند سەرانسۆیەک دەکەن، دێنەوە و هیچ ناڵێن. پاش تاوێک دایکی پیری شامیل بەگسکێکەوە دێتە لای و دەڵێ:

– ڕۆڵە ئەو شیعرە من دامناوە. ها لێم دە.

شامیل بەرگ و شیر لە خۆی دەکاتەوەو بە یەکێ لە پیاوەکان دەڵێ. ئادەی لە خۆم بدە، بەڵام پیاوانە. دەبێ پشتم خەڵتانی خوێن کەی. ئەویش بەناچار پشتی ڕەش و شین دەکاتەوە و پاش چەند ساڵان، خەبات و بەرگری چیاییەکان لەبەر هێرشی ڕووس هەرەس دێنن و داغستان تێک دەشکێ. چەند ساتێک بەرلەوەی شامیل دەست بگیرکرێ، بەپەرۆش و غەمێکی گرانەوە، (غەمی لە دەست چوونی ئازادی و وڵات) لە شوێنێک دادەنیشێ و بەژنەکانی دەڵێ: ئادەی دڵم گیراوە، گۆرانیەکەی دایکی ڕەحمەتیم بۆ بڵێن.

ئەوانیش بەدەنگێکی بەسۆز بۆیان گوت. گوتی: جارێکی دیکەش بۆم بڵێنەوە، بۆیان گوت جارێکی دیکەش بەمجۆرە تاسێ جار ئەو گۆرانییەی پێ گوتنەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خۆی گۆرانی قەدەغە کردبوو، بەڵێ داغستان گیرا، شامیلیش نەما، بەڵام گۆرانییەکانیان هەر نەمردن. هەر لەم کتێبەدا نووسەر لە بارەی کاردانەوەی گۆرانی، دەڵێ. جارێکیان دەستەیەک لە جەنگاوەران لە شەڕێکدا سەرکەوتووانە دەگەڕانەوە. لە دارستانێکدا. سێ دوژمن کە تەریک کەوتبوون. دەوری ئاگرێکیان دابوو و گۆرانییان دەگوت. یەکێکیان ویستی تەقەیان لێ بکا فەرمانده دەڵێ: دەست ڕاگرن.

کامتان لە ڕووسی دەگەن، بزانن دەڵێن چی؟

یەکێکیان ڕووسی دەزانی گوتی قوربان ئەوە گۆرانی بۆ دەزگیران و دایک و وڵاتیان دەڵێن. پێیان دەڵێ: ئامان لێیان گەڕێن، ئەمانە دوژمن نین. ئەوانیش شەیدای خۆشەویستی و نیشتمانی خۆیانن. ئاشتییان لێ تێک مەدەن. بەمجۆرە گۆرانییەک گوللەی گەڕاندەوە.

مۆسیقاو گۆرانی ڕوحێکی ئینسانییە کە هەرگیز نامرێ و لە بەین ناچێ و ناتوێتەوە. پاشاکان، خاوەنی زێڕو زۆران ناویان دەچێ بەگێژەنی ئاشا، بەڵام ئایا تائێستا کێل و بەردێکیان دیوە لێی نووسرابێ: ئالێرەدا گۆرانییەک نێژراوە؟!

مۆسیقا ڕوحێکی موقەدەسە و ناخی گیانی هەموو زیندەوەران خۆراکی لێوەردەگرن. منداڵی ساوا گوێی بەدەنگ دەزرنگێتەوە. کە مۆسیقایەک دەبیستێ، خۆی بۆ ڕادەشەکێنێ و دەگەشێتەوە. زانایان ئەم کاردانەوەیان لە گیاشدا بینیوە. دوو گوڵخانەی پڕ گوڵیان بۆ ئەم کارە تاقی کردەوە. ئاو و هەواو ڕووناکی بۆ هەموو لا وەک یەک، بەڵام هەموو ڕۆژێ سازێکی بەسۆز و خۆشیان بۆ گوڵخانەیەکیان لێدا. پاش چەند مانگ بۆیان دەرکەوت کەوا گوڵەکانی ئەم گوڵخانەیە گەشتر و جوانتر و گەورەتر لەوی دیکە بوون.

وەک پێشتریش وتم لە چاخەکانی سەرەتاییدا، پێش هەموو شتێک مۆسیقا هەوێن و هاوڕازی ڕوح و دەروونی ئینسانان بووە. ئەم ڕوحە پیرۆزە لە ئەدەبیاتی کەونارا و شیعری هەموو شاعیراندا بووەتە گیانی بزاوتن و هەناسەی بەرهەمەکان. ئەگەر خوێنی مۆسیقایی لە شیعرەکاندا نەبایە، ڕەنگە دەماودەم نەدەهاتن. لە بەیتی کۆنی کوردیدا کە هەرکامیان ئاهەنگی تایبەتی خۆی هەیە، لەو شوێنانەی کە غەم و شادی بەتەواوی بەسەرداستاندا زاڵ دەبن. زمان دەبێتە مۆسیقاو هەوایەکی بە سۆزی مۆسیقایی لووتکەی بەسەرهات دەگێڕێتەوە.

گۆرانی و مۆسیقای میللی خۆمان کە ڕیشەی لە سینگ و دەماری سروشتی وڵات دایە بەدرێژایی زەمان تایبەتمەندییەکانی خۆی پاراستووە. لە هەموو دەوراندا کاری کردۆتە سەر شاعیران و عارفان، یەکێک لە عارفان دەڵێ: مۆسیقا بۆ هەندێک خۆراکە، بۆ هەندێک دەوایە و بۆ هەندێکی تر باوەشێن.

ئیمام محەمەدی غەزالی دەفەرموێ بیستنی ئاوازو مۆسیقا کە بەغەم و شادی گیان دەهەژێنن کارێکی پیرۆزە. ئەگەر شادی بێ بزاوتن دەهاتە گیان و لەش، ئەم

سەمایە هەرچی بەنەزمی سروشت نزیکتر بێ جوانتـرو ئینسـانیتـرە. ئەگەر کە سەرو غەم بخـاتە دەروون سۆزو فرمێسک هەڵدەخا.

ڕودەکی بە سیـحری چەنگ و شیـعری خۆی شـا لە سەفـەر دەگەڕێنێتـەوە. تەنانەت بە پێ خـاوسی سـواری ئەسپەکەی دەبێ، مەولەوی ڕۆمی گەلێک پەسنی مۆسیقا دەکاو مەسنەوی بەنەینامە دەست پێکردووە.

**گوێ دە بۆنەی چۆن سکالاو زاردەکا**
**شینی دووری و دابڕانی یار دەکا**

**ناله سرناو تهدید دهل**
**چیزکی ماند بدان ناقور کل**
**پس حکیمان گفته‌اند این چرخها**
**از دوار چرخ بگرفتیم ما**
**بانگ گردشهای چرخ است این که خلق**
**من سرایندش به تنبور و به‌حلق**

دەتوانم بڵێم مەولەوی کورد، لە هەموو شاعیـران زیاتر مۆسیقا کاری تێکردووە. لەو کاتانەی هیـجران و چنگی غەمەکان بەربینگیـان گرتووە. دەستـە و داوێنی سازەکان بووە کە ببنە زمانی شین و سکالای.

**ئاوازەی مەینەت نەدەروون سەد تەرز**
**چون چل چەنگ وە چەنگ خەمان بیەن بەرز**
**موغەننی کۆکەر سازانت وەهەم**
**سەمتوورێ تارێ وەهەم کەرۆ جەم**
**سانەیچی دەخیل بێ دێر و درەنگ**
**موتریب فیدات بام دەف بدەر وە چەنگ**
**کەف بدەر وەدەف پەنجەت نەڕووی نەی**
**وێنەی باربەد جەبەزم ئارای کەی**

لە شیـعـری مـەولەویدا گـیـانی مـۆسیـقـایی ئەوەندە بەهێزە، هەر خودی وشەکانی ئاهەنگ- مۆسیقان هەر بە بیستنی وشە دنیا خەیالاویەکە بەجوانی دەبینی و گوێت لە ترپەی دڵ و هەناسەکانیەتی.

**زیلەی گوارە زرنگەی زەنگڵەی زەڕ**
**لەرزەی نەونەمام لەرەی لیمۆی تەڕ**
**شەوق زەرق و بەرق فەرق زەڕ کڵاو**
**ورشە و پرشەی خۆی کوڵم بۆ گوڵاو**

لە ڕۆژگـاری تاڵی حـافـزدا کـە نەیتـوانیـوە هەناسـەی دەروونی دەربڕێ، پەنادەباتە بەر مـۆسیـقـاو لە زمـانی سـازەوە قـسـەی دڵی دەکـا. هەربۆیەش وتوویانە ئەگـەر زمان وەستا، مۆسیقا دەست پێدەکا.

**دانی که چنگ و عود چه تقریر من کنند**
**پنهان خورید باده که تعریز من کنند**
**ناموس عشق و رونق عشاق من برند**
**عیب جوان سرزنش پیر من کنند**

لە هەر شوێنێکی ئەم دنیا کەونارایەدا، کە میللەتێک بەزمـان و دابو نەریت و جل و بەرگی تایبـەتی خـۆیانەوە دەژین و خاوەنی فەرهەنگی میللی خۆیانن، مۆسیـقا لە هەمـوو دیاردەکـان زیاتر گـیـان و ڕوحی مـیللی تێـدایە، چونکە مۆسیقا ڕاستەوخۆ لەنێو خەیاڵ و بیرو ئیحساس و غـەم و شـادی مـیللەتدا گـیرساوەتەوە مـۆسیـقـا زمـانی ئیحساسی میللەتە، زمانی غەم و شادی و ئاواتەکانی میللەتە.

هەر جۆرە سازێکی میللی وەک زمانی زگماک ئامرازی پێـوەندایەتی دەروون و دنیـای دەرەوەیە. ئەگـەر بمانەوێ مـیللەتێک بناسین، دەبێ زمـان و فـەرهەنگی بناسین. ئەگەر بمانەوێ دەروون و خەیاڵ و ئاواتەکانی بناسین دەبێ گۆرانی و مۆسیقای بناسین. ئەگەر گۆرانی و مۆسیقای نەناسین زمانی ئیحساس و فەرهەنگی نائاسین و خۆشی ناناسین.

لە زەمـانی دەسـەڵاتی هێـتلەردا واگنەر گـۆرانیـبـێـژی بەناوبانگی ئەڵمـانی بوو هێتلەر دەیوت هەرکەسێ بیەوێ ئەڵمـانیـا و ئەڵمـانی بناسـێت، دەبێ گـۆرانیـیـەکـانی واگنەری بەڕوح و گـیـان ناسیبێ. کە بێتـە باسی جۆری سازەکان دەنگیان هەر هەمان ڕوحی میللییە کە پێناسەی مـێـژینی خـاوەنی خـۆیانە بۆ وێنە سێ تاری هیندی، تا هیندی یەک مـابێ، هەر بەو دەنگ و سـۆزە کـەونارایە دەمێنێتـەوە. تەپڵی ئەفریقایی، گیتـاری ئەمەریکایی تا هەتایە وەک هاوڕازی ڕوحی خـاوەنی خـۆیان دەمـێننەوە هەروەهاش دەهۆڵ و زوڕناو شمشاڵ و تەمبوورو کەمانچە و...تاد کە تا بەعەشق و ڕوح مابێن. لەگەڵماندا دەژین و هاوڕازی غەم و شادیمانن.

هەمـــوو دەزانین هەر مــــیللەتێک دەتوانێ زمـــانی مـیللەتێکی تر فـێـربێ، بەڵام بیـرکـردنەوە و خـەیاڵ و ئیـحـسـاسی بەو زمـانە بەئاسـانی ناکـرێ. لە بواری مۆسیقاشدا دەکرێ سازی میللەتێک بەزمان و ئاوازێکی بێگانە بێتـە دەنگ، بەڵام ئایا دەتوانێ سـۆزو هەسـتـە میللییەکەشیان دەربڕێ؟ جا لێرەدایە کە دەڵێین مۆسیقا لەناوخوێن و ڕوحی هەموو ئینسانێکدا بۆ هەر کام بە زمان

و ئیحساسی خۆیان دێته سۆزو ئاواز.

ئەوانەی کاری مۆسیقا دەکەن، دیارە ئەرکی زۆر گەورەیان لەسەرشانە. هونەرمەندی هەر میللەتێک کە بیەوێ هونەرمەند بمێنێ و ناوی نەمرێ، دەبێ زمانی ئیحساسی و عەشقی میللەتی خۆی بەجوانی بزانێ و بەو هەست زمانە بێتە جەزبەی ئەوین. ئەگەر کارەکانیان لەسەر بنەمای خەیاڵ و سۆزی میللی نەبێ، بێگومان هەرزوو بەزگەوە دەچن و وەک داخوشینی ئەستێرەیەک چەند کەسێک دەیانبینن و پاشان دەکوژێنەوە و بیردەچنەوە، بەڵام هونەرمەندی ڕاستی و خاوەن سۆزی ڕەسەن کە ترپەی دڵ و ئەوین و ئیحساسی میللەتی بزانێ و خۆی بکاتە زمانی ڕاستییەکانی دەروونی گەل ئەوە هەر نامرێ و وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار هەمیشە لەبەرچاوی بیرو خەیاڵی میللەتا دەژی و لەتروسکە ناکەوێ.

چونکە مۆسیقا، پێناسە و زمانی فەرهەنگی ئینسانە و نیشانەی شعوورو هونەر و خەیاڵ و ئەندێشەی ئازادی ئینسانە. ئەگەر مۆسیقات بچێت و نەیناسن، هونەرو ئیحساست دەچێ و کە هونەر و ئیحساست چوو، عەشقت دەچێ، کە عەشقت چوو. ڕوحت دەچێ، و خۆشت دەمری.

**سەرچاوەکان:**


١- مبانی عرفان و تصوف.

٢- مقدمةای بر شناخت موسیقی کالاسووا.

٣- داغستانی من، وەرگێڕانی عەزیز گەردی.

٤- دیوانی مەولەوی.

٥- کەلام و مەقامی کوردا، جەلیلی جەلیل.

٦- دیوانی حافظ.

# هەستی ئیستێتیکی

عەلی ڕەزا

جوانی سروشت و هونەره. جوانی سروشت وەکو لەشی ئادەمیزاد و دیمەنەکانی سروشت و گیانلەبەر و شتەکانە.. تاد. بوونێکی بابەتیان هەیە و کاردەکەنە سەر ئادەمیزاد، کارێک کە دەشێت لەگەڵ ئەو کارتێکردنەی مۆسیقا بەراورد بکرێت. وشە، یان شیعر هەیەتی، دەشێت پرۆسیسی گەیاندنی شیعری بەهۆی ئەو شتانەشەوە ڕوووبدات، بەڵام ئێمە ناتوانین جوانی سروشتی وەکو (چەمکێکی مێژوویی) بەدەست بێنین و لێی بکۆڵینەوە لە مەیدانی هونەردا نەبێت. جوانی سروشت ئەگەرچی بوونێکی بابەتی هەیە، ئەوا تەنیا لە مرۆڤەوە ڕا، واتە لە ڕێرەوی پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشتیدا، بەدەردەکەوێت و خۆی ئاشکرا دەکات و ڕوخساری فۆرمی دیاری وەردەگرێت خۆی ئاشکرا دەکات کە لە ئاکامی پێوەندی ئادەمیزاد لەگەڵ سروشتدا بەدیار دەکەون، یان لە دایک دەبن، لە هونەردا ڕەنگ دەدەنەوە بەمانایەکی تر بڕیاردانی جوانی دزێوی شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئادەمیزاد خۆی، جۆری هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ بابەتەکە و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەر. لێرەوە هونەرمەند زۆر جار بابەتی ناشیرین و دزێویش دەکات بە بابەتی هونەرەکەی و لە بۆتەی جوانیدا دادەڕێژێت. لێرەدا بەرەنگاری کۆمەڵێک پرسیار دەبینەوە. ئەویش ئەمانەن ئایا شاعیر بۆ شیعر دادەنێ؟ تۆ بۆ بەخوێندنەوەی شاد دەبیت؟ هەستی ئیستێتیکی چییە؟ چۆن پەیدا بووە؟ ئەم بانگەوازە گەرمە چییە؟ بۆچی حەز دەکەین گوڵێکی جوان لێ بکەینەوە و بەدەستییەوەی بگرین؟ ئەو پاڵنەرە، یان ئەو هێزە بۆ ئەو جۆرە پراوانە ڕامان دەکێشێت پێی دەگوترێت جوانی، یان هەستی ئیستێتیکی.

هەستی ئیستێتیکی ئادەمیزاد لە پرۆسێسی ئیشکردندا دروست بووە، مەبەستمان ئیشکردنی ئادەمیزادە بۆ پێکهێنان و دروستکردنی مەتریال لەپێناو دابینکردنی ئاتاجەکانی ژیانیدا.. ئەوەی ڕاستی بێت، خۆشی ئێستاتیکی خۆی و (گوێی مۆسیقا) و (چاوی فۆرم ناسی). کە شان بەشانی دەڕۆن، لە ڕێڕەوی کاردا بەماوەیەکی درێژ بەر لەوەی وەکو شێوەیەکی تایبەتی چالاکی ئینسانی پەیدابێ. بەدەرکەوتن پەرەیان سەندووە، جیابوونەوەی ئادەمیزاد لە جیهانی گیاندارانی دیکە، تەنیا ئەوکاتە پێک هات کە مرۆڤ خووی دا بەکاری کۆمەکی هەر لەمەشەوە (هەستکردن بەجوانی) لەلای ئەو دروست بوو، چونکە لە ڕێڕەوی دروستکردنی هەلومەرجی ماتریالیدا بۆ بوون و ژیانی، لە بارکردن و ئینسانی کردنی سروشت دا. لەبەر بەربڵاوکردنی چوارچێوەکانی ژیانداو گۆڕینی فۆرمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤ بۆ خۆی زیاتر دەبێ بە ئینسان و خاسیەتە ئینسانەکانی پەرە پێدەدات بەمانایەکی تر پێوەندی ئادەمیزاد لە ڕێگەی ئیش کردنەوە لەگەڵ توخمی خۆی داو، لەگەڵ جۆراوجۆرێکی بێ ئەژمارە لە شت و مەکی هەستی ماتریالیدا، بووە هۆی ئەوەی هەر پێنج هەست فیزیولۆژییەکانی و بنەما بیرباریبەکانی تێر بکات و لەباریان بکات، تەنیا لەم ڕێیەوە توانی. (هەستی ئیستێتیکی) دروست بکات، ئەم خاسیەت و ڕوخسارە

تایبەتی و بایەخانەی ئێمە ناومان ناون (ئیستێتیکی) دەبێ بەر لە بوونی ئادەمیزاد و سەربەخۆ لەو هەبووبن، بەرلەوەی مرۆڤ فێری ئەوە بێت تێمان بگات و پێوانەیەکی کۆمەڵایەتییان بەسەردا بسەپێنی و ناویان بنێ و بەهۆشیارانە و بە ئەنقەست لەپێناوی ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەدا دروستیان بکاتەوە، جوانی سروشت بەشێوەیەکی تایبەتی سەربەخۆ و بەر لە ئادەمیزاد هەبووە- سروشت سەرچاوەیەکی ئەزەلی جوانییە لە مەکر و کۆزم (گەردوون) و مایکرۆکۆزمدا.

ئادەمیزاد لە سروشتدا سیمیتریەکی زۆر جوانی هەیە.

لێرەدا ئەفلاتون جوانی لە بۆتەی فەزایی ئایدیالیدا دادەبڕێت و لە ڕەهەندێک دەدوێت ئەویش پێی دەوترێت ڕەهەندی ئایدیال. لێرەدا دەکەوینە نێوان دوو مانا و دوو وشەی جیا، ئایا تەواوکەری یەکترن؟ یان جوانی جەستەیی و ئایدیالیش ڕۆحەکەیەتی؟ لێرەدا دەربارەی ئایدیاو جوانی، یان ڕوونتر بڵێین ئایدیای جوانی دوو جۆرە هەڵوێست هەیە.

١- هەڵوێستی بابەتی: ئایدیای جوانی دەگەڕێتەوە بۆ سروشت، یا بۆ بیرێک لە سەرووی تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە. بەپێی بیروڕای خاوەنانی ئەم هەڵوێستە، جوانی سیفەتێکی لکاوە بەشتەوە (جوانەکانەوەیە) و تێیاندا چەسپ بووە و بلاوبووەتەوە. بەبێ گوێدانە بوونی عەقڵێک کە ئەم جوانییە درک پێ بکات، یان چەشەی لێ وەربگرێت، واتا جوانی بوونێکی بابەتی سەربەخۆیە و پێوەندی بەمێشکەوە نییە کە دەرکی پێ بکات، بەڵکو لە دەرەوەی مێشکدا بوونی خۆی دەسەلمێنێت. بەجۆرێک کە شایەنی دەسکاری کردن و گۆڕین نییە. ئایدیالیستەکان و هەندێ لە ماتریالیستەکان لەم هەڵوێستەدا بەشدارن. ئایدیالیستەکان لە سەرووی هەموویانەوە ئەفلاتون و هیگڵ جوانی دەگەڕێننەوە بۆ بوونێکی موتڵەق، یان ئایدیایەکی موتڵەق کە لە سەرووی بیرکردنەوەی ئادەمیزادەوە دەوەستێت، بەڵام ماتریالیستەکان جوانی وەک سیفەتێکی ماتریالی شتەکان و بابەتەکان لە یەک دەدەنەوە.

٢- هەڵوێستی خودی، بەپێی ئەم هەڵوێستەش بڕیاردانی جوانی دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵی ئادەمیزاد، واتە جوانی جوێ بوونی نییە، بەڵام لێکدانەوەی عەقڵی مرۆڤەکە ئەم خاسیەتە بەشتەکان دەدات،- بڕوانە کانتیزم ڕاستی بێت هەوڵدان بۆ گەیشتن بە (چییەتی جوانی)یە (هەستی ئێستاتیکی) بەجیا ڕاست نین- بەواتایەکی دی بۆ لێکدانەوەی جوانی پێویستە ئێمە سروشتی پێوەندی ئیستێتیکی مرۆڤ لەگەڵ شتەکاندا تێبگەین.

ئەرستۆ لە تیۆری جوانی ئەفلاتون دەکۆڵێتەوە و لەولایەنەوە ڕەخنە لە فەلسەفە ئایدیالەکەی دەگرێ، بەڵام وەکو فەیلەسووفێک خۆیشی لەنێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمدا هەڵدەسووڕاو لە ئاکامدا پتر بەلای ئایدیالیزم شکاندیەوە و باوەڕی هێنا بە بوونی ئەو خوایەی نابزوێ و هەموو شتێ دەبزوێنێ(*)

لای ئەفلاتون، ئایدیال بریتییە لە جوانی خۆی لە خۆیدا، لە نموونەیەکی نەمرو وێنەیەکی پەتی لە دەرەوەی عەقڵی ئادەمیزاد و دەرک پێکردنیدا، بەڵام ئایدیال لای ئەرستۆ ڕەمزێکە بەستراوەتەوە بە بیری ئادەمیزاد و بابەتەکەی، لەناو دەروونماندا جێگیر بووە و هیچ ئایدیالێک کە لە سەرووی ئادەمیزاد و لە سەرووی ئەم جیهانەوەبێ، هەموو شتێ لە خۆماندا شاردراوە، ئادەمیزاد هیچ شتێکی پێویست و بەکەڵک ناخوازێت لەپێناو جوانیدا نەبێ، بەڵام ئەم جوانییە لەگەڵ عەقڵی ئادەمیزاددا (یەکێک)ە.

جوانی لای ئەفلاتون لە (ئایدیال) لە جیهانی ناماتریالیدایە، بەڵام ئەرستۆ بەدوای مەرجە بابەتییەکانی زانیندا گەڕا نەک لە جیهانی ئەودیوی ناسینی هەستییەوە، بەڵکو لەو واقیعەدا کە دەوری داوە، ئەرستۆ جوانی بەخاسیەتێک دادەنێ کە بە واقعی لە شتەکاندا هەیە زیاد لەمەش چەند پێوانەیەک بۆ ئەو جوانییە دیاری دەکاو وەکو سیستەم و هاوڕێژەیی و ڕوونی و جوانترین دەربڕینی جوانی لە گیانلەبەرانا بەتایبەتی لە ئادەمیزاد بەدی دەکرێ، ئادەمیزاد بەهارمۆنی فورمەکەی و هاوڕێژی ئەندامەکانی خۆی لە خۆیدا دەربڕینی جوانییە و نموونەیەکی سەرەکی بە بوونی، کەواتە جوانی لای ئەرستۆ ئەو شتەیە کە بابەتی موتلەق بێ، تەواو بێ و سنوورێکی دیاریکراوی هەبێ و پارچەکانی بەیەکەوە بەسترابنەوە و بەرێکی، یەک بەدوای یەکدا بێن، سەرچاوەی خۆشی ئیستێتیکی لای ئەفلاتون گەیشتنە جیهانی ئایدیال و بەدەستهێنانی لەزەتی ڕۆحییە، لای ئەرستۆ لە بەدەستهێنانی زانین دروست دەبێ، ئارەزوو بوونی مرۆڤە. لە زانین کە پاڵی پێوە دەنێ بۆ لاساییکردنەوە و بەرهەم هێنانی کاری هونەری و لە کاتێکدا ئەفلاتون خرۆشی ئیستێتیکی بەوێردانی دەوروپشتیەوە دەبەستەوە، لای ئەرستۆ حەقیقەتێک لە خۆیەوە وەستابوو.

هەر لەم ڕووەوە (هیگڵ) دەڵێ: دەبێ بۆ لێکۆڵینەوەی جوانی لە سەرەتاکەیەوە دەست پێ بکەین کە جوانی ئایدیا، یان (حەقیقەتێکی هەمووی)ی دابنێین، چونکە تەنیا ئەم ڕێگەیە بۆمان دەلوێنی کە بیر لە زۆر تەنگ و چەڵەمەی دوور دەکەینەوە کە زۆر بابەتەکانی جوانی و بەربلاوی ڕواڵەتەکانی چ لە سروشت چ لە هونەردا پەیدا دەکەن. جوانی سروشتی نییە، بەڵکو جوانی هونەرییە لە ڕووی بابەتییەوە، هیگڵ جوانی سروشت دەداتە دواوە،

چونکە بە بۆچوونی ئەو کار داهێنانێکی خۆی ئادەمیزادەو جوانی تەنیا لەو شتانەدا هەیە کە ئادەمیزاد دروستیان دەکات و بەتەواوەتی بەستراوەتەوە بە چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە.

جوانی لە هونەردا داهێنانی ڕۆحە، ئافەریدەی هوشیارییە و بەرهەمی ئازادییە، دیارە هەر شتێکیش بەرهەمی ڕۆح بێت ڕوخساری ئەو وەردەگرێت و لە سروشت بالاتر دەبێت، بەڵام هیگڵ بۆ دیاریکردنی جۆری پێوەندی ئیستێتیکی ئادەمیزاد بە واقیعەوە بۆچوونێکی ئایدیالی دەگرێتە بەر. بەلای ئەوەوە (دەربڕینی هونەرییانەی واقیع) چالاکییەکی چەشن تایبەتییە و جیایە لە پراتیک و چالاکی تیۆری. هیگڵ دەڵێ: چالاکی هونەری جیایە لە چالاکییەکانی دیکەی ئادەمیزاد لەوەدا کە بابەتەکەی لە چوارچێوەی ئازادییەکی تەواودا دادەنێ لە کاتێکا جۆرە چالاکییەکانی تر هەوڵ دەدەن سوودێک بەدەست بێنن ئەمەش بەرەو دواوە شانیان دەبات، چالاکی هونەری جیاوازە لەوەدا کە گرنگی بە بابەتەکان دەدات لە پێناو خۆیاندا و بەس، هیچ مەبەستێکی نییە ئەو بابەتە بگۆڕێ بە ئایدیا، یان بە چەمکی گشتی، گەوهەری بیرۆکەی جوانی ئەوەیە کە دەبێ بابەتێکی هەست ئامێزبێت، هەر قۆناغێ لە قۆناغەکانی ڕۆح وەکو خانەوادە، ئەخلاقیەت، دەوڵەت قۆناغێکن لە قۆناغەکانی فیکر، فیکریش لە بازنەی ئێستادا پێی دەڵێن (نموونەی باڵا) نموونەی باڵا ئەم وێنە بابەتییەی بیرۆکەیە کە تیایدا بە ڕێگەی هەستی دەرک بەوە دەکرێت (کە بیرۆکەیە نەک لە زاتی خۆی، بەڵکو وەک چۆن لە دنیای هەستیدا جیلوە دەدا، ئەم پرسیارە کە خۆی قووت دەکاتەوە ئێستاکە ئەوەیە کە ئایا چۆن بیرۆکە یا ڕەهایی دەتوانێ لە بابەتی هەستی ئادەمیزاددا جیلوە بدات؟ پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەو ڕاڤەیە بگەڕێنێتەوە بۆ وێنەی هەستەنی کە لە فیکریشدا جیلوە دەدات پاشانیش یەکەم وێنەی جوانی سروشتە.

سروشت بیرۆکەیە لە کۆتاییدا لەبەر ئەوەی بیرۆکە لێرە بیرۆکەیەکی پاڵاوتەیە، واتە بیرۆکە نییە لە خودی خۆی، بەڵکو بیرۆکەیەکە لە نێوەندی دەرکی هەستەنیدا شاردراوەتەوە، بەم جۆرە سروشتیش جوانییە. هیگڵ پێی وایە ئەدەب و هونەر موحاکاتی واقیع ناکەن، بەڵکو واقیع دەکەنە جێ مەبەستی دروستکردنی جوانی.

(هیگڵ) لە هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی (کانت)دا دەڵێ [کانت نوختەی سەرەتاکەی پێشکەش کرد. بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستی، هەموو ئەو شتانەی جوانن لە سروشتدا]. کانت دەورێکی گەورەشی هەیە لە پێکهێنانی تیۆرەکانی جوانی لە لای فیختە و شیلینگ و هیگڵ بەتایبەتی.

ئیستێتیکای کانت بە نوختەی وەرگەڕانێکی گرنگ دادەنرێ لە پەرەسەندنی گشتی بیری ئیستێتیکیدا، ئەم فەلسەفەیە کۆمەڵێک مەسەلەی بنەڕەتی هێنایە پێش، گرینگترینیان مەسەلەی چییەتی جوانی و سروشتەکەی بوو، ئێستاتیکا بەشێکی گرنگە فەلسەفەی کانت و ناکۆکییەکی قووڵیشی گرتەخۆی، ئیستێتیکای بۆرژوازی ناسراوە بە (کانتینیزمی نوێ). لە نیوەی دووەمی سەدەی نوزدەیەمدا گرنگی داوە بەدیارخستنی لایەنی میتافیزیکی ئیستێتیکای کانت خۆی داوە. هەروەها کانت وەکو پاڵپشتی ڕوانگەی فۆرمالیستی لە هونەردا تەنانەت وەکو دامەزرێنەری تیۆری بۆ هونەر نیشان داوە فەلسەفەی جوانی کانت لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەری سەردەم پەرەی سەندووە، کانت دوو کتێبی گرنگی لە بارەی ئیستێتیکا نووسیوە یەکەم [تێبینی لە بارەی هەستکردن بە مەزن و جوانی] و ئەم کتێبە ڕوویێکی ڕۆشنکاری دەگرێتە خۆی بۆ بەستنەوەی هونەر بە گیروگرفتی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام کتێبی دووەم [ڕەخنەی بەهرەی داوەری کردن] کە لە چوار بەرگا بڵاوی کردۆتەوە کتێبێکی مەنهەجی ترە و هەموو دەستکەوتەکانی ئیستێتیکای ئەڵمانی لەنیو سەدەی هەژدەیەمدا گرتۆتە خۆی، سەرەتاکەی میتافیزیکییەکانی کانت کارێکی سلبیان کردۆتە سەر بۆچوونەکانی لە [شیکردنەوەی جوانی]دا. ئیستێتیکای کان لەم قۆناغەدا ناسینێکی دیاری هەیە کە بریتییە لە جیاکردنەوەیەکی توند لەنێوان (زانین و ڕەوشت)دا کانت جیهانی [هەستی] سروشت بە مەیدانی مەلەکەی زانین دادەنێ و ناوی دەنێ [عەقڵی پەتی] یان [عەقڵی تیۆری] بەرامبەر ئەم جیهانە، جیهانێکی دی دادەنێ کە جیهانی ئەودیوی هەستە و لەو دیو سنووری زانیندا بوونی هەیە، ئازادییە، ئەم جیهانەش مەیدانی مەلەکەی ئارەزووە کە کانت ناوی دەنێ [عەقڵی پراکتیکی] و بۆ بەستنەوەی ئەم دوو لایەنە بەیەکەوە کانت ئەوە دەردەبڕێ کە لەنێوان بەهرەی زانین و بەهرەی ئارەزوودا [هەستکردن بەخۆشی هەیە] کەواتە [پێوەندی نێوان عەقڵی تیۆری- عەقڵی ڕووت] و [عەقڵی پراکتیکی] پێوەندی [بەهرەی داوەریکردنە] داوەریکردنی هەستکردن بەخۆشی، یان بەناخۆشی، هونەریش سەر بەو بەهرەیەیە، بەهرەی دۆزینەوەی تێگەیشتنی گشتی لەتایبەتیدا، ئەم دابڕینەی کانت لەنێوان بەهرەکانی زانیندا بوو بەهۆی داڕشتنی ئیستێتیکا لە چەند قاڵبێکی تایبەتیدا نزیک بووە لەوەی ئیستێتیکا لە تیۆری زانین و هونەر لە شێوەکانی زانینی کۆمەڵایەتی دوورخاتەوە کاریگەری لەسەر جیهان کەم بکاتەوە هەر لەم جیاکردنەوە گشتییە ئەو ئەنجامەی کە لەزەتی جوانی بەخودی سەرنجدەرەوە.

نەک بە بابەتەوە.

(چونکە ئەگەر لەزەتەکە بەسترابايەوە بە بابەتەکەوە، ئەوا ئەوساکە دەبوو ئەو بابەتە بزانین ئەمەش.. نابێ.. بۆ؟ چونکە مەیدانی عەقڵ تیۆری دەگرێتەوە) بەم جۆرە ڕەوتی فۆرمالیستی بەسەر فەلسەفەی جوانی ئەو سەردەمەیدا زاڵ بوو. ئامانجداری جوانی بابەت لەلای کانت تەنیا لەوەدایە [وێناندنی بابەتەکە یەکسەر بەستراوەتەوە بە هەستی خۆشییەوە] ئەم ئامانجەش لە بابەتەکەوە پەیدا نابێ، بەڵکو لە خودی سەرنجدەرەوە.

کانت لێرەدا ئەو بڕیارە دەدا کە جوانی خۆی لە خۆیدا، هیچ کەڵکی نییە، بەڵام کۆمەڵ ئەو کەڵکەی پێ دەبەخشێ، مادام ئادەمیزاد گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتییە و ئەوا زەوق (چەشە) وەکو بەهرەی حوکمدانی شتەکان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی پراتیکی هەیە... بەمە مەودای ئەوەمان دەبێ کە سۆزو هەستی خۆمان بەخەڵکی بگەیەنین و مەیلی زگماکی بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی دابین بکەین، خۆ ئەگەر کەسێک لەناو دوورگەیەکدا بژیابایە کەسی تێدا نەبایە، ئەوا یەک تۆز بەخەیاڵیدا نایە کە کۆخەکەی ئارایشت بداو ڕواڵەتەکە بڕازێنێتەوە، یان تەنیا لەبەر دابینکردنی خۆشەویستی و جوانی لەلای خۆی گوڵ و ڕەیحانەی لێ بڕوێنێ، کەواتە ئەگەر بوونی ئادەمیزاد لەناو کۆمەڵدا نەبووایە، بیری جوانکردن و ڕازاندنەوەیشی لەلای دروست نەدەبوو، کەس بەتەمای ئەوە نەبوو کە خۆی بکاتە مرۆڤێکی نموونەیی و دیار لە ناو خەڵکی دیکەدا گەلێ کەس هەن لەو حاڵانەدا کە تەنیا دەبن، هیچ هەست بە جوانی ناکەن، بەڵام هەرکە دەچنە ناو کۆڕو کۆمەڵانەوە لەزەتێکی گەورە لەوە دەبەن کە هەست و سۆزی ئەوان شل بکەن. بە پێشکەوتنی شارستانییەت واتە بە پێشکەوتنی جۆری پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد توانی نرخ و بایەخ بۆ ڕەنگ و بۆیە و گوڵ و گەوهەر و قاقلە جندۆکەو پەڕی باڵندە و بیچمەکانی دیکە جوانی زیاد بکات ئەگەر کۆمەڵ ئەو نرخانەی بۆ زیاد نەکردبایە، ئەوا هیچ بایەخێکیان نەدەبوو. بە پێشکەوتنی پتری شارستانییەت. بە بایەخدانی مرۆڤ بەفۆرمە جوانەکان، خۆی لە خۆیدا بوو بە بایەخێکی ئادەمیزادی پێشکەوتوو. خەڵک وایان لێهات لەزەت لە گۆڕینەوەی هەست و سۆزە ئیستێتیکییە ناسکەکانیان لە بارەی ئەو بابەتانەی ئیستێتیکییەوە لە تاقیکردنەوەکانی ژیانیاندا تووشیان دێت، وەرگرن. گەرچی ئەو لەزەتەی مرۆڤ لەو بابەتانە بەدەستی دێنێ خۆی لە خۆیدا بێ بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوا ئەو بیرەی دەتوانێ لە بارەی بەخەڵکی تری بگەیەنێ، دەبێتە هۆی ئەوەی بایەخێکی بۆ ئەو لەزەتە ئیستێتیکییە زیاد بکات.. کەواتە مەیلی کۆمەڵایەتی وامان لێ دەکات بایەخێکی پراتیکی، یان سوودێکی ئەزموونی بدەینە پاڵ جوانی، ئەگەر مرۆڤێک تامەزرۆی جوانی سروشت بێ، ئەوا ئەو جوانییە لە هیچ بەرهەمێکی سیفەتی لاساییکردنەوەدا، بەدی ناکات، واتە دەبێ لە لێخوردبوونەوەی جوانی سروشتدا ئەو تێگەیشتنەمان هەبێت کە سروشت خۆی دروستکەری ئەو جوانییەیە جگە لەمەش جوانی سروشتی ئەو خاسێتەی هەیە کە جوانی سیفەتی نییەتی..

بەڵام بەلای [کرۆچێ]وە ئەو شتەی کە لە سروشتدا جوانە مانای ئەوە نییە کە لە هونەریشدا جوان بێت. هەروەها شتێ کە لە سروشتدا دزێو بێت، مانای ئەوە نییە کە لە هونەردا ناشێ جوان بێت، جوانی لای ئەو دەربڕینێکی سەرکەوتووە، بەڵام دزێوی دەربڕینێکی سەرنەکەوتووە، جوانییەکانی پێشکەش دەکا دزێوەی جۆراوجۆری.. ئەوەی ڕاستی بێ هەموو دەربڕینێک وەکو دەربڕین جوانە، دەربڕینەکە سەرکەوتوو نەبوو بە دەربڕین ناژمێردرێ.

(کرۆچێ) بەرپەرچی ئەو لەزەت پەروەرانە دەداتەوە کە دەڵێن شتی جوان ئەوەیە کە خۆشی و لەزەت بۆ چاو و گوێ و هەستە باڵاکان دروست دەکا. (کرۆچێ) دەڵێ: ئاشکرایە کە حەقیقەتی پێشت بە (ئیمپریشنەکان) نابەستێ چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا دەبوو لە دەرەوەی کاری هونەریدا هەبووایە و.. دەبوو لە کاتی گواستنەوەشیدا بۆ کاری هونەری هەر بەجوان مابایەوە و لە لایەکی دیکەشەوە جوانی دزێوی بەپێی زەق و مەزاجی کەسان دەگۆڕا. ئەوەی لەبەرچاوی کەسێک جوان خۆی نواند، لەبەر چاوی کەسێکی دی وەکو شتێکی بلّح و دزێو خۆ نیشان دەدا.

جگە لەمەش ئەگەر جوانی لە مەتریال و کەرستە خاوەکاندا بوایە ئەوا زمان دەرەقەتی نەدەهات و وێنەکانی ئیستێتیکی سەدەیەکی بەسەر پەیدابوونی هونەردا پێ نەدەچوو، کە لەبەریان دەبڕا. ئەگەر بەم پێیە بوایە، دەبوو وشەی جوان هەر بەجوانی مابایەوە و لە شوێنێکی تایبەتیدا دابنرابایە و وشەی دزێویش هەروەها، بەڵام مەسەلەکە بەم چەشنە نییە، دەشێ وشەیەک لە کارێکی هونەریدا جوان و خاوەن هێزی دەربڕین بێت، بەڵام لە کارێکی تردا ناشرین بێت، چونکە کاری هونەری ئەم خاسێتانە بە بەش و پارچەکانی دەبەخشێت، لە دەرەوەی کاری هونەریدا بابەتی جوان و دەنگ و وشەی شیعری و مۆسیقی بوونی نییە ماتریال و وشەو دەنگ تەنیا ئەوکاتە لە کاری هونەریدا دەنوێندرێن کە دەتوانن ئەم خاسێتانە بەدەست بێنن، خۆ ئەگەر جوانی بەو شتانە ببەستینەوە کە لە دەرەوەی کاری هونەریدا هەن، ئەوا ناچار دەبین کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

جوانی بە بایەخی ڕەوشتییەوە ببەستینەوە. من لە جیهانی ڕیالیستا ناتوانم هیچ کارێ بەجوان دابنێم کە بەپێچەوانەی بایەخی ڕەوشتییەکانی خۆمەوە بێت، ئەگەر جوانی هونەریش بەجوانی واقیعەوە گرێ دەین، ئەوا دەبێ هەر ئەو پێوەندانگە بەکاربێنین، لێرەوە تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبین، چونکە هونەر خۆی ناتوانێ بە بەدیهێنانی هیچ کەڵکێک یا لەزەتێکی دیاریکراوەوە، ببەستینەوە تینوویێتی شکاندن و هەوای پاک هەڵمژین هونەر نییە، هونەر جۆرێکە لە زانینی زەین ڕوونی، کارێکی سروشتی نییە.

دەشێ لە ڕووی ڕەوشتییەوە گوزارشت لە کارێکی باش، یان خراپ بکات، بەڵام وێنە هونەرێکە وەکو وێنە. ناشێ ستایش، یان زەمی بکرێت خۆ ئەگەر بتوانین بڵێین: چوار گۆشە ڕەوشتی باش دەردەبڕێت سێ گۆشە ڕەوشتی خراپ دەردەبڕێت ئەوا ئەو ساتە دەشتوانین کە حوکم بەسەر [فرنشیکا]ی [دانتی]دا بدەین و بڵێین بەپێچەوانەی ڕەوشتەوە ڕەفتار دەکات، یان بڵێین [کوردالیبا]ی [شکسپیر] بە تەنگ ڕەوشتەوە دێت، بەڵام ئەمانە وەک نۆتەی مۆسیقی وەهان و لە ئەرکی هونەری بەولاوە نییانە و تا ئێستا هیچ یاسایەک دەرنەچووە کە حوکمی خنکاندن، یان حەپسکردن بەسەر وێنەی هونەریدا بدات..

جوانیناسی سۆڤیەتی [ف. د. کوندرانیکۆ] لە شیکردنەوەکانیدا لە بارەی جوان و خاسێتی شتەکانەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە [نە شتی جوان و سەربەخۆ هەیە و نە هەست پێکردنی جوانی تایبەتیش هەیە..] هەموو شت و دیاردەیەکی دیاریکراو، تەنانەت ئایدیاو هەست و نەستیش و موعاناتیش کە بەهۆی کرداری مەرجی ڕەنگدانەوەی یەکەم و دووەمەوە دەناسرێنەوە دەتوانین پێوەندی جوانی پەیدا بکەین و پەیدادەکەن، هیچ ناسینێکی جوانی پەتی نینەو هیچ ئامرازێکی تایبەتیش بۆ ئەم ناسینە نییە کە هەندێ کەس هەیانبێ و هەندێ کەسی دی نا. هەرچی ئادەمیزاد دەیزانێ و درکی پێ دەکا بە هەستەوەری و بیرکردنەوەوە دەیزانێت و، ئەوشتانەی دەیانزانێت لە ڕوانگەی پێداویستی ئاتاجە کۆمەڵایەتییەکانیەوە هەڵیان دەسەنگێنێ و نرخیان بۆ دادەنێ و پێوەندی و هەڵوێستی ئەو لەگەڵ ئەو شتانەدا بە گوێرەی ئەو پێداویستی و ئاتاجانەی دەگۆڕێت. هیچ چالاکییەکی پەتی بوونی نییە، مرۆڤ هەمیشە بەشێوەیەکی پراکتیکی داهێنان و هەڵسوکەوت دەکات و دەتوانێ بەرهەمی کار و داهێنانەکانی لە هەر مەیدانێک لە مەیدانی چالاکییەکانیدا، لە زۆر ڕوانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگێندرێ و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئیستێتیکی لە ئاکامی [کوندرانیکۆ]دا ئەم شتانە تێدەگەین:

١- لە لایەن بابەتییەوە هیچ شتێکی تایبەتی نییە کە لەخۆیەوە جوان بێت.

٢- لە لایەن خۆییەوە هیچ زانینێکی تایبەتی جوانی نییە هیچ ئامرازێکی تایبەتیش نییە وەکو بەهرەیەکی هەستی یان زەین- ڕوونی- کە هەندێ هەیان بێ و بتوانن جوانی درک پێ بکەن.

٣- هەر شتێ ئادەمیزاد لە ڕێی هەستەکانیەوە درکی پێ بکات بۆی هەیە پێوەندی جوانی لەلای دروست بکات.

٤- جۆری ئەو پێوەندییە و ڕادەی کارتێکردنی لە کەسێک و خولقاندنی هەست و نەستی جیاجیا لەلای بەستراوەتەوە بە ڕادەی توانستی شت و بابەتەکان لە دابینکردنی پێداویستی ئاتاجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسەی سەرنجمان لێ دەدات.

٥- حەز دەکەین خاڵێکی تری پێویستیش بخەینە سەر ئەو چوار خاڵانەی سەرەوە کە لە ئاکامەکەی [کوندرانیکۆ] وەرمان گرتن: ئەویش ئاستی هوشیاری ڕۆشنبیری و ڕادەی شارەزایی و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤی تاکە، بەتایبەتی لە مەیدانی هونەردا، چونکە هونەر لەپێش هەموو شتێکدا پێویستی بە ئاستێکی دیاریکراوی ڕۆشنبیری و شارەزایی هەیە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی، واتە ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر جۆری پێوەندی ئیستێتیکا دیاری دەکات.

ئینجا دوای ئەمە [کوندرانیکۆ] بەشێوەیەکی هێمن و زیرەکانە هاوکێشەکە، چارەسەر دەکات. واتە هاوکێشەی پێوەندی نێوان جوانی [وەکو خاسیەتی تایبەتی] و خود [وەکو حاڵەتێکی هوشیاری مرۆڤایەتی] کە ئەوەی ڕاستی بێت ئەو شتەی پێی دەڵێن: جوان، یان سیفەتەکە خۆی، هیچ شتێ نییە، ئەم پێوەندییە نابێت.

**سەرچاوەکان:**

١- گۆڤاری کاروان ژمارە، ١٢٥، ل.١٠٠.
٢- فەلسەفەی جوانی و هونەر [کەمال مەمەند] ١٩٧٩.
٣- مبادیء علم الجمال [ویت بارکر].

# مەینەتییەکانی منداڵی
# لە ڕۆمانەکانی چارلز دیکنزدا

**کاوە عەبدولکەریم شێروانی**

ڕۆمان لەگێڕانەوەی چیرۆک و ڕووداوەکانی ژیان سەرچاوە هەڵدەگرێ. لەبەرهەمەکانی زۆربەی نووسەرە مەزنەکانی جیهان، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی قۆناغی ژیانی منداڵی دەبینرێ. مرۆڤ هەرچەندی بە تەمەندا شۆڕ بێتەوە، بەڵکو تا مردنیش. ژیانی منداڵی لەیاد ناکاو کاریگەریشی لەبیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەدی ئەگەر ژیانی منداڵی پڕ بێ لەخەم و مەینەتی؟ مرۆڤە هەستیارەکان لەگەڵ گەورە بوونیان باڵای ئازارو مەینەتییەکانیان بەرزتر دەبێ. ئەو ئومێدو ئاواتانەی وەدەست نەهاتوون برینێکیان لە ئەندێشەدا دروست کردووە، بەتێپەڕبوونی کات ئەو برینە دەمێنێتەوە و لێرەو لەوێ جارجارە دەکولێتەوە، لەهەندێک مرۆڤاندا ئەم کولانەوەیە لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیان کانیاوی پەنگخواردووی ئەو ئازارو مەینەتییانە دەتەقێنێتەوە، لەوانەیە تەقینەوەی ئەم کانیاوە پەنگخواردووە ژانەکە کەم بکاتەوە، بەڵام بنبڕی ناکات. پێم وایە ئێمەی کورد زۆربەمان ژیانی منداڵی خۆمان لەخوێندنەوەی ڕۆمانەکانی چارلز دیکنز دەبینینەوە، کەممان هەیە ژیانی منداڵی پڕ لە ئازارو مەینەتی نەبێ، کە گەورەش دەبین لە ڕوخسارو جل و بەرگەکانمان ڕەنگ دەداتەوە؛ ڕوخسارێکی خەماوی و تەماوی، ڕەنگی جل و بەرگیش خۆڵەمێشی و ڕەش و قاوەییەکی تۆخ. دەبێ، نەبوونی ڕەنگاوڕەنگی لەمنداڵیمان وای لێنەکردبن بەگەورەییش ڕەش و سپیانە بیربکەینەوە؟

پێش ئەوەی بێینە سەر ڕۆمانەکانی ئەم کەڵەنووسەرە با تۆزێک لەژیانی بڕوانین بۆ ئەوەی زیاتر لەئازارو مەینەتییەکانی ناو ڕۆمانەکانی بگەین.

چارلز دیکنز نووسەرێکی ئینگلیزییە، لەساڵانی (١٨١٢- ١٨٧٠) ژیاوە. خاوەنی بەرهەمێکی زۆری ئەدەبییە، بەتایبەت ڕۆمان. زۆربەی ژیانی منداڵی خۆی بەهەژاری و هەتیوی لە لەندەن و کێنت بەسەر بردووە، هەر بۆیە ئەم دوو شارە لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ناویان هەیە. کاتێک باوکی بەهۆی قەرزداری دەگیرێت ئەو تەمەنی تەنیا دوازدە ساڵانە، لە قوتابخانە دێتە دەرێ و بەناچاری بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانە دەست بەکارکردن دەکات.

دایکیشی بەشەش منداڵەوە دەچێتە لای باوکی و بەناچاری لەگرتووخانەی قەرزدارەکان دەمێننەوە. چارلزی منداڵی بێ دایک و باوک لەکۆگایەک لەلەندەن کار دەکات، لەپشت جامخانەی کۆگاوە سەیری هاتوچۆکەران دەکات، خۆی وەکو گرتوویەک، یان دەست بەسەرێک دێتە پێش چاو. ئەو خەڵکانەی بەوێدا تێپەڕیون بەچاوێکی پڕ بەزەییانە تەماشایان کردووە، کە ئەمە برینەکەی قووڵتر کردووە. ئەم شێوە کارکردنەی زۆر پێ شەرم بووە و کاری تێ کردووە هەتا ئەو ئاستەی کە دەڵێ: «جاری وا هەبووە لەشەرمان لەرزیوم و ئارەقەم کردووە». کارکردن بەمنداڵی لەکۆگاو کارگەکاندا لەزۆربەی ڕۆمانەکانی نووسەردا دەبینرێ و پێدەچێ زۆر کاریان لەبیرکردنەوەو هەست و نەستی کردبێ. ئەمە سەبارەت بەژیانی منداڵی.

نووسەر ژیانی لاوێتیشی پڕبووە لە ئازارو مەینەتی،



دیکنز

هەرچەندە خێزانی پێکوەناوە، ژنی هێناوەو دە منداڵیشی هەبووە، بەڵام کێشەو ناکۆکیان زۆر بووە، بۆیە پاش بیست و دووساڵ هاوسەرێتی لەگەڵ کاثرینی خێزانی لێک جیابوینەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشی و ئازارانە، کەچی چارلز دیکنز نووسەرێکی سەرکەوتوو بووە. ئەو ژیانەی کە باسمان کرد، زۆر بەوردی لەرۆمانەکانی خۆیدا بەکاری بردوون و سوودی لێ بینیون. هەر ئەم ژیانەش وای لێ کردووە ببێ بە نووسەرێکی ریالیستی، خەڵکی ئەفسانەیی و سەرئاسای نەدەکرد شاکەسی رۆمانەکانی، بەڵکو خەڵکی رەشۆک و عەوام. بنچینەی ریالزمی دیکنز لەسەر هاوکاری و مرۆڤدۆستی و مرۆڤایەتی دامەزرابوو، داکۆکیشی لەمنداڵانی بێ چارەو لێقەوماو دەکرد، رەخنەشی لەنایەکسانی کۆمەڵایەتی و دیاردەی دزی و دەسبری دەگرت.

لەسەرەتادا بەرهەمەکانی بەزنجیرەو هەر جارەی بەشێکی هەفتانە، یان مانگانەی لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوەدەکردەوە، ئەمەش وای کردبوو لەلایەن خوێندەوارانەوە ناسراو و خۆشەویست بێ، چونکە خوێندەوارانی هەنگێ نەیانتوانیوە کتێبی گەورە بکڕن. نووسەر بیست و پێنج رۆمانی نووسیوە، کەسایەتی و کەڤاڵەکانی ناو رۆمانەکانی لەلایەن خوێندەوارانی، زۆر ئاشناو خۆشەویست بوونە، چونکە گێرانەوەی ژیانی چینی رەشۆکی کۆمەڵگای ئەوکاتی لەندەن بووینە.

نووسەر بەیەکێک لەکۆڵەگاکانی ئەدەبی ریالزمی ئینگلیزی دەژمێردرێ، چونکە لە رۆمانەکانیدا هەڵساوە بە لێکۆڵینەوەی ژیانی کت و متی رۆژانەی خەڵکی و هەروەها بەزمانی ئەم خەڵکەش نووسیویەتی.

بەمەبەستی پیشاندان و دەرخستنی مەینەتییەکانی منداڵی لەرۆمانەکانی دیکنزدا هەوڵ دەدەین سێ رۆمانی ئەم نووسەرە بخوێنینەوە، ئەوانیش (دێڤید کۆپەرفیلد) و (ئۆلیڤەر تویست) و (ئاواتە مەزنەکان)ن. لەبارەی رۆمانی دێڤید کۆپەر فیلدەوە نووسەر دەڵێ: «من ئەو کتێبەم لە هەموو کتێبەکانی دی خۆشتر دەوێ، باشترینیانە. وەکو زۆرێک لە دایک و باوکانی بەسۆز ئەو منداڵەی زیاتر جێگای خۆی لەدڵی مندا کردۆتەوە دێڤید کۆپەر فیلد»ە.

ئەم قسەیە دوو دەلالەتی هەیە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە نووسەر لەوانەیە ئازارەکانی منداڵی خۆی لە دێڤید بەرجەستە کردبێت، بۆیە لەهەمووانی زیاتر خۆش ویستووە. دەلالەتی دووەمیش ئەوەیە نووسەر دیارە زۆر گرنگی بە ئێش و ئازارەکانی منداڵان داوە زۆریش پەرۆشیان بووە، ئەمەش وای لێ کردووە منداڵی زۆر خۆش بووێ بە بەڵگەی ئەوەش کە خۆی دە منداڵی هەبووە.

لەم رۆمانەدا ژیانی دێڤیدی شاکەس (Hero) نموونەیەکە لە ژیانی منداڵانی سەدەی نۆزدەیەم، کە پڕ لە ئازارو دەردەسەری بووە. پێش ئەوەی چاوی بەدنیا هەڵێنێ، باوکی دەمرێت، هەروەک لەدەستپێکی رۆمانەکەدا، لەسەر زاری کەسی یەکەمی تاک، دەڵێ: «من لە بلندەرستۆن سەفۆلک لەرۆژهەلاتی ئینگلستان لەدایک بووم، ناوی باوکم (دێڤید کۆپەر فیلد)م دراییێ، لەبەدبەختی باوکم منی نەدیت، وەختێ دایکمی هێنابوو، زۆر لەدایکم گەورەتر بوو، باوکم شەش مانگ پێش ئەوەی من لەدایک بم، مردبوو، مردنی باوکم دایکە جوان و جحێڵەکەمی زۆر دڵتەنگ کردبوو، دەیزانی لەگەڵ ئەم کۆرپە تازەیەو ئەم بێ مێردییە ژیانی زۆر زەحمەت دەبێ»

لەم پەرەگرافەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە نووسەر تەنیا چیرۆکی بۆ منداڵان نەگێراوەتەوە، بەڵکو زۆر پرسیاری فەلسەفی و گفتوگۆی قووڵ دروست دەکات. لەسەر زمانی ئەم منداڵە نووسەر دەڵێ: کاتێک مرۆڤ دەهێنرێتە سەر دنیا، هیچ پرسێکی پێ ناکرێ، لەکوێ لەدایک بێ؟! حەزی لێیە بێتە سەردنیا، یان نا؟ کێ دایک و باوکی بێ؟ باوکی زیندوو بێ، یان نا؟ هەتا پاشان لەناو لێنانیش پرسی پێ ناکرێ! کەسانی دەوروبەری ناوێکی

بەسەردا دەبڕن و هەتا مردنیش ئەو جۆرە ژیانە و ئەو ناوەی لەکۆڵ نابێتەوە.

ئەمە پرسیارێکی فەلسەفی زۆر گەورەیە، باشە چۆن دەبێ بوون و ژیان، پاشان مردنیش هەر بە ئیرادەو ویستی خۆت نەبێ!؟

دێڤید تەمەنی دەگاتە هەشت ساڵان، دایکی مێرددەکاتەوە (مستەر مێردستۆن)ی ڕەزاگران و دڵڕەق و توندوتیژ دەبێتە باوکی. لە باسی بێ ڕەحمی و توندوتیژی ئەم باوکە دەڵێ: «لەژووری نووستنم قۆڵ بەستی کردم و بەداران کەوتە گیانم، ویستم هەرچۆنێ بێ کاریێ بکەم، دەستم گرت و گەزەیەکی توندم لێ دا، هاواری لێ هەستاو هەتاپێی کرا لێی دام.. بۆماوەی پێنج شەو و پێنج ڕۆژ لەم ژوورەدا دەرگام لەسەر توند کرا، کەسم نەدەدیت جگە لەخوشکی زڕباوکەکەم نەبێ کە خۆراکی بۆ دەهێنام، بەڵام قەت قسەی لەگەڵ نەدەکردم».

لێرەدا پێدەچێ دایکی کەوتبێتە دووڕیانەوە، یان ئەوەتا دەست لەخۆی بشواو واز لە هەموو خۆشیەکانی مێردکردن بێنێ و ژیانی خۆی پێشکەش بە کوڕەکەی بکاو جارێکی تر شوونەکاتەوە، تەنیا کوڕەکەی بەخێو و گەورە بکات، یانیش ئەوەتا خۆشی و ئاواتەکانی کوڕەکەی فەرامۆش بکاو خۆشی و لەزەتەکانی خۆی وەدەست بێنێ و شووبکاتەوە. دیارە چارەسەری مامناوەندی نەبووە، بۆیە بەناچاری ڕێگەی دووەمی هەڵبژاردووە. بەڕاستی بۆ دایکێکی جوان و جحێڵ، دووڕیانێکی سەختە، یان مێرد، یان کوڕ. هەرچۆنێک بێت، دێڤید بووە بەکەسی دووەم لەژیانی دایکیدا و بە پەراوێز کراوە، ئەم پیاوەش بەتەواوی کۆنترۆڵی دایکی کردووە. دایکێک هەتا نەیتوانیوە فرمێسکێکیش بۆ ئێش و ئازارەکانی کوڕە تاقانەکەی بڕێژێت، تا لەدواییدا ئەویش دەمرێت. ئەمجارەیان دێڤید بەتەواوی بێ نەوا دەبێ.

ژیانی لاوێتی شاکەسی ئەم ڕۆمانە، هەروەکو ژیانی نووسەر خۆی، پڕیەتی لەدەردو مەینەتی. پاش ئەوەی ژن دێنێت و ماوەیەک لەگەڵ ژنەکەی پێکەوە دەژین لەناکاو ژنەکەی دەمرێت، ئەم کارەساتە زۆر کاری تێدەکا و تووشی نائومێدی دەکا. ماوەیەکی کەم پاشتریێ، برادەرێکی منداڵی زۆر خۆشەویستی دەمرێت. ئەم دوو کارەساتە وا لە دێڤید دەکەن ماوەیەکی زۆر لەنێوان تارمایی مردن و ژیاندا ژیان بباتەسەر، دەڵێ: «لەگەڕانەوەم بۆ لەندەن و بۆ ژیانی کۆنم تارماییەکان دەوریان دابووم، زۆر دڵتەنگ بووم بەوەی خێزانە منداڵکارەکەم و برادەرێکی خۆشەویستی منداڵیشم لە

دەستدابوو، هەندێ جار وام هەست دەکرد دەمەوێ بمرم، ناچار ئینگلستانم بەجێ هێشت و ماوەیەک لە ئەوروپا گەڕام، لە خەوێکی ناخۆش وتاریک دەژیام و بێ ئەوەی هیواو ئاوات و حەزم لە داهاتوودا هەبێ...»

ڕۆمانی دووەم، کە دەمەوێت چاوێکی پێدا بخشێنم، چونکە پێویستی بەوە نییە بەدوای بگەڕێی، خۆی پڕیەتی لە ئێش و ئازارو مەینەتی منداڵی. نووسەر لەساڵی (١٨٣٧) دەستی بەنووسینی ئەم ڕۆمانە کرد، ئەوکات تازە ببووە باوک. لێرەوە بەدوا خەمەکانی دوو ئەوەندە دەبن هەر تەنیا خەمی یادەوەرە تاڵەکانی ڕۆژانی منداڵی نییە، بەڵکو تووشی ئەمری واقیع بووە و ئیتر دەبێ خەمی منداڵەکانیشی لەبەربێ. لەم بارودۆخە نالەبارەی ئینگلستان، سەدەی نۆزدەیەم، کە کۆمەڵ پڕیەتی لەباندی تاوانکاری و گرووپی دزو پیاو خراپ، چۆن منداڵەکانی ئاراستە بکات، هەر منداڵی خۆی نا، بەڵکو ئەو وەک نووسەرێکی ڕیالیست ئەرکی ئاراستە کردنی هەموو منداڵانی دەکەوێتە سەرشان. ئەمە یەکەمین ڕۆمان بوو کە نووسەر تێیدا لەدژی پیاوخراپانی (Evil)ی کۆمەڵگا بدوێ. باسی بێ بەزەیی و دڵڕەقی کارمەندانی هەتیوخانەکانی کردووە. لەلایەکی ترەوە بە وردی وێنەی تاوان و دەستبڕییەکانی باندە خراپە خوازەکانی ئەو سەردەمی لەندەنی کێشاوە؛ چۆن پیاوخراپان بە ئاسانی منداڵانیان بۆ ناو ژیانی تاوانکاری کێش کردووە، چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیان خراپەکاری و دزی گیرفانبڕییان پێ کردوون.

وەکو باسمان کرد. زۆربەی شاکەسی ڕۆمانەکانی نووسەر، وێنەیەکن لەسەردەمی منداڵی خۆی. لێرەدا ئۆلیڤەر لەسەر ژانی بوونی ئۆلیڤەردا دەمرێت، لە هەتیوخانە گەورە بووە، لەساڵەکانی سەرەتای ژیانی دڵڕەقی و بێ بەزەیی فەرمانبەرانی هەتیوخانە لەشوێنی سۆزو بەزەیی دایک و باوکی بووە. تێر بە زگی خۆی نانیان نەداوەتێ، چەندان شەو و ڕۆژی بەبرسێتی بەسەر بردووە. لە قۆناغی دووەمی ژیانیدا، پاش هەتیوخانە، بۆماوەیەک شاگردی مردوو شۆرێک بووە! دەبێ مردوو شۆری چ کاریگەرییەکی لەسەر دەروونی ئەم منداڵە هەبووبێ؟ ئاشکرایە کە گەورەکان لەم کارە دەترسن، دەبێ حاڵی منداڵێکی هەتیوی ڕووت و برسی چۆن بێ؟ بەڕاستی سەختە مرۆڤ شەوو ڕۆژ لەگەڵ مردوو و دارە مەیتەکان ژیان بەرێتە سەر! ئۆلیڤەر تویست لەم قۆناغەدا چرکە بەچرکە لەگەڵ ترسدا ژیاوە، تا لەکۆتاییدا هەلی بۆ دەرخسێ و بۆ لەندەن ڕادەکا. کاریگەری ژیانی منداڵی نووسەر کە پڕ بووە لە ترس و دڵەڕاوکێ، لێرەدا بەڕوونی

دیارە، ترس و مردن دوو ڕەگەزی سەرەکین کە هەمیشە لە هەموو ڕۆمانەکانی دڵەڕاوکێیان بەنووسەر کردووە و هەمیشە بە دوایەوەن و ئۆقرەیان لێ هەڵگرتووە. ئۆلیڤەر لە ژیانی ناو دارەمەتیان ڕزگاری دەبێ، بەڵام ئەمجارەیان باندە تاوانکارەکان لە لەندەن چاوەڕێیانە، کە دەگاتە شار بێ شوێن و دەرەتان سەری لێ دەشێوێ، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەکەوێتە داوی تاوانکارانەوە. پاش ئەوەی چەند دزیەکی پێ دەکەن، ئۆلیڤەر بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەمانە گرووپێکی پیاوخراپن دزی و گیرفانبڕی دەکەن، هەموو هاوڕێ منداڵەکانیشی بۆ پیرە شایلۆک کاردەکەن. کە ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، ڕادەکا ئەمجارەیان تووشی ماڵێکی چاک دەبێ و دەبێتە ناسیاوی گرووپێکی چاکەخواز. لێرەدا دەکەوێتە نێوان ململانێی گرووپی تاوانکاران، کە دەیانەوێ بیبەنەوە، گرووپی پیاوچاکەکانیش کە نایانەوێ جارێکی تر تووشی پیاو خراپان بێتەوە و پارێزگاری لێ دەکەن، لەململانێی ئەم دوو گرووپە نووسەر جموجۆڵێکی دراماتیکی جوانی دروست کردووە.

«ئاواتە مەزنەکان»یش ڕۆمانێکی تری چارلز دیکنزە، لەم ڕۆمانەشدا نووسەر لەژێر تیشکی ژیانی منداڵی خۆی، زەحمەتی و ئالیبەتەکانی ژیانی منداڵی پیشان دەدا. (پیپ)ی شاکەس ژیانێکی ئاڵۆزو پڕ مەینەتی هەیە، دایک و باوکی نەماون و لەلای خوشک و زاواکەی دەژی. خوشکەکەی هەر تاو ناتاوێک ئەوەی بەچاو دا دەداتەوە کە بەدەستی خۆی بەخێوی کردووە. پیپی بەستەزمان تاکە شوێنێ کە دڵی لێ بکرێتەوە ئەو گۆڕستانەیە کە دایک و باوکی لێ نێژراوە. لە خوێندنەوەی زۆربەی ڕۆمانەکان دەبینین مردن، یان ئامرازەکانی پەیوەندیدار بەمردن وجوودیان هەیە؛ مردنی ئازیزان و ژیان لەگەڵ مردوو شۆڕێک، یان لەگەڵ دارە مەیت و گۆڕستان. شاکەسی ڕۆمانەکان، کە بەزۆری منداڵن، نزیکترین کەسیان دەمرێ و پاشان لەخەماویترین ئەتمۆسفیردا دەژین. لەم ڕۆمانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە خەم و ئازاری منداڵانی خێزانە هەژارەکان لەوێوە دەست پێدەکات کە هەست دەکەن منداڵانی خێزانە خوا پێداوەکان ژیانیان لەوان چاکترو جل و بەرگیان باشترو ئاستی خوێندەوارییان بەرزترە. ئاساییە لای منداڵ کە هەژار و نەخوێندەوار بێ، بەڵام کاتێک منداڵانی دەوری خۆی ببینێت لە خۆی خوێندەواترن، دەوڵەمەندترن، ژیانیان خۆشترەو کێشەو گیروگرفتیان نییە، ئیتر منداڵی هەژاری قوڕ بەسەر، ئۆقرەو ئارامی لێ هەڵدەگیرێ، دەکەوێتە ناو خەیاڵات و بیرکردنەوە، بۆ ژیانی ئەو ئاوایە؟ دەبێ کێ وای دانابێ؟ بۆ ئەوان لەو خواپێدراوترن؟ ئێ خۆ ئەو چی لەوان کەمتر نییە؟ کاتێک لە بەراوردکردنی ژیانی خۆی و ئەواندا ئەم جیاوازییە فراوانە بەدی دەکا، خۆی زۆر بەکەم و غەدر لێ کراو دێتە پێش چاوان و شەرم دایدەگرێ، ئەمەش گەورەترین کارەساتە. لە ڕۆژانی ئەمڕۆشدا باندە تیرۆرست و خراپەکارەکان بە چاکی لاوازی ئەم خاڵەی منداڵانیان دۆزیوەتەوە، بۆیە دەبینین سوودێکی زۆریان لەمنداڵان و هەرزەکاران بینیوە، بەتایبەتی منداڵانی هەژارو کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان، توانیویانە لەزۆر کاری تیرۆرستی بەکاریان بێنن.

پیپ، بێ دایک و باوکی و ژیانی ژێردەستی خوشکی و هاودەمی لەگەڵ کێلی گۆڕەکانی زۆر پێ ئاسایی بوو، چونکە هەموو ژیانی ئەو لە چوارچێوەی خانووە شڕەکەی خوشکی و دووکانی ئاسنگەری زاواکەی و گۆڕستانەکە تێنەدەپەڕی، شوێنی لەمانە خۆشتریشی نەبینیبوو، بەڵام پاش ئەوەی ماڵی پیرێژنە هاڤیشالی دەوڵەمەندی بینی و ژیانی ئیستێلای ناسک و نازداری بینی، هەستی کرد بەخۆی لە چ مەینەتییەک دەژی. ژیانی خۆی و ئیستێلای بەراورد دەکرد، ئیستێلای جوان و خوێندەوارو لەکۆشکی هاڤیشام دەژی، خۆشی هەژارو نەخوێندەوار و ناڕێک. لێرەوە کارەساتەکە دەست پێ دەکات سروشتی مرۆڤ وایە؛ ئاساییە هەژارو نەخوێندەوار بی، بەڵام شەرمە لە کەسانی دەوروپشتی کەمتربێ.

خاتوو هاڤیشام داوا دەکا کە پیپ بێ لەکۆشک بژی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیستێلا یاری بکەن. کە پیپ دەچێ ڕووبەڕووی جەنگێکی دەروونی گەورە دەبێتەوە، دەبینێ ئەم خاتوونە هەموو کارێکی ئەوەیە کە ئازاری بدات، تێ ناگا مەسەلە چییە، ئێ خۆ ئەو چ کارێکی هەڵەی لەدژی ئەم خاتوونە نەکردییە، بەڵام دوایی کە ژووری ئەم خاتوونە دەبینێ، مەسەلەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوەو دەزانێ کە دەیەوێ تۆڵەی هەموو ڕەگەزی نێرینە لەم بکرێتەوە، چونکە کاتی خۆی پیاوێک وادەی پێداوە بیخوازێ، بەڵام پارەکانی بردووەو نەشیخواستووە، پیپ بەم جۆرە وەسفی ژووری خاتوو هاڤیشام دەکات؛ تاریک و خەماوی، خاتوونێکی دەوڵەمەندی تێدا دەژی لە ڕۆژی بووکێنییەوە تائێستا، زاواشی هەر نەبینیوە، بەجلی بووکێنییەوە هەر چاوەڕێیە. لەوەسفی ئەم پیرێژنەدا دەڵێ: «تێگەیشتم بەدرێژایی چەندین ساڵە هەر چاوەڕێیە، جلی بووکێنی زەرد هەڵگەڕاوەو گوڵەکانی قژیشی پووکاینەوە، نەخشەکانی سەرجل و بەرگەکەی زۆر کۆن بووینە. هەموو شتەکانی ژوورەکەی کۆن و مردوو بوون، تەنیا شتێک کە

له ژوورەکەدا دەبریقایەوە چاوەکانی ئەم پیرێژنە بوون، لەمنیان دەڕوانی».

پیپ بەحسابی خۆی هاتبووە ئەم کۆشکە بۆ ئەوەی ژیانی چاکتر بێ و ئاواتەکانی بێنێتەدی، کەچی ڕووبەڕووی ئەتمۆسفیرێکی خەماوی و پڕ ئازار بوو. خاتوو هاڤیشام دەیەویست تۆڵەی هەموو پیاوەکان لەو بکاتەوە و ئیستێلاش نازی پێ دەفرۆشت و ئازاری دەدا. لەناکاو پارێزەرێک پەیدا دەبێ و ئاراستەی ژیانی پیپ دەگۆڕی، لەڕێی خاتوو هاڤیشامەوە پێی ڕادەگەیەنێ کە ئەم پارێزەرە هاتووە و لەلایەن کەسێکی نادیارەوە هەموو خەرجییەکانی پیپ لەئەستۆ دەگرێ بۆ ئەوەی بچێتە لەندەن بخوێنێ و ژیانێکی خۆش بگوزەرێنێ. پیپ هەست دەکا دەرگایەکی لێ کراوەتەوە ئەم هەلە دەقۆزێتەوە و بۆ وەدەستهێنانی بروانامەیەکی بەرزو بۆ ژیانێکی پڕ خۆشی و شادی، بۆئەوەش بتوانێ بگاتە ئاستی ئیستێلای ناسک و نازدار، بەرەو لەندەن دەکەوێتە ڕێ. هەرچەندە نازانێ سەرچاوەی خەرجییەکانی لەکوێوە دێ، کە ئەمە تووشی نائارامی و دڵەڕاوکێی دەکات، بەڵام هەرچۆنێک بێ ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکات. لەباسی لەندەن دەڵێ: «هەموو خەڵکی ئینگلستان پێیان وابوو لەندەن شارێکی جوانە، من سەیرم پێ هات کە بینیم لەندەن شارێکی زۆر ناخۆش و ناشیرینە؛ شەقامی تەسک و تریسک و پیس، حەشامەتی زۆری خەڵک لە قونجە خانووی بچووک. لەگەورەیی ئەم شارە ترسم لێ نیشتبوو، لە سمیسفێلد بەو هەموو پیسییەی بازاڕی گۆشتفرۆشان حەپەسام، لە نیو گیێت پریزن پیرە پیاوێکی سەرخۆش شوێنی لەسێدارەدانی گرتووەکانی نیشان دام، بەسووک و سانایی پێی ڕاگەیاندم کە بەیانی چوار کەس لێرە لە سێدارە دەدرێن». ژیانی خۆشگوزەرانی لەندەن ئاواتە مەزنەکانی پیپی نەهێنایەدی، کەڤاڵە خەماوییەکانی ئەم شارە گەورەیە نەیانهێشت بە ئارامی بگوزەرێنێ. کاتێکیش زانی کە خەرجییەکانی لەکابرایەکی تاوانبارەوە بۆ دابین کراوە، بەیەکجاری ژیانی تێکچوو. بەبیری هاتەوە ئەوکاتانەی لە گۆڕستانەکەی دایک و باوکی ژیانی بەسەر دەبرد و ڕۆژانە ماوەیەک لەوێ دەژیا، ڕۆژێکیان تووشی گرتوویەکی ڕاکردوو بووە کە داوای خۆراکی لێکردووە، ئەویش لەترسان لەماڵی خوشکەکەی هەندێ خۆراکی دزیوەو بۆی هێناوە. ئێستا ئەو کابرایە لەئوسترالیا کاردەکات و ویستوویەتی پاداشتی بداتەوە، بۆیە ئەم پارێزەرەی ناردووە کە هەموو خەرجییەکانی پیپ بکێشێ.

لەکۆتاییدا، دیکنز وەکو ڕۆماننووسێکی ڕیالیزمی بنچینەی تراژیدیای مرۆڤ بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێنێتەوە؛ هۆکاری مادی و ئابووری، کۆمەڵایەتی، جیاوازی چینایەتی، ململانێی نێوان نەوەکانی، برسیەتی و هەژاری، هۆکارە سیاسییەکان، ئەو پێی وا نەبوو کە سروشت و هێزە شاراوەکانی دەرەوەی سروشت، یان ڕێکەوت و قەدەر فاکتەر بن لە تراژیدیای مرۆڤ. ڕۆمانەکانی چارلز دیکنز بۆ منداڵان نەنووسراون، ئەگەرچی زۆربەی پاڵەوانی ڕۆمانەکانی منداڵ بوون، بەڵام لە بەکارهێنانی تەکنیکەکاندا، یان لە زمانەکەی ڕا دەزانین کە ئەم زمانە تۆکمەیە هی منداڵان نییە. زۆر لە ڕەخنەگرانیش ئەمە بەخاڵی لاوازی ڕۆمانەکانی دیکنز دادەنێن، پێیان وایە ئەگەر لەکێشەی منداڵان بدوێ، دەبێ زمانەکەشی هی منداڵان بێ، بەڵام پێم وایە نووسەر لەبێ ئاگایی و نەزانی ئەمەی نەکردووە، بەڵکو ئەو لە گرفت و مەینەتییەکانی منداڵی دواوە بەزمانی گەوران بۆ ئەوەی گەورە بیخوێننەوە. لەلایەکی ترەوە دەبینین کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکانی دیکنز تەنیا خەیاڵاوی نین، بەڵکو زۆربەیانی لەواقیعی تاڵی ژیانی منداڵی خۆی هەڵێنجاوە، هەربۆیەش بوون بەهاوڕێی نزیکی هەموو خوێنەرەکانی نووسەر دنیایەکی خەماوی و پڕ لە مەینەتی لەدوای خۆی بەجێ هێشت، هۆکارو فاکتەرەکانی ئەو مەینەتییانەشی لەدوو توێی ڕۆمانەکانی پیشان داو نەوەی دوای خۆیشی گفتوگۆیەکی زۆریان لەسەر کرد.

**ژێدەر:**

**سێ ڕۆمانی**

**Charles Dickens**

**1- David Cooperfield.**

**2- Oliver Twist.**

**3- Great Expectations.**

# مانگەکان

سەباح ڕەنجدەر

ڕێبەندان
گیاندار

پەنجەرە لەکوێیە
شەقامی پڕ ڕەنگ و گۆرانییە سەرەتاییەکان
دڵمان بکەنە پەڕی شادمانی کوارگ
بەر لە ڕەنگی بەیان
گورگ لە قەفەس دابەزی
کۆتاییهاتنی شەڕی چل ساڵەی ڕاگەیاند
گوتی قسەم لەگەڵ برادەرەکانم کرد
قسەیان خستمە دەرەوەی گوێ
وەک گیاندارێکی چالاک بێرەدا ڕەتبوو
دەچووە بینینی هێرشبردنی
تۆپی بلیارد و ڕێوڕەسمی ئاهەنگسازکردنی
یاری باسکە و تێنس و خۆشڕۆیی تاڤگە

ڕەشەمێ
نەزانین
ڕوومەتی پڕ گۆشتی گیا و سۆزی شمشاڵ
بەخوێن بەیەکەوە بەستراون
نازانین
نە سۆزی شمشاڵ
ناوکی زەوییە
نە ڕوومەتی گیا
ناتوانین بیر لەم ڕاستییە نەکەینەوە
گیا و سۆزیش ئازار دەچێژن
لەناو ئازارەکانیاندا ئاسۆیەک
پشتاوپشت ناونووسمان دەکات
شیرە خۆرەیەک تێیدا
یاداشتی شێرپەنجەی مەمک دەنووسێتەوە
دڵێک جێدەهێڵێت و تێدەپەڕێ
دوو ناوکی ڕەشی سێوێک هەڵدەگرێتەوە

خاکەلێوە
پاشا
هاوارێکی تۆقێنەر
لەهێلانەی پەرێشانی حاجی لەقلەقەوە



بەرزایی چارەنووس هیچی پێهەڵناگەڕێ
شاریش نیوەی مردووە
پاشا لەشوێنی بەیەکگەیشتنی دوو هێڵی ئاڵۆز
لەشکری ڕاگرتووە
دڵخۆشییەکانی بنەماڵەی کۆکردوونەتەوە
سمپارە لەناڵی ئەسپەکەی دەدا
پاشان ماڵە هەژارێک کە منداڵیان بۆ نازێ
بەناوچەوانی خانووەکەیان دایدەکوتن
باڵندەیەکی مەمکدار
خەریکی هێلانە گواستنەوەیە
لاشەی بێچووە مرداربووەکانی
بەگوڵی داب و نەریت دادەپۆشێ

گولان

ئیرەیی

لەڕۆشنایی چاوێک بزربووم
لەتاریکی چاوێکی دیکە دیارکەوتم
ڕۆشنایی چاوی یەکەم
مرومۆچ کەوت و داما
تاریکی چاوی دووەمیش
لەسەمایەکی پڕ بەدڵ
هەردووکیشیان
چاوی جەستەیەک بوون
مەچەکەکانی پڕبوون لەکاتژمێری خەوتوو
پێویستی بەدیداری بەسۆز و کات نەما
چووە ناو دڵی دەستکردەوە
منیش گوێم دەبەمە ناو ئەو بارانەی
لەو دیو پەنجەرە دەبارێت و بەسەردانی
ماڵە خزم و ناسیاری سەرقاڵە

جۆزەردان

نیشان

لەسەر لێوی بەهرەمەندێکی
ناوچەوان بە نەخش و جەژنی جیهانی منداڵان
قەڵەمکێشی فڕۆکەیەکی نایلۆنم
وەک نیشان جێهێشت
لەفڕینێکی ئاشکرا
بووە زێدی بنەماڵەیەکی خانەدان
لە ئاڵووالایی ئەم نەوەخستنەوەیەدا
میراتی باخمان لەبەهەشت وەرگرت
دابەشی باخچەی ساوایانمان کرد
تۆپی یاری و فڕۆکەی نایلۆن و دەبدەبە بە هەواوە

ساکاری و یادگارین
ئێمە قەڵەمکێشی سروشتین
یادگاری و سادەییمان هەیە

پووشپەڕ

تارمایی

گێژەن خنکاوێکی لەخۆیدا نقومکرد
بەرەو کوێ
بۆ لای نازوفیزی کۆمیدیای هەڵەکان
هێلکە شەیتانۆکە و سەدەف بە دیارکەوتن
کەشتی لە بەندەری
ئەمبەر و ئەوبەری ئاو پشووی دا
چارۆگەی دەسەسڕی سەرنشینەکانە
کەشتیەوان
خوێندانی لەسەرخوان دانا و پەرداخی پڕکردین
زەنگوڵەی لەراندینەوە
نۆرە گەشتە
هەرکەسە و بە ئارەزووی خۆی
پیتە وردەکانی کتێبی چارەنووس دەناسین
ڕستەیەک لەکتێبی چارەنووس فریامان دەکەوێت
بەندەر بەدەنگدانەوەی مۆسیقا گەرمبووە
چاومان بە ڕووگەنماکانەوە
بێدەنگییەکی تەواو
تارماییەکی ئاسمانیی
بە شەپقەکەی زەردەواڵە لەخۆی دووردەخاتەوە
کەشوهەوا بواری پەڕینەوەی دەدا

خەرمانان

سمۆرە

کە ساد و ماندوو ئەو کەسانە نین
کە دەمرن
ئەو کەسانەن
پردی زێڕینی ژیان
دەیانپەڕێنێتەوە بۆ دانسێکی نابەدڵ
سمۆرە دەیزانی چ بەڵایەک ڕوودەدا
لەپەنجەرەی ئەلەمنیۆمی
نهۆمی دووەم پازیدایە
نهۆمی یەکەم
پڕ بەپێ ئەم ناوەی جێهێشت
بەڵام قەڵەمی دەست و پێی نەشکا
گای کێوی دوا هاوڕێمی کوشت
کەروێشکێکیش بڕستی لەتاژی و ئەسپێک بڕیووە

گەلاوێژ

نووسین

شەوان خەرمانێک نووسین
کە لە سێبەری بەیانیان نووسراون
دەخوێنمەوە
لەخاڵی سەر پیتی یەکەمین ڕستەدا
چاوی مراوی پیشاندەدەم
چاوی پشیلەش
بە بەخیلییەکی زۆرەوە دێتە پێشەوە
تۆوی دەستێک دەوەشێنێ
کە هێڵی خێری تێدا ئاڵۆزبووە
قەرەباڵغییەک لەناویەکدا تێکدەسووڕێن
نیگایان کەوتوون
جاویدانەکان نابینن کە تێدەپەڕن
ڕاوچیش کە دێنەوە نێچیریان لێوەرناگرن

ڕەزبەر

یاد

سروشت قسەی لەگەڵ خۆیکرد
کێڵگەیەکی بەخشندەم
سەرسامییەکان ڕووەکی بەپیت و فەڕی مێن
هەڵەیەکی زۆر کوشندەی
کە هیچی تێدا ناگوترێ
نمە و ڕێژنەیە
هەور لە نوێژی داباریندا
یادی هەموو زەوی و زەویدۆست دەکات
یادەوان گۆلی لە ئاوی ژێر گوڵەکان پڕە
دەمی لێنزیک دەکاتەوە
چاویشی لەشێوەی
ناسک و بێباکی هەڵووژە نقومبووە
ئەسپ یارمەتی ڕزگاربوونی دەدا

گەڵاڕێزان

گۆڕستان

زیرەکییەکی تایبەتی هەبوو
تاکە شوێنێک کە دڵی پێدەکرایەوە
ئەو گۆڕستانە بوو
لە بۆنەکاندا گوڵی دەبردەسەر گۆڕەکانی
گوڵ و گوڕ دەبوون بەناوی هەموو شتێک
چاوەڕوانکراو

ئەی فرمێسکی دوای توورەیییەکی تەنک
ئەم ناوە لەچوارچێوەی خەیاڵێکی پڕ ئاخاوتن
بەرزماندەکاتەوە و نەوەمان دەلاوێنێتەوە
لەمڕۆ بەملاوە
گوڵ و گوڕ بیرەوەری و ئارەزوومانن
سێبەرێک کە تێن دەبەخشێتە نامەنووسین
لەماڵەکەماندا سرەوت دەگرێ

سەرماوەز

ڕستە

چەترە زەنگوڵدارەکەم هەڵدا
چوومە بەر نمە بارانەکەی
جیقنەی منارەی مزگەوتەکانی
بەرەو زێراب دەبرد
باران هەموو جوانی گەڕاندەوە بەرەو کۆتاییییەکان
لەفلچەی ئەو شێوەکارە کردییە ئەفسوون
کە قاوەی بە نمەباران لێدەنێ
هەڵمی دەنیشێتە سەر زمانی
مێوانی ناو ڕەنگەکانی دەروونی
نائومێدی لەقسەی دەبێتە
ڕستەیەکی بە سوودو ئاگادارکردنەوە
لە دامێنی تابلۆکانی دەینووسێ
لە مێژوو بترسێن

بەفرانبار

لەدایکبوون

ڕۆژی کەوتنە دووریانی بوو
بە ئارەزوویەک کە ئاگر تێیدا
ڕەنگی دەدایە شکۆی تاج
گەڕایەوە
مێز و کورسی و ناوماڵی
داوای هەنگاونانیان دەکرد
بڕۆین بە ئاوات دەگەین
بە پەنجە بەهێزەکانی داوی چل مۆمی خاوکردەوە
تەلی شخاتەی گەرمبوو
هەموو جوانییەکی وەکو ڕێگا دانابوو
لەڕۆژانی دیکەدا پێیدا بڕوا
پێش ئەوەی مورەبای میوە بڕسکێ
ڕوخسارەکان خۆیان دەناسێنن
مۆمەکانیش دەگریێن
فیشەکی جوانیی لە چیمەنی فێنکی مێشکی چنی

# خەونەکانی مردن

ناڵە حەسەن
(کەنەدا) - ٢٠٠٣

من گەشتێکم کرد
پڕاوپڕ بوو لەسنەوبەرە سەربڕاوەکانی دۆزەخ
پڕاوپڕ بوو لە هەورە تریشقەکانی مەرگ
لەخەونە بازنەییەکانی ڕووناکی
پرسیارێکیشم پێ نەبوو بۆ گەڕانەوە!
نەمدەزانی نیگاکانم لەمەنزڵگەی
چ شەپۆلێک چ باڵندەیەک هێور دەبنەوە؟
بەپانتایی شەقامەکان لەنێو خەیاڵە ونبووە بەرائەتیەکانی
گوناه دەسووڕامەوە
خۆم و توورەگەیەک لەڕەنگە جوانەکانی شیعرو
بوتڵێک شەراب و هیچی تر.
من بوخچەیەکی نەکراوە بووم
پڕاوپڕبووم لەنهێنی ماسوولکە سپییەکانی بەفر
پڕاوپڕ بووم لە ئەگریجە نەسیمیەکانی خۆرەتاو
بەئاوازە گێلاسەییەکانی سروشت
بێشکەی مێژووم ڕادەهەژاند.
من لەگەڵ شەوە جوانەمەرگبووەکانی بەهار ڕۆیشتم
بەو خەیاڵەی تا ئەبەد جارێکی تر وێنەی بتە شکاوەکانی
«با»
نەکێشمەوە و
چیتر ڕوخسارە فرمێسکاوییەکانی شکستەکانم
نەبینمەوە.
ڕۆیشتم/
خۆم لەنێو دارەبازە ئەستێرەییەکانی قەدەر بینیەوە
تاوتاو لەڕۆشنایی گەڵا هەڵوەریوەکانم دەڕوانی
بۆ نێو قووڵایی زیکرە هێمنە شەوانەییەکانی ئاو
شۆڕدەبوومەوە
جارجار گوێم لەسەمفۆنیایەک دەبوو، هەستم دەکرد
هەموو دەمارەکانی جەستەم خاو دەکاتەوە و پێڵووی
چاوەکانیشم
بەسەما دەهێنێ
دەستەکانم دەبنە دووباڵی ئاوریشمینی بۆ فڕین و
هەنگاوەکانیشم لەگەڵ چرکە گەرمەکانی شەو
ئاوێتەی نێوناخی یەکتری دەبوون
هەندێ جاریش لەبنار کێوە سەخت سەختەکانی ئەڤین
بەدیار سفرە ڕەنگاوڕەنگەکانی «با» گۆرانیمان دەگوت
لەنێو مەمکۆڵەکانی زەمەن لەسەر خۆشبوونی هەورمان
دەڕوانی
ئیدی لەو ساتە ڤینۆسیانەدا.
من پەرتبوونەکانی خۆمم بیرچووبووەوە
نەمدەزانی من ئەو مرۆڤە هەڵا هەڵایە دڵ شەقار
شەقاربووەم
کە هەر پەنجەیەکم لە ئۆقیانووسێک و هەر گۆشەیەکی
دڵم لەمەملەکەتێک بەجێماوە.
بەتەنیشت دارستانێکی خەوتوودا تێپەڕیم
گوێم لەناڵە ناڵی کێڵگە خەملیوەکانیش دەبوو/



بەدەم وەنەوزی مەرگەوە، ئایەتی گزنگە سەحەرییەکانی
بوومەلەرزەیان دەخوێند.
ڕۆیشتم/
خۆم و خەیاڵە برووسکەییە مەشخەڵاوییەکانی گەنجێتیم و
چەند یادگارییەکی یاداشتکراو بە پێنووسەکانی ئاو و
هیچی تر
هەموو/
پێدەشتەکان و بیابانەکان و ئۆقیانووسەکان و
کیشوەرەکانم بڕی
بۆ دواجار/
بۆ ماسیەکان و پیرە دار هەنجیرەکانی نێو گەڕەکە هەژار
نشینەکانی ئاگرو بۆ ئەو کچۆڵانەی.
لە ئاهەنگی ماڵئاواییم مۆمیان بۆ داگیرساند بووم،
نووشتامەوە!
بۆ ئەو شەقامانەی.
دووگمەکانی سوخمە پەمەییەکەی خۆیانیان بۆمان
دەترازاند
بۆ سەدە بریندارەکانی نێو ماڵە تاریکەکەم
بۆ هەیکەلی.
ئەو فەیلەسووفانەی بە بەرچاوی خۆمەوە سووتێندران،
نووشتامەوە!
بۆ دواجار ئاوڕێکم بۆ دواوە دایەوە بینیم
لەشکری/ مردووەکان و ژنە مەمک براوەکان و پیاوە
کوێرەکان و
منداڵە «دڵ شووشەکان»*
هەر هەموویان بەدوامەوە بوون
نەمتوانی چیتر ڕێ بکەم/
بەهەمان ڕێگەی خۆمدا گەڕامەوە..
هەموو مەمکە فڕێدراوەکان و چاوە هەڵکۆڵدراوەکانم
دۆزییەوە
مەمکەکان/ هەروەک جاران گەرم بوون
شێوەی پەنجەکانم و پەڕەی گوڵی لێوەکانمیان بەسەرەوە
مابوو
ئای کە جوان بوون/ لەباڵا خوداوەندییەکەی
(ئەفرۆدیت)**
جوانتر بوون.
چاوەکانیش بەنیگایەکی نەرمەوە لێیان دەڕوانیم
وام هەست دەکرد گلەییم لێ دەکەن و دەڵێن
کەی وادەی مردنی ئێمە بوو کەی
ڕۆشنایی دڵە شووشەکانیش لەژێر پنجە گیایەکان
خۆیان حەشاردابوو.
گەڕامەوە و دووبارە.
کێڵگەکان و دارسنەوەبەرەکان و هەموو دەریاکان و
کیشوەرەکانم
بینییەوە!
دووبارە.

هەموو مۆزەخانەکان و گۆڕستانەکان و گومبەزەکانم
بینییەوە
ڕەنگی ڕەشماڵەکان لەقژی ئەو کچۆڵانە دەچوو.
کە لە ئاهەنگی ماڵئاواییم مۆمیان بۆم هەڵگیرساند بوو
گەڕامەوە نێو ماڵە تاریکەکەم
لەشکری/ مردووەکان و ژنە مەمک براوەکان و پیاوە
کوێرەکان و
منداڵە دڵ شووشەکان هەر بەدوامەوە بوون.
هەموو دەرگای ژوورەکانم بۆ کردنەوە
ژوورێک پڕاوپڕ بوو لە ئەلبوومەکانی منی منداڵ
ژوورێک پڕاوپڕ بوو لە ئەلبوومەکانی منی لاو
ژوورێک پڕاوپڕ بوو لە ئەلبوومەکانی منی عاشق
ژوورێک پڕاوپڕ بوو لە ئەلبوومەکانی منی باوک
ژوورێک پڕاوپڕ بوو لە ئەلبوومەکانی منی مردوو
بە/ گۆشە بەگۆشەی یادگارییەکانمدا هاتمەوە
ساڵ بەساڵ و مانگ بەمانگ و ڕۆژ بەڕۆژ گەڕامەوە دوا
تاوێک لە ساتە خۆش و ناخۆشەکانم ڕوانییەوە
لەمردن و لەدایکبوونەکان و جەنگەکان و جێ ژوانگە پڕ
ترسەکانی
شەوانم ڕوانییەوە
لەشکری/ مردووەکان ژنە مەمک براوەکان و پیاوە
کوێرەکان و
منداڵە دڵ شووشەکان هەر بەدوامەوە بوون.
ژوور بەژوور، گۆشە بەگۆشە
ساڵ بەساڵ
چرکە بەچرکەی تەمەنی خۆمم بەسەرکردەوە
دواجار.
لەو ژوورە گیرساینەوە کە پڕبوو لە ئەلبوومەکانی منی
مردوو
لەدەروازەی چاوەکانی منی مردوو چووینە ژوورەوە
شەقامەکان رووناک ڕووناک
شەوەکان پڕ تریفەو دیمەنەکان دڵڕفێن و
بەیانیەکان پڕ لە خەندەو
دنیایەکی جوان بوو نێو چاوەکانی من!
چوومە نێو ساتە لاشعورییەکانی ئەوسای خۆم
بەرائەت و
پێکەنین و گریانەکانی خۆمم بەڕووتی بینیەوە!
نامە دڵدارییە سادەو خنجیلانەکانیشم بینییەوە
کە لەنێو دەمارەکانی عاتیفەم هەڵگیرابوون
بەرەو گۆشە سپییەکانی دڵم ئۆغرمان کرد
دنیایەکی ئێجگار گەورە بوو دڵی من
ڕۆژهەڵات بەگەورەیی خۆی لە وێنەدرێ لێی ڕاکێشابوو
لاپەڕەکانی خەونەکانم هەڵدایەوە
لەنێو منداڵدانی خۆزگەکانم/ مەراقە گەورەکان و
ئومێدە تازە پشکووتووە خنکێندراوەکانی خۆمم
بینییەوە.

وێنەی ئەو کچانەی خۆشم ویستبوون.
بێوەژنەکان و کوڕو کچە لەشفرۆشەکان و
شێتە ناسراوەکانی شارو هەر هەموویانم بینییەوە.
هەزاران هەزار بوخچەی نەکراوەی ڕەنگاوڕەنگ
یەکێک پڕاوپڕ لەشیعری نەنووسراوە
یەکێک پڕاوپڕ لە خەون و مەراق و ئومێد
یەکێک پڕاوپڕ لە خۆزگەی منداڵانە
یەکێک پڕاوپڕ لە برینی ئەڤینی
یەکێک پڕاوپڕ لەحەزەکانی سێکسی
یەکێک پڕاوپڕ لەخەمەکانی تەنیایی
یەکێک پڕاوپڕ لەنامۆیی و غوربەت
ئاخ ئەلبومەکانی منی مردوو
چۆن من و لەشکری مردووەکان و ژنە مەمک بڕاوەکان و
پیاوە کوێرەکان و منداڵە دڵ شووشەکان و...
هەر هەموومانی هێنایە گریان!
ئێستا لەوە تێ دەگەین/
بۆچی مردنەکانی ئێمە بێ دەنگی بە ڕووبارەکان و
ڕەشی بەشەوەکان پۆشیبوو!
ئای کە تاوانبار بووین/
نەمانتوانی، لەنێو بەلەمەکانی باران ئۆقرە بگرین
ئێستا/
لەزیکرە بەردەوامەکانی ئاو و
لە سروودەکانی ڕەشەبا... و
لەشنەبایە خامۆشەکانی ڕووناکی و
لەخەونە ڕەنگاوڕەنگەکانی مردن/ تێ دەگەین
ئێستا لەنهێنی/
بریسکانەوەی قژە زەردە زێڕینییەکانی پایزو
لەگۆرانییە پڕ نەغماوییەکانی بەیانیان و
سەمای هەڵمە گڕگرتووەکانی هاوین و
لەهەڵوەرینی برژانگە نەرمەکانی گوڵ/ تێ دەگەین
بۆیە بڕیارمان دا هەر لەوێندەرێ.
لەنێو ئەلبوومەکانی منی مردوو بمێنینەوە
دیسانەوە شۆڕش بکەین
تا ئەوکاتەی/ باڵندەکانی ئارەزوومان
بەڕەهایی ی ی ی
لەئاسمانە شینەکانی خەون و
خەونە خۆشەکانی خەیاڵ و
خەیاڵە گەرمەکانی خۆشەویستی
لەشەقەی باڵەکانیان نەدەن/ نەگەڕێینەوە!



* لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا)ی «بەختیار عەلی» وەرگیراوە.
** لە ئەفسانەی یۆنانی کۆن/ ئەفرۆدیت خودای بەزم و لەزەت و سێکس بووە.

# بۆ گوندێ خاپورێ من

ئەسکەندەر سەلیم مزویری
(دهۆک)

«دژمنۆ کەڤنە گوندێ من بۆچی تە ئاگر بەردایێ
کوندەپەپوو لێ دخوینیت دەنگێ کەسێ یێ لێ نایێ»
«هاشم»

ئەڤ شەڤە
ئەزو پێنڤیسێ خۆ
بەرەنگاری فیغانە شکوفە ژانەکا
دەڤ بێنی بووین
دەستێن خۆ دپرچا خۆ ئالاندبوون
ب مەندا ملا دکێشا
بۆ چەند چرکا لیم ژ چاڤا ڤەنەدبوو
هەواردکر
ئەڤ کاروانێ کولیا بۆری
رۆژ نەهێلا
دناڤ لاندکێدا
دایک لایەلایێ بۆ بێژیت
دناڤ باغێ گوندێ مندا
جوکێن خوینێ چێکرن
هەر مالا یار تێدا
لبەر دەرگەهی دسەکنن
ها بۆ تە یار
خوین ب ترار
ئەڤ یەئجوجو و مەئجوجن
گیانێ دار سماقێ
دولاتێ ئالتونی دا دچینن
کەزیێن ئاڤیڤانێ
بۆ (حەجاجی) ب دیاری دبەن
گوهێن ڤێ ژی
بۆ ژبەرکرنا سترانا شامی
مرن شامی کوشتن شامی
یەخما دکەن و دبەن
نەء نەء، رەهێن دناڤ کونێن دیواری
ب سەر زکی نەکێشنەدەر
گۆڤەندا تەڤنێ داپیرا من
ب خەنچەرا نەپرچینن
ئای چ زەمەنەکێ دوبەندییە
(بەرێن دەستی رەش بوون
تاما دەڤی خۆش نابیت)
بلا بەس بیت دویر نەفرن
هنگوچ ژ پرچا من دڤێت
بۆ خوینا کێ ددەنەڤە؟
چ ژ کراسێ من دڤێت
ل سەر چ شانۆیێ پێ دکەتنەڤە
کاروانێ تیرو مەتالێن خۆ بوەستینن
هەتا کەنگی
ژبەر ژینا خۆ
گولێ لبن پێن خۆ دگەڤزینن
خاپورێ گوندێ من هەمی رۆژێ
ب رەنگترین کابوسێ دنەخشینن
ئاڤا کانیکێن زەلاڵ
بۆ ناڤ زکێ چیادا
دزڤرییننە ڤە
سمۆرێن سەردار کویزا دکوژن
بەری هەلاتنا ئەلندێ
زارۆیێن وان
ل هیڤیا گویزانە بکەلوژن
دوهی ئەڤ و ئەڤرۆ هنگو
سوبەهی بەر سەر یەک دانان
ما بەس نییە هەتا کەنگی؟
دیرۆکا مازیکێ دسوژینن
رێیا ژینێ لێ بەرزە دکەن
نە ب هەوارا نە ب گازییا ناگەهنێ
ب مرنێ و ب چەپەرا ژی ناڤەبینن

# ١٨ + ٨١ = ٩٩

**شەونم زەندی**



له سێبەری ترووسکه ونەکانەوە
دەوارێک بۆ ڕۆحه سپییەکان
له بەدەنگبوونی «چەپکه وشەیێ»
«چڵه خەمێک» بۆ مانگ له تەنیایی
له فەنابوونی ڕەنگەکانەوە
سووڕانەوەی وەرزەکان
هەگبەی ساته خاڵییەکان له ئاسوودەیی
هەنگاوی تەمەنێ له ناهیوایی
هەناسەی وشەکانی خەمه شیعرێ
چەندان تروسکه له «خەون و خۆزگه» بەخۆ دەگرێ
له «کۆنووسی ئێستەکان»
هێندەی هەناسەیەک بۆ ئاهێکی سەرد؛
هێندەی چاوێک بۆ نیگایەکی پڕ ڕوانین،
نغرۆ بوونێکن لەنێو جوغزی نائاگایی
لەنێو ئەم هەموو فەنابوون و نغرۆبوونانەدا
پێم وایه
لەو سەری دنیاوە هاتووم
تا له درزه بچووکەکانی شووشه شکاوەکانەوە
ئەو پەڕی دنیا بەدی بکەم
تنۆکه ئەشکه کریستاڵییەکان
له پرژەی چاوی ئاسمان
لەسەر ژمارەکانی «هەشتاویەک و هەژدە»ی
هێڵەکانی لەپی هەردوو دەستم هەژمار دەکەم
کۆکراوەیەکن له «نەوەدونۆ» ناوە ئەزەلییەکانی خوا
له سێبەری شەونوێژێکا
نەوەدو نۆ «تریفه گزنگ»
له «زیوینی مانگ و
ورشەی چاوی خۆر»
دنیایەکن ناکۆ له جوانی جوانییەکان
نەوەدو نۆ «چەپکه تیشک»ی هیلالی و
«گورزه نیگای» ئاسۆی
پەخشی عەشق و پەخشی میهرن دادەڕژێنه نێو ڕۆحەکان.

# پردی ئابڕوو

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

هەست بە پەستییەکی لە ڕادەبەدەر دەکا. گڕی پەشیمانی وەک پیو هەڵیدەچۆقێنێ.

لەخۆی وەڕەزەو دڵی تێکەڵ دێ. بۆنێکی توندو ناخۆش سنگی پڕ کردووە. هەرچی زۆر بۆ مێشکی خۆی دێنێ، ئەو بۆگەنەی تا ئێستا هەست نەکردووە. هەر دەڕواو لاتراسکە دەبەستێ. هێزی ئەژنۆی نییە، چاوی لەڕەشەوە دێ. کزەبای پایزی جەستەی تەزاندووە. دەست وپلی گۆناکا. لاقی وەختە هەڵوەرێ. تا قولاپەی لە قوڕو لیتە هەڵکشاوە. چەند هەنگاو دەنێ و بەبێوازی ئاوڕێک دەداتەوە. دەترسێ شێتە لەخەو هەستێ و وەدووی کەوێ!! لە ماڵەکانی قەراغ شار نزیک بۆتەوە، کۆڵانێکی پڕ لە قوڕو لیتە زاری بۆ داپچڕیوە. چەند شەقاوی تری هەڵێناوەو کۆڵان هەڵیلووشی! دڵە کوتەکەی کەمتر بۆتەوە. بەڵام خەمێک دڵی دەگوشێ. جارجار خەریکە پشووی ڕاوەستێ. لەهەنگاوێکدا بێزی لەخۆی هەڵدەستێ و لەهەنگاوێکی تردا بەهەقی خۆی دەزانێ!! لە دڵی خۆیدا دەڵێ:

«ئەگەر نەگەڕابامەوە بۆ دەواکان، ئەو دیمەنەم نەدەبینی. قەت چاوەڕوانی ئەوەم لێی نەبوو. لەدەمی هەزار کەسم ببیستایە باوەڕم نەدەکرد. بە خەونیش بیرم بۆ شتی وا نەدەچوو...»

لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا فرمێسکێک لەچاوی دەتکێ، مردن بە ئاوات دەخوازێ. لە دەرگای ماڵی دایکی نزیک بۆتەوە. سەری هەڵێنا، بەردەرکە قەرەباڵغە، یەک دێتە دەرێ دوو دەچنە ژوورێ. چەند کەس لەبەردەرکە وێستاون. هەموو چاویان تێبڕی. نیگایان پڕە لە پرسیار. لە ترسی چاویان زوو سەری داخستەوە. چاویان لەسەر لاق وقولە قوڕاوییەکەی گیرسایەوە. خۆی کرد بەحەوشەکەدا. دەنگی گریان وشیوەن ئەوەندەی دیکە تاساندی.

نەیزانی چۆن بە پاڵەپەستۆ دڕی بەکۆڕی ژنان داو خۆی کرد بە ژوورەکەدا. مەیتێکی دی بەرماڵێکیان پێدادابوو. لەگەڵ هاواری دایکەڕۆ، خۆی بەسەر مەیتەکەدا کێشاو لە هۆڕژنی گریانی داو هەرچی کوڵ وکۆی لە دڵیدا بوو، هەڵیڕشت.

ئێستا دووخەم دڵی خستۆتە گێژەنەوە.

– «تا نیو سەعات لەمەوبەو هەرچاوەڕوانی تۆی دەکێشاو بەدەم گیانەڵڵاوە ناوی تۆی لەسەردەم بوو، نەدەکرا تۆزێ زووتر بێی؟»

پوری بەدەم گریانەوە ئەوەی گوت.

گڕی خەمەکەی ئەوەندەی دیکە بڵێسەی سەند.

نان و چای بەیانیان خوارد. بە هاوسەرەکەی گوت:

– «ئەوە دەچم سەرێکی دایکم دەدەم. بێچارە هەردێ و نەخۆشییەکەی توندتر دەبێ.»

ئەویش بەڕوویەکی ناخۆشەوە گوتی:

– «باشە بچۆ، ئەگەر توانیم منیش دێم، تۆ بڕۆ؛ بەڵام زۆریش چاوەڕوانم مەبە.»

بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە لە دەرگاکە هاتە دەرێ. بەڵام ئەو، نیگایەکی ساردو بزەیەکی ماناداری بەدوایدا بەرێ کرد.

کۆڵانەو کۆڵان ملی ڕێی گرت و گەیشتە سەر شەقام. لەپێش ئەوەوە، ژن و



پیاوێکی لاو شان بەشانی یەک دەڕۆیشتن و بەدەم ڕێوە دەتریقانەوە. چاوێکی پڕ لە ڕازی لێکردن و سەری داخستەوە. خەیاڵ هەڵیگرت.

«لە مەدرەسە هاتمە دەرێ، وەک ڕۆژانی تر لەسەر شەقامەکە بەیەک گەیشتین. دیداری ئەو ڕۆژەمان جیاواز بوو. ڕۆژانی تر هەر بەنیگا لەگەڵ یەکتر دەدواین، بەڵام شەوی پێشوو بە تەلەفۆن زمانمان کرابۆوە. شان بەشانی یەک کەوتینەڕێ، زمان و خەیاڵمان تێک هاڵابوون. وشەی خۆشەویستی و ئەوین لەسەر زمان و لەنێو دڵماندا شەپۆلی دەدا، ئەوینەکەمان هێندەگەرم بوو، ئەگەر ڕۆژێ یەکترمان نەدیتبایە، ئۆقرەمان نەبوو.» لە ژن وپیاوەکە زۆر نزیک ببۆوە، تەنانەت گوێی لە قسەکانیان بوو. پیاوەکە بەژنەکەی گوت:

– «پێم وایە مردنیش ناتوانێ من وتۆ لەیەک دابڕێ.»

مردن...! ئەو وشەیە لە گوێیدا دەنگی دایەوە.

«چەند مانگ دوای زەماوەندەکەمان بوو، دەستم کردە ملی و پێم گوت:

– بڵێی لە ئێمە بەختەوەرتر- ژن و مێردێکی تر- هەبێ؟

– هەیە زۆریشە، هەموو ژن و مێردێک دەبێ یەکتریان خۆش بوێ.

– یانی تۆمنت زۆر خۆش دەوێ؟

– لە گیانیشم زیاتر، بێ تۆ ژیان مردنە، مردن...»

سەری هەڵێنا، ژن و پیاوەکە بەکۆڵانێکدا لایان دا.

«بە ئاواتەوەم ڕۆژێ لە گەڵم بێتە دەرەوە، جارێک بچینە سەیاحەت، بەڵام، لەوانەیە ئەو ئاواتە بەرمە ژێر گڵ. نازانم بۆ کتوپڕ وای لێهات، ئەو هەموو خۆشەویستییە کوێرا وشکاوی هات؟!»

بە دیتنی تابلۆی دەواخانە لەجێی خۆی وشک بوو. وەبیری هاتەوە، دەواکانی دایکی لەبیرچووە. بە هەڵە داوان بەرەو ماڵ گەڕاوە. دەرکەی کردەوەو چووە حەوشە. بەرەو پێشخانەکە ڕۆیی، جووتێ کەوشی تری لێبوو! تەزوویەک بەدڵیدا هات!! بە ئەسپایی دەرگای هۆڵەکەی کردەوەو چووە ژوورێ. شەقەی ماچ و مووچ و قاقای پێکەنین ماڵی پڕکردبوو. پەنجەرەیەک لەبەینی هۆڵەکەو وەتاغەکەدا بوو، چووە بەر پەنجەرەکە، لە کەلێنی پەردەکەوە نێو وەتاغەکە دیاربوو، چاوی بە کەلێنەکەوە دووری. وەهەناسە بڕکێ کەوتبوو، هەرجاری شەقەی ماچ دەهات دەتگوت بەکوتک بەسەریدا دەدەن. تریقەی پێکەنینەکەیان دەتگوت گوللەیە جەرگی دەسمێ. وەک شەقشەقە دەلەرزی. ڕقێکی ئەستوور گەرووی ڕێک دەگوشی چەند جار ویستی هاواربکا، بەڵام خۆی خواردەوە. لە کەلێنی پەردەکەوە جووڵەیەکی بینی. تلێکیان خواردو هاتنە بەرچاوی. هەردووکیان ڕووت وقووت بوون. ئەگەر بیتوانیبایە، لەوکاتەدا هەردووکیانی بەددان هەڵدەپچڕی ئیتر چاوی هیچ کوێی نەدی. بەرچاوی تاریک بوو. تاسێک بەسەریدا هات و کەوت بەعەرزدا. هەستاوە پاڵی دابەدیوارەکەوە. دڵی وا بە پڕتاو لێی دەدا، دەتگوت دەیهەوێ سنگی کون کات و بێتەدەرێ. کاژەڵاکی سەری وەختەبوو بتەقێ، خەیاڵ ڕۆحی کردبوو بە مەزراق و پیرانی پێ بەستبوو. ئیتر نەیتوانی خۆی ڕاگرێ، تاهێزی لەبەردابوو قیژاندی و بەرەو دەرگاکە هەڵات.

دەرگای هۆڵی شەق پێوەدا. دوای چەند سات دەرگای پێشخانەو پاشان دەرگای حەوشە. یەک وچان تا چەند کۆڵان هەڵات. هەناسەی سوار ببوو. پاڵیدا بەدیوارێکەوە، تۆزێ پشووی هاتەوە سەرخۆ، هەڵترووشکا. مێشک وخەیاڵی وەک خولخولە هەڵدەسووڕان. بیری تۆڵە لەمێشکیدا ڕەگاژۆی کردبوو. بیری فڕی.

بۆ تاکسی ڕاوەستاوە، تاکسییەک هات، سواربوو. هەرچی زۆر بۆخۆی دێنێ، ناتوانێ دەریبڕێ. دەڵێی زمانی بە مەلاشوویەوە دووراوە. دڵی وا لێدەدا جەستەی لەگەڵیدا دەلەرێتەوە.

– «دادەخانم بۆ کوێ تەشریف دەبەن؟»

شۆفیری تاکسییەکە پێی دەڵێ.

داچڵەکی. قرچەپێ هەستا. بەرەو شەقام وەڕێ کەوت. لە قەراغ شەقامەکە وێستا.

چەند تاکسی خاڵی بەبەردەمیدا تێپەڕین، هەرچی زۆری بۆخۆی هێنا، نەیتوانی دەست بەرز کاتەوەو سواربێ. سەرەوژوور هەڵکشاو گەیشتەپارکی شار. خشپەخشپی گەڵای زەرد لە ژێر لاقیدا ئەوەندەی تر مێشکی ئازار دەدا. پارک چۆڵ و هۆڵ بوو. لەسەر سەکۆیەک دانیشت.

فرمێسک لە چاویدا قەتیس مابوو. زوو زوو هەنیسکی دەداو سات لەدوای سات خەیاڵی تۆڵە زیاتر مێشکی دادەگرت. بەڵام نەیدەزانی چۆن تۆڵەی خۆی بکاتەوە. تەپەی پێیەک هەودای خەیاڵی پساند. سەری هەڵێنا. لاوێکی جوانچاکی بۆشناخ چەند هەنگاو لەولای ئەوەوە سەری داخستبوو، دەڕۆیشت. چاوێکی بە دەوروبەریدا گێڕا، کەس دیار نەبوو.

ویستی قاوی لێکا، بەڵام هەرچی کرد، دەنگی دەرنەهات. دەتگوت زمانی شکاوە.

ساتەکان ژیلەمۆی ڕقیان باوەشێن دەکرد و دەیانگەشاندەوە. بەڵام بەهیچ جۆرێ نەیدەتوانی لەپردی ئابڕووی خۆی بپەڕێتەوە. هەستا سەرپێ، چاوێکی لەسەعاتەکەی کرد دوازدەونیو بوو. چەند هەنگاو ڕۆیی، پاڵیدا بە درەختێکەوە. لەبن سێبەری دارەکەدا کڵاوێکی ڕەشی چڵکن فڕێ درابوو. بیرێک وەک برووسکە لە مێشکی دەرپەڕی.

«کڵاوەکەی ئەوە... ڕەحمانە شێت...»

خۆی چەند جار دوور بەدوور دیتبووی، هەر دەڕواو گۆرانی دەڵێ.

– «کچەکێ! لەناوەڕاستی بازاڕەکەدا، لەنێو ئەو عالەمەی دا، پەلاماری ژنێکی داو خستی بەعەرزدا. ژنە وەک هومایی سپی هەڵگەڕابوو، دەڵێن ناوی ڕەحمانە شێتە، کەس نییە لەدیوێکی چکۆڵەدایە، لە قەراغ شاری، لەولا مەجبووراوا وە...»

ئەو قسانەی لە خات کوبڕای جیرانیان بیستبوو.

وەڕێ کەوت، لەگەڵ کۆڵێ ڕق و ترس و کەسەر لە قەراغ شار لەبەردەرکی دیوە چڵکن و چکۆڵەکەی ڕەحمانەشێت خۆی دیتەوە!.

# تەمەن

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

شەو لەنیوەی دووەمیدا بوو، لاوەکە پشتی بە بالیفی سەر قەرەوێڵەکەیەوە دابۆوە و لەتاریکایی ژوورە بچکووکەکەیدا چاوی بڕیبووە گڕی جگەرەکەی کە لەگەڵ مژلێداندا گەش دەبۆوە و دەست و پەنجەی ڕووناک دەکردەوە. لێفەکەی تا سەر سنگی ڕاکێشابوو و وەک منداڵێک چاوی بەژوورەکەدا دەگێڕاو پەلەپیتکەی لەلێفەکە دەدا، کزەبایەک ورشەی گەڵای درەختی پشت پەنجەرەکەی خستە بەرگوێ و سێبەری گەڵای زەیتوونەکەش کە لەبەر تیشکێکدا پان و گەورەتر ببوون، کەوتبوونە سەرووی دیوارەکەی بەرامبەری و بێوچان دەلەرینەوەو یارییان دەکرد.

لەژێر ئەو دیمەنەشەوە وێنەی کیژۆڵەیەکی خڕپن هەڵواسرابوو کە بەنیگایەکی خەمبارەوە دەیڕوانییە تەماشاکەران، لەتەنیشتی کیژۆڵەکەشەوە پشیلەیەکی ڕەشی تووکن چیچکەی کردبوو و تەماشای کیژۆڵەکەی دەکرد، لاوەکە بزەیەکی بۆ کردو مژێکی تری لەجگەرەکەدا.. دووکەڵی جگەرەکە وێنەکەی بڕێک شێواندو لەتاریکاییدا خەفە بوو، دوایین مژی لەجگەرە تەواوبووەکەی داو لە تەپڵەکی سەرمێزەکەی لای ڕاستییەوە کوژاندیەوە، پاش تاوێک بالیفەکەی ڕاکێشاو خۆی درێژ کرد، هێدی هێدی چووە قووڵایی خەوەوە.

سبەی بەدەم ئازاری قاچییەوە لەخەو ڕابوو و بەقورسییەکەوە خۆی ڕاست کردەوە.. بەتانیەکەی لەسەر خۆی لابردو تەماشایەکی دەستەچەپی خۆی کردو بەدەم وەنەوزەوە زانی کە ژنەکەی پێشتر هەستاوە، کە گوێشی هەڵخست بۆی دەرکەوت خەریکی بەرچاییە؛ لەنێوەندی دەرگاکەکەوە پلیکانەکە وەدەردەکەوت و لەو ساتەدا کچە گەورەکەی بەدەم خەوەوە نوێنەکەی سەربانی دەهێنایە خوارەوە، گیزەی چەند زەردەواڵەیەک لەپشت پەنجەرەکەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشاو ڕوانیە دارهەنارو گوڵە مۆسیقاکە، تیشکی خۆرەکەش بریسکەی زەردەواڵەکانی لەنێوەند گەڵاکانەوە ئاشکرا دەکرد.

پیرەمێردەکە هەستاو چەند هەنگاوێک لەجێگاکەی دوورکەوتەوە، چوو لە دەستشۆرەکە دەموچاوی شت و هەستی کرد کەمێک ڕیشی هاتووە، لەئاوێنەکەدا تەماشای خۆی کردو دەستی بەڕیشیدا هێنا، چاوە بەقووڵاچووەکانی سوورهەڵگەڕابوون، ڕوخساری چرچتر ببوو، قژی تەواوێ سپی ببوو و تاڵەکانی برۆی درێژ ببوون؛ لەبەر ئازاری قاچی هێندە نەیتوانی لەپێش دەستشۆرەکەدا بمێنێتەوە.. بەخاولیە ڕەنگاوڕەنگەکە ڕوخساری وشک کردەوە و بە کۆمە کۆم ڕۆیشت، ئەوەشی بەخەیاڵدا هات کە چۆن ژیانی وەک خەونێک ڕۆیشت و ساڵەکانی تەمەنی بوونە هەڵم، هەروەکو ئەوەی لەچاو تروکانێکدا سەراپا ژیانی پەرت پەرت بووبێ و ڕۆژگارەکانی تێپەڕبووبن.

### ئازادی

دووان بوون، لەبەری بەستێنەکەدا لەسەر زیخ و چەوەکە دانیشتبوون و هەریەکەیان قولاپێکی هاوشتبووە چەمەکەوە کە لەژێر تیشکی خۆرەکەدا بەئاستەم هاژەی دەهات و پرشنگی دەدایەوە.. سێبەرە خڕەکانیان لەگەڵ جووڵەیاندا شێوەیان دەگۆڕاو وەک دوو گیاندار بەعەردەکەوە نووسابوون، یەکێکیان بەدەم قسەکردنەوە ئاوڕێکی بۆ پاشەوەی خۆی دایەوە و کە دیمەنەکەی هاتە پێش چاو قسەکەی گۆڕی.

– بڕوانێ، ئەو قرژاڵە دەیەوێ ماسیەکانمان بفڕێنێ، لەکەلێنی بەردەکانەوە بۆیان هاتووە!.. ئەوەی وت و هەڵستا، بەردێکی دەست دایێ و پیایدا کێشا، قرژاڵەکە پەڕی و چەند پەلێکی لێبۆوە، ئەوی تریان بۆ خستە سەری:

– ماسیمان بۆ وی گرتووە! حەوزەکە بگرە، چەند

بەردێکی دیکەی بۆ دابنێ.

– هێشتان زیندوون، بڕوانە قرژاڵەکە چۆن پان بووەتەوە!

دەگەڵ قسەکەیدا بەردێکی تریشی تێگرت، پاشان گەڕایەوە و بڕێک لەدووری ئەو قولاپەکەی هاوێشتەوە نێو چەمەکە، بزەیەکی بۆ هاوەڵەکەی دەربڕی و ئەویش پێکەنی.

– ئەم ماسییە گەورەیە، هەموویان وابان.

ماسییەکەی لەقولاپەکە کردەوەو چوو خستیە ناو ئاوی حەوزە بچووکەکەوە، ئەویش لەگەڵ بەربوونیدا بەحەوزەکەدا خولایەوە و وەک تینوویەک خۆی تێدا نقوم کرد، چاوی لەسەر هەڵگرت و چوو هەویرێکی گەورەتری بەقولاپەکەیەوە نووساند، بایداو فڕێی دایە ئاوەکەوە.

– ساڵێکی دی زووتر دێین، ئایا گەر ئەو دنیایەی خۆش دەبوو بۆمان!

– خۆشتر بووایە، پیاو بەو گرانیەی سەری دەئاوسێ، گرانی نەبا خۆش بوو، لەوەش دەچێ تەواوێ سەربەخۆ بکرێین، ئەو وەختەش ژیانمان گەلێک خۆشتر دەبێ.

– برام هیچ شتێک لەئازادی خۆشتر نییە.

ئەوەی وت و قولاپەکەی ڕاکێشا.. ئەو ماسییەی کە گرتبووی خۆی ڕادەتەکاندو لەیەکبینە بەملاولادا تەکانی دەدا، پاش کەمێکی تر کەوتە نێو دەسێکەوە و ئەویش لەسەر خۆخستیە حەوزەکەوە، بڕێک بەجووڵە حەوزەکەی لێڵ کردو ماسییەکانی دی جووڵاندەوە.

– ئازادی خۆشە!

– هەموو شتێک هەقی خۆی دەوێت، ئازادی بۆ هەموو شتێک پێویستە، بۆ هەموو بوونەوەرێک.

– هەر دەماندەنێ، دەبینە حکومەتێکی گەورەی.

ماسییەکی بەسەزمانی تریش لەژیانی چەمەکە دابڕاو لەگەڵ ڕاکێشانیدا ماسیگرە چاو ڕەشەکە وتی:

– بژی ئازادی.

## پەیامێک لە ئاسمانەوە

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تووڕەیی لەچاوی فەڵەستینیەکانەوە دەباری، وەختێک شەوی درێژو نووتەکیشی بەدوداهات، تۆڵەو هەق سەندنەوە سەراپا دڵی شارەکانی داگیرساند بوو، تۆڵەی کوژرانی سێ سەدو چل و شەش هاووڵاتی و برینداری‌یەکی بێ ئەندازە کە بەگوللەی چەکدارە ئیسرائیلیەکان پێکرابوون، کەللەی هەمووانی داگیرکردبوو و لەچاوەڕوانی بوولێڵدا دەتەقییەوە و دنیای دەهەژاند.

شەوە درێژەکە بەنیوە بوو و لەئاسمانەوە گڕێکی پڕ شەوقی تیژتێپەڕ تاریکایی بڕی، ڕۆشنایی ئەستێرەیەکی کشاو بوو و نزیک دەبۆوە، گڕەکە لەخێراییەکەیدا هەپروون بەهەپروون دەبوو و ڕووەو زەوی دەکشا. دیاربوو تەنێکی ئاسمانی زەبەلاحە و لەبڕینی بەرگی گازیدا هەلا

هەلا بووە و هێشتان پارچەیەکی گەورەی لێماوەتەوە؛ بەردەوام دەکشاو گەورەترو ڕۆشنتر دەبوو، لەئاکامدا بەهەموو هێزیەوە خۆی فڕێدایە هەناوی دەریای سپی ناوەڕاستەوە و هەژانێکی مەزن زەمینی لەراندەوە و تێکڕا ئەو ناوچانەی وەخەبەر هێناو لافاوێکی بێشوماری لێکەوتەوە.

پاش سێ هەفتە لەکارەساتی گەورەی بوومەلەرزە و لافاو و زەرەرێکی زۆرو زەوەند لەسەرو ماڵ و ئاژەڵ و بوونەوەران؛ دانیشتووانی شارەکانی فەڵەستین هەموو خۆیان دەگەیاندە سەر ئەو ڕۆخەی ڕووبارێکی بەرین سنووری بۆ ئەوان و ئیسرائیلیەکان کێشابوو.

خەڵکەکە تەواوێ داچڵەکیبوون و لەبڕی ڕک و تۆڵە ماتومەلوول دەیانڕوانیە ئەوپەڕی ڕووبارەکەو کە سەرێکی قووڵ لەسینەیاندا بوو؛ هێزی پێدامالینی تەنە ئاسمانیەکە زەویەکەی شەق کردبوو و شاری قودس وەبەر کەناری ئیسرائیل کەوتبوو.

لەنێوەند لاواندنەوە و ئومێدبڕانی خەڵکەکەدا کەوا پێدەچوو وابیربکەنەوە بەر نەفرەتی خواوەند کەوتوون، ڕێبوارێکی ڕوخسار نوورانی گەیشتە سەر ڕۆخەکە و گردی کردنەوە، بەدەنگێکی زوڵاڵەوە وتی:

– ماڵی پیرۆز جێگەی خوداپەرستیەو وەبەر ئەوان کەوتووە، ئێوە ئەگەر خۆتان بە موسڵمان و لەخوداترس دەزانن لێگەڕێن با لەسنووری ئەواندا بێ، پەیامەکە دەڵێت: ماڵی پیرۆز تیشک و ڕەحمەت و خێریان پێ ببەخشێ تا بێنە سەر ڕێی ڕاست و لەگوناهەکانی خۆیان پەشیمان ببنەوە، پەیامەکە سنووری بۆ کوشتار داناوەو ئەو دابەشکردنەش خێری تێدایە، دڵگران مەبن، بەڵێ بەتەکیەو مزگەوتی خۆتانی دەزانن، بەڵام لەنێو چەقی ژیانیاندا حیکمەتێکی مەزنەو لەداهاتوودا جێی شادمانیە.

پاش چەند ڕۆژێک.. هەمان ڕێبواری دەموچاو نوورانی گەیشتە سەر ئەو کەنارەی کە کوردەکانی عێراقی لێبوون و ئەوانیش بەو دەردەوە دڵیان پڕببوو کە شاری کەرکووک بەر سنووریان نەکەوتووەو کاریگەری تەنە ئاسمانیەکە ڕووبارێکی بێشوماری خستۆتە نێوانیان، ڕوخسار نوورانی دڵی کوردەکانی دەدایەوە و لەپاشاندا بەدەنگێکی خۆشەوە وتی:

– بەختیار بن، وڵاتی خۆتان هەمووی سوودو خێرە و خودا بەسەرتانا دەیبارێنێ، کێ لە ئێوە تاوەکو ئێستا تامی ژیانی کردووە؟! کێتان بینیوە لەخاکە نەوتیەکاندا بەختەوەر بێت؟! ئەمە پەیامێکەو حیکمەتێکی گەورەی لەدڵدایە، دڵگران مەبن. ژیانی داهاتووتان هەمووی خۆشی و ئارامییە، ڕووتان لەپڕشنگە.

لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا دەنگی کەسێک بەکزی هاتە بەرگوێ، دەنگەکە وتی:

– ئەی چی لەو زنجیرە شاخەی پشتیەوە بکەین؟!

# نڤێسکار.. کوتر.. و ئاڤاهیێ بلند

عەبدال نوری عەبدال
(دهۆک)

نزا ژ ماندۆبوونێ، یان ژ سحر وجوانییا تاڤەزەرکا بێ ئیزن هاتیە دژۆرا ویڤە... پالەک ب بەرپەرێن خوە راناو سەروچاڤکێن قەلەمێ خوە ژی ب کولاڤکێ وی نخافتن، هێدی بەردا سەر کاغەزێن خوە، لێ نێری و هەچکو گوتییێ، دێ بو خوە بنڤە، نێ تو ژی وەستییای، ما ئەڤە روویێ چەند کاغەزێن سپی تە رەشکر؟!

ل دور خوە زڤری، دا پەنجەرا ژورا وی یا نیڤ بلند جەرگێ باژێری بۆ چاڤێن وی ییێن وەستییای ب نڤیساندنێ ڤە ڤەگوهێزیت. زستان یا ل بەر دەرازینکاو، یا ب سەقایێ خوە یێ سار پەلاماری باژێر و باژێرییان دبە.


باژێر، یێ بێزارە، قریژی و سەرنەشوشتی، جلک قرمچیای، پێلاڤ دڕیای وریه بەردای.. ل مزگەفتێن وێ تازینە وهولێن شەهیانان ژی دمت ودبێ دەنگن، مرن ژی دبەریکانا خوە دگەل ژیانێ دا پێشترو وب لەزتر وب هێزترە.

باژێری، ژبرسادا، ژترسادا، دئەنێ تێکچوی ودگرێنە، بهایێ کرِینا وەقیەکا زەوقی ژی- ژبلی چەند زەنگینێن باژێری نەبە ژبازرگان و سیاسەتڤانان، دشیانێن هاولاتیان دانینە.

ژڤێ رەوشێ بهێن تەنگ بوو، ئاخینکەک هلکێشا و بەرێ خوە دا ئەسمانی، لێ بەرزترین ئاڤاهی دباژێری دا نەهێلا ئاسوییێن نێرینا وی ب ئازادانە سەمتا خوە وەربگرن. لەو سنۆرێن دیتنا وی لە جەم ئاڤاهی راوەستان و، هزرێن ویژی مان ل جەم کەسێن دوی ئاڤاهی دا کاردکن.

«دڤیابا ئەڤ رەنگە ئاڤاهیێن شارستانی بیان گورستان ژ کەلتوورێ توندو تیژیێ یێ ڤان کەسان وتەرزێ هزرکرن و نەخشێ هزری یێ مەژیێ وان سەرژنوی دارشتبایە ڤە.. دڤیابا ونها ژی دڤێت وەلێ... ئاخ»

سەرێ خوە یێ بچویک یێ کو دناڤ دویکێلا جگارا وی وەربووی، هەژاند وبێهنا وی پتر تەنگ بوو دوی دەمی دا، رەڤەکا کوتران کو ل دور وی ئاڤاهی دزڤرین وفلک لێددان بوونە نێچیرا چاڤێن وی وخوە پێڤە مژویل کر. هەمو کوتر درەش و خولیکی بوون، بتنێ کوترەکا سپی دناڤدا سەرنجاوی راکێشا،



یاکــو ئاڤــەزەرکێ ل ســەر شــاپەرێن وێ رەنگڤــەددا ودبرسقین.

رۆژ ئاڤابوو، کوتر چوونە لیسێ ل بەر بان و تانێن وی ئاڤاهیێ بلند. ب شەڤ هەمیێ هەرماڤە دهزرێن کوترا سپی دا، حەژێکر و عشقەک دگەلدا پەیدا کرو، ب تامەزروڤە چاڤەرێی دیدارا وێ ما، بۆ دلێ خوە دگۆ:–

«خونە ئەڤەیە، یا کو دبە پەری وزەربیا ئەز خەونان پێڤە دبینم؟»

ل رۆژا د دویڤدا، هەمان دیمەنێ دوهی دوبارە بووڤە، کارێ خوە یێ نڤێسینێ ل دارخست و بەری وی ماڤە ل رەڤا کوتران.. دناڤبەرەکێ دا، بەرچاڤکێن خوە پاقژکرن، سەرێ خوە برو ئانی، ل سەر کورسیکا خوە رابووڤە... چەپلە لێدان، خوە هەلاڤێت، ئووە... ئووە، ئەڤجار ب دەنگەکێ بلندە! «هێ ێ ێ یێ دبووینە دوو کــوترێن سپی!!» شادبوو شادییا وی قەت ژ شادییا دیدارا دو عاشقێن ژ هەڤدوورکەتی کێمتر نەبوو.

ل رۆژا ددویڤــداو، دگەل سێبارەبوونا هەمان کار وهەمان دیمەن... کوترێن سپی ژی ببۆنە سێ. ل رۆژا چارێ، کارێ نڤێسینێ نەکر، بتنێ هاتبو ژبۆ دیتنا دیمەنێ کوتران. لێ هژمارا یێن سپی هەر یا روژا بەرێ «سێ»بو. ل خوێندنا خوە ڤەگەرا، وێ شەڤێ هەمی خاندو سپێدێ زوی دەست ب کارێ نڤیسنێ کر.. ل دەما تاڤەزەرکێ، ل دیمەنێ رەڤا کوتران نێری، دیت هژمارا وان یێن بووینە شەش. هەفت.. دەستێ خوە یێ راستێ مچاند و شانازی بخوە برن و، ب دەنگەکێ قەهرەمانان گوت:

«من ژنوی خوە نیاسی، ئەز سەر ئارمانجێ هلبووم... من هەر دگۆت ئەز مرۆڤەکێ عەزیم، لێ نەمن و نە کەسەکێ باوەر نەدکر بەلێ.. بەلێ ماکێ بو عەزەمەتێ دایە بمنڤە؟!».

ئێدی بشەڤ تا بەربەرێن سحارێ هەر دخاندو، سپێدێ روویێ پێترین هژمار ژکاغەزێن سپی، ب نڤێسینێ رەش دکرن، ل ئێڤارا درەنگ ژی ژڤاسی رەشکرنا کاغەزێن سپی کوترێن رەش سپی دبوون.. هەیا بەرەبەرە هژمارا کوترێن سپی ژیێن رەش بێتر لێهاتن...

دەما سەر ژنوی چاڤێن خوە ب دیمەنێ باژێر و باژێریان ڤە چەراندین، دیت، روحا کەتیە لەشێ باژاری، یێ سەرشوشتی، پاقژ، ب رێک وپێک، ئاڤا ویێ خەملاندی و مکیاژکری. باژێری ژی، کەنیا ژ بەریکێن وان دکەڤیت وخەلک یێ ب دەهۆل وزورنا و گول مەحفیرڤە چوینە سەر سنوران بێشوازیێ ل...

ل ئێڤارەکا دن، مینا هەموو ئێڤاران، نڤیسکارێ مە یێ ل جهێ خوە یێ جاران. یێ ب لەزە ژبۆ دیتنا دیمەنێ کوتران و سەحکەتە رێژەیا بلندییا سپیبوونا کوترێن رەش... دەمەک پێڤەچوو..

«دێ... دێ... دێ... وەختە»

دناڤا خوەدا تێکچوو، رابوو ژپێرڤە هات وچوو..

«نە.. ئەڤە چ هزرێن خرابن ئەز دکم؟! دێ هەر هێن، چ پێ نەڤێت دێ هەر هێن..»

دەم یێ دبوریت، نەمیلێن سەعەتێ و نەژی وەغەرا رۆژێ رێزێ ل هەستێن وی دگرن. دڤییا بێژتە سەعەتێ.

هێدی هێدی، ل رۆژێ نێری، بتنێ ئەنیا وێ مابوودا بەرێڤە بیت، ژبنێ پیبیان کرە قێژی «نە.. نە رۆژێ ئاڤا نەبە، هێشتا کوتر نەهاتینە... نەها...».

چو بانی، چاڤێن خوە کرنە زوم، لێ چ کوتر نەکەتنە تورا وان چاڤێن ژ روندکان مارق بووین. ب دوو پێیێن گران ڤەگەریا دژورا خوەڤە، دیت هەموو کاغەزێن وی یێن رەش یێن سپی بووینە ڤە.

سپێدێ، دگەل دەنگێ قوتانا دهولێن شەری، باژێر ڤالنجی بوو و ژکار کەت، خەلکی ژی دهاتو چوویەکا پڕ سەرئێشدا، دگوتن:

– ب بریارا بەرپرسێ ئاڤاهیێ بلند، هەمو کوتر هاتنە ژەهردان...

– ؟؟؟؟

– چنکو ئاڤاهی پیس دکرا!!

# بووکە شووشەکەم شکاند

یووسف عوسمان حەمەد

هەمـوویان ڕاچڵـەکین، خـەواڵوبوون، سـیـمـای تـرسێکی زۆر بە چاوانیـانەوە دیاربوو، لە ترسـان دەمـیـان تەتـەڵەی دەکـرد، تاسـابـوون، نەیاندەزانی چییـە، یەکەم جاربوو، ڕانەهاتبوون لەم درەنگەشەوە، هیچ کاتێک ئەم شتەیان لەمن بەدی نەکـردبوو، بۆیە وەکـو چۆلەکـەی ناو ئاو دەلەرزین لەتاو ئازاری ترس هەمـوو بەدەنیـان دەکـەوتە سـەماکـردن. تەنانەت تەسبیـحات و ڕەجم کردنیـان لەبیـرچووبووەوە. وەکـو پەیکەر لەنێـو پێـخـەف ڕەق ببـوونەوە، من خـۆشم نەمدەزانی ئەم کارە بۆچی کرا، بە دەنگە نووزێکەوە بانگی کچەکەی کرد، توند توند لە باوەشی گـرتبـوو، ڕەنگە لە ترسـان بووبێت، چونکە بەم درەنـگە کـاتی باوەشی خـۆشـەویسـتی نەبوو، ئەوەندە بچـووک خۆیان گـرمـۆڵە کـردبوو لەگـەڵ تەواوی لێف و پێـخـەفـەکـە تێکەڵ بوون، چاوەکانی وەکو گـۆمی هەڵقـوڵاو لە فرمێسک قەتیس مابوون، هەرچی دەیکرد نەیدەتوانی پێڵـووەکانی لێکبنێت و چاوەکانی بەتاڵ بکاتەوە.

لێـوەکـانی هەڵدەپەڕین دەیویست شتێک بڵێت، بەڵام نەیدەزانی لە چییەوە دەست پێبکات، قسـەکانی لەبیرچووبووەوە. لە ناکاو ئەم بێدەنگییـە شکاو دەنگێک لەنێوان سەری کچەکەم و سنگی ئەو هاتە دەرەوە.

زۆر بە نەرمی و غەمگینی:

– بابە... بابە، ئەو گرمەیە چی بوو.

– هیچ... هیچ.

– پیاوەکە بەم درەنگە شەوە ئەو سعاتەت بۆ شکاند،

– ڕقم لێیەتی..!!

– لەچی؟

– لە هەموو شتێک بەڕێکی کار بکات.

– بەم درەنگە.

– هەموو کاتێ کاتی شەڕە، دەبێ ترپەی دڵ و چرکەی کاتژمێر تێکبدرێت.

– ئەوە باسی چی دەکەیت؟

– بابە... بابە..

– بنوو کچم ئاڵا ئەم گرمەیە زەماوەندی بێدەنگییە.

– چی؟! باوکە...

– هیچ ....

دوای نیوەی شەو، نیوسعاتێک خۆم هەڵگێڕو وەرگێڕ کرد خەوم لێنەکەوت، گڵـۆپەکان کوژابوونـەوە، تا دەهات ژوورەکە تاریک دەبوو، بێدەنگ و هەست، بۆنی مردووخانەی لێ دەهات.

چاوم هیچی نەدەدیت، تەنیا ئاڵاو بووکە شووشەکە کە لە باوەشی خەوتبوو، کـە چاک دەیزانی هەرگـیـز قـسـە ناکـات، بەڵام دەمـزانی هەمـووجـارێک بۆ لەناوبردنی تەنیایی خۆی، خۆی قسەی لەگەڵ دەکردو خۆشی وەڵامی دەدایەوە، دەمـێک لە جـیـاتی خـۆی خـواردنی دەخـوارد، دەمـێکی تر لە جـیـاتی بووکەشووشەکە.



هۆگری ببوو جیهانی تەنیایی پێ شکاندبوو، لەو بارە دەروونییە دەرچووبوو، چکەچکی سعـاتی سـەرمێزەکە هەراسانی کردبووم، چاوەکـانم ئەبڵـەق ببوون،

هەناسەم لە کونە لووتمەوە مشەی دەهات، خەوەکەم لێ تێک چووە، دەبێ بنووم، بەڵام نەفرەتی سعاتەکە بێزاری کردووم، بروسک ئاسا بووکەشووشەکەم لە باوەشی ئاڵا ڕفاندو لە سعاتی سەرمێزەکەم گرت، شووشەی سعاتەکە وردبوو، دەست و قاچی بووکە شووشەکە پەڕین، بەڵام تاریکایی ژوورەکە نەیهێشت ئاڵا کارەساتی بووکەکەی ببینێت. لەو باوەڕەدا بووم ئەگەر بووکە شووشەکە نەبووایە، پەلی کچەکەم دەگرت و بۆ سعاتەکەم دەهاوێشت، ڕقم لە چکە چکە.

– چاوەکانت بۆ وا زەق و دەرپەڕیوون، خۆشێت نەبوویت چی بووە؟ ئەم سعاتە چی بکات، پارچە پارچەت کرد؟ هەموو وەختەکانت بزرکردو ئاڵۆزت کرد...

پەنجەی دەستەکانم کردە شانەو بۆ چەند جارێک وەکو خەرماشە خستمە ناو قژم، سەرەوخوارەوەم پێکردو سەرم داگرت، هەمووی درۆیە دوای چوار ساڵ چاوەڕوانی درۆیە... زانی کەوتمە بۆڵەبۆڵ. ئەو وەی دەزانی لەگەڵ جنۆکە قسە دەکەم، زۆر بە ترس و خامۆشی خشییە ناو پێخەفەکەو خۆی کرد بە نووستوو، بەڵام هەستم کرد گوێیەکانی و هەموو هەست و دڵی بۆ چرپەکانی من شل کردووە، بۆ ئەوەی بزانێ ئەنجام بەچی دەگات...

درۆ دەکات دکتۆرەکە!! کەی ئەمە زانستی خوێندووە. هەموو کەسێ هەڵە دەکات، ئەو وتی ڕاپۆرتی پشکنین بەم شێوەیەیە.

چما تاقیگە ئاگای لەخۆیە!! بۆ دووساڵ هاتوچۆکردن و مەسرەف، شاردنەوەی نەخۆشییەکەم لە خزم و برادەران، پاش ئەم هەموو ڕاپۆرت و پشکنینە، زۆر بە ئاسانی دەڵێیت؛ تۆ هیچ عەیبت نییە، نەخۆشیی دەروونیت هەیە، هەوڵی ئەوە بدە شەوان زۆر بیر مەکەرەوە، ئەوەندە لەشت مەکۆڵەرەوە، زۆر پێبکەنە.

– دکتۆر ئەی دەرمان

– پێویستت بەهیچ نییە، تەنیا حەبی پاڕاستۆل بەکاربهێنە.

– بۆ من بێ مێشکم، بیر نەکەمەوە، هەستم نەبێت، من منداڵم نابێت؟! سەرم هیچ عەیبی نییە... بۆ ناتەواوم، گوێ بەشت نادەم، ئەم دنیایە گەلێ سەیرە لای پزیشک، ئێمە هەموومان تووشی نەخۆشیی دەروونی بووین، نابێت بیربکەینەوە، لەشت بکۆڵینەوە، چونکە سەرمان دێشێت، ئەم بەزمە خۆشە پەنجەی خۆت ببڕیت، دەستت بشکێت، لە یاری کردن سەرت بشکێت بچۆرە لای دکتۆر دەڵێ ئەمە هیچ نییە، بیری لێ مەکەرەوە نەخۆشی دەرونییە، هەمان قسە بۆ ئافرەتی دووگیان، پیاوی کوێرو شەل و گۆج بەکاردەهێنێ، ئەگەر کار وا بڕوات، هەموومان تووشی شێتی دەبین، تۆ بڵێیی قسەی دکتۆر ڕاست بێت؟ ئەی قسەی دایک و باوکم و براکانم؟ خزمەکانم چیان لێ بکەم؟ بڵێم وەجاخ کوێرم؟ لەبەر ئەوەی زۆر بیردەکەمەوە زۆر لەشت دەکۆڵمەوە... بەخوا هەموویان چەقەنەو فیتەم بۆ لێدەدەن.

دەڵێن: مامۆستا شێت بووە، ئەی شێتیش نەخۆشیی دەروونی نییە؟ ئەوانەی زۆر بیر ناکەنەوە منداڵیان زۆر دەبێت!!، من نازانم زۆر بیرکردنەوە دەرمانە، یان نەخۆشی، دکتۆرەکانی لای ئێمە دایانهێناوە؟ خۆ گەلێ جار خێزانەکەم دەڵێت؛ لەوەتەی دەستت داوەتە نووسین، زۆر بیردەکەیتەوە، شەوانە پرخەت زیاد بووەو وڕێنە دەکەیت و ئاگات لە کەس نەماوە، ئەم نووسینانە تۆیان لە ئێمەو کاسبی کردووە، بەخوا ڕاست دەکات دوای «ئاڵا» دەستم کرد بە نووسین و زۆر بیرکردنەوە، دکتۆر..... خەریکە دەگەمە قەناعەت قسەکەی ڕاست بێت، گەڕەکە میللییەکان شت نانووسن و شەوانە بیر ناکەنەوە، بۆیە منداڵیان زۆرە.

گەڕەکەکان وەکو شانە زەنگەسۆرە منداڵیان زۆرە، ڕەنگە منداڵی یەکتر نەناسنەوە، ئەوەندە زۆرن، ئەگەر شەوانە یەک دووانێک نەگەڕێنەوە ئاگادار نین، بەڵام لە گەڕەکی ئێمە منداڵ ئەوەندە خۆشەویستە، ئەگەر ژن و مێردێک یەک منداڵیان هەبێت، ئەوا لەم ماڵ بۆ ئەوماڵ بەر ناکەوێت و نۆرەی بۆ



دەگرن.

بە دە دوازدە مــاڵ منداڵێکیــان هەیە، کــەچی هەریەکــەو لە دە، دوازدە رۆژنامـەو گـۆڤـار شت دەنووسن و وتـارەکـان هەڵگێڕو وەرگـێڕ دەکـەن، ناوەند دەکاتە سەرەتاو سەرەتا بۆ کۆتایی و کۆتایی بۆ ناوەند، ڕستە لەم کۆنە گۆڤارو رۆژنامانە وشەیەک لەم وشەیەک لە گۆڤارە نوێیەکان کۆدەکاتەوە.... ئەم کارە هیچ بیرکردنەوەی پێویست نییە ئەوەی ئەم نووسەرانەی گەڕەکی ئێمە ماندوو دەکات و شەونخوونییان پێ دەکات و شەش حەوت فنجانە قاوەو سێ چوار پەرداخی شیروچاو پاکێتێک جگەرەی سپی دوای درەنگی شەو ئەوە هیلاکی دەکـات دۆزینەوەی ناونیشـانێک بۆ وتارەکـەی و نووسـینەکـەیەتی.... هەر نووسـەرێک لەم گەڕەکە دەچێتە لای دکـتۆری نەخۆشی نەزۆک، ئەگەر بزانێ شەوانە چ حاڵە، دەڵێت زۆر بە دوای ناونیشان مەگەڕێ و زۆر بیرکردنەوە بۆ ناونیشـانی وتارەکەت دژی منداڵ دروست کردنە، بە چارێگی ئەوەندەی گەڕان بەدوای ناونیشـان بەدوای منداڵ بگەڕێت لە نیوەشەودا ئەوا هەموو سکەکان دووانە دەبن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر بیر نەکەینەوە بۆ ئەوەی منداڵ پەیدابێت، کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات، کێ دوای ئێمە وتارو نووسراوەکانی ئێمە درێژە پێبدات و ببێتە میراتگری نووسراوەکانمان، نووسەرە نەزۆکەکان زۆر گەرمە وتارو بلـێـسـە نووسین و گـڕی لێکۆڵینەوەیان نووسی و باسی عـەولەمـەو منداڵیـان کرد، زۆریان هەبوو وتاری وەردەگێڕاو لە رۆژنامەکانی تر، بەناوی خۆیەوە دەینووسی کە هیچ پێوەندیی بە باسەکەی دکتۆرو کێشەی منەوە نەبوو، بەڵام بە مانشێتی گەورە دەنووسران منداڵ و قیرتاو کردنی ڕێگاوبان، منداڵ و کردنەوەی نەخۆشخانەیەک بۆ شێتەکان، منداڵ و نوێژی باران.... بەهەموو شێوەو جۆر وتاریان نووسی، بەڵام دادی نەدان هەر تەنیا مانەوە،.... هیچیان وەکـو ئاڵای کـچـەکـەم واقـیـعی نەبوون. ئەو کـەزانی باوکی یەک دەفـتـەر دەنووسێت و لە ناکاو گرمۆڵەی دەکات و تووڕی فڕێ دەدات و دەوروبەری خۆی هەمـووی کـاغـەزی هەڵقرچاوە، هەر زوو داوای بووکە شووشـەی لێ کـردم بۆ ئەوەی هاوەڵێک و ڕەفـیقـێک بۆ خۆی بدۆزێتەوەو تەنیایی پێ لەناو بەرێت، کچەکەم خێرا بیردەکاتەوە، لە کەمترین کات، بەر لەوەی من و دایکی هەستی پێ بکەین، خـۆی هەوڵی دا، دەسـتـە خـوشکێک بۆ خـۆی پەیدا بکات.... شەوانە لە باوەشی بگرێت و قسەی بۆ بکات و گفتوگۆی لەگەڵ ساز بکات، ئێستا تێگەیشتم هەرکاتێ من دەمنووسی و کاغەزەکانم لوول و فڕێ دەدا ئەو دەهاتە بەرامبەرم و بووکەکەی لە باوەش دەگرت و قسەی لەگەڵ دەکرد...

– ئەها بابە..... ئەوە بابەیە... شەوباش بابە......

من زۆر بە ئاسایی وەرم گرتبوو، بەڵام کێ ناڵێ ئەو هەستی بە بێزاریی من کردووە، دەیزانی لە ناخەوە زۆر ئازار دەکێشم هەر ئەوەندە مابوو بڵێت؛ باوکە بە ئارەزووی خـۆی بیـربکەوە ئەوەتا ئێـمـە دووانین، لە تاقـانەیی ڕزگـارم بوو، ئێمە خوشکین ئەوەتا یاری دەکەین بنووسە، بنووسە بیربکەرەوە، ئێمە دووانین چونکە ڕووی قسـەکـانی لەمن بوو، بووکـە شـووشـەکـەی لە باوەش دەگـرت و لایەلایەی بۆ دەکـرد ڕووی لەمن بوو، بەڵام ئاڵا نازانێت ئەم خـەونەشی وەکـو ئەوانی باوکی پووچەڵ کـرایەوە، ئەم شـەو شـەڕ ڕووی داوە لەنێـوان بووکـە شـووشـەکـەو سـعـاتەکـەو تووڕەیی مـن، خـوشکەکـەت بەگـژ سـعـاتدا چووەو وردوخاش بوون، نازانێ هەر تاقانە ماوەتەوە، دەبێ ئەمجارە گـۆرانی هەر بۆ خۆی و تـەنیایی بڵـێت.... ئەوەش بیـرکردنەوەی ناوێت، چونکە ئەمـە شەڕی چکە چک و لایەلایەی ئاڵا بووە نەک نەخۆشی دەروونی.

ئەوشەوە چەند درێژبوو، ناشتنی ڕووحی ئاڵا لە بووکە شووشـەکە کـارێکی سـتـەمـە، لەتوپەت کـردنی بووکـە شـووشـەکـە لای هەمـوومـان ئاسـانە، بەڵام شـاردنەوەی ڕووحـێک و هۆگـربوونی منداڵ زۆر زەحـمـەتە، بەمن ناکـرێت، ناکرێت، شەوێکی چەند دڕندەیە، من بووکـە شـووشـەکـەم شکاند، من بووکـە شووشەکەم وردوخاش کردو ئاڵام بە تەنیا بەجێ هێشت، ئەمجارە قسە لەگەڵ کێ دەکات؟! من بووکەکەی ڕووحی ئاڵام شکاند..!!



# توشای بالّداری غەریبی زاگرۆس

مەنسووری یاقووتی
لە فارسییەوە: ئامانج عەزیز کەندی
(بۆکان)

لەنێو زنجیرە کێوەکانی زاگرۆسدا، جێگایەکی دوور لە چاوی مرۆڤەکان، جێگایەکی بەرز و هەڵدێر و دوورە دەست، کونەبەردێک هەیە کە باڵندەیەکی غەریب بەناوی (توشای) لەوێدا دەژی.

توشای پۆپەی لە ئاورە و داغێکی ڕەشی بە ئەوکەوەیەکە بە هەزار ڕەنگی پرشنگدار دەدرەوشێتەوە، هەر ساڵێک پایزان، جارێکی، تەنیا جارێک، گۆرانیەکی ئەوەندە تاڵ و غەمگین و سەیردەخوێنێ کە چیا لە هەزار جێگا درز دەبەستێ، دارەکان لەبەر پەژارە، گەڵاکانیان زەرد دەبێ، باڵندەکان، ژاناوی و دڵتەنگ کۆچ دەکەن بۆ ئاسمانی وڵاتێکی تر و بزنەکێویەکان شاخە درێژەکانیان لە سینگی شاخ دەکوتن هەتا بشکێن.

توشای، لەو کەلەپۆیە، بە تەنیا دەژی و دوورەپەرێزە. هەر ساڵێک، پاییزان، کاتێ کە هەوری شینکی تێک دەئاڵێ و ترۆپکەکان لەخۆیدا نوقم دەکا و هەتا داوێن دادەخزێ، لەناو دڵی توندی مژدا، توشای لە کونەکەی دێتەدەرێ، بە پۆپنەی ئاوراوی و داغێکی ڕەش بە گەرووییەوە و بە هەزاران ڕەنگی درەوشاوە و چین چین، لەسەر پنجێک هەڵدەنیشێ کە لەبەردەمی کونەکەی ڕسکاوە کلکە درێژەکەی لە تەمدا شۆڕدەبێتەوە و ئەو شتەی کە لە قەڵای کۆندا لە وڵاتی تابووتان دیتوویەتی، جارێک، تەنیا جارێک دەیگێڕێتەوە و دەگری. پاشان دڵۆپە خوێنێکی درشت لە دەنووکی دەتکێ، ئەو دەم دەچێتەوە ناو ئەشکەوتەکە و دەبوورێتەوە.

ئەو مەلانەی کە گوێ دەدەنە چیرۆکی توشای، خاڵێکی ڕەش لە ئەوکیان دەپشکوێ و بۆ هەتا هەتایە گۆرانیەکانیان ڕەنگێک لە پەژارە و غەم دەگرێ.

باڵندەکان بە توشای دەڵێن:

– چیرۆکێکی دیکە بگێڕەوە، چیرۆکێکی دی!

توشای بێ هیوایانە و غەمبارانە دەڵێ:

– من هەر ئەو چیرۆکە دەزانم.

مەلەکان دەڵێن:

– «چیرۆکی توشای» زۆر غەماویە، پیرمان دەکا.

توشای دەڵێ!

– من جارێک بەناو قەڵای کۆندا گەڕام و لەو دەمەوە تا ئێستا لەناو ئەو کونەدا، گردەنشینیم کردۆتە پیشە و شتێکی نوێم نەدیوە و نەبیستووە.

بەڵام کە پاییز بەسەردادێ و تەم و مژی خۆڵەمێشی، پێچێنەر یاڵ و پژە ڕووتەکانی تێک دەئاڵێنی، باڵدارەکان لە دەوری هێلانەی توشای کۆ دەبنەوە و توشای، بە بوغزێک لە گەروودا، گۆرانییەکەی تێ هەڵدەکا و چیرۆکەکەی ئاوا دەگێڕێتەوە:



وەک ئەوڕۆ ڕۆژێکی پاییزی بوو. لەسەر پیرە قۆنگرە دەگەڕام. شەکەت بووم. چووم لەسەر لێواری پەنجەرەیەکی نیوەکراوە نیشتم. لەپشت پەنجەرەوە چاوم لەناوەوە کرد. توشای، گەورە کچێکە کە من ناوی خۆم بە یادگار لەو وەرگرت، لەبەردەم «قازی تیژاو» ڕاوەستابوو، ڕوخساری توشای چەشنی گوڵێکی کوێستانی، جوان و ساکار و مەند و مەتین بوو. چاوە گەورەکانی لە دوو دڵۆپە ئاونگی درشت دەچوون. قازی لە توشای پرسی:

– دان بەوە دادێنی کە هاتوویە ناو قەڵاوە؟

توشای زۆر بە شێنەیی و هێمنانە وتی:

– بەڵێ.

قازی سەرکەوتووانە چاوێکی لە ڕاوێژکارەکەی و کێشکەکان کرد و وتی:

– هەتا کلیلی دەرگای گاڵەدراو بدۆزیەوە و بیبەی؟!

من لەپشت پەنجەرەکەوە وتم: توشای! توشای! ڕاستی بەقازی تیژا و مەڵێ. فریوی نەخۆی، بە ویژدانێکی ئاسوودەوە درۆی لەگەڵ بکە، بەڵام توشای زمانی منی نەدەزانی، چاوێکی لەمن کرد. بۆ ساتێک چاوی گرشەی هات و زەردەیەکی کەوتە سەر لێو. لای کردەوە و لە وەڵامی قازیدا وتی:

– بەڵێ.

قازی کە بەرچەڵەگەی لەگەڵ ورگی زلی لەرزە لەرزیان بوو پرسی!

– کەچی پێ بکەی؟ بیڵێ کچم، ڕاست برۆ تا ڕزگارت بێ.

من وتم:

– توشای.. توشای! ڕاستی مەڵێ! ڕوحمت بەخۆتدابێ!

بەڵام توشای لە زمانی من تێنەدەگەیشت و ڕاستی وت:

– کە ڕازی وشەی قەدەغەکراو بزانم.

قازی بە خۆشحاڵییەوە وتی:

– بۆ خۆت دانت پێداهێنا، کاری تۆ تەواوە. ئێستا، چونکە کچی چاکی بەوپەڕی ڕاستگۆیی ناوی هاوڕێیەکانت بڵێ کە لەگەڵ تۆ دەیانویست بێنە ناو قەڵاوە و هەڵاتن.

من وتم: توشای! بڵێ من هاوڕێیەکم نییە.. بە تەنیا هاتم.. دێژوانەکان درۆ دەکەن، بەڵام یەکدا بەدوو دەم و چاوی توشای ئەرغەوانی هەڵگەڕا و بە ڕق و بێزارییەوە چڕ و چاوی قازی تیژاوی بەتف سواغ دا.

قازی تیژاو قۆڵی بەچڕ و چاوی داهێنا و حوکمی دا:

– بیبەنە بن دیوار!

کێشکەکان توشایان بردە حەساری بورج. توشای قەیتانی پێڵاوەکانی بەست، لەچکە گوڵدارەکەی ڕاستە و پاستە کرد. لەناکاو لەنێو حەساری سێ دەر بورج و داڵانە تێکسرماوەکاندا، ڕای کرد. هەڵدەهات و مەستی ڕادەوەشاند و وەکو گێژاو، بە دەوری خۆیدا هەڵدەقوڵا، چەشنی دەریای خرۆشاو، خۆی فڕێ دەدا و گۆرانییەکی سەیر لە ئەوکی دەڕژادەر.

لە پشت پەنجەرە داخراوەکانی قەڵاوە، هەزاران چاوی دڵ لە دواوە لێی دەڕوانی. هەزاران دڵ بۆی لێ دەدا و گەلێک چاو فرمێسکیان بۆ دەباراند.


ئاخریەکەی کێشکەکان گرتیان. دەستیان لەپشتەوە شەتەک دا و بردیانە بن دیواری قەڵا. لەوێ لاقەکانیشیان بەست تا ڕانەکا. ئەودەم چۆکیان دادا سەر زەوی و بەرەو توشای سێرەیان گرت. دڵی توشای لێک بڵاو بوو و هەزاران لەتکە یاقووتی سوور ڕژادەرێ. کێشکەکان هەڵاتن تا یاقووتان کۆکەنەوە، دەستیان کە لە وردە یاقووتەکان دەدا، دەسووتان و یەکسەر موویان سپی دەبوو و بە هاوار هاوار هەڵدەهاتن و دەلوویی لەسەری دەدان.

توشای ئەژنۆی دادا سەر زەوی و دڵۆپە خوێنێکی درشت لە گەرووی پەڕیە دەرێ کە بوو بە باڵندەیەک و باڵی کردەوە و لەسەر پیرە قۆنگرە سوورێکی لێ داو بۆ هەتا هەتا ڕەوانەی لێڕەواران بوو. من لە سەری جەرگمەوە چریکەیەکم کێشاو لە قوژبنێک کەوتم.

چیرۆکی توشای کە دەگاتە ئێرە، مەلەکان، بە کۆمەڵ، یان بە تەنیا، لەسەر ترۆپکی زاگرۆس، کۆچی دڵتەنگی خۆیان دەست پێ دەکەن. کەڵە کێویەکان شاخیان لە سینگی ڕەوەزەکان دەکوتن و توشای، دڵۆپەخوێنێکی درشت لە گەرووی دەتکێتە دەرێ و لەسەر نوچکی بەرزایی، لەناو کونەکەیدا لەسەرەخۆی دەچێ.

**سەرچاوە:**

توشای پرندە غریب زاگروس، ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی.



# میناتۆری عوسمانی

**فەرهاد پیرباڵ**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردە)**

وشەی میناتۆر بە بنچینە ئیتالیە، واتە نامەیەکی سوور بە وێنەیەکی بچووکەوە چەسپابێتە سەر دەستنووسێک، یان وێنەیەکی زۆر بچکۆلەی وردبین کە ڕووداوی ناو دەستنووسێک ڕوون بکاتەوە. میناتۆر ئەو نیگارانە دەگرێتەوە کە سەرتاپای لاپەڕەیەکی ئەو کتێبانەیان پڕکردۆتەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە (٤٧٦ - ١٤٥٣) دەردەکەون، ئەمەش لە پاڵ نووسراوە نەخشێنراوەکاندا.

مێژوونووسانی عەرەب بەم جۆرە وێنانە دەڵێن (منمنمات)، هەندێ جاریش وشەی (شکل) و (لوحة -لوح) بۆ هەر کۆمەڵە وێنەیەکی تایبەت بەکاردێنن.

ڕیشەی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ میسری کۆن، یان یۆنان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتریش بۆ بێزەنتیەکان . میناتۆر لەوێ، لە سەردەمی ڕۆسانۆ بە سەردەمێکی زێڕیندا تێدەپەڕی. لە سەدەکانی ٩-١٢شدا سوودی لە شێوەکاریی ڕۆمانی وەردەگرت، پاشان، سەبارەت بەو پێوەندییە کەنیسەیی و دینییە جۆراوجۆرانەی لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا هەبوو، جۆرە یەکگرتنێک لە شێوازدا لە وڵاتەکانی ئەڵمانیا و ئینگلستان و ئیتالیا و نۆڕماندی (لە سەردەمی سوارچاکیدا) هاتە ئارا. ئەمەش لەسەر بەرگ و لە ناوەوەی لاپەڕەکاندا، بەتایبەتیش لەناو ئینجیلەکاندا. لە ئاکامیشدا بووە هۆی وێنەکێشانی ئاژەڵ و گیانەوەر و فیگەری سەمەرە و چەند توخمێکی فەنتازی.

لە سەرەتای قۆناغی گۆتیکەوە (سەدەی ١٢) میناتۆر لە فەرەنسا پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی کە تاکو سەرهەڵدانی چاپخانە (ناوەڕاستی ساڵانی ١٤٠٠) ڕانەوەستا. لە سەدەکانی ١٢ - ١٤ بەکارهێنانی میناتۆر لە چوارچێوەی دین و ئینجیل دەرچووبوو، بەرهەمهێنانی بەسترابۆوە بە ژیانی شارستانی و پێشکەوتنی خەڵکەوە. پاریس لە سەدەی ١٣مدا ببووە مەڵبەندێکی دروستکردنی میناتۆر.

زێڕکەفت کردن و چوارچێوەی ئەرشیتکتوری، لە سەدەی ١٤مدا، جێگەی ڕەنگ و دیمەنە سروشتیەکانی گرتەوە. چەندین میناتۆرکاری گەورە لە فەرەنسا ناوبانگیان دەرکرد. لە ئیتالیاش: سیمۆن، مارتینی، تادیۆ کریڤێللی لە سەدەی ١٥مدا.

ئیدی، لەگەڵ نەشونمای چاپخانە لە ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی ١٥مدا، میناتۆر چیدیکە لەناو دەستنووسەکاندا بەکارنەهات، بەڵکو وەک هونەرێکی



سەربەخۆ، لەشێوەی تابلۆ و پۆرترێتدا پەرەی پێ درا و لە شێوەکاریی هاوچەرخ نزیک بۆوە.

بەڵام لە ڕۆژهەڵات، سەبارەت بەوەی کە چاپخانە درەنگ دەگاتە وڵاتانی ئیسلام، دەبینین هونەری میناتۆر و ڕازاندنەوەی دەستنووسی و کتێب بە هونەرەکانی میناتۆر تا سەدەی نۆزدەم هەر بەردەوامە. ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی بیر و بۆچوون و حەکایەت و بەسەرهاتەکانی لەناو دەستنووس و کتێبەکاندا باسکراون.

بەم شێوەیە، میناتۆر، لە ئەوروپاش و لە ڕۆژهەڵاتیشدا، لە پێناو ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی دەستنووس و کتێبەکاندا هاتۆتە ئارا و پەرەی سەندووە ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە هونەری شێوەکاری لە قۆناغی میناتۆردا جارێ هێشتا هەر پەیوەندیدارە بە نووسین، تێگەیشتنی سەرەتایی مرۆڤی تازە شارستان و جیهانبینینی ساکاری مرۆڤ بەرجەستە دەکات.

بە ڕای زۆربەی زانایانی مێژووی شێوەکاریی ڕۆژهەڵات، نیگارکێشی ئێرانی، مانی (٢١٥-٢٧٤ ز) بە یەکێک لە یەکەمین نیگارکێشە میناتۆریستە ناودارەکانی ڕۆژهەڵات دەژمێردرێت. لەم بارەیەوە مێژوونووسی ئینگلیز، دوڤیلارۆ دەڵێ: «ئێمە هیچ بەڵگەنامەیەکی نووسراومان نییە باسی تەکنیکی میناتۆرەکانی سەردەمی مانییەکان بکات. تەنیا هێندە دەزانین کە لە سەرەتادا تابلۆکە چەورکراوە، ڕەنگە بەکارهاتووەکانیشیان بریتی بوونە لە سووری تۆخ و زەرد، سەوز کەمتر بەکارهاتووە».

لەوانەیە هەر تابلۆکانی هەمان ئەم هونەرمەندەش بێت وای لە مێژوونووسە ئێرانییەکان کردووە کە وا تێبگەن «مێژووی سەرهەڵدانی میناتۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان ٢٢٦-٦٥١ ز».

مانی، کە سەبارەت بە دینەکەی خۆی، بە هاندانی ڕێبەرە زەردەشتی و مەسیحییەکانەوە لەلایەن بەهرام پاشاوە ئیعدام کرا، نیگارکێشێکی کارامە بووە ؛ خۆی کتێب و دەستنووسەکانی خۆی بە وێنە و نیگار دەڕازاندەوە.

بۆ یەکەم جار چەند ئارکیۆلۆگ و زانایەکی ڕووسی و ئەڵمان و ژاپۆنی و فەرەنسی، چەند نەخش و نیگارێکیان دۆزییەوە کە لەسەر دیواری گومبەزاندا یان لەناو کتێباندا (دەستنووس) ڕەسم کرابوون و مێژوویان دەگەڕایەوە بۆ سەدەی ٨ - ٩ ز. وێنەی ناو کتێبەکان زیاتر ئەوانی سەردەمی مانییەکانن، ڕێبەرە دینی و مۆسیقاژەنە دینییەکان پیشان دەدەن. دەم و چاوە مرۆڤایەتییەکان لەناو ئەو تابلۆیانەدا بەوە دەناسرێنەوە کە بە تەواوەتی خڕ و بازنەیین (مەنگۆلین)، کەپوو کورت. شێوازی تایبەتی جلوبەرگ و سەروقژداهێنانیان لە ئەوانی ناو میناتۆری سەلجووقییەکانی خۆراسان و تورکستان و ئەنادۆڵ نزیکە.

مێژوونووسی (تورک)، ی. یەکتین، لەبارەی مێژووی میناتۆر لەناو تورکاندا دەڵێ:

«بنەچەی تورکەکان، کە لە ساڵی٧٤٤ پ.ز دا دەوڵەتێکیان بە ناوی ئوویگوور دامەزراندووە، لە ساڵی ٦٧٢ دا چوونەتە سەر دینی مانی و بوونەتە مانناییی»، «کەواتە، لەوانەیە نیگارکێشەکان تورکی مانناییی بووبن».

ئەم تورکە مانناییانەش، واتە ئوویگوورەکان بە بۆچوونی ولفرام ئێبرهارد کە مێژوونووس و مامۆستای مێژووی چینە لە زانکۆی کالیفۆرنیا، کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە بەسەر هونەری نیگارکێشانی چینی بە تایبەتی لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی چینیی تانگ لە سەدەکانی ٧-٩ز دا.

بەم شێوەیە ی. یەکتین، کە هونەرناس و مێژوونووسێکی تورکە، سەرهەڵدانی میناتۆری ڕۆژهەڵاتی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو تورکانەی کە لە ساڵی ٦٧٢ز دا چوونەتە سەر دینی مانناییی (ئوویگوورەکان). بە بۆچوونی ئەو، هەر ئەوانیش پەرە بەم هونەرە دەدەن و بە ڕۆژهەڵاتدا بڵاوی دەکەنەوە، بەتایبەتیش لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی تورکە سەلجووقییەکان. هەڵبەتا ئەم تێزە جێگەی گومان و گفتوگۆیشە.

تورکە سەلجووقیەکان لە ٩٩٥ دا ڕۆژهەڵاتی ئێران پاشانیش لە ١٠٢٩ مەراغە و کوردستانی ئێران، ئنجا لە ١٠٥٦ مووسڵ دواتریش لە ١٠٧٧ ئەنادۆڵ دەگرن. ئیتر کاریگەریی کولتووریی خۆیان بڵاودەکەنەوە و ئەم هونەرە زیاتر دەبووژێننەوە.

بەم شێوەیە، لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا، بەتایبەتی لە سەدەی (١٢ و ١٣)یەمدا، ئەم هونەرە نازدارە، بەتایبەتی لە (خۆراسان و ئەنادۆڵ)دا و لەلای ئێلخانییەکان، بەتەواوەتی بووژایەوە. میناتۆرەکانی ناو دەستنووسی (مقامات الحريري) کە لە ساڵانی (١١٨٠ - ١٢٣٧)دا ڕەسم کراون و ئەمڕۆ لە کتێبخانەی نیشتیمانیی فەڕەنسا لە پاریس پارێزراون، دەچنەوە سەر خاسیەتی میناتۆرەکانی سەردەمی سەلجووقی کە (يحيى ابن محمود الواسطي) بە شێوازی (قوتابخانەی بەغدایی) ڕەسمی کردوون.

ناودارترین میناتۆرسازی ئێرانی، کەمالەددین، ناسراو بە بەهزاد (١٤٥٠ - ٥٣٥) لە سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتداریێتی تەیموورییەکان و لە سەرەتای دەسەڵاتداریێتی سەفەوییەکاندا، لە ئێران، لە شاری هورات و تەورێزدا ژیاوە. شا ئیسماعیلی سەفەوی بەهزادی نیگارکێش لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ دەکات بەرەو پایتەخت. لە ئێران (کمال الدين بەهزاد) یەکەمین نیگارکێشی ئێرانی و موسڵمانە کە تابلۆی سەربەخۆی (لە دەرەوەی دەستنووس و کتێبدا) ڕەسم کردبێت: چونکە پێش ئەو، نیگارکێشەکان هەمیشە میناتۆریان تەنیا لەسەر لاپەڕەی کتێب و لەناو دەستنووسەکاندا ڕەسم دەکرد و تابلۆ تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکان بوو؛ سەربەخۆ ڕەسم نەدەکرا. لە هەمان کاتدا، بەهزاد، لەگەڵ مامۆستاکەی خۆی (روح الله) ئەوەیان کردە نەریتێک کە لەمەودوا ئیمزای خۆیان لەسەر تابلۆ دابنێن: چونکە پێش ئەوان، زۆر بەدەگمەن نیگارکێش ئیمزای خۆی لەسەر تابلۆ بەجێ دەهێشت. ناوبراو یەکەمین نیگارکێشی ئێرانی و موسڵمان بووە کە پۆرترێت (وێنەی شەخسیی) کێشاوە.

چەندین قوتابخانەی میناتۆرسازی هەن. لێرەدا بەبێ باسکردنی خاسیەتەکانی هەر یەکێکیان و بەراوردکردنیان، دیارترینیان ناو دەبەین:

١- قوتابخانەی بەغدایی

زانای موسڵمان ابن نديم (٩٣٦ - ٩٩٨) لە کتێبی (فهرست) دا دەڵێ: (لە سەردەمی خەلیفە المعطى دا ٩٤٦ - ٩٦٧، سێ صەد ٣٠٠ نیگارکێشی مانی لە شاری بەغدا کاریان کردووە و کاریگەرییان بەسەر ژیانی شێوەکاری بەغداوە هەبووە.

وا پێدەچێ هەر لەژێر ئەم کاریگەرییەشدا «قوتابخانەی بەغدایی» لە بەستێنی میناتۆرسازیدا درەنگتر سەری هەڵداوە. ئەو قوتابخانە بەغداییەی، کە بە ڕای دکتۆر زەکی محەمەد حەسەن لە گۆڤاری (سۆمەر، بەرگی ١١، بەشی١): لەسەر بنچینەی هونەری هەرێمی (الجزيرة)ی کوردستان دامەزراوە کە لە دیاربەکرەوە تا مووسڵ دەگرێتەوە و بەپلەی یەکەم هونەری دوو هونەرمەندی میناتۆرسازی کوردی کردۆتە بناغەی خۆی (میهران و ابن الرزازي).

٢- قوتابخانەی مەنگۆلی

مەغۆل لە ١٢٥٧ بەغدایان گرت. ئیتر پەیوەندییە کولتوورییەکانی ئیسلام و چین رووی لە گەشەسەندن کرد. بۆیەش کاریگەرێتیی کولتووری چین و خاسیەتەکانی نیگاری چینی بەسەر قوتابخانەی مەنگۆلیی میناتۆرسازی، لە سەدەکانی ١٣- ١٤م، ئاشکرا دیارە.

٣- قوتابخانەی تەیمووری

تەیموورلەنگ کە لە ١٣٩٣ بەغدای گرت، ئیمپراتۆریەتەکەی تا ١٥٠٠ لەوێ مایەوە. ئەم ماوەیەش درەوشاوەترین قۆناغی میناتۆر بوو. سەید ئەحمەدی تەورێزی و عەلی مێرگ نەقاش ناودارترین دوو میناتۆرسازی ئەم قوتابخانەیە بوون. هەر لەو سەردەمەشدا میناتۆرسازی داهێن، بەهزاد، کە شاگردی ئەوان بوو، لە شاری هورات پەیدا دەبێت.

٤- قوتابخانەی سەفەوی

هونەری میناتۆر لە سەردەمی سەفەوییەکاندا لەسەر دەستی بەهزادی نیگارکێش گەیشتە ئەوپەڕی پێشکەوتنی خۆی، بەتایبەتیش لەشاری تەورێز. ئەمەش چونکە دەیان نیگارکێش و قوتابیی ڕەسم لەلای ئەو فێری ڕەسم و میناتۆر بوون و لەگەڵ ئەو لە دەرباری شا و لە کتێبخانەی پاشایەتیی سەفەویدا کاریان دەکرد، لەوانە: سوڵتان محەممەد و مظفر عەلی و میرزا عەلی و سەید عەلی. لە ئەنجامدا، ڕێبازێکی تایبەتی میناتۆر هاتە ئارا بەناوی ڕێبازی سەفەوی لە هونەری میناتۆردا کە بەردەوامبوونی قوتابخانەی تەیمووری بوو. ناودارترین میناتۆرسازی سەردەمی سەفەوی ڕضا عباس بوو کە لە کۆتایی ١٦٠٠ و سەرەتای ١٧٠٠ ژیاوە.

شایانی باسە، هونەری میناتۆر و نیگار لە کۆتایی سەردەمی سەفەوییەکان بەملاوە، وردە وردە دەخزێتە ژێر کاریگەریێتیی هونەری شێوەکاری ڕۆژئاواییبیەوە.

ئنجا هەندێک پێیان وایە کە سەلجووقیەکانیش قوتابخانەیەکی تایبەتیان هەیە و میناتۆرەکانی (کتاب سمک عيار) نووسراوی ابی قاسم شیرازی (کە ئێستا لە کتێبخانەی بۆدلیان لە ئۆکسفۆرد پارێزراوە) دەچنەوە سەر ئەم قوتابخانە هونەرییە. شهاب الدين یاڤاش و عین

الدوله کە بیست پۆرترێتی بۆ شیعرەکانی جلال الدین الرومی کێشاوە، ناودارترین میناتۆرسازەکانی سەلجووقین.

میناتۆری عوسمانی لە سەدەی ١٥م بەملاوە

شێوەکاریی میناتۆرسازیی عوسمانی لەگەڵ گرتنی ئەستەمبوڵ لە ١٤٥٣ دەست پێدەکات لەلایەن سوڵتان محەمەدی دووەم (فاتح) کە «نقاشخانەی ڕۆم» و «نقاشخانەی عەجەم» دادەمەزرێنێ بۆ هونەرمەندان کە هەندێکیانی لە تەورێزەوە هێنابوو بۆ کارکردن.

ئنجا دواتر سوڵتان سەلیمی یەکەم چەندین نیگارکێشی دیکەی لە تەورێزەوە هێنا، لەوانە: شیخ کمال، شاه محمد، علی بگ، میرزا بگ، میر آغا. مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان ئەمانە بە فارس لە قەڵەم دەدەن، بۆیە بەڕاستیش پێویستە میناتۆری ئەو سەردەمانەی عوسمانی بە ئێرانی بژمێردرێت؛ چونکە هەموویان ئێرانی بوون.

میناتۆری عوسمانی لە سەدەی ١٥مدا دوو بەرهەمی سەرەکیی تێدایە. یەکەم: (جراحیەی ایلخانی)یە، نووسراوی شرف الدین صابونچی اوغلو، نیگارکێش دیار نییە کێیە. (٢٠٥) لاپەڕەیە و (١٤٠) میناتۆری تێدایە لە ١٤٦٦ پێشکەشی سوڵتان محمد فاتحی کردووە. دووەمیشیان: پۆرترێتی سوڵتانی ناوبراوە گوڵێکی سووری بەدەستەوەیە، سنان بەگی میناتۆرساز دروستی کردووە.

لە سەدەی ١٦م بەملاوە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان موڕادی سێیەمدا ١٥٧٤-١٥٩٥ میناتۆری عوسمانی دەگاتە چڵەپۆپە و چەندین شاکار بەرهەم دێنێ؛ بەتایبەتیش لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی سوڵتان سولەیمانە قۆز بەملاوە. زبدە التواریخ و هنرنامە و سلسلەنامە و عجائب المخلوقات لەم سەدەیەدا ڕازێندراونەتەوە بە میناتۆر. (نقاش باشی)یەکان نەریت وابوو لەناو دەرباری سوڵتان پارەی چاکیان دەدرایە.

لە سەدەی ١٦مدا سێ نیگارکێش شۆرەت پەیدا دەکەن: ناصح المطرقي کە ٣٢ میناتۆری بۆ سلیماننامە و دە میناتۆریشی بۆ تاریخی سوڵتان بایەزیدی دووەم کردووە، بۆ منزلنامەیش لە ١٥٣٧ میناتۆری دروست کردووە. چەندین میناتۆری شارەکانی کوردستانیشی وێنەکێشاوە. هەروەها رئیس حیدر نگاری (١٤٩٢ . ١٥٧٢) کە میناتۆری بۆ زۆربەی سوڵتانەکان کێشاوە. ئنجا نقاش عثمان کە ئەویش پۆرترێتی بۆ زۆربەی سوڵتانەکان کێشاوە.

لە بەراوردی میناتۆری ئێرانی و تورکیدا دەڵێن: ئێرانی حەزیان لە بابەتی ڕۆمانسی و ڕووداوەکانی دین و دنیا بووە، بەڵام تورک زۆرتر حەزیان لە پۆرترێتی سوڵتانەکان و ژیانی دەربار و جەنگەکانیان و ڕاوەکانیان بووە. ئێرانی لیریکە، تورک جیددی و ئۆفیسیال بووە.

شایانی باسە، زۆربەی میناتۆرەکانی عوسمانی ئیمزا و ناوی هونەرمەندەکەیان بەسەرەوە نەبووە. نایانناسینەوە. ئەلبوومی مورەققا لە کتێبخانەی تۆپقاپیسەرای زیاتر لە دە هەزار میناتۆری بێ ئیمزا و بێ ناوی نقاشی تێدایە: کەس ناتوانێ بزانێ نقاش کێ و کێندەری بووە؟

ئەسکەندەرنامەی أحمد ڕۆمی هی شاعیرێکی تورکە بەڵام ٤ میناتۆری تێدایە بە شێوازی فارسین؛ بە هەمان شێوە، ٥ میناتۆرەکەی دیوانی فزووڵی (سەدەی ١٧م: بە شێوازی سەفەوین و بەرهەمی نیگارکێشێکی ئێرانیە.

لە سەدەی ١٧مدا میناتۆری عوسمانی جۆراوجۆرێتی تێدەکەوێ، بەڵام لە سەدەی ١٨مدا پێشکەوتنێکی دیار ڕوودەدا: عبدالجلیل لەونی پەیدا دەبێت و کاریگەرێتیی ڕۆژئاوا بۆ ناو میناتۆری عوسمانی دەگوازێتەوە. هەر لەم سەدەیەدا سیماکانی ئافرەت و ژنایەتی لەناو میناتۆردا ڕوونتر و زیاتر دەردەکەون، جگە لە ڕەنگدانەوەی واقیع و ژیان لەناو تابلۆکاندا.

شایانی باسە، هەر لەم چەرخەدا پەیوەندییەکی کولتووری و هونەریی بەهێز بۆ یەکەمین جار لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕۆژئاوا سەرهەڵدەدات و دەیان نیگارکێشی ئەورووپی دێنە ئەستەمبوڵ و لەوێ دەژین. درەنگتریش دەیان نیگارکێشی تورک لەوانە محمد علی پاشا و عثمان حمدی بگ و سعید بگ حسنی یوسف بگ کە نیگارکێشی ناوداری عوسمانین، بۆ خوێندنی نیگار دەچنە پایتەختەکانی ئەورووپا و لەلای ناودارترین نیگارکێشە ئەورووپاییەکانی ئەوێ کاردەکەن و پاشان کاریگەرییە ئێستاتیکە مۆدێرنەکان درەنگتر دەگوازنەوە بۆ ناو هونەری عوسمانی. ئەمە جگە لە کردنەوەی چەندین (پەیمانگەی هونەرە جوانەکان)ی وەک مهندسخانەی بریەی همایون و دارالبدائع العثمانی لە سەرەتای سەدەی ١٩مدا کە بنەماکانی شێوەکاریی ڕۆژئاوایی تێدا دەخوێنرا؛ تا لە ساڵی ١٨٨٣ مکتب صنایعی نفیسە لە ئەستەمبوڵ بۆ ئافرەتانیش دەکرێتەوە. بەم شێوەیە وردە وردە هونەری شێوەکاریی مۆدێرن لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩م بەملاوە سەرهەڵدەدات و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەناو میللەتانی کورد و عەرەبیش بڵاودەبێتەوە.

**سەرچاوە:**

آرنور پوپ: آشنایی با میناتورهای ایران، ت: حسن نیر، مرکز نشر کتابهای طراحی و نقاشی، طهران:

١٩٩٨، ص ٧ -٩
محمد حسين جودي: تاريخ الفن العـراقي القديم، ساعدت وزارة الاعـلام العراقـية على نشرها ، بغـداد: ١٩٧٤، ص ١٦١ - ١٦٣

U. Bahadir Alkim :Archeologie d Anatolie, ed . nagel, Paris: 1968.

Hugh Honour , J . FLGMING: Aw-orld History of Art, 3 ed., London: 1991, P . 20 - 29.

P . AMIET : L Art Antque, du proche orient , paris : 1973

Jean DELORM :chronoiolgie des civilisations , Presse in . F . , 4 ed . , Paris : 1969

gagine Boudet : chronolegie universelle , ed . Bordas , Paris : 1983

Dr. oktay Belli : Van Capital de e Urartu , ed . net, istanbul ,4 me ed . 1989 . p . 8

Ancient Civilislion, Visuol World Librony, HongKong : 1978, p:36-37

R . O . Barnet : The Treasure of Ziwiye , Iraq , Xvlll (1956 ) . P P . 111 - 116

P . Amandry : A propas du Tresor de Ziwye , lranica Antiqua, V1 ( 1966 ) P.P . 109 - 129

G. maspero : Histoire aneinne de peupl de orient clasiqne 8e ed . , paris : 1909 . p. 55- 69

P iarse A miet : L Art antique du Proehe - Orient , ed. Maze nod , Paris : 1977 .

# حەیران کۆنترین ئەدەبی زارەکییە

عەباس سلێمان سمایل

## هونەری حەیران

حەیران هونەرێکی میللی گۆرانیی کوردییەو وەک لاوک و بەیت و داستان بەشێکە لە ئەدەبی زارەکی و کۆنترین بەشیەتی تامۆچێژی لەگۆرانیی نوێ زیاترە بەهۆی ڕەسەنایەتی و ڕیشەی قوولی مێژوویی. حەیران سەر بەدەزگای بەیاتە، لەکێش و قافییە لەبەیت سەربەستترە و لە ڕوخساریش لەلاوک نزیکە، کەچی لەناوەرۆک جیایە.

دەقەکانی حەیرانیش هەرچەندە خاوەن و سەردەمی نووسین و چڕینیان دیار نییە، بەڵام بەتۆژینەوە لەناوەرۆکی دەقەکان دەتوانرێ سەردەمی هۆنینەوە و چڕینیان دیاری بکرێت.

لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە زیاتر دڵدارییە و تایبەتە بەناوچەکانی سۆران.

دەقەکانی حەیرانی ئەمڕۆ پەروەردەی حەیرانی هەزاران ساڵە و فەرهەنگەکەشی فەرهەنگی دوو سەد ساڵێک لەمەوبەری ناوچەکانی نێوان بۆکان و دەشتی قەراجەو چەند لەهێڵی نێوان ئەم دوو ناوچەیەش دوورکەویتەوە حەیران لە چڕین ڕۆڵی کەمتر دەبێتەوە، دووریش نییە جاران ناوچەی زیاتری گرتبێتەوە. حەیران(*) چیرۆکێکی زۆر کورتە و بەشێوەی هەڵبەستی ئازاد هۆنراوەتەوە، ئەم هەڵبەستانەش سەرەتاو ناوەرۆک و کۆتایی و سەربەندو دوابەندیان هەیە. لەوەوە ڕوون دەبێتەوە کە کورد هەڵبەستی ئازادی بەر لە هەڵبەستی کێش و قافیە گوتووە، لەوانەشە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردسان لەڕێی فەقێ و مەلاکان بەکاریگەریی ئایینی ئیسلام هەڵبەستی کێش و قافیە سەری هەڵدابێت لە کوردستان، سەرەتا لە حوجرەو مزگەوتەکان هەڵبەستیان بەکێش و قافیە بەزمانانی کوردی، عەرەبی فارسی دادەنا.

شیعرەکانی حەیرانی سەرچیایی هەمووی دڵدارییە و پاڕانەوەی بەرامبەر بە ئافرەتیان تێدایە و کوڕە حەیران خۆی دەکاتە خاک و خۆڵ لەبەر پێی خۆشەویستەکەی و ئامادەیە لەبەیانییەوە تاکو ئێوارە خۆی شل و کوت بکات و کاری بۆ بکات تەنیا بۆ خاتری سەیرکردنێکی ،خۆی زەلیل و بێ دەسەڵات دەزانێ بەرامبەری و هەر خۆشەویستەکەی حەکیم و نوژداری دەردەکەیەتی، ئەگەر لەپێناوی خۆشەویستەکەی هەلا هەلاش بکرێت بە خەنجەران شانازی پێوە دەکات.

نموونەشمان شێخی سەنعانە کە بۆ خاتری کچەگاورێ دەبێتە شوانی بەرازان و دواتریش لە دین وەردەگەڕێ.

ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆمەڵگای کوردەواری جاران، کۆمەڵگایەکی ئافرەتسالاری بووە، تا ساڵانی پەنجاکانیش لەناوچە شاخاوییەکان ڕیشەی ئەم ئافرەتسالارییە هەر مابوو کە لە سەربەستیی کارکردنی ئافرەت و خزمەتکردنی لەلایەن پیاوەوە ڕەنگی دابۆوە.

بۆ نموونە تا بەم دواییە لە بیتوێن دەبووایە پیاو ڕۆژانە پشتیەدار بۆماڵەوە بێنێ، بەڵام دوای ئەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی ڕیشەی داکوتاو خەڵکەکەش زیاتر قوڵ بووەوە لە ئایین، ئافرەتسالاری بە جارەکێ لە ڕیشەوە هەڵکێشرا، بەجۆرێک وای لێهات پیاوان بەلایانەوە شوورەیی بوو کە حەیران بەسەر شۆخ و شەنگی و

ئازایەتیی ئافرەتدا بچرن، دڵداریش بووە شوورەیی و کچ بەشوودان بۆ زەبری خەنجەر گۆڕاو لە ئەنجامدا چینایەتی دروست بوو و شێخ و دەرەبەگ بە ئارەزووی خۆیان هەر کچێکی بیانویستبا دەیانهێناو هی وا هەبوو لەم هەولێرە لە (٣٠) ژنی تێپەڕاندبوو، چینی هەژاریش ئەگەر کچێکی خۆشبویستبایە ئەوا گەورەترین کۆسپەیان بەناوی دینەوە لەبەردەم دروست دەکرد.

بۆ نموونە کەریم و ستی، هەردووکیان لەلایەن ئاغاوە کوژران، دڵداریی نێوان «خدرو زەری» یان لە خوێن هەڵکێشاو ناوی زەریان زڕاندو بە پەندیان بردو خدریشیان لە حەیران وتن ساردکردەوە، فەقێ برایمی گوندی کەسنەزانی بن زوورگەزراویش کە دانیشتووانی ناوچەکە بەحەیرانی مەست بوون، حەزی لە کچە ئاغایەک دەکردو هەمیشە لە حەیرانەکانی ناوی دەهێنا، لە ئەنجامدا بەدەستی ئاغا کوژرا.

کەواتە لە دروستبوونی چینایەتی، زۆرداری سەری هەڵداو چینی چەوساوەش کە سەرچاوەی هونەرە مافی پێشێل کرا، بەڵام لە ئەنجامی ئەم گۆڕانە، حەیرانی مەجریسی زیاتر گەشەی کرد کە زیاتر مەدح و پێداهەڵدانی چینی دەرەبەگی دەگرتەوە.

کلیلی سەرەکیی ئاوازەکانی حەیرانیش پیتە بزوێنەکانە. دەقەکانیشی هەر ناوچە و دەقی تایبەتیی خۆی هەیە و لە چڕینیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆ نموونە حەیرانی موکریان لەگەڵ حەیرانی دەشتی هەولێر لەگۆتن جیاوازیی هەیە و هەروەها لەگەڵ حەیرانی بیتوێن و باڵەکایەتی، دەقەکانیش هەریەکە و ناوی جوگرافیی ناوچەکەی، زیاتر ڕەنگی تێدا داوەتەوە، دەقی حەیرانیش هەیە ناوە جوگرافییەکانی نێوان هەواری کوێستانە و هەواری گەرمیانی تێدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە ئەم دەقە حەیرانە ناوە جوگرافییەکانی نێوان چیای قەندیل و دەشتی قەراجی تێدا ڕەنگی داوەتەوە:

**ئەمن دەڵێم براینە برا دەرینە وەرن لەکوێ**
**لە دەشتی مێرگان**
**لە گوندی دەبێرێ**
**پێش دە مەخمووری پشت دە هەولێرێ**
**من دەلێم بمدەیە بیست و دوو ماچ لە گەردەنی زەردێ**
**محە لی نیوەڕۆیە کە مەڕ دێتە بەربێرێ**
**مردن گەلێک نێزیکە لۆ کاکی حەیران**
**دەبلابێ**
**هەر گەلێک بەخێرێ**
**کیژ وەرە لەکوێ**
**لە تەرگەوەڕو مەرگەوەڕێ**
**بریا دوو گراویلکەم بەدڵی خۆم گرتبان**
**یەکیان بەجێ مابا لەسەر زەوی**
**ئەوی دی چووباوە بۆ سەر بانەمەڕێ**
**بریا خەرج ئەستێن و باج ئەستێن.. بام لەکوێ؟**
**لەو بەرەو بەری نەڵێنێ، لەبەری مێرگان**
**لە کۆچک درووی دە ئاڵوەتەیان**
**لە قۆندر جوکەی هەولێرییان**
**لەسەر بەتاسی خۆشناوان..**

## سەرهەڵدانی حەیران لەمێژوودا

گۆرانییە کوردییەکان، هەریەکەو سەردەمی سەرهەڵدانی تایبەتیی خۆی هەیە، قۆناخ دوای قۆناخ گۆڕانی بەسەر داهاتووەو گۆرانی وا هەبووە لەگەڵ سەردەم نەگونجاوە یا بەهۆی کارەسات لەناوچووە و گۆرانیی دیکە سەری هەڵداوە، گۆرانییەکانیش بەگشتی پێوەندییان بەباری کۆمەلایەتی و جەژنەکانەوە هەبووە.

جا دوای ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە قۆناخی ڕاووشکارو چنینەوەی خۆراکەوە دێتە سەر ماڵی کردنی مەڕو ماڵات و گەرمیان و کوێستان کردن، تەواو تێکەڵی یەکتر دەبن و حەیرانی سەرچیایی سەرهەڵدەدات و دوا بەدوای ئەویش پیرە پایزۆک و حەیرانۆک سەرهەڵدەدەن، حەیرانی سەرچیاییش بەکۆنترین هونەری گۆرانیی کوردی دادەنرێت.

ئەم جۆرە حەیرانەش ئاوازەکەی بەرزەو پێویستە حەیرانبێژ بەدەنگێکی بەرز بیچڕێت، بەهۆی ئەوەی بنەماڵەی مەڕ داران، دوور لە یەک بنەگەیان هەڵداوە و مەڕیان دەلەوەڕاند، یان حەیرانبێژ شوان بووەو لە دوورەوە بۆ دارکەران حەیرانی چڕیوە و بەدەنگێکی بەرز دەردی دڵی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی هەڵڕشتووە و وەفاداریی خۆی پێ ڕاگەیاندووە.

هەڵبەتە دەنگخۆشیشی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دڵداری، زۆرجاریش حەیرانبێژ حەیرانی سەرچیای هەر تەنیا بۆ خۆی وتووە بۆ سەبووری خۆی و دڵدانەوەی خۆی بەهۆی ئەوەی نازدار حەیرانی بە نسیب نەبووە یا باریان کردووە، جاری واش هەبووە تەنیا وەسفی نازدار حەیرانی کردووە و پێیدا هەڵگوتووە.

حەیرانی سەرچیاییش لەو کاتانە زیاتر بۆنی ئومێدی لێ دەکرا کە هەوا بەرەو فێنکی دەگۆڕاو مەڕداران مەڕو ماڵاتیان دەردەکەنە دەشتودەر و کچ و کوڕان تێکەڵی یەکتر دەبن، دوای مانگێکیش لە وشکبوونی گژوگیا، مەڕەکانیان بەرەو کوێستان ڕادەدەن، بەڵام دوای ئەوەی کە پایز مانگێکی بەسەر دەچوو لە کوێستان دەگەڕانەوە گەرمیان، حەیرانەکانیان بۆنی نائومێدییان لێ دەکرا، بەهۆی ئەوەی کچان و کوڕان لێک دادەبڕان لە بادینان و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی باکوور، جۆرە حەیرانێکی

نائومێدییان هەیە کە لە گەڕانەوەیان بۆ گەرمیان دەیچڕن و بە (پیرە پایزۆک) ناوی دەبەن، بەڵام (حەیرانۆک)ی کرمانجی کە بە ئاوازێکی زۆر نەرم و لەسەرخۆ دەگوترێت لە ڕووی چڕینەوە زۆر لە حەیرانی مەجریسی دەچێت کە تەنیا لەنێوان کوڕو کچدا دەوترێت و کە هەریەکەیان بە حەیرانۆک چڕین خۆشەویستی و دەردی دڵی خۆی بۆ ئەوی دیکە دەر دەبڕێت.

جۆری دووەمی حەیرانیش، حەیرانی مەجریسییە، کە لەناوەڕۆکەوە لەلاوک نزیکە.

ئەم جۆرە حەیرانەش دوای ئەوەی مەڕداران یەکێک لە هەوارەکانیان دەکەنە هەواری هەمیشەییان سەرهەڵدەدات، بەهۆی شەوی درێژی زستانە و کۆبوونەوەیان لە ماڵان و لەدیوەخان، چیرۆک و ڕووداوی جوامێرانەیان بە ئاوازێکی نەرم و لەسەرخۆ بە حەیران دەوت، ئەم جۆرە حەیرانەش زۆربەی دەقەکانی بۆ سەردەمی میرنشینەکان دەگەڕێتەوە کە دەکەوتنە بەر پەلامارданی داگیرکەرانی عەجەم و ڕۆم (تورک)، بەڵام دەقەکانی حەیرانی مەجریسی دەشتی هەولێر زیاتر مەدح و پیاهەڵدانە. گەشەکردنی حەیرانی مەجریسیش لە دەشتی هەولێر گەشەی کردووە بەهۆی دروستکردنی گوندێکی زۆر لەم دەشتەو دوور بوون لە دەسەڵاتی حکوومەتانی سەفەوی و عوسمانی و قاجاری و بەرزبوونەوەی باری ئابوورییان و هەبوونی کێخواو دیوەخان لەگوندەکان، بەڵام حەیرانی مەجریسیی موکریان ناوەڕۆکەکەی زیاتر لەناوەڕۆکی حەیرانی مەجریسیی دەشتی هەولێر مێژووییترە و باس لە پاڵەوانی و جوامێریی کوردان و داگیرکەرانی عەجەم دەکات.

جارانیش کێخواکان هاندەربوون بۆ حەیران چڕین و شەوان لە دیوەخانەکان شوورەیی بوو ئەگەر یەکێک دەنگی خۆش بووایە حەیرانی نەچڕیبووایە. هەروەها دەنگ خۆش ڕۆڵی هەبووە لە ژن خواستن، سەرەتا یەکێک بیویستبایە داخوازیی کچێک بکات، لێیان دەکۆڵییەوە داخۆ دەنگی خۆشە یان نا..؟

## هۆی کزبوونی حەیران

حەیران تا ساڵانی چل و پەنجاکان لەوپەڕی پێشکەوتندا بوو بەهۆی گرنگ پێدانی کێخواکان بە حەیران و ژیانی سادەو ساکاری هۆزانی کوردو دژایەتی نەکردنی حەیران چڕین لەلایەن مەلای گوندەوە، بەڵام دوای ئەو ڕێکەوتە، حکوومەتی عێراق، ئایینی وەک داردەستێک و فاکتەرێک بەکاردەهێنا دژی فەرهەنگی کوردو بووژانەوەی و بەرەوپێش چوونی هونەری کوردی و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، لەلایەکی دیکەوە شەڕو شۆڕی بەردەوام وای لە خەڵکەکە دەکرد کە لە هونەری گۆرانی وتن دوورکەونەوە و پاشان تێکەڵ بوونیان بە ژیانی شارو کارو کاسبی بە تەواوی حەیران بەرەو کزی چوو.

ئیتر هەردوو جۆری حەیران مۆرکێکی ڕەوەندی و لادێ نیشینیان پێوە دیارەو تاوەکو ئەمڕۆ گوندنشینان زیاتر گرنگی بە حەیران دەدەن، بەڵام کە گوندنشین بووە شارستان یا ئامێری پێشکەوتووی لەجیاتی ئامێری دەستکری باووباپیرانی بەکارهێنا، ئەوە لە ئەدەبی زارەکی دوور دەکەوێتەوە و لە دابونەریتی ڕەسەنی گەلەکەی دادەبڕێ..

جا کە مەڕداری نەمێنێ و جلی کوردی بەرەو جلی ئەوروپی بگۆڕێ و کراسی بەئەنگوچک، لفکەشۆڕ، خەزێم، کرمەک و گوارەی بەکاریتە و ژێرچەنە، بسک شۆڕ و چوونە داران و چوونە سراوێ و کل و کلدان و سوارسوارانێ و پەرێزو دوورینەوە نەمێنێ، حەیرانبێژ ئەو هەستەی جارانی نامێنێ حەیران بچڕێت.. حەیرانبێژ بەچیدا بچڕێت.. بە دەڕاسە و تەلەکتۆرو ئۆتومبێل، یا بەجلی ئافرەتانی ڕۆژئاوایی و سۆرو سپیاو..؟

## تایبەتمەندییەکانی حەیران

حەیران لە چڕیندا لەگەروو دێتە دەرەوە، پێچەوانەی گۆرانیی جەنگ و مەیدانە، کە لە سینگەوە دێتە دەرەوە، میلۆدی یا ئاوازی حەیرانی هەر ناوچەیەک جیایە لەگەڵ ناوچەیەکی دیکەو بەگشتیش حەیران چیرۆکێکی زۆر کورتە و مرۆڤ بە باشی تێی دەگات و زیاتریش لە گۆرانیی دیکە لە هەست و گیان نزیکترە.

هەروەها حەیران زۆر شتی تێدایە وەک! ڕەوانبێژی، ناوی جوگرافی، ناوی مرۆڤ، ئازایەتی و بەسەرهات و شتی دیکە.

هەروەها حەیران لەتایبەتمەندییەکانی وەک هۆرەی جافی جێگای مۆسیقاشی گرتۆتەوە، واتە بەبێ مۆسیقاش دەچڕدرێت، ئەگەر بە مۆسیقا بیچڕن، ئەوا بەیەک ئاواز یا میلۆدی سادەی بۆ دەژەنن کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، کەچی دەتوانرێت حەیران و لاوک و گۆرانییەکانی هەورامان و ئەو گۆرانییانەی سەر بەدەزگای بەیاتن قەوارە و فۆرمی زانستییانەیان بۆ دابنرێت و لەکۆتاییدا هیوادارم کۆمەڵەی حەیرانبێژان و حەیران دۆستان دروست بن، بەڵکو ئەم هونەرە کۆن و ڕەسەنە بەرەو پێش بچێت و لە ڕێگای حەیران چڕین و توێژینەوە لەسەر حەیران خزمەت بەلایەنێکی گەورەی کولتووری میللەتی کورد بکرێت.

## جۆرەکانی گۆرانی

١- ئەوینی:

أ- حەیرانی سەرچیایی.
ب- حەیرانۆک.
جـ- پیرە پایزۆک.
د- گۆرانیی کارکردن.
و- گۆرانیی بۆنەکان.

٢- گۆرانیی کۆچک و دیوان:
أ- حەیرانی مەجریسی.
ب- لاوک.

٣- گۆرانیی جەنگ و مەیدانخوازی.
٤- گۆرانیی ئایینی.
٥- گۆرانیی خەمباری: چەمەری، سەردولکە،..
٦- گۆرانیی غەریبی: سەفەر.
٧- گۆرانیی منداڵان.
٨- گۆرانیی ڕامیاری و پەروەردەیی.

### شوێنی حەیران لە ئەدەبیاتدا (ئەدەبیاتی کوردی)

أ- ئەدەبیاتی زارەکی
١- بەیت.
٢- مەتەڵ.
٣- چیرۆک.
٤- پەند.
٥- داستان.
٦- حەیران.
٧- گۆرانی.
٨- لاوک.

ب- ئەدەبیاتی نووسراو

### شوێنی حەیران لەدەزگاکانی مۆسیقادا (دەزگاکانی مۆسیقا)

١- دەزگای شوور (بەیات)
أ - بەشەکانی بەیات:
١- ئەبو عەتا (١٠) لق.
٢- بەیاتی تورک (٥) لق.
٣- ئەفشاری (٣) لق.
٤- دەشتی (٥) لق.
٥- بەیاتی کوردی (٨) لق.

ب- پێنج ئاوازی لێدەبێتەوە.

٢- نەوا (ڕاست).
٣- ماهوور (عەجەم).
٤- چوارگا (حیجازکار).
٥- ڕاست پێنجگا.
٦- سێگا.

مەقامەکانی جۆرەکانی بەیات کە تایبەتن بە گەلی کورد ئەمانەن: (حەیران، قەتار، خاوکەر، ئەڵڵاوەیسی، خورشیدی، هۆرە، ئای ئای، سەفەر، دەروێشی، کوردۆ، هیجران)،..
(چەند نموونەیە لە حەیرانۆک)
حەیرانۆک لە ڕووی کێشەوە چوار جۆری هەیە: سێ بڕگەیی، چواربڕگەیی، پێنج بڕگەیی، حەوت بڕگەیی.
١- سێ بڕگەیی:
**تارینێ**
**گەنمێ مەیێ کرە**
**مە ب شێڤێ وەرکرە**
**سەرسپی، ژبویکێ جانترە..**

٢- حەوت بڕگەیی:
**ئەڤ شەڤە، شەڤاخێرا..**
**مەلایێ چوین مزگەفتا**
**جوهیێن چوینەکەنیشتا**
**فەلەییێت چوینە دێرا..**
**دا ل ناڤ بەرا جوت لا**
**ڤەبیت دەرگەهێ خێرا..**
(دەقێکی حەیرانی ناوچەی موکریان کە باس لە دوشمنکاریی عەجەم و ڕۆم دەکات و ناوەرۆکەکەی تێکەڵە لەسەر چیایی و مەجریسی)
*** حەیران دەڵێم لەلای (ڕەبەت)ێ**
**ئەمن دەچوومەوە ماڵە هەتیو حەیرانێ**
**بە بیانووی سووکەڵە حاجەتێ**
**ئەوە دایکی هەتیو حەیرانی بۆم دەهات**
**هەروەکو ئاورەکەی دەقودرەتێ**
*** حەیران سەری (سیاقۆڵ)ی لە من بەگۆمە**
**لایەکم حەجەمەو ئەوی دیکانەم نیزام و ڕۆمە**
**ئەگەر بە حەوت مەلای دەدوازدە علیمم**
**مارەکەنەوە لە گولێکی دە گولە مێردان**
**هێشتا هەر ئی کوڕە حەیرانی خۆمە**

**پەراوێزەکان:**
ئەدەبی زارەکی: بەهۆی ئەوەی گەلی کورد زۆر تێکەڵ گەلان نەبووە، بۆیە ئەدەبیاتەکەی بە ڕەسەنایەتی

ماوەتەوەو بەهۆی ئەوەی پێوەندی نەبڕاوە بەو کەرەستە میللییانەی کە خۆی دروستی کردوون و لەخاکی وڵات دوورنەکەوتۆتەوە و هاموشۆی گەلانی بەدەگمەن کردووە و زمانی گەلانی نەزانیوە و بە ژیانی سادە ژیاوە دوور لە تەکنەلۆژیا، جا حەیرانیش لەنێو ئەم کۆمەڵگایە هەڵقوڵاوە کە بە کۆنترین ئەدەبیاتی زارەکی دادەنرێت.

* حەیران زۆری لەسەر نووسراوە، کەچی بەداخەوە لێکۆڵینەوەی کەم لەسەر کراوە، بەڵام لە کوردستانی ئێران بەهۆی نەبوونی ئازادی بە دەگمەنیش لەسەری نووسراوە.

ئەمڕۆکەش بەدەگمەن ڕێگە بە نووسین لەسەر حەیران دەدرێت لە ئێران بەهۆی ئەوەی دەقەکانی حەیران دڵدارییەو لەجوانی ئافرەت دەدوێت.

* عوسمانییەکان ڕۆڵێکی باڵایان دیت لە بڵاوکردنەوەی تەکیە لە کوردستان بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتییان بێ هێز بکات و لە کولتووری میللی و ئەدەبی زارەکی دایان ببڕێت، بۆ نموونە مەلا ئیدریسی بەدلیسی کە پیاوی سوڵتانەکانی عوسمانی بوو، ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە لەناوبردنی میرنشینی کوردان، زەمبیل فرۆشیش کە میری قەڵای فارقین بوو، دوای ئەوەی بوو بە دەروێش و وازی لەمیرایەتی هێناو تۆبەی کردو ڕووی لە چۆڵ و چیا کردو زەمبیلی دەفرۆشت و پێی بەڕێوە دەچوو واڕێکەوت، کچە میرێک چاوی پێ دەکەوێ و عاشقی دەبێ، بەڵام زەمبیل فرۆش واترسی خودای چوو بووە دڵەوە دڵدارییەکەی لێ قەبووڵ نەکرد.

(میر سولەیمان)ی حاکمی ناوچەی هیران کە ئەوەی میر کەلۆسی سۆرانە، دوای ئەوەی تەریقەت لە سەید تاهای بەدلیسی وەردەگرێ، واز لە کوردایەتی و میرایەتی دێنێ و کۆشک و باڵەخانەی میرایەتی بۆ تەکیە دەگۆڕێ و زیکر جێگای سیاسەت دەگرێتەوە و تاکو ئەمڕۆش بنەماڵەی میر سلێمان (شێخ سلێمان) کە بە کاکی هیران ناسراون، لەسەر زیکرو شێخایەتی بەردەوامن.

* جۆرەکانی گۆرانی: ئەدیبان بەزۆر جۆری دیکەو لەسەر بنەمای دیکە گۆرانییان دابەش کردووە.

* عومەر دزەیی دەڵێت: حەیرانی ڕەسەن دوو تایبەتمەندیی نەگۆڕ دیاری دەکا: یەکەم: لەبارەی فۆرم و دارشتنەوە، لانی کەم دەبێ بە سێ بەندو لانی زۆر بە چوار بەند ببڕێتەوە. دووەم: ئەوەی کە لە بارەی ناوەرۆکەوە، خۆڵەقەرەی بابەت گەلی مێژوویی، سیاسی کۆمەڵایەتی و ئایینی و هی تر نەداو تەنیا باسی خۆشەویستی و حەزلێکردن بکا.

* لە کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆرجار بە حەیرانبێژ دەڵێن بەیتبێژ، هەرچەندە لەنێوانیان جیاوازی هەیە.

* سەلاح پایانیانی دەڵێت: حەفتا دەقە حەیرانم لە دەنگی هەشت ژنی حەیرانبێژی مەهاباد تۆمار کردووە، لە حەیران کوڕە حەیران و کچە حەیران هەیە، کاتێک کە حەیرانبێژ برینەکانی دڵداری زیندوو دەبنەوە، ئەو دەمەی ماڵی نازدار حەیران بنگەیان بەجێ دێڵن و ئەو دەمەی حەیرانبێژ بە سوورە گوڵ کەپر بۆ یار دروست بکات، ئەوا حەیرانبێژ دەبێتە کوڕە حەیران و کاتێکیش مێردەگولەیەک سنگ و بەرۆکی کچە حەیرانبێژ دەگرێت یا کچە حەیرانبێژ بەرۆکی کردبێتە باخچۆلەیەکی پاوان، کلیلی دەرگاکەشی دابێتە دەست خۆشەویستەکەی ئەوا حەیرانبێژ دەبێتە کچە حەیران.

* حەیرانی مەجریسی: حەیرانی مەجلیسی، مەجلیسی وشەیەکی عەرەبییە و واتای کۆڕی دانیشتووان یا دانیشتوانی دیوەخان دەگەیەنێت.

* بەیات تورک: بەیات تورک لە ئێران (بەیات زەند)یشی پێ دەگوترێت و (ئەبو عەتا)ش حیجازی پێ دەگوترێت.

* جاران هەموو دابونەریتێک بە گۆرانی بەڕێوە چووە و بە چەندان ئاواز، بەتایبەتی لە وەرزی بەهاران، لەو کاتانەی کەمەڕداران دەچوونە هەواران حەیرانیش کۆنترین گۆرانییە کە لەژێر ڕۆشنایی و چڕینی حەیران کاروکاسبیان کردووە.

پاشان گۆرانیی هەڵپەڕکێی و گۆرانیی دیکە سەری هەڵداوە، جا هەرچەندە قوتابخانە نەبووە، بەڵام لە ڕێگای حەیران و جۆرەها گۆرانی کولتوورێکی زۆری میللەت پارێزراوە.

ئەمڕۆکەش پێویستە حەیران و لاوک و جۆرەکانی دیکەی گۆرانی لە کۆلێژی ئاداب و پەروەردە ببێتە بابەتی ماستەرو دکتۆراو بڕوانامەی لەسەر وەربگیرێت.

**(*) وای بۆ دەچم کە (حەیران) لە (هەی یاران)ەوە هاتبێت.**

**سەرچاوەکان:**


**١- حەیران، چەمک، ناوەرۆک، سەرهەڵدان، غەفوور مەخمووری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، (٢٠٠١).**

**٢- حەیران، ئەحمەد بەحری، گۆڤاری سروە، ژ ( )، ل(١٤-١٦).**

**٣- حەیران یا کەوڵی حەوت برایان، سەلاح پایانیانی، گۆڤاری مەهاباد، ژ(٥)، ل(٣٨ - ٤٠).**

**٤- حەیرانۆک، ڤەکۆلین و دەق، ئیسماعیل بادی، دهۆک، (٢٠٠١).**

**٥- دەروازەیەک بۆ ئاوازو گۆرانیی کوردی، مەحموود زامدار، بەغدا، (١٩٨٠).**

# ئەکتەر لەنێوان نواندنی سینەمایی و شانۆییدا

خەلیل یابە کەریم

شوێن و کات بڕیاری جیاوازی نواندنی سینەمایی و شانۆیی دەدەن، بەشێوەیەکی گشتی وا دەردەکەوێت کە شانۆ شوێنێکە ئەکتەر زیاتر خۆشحاڵە و دڵی لێ دەکرێتەوە هەرکە پەردە لادەچێ. یەکسەر دەچێتە قاڵبی دەورەکە و بەسەر مەراسیمەکاندا زاڵ دەبێ، پێوەندییەکی گیانی لەگەڵ بینەرانی ناو هۆڵەکە پەیدا دەکات، مەرجەکانی ئەکتەری سەرکەوتوو لە شانۆدا زۆرن، لەوانە: پێویستە هەموو جەستەی ئەکتەر لە بینەران دیاربێت، دەنگێکی قەبەی هەبێت، دەنگێکی ڕاهێنراو و بەهێز، تا بە چاکی ببیسترێ، هەتا ئەگەر لە هۆڵێک بێت، یان لە شوێنێکدا کە بە هەزاران کورسی، واتە بینەری تێدابێت، لەبەر ئەوەیش کە زمان و زمانەوانی ئامرازێکی سەرەکین بۆ واتا و ناوەڕۆک، بۆیە دەنگی ئەکتەری شانۆیی زۆر پێویست و گرینگە کە بزانێ چۆن بەکاری دێنێ و چۆنیش قسەکانی وردەکاتەوە، هەروەها چۆن جەخت لەسەر هەندێ وشە دەکات بە گوێرەی جۆر و شێوە، لەسەر هەندێکیان دەوەستێ و هەندێکی تر بەخێرایی دەڵێ، یاخود لەسەرەخۆ، لە کوێ هەڵوەستە دەکا و لە کوێ دەوەستێ، لە هەمووی گرینگتر، پێویستە ئەو قسانەی دەیکات هەستی پێ بکات چونکە ئەگەر هەستی پێ نەکات واتە چەند وشەیەکی ئەزبەر کردووە وەک تووتی دەیانخوێنێتەوە.

پێویستە ئەکتەری شانۆیی کە لەسەر تەختەی شانۆ دەوەستێت بتوانی پردێک لەگەڵ بینەران بەهۆی جووڵە و دەنگ و دەربڕین و ئەداکردنی، دروست بکات، جەماوەر بۆخۆی ڕاکێشی و قەناعەتیان پێ بێنێ، هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی شانۆیی بەلایەنی چاک و سەرکەوتوویی، بەزۆری بۆ سەرکەوتوویی ئەکتەرەکان دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی زۆر جاران وا ڕوو دەدات ئەکتەر بە چاکی دەوری خۆی دەبینێ، بەڵام کەم و کوڕی لە دەقەکەدا یان لە دەرهێنان و تەکنیک و شتە پێوەندارەکانی ترە. پێداویستییە سروشتی و فیزیاوییەکان لە سینەما و شانۆدا جیاوازن، دیارترینی، ئەکتەری شانۆیی پێویستە لە هەرە پشتەوەی هۆڵەکە ببینرێت، بۆیە ئەگەر بکرێت قەد و باڵای ئەکتەر کەمێک بەرزبێت چاکترە، چونکە ئەکتەری کورتە باڵا لە شانۆ و هۆڵێکی فراواندا وەک یاریگایەک یا گۆڕەپانێکی فراوان ون دەبێت، باشتریشە ئەگەر سەر و سیمایەکی گونجاوی هەبێت، هەرچەندە ئارایشت زۆر لە کەم و کوڕییەکانی دەموچاوی ئەکتەر دادەپۆشێ و چارەی دەکات، لەبەر ئەوە لە شانۆدا دەشێ دەوری (زین)یان (ستی) یان (جولێت) بدرێت بە ئافرەتێک تەمەنی هەتا ئەگەر چل ساڵانیش بێت، لە



دیمەنێک لە شانۆگەریی
«دڵدارێکی قرچۆک»

شانۆدا ئەوە لەنگی نییە، چونکە ڕەنگ و ڕوخساری ئەکتەر بە چاکی بەدی ناکرێ، مەگەر لە ڕیزەکانی پێشەوە یان لە نزیکەوە درکێ پێ بکرێ. لەبەر هەندێ ئەکتەری شانۆیی دەگونجێ جۆرە دەورێک ببینێ کە لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی بە چەند ساڵێک لە تەمەنی کەسایەتییەکە کەمتر یا زێتر بێت. زۆرجاران دەبینین کوڕێکی جحێڵ دەوری پیرێکی بە ساڵاچوو دەبینێ، یان کیژۆڵەیەک دەوری پیرەژنێک دەبینێ ئەوەش شتێکی ئاساییە لە شانۆدا بە مەرجێک دەنگ و باڵای بۆ ئەم جۆرە دەورانە شیاو و گونجاو بێت، هەندێک چالاکی ئاسایی لەسەر شانۆدا هەن وەک وەستان، دانیشتن، ڕۆیشتن.. تاد بەجۆرێکی جیاواز لە ڕەفتاری ئاسایی ڕۆژانە ئەنجام دەدرێت، بۆیە پێویستە ئەکتەر بزانێت چۆن سەماکردن و شەڕە شمشێر و تەقڵەلێدان ئەنجام بدات و بە جلی هاوچەرخ بەشێوەیەکی سروشتی بجوولێتەوە، پێویستە بزانێ چۆن دەستەکانی بەخۆیدا شۆڕ بکاتەوە تا لە کاتی پێویستدا بەکاریان بێنێت، بۆ دەربڕینی حاڵەتێکی بێ قسە، ئەکتەری شانۆیی پێویستە حسێبی هەموو جوولە و دەربڕینێکی بکات، بۆ نموونە گەنجێکی بیست ساڵی جوولانەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ کابرایەکی پەنجا ساڵی جیایە، مرۆڤێکی ئەروستۆقراتی و دەوڵەمەند هەڵسوکەوت و قسەکردنی لەگەڵ کابرایەکی ئاسایی و هەژاری هاوتەمەنی خۆی جیایە، گەلێک حاڵەتی دەربڕین و پەیوەست بە سۆز و ناخی دەروونەوەی هەیە پێویستە بەبێ دایەلۆک و قسەکردن دەربڕێت، پیاوی بەختەوەر هەتا لە ڕاوەستانیشیدا لەگەڵ پیاوی کڵۆڵ و ڕەشبین جیاوازی هەیە، نواندنی شانۆیی ماوەیەکی دیاریکراو دەخایەنی، هەندێ جار دەگاتە دوو سێ کاتژمێر، بۆیە ئەکتەر پێویستە لە دیمەنێکدا بۆ دیمەنەکی تر بنیات بکا و بگۆڕێ تا دەگاتە دیمەنی کۆتایی یان لووتکەی شانۆییەکە، هەروەها نابێ ڕیتم و ئیقاعی دابەزێ، پێویستە هەر لە بەرزبوونەوەدابێ بەرەو پێشەوە بچێ، بۆ ئەوەی بینەر وەڕس نەبێت، زۆر جاران ئەکتەری شانۆیی بە هەوڵێکی کەم و ساکار دەست پێدەکات، پاشان بەرە بەرە گەشەدەکات تا دەگاتە ئاستی تەقینەوە لە لووتکەی شانۆگەرییەکەدا، ئنجا پاشان بەرە بەرە ئاسایی دەبێتەوە، تا دەگاتە قەراری شانۆگەرییەکە.

بە کورتی ئەکتەر هێز و توانایەکی ڕوحی دەبەخشێت بۆ بنیاتنانی شانۆگەرییەکە، ئەوەی گرینگە سەبارەت بە ئەکتەری شانۆیی ئەوەیە، کە بەردەوام چالاکە بە درێژایی دیمەنەکان، زۆرجار کە پەردە لادەدرێت ئەکتەر بە تەنیا خۆی لەسەر شانۆ دەبینێ یان لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی تردا ڕەنگە چاککردنەوەی هەڵەکانی چ لە قسە، یان لە جوولەدا ئاسان نەبێت، چونکە ناکرێ دیمەن دووبارە بکرێتەوە یان لا ببرێت، هەرچەندە جارێکیان لە شانۆگەری (سورمەخان) کە لە نووسینی یاخود ئامادەکردنی (محەمەد عەبدوڵڵا یوونس) و لە دەرهێنانی هونەرمەند (سەفوەت ئەلجەڕاح) بوو یەکێک لە ئەکتەرانی، کە ئەکتەرێکی کۆن و خاوەن ئەزموون بوو لە دیمەنێکدا هەڵەییێکی کردو ڕووی لە جەماوەر کرد، داوای لێبووردنی لێکردن.

بە گشتی ئەکتەری سینەمایی دەتوانێ لەگەڵ هەندێ تەکنیکی شانۆییدا بە چاکی دەست پێ بکا و دەست بە کاربێ، پێداویستی سەرەکی بۆ ئەکتەری سینەمایی ئەوەیە کە پێی دەگوترێت «دەربڕین» پێویستە ئەکتەری سینەمایی دەم و چاوێکی زۆر گونجاوی هەبێت، چونکە ناکرێ تەکنیک کەم و کورتی دەم و چاوێک داپۆشێ کە بۆ شاشەی سینەما دەست نەدات، بۆیە زۆر لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی شانۆ لە سینەمادا سەرکەوتنیان وەدەست نەهێناوە، چونکە لە سینەمادا زێدەڕۆیی لە تەکنیک نواندنەکە دەفەوتێنێ و لەوانەیە نائاسایی دەربکەوێ، لە شانۆدا، بە تایبەتی لە شانۆی واقیعیدا دایەلۆگ ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە کەچی لە سینەمادا چونکە ئەوەندە پشت بە قسە و دایەلۆگ نابەسترێ، زیاتر دەربڕینەکە وێنەیە. بەرنادشۆ هەردوو ئەستێرەی ناسراوی شانۆیی (الیانورادوز) و (سارە بیرنهارت)ی لەگەڵ یێک بەراورد کرد ئەم کارەی (شۆ) خاڵێکی بە سوود بوو و گفتوگۆکردن و مشتومڕێکی گەورەی لەسەر جۆرەکانی نواندنی سینەمایی لێکەوتەوە، بەرنادشۆ دەڵێ (سارە بیرنهارت) کەسایەتیەکەی بەرزبوو، توانی مافی هەموو دەورێکی نوێ بدات کە جەماوەر هەردەم پەرۆش بوون بۆ بینینی لەسەر شاشە، جوانی و کۆکی بێ هاوتا بوو کاریگەری شێوە نواندنی بۆ چەندین ساڵ مایەوە، کەچی بلیمەتی (دوز) لەوەدا بوو کە لە هەر دەورێکدا بە جۆرێک دەردەکەوت، بەمەش کەسایەتی تایبەتی خۆی تێکەڵ بە کەسایەتی دەورەکە نەدەکرد، هونەرەکەی گەلێک چاک لەبەر چاوان بوو، بە چاکی دەچووە قووڵایی دەورەکەی و تا ڕادەیەک لەبیر دەکرا کە ئەوە نواندنە. بەرنادشۆ ئەو جیاوازییە سەرەکییەی دەستنیشان کرد کە لەنێوان ئەستێرەیەکی بەرز و ئەکتەرێکی بەرز هەیە. لە سینەمادا سێ جۆرە ئەکتەر هەن، یەکەمیان ئەستێرەیە دووەمیان ئەکتەر، سێیەمیان ئارەزوومەند، ئەستێرە دروست دەکرێت، جەماوەر دەستی بەسەردادەگرێ، بۆی هەیە بە گوێرەی خواستی ئەستێرە دەور بنووسرێت یان وەک دەڵێن بۆی هەڵببڕێت، چونکە بۆ خۆی سەرپشکە لە دەور هەڵبژاردن یان داوا بکا بۆی بنووسرێت. ئەگەر ئەستێرە تووشی هەڵە بوو، هەندێ دەوری بۆ خۆی هەڵبژارد کە لەگەڵ هەست و نەستی جەماوەر نەگونجا لەوانەیە بە خێرایی لێ بکەوێ و ئەو درەوشانەوەی نەمێنێ، لە ڕاستیدا کلێشەبەندی و ڕژێمی ئەستێرایەتی شتی چاکە، چونکە ئەو ئەستێرانە توانای بینینی هەموو جۆرە دەورێکیان هەیە، لەبەر ئەوە بووینە خۆشەویستی



جەماوەر و جەماوەر هۆگریانن، لەوانە، لە کاتی خۆی مارلین مارلۆ، مارلۆن براندۆ، کێمک دۆگلاس، جیمس دین، کاری کوپەر، ئالان دیلۆن، ئارنۆڵد، سێرلۆرانس ئۆلێفیە، بریجیت باردۆ، جینالۆ لۆ بەرجیدا، ئەنتۆنی کوین، عومەر ئەلشەریف، نوور ئەلشەریف، فاتن حەمامە، عادل ئیمام، حوسێن فەهمی، مەحموود عەبدولعەزیز و زۆرانی تر، کێ بێ حەز بە نواندن و فیلمی ئەوانە نەکات.

لە سینەمادا زۆرجاران وابووە دابەشکردنی دەور بە جۆرێک ئەنجام دراوە کە پشت بە ڕابردووی نواندنی شانۆیی بەستراوە گوێ بە تەمەن و شێوەی دەم و چاو نەدراوە، بۆ نموونە فیلمی (ڕۆمیۆ و جولێت) جۆرج کیکۆر نموونەیێکە بۆ ئەو کارەساتەی کە دووچاری فیلمەکە ببوو، چونکە دەرهێنەر دەورەکانی دژ بە پێوانەی جۆر دابەش کردبوو، کابرا شانازی بە هەندێ ئەکتەری کارامەی شانۆیی کرد، لە شانۆدا زۆر سەرکەوتووبوون (لزی هەوارد) دەوری ڕۆمیۆی بینی، (جۆن باریمۆر) لە دەوری میرکۆشیۆ ئەو بەرهەمە ئەگەر لە شانۆدا نمایش کرابا، ئەنجامێکی چاکی وەدەست دەهێنا و گەلێ سەرکەوتوو دەبوو، چونکە شێوەزمانی شێکسپیر زۆر بەهەست و نەستەوە دەگوترا، کەچی فیلمەکە سەبارەت بە وێنەوە شتێکی زۆر سارد و ساکار دەرچوو، جولێت تەمەنی سی و حەوت ساڵان بوو، ڕۆمیۆ چل و چوار ساڵ بوو قژی بەسەرییەوە نەمابوو (کەچەڵ ببوو)، میرکۆشیۆ قەڵەو و ڕەزاقورس بوو، تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵ بوو، لەبەر ئەوە فیلمەکە سەرنەکەوت.

پاش ئەوە بە سێ ساڵ (فرانکۆ زفیللی) بە هەمان کاری هونەری هەڵسا، بەڵام دەورەکانی بەسەر چەند

هەرزەکارێک و ئارەزوومەندێک دابەش کرد بە تایبەتی دەورە سەرەکییەکانی بە گوێرەی جۆر، وەبوو بە ڕادەیەکی زۆر چاک فیلمەکە سەرکەوتنی وەدەست هێنا، ئەو سیستەمەی کە لە سینەمادا هەیە سەبارەت بە ئەستێرایەتی بەهۆی بڵاوبوونەوە و دابەشکردنی فیلم و چوونەدەرەوەی کە بوویتە هونەر و پیشەسازی و بازرگانی، ناوبانگی ئەکتەری ئەستێرە دەگاتە هەموو کون و قوژبنی جیهان، کێ بێ پاڵەوانانی کەشتی تایتانیک نەناسێ کە سەرجەم هونەرمەندان و کارە هونەرییەکان سێزدە ئۆسکاریان وەدەست هێنا، ئەگەر ئەستێرەیەک بمرێت بە هەزاران بەڵکو بە ملیۆن کەس خەم و پەژارە دایاندەگرێ بە ڕادەیێک زۆر کەس خۆیان بۆ دەکوژن وەک ئەو ساڵەی (جیمس دین) کە بە ڕووداوی ئوتومبێل گیانی لە دەست دا، چەند کچ خۆیان کوشت لە هەموو دونیا بەردەوام ئەوانەی پێی سەرسام بوون دەچوونەسەر گۆڕەکەی و گوڵیان لەسەر دادەنا، زۆر لە شاکارە شانۆییەکان کراونەتە فیلم یا بۆ سینەما وێنەیان گیراوە، ئەو ماندووبوونەی کە ئەکتەری شانۆیی دووچاری دەبێ لە مەشقکردن و ڕاهێنان و ڕۆژانە هاموشۆکردن بۆ شانۆ و، نمایش کردن و... تاد ئەو ماندووبوونە لە سینەمادا نییە.

لە سینەما گرنگترین شت ئەوەیە دەم و چاوی ئەکتەر دەربڕبێ و شێوە فیزیاوییەکەی بگونجێ، بەژن و باڵا ئەوەندە گرینگ نییە، چونکە بە ئاسانی چارە دەکرێت، بۆ نموونە لە کاتی خۆی «ئالان لاد» ئەکتەرێکی کورتە باڵا بوو، بەڵام دەرهێنەرەکان لە هەندێ وێنە باڵایان بە تەواوەتی نیشان نەدەدا، ئەگەر بەرامبەر کچێک بوەستابایە لە گرتەیەکەی خۆشەویستی لەسەر بەرزاییەک یا سندوقێک ڕایاندەگرت و پێیان دەرنەدەخست، مەسەلەی دەنگیش لە سینەما بە ئاسانی چارە دەکرێت، وەک شانۆ نییە، زۆر ئەکتەر هەن دەنگیان ئەوەندە شیاو نییە، بەڵام بەئامێر یاخود دۆبلاج چارەسەر دەکرێت، زۆربەی ئەکتەرە سینەماییەکانی هیندی بەتایبەتی کچەکان کە گۆرانی دەڵێن دەنگی خۆیان نییە، لە سینەما وێنە و بەس، وێنە قسە دەکا، پاشان لە سینەمادا هەندێ دەوری قورس هەیە، واتە ئەکتەر کە دەوری قورس دەبینێت وەک بۆکسانێ و زۆرانبازی و شەڕە شمشێر و خۆ فڕێدان لە شوێنی بەرز و یاری ئەکرۆپاتیک و ئوتومبێل وەرگێڕان و... تاد ئەو کارە سەختانە بە دوو شت ئەنجام دەدرێن، فرۆفیێلی سینەمایی و ئەکتەری جێگر (بەدیل- دۆبلێر) لە دوور ئەو جێگرە دەورەکە دەبینێ، بەڵام لە نزیکەوە واتە لە گرتەی ناوەندی و نزیک ئەکتەرە ڕاستییەکە نیشان دەدرێ، هەرچۆنێ بێ لە سینەمادا هەر سەردەمێک و دەرهێنەرێک ڕێبازێکی تایبەتییان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لە ڕووی تەکنیک و وێنەگرتن و نواندن... تاد، ئەنتۆنیۆنی جیاواز بوو لەگەڵ هێتشکۆک ئێلیاکازان جیاوازە لەگەڵ ئەنگمار بیرگمان، ئینتیباعی و واقعی و واقعی نوێ و ئەو ڕێبازانە هەموویان لە بۆچوون و ئەنجامدانی فیلم جیاوازن، پاشان لە سینەمادا بڕینی گرتە هەیە و مۆنتاژ هەیە کە زۆر کاردەکاتە سەر شێوازی نواندن و ناوەڕۆکی فیلم، بە هەرحاڵ جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان نواندنی سینەمایی و شانۆییدا، دەرهێنەری فیلمی سینەمایی بە ئاسانی دەتوانێ پاڵەوانێکی ئارەزوومەند کە پاڵەوانی فیلمەکەیە دەستنیشان بکا ئەگەرچی لە ژیانیدا کاری نواندنی نەکردبێ، بەڵام ئەوە لە شانۆدا مەحاڵە.

**سەرچاوە:**

١- فهم السينما- لوي دي جانيتي- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، جەعفەر عەلی.

٢- تجارب جديدة في الفن المسرحي.. د. سمير سرحان.

٣- نجوم السينما، تأليف ادغار موران- ترجمة ابراهيم العريبس.

# درامانووسانی جیهان

مەهدی مەجید - جاف
(سوێد)

«بەشی چوارەم»

**٣٣ - تورنتۆن وایلدێر**

درامانووسی بەناوبانگی ئەمەریکی تورنتۆن وایلدێر لە مانگی نیسانی ١٨٩٨ز، لە ئەمەریکا لە دایک بووە. باوکی سەرنووسەر و بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی و پیاوێکی تیژڕەوی ئایینی و دایکیشی لە خێزانێکی قەشە زادە و کۆچکەر بووە. وایلدێر سەردەمی منداڵییەتی و لاویەتی خۆی لەگەڵ خێزانەکەیدا لە سەفەری وڵاتاندا بەسەر دەبات. باوکی ماوەیەک کنسوڵی ئەمەریکا دەبێت لە هۆنگ گۆنگ، پاش ماوەیەک بۆ شاری کالیفۆرنیا دەگەڕێنەوە.
لە ساڵی ١٩١١ز، بۆ وڵاتی چین سەفەر دەکەن. لەوێ بۆ ماوەی ساڵێک لە قوتابخانەیەکی ئینگلیزی لە شاری (چەفۆ) دەرس دەخوێنێت. لە ساڵی ١٩١٢ز، بۆ ئەمەریکا دەگەڕێنەوە. لە ساڵی ١٩١٥ز، خولی ناوەندی تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩١٨ز، بە هۆی لاوازی بینینەوە ناتوانێت لە سوپادا بەشداری بکات، بەڵام لە تۆپخانەی کەنار دەریادا دادەمەزرێت، لە ساڵی ١٩١٩ز، بڕوانامەی لیسانس وەردەگرێت و دوای ساڵێک دەبێتە نوێنەری ئەکادیمی ئەمەریکی لە شاری ڕۆم.

نزیکی یەک ساڵ لە شاری ڕۆم و پاریس ژیان بەسەر دەبات و یەکەمین بەرهەمی بە ناوی (کابالا) دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٢١ز، بۆ ئەمەریکا دەگەڕێتەوە و دەبێتە مامۆستا. لە ساڵی ١٩٢٤ز، شانۆنامەی (ترومپێت لێ دەدات) بڵاودەکاتەوە و لەسەر شانۆ نیشان دەدرێت. وایلدێر وەک درامانووسێک ناوبانگ دەردەکات، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی واز لە کاری مامۆستایی بهێنێت و خۆی بۆ دراما نووسین تەرخان بکات. لە ساڵی ١٩٣٠ز، لە زانکۆی شیکاگۆوە داوای لێ دەکرێت کە دەرس بڵێتەوە، ماوەی شەش ساڵ کاری مامۆستایی لەو زانکۆیەدا ئەنجام دەدات. لەو ماوەیەدا بۆ کۆمپانیای سینەمایی (هۆلیود) دراما دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٤٠ز، (ماکس ڕاینهارت)ی ڕیژەسۆر شانۆنامەی (بازرگانی یانکرز)ی وایلدێر دەخاتە سەر شانۆ و بە داخەوە سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت.

دوای چوار ساڵ وایلدێر جارێکی تر ئەم شانۆنامەیە دەنووسێتەوە بەناوی (مارەبڕ) و لە شاری لەندەن دەخرێتە سەر شانۆ و سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت و دوای ساڵێک لە شاری نیویۆرکیش دەخرێتە سەر شانۆ و پێشوازییەکی گەورەی لێ دەکرێت. لە ساڵی ١٩٣٨ز، وایلدێر لە ڕێگەی شانۆنامەی (شارەکەمان) دەرگای ناوبانگی لە گۆڕەپانی هونەری شانۆدا لێ دەکرێتەوە و بەزوویی لە سەر شانۆ جۆراو جۆرەکان نیشان دەدرێت و خەڵاتی ئەدەبی پۆلیتزەری پێ دەبەخشرێت.

وایلدێر لە ساڵی ١٩٤٨ز، بەشداری لە هێزی دەریاییدا دەکات و لە هەمان ساڵدا شانۆنامەی (پێستی

دداڵمان) بڵاودەکاتەوە و جارێکی تر خەڵاتی پۆلیتزەری وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٥٥ز، شانۆنامەی (شامی درێژخایەنی کریسمس) بە شێوەی ئۆپێرا لە سەر شانۆ پێشکەش دەکرێت و لەلایەن کۆمپانیای سینەماییەوە درامای (مارەبڕ) دەکرێتە فیلم. شەش شانۆنامەی یەک پەردەیی لە دوو تویێی کتێبێکدا بە ناوی (شامی درێژخایەنی کریسمس) بڵاودەکاتەوە، لە وانە شانۆنامەی (شاژنەکانی فرانسە) و شانۆنامەی (عەشق و شێوەی چارەکردنی) و شانۆنامەی (ئەو شتانە لە کتێبدا ڕوودەدەن).

لە شانۆنامەکانی تری وایلدێر وەک : شانۆنامەی (شەمەندەفەری هیاوتا) و شانۆنامەی (سەفەری دڵگیرلە ترینتۆن تا کامون کاندیدا) تورنتۆن وایدری مەزن لە ساڵی ١٩٧٥ز، دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە ژیان و هونەر دەکات.

**٣٤ – ئارتەر میلەر**

درامانووس، سیناریۆنووس و چیرۆکنووسی بەناوبانگی ئەمەریکی ئارتەر میلەر لە ١٧ی ئابی ١٩١٥ز، لە شاری نیویۆرک لە دایک بووە. باوکی خاوەنی کارخانە و دایکی مامۆستا دەبێت. لە دارمانی باری ئابووری لە ئەمەریکادا باوکی تووشی هەرەس دەبێت و ژیانیان بە گیر و گرفتەوە بەڕێ دەچێت میلەر بە ناچاری دەست لە خوێندنی ناوەندی بەردەدات و بۆ دابینکردنی ژیان کاری جۆراو جۆر دەکات. لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا هەفتەی ١٣ دۆلار پاشەکەوت دەکات بە هیوای ئەوەی کە لە زانکۆ درێژە بە خوێندنەکەی بدات. لە ئەنجامدا لە زانکۆی میشیگان لە بەشی ڕۆژنامەنووسیدا وەردەگیرێت و دەست بە نووسین دەکات. لە ساڵی ١٩٣٨ز، خوێندنەکەی تەواو دەکات و بۆ نیویۆرک دەگەڕێتەوە و دەست بە نووسینی شانۆنامە دەکات، سەرەتا شانۆنامە بۆ ڕادیۆ دەنووسێت. شانۆی ئەمەریکی قۆناغی تەمەنی نەوەیەک دەبێت کاتێک کە تێنسی ولیامس و ئارتەر میلەر کە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٤٠ز، شێوەیەکی نوێ و داهێنەرانەیان دەهێننە مێژووی شانۆی هارچەرخی ئەمەریکیەوە و ئەم کۆششەیان تا ساڵانی ١٩٩٠ز، درێژە دەکێشێت. لە ساڵی ١٩٤٤ز، شانۆنامەی (پیاوێکی تەواو خۆشبەخت) دەنووسێت دوای ساڵێک چیرۆکێک بە ناوی (فوکوس) بڵاو دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٤٧ز، شانۆنامەی بەناوبانگی (هەموو کوڕەکانم) دەنووسێت.

لە ساڵی ١٩٤٩ز، شانۆنامەی (مردنی فرۆشیارەکە) دەنووسێت، بە قسەی میلەر خۆی، ماوەی ١٠ ساڵ بیری بە نووسینی ئەم شانۆنامەوە سەرقاڵ دەبێت. پاش بڵاوکردنەوەی، میلەر ناوبانگ دەردەکات و خەڵاتی ئەدەبی پولیتزری پێدەبەخشرێت. لە ساڵی ١٩٥٠ز، شانۆنامەی (دوژمنی گەل)ی هێنریک ئیبسن بۆ یەکێک لە شانۆکانی (برادوای) ئامادە دەکات.

لە ساڵی ١٩٥٣ز، شانۆنامەی (فاڵگرەوەکانی شاری سلیم) دەنووسێت و لە ساڵی ١٩٥٥ز، شانۆنامەی (نیگایەک لە پردەوە) بڵاودەکاتەوە. لە ماوەی قەیرانی سیاسی کە بە سەردەمی (مک کارتی) ناسراوە لە ئەمەریکا، لە ژێر ناوی کۆمیتەی دژی ئەمەریکایی و پێشگیری لە دەسەڵاتی کۆمۆنیستی، میلەر هەر وەک چەندانی تر لە هونەرمەندان و نووسەران تاوانبار دەکرێت. لە ساڵی ١٩٥٦ز، میلەر ئەو تاوانانە ڕەت دەکاتەوە. لە هەمان ساڵدا لە هاوسەری یەکەمی جیا دەبێتەوە و (ماریلین مونرو)ی هونەرپیشەی بەناوبانگی سینەمایی دەخوازێت و پاش چوار ساڵ لە یەکتر جیا دەبنەوە. لە شانۆنامەی (لە پاش تێکچوون)دا میلەر لەو مەسەلەیە دەدوێت.

لە ساڵی ١٩٦٠ز، سیناریۆی سینەمایی (ناجۆرەکان) و لە ساڵی ١٩٦٤ز، شانۆنامەی (ڕووداوی درویشی) لە ساڵی ١٩٦٥ز، کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت بە ناوی (چیتر پێویستیم بە تۆ نییە) دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٦٨ز، شانۆنامەی (نرخ) دەنووسێت و لە هەمان ساڵدا لە شاری لەندەن لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت. لە ساڵی ١٩٧٦ز، فلیمنامەی (ئۆرکێستری ژنانی ئاشۆێتس) بڵاودەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٨٧ز، ژیاننامەی خۆی لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاو دەکاتەوە.

میلەر ئەمڕۆ لەگەڵ هاوسەری سێیەمینی کە وێنەگرێکی هەڵاتووی سەردەمی شەڕی شومی ئەڵمانیە، ژیان دەباتە سەر.

**٣٥ – تێنسی ولیامس**

درامانووسی بە ناوبانگی ئەمەریکی تێنسی ولیامس، لە مانگی ئاداری ١٩١٤ز،لە لە شاری کۆلۆبیای ولایەتی میسوری ئەمەریکا لە دایک بووە. لە ساڵانی ١٩٣١ تا ١٩٣٣ز، لە زانکۆی میسوری دەخوێنێت، لەهەمان کاتدا دەست بە نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک دەکات. ماوەیەک بە هۆی گرفتی ئابوورییەوە دەست لە خوێندن بەر دەدات و لە کارگەیەکی پێڵاو دروست کردندا لە گەڵ باوکیدا دەست بە کار دەکات و لە کاتی ئازاددا خۆی بە نووسینەوە سەرگەرم دەکات.

لە ساڵی ١٩٣٦ز، دووبارە بۆ زانکۆ دەگەڕێتەوە و خوێندنەکەی تەواو دەکات. پاشان ژیان ناچاری دەکات لە

چێشتخانەیەکی فەرەنسییەکان دەست بەکار بکات. یەکەمین شانۆنامەی بە ناوی (پێکدادانی فریشتەکان) لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٤٠ز، لە لەسەر شانۆی شاری (بۆستون) پێشکەش دەکرێت. لە ساڵی ١٩٤٥ز، شانۆنامەی (باخی ئاژەڵی شووشەیی) بۆ ماوەی سێ مانگ لەسەر شانۆی شاری شیگاگۆ و پاشان بۆ ماوەی یەک ساڵ و نیو لەسەر شانۆی شاری نیویۆرک پێشکەش دەکرێت و لە هەردوو پێشکەشکردنەکەدا سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست دەهێنێت و ولیامس ناوبانگی ئەدەبی بڵاودەبێتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٧ز، شانۆنامەی (ئۆتۆبووسێک بەناوی هوس) لەسەر شانۆی باریمۆ لە نیویۆرک پێشکەش دەکرێت، لەهەمان ساڵدا شانۆنامەی (هاوین و دووکەڵ) بۆیەکەمین جار لە لایەن گرووپی مارکۆ جۆنز لە شاری دالاس لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت.

لە شانۆنامەکانی تری ولیامس وەک :

١ – (خاڵی گوڵی سوور).
٣ – (پشیلەی سەر باڵەخانەی گەرم ).
٣ – (نامە عاشقیەکانی لۆردکان).
٤ – (لەگەڵ من وەک باران بدوێ) .
٥ – (لە ناکاو هاوینی ڕابردوو).
٦ – (هاوینی گەرمی درێژخایەن).
٧ – (سلاو بێرتا ) .
٨ – (منداڵی جوانکیلە).
٩ – (باڵندەی شیرین و لاو).
١٠ – (شەوی ئیگوانا) .
١١ – (ڤاگنی پڕ لە پەموو) .
١٢ – (ڕووی کیژۆڵەیەکی پیرۆز).
١٣ – (گوڵی شیپوری) .

تێسی ولیامسی مەزن لە ساڵی ١٩٨٣ز، دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەوەستێت و ماڵئاوایی لە ژیان و هونەر دەکات.

### ٣٦ – شون ئۆکیسی

درامانووسی بەناوبانگی ئیرلەندی شون ئۆکیسی لە ساڵی ١٨٨٠ لە شاری دوبلین لە دایک بووە. دایک و باوکی ناوی جانی لێدەنێن، پێش ئەم دوو کوڕی تریان بەناوی جان لەدەست دەدەن لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەبێت باوکی دەمرێت و ژیانیان تووشی گیر و گرفت دەبێت. دوو برا گەورەکەی دەچنە سوپای بەریتانی و ڕەوانەی ئەفغانستان دەکرێن بۆ ئەوەی لەوێ دژی دوژمنانی بەریتانیای داگیرکەر شەڕ بکەن. خوێندنی سەرەتایی لە دوبلین دەست پێدەکات و کرداری ناجۆری قەشە وای لێ دەکات کە بە یەکجاری واز لە خوێندن بهێنێت، خوێندن و نووسین لای دایکی فێر دەبێت.

بە قسەی خۆی شانۆنامەنووسینیش لە شکسپیر و کۆڵان و شەقامەکانی دوبلین فێر دەبێت. لە دواییشدا ناوی شون ئۆ کسی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. بیماری دایک و هەژارکەوتنی، ئۆکیسی ناچار دەکەن کاری جۆرا و جۆر بکات، ماوەیەک بە ڕۆژنامەفرۆشی و شاگردی و کرێکاری لە هێڵی ئاسن کار دەکات، هێدی هێدیش خۆی بۆ نووسینی ئەدەبیات ئامادە دەکات.

ئاشنای لەگەڵ هونەری شانۆدا لەڕێگەی هاوڕێیەکیەوە دەبێت کاتێک کە خەریکی ڕێکخستنی شانۆنامەیەک دەبێت، شون خواست و ئارەزووی نیشان دەدات و ڕۆڵی ئەکتەرانی ئامادەنەبوو یاری دەکات. لە ساڵی ١٨٨٩ز، لە لایەن چەند هونەرمەندێک و ڕۆشنفکرێکەوە (شانۆی ئەبی) دروست دەکەن و ئەم شانۆیە چالاکیەکی نوێ بە بزووتنەوەی هونەری ئیرلەند دەدات و شون پەیوەندیان پێوە دەکات و دەبێتە هاوکاریان. هەر لەو ڕۆژانەدا دەبێت کە خەڵکی ئیرلەند لە پاش هەشت سەدە دژی داگیرکەری ئینگلیز ڕادەپەڕین، شون بە (کۆمەڵەی برایانی کۆماریخوازی) ئیرلەندی پەیوەندی دەکات و لە ساڵی ١٩١٣ز، دەچێتە لەشکری نیشتمان پەرستانی ئیرلەندی و لە دواییدا دەبێتە سەرکردەی ئەو سوپایە. هەر لەو ساڵانەدا دەست بە خوێندنەوەی شانۆنامەکانی شکسپیر دەکات و تامەزرۆی درامانووسی لە بیریدا چەکەرە دەکات.

لە ڕاپەڕینی جەژنی (فصح) شون لەلایەن سەربازانی ئینگلیزەوە دەستگیر دەکرێت و دەکەوێتە بەندیخانەوە، پاش ماوەیەک ئازاد دەکرێت و بێکار دەمێنێتەوە، هەرچۆنێک بێت لە وێستگای هێڵی ئاسن کاری دەست دەکەوێت و لەولاشەوە دەست بە نووسین دەکات.

ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی جەژنی (فصح) دەبنە ئیلهام بەخشی چەند لە شانۆنامەکانی، یەکەمین بەرهەمی چەند شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی دەبێت کە لەسەر شانۆی کۆشکی ئازادیدا پێشکەش دەکرێن. شانۆنامەی (لە پێستی شێردا) لە ساڵی ١٩٢٣ز، لەسەر هەمان شانۆ پێشکەش بە بینەران دەکرێت و سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست دەهێنێت و ناوی شون دەکەوێتە سەر زمانان. لە ساڵی ١٩٢٤ز، گرووپی شانۆیی ئەبی شانۆنامەی بە پێز و بەناوبانگی ئۆکیسی بەناوی (جونۆ و تاوس) لە سەر شانۆ پێشکەش دەکەن.

لە ساڵی ١٩٢٨ز، شانۆنامەی (جامی زیوین) کە شانۆنامەیەکی ڕەخنەیی و سەبارەت بە شەڕ و چارەنووسیەتی دەنووسێت، گرووپی ئەبی ڕازی نابن بە

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی، ئۆکیسی دڵی ناسکی دەشکێت و کۆچی یەکجاری بۆ شاری لەندەن دەکات. ئۆکیسی شۆڕشگێر و هونەرمەند دووری لە خاک وخۆڵی نیشتمان بە دووری لە خەڵک تێ ناگات و هەر وەک خۆی بە ئیرلەندی دەژێت و بۆ ئیرلەندی خۆشەویست دەنووسێت.

لە شانۆنامەکانی تری ئۆ کیسی وەک :

١ - (لە ناو دەرگاکانەوە)
٢ - (تۆزی پرتەقاڵی)
٣ - (ئەستێرە سوور دەبێت)
٤ - (گوڵی سووری من)
٥ - (تەپڵەکانی باوکە ڕۆحانیاکە)
٦ - (مانگ لەکایلنا دەدرەوشێتەوە)
٧ - (لە پشت پەردەی سەوزەوە)
٨ - (کەڵەشێری جوان و نەخشین)
٩ - (کۆتایی سەرەتا)
١٠ - (ڕووداوی نیوە شەو)

شون ئۆکیسی کۆڵنەدەر و داهێنەر لە ساڵی ١٩٦٤ز، دڵە پڕ لە میهرەکەی لە لێدان دەوەستێت و ماڵئاوای لە ژیان و هونەر دەکات

**٣٧ - بێرتۆلت برێخت**

درامانووسی داهێنەر و بەناوبانگی ئەڵمانی، بێرتۆلت برێخت لە مانگی شوباتی ١٨٩٨ز، لە شاری ئەوگسبۆری لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. باوکی خاوەنی کارگە و پیاوێکی دەوڵەمەند و ناسراو دەبێت. برێختی هوشیار هەر لە منداڵییەوە لە قوتابخانە خۆگیر و ڕەخنە لە مامۆستاکانی دەگرێت، چەند جارێک لە قوتابخانە دەری دەکەن، هەر چۆنێک بێت خولی سەرەتایی تەواو دەکات و پێ دەنێتە خولی ناوەندیەوە. لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی خۆی لە ڕۆژنامەیەکی ناوچەییدا بڵاودەکاتەوە و خوێندنی ناوەندیش تەواو دەکات ، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لە زانکۆی مونیخ لە بەشی (نەشتەرگەری) دەست بە خوێندن دەکات و هەر بەزوویی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی شومی جیهانی دەکرێت، بە بیانووی ئەوەی کە شارەزایی لە پزیشکیدا هەیە، لە نەخۆشخانەی سوپادا دەست بەکار دەکات، کارەساتەکانی شەڕی ماڵوێرانی یەکەمی جیهانی بە چاوی خۆی دەبینێت و کاری تێدەکات.

لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا شانۆنامەی بەناوبانگی خۆی بە ناوی (بال) دەنووسێت. لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا شانۆنامەی (ئاوازی دەهۆڵەکان لە دڵی شەودا) دەنووسێت و خەڵاتی ئەدەبی کلایستی پێوەردەگرێت و لە شانۆی (کامێر شپیلە) لە مونیخ وەک شانۆنامەنووسێک دەست بە کار کردن دەکات و شانۆنامەی (لە جەرگەی شارەکانەوە) و شانۆنامەی (ئەدواردی دووەم) دەنووسێت.

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ز، خانمێک بە ناوی ماریانا زوف دەخوازێت و پاش پێنج ساڵ لە یەکتر جیا دەبنەوە. لە ساڵی ١٩٢٤ز، ڕێژەسۆری بەناوبانگی ئەوروپی (ماکس راینهارت) داوا لە برێخت دەکات کە وەک ڕاوێژ کاری ئەدەبی لە شاری بەرلین هاوکاری بکات، لە پایزی هەمان ساڵدا برێخت بۆ شاری بەرلین دەگوێزێتەوە و لەتەک ڕاینهارتدا قۆڵی کاری لێ هەڵدەماڵن.

پاش شەڕی شومی یەکەمی جیهانی نەوەیەکی نوێ بە بیر و باوەڕی نوێ لە شانۆی نوێدا سەر هەڵدەدات، مایرهۆڵد لە ڕووسیا ، پیکاتۆر لە ئەڵمانیا. برێخت لە ساڵی ١٩٢٦ز، کۆشش بۆ داهێنانی ڕێبازێکی نوێی شۆڕشگێری و فکری لە شانۆدا دەکات، ئەویش بە گفتوگۆی ئەکتەرەکان لەگەڵ تەماشاکەراندا، واتە بەشداریکردنی بینەران لە ڕووداوی دراماکە و گەیاندنی بیری فەلسەفی و شۆڕشگێری نووسەر بە بینەران و گفتوگۆ لەسەرکردنی.

شانۆنامەی (مرۆڤ، مرۆڤە) یەکەمین بەرهەمی حەماسی برێختە کە ڕەنگدانەوەی ئەم تیۆریەیە. ئاشنایی برێخت بە هانس ئایلسر مۆزیکژەنی بەناوبانگی ئەڵمانی و خواستنی ژنی دووەمی هلێنا وایگل کە ئەکتەرێکی شانۆیی دەبێت، گەرم و گوڕیەکی باشتری بۆ دروست دەبێت. هلێنی هاوسەری، ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆنامەکانیدا دەبینێت. لە ساڵی ١٩٣٣ز، ئەدۆلف هیتلەر لە ئەڵمانیا دەبێتە خاوەنی دەسەڵات، لە هەمان ساڵدا برێخت لەگەڵ هاوسەر و چەند لە هاوڕێکانی لە بەرلین کۆچ دەکەن و ڕێی ئاوارەیی و نامۆیی دەگرنە بەر، سەرەتا لە زورخ، پراک، ڤیەنا ، فینلاند، دانیمارک، سۆڤیەت و لە ساڵی ١٩٤١ز، بۆ ئەمەریکا سەفەر دەکات.

لە شانۆنامەکانی تری برێخت وەک :

١ - (سەرکەوتن و ژێر کەوتنی ماهاگونی)
٢ - (ئۆپێرای سێ پولی)
٣ - (کەللەی خڕ و کەللەی تیژ)
٣ - (ئەوەی کە گوتی ئا ، ئەوەی کە گوتی نا )
٤ - (تەگبیر)
٥ - (دایک)
٦ - (ڕیسپەر و بنەما)
٧ - (تفەنگەکانی خانم کارار)

٨ - (حەفت تاوانی گەورەی وردەبۆرژواکان)
٩ - (ترس ونەگبەتی ڕایش سوم)
١٠ - (پونتلاو ماتی نۆکەری)
١١ - (سەرکەوتن و خۆڕاگری ئەترتۆر وایی)
١٢ - (حەکایەتی لوکولوس)
١٣ - (داپیرەی دلاوەر و کوڕەکانی)
١٤ - (گالیلۆ)
١٥ - (شوایک لە جیهانی دووەمدا)
١٦ - (بازنە گەچی قەوقازی)
١٧ - (ژنە شۆخەکەی سچوان)
١٨ - (شێوەی سیمون مارشار)
١٩ - (کۆریۆلانس)
٢٠ - (ڕۆژەمانی کومون)
٢١ - (سواڵکەر، یان سەگی مردوو)
٢٢ - (جنۆکەگر)
٢٣ - (ڕووناکی لە تاریکیدا)
٢٤ - (توران دخت)
٢٥ - (هوراتیەکان و کوراتیەکان)
٢٦ - (ئەنتیگۆنا)
٢٧ - (دادگاکردنی ژاندارک لە ڕوان)

برێخت بە بیری فەلسەفی و ئایدۆلۆژی خۆی گۆڕانکارییەک لە هونەری شانۆدا دەکات و مەبەستی سەرەکی ئەو لە شانۆدا سەرگەرم کردن و فێرکردنی بینەرانە، ڕێبازەکەشی بە شانۆی فێرکردن دەناسرێت.

پاش شەڕی دووەمی جیهانی و لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ز، پاش ١٦ ساڵ ژیانی ئاوارەیی بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە و بەهاوکاری هاوسەر و گرووپە شانۆگەریەکەی بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی شانۆنامەکانیدا، خۆی کاری ڕێژەسۆری زۆربەی شانۆنامەکانی دەکات. برێختی داهێنەر و شۆڕشگێڕ لە ١٤ی مانگی ئاداری ١٩٥٦ز، دڵە مەزنەکی لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

### ٣٨ - ماکس فریش

نووسەری بەناوبانگی سویسری ماکس فریش لە پازدەی مانگی مای ١٩١١ ز، لە شاری زوریخ لە دایک بووە. خولی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە زوریخ تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٣٠ ز، دیپلۆم وەردەگرێت و لە زانکۆی زوریخ لە بەشی ئەدەبیات دەست بە خوێندن دەکات. پاش دوو ساڵ بە هۆی گیروگرفتی ئابووریەوە ناچار دەبێت واز لە خوێندن بهێنێت.

لە ساڵی ١٩٣٣ز، باوکی دەمرێت و دژواری زیاتریان بۆ دروست دەبێت. فریش بۆ ماوەیەک وەک هەواڵنێر لە ڕۆژنامەیەکدا کار دەکات. لە ساڵی ١٩٣٤ز، بڕیار دەدات کار و پیشەکەی خۆی بگۆڕێت و لە بەشی بیناسازیدا دەست بە خوێندن دەکات و لە ساڵی ١٩٤٠ز، دیپلۆم لەم بەشەدا وەردەگرێت و پاش دوو ساڵ ژن دەهێنێت. لە ساڵی ١٩٤٤ز، شانۆنامەی (سانتا کروز) دەنووسێت و لە ساڵی ١٩٤٥ز، شانۆنامەی (دووبارە گۆرانی دەڵێینەوە) دەخرێتە سەر شانۆ. لە ساڵی ١٩٤٥ز، شانۆنامەی بەناوبانگی (دیواری چین) لەسەر شانۆی شاری زوریخ پێشکەش دەکرێت. لە ساڵی ١٩٤٨ز، شانۆنامەی (کاتێک شەڕ کۆتایی دێت) لەسەر هەمان شانۆ پێشکەش دەکرێت.

لە ساڵی ١٩٥١ز، شانۆنامەی (گراف ئادرلند) دەنووسێت و بۆ ئەمەریکا سەفەر دەکات، ماوەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، ئەو سەفەرە بایەخدار و کاریگەرە دەبێتە ئەزموونێکی هونەری بۆی.

لە ساڵی ١٩٥٢ز، شانۆنامەی (دۆن ژوان، یا عەشق بە هەندسە) و لە ساڵی ١٩٥٨ز، شانۆنامەی (ئاگر هەڵگیسێنەر) دەنووسێت، لەسەر شانۆی زوریخ پێشکەش دەکرێت و پێشوازیەکی گەرمی لێدەکرێت و ماکس فریش وەک درامانووسێکی جیهانی ناوبانگ دەردەکات. لە ساڵی ١٩٦١ز، شانۆنامەی (ئاندۆرا) دەنووسێت، لە هەمان ساڵدا لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە و بۆ شاری ڕۆم سەفەر دەکات. لە ساڵی ١٩٦٨ز، شانۆنامەی (بیوگرافی گەمەیەک) بڵاودەکاتەوە.

فریشی بە توانا ڕۆمانی (ئیشتیلەر) و ڕۆمانی (هۆمۆ فابێر) و ڕۆمانی (ناوی من کانتان بێنە) دەنووسێت. ماکس فریش چەند خەڵاتێکی ئەدەبی پێدەبەخشرێت لەوانە خەڵاتی کئۆرک بوشنر و خەڵاتی راین و خەڵاتی شیلەر. ماکس فریشی مەزن لە ساڵی ١٩٩١ز، دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە ژیان و هونەر دەکات.

### ٣٩ - فێدریک دورنمات

درامانووسی بەناوبانگی سویسری فێدریک دورنمات لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٢١ز، لە گوندی کنول فینگن لە سویسرا لە دایک بووە. ڕێنولد دورنماتی باوکی قەشەیەکی تیژڕەو، باپیری شاعیرێکی سیاسی بەناوبانگ بووە. لە تەمەنی لاویدا بە وەرزشەوە سەرگەرم دەبێت، بەڵام پاش تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی لە زانکۆی (بێرن) لە بەشی زانیاری ئایینی و فەلسەفە و ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا دەست بە خوێندن دەکات. پاش ماوەیەک گیروگرفتی ئابووری بۆ دروست دەبێت، بۆ دابین

کردنی خەرجی ژیانی هاوسەر و سێ منداڵەکەی کتێبێک بە ناوی (گیروگرفتەکانی شانۆ) و چەند شانۆنامەیەکی ڕادیۆیی بۆ ڕادیۆی ئەڵمان دەنووسێت.

لە ساڵی ١٩٤٧ز، یەکەمین شانۆنامەی بە ناوی (ئەمە نووسرا) دەنووسێت، کە باس لە شەڕە ئایینییەکانی سەدەی هەژدەیەمی ئەوروپا دەکات. لە ساڵی ١٩٤٨ز، شانۆنامەی (کوێر) لە ساڵی دواییدا شانۆنامەی (ڕۆمولوسی گەورە) دەنووسێت.

لە ساڵی ١٩٥٣ز، شانۆنامەی (زەماوەندی ئاغای می سی سی پی) و شانۆنامەی (فرشتەکانی بابل دێن) دەنووسێت، باسی ئەم دراما یە لە ئەفسانەیەکی دێرینی بابلی سەردەمی (بەختو نەسر)ی فرمانڕەوای بابلەوە وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٥٥ز، شانۆنامەی بە ناوبانگی (چاوپێکەوتنی خانمە بەساڵاچووەکە) دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٦٢ز، شانۆنامەی (فیزیکزانەکان) دەنووسێت کە بە بڕوای شارەزایان شێوەی نووسینەکەی سەر بە ڕێبازی شانۆی (بێهود) دا دەبێت.

شانۆنامەی (یاری ستریندبرگ) شانۆنامەکی تری دورنماتە کە لە شانۆنامەی (سەمای مەرگ) ی درامانووسی بلیمەتی سویدی ئاوگوست سترینگبێرییەوە وەریگرتووە.

بەرهەمە دراميەکانی فردریک دورنمات بە شێوەیەکی گشتی شێوازی کۆمیدی بەخۆوە دەگرن، جگە لە شانۆنامەی (چاوپێکەوتنی خانمە بەساڵاچووەکە) نەبێت کە شێوازی کۆمیدی تراژیدیە، تارادەیەکی زۆر بە شێوەی ئەفسانەکانی (گرۆتسک)ی ئەڵمانی کاریگەر دەبێت. لە شانۆنامەکانی تری فێدریک دورنمات وەک :

١ - (هەرەکوڵ و تەویلەی ئۆجیلس)
٢ - (ئەستێرەی ئاسمانی)
٣ - (خۆرئاوابوونی ڕۆژەکانی کۆتایی پایز)
٤ - (دەمەتەقێی شەوانە)

فێدریک دورنماتی مەزن لە ساڵی ١٩٩٠ز، دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەوەستێت و ماڵئاوایی لە ژیان و هونەر دەکات.

**٤٠ - ژان ژیردۆ**

درامانووسی بەناوبانگی فەرەنسی ژان ژیردۆ لە بیست و نۆی مانگی ئابی ١٨٨٢ز، لە ناوچەی بلاک لە دایک بووە. ژان ژیردۆ خوێندنی سەرەتایی لە هەمان ناوچە تەواو دەکات و لە تەمەنی یازدە ساڵید لەکن براگەورەکەی لە قوتابخانەی ناوەندی شاتورو دەست بەخوێندن دەکات. لەو کاتەوە تا تەمەنی بیست و سێ ساڵی دوور لە کەس و کاری دەژێت. ژان ژیردۆ لە خوێندندا زۆر زیرەک دەبێت، لە دوا ساڵی خولی ناوەندیدا لە قوتابخانەی (لا کەمال)ی نزیک شاری پاریس دەخوێنێت و لە ساڵی ١٩٠٢ز، خەڵات لە زمانی فەرەنسیدا و خەڵاتی بەرزی ئەو قوتابخانەیە وەردەگرێت. پاش تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی خزمەتی سەربازی تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٠٤ز، لە بەشی ئەدەبیات لە زانکۆی (سوربن) وەردەگیرێت، لە ساڵی دواییدا دەست بە خوێندنی فەلسەفەی یۆنانی و ئەدەبیاتی ئەڵمانی دەکات. پاش تەواو کردنی خوێندن سەفەر بۆ ئەڵمانیا دەکات و بۆ ماوەیەک لە شاری مونیخ سەرگەرمی خوێندن دەبێت، پاشان سەفەرێکی چەند مانگی بۆ ئیتالیا دەکات و لە ساڵی ١٩٠٦ز، بۆ فەرەنسا دەگەڕێتەوە.

لە هەمان ساڵدا دەست بە بڵاوکردنەوەی لاپەڕەکانی کتێبی (شارنشینەکان ) لە گۆڤارەکانی پاریسدا دەکات. لە ساڵی ١٩٠٧ز، وەک مامۆستای میوانی زمانی فەرەنسی بۆ زانکۆی (هارڤارد) لە ئەمەریکا سەفەر دەکات. لە بەهاری هەمان ساڵدا بۆ فەرەنسا دەگەڕێتەوە و لە گۆڤاری (بەیانی)دا چیرۆکەکانی بە ناوی (چیرۆکەکانی بەیانیەک) بڵاودەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩١٠ز، دەبێتە یاریدەدەری کونسول لە وەزارەتی دەرەوەدا لە هەمان ساڵدا ڕۆمانی (بێ جیاوازی) و پاش دوو ساڵ ڕۆمانی (سیمونی حەساس) دەنووسێت. لە کاتی شەڕی شومی یەکەمی جیهانیدا ژیردۆ ڕەوانەی بەرەی (ئالزاس) و پاشان بەرەی (مارن) دەکرێت، دوو جار لە شەڕدا بریندار دەبێت و پاشان بۆ شاری پاریس دەگەڕێتەوە.

لە بەرەکانی شەڕ بیر لە نووسینی شانۆنامەی (جەنگی تەرواده ڕونادات‌ەوە) دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩١٦ز، بۆ جێبەجێکردنی کاروباری وڵات سەفەر بۆ وڵاتی پرتوگال دەکات و پاش ساڵێک بۆ دەرس گوتنەوە بۆ هارڤارد سەفەر دەکات. لە ساڵی ١٩٢١ز، ژن دەهێنێت و لە ساڵی ١٩٢٤ز، دەبێتە باڵیۆزی فەرەنسی لە شاری بەرلین. لە ساڵی ١٩٥٧ز، بۆ تورکیا سەفەر دەکات و تا ساڵی ١٩٣٤ز، لەوێ لە ئارامی و هێمنیدا دەژێت و چەند شانۆنامەیەک دەنووسێت، وەک شانۆنامەی (زیگفرید).

کاتێک کە ژیردۆ باڵیۆزی فەرەنسا دەبێت لە ئەڵمانیا هەوڵێکی زۆر دەدات کە شەڕ لە نێوان دوو وڵاتی دراوسێدا واتە فەرەنساو ئەڵمانیا ڕوونەدات. بە داخەوە کۆششەکەی بەفیڕۆ دەچێت. لە ساڵی ١٩٤١ز، کە ئەڵمانیەکان شاری پاریس داگیر دەکەن ژیردۆ هەڵدێت. لەو ڕۆژە سەختانەدا شانۆنامەی (سودوم و گومورا) دەنووسێت و لەسەر شانۆ نیشان دەدرێت.

ئاشنایی ژیردۆ بە ئەکتەر و ڕێژەسۆری داهێنەر و بەناوبانگی فەرەنسی لوئی ژیردۆوە کاریگەریەکی زۆری لەسەر بەرهەمەکانی دەبێت، و زۆربەی شانۆنامەکانی ژیردۆی بە شێوەیەکی هونەری بەرز دەخاتە سەر شانۆ، ئەوەی شایانی باسە کە زۆربەی دراماکانی ژیردۆی بلیمەت لە ڕووداوی مێژوویی و ئەفسانەکانەوە وەردەگرێت.

ژیردۆ لە ماوەی ژیانیدا (٣٧) شانۆنامە و ڕۆمان دەنووسێت، لەماوەی شازدە ساڵی ژیانی دوور لە فەرەنسا، یازدە شانۆنامەی بەپێزو چوار شانۆنامەی یەک پەردەیی دەنووسێت لەوانە وەک:

١ - (ئامفی تریون)
٣ - (ئێنترمیزۆ)
٣ - (دوورگەی بەدەست نەهاتوو)
٤ - (پڵنگ و دەرگاکان)
٥ - (ئەلکترا)
٦ - (پاریس داگیر ناکرێت)
٧ - (گۆرانی گۆرانیەکان)
٨ - (پەرستگای ئاپۆلۆن).

ژان ژیردۆی بلیمەت و ئاشتی دۆست، پێش ئازابوونی فەرەنسا و کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی لە ٣١ی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٤ز، و لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەکەوێت و دەمرێت.

## ٤١ - ژان ئانوی

درامانووسی بەناوبانگی فەرەنسی ژان ئانوی لە ٢٣ مانگی تەمموزی ١٩١٠ز، لە شاری (بردو) لە دایک بووە. باوکی بەرگدروو و دایکی مۆزیک ژەن دەبێت. خولی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (کولبێر) و لەدواییشدا لە قوتابخانەی ناوەندی (شاپتاڵ) تەواو دەکات. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لە لای یەکێک لە خزمانی لە گازینۆی (ئارکاشون) کار دەکات و هەر لەم کاتانەدا بواری باشی بۆ بینینی شانۆگەری دەڕەخسێت و بە هونەری شانۆ ئاشنا دەبێت.

لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا دەست بە هۆنینەوەی هۆنراوە دەکات و لە تەمەنی شازدە ساڵیدا شانۆنامەی (ژنی بەردەم گەرمکەرەکە) دەنووسێت. لە بەهاری تەمەنی لاویدا بۆ شاری پاریس سەفەر دەکات و لەوێ بەدنیای هونەری شانۆ ئاشنا دەبێت و دەست بە خوێندنەوەی بەرهەمی درامانووسە بەناوبانگەکان دەکات.

ئانوی لە زانکۆ ، بەشی (حقوق) لە پاریس دەست بە خوێندن دەکات و بە نووسەران و هونەرمەندانی بە ناوبانگی وەک ژان ژیرۆ، لوئی ژووە، ئاندێی بارساک ئاشنا دەبێت، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دەزگایەکی ڕاگەیاندندا دەست بە کار کردن دەکات، شانۆنامەی (هێرمین) یەکەمین بەرهەمی سەرکەوتووی ئانوی دەبێت کە لەسەر شانۆ نیشان دەدرێت.

لە ساڵی ١٩٣٨ ز، بارساک شانۆنامەی کۆمیدی (سەمای دزان) و (کۆچکەری موفلس) و (وەحشیەکان) ی ئانوی ڕێژەسۆری دەکات و سەرکەوتنێکی مەزن بە دەست دەهێنێت. لێرە بە دواوە ئانوی سەرقاڵی نووسینی دراما دەبێت و کۆمەڵە درامایەک بڵاو وەک (دراما سوورەکان) و (دراما ڕەشەکان) بڵاودەکاتەوە. هەندێ لە دراماکانی ئانوی لە سەرچاوە مێژوویی و کۆنەکانەوە وەرگیراوە وەک شانۆنامەی ئەنتیگۆنا کە لە درامایەکەی سۆفۆکلیس و شانۆنامەی میدیا لە یوربیدس و ڕۆمیۆ ژانت لە ڕۆمیۆ جۆلیەتی شکسپیرەوە وەرگیراوە. لە ساڵی ١٩٥٤ ز، شاعیرێکی هاوڕێی بە ناوی (برازیلاخ) گوللە باران دەکرێت و ئەم کارە نامرۆڤایەتیە زۆر ئانوی بێزار دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت (لەو ڕۆژە بە دواوە کە برازیلاخ گوللە باران کرا من بوومە خاوەن ڕێبازێکی نوێ لە نووسیندا، لەو ڕۆژەوە زۆربەی قارەمانی بەرهەمەکانم غەمگین).

لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی تری ئانوی وەک :

١ - ئەشکەوت.
٢ - مۆلو.
٣ - خانمەکە بە ئاگا مەهێننەوە.
٤ - ژەزابل.
٥ - سیسیل یان نووسینگەی باوکان.
٦ - ڤالسی گابەزێن.
٧ - بیتوسی بێچارە.
٨ - مۆلێری بچوک.
٩ - نانەوا و ژنی نانەوا و شاگردی نانەوا.
١٠ - ئانتوانی ئازیز.
١١ - ماسیە سورەکان.
١٢ - سەرۆکی ئۆپێرا.

ژان ئانوی نەمر لە حەفتاو حەفت ساڵیدا و لە ساڵی ١٩٨٧ز، ماڵئاوایی لە دنیای پیرۆزی هونەر و ژیان دەکات و دەمرێت.

# کورتەیەک لە گۆڕانکارییەکانی سینەما لە مێژوودا

ئا: هانا جەمال
(سلێمانی)

مێژووی هونەری حەوت بۆ زیاتر لە (١٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لەم ماوەیەدا سینەما توانی بەشێوەیەکی بەرچاو تێکەڵی جەماوەر ببێت و ژیان وەکو خۆی بەخۆشی و ناخۆشییەوە پیشانی جەماوەر بدات، ئەم کارەش لە لایەن جەماوەرەوە وەڵامدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو، بێگومان سینەما لەم ماوەیەدا کۆمەڵێ گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات، ئەم گۆڕانکارییانەش بووە هۆی ئەوەی کە جار دوای جار جەماوەرێکی زۆرتر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

لەم بابەتەدا باس لە سێ قۆناغ دەکەین کە سینەما پیایدا تێپەڕی، قۆناغی دروستکردنی ئامێری سینەما و قۆناغی دانانی ڕەنگ لەسەر فیلم و قۆناغی فیلمی ڕەنگاوڕەنگ.

دوای ئەوەی ئامێری سینەما یەکەم جار لە ساڵی (١٨٩٥)دا دروست کرا لە لایەن هەریەک لە (ئەدیسۆن) لە ئەمریکاو (لۆمێر) لە فەرەنساو (بول) لە ئینگلتەرە.

شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو لە لایەن جەماوەرەوە کە ببینێت وێنە دەجووڵێتەوە هەر بۆیە کاتێک کە وێنەی شەپۆلی ئاوێک نیشان دەدا، ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوە سەیریان دەکرد بەپەلە دەگەڕانەوە بۆ دواوە، چونکە وایان دەزانی ئاوەکە دێتە ناویان و تەڕیان دەکات، بەڵام زۆری نەبرد کە جەماوەر لەگەڵ وێنەی ئاو و دارو درەخت و نمایشی سەربازی و،...تاد، ڕاهاتن و ئەو وێنانە هیچ کاریگەرییەکی لە سەریان نەما، ڕاستە سینەما بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاوە دروست بوو، بەڵام دوای ئەمە چی کرا؟ هونەرمەندان لە دەرهێنەر، وێنەگر، ئەکتەر... تاد. لە هەموو جیهانەوە ڕوویان کردە ئەم ئامێرە و لەو ساردی و سڕیەی کە تێیکەوتبوو، ڕزگاریان کردو ئەم بوارەیان کردە هونەر.

لە ڕاستیدا یەکەم جار (جۆرج میلییە)ی فەرەنسی کە خۆی سحرباز بوو، لە فەرەنسادا بەناوبانگ بوو ئامێری سینەما کاری تێکرد، ئەویش هەستا بە بەرهەمهێنانی چەند فیلمێک کە چیرۆک و سیحری لەگەڵ یەکدا تێکەڵ کردبوو، لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا سینەما دەنگی نەبوو، پشتیان بە نووسین دەبەست بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی دیمەنەکان، لەو کارانەی کە (میلییە) پێی هەستا فیلمی(سندریلا) ساڵی (١٩٠٠)، (خاوەنی ڕیشی شین- ١٩٠١)، (گەشتێک بەرەو مانگ- ١٩٠٢) لە ڕاستیدا ئەم کۆمەڵە فیلمە جەماوەرێکی زۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشاو کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. هەرچەندە کارەکانی (جۆرج میلییە) باش بوون و ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و بەرهەمەکانی لە چەندین وڵاتدا بڵاوبۆوە، بەڵام (میلییە) تەنیا کەسێک نەبوو کە لەم بوارەدا کاری دەکرد و باشترین کەسیش نەبوو، ساڵی (١٩٠٣)، (ادوین. س. بورتر)ی ئەمریکی هەستا بەدەرهێنانی فیلمێک کە وەکو شۆڕشێک وابوو کە لە ڕاستیدا هەموو شێوەی شانۆییەکی شکاند (شانۆ کاریگەرییەکی تەواوی



هەبوو بەسەر هەموو فیلمێکدا کە لەو کاتەدا بەرهەم دەهێنران، چونکە تەواوی ئەو هونەرمەندانەی کە لە سینەمادا کاریان دەکرد خۆیان هونەرمەندی شانۆیی بوون) بەڵام (بورتر) ئەم شێوازی کارکردنەی شکاندو لە فیلمی (سرقة القطار الكبرى)وە دەرگای کردەوە لەبەردەم شێوازێکی نوێ لە کاری سینەماییدا. لەم کارەی (بورتر)دا کە خۆی دەرهێنەرو وێنەگر بوو، مۆنتاژ ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کە باس لە کۆمەڵێک چەتە دەکات کە شەمەندەفەرێکی پۆستە دەبڕن دوایی لە لایەن پۆلیسەوە بەرەنگاری دەکرێن و ڕووبەڕوویان دەبنەوە و لەناویان دەبەن، ماوەی ئەم فیلمە (٨) خولەک بوو.

بەم کارەی، (بورتر) توانی کلیلی گەورەترین دەرگا پێشکەش بە جیهان بکات کە ئەویش هونەری مۆنتاژ بوو، یەکێکی تر لە کارە گرنگەکان کە لەم فیلمەدا کرابوو، ئەوەبوو کە تازەگەری کرابوو لە گۆشەی-کامێرادا، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم فیلمە (بەپێچەوانەی فیلمەکانی ترەوە) لە دەرەوەی ستۆدیۆ وێنەی گیرابوو، چونکە ئەوکاتە هەموو فیلمێک لە ستۆدیۆدا وێنەی دەگیرا، ئەمەش بێگومان گۆشەی کامێرا سنووردار دەکات.

هەروەها لەم فیلمەدا (سرقة القطار الكبرى) کامێرا جووڵەی هەبوو بۆ پێشەوە و بۆ دواوە و بەشێوەی بازنەیی بۆ ئەوەی ئەسپ سوارەکان بەجوانی دەرکەون، هەروەها وێنەی نزیک (کلۆزاب). لە دوای ئەم فیلمە زۆربەی زۆری دەرهێنەرەکانی تر لاسایی (بورتر)یان کردەوە لە مۆنتاژدا، هەروەها وێنەگرتن لە دەرەوەی ستۆدیۆ بوو بەیەکێک لە کاری دەرهێنەرەکان. بەم شێوەیە هونەری سینەما وردە وردە لە هەموو جیهاندا بڵاوبۆوە، تا وای لێهات لە هەموو شارێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (بۆ نموونە) هۆڵی سینەما هەبوو، هەر بەهۆی بڵاوبوونەوەی سینەماو کاریگەری لە جیهاندا وای لێهات شتێکی ئاسایی بێت کە جەماوەرێکی ژاپۆنی چێژ لە فیلمێکی ئەمریکی وەربگرن هەروەها جەماوەرێکی فەرەنسی بۆ فیلمێکی ڕووسی و جەماوەرێکی سوێدی بۆ فیلمێکی ئیتالی....تاد.

پیشەسازی سینەما بەشێوەیەک پەرەی سەند کە نەدەتوانرا بەتاکە کەسێک، یان چەند کەسێکی دیاریکراو بەڕێوە بچێت، هەربۆیە لە ساڵی (١٩٠٧) لە فەرەنسا کۆمپانیایەکی سینەمایی دامەزرێنرا بەناوی (فیلمی هونەری)، ئامانجی ئەم کۆمپانیایە ئەوە بوو کە هونەرمەندە گەورەکانی شانۆی فەرەنسی پێشکەش بە جەماوەر بکات و پێیان بناسێنێت، هەرواش بوو هونەرمەندانی وەک (سارە برنار، مدام، یجان، ماکس دبرلی) و هەموو هونەرمەندانی کوڕو کچی گرووپی کۆمیدی (فرانسیز) هاتنە سەر شاشە و فیلمەکانیشیان لە چیرۆکی (ئەناتولی فرانس، فیکتۆر هۆگۆ، ئەدمون ڕۆستان) وەرگیرابوون، لەو بەرهەمانەی کە ئەم کۆمپانیایە پێشکەشی کرد، (فیدرا، توسکا، ئازارەکانی فیرکر). بۆ یەکەم جار بەرهەمی ئەم کۆمپانیایە کە فیلمی (تیرۆرکردنی دۆق دی جیز) بوو بۆ کاری مۆسیقا لەگەڵ گەورەترین هونەرمەندی مۆسیقیدا گرێبەندی کرا کە ئەویش (کامیل سان سان) بوو.

**سینەما بێدەنگی دەشكێنێ**

لە ڕاستیدا فیلمی بێدەنگ تا ڕادەیەک توانی جیهانێک لە واقیعیەت پیشان بدات لەگەڵ ئەوەشدا کە بێدەنگ بوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٢٧) هەموو ئەو بێ دەنگییە شکاو وای لێهات وێنەکان دەنگی خۆیان لەگەڵدا بوو ئەمەش بووە هۆی زیاتر ڕاکێشانی جەماوەر بەلای سینەمادا و جەماوەر بەم گۆڕانکاریە زۆر دڵخۆش بوون هەروەها زیاتر دڵخۆش بوون بەوەی کە لەمەودوا گوێیان لە دەنگی ئەکتەرە خۆشەویستەکانیان دەبێ و گوێیان لە دەنگی ئۆتۆمبێل و زەنگی تەلەفۆن و..تاد دەبێت، ئەم گۆڕانکارییە وای کرد کە جەماوەر وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی سینەما چێژ لە فیلمەکان وەربگرن. هەر لەبەر ئەمە سینەماکاران ئەم هەلەیان قۆزتەوە و فیلمەکانیان ژمارەیەکی زۆر دایەلۆگی دوورو درێژی تێدابوو، بەڵام لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەدا ناتوانین بڵێین کە دەنگ هەروا بێ خۆ ئامادەکردن هاتە ئاراوە، بەڵکو لە ساڵی (١٨٨٩)دا ئەدیسۆن یەکەم کەس بوو کە بیری لەوە کردەوە دەنگ بخرێتە سەر فیلم، تەنانەت چەند فیلمێک لە فەرەنسا بەم شێوەیە بەرهەم هێنرا لە ساڵی (١٩٠٠)دا، بەڵام لەوکاتەدا کاتی فیلمەکان لە یەک خولەک تێنەدەپەڕی. لەگەڵ ئەوەشدا فیلم تا ساڵی (١٩٢٧) بەتەواوی بێدەنگ نەبوو، بە تەواوی ڕاستە دەنگی ئەکتەر و ئامێرو....تاد نەبوو، بەڵام بە بەردەوامی مۆسیقا هەبوو کە تیپێکی مۆسیقایی پێشکەشیان کردووە لەگەڵ فیلمەکەداو بەپێی دیمەنەکان.

جاری وا هەبووە (٧٠) مۆسیقاژەن کاریان تێدا کردووە، بەڵام کە دەنگ گەیشت بە سینەما هەموو ئەو کارانەی پێشوو بوو بە ڕابردوو بە تایبەتی ئەو دایەلۆگانەی کە بە نووسین لەسەر شاشە نیشان دەدران.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بەهۆی ئەم گۆڕانکارییە نوێیەوە ژمارەیەکی زۆرتر لە جەماوەر ڕوویان کردە سینەما، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هۆڵی سینەما ئەو ژمارە زۆرەی نەدەگرت، خاوەن هۆڵەکان ناچاربوون کە هۆڵەکان گەورەتر بکەن، لێرەدا گرفتێک دروست بوو، دەنگ نەدەگەیشتە جەماوەر لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا ئامێری گەورەکردنی دەنگ نەبوو (لی دی فورست) ئەم کێشەیەی چارەسەر کرد بە دروستکردنی ئامێرێک کە دەکرا دەنگی پێ زیاد بکرێ و بە پێچەوانەوە. دوا بەدوای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، کێشەیەکی تر هاتە پێش، ئەو سیناریستانەی کە پێشتر سیناریۆیان دەنووسی تەنیا بیریان لە وێنە دەکردەوە (چونکە پێشتر دەنگ نەبوو)، بەڵام دوای ئەوەی دەنگ خرایە سەر فیلم دەبوایە چیرۆکەکان دایەلۆگی لەگەڵدا بێت لەبەر ئەوە گەڕانەوە بۆ لای ئەو نووسەرانەی لە بواری شانۆدا دەیاننووسی تا دایەلۆگی بۆ دابنێن هەروەها دەرهێنەرەکانیش چەند دەرهێنەرێکی شانۆیی شوێنی گرتنەوە، ئەو شتەی کە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو ئەوەبوو ژمارەیەک لەو ئەکتەرانەی کە زۆر خۆشەویست بوون لای جەماوەر دەرکەوت کە دەنگیان ناخۆشە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە ئەو ئەکتەرانە بێ کار مانەوە.

ئەو هەموو گۆڕانکارییە گەورەیە کە بەهۆی دەنگەوە دروست بوو، وای کرد کە لە بواری سینەمادا جۆرە پسپۆڕییەکی تر بێتە پێشەوە کە ئەویش بریتی بوو لە (پسپۆڕی دەنگ)، کاری ئەم پسپۆڕە ئەوە بوو لە کاتی وێنەگرتندا چۆن مایکرۆفۆنەکان بشارێتەوە بەجۆرێک کە دەرنەچێت و لە هەمان کاتیشدا نزیک بێت لە ئەکتەرەکانەوە تا دەنگیان بەجوانی ببیسترێت، بێگومان لەو کاتەدا ئەمەش بێ زیان نەبووە، چونکە بەهۆی ئەوەی کە مایکرۆفۆنەکان لە وێنەگرتندا دەرنەچن وێنەگرتنەکە سنووردار ببوو لەبەرئەوە ناچاربوون کە دیمەنی (کلوزاب) واتە دیمەنی نزیک زۆر بکەن و دیمەنی دوور کەم بکرێتەوە.

ساڵی (١٩٢٩) ئەو ساڵە بوو کە زۆرترین ژمارە لە شانۆییەکان وێنەی گیراو خرایە سەر شاشە (بێگومان بە دەنگەوە) دوابەدوای ئەم کارانە، یەکەم فیلمی کۆمیدی (کە لە دوو بەش پێک هاتبوو) پێشکەش کرا بەناونیشانی (گەشتی خێزانی)، دوا بەدوای ئەمەش ستۆدیۆکانی (وارنر) فیلمی (ڕووناکییەکانی نیویۆرک)ی پێشکەش کرد، دواتر ستۆدیۆکانی (فۆکس) یەکەم فیلمیان پێشکەش کرد کە لە سەداسەد هەمووی بەدەنگەوە بووەوە لە دەرەوەی ستۆدیۆ وێنەی گیرابوو. فیلمەکەش بەناوی (لە ئەریزۆنای کۆن) بوو، بەڵام دوای ئەم فیلمە ستۆدیۆکانی (وارنر) فیلمێکی تریان نمایش کرد بەناونیشانی (نمایشەکە دەبێت بەردەوام بێت) کە نەک هەر بەدەنگەوە بوو، یان نەک هەر تەنیا گۆرانی لەگەڵدا بوو، یان تەنیا سەمای لەگەڵدا بوو، بەڵام ئەم جارە ڕەنگاوڕەنگیش بوو.

لە ڕاستیدا بوونی ڕەنگ لە سینەمادا شتێکی نوێ نەبوو، بەڵکو پێشتر و لە ساڵی (١٩٠٨)دا چەند هەوڵێک درا بۆ ڕەنگکردنی فیلمەکان، بەڵام ئەم ڕەنگکردنە بەدەست بوو، ئەمەش وای دەکرد کە فیلمەکە ئەو چێژەی نەمێنێ و لە لایەن جەماوەریشەوە ئەو پێشوازیەی لێ نەکرا.

ئەم کۆمەڵە گۆڕانکارییە گەورە و گرنگە لە بواری سینەمادا تەنیا وڵاتێکی نەگرتەوە، بەڵکو لە یەک کاتدا ئەمریکاو ئینگلتەرەو ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤێتی جارانی گرتەوە و بووە پیشەسازییەکی جیهانی.

# کوردستان و عیراق و شام و میسرو حیجاز لە یاداشتنامەی کۆنترین گەڕیدەی کوردیدا

لێدوانی: حەسەن مەحموود حەمە کەریم
(سلێمانی)

گەر چاوێک بە مێژووی گەلاندا بخشێنیت، گەڕیدەیەکی زۆر دەبینیت کە خۆبەخشانەو بۆ جێبەجێکردنی حەزێک کە لە ناخیاندا جوولاّوە وەک هیوایەتێکی پێی هەستاوە بە کارێکی زۆر قورس و گران و خەتەر کە هیچ زەمانەتێک نەبووە بۆ پاراستنی ژیانیان، ئەویش گەڕان بووە بەشوێن ژیان و باری وردەکارییەکانی گەلان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سەربازی و دەروونی و لایەنی ترەوە کۆشاون بگەنە وردە کارییەکانی ژیانی گەلان و بیگوازنەوە سەر ڕووپەڕی لاپەڕکان و لە ونبوون بیپارێزن..

لە مێژوودا ناوی گەشتیاریی زۆرم بیستووەو سیپارەیانم خوێندووەتەوە، کە هەریەکەیان بەجۆرێک هەنگاوەکانی خۆیان نووسیوەو گەشتی هەریەکەیان بۆ مەبەستێک و شوێنێک بووە، وەک هیرۆدۆتی یۆنانی (٥٢٠پ.ز)، زەینەفۆن-ی یۆنانی (٤٠١پ.ز)، مارکۆپۆلۆ، ئیبن بەتووتە، ئیبن جوبێر، ئەولیا چەلەبی، ڕیچ، مێجرسۆن و شاکیر فەتاح و زۆری تر، بەڵام بۆ یەکەم جارە کە کوردێک لەو سەردەمە دوورەوە- بۆ مێژووی ئێمە دوورە دەنا سەردەمەکەی زۆر نزیکە- زەینی ئەوەی بە بیردا هاتبێ سەفەرێک بکات، پێنووس و مرەکەب و پەڕەی هەڵگرتبێ و هەرچیی دیبێ و بیستبێ تۆماری کردبێ ، لە شوێنێکی نابێت کە گومانی وابووە نافەوتێ دەمینێتەوە..

لەم ماوەیەدا کتێبێک لە قەبارەیەکی مامناوەندیدا بە زمانی عەرەبی دەرچوو بەناوی (رحلة طه الكردي الباليساني في العراق و بلاد الشام والاناضول و مصر والحجاز)- و کتێبەکە لە (٨٩) لاپەڕەدایە، ساڵی (٢٠٠٢) لە بەغداد چاپکراوە، لەلایەن (دکتۆر عیماد عەبدولسەلام ڕەئووف)ەوە تەحقیقی تێدا کراوەو پەراوێزی بۆ دانراوە، دیارە لە نووسراوێکی گەورەتر بە کورتکراوەیی وەرگیراوە..

نووسەری ئەم گەشتە لە دوا لاپەڕەدا ئاوا ناوی خۆی و خێڵ و گەلی بردووە: (لە پانزەی مانگی سەفەر ساڵی «١٢٠٤ک» لێبوومەوە (بەرامبەر تشرینی دووەمی «١٧٨٩ز») لە خانەقای سمیساتییە کە لکاوە بە جامیعی بەنی ئومەییە لە دیمەشق، بەدەستی تەها کوڕی یەحیا کوڕی ئەمیر سلێمان کوڕی ئەمیر محەمەد کوڕی عەلی بەگ کوڕی ئەمیر محەمەد کوڕی شێخە کوڕی شەمسەدین کوڕی ئەمیرز کوڕی عوسمان خان کوڕی سوبحان وێردی خان کوڕی ئەحمەدخان کوڕی عەبدولمۆئمینخان مامۆمی کوردیی شافعیی قادریی خەڵکی شاری بالیسان و لەخێڵی خۆشناوەتی نووسراوە). ئەم دەفتەرە پڕ بیرەوەرییە دەست بەدەست هاتووە و بەقەزاو قەدەر دکتۆر عیماد لە کاتێکدا کە دەچێتە میسر ڕێی لێکەوتووە، نوسخەی یەکەم لەو گەشتنامەیە لە (دار الكتب المصرية) هەیە بە ژمارەی (٣٧٣) لە بەشی جوگرافیە لە (٩٤) لاپەڕەی (٢٥) دێڕی، دکتۆر لەو سەفەرەیدا بەڕێگەی مایکرۆ فیلم نوسخەیەکی لەبەر گرتووە.. دەستنووسەکەی مەلا تەها لەلایەن زانایەکی دیمەشقی سەردەمی نووسەر نووسراوەتەوە کە ناوی شێخ ئەحمەد کوڕی ئیسماعیل عجلونی جەڕاحی-یە کەلە «١٨ی زیلقەعدەی ١٢٠٥ک (بەرامبەر ١٨ تەمموزی ١٧٩١ز) لە نووسینی بووەتەوە، لەسەر پەڕەی یەکەم نووسیویەتی «رحلة الشيخ طه الكردي رحمةالله تعالى)، دکتۆر دەڵێ (لەبەر ئەوەی هەندێ شتی لاوازی تێدابووە لەشیعرو ئەدەبیات لامبرد، هەر دەقە بەسوودەکەیم هێناوە لە وەسفی شارو دێ و قۆناغەکانی ڕێگەو ئەو شتانەی دیونی لە ئەمیرو زاناو پیاوچاکان و بارودۆخی سەردەم، شێوازی داڕشتنە لاوازەکەیم وەک خۆی هێناوە، تەنیا هەندێ هەڵەی نووسینم چاک کردووە).

بەوجۆرە دکتۆر تەپوتۆزی سەدان ساڵەی ئەو دەستنووسەی تەکاندو خستییە ژێر چاپ، کە وەک هەموو بابەتێکی تر سوودی هەیە بۆ مێژووی ناوچەکەو کورد.



ئەم بابەتە وەک نووسینی هەر گەڕۆکێکی تر ناوەڕۆکەکەی پڕە لە بینین و تێبینیی چاک و بەسوود، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لاوازی بەشێوازی نووسینەکەیەوە دیارە، توانیویەتی وێنەیەکی جوانی زۆر لە شارو دێ و قەڵاوبەندەرو خەتەری ڕێگاوخانەکانی ڕێگەو ڕێبواران و ویستگە نیشان بدات. باسی پێشوازیی خەڵکی ئەو شارو ناوچانەو کارکردن لە بەندەرەکان و گرنگیی سەفەری دەریاو بینینی دەیان زانا کە لە ناویاندا ناوی چەندین زانای کوردی بردووە لە شام و میسرو حیجاز کە ئێمەی کورد هیچمان لە بارەیانەوە نەزانیوە، باسی زۆر لە مزگەوت و شێخەکان و تەکیەو خانەقاو باسی کاروانێکی حاجییانی کورد دەکات هەر لە کوردستانەوە تا دیمەشق، باسی میرو میرنشین و شارە کوردەکان و زۆر شتی بەنرخی تر بۆ کورد، خوێنەر بەتایبەت مێژوونووسان دەتوانن سوودی زۆر لێ ببینن، مەلا تەها پارەو کۆڵو باری بۆ سەفەرەکانی پێنەبووە، جگە خۆی و قەڵەم و مرەکەب و دەفتەر، بەڵکو زۆر دەزگاو شوێنە زانستییەکان بە بینینی حەزیان کردووە پێشوازیی لێ بکەن، واقیعی ئەو شوێنانە پارەی داناوە بۆ یارمەتیی ئەو جۆرە کەسایەتییانە، هەروەک کۆمەڵگای ئەو کاتە ئامادەی پێشوازی بوون بۆ کەسانی زاناو وارع، باسی گرفتی ڕێگە دەکات کە پڕبووە لە ڕێگرو چەتەو باج و غەرامە وەرگر، بەڵام زاناو پیاوچاکان هەموو کەس ڕێزی لێ گرتوون، گەشتەکە وەک زۆر لە گەشتەکانی تر هێزی تێدایە، مەلا تەها قسەکانی بەشێوازێک باس دەکات وەک خوێنەر بە چاوی خۆی ببینێ، وا نازانێ دەیگێڕێتەوە، باسی لە دایک بوونی و بنەماڵەکەیان و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریی باوکی و دایکی و براو خاڵ و مام و ئامۆزاکانی دەکات، دەڵێ باوکم قورئانی هەموو لەبەر بوو، خاڵم زانایەکی بەرز بوو، دایکم و خاڵۆژنم زۆر زانابوون، وەک بیەوێ بڵێ من لە کەش و هەوایەکی وادا گەورە بووم، ئەوە کاریگەریی بووە لەسەر ژیانی، بەدوای جێبەجێ کردنی فەرزو سونەتەکاندا دەچێتە زیارەتی حەج و دەست دەکاتە گەشت و گەڕان، ئەو کاتە نەگەیشتبووە بیست سالان، دێیەکەی خۆیانی جێهێشت کە تێیدا لە دایک بووەو گۆڕیویەتییەوە بە گەڕان و گەشت و نووسین کە کارێکی قورس و گران و ترسناک و پڕ مەترسییە، بە چەند شارو وڵاتدا گەڕاوە، لە دوا گەشتیدا بە کۆمەڵێک شارو دێ و قەڵاو ئەمارەتی کوردی لە بادینان و جزیرەدا دەڕوات وەک عەقرەو زاخۆ، چاوی بە کۆمەڵێک ئەمیری کورد دەکەوێت، باسی ڕەوشتیان و پێوەندییان بە خەڵکەوە دەکات، پاشان ڕوو دەکاتە جەزیرەی ئیبن عومەر و نصێبین و ماردین و ڕەهاو بیرە لەسەر ڕووباری فورات لە باکووری کوردستان، پاشان دەچێتە حەلەب و حومص و حەماو ساڵی (١١٨٩ک- ١٧٧٥ز) دەگاتە دیمەشق، لەبەر هەر هۆیەک بێت لە دیمەشق جێگیر بووە، خانەقای سیمیسانییە زۆر باش بووە بۆ مانەوە، مزگەوتەکانی بە دڵ بووە بۆ سەردانی شێخ و زاناو پیاوچاک و قوتابخانەو خانەقاکانی، دوا تۆماری لە ساڵی (١٢٠٤ک- ١٧٨٩ز) بووە، واتە پێنج ساڵ لە دیمەشق ماوەتەوە، ڕەنگە هەر لەوێ مابێتەوە.. ئیتر مەلا تەها لە نووسین وەستاو دوای ئەو مێژووە ئێمە هیچ لە هەواڵی نازانین.. ڕەنگە دەستنووسی تری هەبێ و دەست نەکەوتبێ، یان گەڕابێتەوە کوردستان.

## ناوەڕۆکی گەشتەکە

مەلا تەها بەم جۆرە باسی خۆی و بنەماڵەکەیان و دەست پێکردنی گەشتەکەی دەکات: (دوای ئەوەی لە سکی دایکم دەرچووم وەک بۆیان گێڕامەوە شەوی دووشەممە «١٣ی ڕەبیعولئەوەل» بوو درەنگانێکی شەو لە دێی بالیسان لە وڵاتی کوردان کە بەشێک بوو لە هەرێمی بەغداد، لە «١١٣٦ک (١تشرینی یەکەمی ١٧٢٣ز)»دا. ئەو کاتە باوکم لە ناو کۆمەڵێکی زۆر لە خزم و کەس و کارو میواندابوو بۆ خوێندنەوەی مەولوودنامە، مەولوودخوێن دەیخوێندو گەیشتە ئەوەی کە ناویان نا محەمەد و تەهاو یاسین، هەر لەو کاتەدا مژدەدەر هات بۆ لای باوکم وتی مژدەبێ ئێستا کوڕێکتان بوو، باوکم دەست بەجێ وتی ئەوا ناومان نا محەمەد، بەڵام پێی دەڵێین تەها لەبەر ئەوەی براکەی واتە مامم ناوی محەمەد بووە لەو مەجلیسەدا ئامادەبووە، خەڵکی ئەو وڵاتە سروشتێکی نەفامیان هەبووە بە نەگبەتیان دەزانی ناوی پیاوێ بەرن بەناوی خۆی تا غایب بوایە، ئیتر خەڵک بە منیان دەوت تەها نەک محەمەد.. باوکم هەموو قورئانی لەبەربوو، دایکم و دایکی دایکیشم قورئانخوێن بوون، فاتیمەی خاڵە ژنم زانایەکی شارەزابوو، دایکم هودای ناوبوو کچی زاناو خوداناسی مەزن شێخ محەمەد بوو، ژنەکەشی واتە نەنکم زانایەکی شارەزابوو، ناوی ئاسیە بوو، دایکی مەلا عیسا مامۆستاکەی من بوو، کە زۆر سوودم لێ وەرگرتن، لە تەمەنی دە ساڵیدا دەستم کرد بە خوێندن، وانەکانی فیقھ و صەرف و نەحوم خوێند، پاشان دەستم کردە خوێندنی شیعرو پەخشان لای شێخ بەدرەدین باوکی مەلا عیسا، لە ماڵی خۆیان لە قەڵای کەرکووک، پاشان چوومە کۆیە لە وڵاتی کوردان، ئەو کاتە تەمەنم (١٧) ساڵان بوو، مەلا عیسای مامۆستام چوو بۆ کەرکووک باوکم ڕازی نەبوو لە گەڵی بچم، لە حوجرەی کۆیە دەستم کرد بە خوێندن، شێخێکی ناودارو مەزن بە ناوی دەروێش مستەفا لە دێی باواجی دەهاتە کۆیە، هاوڕێیەکم تەوبەی لەسەر دەستیدا کردبوو، ئەویش سەر بە شێخ ئەحمەد بوو لە شاری (صرت) لە هیند، ئەوکاتەی نادر شاهی ئێرانی پەلاماری شاری مووسڵی داو شکا، من لە مووسڵ بووم، لەگەڵ شێخم بووم شێخم دەچوو بۆ شام، لە ساڵی داهاتوودا من و کوڕی مامم چووینە مووسڵ، مەبەستمان بوو بچینە شام بۆ لای شێخ، بەڵام کوڕی مامم گەڕایەوە بۆ وڵاتی و من چوومە شام و (١٨) ڕۆژ مامەوە بە مەبەستی چوون بۆ میسر و قودس و حیجاز، کە لە شام

دەرچووم دوو کەسم لەگەڵ بوو، خەڵکی وڵاتی خۆمان بوون گەیشتینە قودس، چەند زاناو شێخمان بینی گەیشتینە یافا و سواری دەریا بووین بۆ میسر، گەیشتینە دومیاط و مەنصوورە، چووینە لای شێخێکی زاهید، پاشان لە طەنطە شێخێکی مەزنمان بینی نامەی داینێ بۆ هەندێ ناسراوی خۆی کە یاریدەمان بدات، یەکێکی لەگەڵ ناردین گەیشتینە میسر دوو هاوڕێکەم چوونە تەکیەیەکی قادری، من چوومە بەشی کوردەکان لە ئەزهەر لای حەسەنی برام کە برامە لە باوکمەوە، یاریدەی زۆری دام لە جلوبەرگ و ڕێزگرتن، پاشان چووینە سوەیس، بە دەریادا گەیشتینە بەندەری یەنبوع لەوێوە بە دەریادا چووینە حیجاز، دوای مەغریبێک گەیشتینە مەککەو چووینە زیارەتی کەعبە، کەعبە زۆر سەیربوو لام، زۆری تێڕامام نەمدەتوانی وەسفی بکەم، حەجمان کردو گەڕاینەوە میسرو پاشان شام، دوای سێ چوار مانگ لە قوتابخانەی بەورانیە بووم لە دیمەشق، لە نزیک ماڵی دەروێش مستەفای شێخم، پاشان چووم بۆ تەرابلوسی شام لەگەڵ شێخم لە ماڵی بازرگانێکی پیاوچاک بووین لە تەرابلوس زانایەکی گەورەی ئەزهەرمان بینی سواری کەشتییەک بووین چووین بۆ قوبروس ڕەمەزان بوو، پاشان گەیشتینە میسرو دومیات چاومان بەشێخ حەسەنی برام کەوت، چوومە ئەزهەر پاشان سەفەرمان کرد بۆ قەڵای وجهە، بە کەشتی دەرچووین ئاوی دەریا سوێر بوو، خەڵکی ئاوی شیرینیان دەفرۆشت، کڕیم وام زانی ئاوی حەیات دەخۆمەوە، گەیشتینە مەککە و تەوافمان کردو گەیشتمەوە بە شێخم شێخ مستەفا، پاشان چووینە مەدینەو زیارەتی پێغەمبەر- دروودی خودای لەسەر بێت- و بەقیع و زۆر جێی ترمان کرد، پاشان کەوتینە ڕێ بۆ دیمەشق (باسی شەڕی سوپای میسرو شام دەکات)، پاشان چووینە دێکانی قابوون و قریتین و دومەو قەتیف و گەیشتینە شاری حەما، چووین تا گەیشتینە حەلەب، چووینە قوتابخانەی نەقیب ئەلئەشراف خەڵکەکەی کورد بوون، چووینە مزگەوتی ئەلجامیعولکەبیر و جامع ئەلزەکەرییا پێغەمبەر، لەوێ حاج ئەحمەد بەووابی کوردیمان بینی ڕێزی زۆری لێ گرتین، چووینە قوتابخانەی حەولییەو چەند پیاوی زاناو پیرۆزمان بینی، چووینە حوجرەی جەنابی محەمەد ڕەحباوی، (پیاو چاک و زانایان و شوێنە ناودارەکانی ئەو شارە باس دەکات) حاجیانمان بەڕێ کرد بۆ حەج و گەڕاینەوە شام، برادەران گاڵتەیان پێکردین، وتیان لە ترسان ڕاتان کردووە، چوومە مزگەوت ساڵی (١٢٠٣ک) دوو کتێبیان دامێ بەناوی دیوان ئەلموراسەلات و جامع و لرەسائیل عەدیدە، لەوێ شێخ عەبدولڕەحمانمان دیت کوڕی زانای ناودار مەلا حەسەنی کوردی (مەلا حەسەن شەرحی زۆری هەیە لەسەر زۆر کتێبی سۆفی، ١٧٣٦ز مردووە) لە شام مرد، کوردەکانی ئەوێ دەچەوسێنرانەوە لە لایەن حەسەن ئەفەندیی دەسەڵاتدارەوە، پاشان چووە ئیسلانبوڵ

(ئەستەمبووڵ) ئەو کاتەی سوڵتان عوسمان مردو سوڵتان مستەفای (عوسمانی) جێی گرتەوە، زیاد لە ساڵ و نیوێک لە ئیسلامبوڵ مامەوە، نامەیەکم بۆ هات کە شێخەکەم شێخ مستەفا مردووە، دەڵێ خەڵکی سەرەخۆشییان لێ دەکردم، گەڕامەوە شام (شیعرێکی نووسیوە لەسەر هەرچی لە ڕێگەی گەڕانەوە دیوێتی لە نێوان ئیسلامبوڵ و دیمەشقدا)، پاشان ڕوومان کردە بەغداد بەڕێی وشکانیدا بە دوانزە قۆناغ، گەیشتینە هیت لەوێوە بەسواری کەشتی چووینە بەغداد لە «٨ شوال ١٢٨٥ک- واتە ١٣ کانوونی دووەمی ١٧٧٢ز» سەردانی تەکیەو خانەقاو زاناو شێخ و شوێنی ترمان کرد، پاشان گەڕاینەوە بۆ وڵاتی کوردان، چوومە قەڵای کەرکووک لەوێ خاڵم و مەلا عیسام دی و هەفتەیەک لایان مامەوە، پاشان چوومە کۆیسنجەق شاری حاکمی وڵاتمان (ئەمیری کۆیەی ئەوکاتە محەمەد خالید پاشای بابان ١١٧٨-١١٨٦ک- ١٧٦٤-١٧٧٢ز بوو)، لای خەدیجەی خوشکم دابەزیم، پاشان چوومە لای زانای بەرزو بەڕێز عەلی مامەم و مەلا مستەفای کوڕی پورم، ئەمە ساڵی (١٢٠٣ک) بوو، دەرچوونم لە وڵاتی کورد تا هاتمەوە (٢٦) ساڵی خایاند، خزم و هاوڕێیان دەورەیان لێ دام کە گەیشتمە کۆیسنجەق زۆر بە شەوق بوون بۆم، منیش دێ بەدێ چووم بۆ سەردانیان، بۆ هەر دێیەک دەچووم خەڵکەکەی سەعاتە ڕێیەک دەهاتن بە پیرمەوە، خەڵکی تر سەری لەو قەرەباڵغییە سوڕدەما، شتیان لە من وەردەگرت بۆ تەبەڕوک و دەستیان دەهێنا بە جلکەکانمداو دەیانهێنا بە دەموچاوو سنگ و بەرۆکیاندا، منیش لە دڵی خۆمدا سەیرم لەو باوەڕە دەهات، دەموت خوایە بمخەیتە ئاستی گومانی ئەوان، لەو گوناهانەشم خۆش بیت کە خۆم ئاگام لێیەو ئەوان پێی نازانن، منیش ئامۆژگاریی چاکم دەکردن، هەموو کەس هەواڵی منی بیست و دەنگوباسم گەیشتبووە هیندو ئەفغان و لەناو کوردو عیراق و تا قوستەنتینییەو میسرو حیجاز چوو، منیش بە خۆشیی ئەوان سێ ساڵان لە وڵاتی کورددا مامەوە، هەتا دوو بارە هەستی گەڕانەوە هات بە سەرمدا، هەرچەند خزم و ناسراو پێیان ناخۆش بوو، وڵاتم بەجێهێشت لە ناو گریان و خەفەت و مەینەتیی خزماندا سێ ڕۆژە ڕێگە لە گەڵمدا هاتن، هەتا سوێندم خواردو پەیمانم دانێ کە دەگەڕێمەوە، ئەوسا ئەوان گەڕانەوە، هەندێکم لەگەڵ بوو، گەیشتینە شاری عەقرە حاکمی شار ئەمیری بە ئەدەب فەتحوڵا بەگ بوو ئەمیری عەباسی بوو (بەڵام ئەو کاتە عەباسی نەمابوو) من و کۆمەڵەکەی کە لەگەڵم بوون چووینە مزگەوت، نەمزانیبوو کوڕی مامم محەمەد ئەسپێکی جوانووی پێ دابووم، باپیرم سلێمان (٢٠) کوڕی هەبوو جگە لە باوکم، باپیری باوکیشم زۆر ناودار بوو لە وڵاتی کوردان (باسی زۆر زاناو سەردانی باووباپیری و کەس و کاری و شوێنانی کردووە، پاشان باسی دایکی و مردنی و شێخ مستەفا کە لای کوردان بە دەروێش مستەفای بلّباس

ناوداره دەکات، باسی ژنەکانی باوکی خەدیجەو زولەیخا دەکات، زولەیخا منداڵی زۆر بوو، باوکی زولەیخا زانایەکی بەرزو ئەمیری عەشرەت بووە- واتە عەشیرەتی خۆشناوەتی کە نووسەر یەکێکە لەوان- باسی کردووە کە چۆن ئەوسا خەڵکی کورد لە ڕێی بەغدادەوە حەجیان کردووە، پاسەوانیان لەگەڵ بووە تا گەیشتوونەتە حەج، باسی باپیرانی دەکات کە چەند ناودار بوون، باسی دەکات کە باپیری باوکی زۆری خۆش ویستووەو خۆی ڕێکخستووە بۆ حەج، نامەی نووسیوە بۆ والی-ی کۆیە کە ئەمیش بنێرێ بۆ لای والی-ی بەغداد و وەکیلی سوڵتانی عوسمانی- سلێمان پاشای گەورە (١١٩٣-١٢١٧ک)- بووە، کە لەگەڵ کاروانی خۆیان ڕەوانەی حەجی بکات، گەیشتمە قەندیل، خوشکە قورئان خوێنە چاکەکەم ئاسیە دایکی حەسەنم خواحافیزیی کرد کە خێزانی مەلا مستەفای زانای مەزن لە زانستە شەرعییەکان بوو و کوڕی مامم بوو، خزمی زۆری تر کە تەوبەیان لەسەر دەستمدا کردبوو، خواحافیزیم کردن، گەیشتینە دێیەک لەسەر لقی دووەمی ڕووباری دیجلە کە زابی پێدەڵێن، لە سەرووی دیاربەکرەوە هەڵدەقوڵێ و بە جزیرەی ئیبن عومەردا دەڕوات و دەچێتە مووسڵ و لە قەندیل لە خوار مووسڵەوە دەڕژێتە ڕووباری کۆیە، کە هەر زابەو دەبنەیەک پێی دەڵێن یەک ئاو واتە سێ ئاو یەک دەگرن نزیک تکریت و دەچێتە نزیک بەغداد پێی دەڵێن ڕووباری بەغداد، پاشان نووسەر دەگاتە قەسرۆک نزیک دێی قەندیل، بەرامبەر ئەوبەری ئاوەکە دێیەکی تر هەیە ناوی قەسرۆکە، خەڵکی ئەو دوو دێیە زۆریان لە شێخ و زاناو خێرخوازی ناودار بەدرێژایی کات هەیەو هەبووە، شێخی دووەمی قەسرۆک شێخ محەمەد ساڵی (١٢٠١ک) لە مەککە مرد، شەوێک لە قەندیل ماینەوە لای شێخ فەتحیی برای مەلا محەمەد زانایەکی بەرزبوو، دوو شەو لە قەسرۆک ماینەوە، پاشان چووین بۆ دێیەک (ناوی نەبردووە) عیشا گەیشتینە ماڵی باوکی موفتیی عەقرە مەلا محەمەد، پاشان چووینە شاری عەقرە لای ئەمیری ئەدیب والیی زەمانی خۆی فەتحوڵلا بەگ لە قەڵاکەی خۆی لەگەڵ شێخ یوونس سووتی و شێخ یوونس حووت، یوونس زۆر عارف و ناوداربوو، چووینە لای مەلا تەهای ئادەم وتارخوێنی مزگەوتەکەی، لەگەڵ مەلا تەهاو هەندێ هاوڕێ سەرکەوتین بۆ قەڵاکە بۆ لای ئەمیری ناوچەکە، ڕێگە زۆر زەحمەت بوو یەک میل دوور بوو، دەستیان دەگرتین لە ترسی کەوتن، گەیشتینە لای ئەمیر فەتحولا، لەسەر قەبران بوو لای دەروێشێکی خەڵکی بوخارا کە ماوەیەک بوو لەوێ بوو، قەسرەکەی وەک هەڵواسراو وابوو چەند دەرگای هەبوو، ئەمیر هات دانیشتین، زۆر قەرەباڵغ بوو، ئەنجا ئەمیر داوای کرد چۆڵی بکەن، هەر من و خۆی ماینەوە، هەندێ شیعری بە کوردی و عەرەبی بۆ خوێندین، قاوەیان هێنا، پاشان وەسیەتی کرد لە ڕێگە لابدەینە لای یەحیا بەگی برای کە ئەمیری شووش بوو، وتی با پێتان موبارەک بێ، (شووش) دێیەکی سەر بەعەقرە بوو، زانای زۆری تێدا هەڵکەوتووە، شووش پڕ دارستان و باخ و ئاو بوو، ئێوارە گەیشتینە شووش، پاشان سەعاتێک چووین تا گەیشتینە ماڵی یەحیا بەگ، لەگەڵ خێزانیدا لە باخ بوون، شێخ تەهاو کەتخودا عەلی ئاغاش لەگەڵمان هاتن بە نیازی سەفەری حەج، قاوەیان هێنا، ئەمیر کەسێکی سپیکەڵەی باڵا وەک قامیشی حەیزەران بوو کەمێک بەلای کورتدا دەهاتەوە، زمان پاراوو بەویقار بوو، لەسەر چۆک دانیشت عوزری هێنایەوە کە زوو هەواڵی هاتنی ئێوەیان نەدامێ، داوای کرد ئەو ڕۆژە لای بمێنێتەوە، بەڵام عەلی ئاغا وتی نابێت بارمان بارکردووە، سەعاتێ ڕۆیشتین عەلی ئاغا وتی من لێرەدا جیا دەبمەوە دەچمە قەڵای عەمادییە خوا حافیزیی لە ئیسماعیل پاشا دەکەم (ئەمیری عەمادییە بوو ١٧٦٨-١٧٩٨ز) وتی ئەو سوارانە لە گەڵتانن و لێتان جیا نابنەوە، مەترسن وڵاتی خۆمانە هەتا قەڵای شاری جزیرەی ئیبن عومەر، تا مەغریب چووین گەیشتینە دێیەک لە پاڵ ڕووبارێک شەو ماینەوە، پاشان چووین تا مەغریب گەیشتینە دێیەکی بچووک ڕێزی زۆریان لێ گرتین، بردینیانە مزگەوت حەواینەوە، پاشان چووین بۆ دێیەکی تر لەسەر شاخێک لەسەر کانیاوێک لامان دا، چووین تا نزیکی دێیەک دوور لە زاخۆ لەسەر ڕووبارێک کە سەر بە عەمادییە بوو (ناوی ئەم دێیە کوردییانەی نەبردووە)، لەبەر هاوڕێکانی عەلی ئاغا چووینە لای حاکم لە قەڵا، بازرگانێکی دێ بە ناوی عەبدولفەتاح خواردنی بۆ هێناین، دوای چەند ڕۆژ جەنابی کەتخودا عەلی ئاغا گەڕایەوە ڕۆژێ دانیشت، سواربووین خواحافیزییان لێ کردین و گەیشتینە ڕووبارێکی قوڕولیتە، ترساین لە لافاو، پاشان گەیشتینە ڕووبارێکی تر پاک و ڕوون ئەویشمان بڕی و لامان دایە لای چەند خاوەن مەڕومالاتێک دەواریان هەڵدابوو، پاشان ڕۆیشتین و گەیشتینە جزیرەی ئیبن عومەر والییەکەی جەنابی محەمەد بەگ.

(ئەمیری هۆزەکانی بۆتان)بوو، نزیک ئەو شارە ڕووبارێک هەبوو کە لقی دیجلەیە، چووینە شار، دیواری شارو شوورای شارمان بڕی چووینە مزگەوت، عەلی ئاغا لای محەمەد بەگ ماینەوە، دوو شەو لەوێ بووین، دێ بە دێ چووین گەیشتینە شاری نصێبین شەوێ ماینەوە گەیشتینە ماردین لەسەر کێوێک و قەڵایەکی هەبوو چەند شەو ماینەوە، زانایەکی ئەو شارە زۆر ڕێزی لێ گرتین و بردینییەوە ماڵەوە، لەگەڵ زانایەکی هاوڕێم کە پێکەوە قوتابی بووین لە قوتابخانەی مورادییە لە دیمەشق یەکمان گرتەوە، داوای کتێبێکی لێ کردم لە بارەی علومی ئیلاهییەوە منیش قەصیدەیەکی ئیمام قوتب شێخ عبدولکەریم جیلیم دایە، کە لە گەورەکانی صۆفییە نووسینی زۆری هەیە شەرحی عەبدولغەنی-ی شامی لەسەر بوو نووسینی زۆرە لە گەڵ نامیلکەیەکی تر، دوای چەند ڕۆژ گەیشتینە دێیەک چاوەڕوانمان کرد تا

کاروانێک هات و لەگەڵی چووین بۆ شاری ڕەها، چونکە ڕێگە ئەمین نەبوو، گەیشتینە شاری قۆچ حەسار، شارێکی کاول کراوبوو، گەیشتینە خانێک، سێ سەعاتێک چووین، ئێوارە گەیشتینە زەوییەکی کاول نەکەس و نە ئاوی تێدا نەبوو، بە ترسەوە شەو ماینەوە سارد بوو، لە خەو هەستاین گەیشتینە خانێک لە دۆڵێکدا کە دواتر زانیمان ئەشکەوت بووە داتاشراوبوو. نەمانزانی کەی دروست کراوە گەورەو فراوان بوو خەڵکی زۆر تێدابوو خەریکی کۆتر گرتن بوون کە پانایان بۆ ئەوێ هێنابوو، شەو بە ترسەوە ماینەوە، سبەی ڕۆیشتین گەیشتینە شوێنێک بیری زۆری تێدا بوو، لامان دا، پاشان ڕۆیشتین گەیشتینە سەرچاوەیەک نزیک دێیەکی سەر بە ڕەها، عەسر بوو گەیشتینە دێیەک داوای باجیان کرد وتمان حاجی باج نادات، گەیشتینە دێیەکی ترو پاشتر شاری ڕەها، لاماندایە خانێک کەسێکمان لێ ون بوو دۆزیمانەوە، چووینە مزگەوت بارمان لە خان خستبوو، دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە خزمەت عەللامەی موحەققیق زانا شێخ محەمەد نەبی، مریدەکانی دەعوەتیان کردین پێمان خۆش بوو، بەرەو حەڵەب ڕێکەوتین شێخ یوونس تا دەرەوەی شار لە گەڵمان هات، گەیشتینە (خان قەدیم) کە خانێکی کۆن بوو گەورەو فراوان بوو، مزگەوتی چۆڵ و شاری کاول، ئەو ڕۆژە لەوێ بووین ڕۆیشتین گەیشتینە شارێک لە قەراغ ڕووباری فورات ناوی بیزە بوو، سێ ڕۆژ ماینەوە ڕەمەزان تەواو بوو، پاشان سواری کەشتی بووین چووینە ئەوبەر لە خانێک لامان دا شەو ماینەوە، ڕۆیشتین ترسی چەتەمان هەبوو گەیشتینە ڕووبارێک حەواینەوەو ڕۆیشتین، شەو بەڕێوەبووین تا بەیانی، ترسمان بوو نوێژی بەیانیمان کرد ڕۆیشتین، کاروان کەوتنە دەنگە دەنگ وتمان چییە وتیان سەیرکەن، سواری زۆرمان دی وتیان ڕێگرە، دوعامان کرد، سێ سەد سوار دەبووین، بەڵام ڕێگرەکان (٢٠) کەسێک دەبوون، حاجی ئیبراهیمی زاخۆیی برای حاجی عبدولفەتاح لە ئەسپ دابەزی و هەموومان چووین بەرەو ڕوویان ترسان، ئیتر گوێمان پێ نەدان، بەڵام هەر دەترساین، بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە حەڵەب، گومرگ هات بەرەو ڕوومان، وتمان کاروانی حاجییە شتی فرۆشتنمان پێ نییە، بەڵام یەکەیەکە پشکنینی بە منی وت شێخ چیت پێیە..؟ وتم هیچ جگە چەند کتێبێک، چووینە خانێک تا ئێستە خانی ئەوەندە خۆش و ئاوەدانم نەدیبوو، جێگە نەبوو ماندوو بووین چووینە خانێکی تر جێگەمان نەبوو، بیرم کەوتەوە محەمەد ڕەیحانی کە پێش من هاتبووە حەڵەب، چوومە قوتابخانەی حەلەوییە بینیم وتی: فەرموو، وتم: قوربان ئەمڕۆ من لەگەڵ حاجییانی کوردم، هاتووم بەڵکو کارێکمان بۆ بکەیت، لە خانەکاندا جێگە نییە، گەر خۆم بوومایە لە مزگەوت دەمامەوە، جێگەی بۆ پەیدا کردین و چەند ڕۆژێک ماینەوە جەژن هات، ڕۆژی جەژن ئامادەبووین بۆ دەرچوون چوومە لای محەمەد ڕەیحانی حەڵەبی و سوپاسم کرد، بەسێ سەعات ڕێگە گەیشتینە دێی قەریقە خانێکی لێبوو بەناوی خان تومان لەسەر ئاوێک خەڵکێکی زۆری ناوچەکە وەستابون شتیان دەفرۆشت وەک نان و هێلکەو چێشت و ئاشێکی باراش هاڕینی لێبوو شەو لەوێ ماینەوە شەوی دووەم کەوتینە ڕێ، تا ڕۆژ بووەوە بەڕێوەبووین، گەیشتینە دێی سەرمین، پڕبوو لە مزگەوت و بازاڕ (٢٠٠) دوکانی هەبوو دێ زۆر ئاوەدان بوو، بەڵام ئێستە کەم بووەتەوە بەهۆی زۆرو ستەمی زەمانەوەو نەبوونی دادپەروەری و ئاسایش، پاشان گەیشتینە مەعەررەی نوعمان، ڕێگە خەتەر بوو بەهۆی عەرەبی مەوالییەوە (مەوالی هۆزێکە لە تەی لە ناوچەی جزیرەی فوراتدا بڵاوبوون) ماقووڵانی حەڵەب بەڕێیان کردین سێ هەزار دەبووین (٥٠٠) سوار پاسەوانمان بوو، لەگەڵ ئەوەدا هەر دەترساین، مەغریب بوو گەیشتینە دەرگای شار، سواڵکەری زۆر لە ڕێدا بوون لە حیساب نەدەهاتن، گەیشتینە چەند خانێک جوان کرابوو نزیک شاری قتیفە شەو ماینەوەو پاشان چووین بۆ خانی شەیخوون نوێژی بەیانیمان کرد، زۆر دەترسام لە عەرەبە مەوالییەکان خاکی خۆیان بوو، ئەوە خاکیانە تا دێی قتیفە کە لەوێوە دەچێتە شام (دیمەشق) شکور کەسمان نەدی، گەیشتینە خان شەیخوون، ژنان و خەڵکی دێی خان شەیخوونم دی کاڵەکیان دەفرۆشت، یەکی (٥) ڕەتڵ زیاتر دەبوو، کڕیمان، خەڵکی ڕۆیشتن ئێمەش چووین تا گەیشتینە ڕووباری عاصی لە خوار شاری حەماوە، ماینەوە بەترسەوە ڕۆیشتین هەموو پێکەوە بووین لە ترسی عەرەب، نیوەڕۆ گەیشتینە حەما ئەو ڕۆژە خەیمەمان نەبوو باران باری پەنایەکیش نەبوو، داوام لە خودا کرد بارانمان لێ بگرێتەوە، پەناگەیەکمان نەدۆزییەوە شەو ڕۆیشتین ڕۆژمان لێ بووەوە گەیشتینە ڕووباری عاصی، دووبارە دێهاتییەکان شتیان هێنابووە سەر جادە، لە نان و هێلکەو خواردنی برژاو بۆ حاجییەکان بۆ فرۆشتن، شتمان کڕی دامان بەلای گۆڕی ئەبی یەزیدی بەستامی (١٨٨ - ٢٦١ک ٨٠٤ - ٨٧٥ز) (بەدرێژی باسی بەستامی و گۆڕی زەینەبی نەوەی ئیمام حسەینی کوڕی عەلی دەکات) لە دێی قرحتە مەزاری تری لێ بوو، گەیشتنە شاری حومص چووینە خانێک پاشان جێیان نەبوو، خەڵکی حومص شتیان لێ دزین بەیانییەکەی چووین ترسی ڕێگەمان هەبوو زیاد لە هەموو ڕێیەکی تر، گەیشتینە خان و قەڵای شەمسین خەڵکەکەی شتیان بەحاجییان دەفرۆشت خەڵکێکی زۆر چاک بوون، پاشان گەیشتینە دێی عیشە ئاوەدان و خۆش بوو، مزگەوت و منارەی زۆر بوو، میرەکەی زۆر بەڕێزبوو خواردنیان دەدایە حاجی و ڕێزیان دەگرتن، چووینە دێی حسەو بریج، ترس زۆر بوو، پاشان بۆ گردی شیشای کە ئاوەدان و ئاودار بوو، ساڵی (١٢٠٣ک) گەیشتینە دەرگای خان شتی باشمان کڕی لە نان و ماست و هێلکە، پاشان گەیشتینە دێی قارە، دوو خانی تێدابوو پێشتر ساڵی (١١٩٥ک) هاتبووم (ساڵی ١٧٤٥ز) تاعوون لێی دابوو، دوو ڕۆژ

لەوێ بووین ڕۆیشین گەیشتینە دێی نەبک لە بەرزاییەک بوو من و چەند کەس چووین بۆ لای زانای ناسراو عەلی نەبکی باوکی محیەدین، ئێمە چووین چەلەبی ئەفەندیی نەقیب و ماقوولانی حەڵەب لەوێ بون، ئێمە ڕۆیشتین، بە محیەدینی کوڕیدا نان و مێوژی نارد بۆ خان بۆمان، ڕۆیشتین، گەیشتینە خان قەتیف لای قەڵایەک شتمان کڕی گەیشتینە شام بە خۆشی (مەبەستی لە شام شاری دیمەشقە) لە (١٤ی شەووال ١١٩٨ک (٧ی کانوونی یەکەم ١٧٧٥ز) لامان دایە لای زانای ناودار شێخ عەبدولڕەحمانی کوردی لە مزگەوتەکەی خۆی، دڵی بە ئێمە خۆش بوو، بەتایبەت بەمن کە کاتی خۆی لای ئەو چەند وانەم خوێندبوو، لە یەکەم کتێب (فصوص ئەلحیکەم) کە هی محیدین ئەلعەرەبی بوو و دواتر نامەیەکی بۆ ناردبووم لە ساڵی (١١٩٣ک- ١٩ی کانون دووەم ١٧٧٩ز) جەنابی کەتخودا ئەحمەد وەزیری مەرحووم والیی شام ئەسعەد پاشا هات بۆ لای، لەسەر ڕووباری شام شێخ عەبدولڕەحمان زاویەیەک و ماڵ و خەڵوەتگایەک و کۆشکێکی دروست کردبوو (بریا شتێکی زۆری لەسەر ئەو زانا مەزنە کوردەی بوتایە کە ناسراوو خاوەن موڵک و دەسەڵاتە) نووسەر نامەو شیعری خۆی ناردووە بۆ زانای خوا ناس و ناودار شێخ مونیر (سۆفییەکی دراوسێی ئەزهەرە بابەتی زۆرە لە بارەی قیرائات و فەرموودەو سۆفییەوە ١٦٨٧-١٧٨٤ز) داوای لێ کردووە کە ئیجازەی شێخی بنێرێ بۆ خۆی و شێخ محەمەد کوڕی عەبدولڕەحمان کوزبەری زانای شام، بەشێخ یوسف عەقاد شامیدا ناردبووی، دوای چەند ڕۆژێ وەڵام هاتەوە، شێخ محەمەد مونیر ئیجازەی دابوو بە دوو شێخ، ئەمە ساڵی (١١٩٦ک)بوو، نووسەر دەڵێ نامەی شیعری زۆرم ناردووە بۆ مستەفای کوڕی مامم لە شامەوە بۆ وڵاتی کورد، بۆ شێخ ئەحمەد سمان لە شام (بریا زیاد لەوەی کە گوێی بە کاری سۆفیەتی و کەرامات داوە ئەوەند گوێی بە زانا کوردەکان لە شام و میسرو حیجازو نووسراوو ئاست و بەرهەم و دەسەڵاتیان بدایە، یان گوێی بە دەسەڵاتی کوردەکان و باری سیاسی و کۆمەڵایەتییان بدایە ئەوسا بابەتەکەی دەچووە ئاست شەرەفنامەو توحفەی موزەففەرییە و بە ناوبانگ دەبوو وەکو گەشتەکەی (ئیبن بەتووتەو سۆن و ڕیچ) پاشان باسی زانای لە خوداترس مەلا ئیلیاس-ی کوردی دەکات، بەڵام زۆر کەم باسی دەکات دەبوو لایەنی زانستی و کارو بەرهەم و هۆی بوونی لە شام بوتایە، مەلا ئیلیاس کوڕی ئیبراهیم کوڕی داود کوڕی خزری کوردی لە دیمەشق دابەزیوە شافعی و سۆفیە لە ساڵی (١٠٤٧ک- ١٦٣٧ز) لە دایک بووە چووەتە بەغداد زانیاریی وەرگرتووە چووەتە شام دوای ساڵی (١٠٧٠ک) زانستی وەرگرتووە سەرەتا لە قوتابخانەی بادرائییەو پاشان لە جامعی عەداس خوێندی، وارع و زاهد و شەرح و حەواشیی لەسەر زۆر کتێب داناو حەجی کردووە، لە شام مرد (١١٣٨ک - ١٧٢٤ز) مستەفا مەشهوور و عەلی نەبەکی و شێخ مستەفا سدیقم دووجار دیوە، جارێک ساڵی (١١٥٩ک -١٧٣٨ز) لە قودس و ساڵی (١١٩١ک - ١٧٨٨ز) لە میسر لە بواب لە ڕیواقی ئەلئەکراد لە ئەزهەر، مەلا ئیلیاس زاهیدو وارع و عارف و عالم لە شام بوو، خاوەن کەرامەت بوو بە تەنیا دەژیا ژنی نەبوو، خەڵوەی هەبوو لە مزگەوتی عەداس لە دیمەشق هەر لەوێدا بوو تامرد، پاشاکان دەهاتنە لای مێوژو نانی وشکی دەدانێ بۆ بەرەکەت دەیان خوارد، لە قودس و لە میسر لە بواب لە ڕیواق ئەلئەکراد لە دانشگای ئەزهەر زۆرم دی، لە دیمەشق لە زانایان و مامۆستاو شێخی زۆرم دیوە لەوانە شێخ مەحموود ئەلکوردی و شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی مەلا حەسەن ئەلکوردی، ئەمە ئەو شێخ عەبدولڕەحمانە نییە ناوبراو شێخ عەباسی کوردی (ساڵی ١١٦٣ک- ١٧٤٩ز) مردووە. شێخ عەبدولڕەحمان کوردی قوتابیی زانای بەرزو ناودار شێخ ئیلیاس ئەلکوردی بووە (نزیک بە ٣٠ زاناو شێخی مەزنی بینی لە دیمەشق کە لەوانە هەندێ کوردی تێدایە).

پاشان لە دوالاپەڕەی کتێبەکەدا ناوی ئەو نووسەرە هاتووە کە نوسخەیەکی لە دەستنووسەکەی مەلا تەها گرتووەتەوە دەڵێ: (پاشان لە ١٥ی صفر ١٢٠٥ک لە خانەقای سمیساتیە کە لکاوە بە جامع بەنی ئومەییە لە دیمەشق تەواوم کرد، ناوم ئەحمەد کوڕی شێخ ئیسماعیل کوڕی شێخ عەلی عەجلوونی ئەشعەریی قادرییە (لە عەجلوون ساڵی ١٦٧٦ز لە دایک بووە ساڵی ١٧٤٩ز مردووە زانای تەفسیرو فەرموودەبوو مامۆستای دانشگای ئەمەوییە بوو، نووسین و شیعری زۆرە).

ئەم سیپارەیە زۆر دەهێنێ لەسەری بنووسرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، چونکە یەکەم: کۆنترین گەڕۆکی کوردە کە لاپەڕەیەکی ونی لە مێژووی کورد تۆمار کردووە، دووەم: لایەنی ئایینی زیاتر زەق کردووەتەوە وەک چۆن شەرەفنامە لایەنی دەسەڵات و میرەکانی زەق کردووەتەوە، سێیەم: کۆمەڵێک زانیاریی وتووە کە کەس ڕێی بۆی نەچووە.

داخۆ چەند لە دەستنووس و نوسراوی زاناو نووسەرو گەڕۆکە کوردەکان، لە ئەرشیف و مۆزەخانەو (دارولکوتوب)ەکاندا بە خەفەبوویی مابێتەوەو دەستی خێرخوازێکی کورد یان بیانیی نەگەیشتبێتێ، تا تەپوتۆزی سەریان بتەکێنێ و بە دنیای ڕووناکی بگەیەنێ و بکەوێتە بەردەم خوێنەرانی کورد، تا لە ژیان و مێژووی پێشینەکانی بزانێ و ئەو زانیارییە نەزانراوانە دەربکەوێ، بریا دەزگایەکی کوردی دادەنرا بەتایبەت بۆ گەڕان بە ئەرشیفخانەکانی قاهیرەو بەغداد و تاران و دیمەشق و لەندەن و پاریس و بەرلین و مۆسکۆو ئەوانی تر، تا ئەمانەتی باوو باپیرانمان بۆ بێتەوە کە دەبێ بەچ زەحمەت و مەینەتییەک نووسیبێتیان و بۆ ئێمەیان جێهێشتبێت، ئێستە لە دنیای ون بووندا تەپوتۆزیان لێ نیشتووە..!!

# خەونێن تازی خەونێن مللەتێ کوردن

لێدوانی: یاسرێ حەسەنی
(دهۆک)


درێژەپێدان ب بزاڤێن ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد- تایێ دهۆکێ د بیاڤێ خورتکرن و پشتەڤانیکرنا چاپکرنا کتێبێن کوردی دا، ڤێ دویماهیێ بڕیاردا هەیڤانە؛ کتێبەکێ خۆسەر بوەشینن. هەرچەندە پرۆژە زێدەتر بۆ چاپکرنا ڤەکۆلین و رۆمانا کوردی تەرخانکریە، لێ کۆمەکا هەلبەستێن هەلبەستڤانێ کوردێ سووریێ (رووخوەشێ زیڤار) ب ناڤونیشانێ (خەونێن تازی) دانە چاپکرن.. ئەڤ پشتەڤانیە ددەمەکی دا دهێت کو گڤاشتن و فشار لسەر کوردێ سووریێ ژ هەمی دەمەکی دی زێدەتر بوویە، تا گەهشیە وێ رادێ نێزیک خەون ژی لێ بێنە قەدەغەکرن؛ لێ ئێکەتیا نڤیسەران هندەک ژ ڤان خەونان ڤەدزین و بۆ کوردێن برایێن وان بەلاڤکرن..

(خەونێن تازی) نەک هەر تنێ خەونێن (رووخوەشێ زیڤار)ن، بەلکی خەونێن رەوایێن مللەتێ کوردن ب گشتی. ئەڤرۆ بۆ کوردێ مە ل سووریێ بچووکترین تشتێ ژیانێ قەدەغەیە، یان خەون و باوەڕناکەت بیتە راستی؛ لەوا دڤێ کۆمەلە هەلبەستێ دا مرۆڤ هەست دکەت هەتاکو گری ژی ئیدی گونەهەکە و نابیت کەسانێ کورد بکەت، هەلبەستا (تێبینەکە بچووک)دا رووخوەش دبێژیت:

**(دزانم**
**ئەرێ دزانم چما**
**ناهێلن سەربەست**
**دلێ خوە بچێرینم**
**چاڤێن خوە ئاڤدم**
**نهێرینێن خوە بەردەم**
**ب زمانێ خوە بخوینم**
**ب کێفخوەشی بستێرم**
**ب دەولەمەندیا وەلاتێ خوە شابم**
**لێ نزانم ژبۆ چ**
**ناهێلن سەربەست بگریم؟!)**

ل وەلاتەکی ئازادی نەبیت تۆ سەربەست بگری، ئێدی هەر گری ب خوە ژی دبیتە ئارمانج و خەونەک و بێی گری هەر ژ زێندیان ناهیبە هژمارتن:

**(چاوا کو کەس نکارە**
**دبن رۆناهیێ دە**
**ژ سیا خوە دوور کەڤە.**



**چاوا کو کەس نکارە**
**ب لێڤەکێ بکەنە**
**ئەز ژی نکارم**
**بێ گری بژیم)**

هەر چەندە ئەڤ گریە نەگریەکا گریە، لێ خەم هلگرتنا ئێش و ئازارێن مللەتە، کو ئەڤە ژی بوویە کێشەکا هەرا گرنگ ل دەڤ زیڤاری. بەلکی یێ خوە ب ڤێ کێشێ نەهینیتە دەر و مللەتێ وی بۆ وی خەم نەبیت ئەو وی ژ بێ هەستان ل قەلەم ددەت:

**(خەون و هێڤیێن وی دزین**
**ل وان های نەبوو.**
**کەن و گریێ وی کوشتن**
**ل بەر وان نەکەت.**
**هش و ڤینا وی پووچکرن**
**ل وان نەپرسی.**
**ل ژیانا وی سوار بوون**
**خوە نەلڤاند.**
**ناڤ لێ کرن «کەر»**
**خەیدی.)**

خەون و هیڤیێن رووخوەشێ زیڤار هەر ل کوردستانا سووریێ ب داوی ناهێن، بەلکی خەونێن وی پڕ مەزنترن، کوورترن، دوورترن هەموو پارچێن کوردستانێ ڤەدگرن. د هەلبەستا (کوردستان و ئەز)دا، ب دەنگەکێ بلند گازی دکەت:

**( ئەز و سەربلندیا «هاوار»ێ،**
**دیرۆک و پێشەرۆژەکن.**
**ئەز و دەولەمەندیا «کەرکوک»ێ،**
**گیان و جەندەکەکن.**
**ئەز و سەرهلدانا «دێرسم»ێ،**
**دەنگ و دەنگڤەدانەکن.**
**ئەز وڤینا «چارچرا»یێ،**
**ئاگرو نەورۆزەکن.**
**کوردستان و ئەز،**
**هەڤالجێتوینە).**

هەر چەندە خەونێن زیڤاری گەلەک دڕەوانە و خەونێن مللەتەکێ زۆلملێکرینە و رەنگە یێ خەباتێ ژێرا دکەت، لێ دانێ دکەت کو بەختێ وی (یێ مللەتی وی) هێژ هند رۆناهی نەدیتیە:

**(بەختێ هنان سپیە،**
**یێ هنەکان ژی رەشە،**
**بەختێ من،**
**هن رۆناهی نەدیتیە.)**

خەونێن زیڤاری یێن کو تا ئیرۆ نەبووینە راستی، ئەگەرێ وی بۆ یێ دی ڤەدگەڕینیت، کو چاڤتەنگ و زک رەشە، ئەگەر نەء، شادی و دەم و ئاخ و ئاڤ و با و ئازادی تێرا هەمیان دکەت، لەوا هەیبەت گرتی دبێژیت:


**(نزانم چما دخوازن،**
**ئەو تەنێ**
**مەمکێن ئەور و کانیان بمیژن!**
**بهنا خوە بێ ترس بکشینن!**
**و سەربەست بژین!**
**گەلۆ ما شادی**
**دەم**
**ئاخ و ئاڤ و با**
**ئازادی**
**تێرا مە تەڤان ناکن؟!....)**

پرسیارەکە و بەرسڤ هەلاویستی مایە!! خەونەکە و زیڤار ژی نزانیت کەنگی دێ هێتە دی؟!

**تێبینی:** کتێب قەبارە ناڤنجیە، ژ (٨٨) بەرپەڕان پێکهاتیە و عوسام حەجی تاهر ب دەرهێنانا وێ یا هونەری رابوویە.

# مێژووی (٦٤١) ساڵەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان

**لێدوانی: سەلاح عەبدولقادر**



میرنشینی ئەردەڵان بەشێکە لە مێژووی فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردییەکان کە لە ناوچەکانی کوردستاندا قەڵەمڕەوبوون، ئەردەڵانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند سەدەیەک باڵادەست بوون و هەندێک جار سنووری فەرمانڕەوایەتیەکەیان لە ڕۆژهەڵات تێپەڕیوەو بە دەڤەری شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستاندا گوزەری کردووە، تەنانەت لە سەردەمی هەندێ لە خان و میرەکانی ئەو میرنشینەدا دەسەڵاتیان گەیشتۆتە هەولێرو موسڵ و لەناو جەرگەی کوردستانی خۆرهەڵاتەوە دانیشتوانی باشووریان ئاراستە کردووە.

ئاشکرایە مێژوونووسان و نووسەران ژمارەیەک کتێبیان لەسەر مێژووی میرنشینی ئەردەڵان نووسیوەو کەم و زۆر لەسەر فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و دروستبوون و گەشەکردن و شکست و لە ناوچوون و سەردەمی میر و پادشاکانی دواون و لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەو دیکۆمێنتە مێژووییەکان بارودۆخی سەردەمی میرنشینەکەیان هەڵسەنگاندووە، دیارە لەناو ئەو نووسەرانەدا قەڵەمبەدەستی تیابووە کە خۆی لە دەرباری پادشاکانی ئێراندا بووەو لە نووسینەکەیدا نەیتوانیوە بێ لایەنی خۆی لە ڕووداوەکاندا ڕابگرێ، بۆیە نووسینەکەی وەکو پێویست بابەتییانە نەنووسراوەو هێمای پابەندبوون و لایەنگری بۆ دەسەڵاتی ئەوکاتەی ئێران پێوە دیارە.

(عەلی نەقی ئەلحوسەینی) ئەو نووسەرەیە کە کتێبێکی بەناونیشانی (مێژووی ٦٤١ ساڵەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان لەناوچەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا) نووسیوەو مێژوویەکی کورتی میرنشینی ئەردەڵان دەگێڕێتەوە، ڕۆژنامەنووس (ئاسۆس هەردی) ئەم کتێبەی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەو کاک حەسەن عەبدولکەریم پیاچۆتەوە.

سەرەتا وەرگێڕ لە پێشەکییەکدا ئاماژە بەساڵی نووسینەوەی دەستنووسەکە دەکات کە لە ساڵی (١٣٢١)ی کۆچی کە بەرامبەرە بە ساڵی (١٩٠٤) زایینی لەلایەن عەلی نەقی ئەلحوسەینییەوە نووسراوە، هەروەها وەرگێڕ باس لە نزیکی نووسەرو باوکی لە میر و والییەکانی ئەو سەردەمەوە دەکات کە بۆتە هۆی ئاگاداربوونی لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان و پاشان نووسینەوەیان.

دواتر وەرگێڕ تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەم کتێبە دەکرێ ببێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ لێکۆڵەرو مێژوونووسان تا توێژینەوە لەسەر مێژووی کۆمەڵایەتی کوردو کۆمەڵگای کورد بکەن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە نووسەر بەوردی لەسەر ئاستی هۆش و بیری میرەکانی ئەردەڵان و چۆنیەتی مامەڵەی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ میرنشینی ئەردەڵان و نەیارەکانی خۆیدا دواوە.

جگە لەمانە وەرگێڕ هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەم کتێبە پوختەی کتێبی (تأریخ الاکراد)ی هەمان نووسەرە کە لەو کتێبەدا نووسەر بە درێژی ڕووداوەکانی ناو ئەم کتێبەی نووسیوە، خاڵێکی نادیار کە جێی نیگەرانییە

وەکو وەرگێڕ باسی دەکات، نەبوونی زانیارییە لەسەر ژیانی نووسەر، کە دیارە زانینی ژیان و خوێندن و ئاستی زانستی و پلەی بەرپرسیارێتی نووسەر، سوودو بایەخی زۆری دەبوو بۆ ئاستی متمانەبوون بە ڕاست و دروستی نووسینەکە.

ئەوەی جێی سەرنجەو وەرگێڕ لە پێشەکی کتێبەکەدا باسی دەکات هەڵەی دانانی ساڵی فەرمانڕەوایەتی ئەردەڵانییەکانە کە وەکو وەرگێڕ ساغی کردووەتەوە ئەو مێژووەی لە کتێبەکەدا باس کراوە، دەکاتە (٧٤١)ساڵ نەک (٦٤١)ساڵ.

شایانی ئاماژەیە نووسەری بابەتەکە وەکو خۆی نووسیویەتی ئەم دەستنووسەی لەسەر داوای (مسیۆ دکتۆر مان) مامۆستای زانکۆی بەرلین نووسیوەو ئەویش دەستنووسەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەڵمانیا بردووە، دواتر کۆپییەکی لە ئەڵمانیاوە هێنراوەتەوە کوردستان و بەدەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سپێردراوە بە مەبەستی وەرگێڕان و چاپکردنی.

ئەگەر بمانەوێ بەوردی بەم کتێبە قەبارە مامناوەندییەدا شۆڕ ببینەوە، گومانی تیانییە بابەتێکی درێژو نووسینێکی فراوانی دەوێ، هۆکارەکانی پشت ئەو ڕاستییەش بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە، لەوانە درێژبوونەوەی ساڵانی فەرمانڕەوایی میرنشینی ئەردەڵان بۆ چەند سەدەیەک و بەدوایەکدا هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی میرەکان و ئاڵۆزی بارودۆخی ئەو سەردەمەو هەڵکشان و داکشانی پێوەندییەکانی میرنشین لەگەڵ هەریەک لە دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی و سەرکەوتن و شکستی قەڵەمڕەوی ئەردەڵان لە بوارەکانی سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازی و جەماوەریدا، دەرئەنجام تەنیا ڕاگوزەر لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە دەدوێین.

نووسەر لە دەستپێکی کتێبەکەیدا چەند ڕاوبۆچوونێکی جیاوازی لەسەر ڕەچەڵەکی ئەردەڵانی باپیرە گەورەی ئەردەڵانییەکان خستۆتە ڕوو، کە هەریەکێکیان بەجۆرێک و جیا لەوانی تر ئاماژەی پێکردووە، هەروەها نووسەر ساڵی کۆچی دوایی ئەردەڵانی یەکەم میری ئەردەڵانییەکانی بەساڵی (٦٠٦)ی کۆچی داناوە، کە بەرامبەر بەساڵی (١٢٠٠)ی زاینی دەوەستێت.

نووسەر لە نووسینە مێژووییەکەیدا باس لە سەردەمی حوکمڕانی زیاتر لە (٤٦) میرو والی دەکات کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵاندا ئەرکی میر و خانیان بەجێ هێناوە، دیارە زۆربەی ئەو میرانەی حوکمیان کردووە سەربە ئەردەڵانییەکان بوون، بەڵام نووسەر نەیتوانیوە هێما بۆ ناوی چەند میرێکی کوردی دەرەوەی بازنەی ئەردەڵان و ژمارەیەک دەسەڵاتداری عەجەم نەکات، کە هەریەکێکیان بۆ ماوەیەک دەسەڵات بەدەست بوون.

وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، نووسەر لە کاریگەری دەرباریی خۆی لە کۆشکی پاشا ئێرانییەکان دەرباز نەبووەو لە گشت گۆشەیەکی کتێبەکەیدا ستایشێکی کەم وێنەی دەوڵەتی ناوەندی کردووەو هەردەم پادشاو والییەکانی ئێرانی بە بەخشندەو لێبوردەو سینەفراوان و دادپەروەر لە قەڵەم داوە، لەبەرامبەردا هەڵەو کەموکوڕی میرەکانی ئەردەڵانی لە ئەندازەی خۆیان زیاتر گەورە کردووەو بەوردی تیشکی خستۆتە سەر کەلێنەکان، بەڵام لە چەند شوێنێکیش ڕۆڵی ئەردەڵانییەکانی لە هەندێ بواردا نرخاندووە، وەکو لە باسی میربەساتی کوڕی سورخاب بەگدا گرنگی و بایەخدانی ناوبراوی بە زانستە ئایینی و ئەدەبییەکان بەرز هەڵسەنگاندووە، کە دیارە ئەوە لایەنێکی درەوشاوەی دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان دەردەخات.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە لە مێژووی ئەو میرنشینەدا -وەکو هەموو میرنشینەکانی تری کورد- ناکۆکی و ناتەبایی نێوان میر و خانەکانی ئەو قەڵەمڕەوە بووە، کە زۆربەیان بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و ناوچەکەیان بالاتر لە گەشەو پێشکەوتنی میرنشینەکەو گەلی کورد بینیوە، بۆیە ژمارەیەک میری وەک (سورخاب بەگ) دەبینین کە موڵک و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی برا و برازای خۆی داگیر دەکات و بەشانازییەوە لە دەرباریی پادشایەکی بێگانەو نەیار بە کورد چاوەڕێی خەڵات دەکات، هەر ئەو ملکەچبوونە بۆ دەوڵەتی ئێران و هەندێ هۆکاری تر بوونە فاکتەری ئەوەی لە ساڵەکانی دوایی میرنشینی ئەردەڵاندا چەند والییەکی عەجەم بەسەر میرایەتی ناوچەکانی کوردستاندا سەپێنراو دواجار میرنشینەکەش لەبەر یەک هەڵوەشاو کۆتایی بەو دەسەڵاتە خۆماڵییە هات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە کۆمەڵێک هەڵەی ئاشکراو دیار لە هەندێک لە ساڵەکاندا هەیەو کەموکوڕییەکی زۆر لەو بوارەدا بەدی دەکرێ، کە جێی خۆی بوو وەرگێڕ لە پەراوێزدا ئەو هەڵانەی ڕاست بکردایەتەوە کە بۆ داهاتوو دەبنە سەرچاوە، بۆ نموونە حوکمڕانی سلێمان خانی کوڕی میر عەلەمەددینی ئەردەڵانی بە (٢٠) ساڵ داناوە، بەڵام ئەگەر بە وردی مێژووەکە بخوێنینەوە ماوەی حوکمڕانی ناوبراو (٢٦) ساڵ دەکات.

دواجار دەکرێ بڵێین ئەم کتێبە مێژووییە، گێڕانەوەیەکی سەرپێییەو تەنیا هەندێ گۆشەی میرنشینی ئەردەڵانی بەرچاو خستووە، ئاشکرایە نووسینی حەوت سەدە حوکمڕانی لە کتێبێکی قەبارە ناوەندیی (١٣٠) لاپەڕەییدا ئەستەمە، بەڵام تیشکێکەو هەندێ لایەنی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

ئەوەی ماوە بینووسم، ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ کراوە.

# با لە وەرگێڕاندا ئەمانەتدار بین

**ئەحمەد ڕەحمانی**
**(کوردستانی ئێران)**

بێ شک وەرگێڕان کارێکی ئەوەندە سووک و ئاسان نییە هەموو کەس بتوانێ خۆی لە قەرەی بدا، وەرگێڕان ئەو جیهانە پڕ تەلەسماوییەیە یەکەم کەس دەتوانێ ئەم شەوەزەنگە بێ هەڵدێران ببڕێ، بۆیە کاتێک وەرگێڕان دەکەین و دەبێتە پیشەمان دەبێ ئەو ئەمانەتە زۆر بە باشی لەلای خۆمان بپارێزین، نەک شەلم کوێرم هیچ نابوێرم بکەوینە وێزەی بابەتەکە و کەلوپۆی بکەین، ئەمانەتەکە وەک خۆی نەپارێزرێ، وتەیەکی باو هەیە دەڵێت وەرگێڕان وەک ئەوە وایە بلبل بکوژی بۆ گۆشتەکەی.

لە لاپەڕە (١٤٤)ی گۆڤاری ڕامان ژمارە (٥٤)دا بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لە وەرگێڕانی برای بەڕێز **«دڵشاد خۆشناو»** بەناوی **(بێ تۆ ئەی مانگە شەوی...)** کە پێویست بە هەندێک تێبینی دەکات، هیوادارم برای وەرگێڕ لێم زویر نەبێ و ڕەخنەکانم دروستکەر بن و ڕاستییەکان ڕێ نیشاندەرمان بێت، بۆ ئەوەی بە هەڵەدانەچین.

برای بەڕێز، بێ شک ناساندنی ڕۆشنبیران و نووسەران...تاد کارێکی کەم وێنەیە و ماندوو بوونێکی زۆری گەرەکە. من بۆ پاساودانی قسەکانم بەڵگەم لەبەردەست دایە کە هیوادارم لێم قبووڵ بکەی.

**یەکەم:**

وەرگێڕی ئەمانەتدار کاتێک وەرگێڕان دەکات و دێتە نێو مەیدانی ڕۆشنبیرییەوە پێش هەموو شتێک ناوی ئەو سەرچاوە یان ئەو سەرچاوانە دەبات کە سوودی لێ وەرگرتوون بۆ وەرگێڕانەکەی و لە کۆتاییدا زۆر بەوردبینییەوە ئاماژەیان پێ دەکات. باشە دەبێت وەرگێڕانێک بکرێت و بێ سەرچاوە بێت؟ ئەمە مەحاڵە، دەبوو بەڕێزتان ئەگەر هەر نەبوایە ئاماژەت بە بڵاوکراوەی (نیمروز چاپ لندن) ژمارە (٦١٠) ساڵی دوازدەیەم (١٣٧٩)ی هەتاوی بکردایە.

**دووەم:**

چەند دێڕێک لەسەر فەرەیدوون موشیری نووسراوە بۆ ناساندنی بەخوێنەری کورد، ڕاستە بەڕێزتان هەوڵی خۆت داوە، بەڵام نووسراوەکە هی خۆت نییە و لە ژێری نووسیوتە وەرگێڕ. باشە بۆ دەبێ کاتێک نووسینێک هی خۆمان نەبێ بە خۆمانییەوەی بلکێنین. من پێم وایە کارێکی باش نییە برای بەڕێز جەنابت نووسیوتە (زۆر کەس، لە زۆر وڵاتانی جیهاندا.. هەر نەبێ بە کۆڵانی شیعرە جوانەکانی موشیری-دا تێپەڕیون.)

باشە بۆ خۆت ببە بە دادوەرو حوکم بدە ئایا لەگەڵ دەقە فارسییەکەی دا کە دەڵێت (بسیاری از مردم ما نیز، جوان های امروزو دیروز، حداقل از کوچه شعر زیبای مشیری گذشتەاند) یەک دەگرێتەوە؟ باشە ئەمە

وەرگێـڕانە کـە گـوێ نەدرێتـە هیچ ڕێسـاو یاسـایەکی وەرگێڕان؟

**با وردە وردە بابەتەکە شەن و کەو بکەین و بزانین بەکوێ دەگات**

برای بەڕێز لەو شـوێنەی کـە باسی دەرس خـوێندنی فەرەیدوونی موشیری دەکا و دەڵێ: «خوێندنی سەرەتاییم لـە تـاران دەست پـێکـرد، تـا دووەمـی نـاوەنـدیم لـەوێ خوێند» کە لەگەڵ ڕستـە فـارسییـەکەیدا کەمێک لێک دوورن (تحصیـلات ابتدایی را در تهـران شروع کـردم تا کلاس دوم، بعد در مشهد، تا کلاس هشتم ادامه دادم) لە دەقە فارسییەکەیدا نووسراوە (ابتدا به دبستان همت می رفتم و بعد به دبیرستان شاەرضا) پێم وایە جەنابت (دبستان همت)ت بە زیادە زانیوە بۆیە باست نەکردووە.

هەر لە بەشـێکی تری وەرگـێـڕانەکـەتدا کـە دەڵێت سەعدی وتەنی:

(یاد دارم درایام جوانی، چنان کـه افـتـد و دانی)... پێش ئەو ڕستەیەک هەیە کە دەڵێت (البته همه باعشق آغاز می کنند) زۆر گەڕام، بەڵام من مانای ئەم ڕستەیەم بە کوردییەکەی بەرچاو نەکەوت.

هەردوای ئەو چەند دێڕە جـەنابت ئامـاژەت بەناوی شیعرێکی فەرەیدوون موشیری کردووە (بەیانیمان) کە بە فـارسییـەکـەی (فـردای مـا) من پێم وایە سبەینێی ئێمە جوانتر بوو بۆ ئەم ناونیشانە.

هەروەها تۆی بەڕێز ناوی ڕۆژنامەیەکت نووسـیـوە کـە خوالێخۆشبوو (جهانگیر تفضلی) دەری دەکرد (ئێرانمان) فـارسیـیـەکـەی (ایران مـا) من پێم وایە (ئێـرانی ئێـمە) لەبارترە.

پاشان جەنابت شەش دێڕی چووکەت وەلاناوەو باسی دوای مـەشـرووتـەت نەکـردووە کـە دەزگـاکـانی جیـهـانی ڕۆژئاوا بۆ لای ئێـران کـرانەوە، پێم وایە شـتـێکی زیادەبوون و بۆیە تۆ ئاماژەت پێ نەکردوون.

هەردوا بە دوای ئـەوە، چەند دێڕی تریش هەن کـە لەوانەیە بە لای جـەنابتـەوە زیادە بن بۆیە ئامـاژەت پێ نەکردوون.

لە بەشێکی تردا نووسیـوتە، جارێ، شیعرێکی شێوە (باوی)ی بێ مـانای تێدا چاپ ببـوو. دەقە فـارسییـەکەی (یک بـار شعـر لوزی شکل بی مـعنایی در آن چـاپ شدەبود) برای بەڕێز ئەگـەر مـەبەستت لە (لوزی) باوی (یان بادام)ە، دەبوو بەجـوانی ئامـاژەت پێ کـردبایـە، چونکە لێـرەدا (لوزی شکل) نیـشـانەی بـاوی (بادام) نییە، کاکی خۆم ئەو گۆڤارەی کە جەنابت ئاماژەت پێ کـردووە (کـاریان) نیـیـە، بەڵکو (کـاویانە) هیـوادارم جوانتر سەرنج بدەیە نووسراوەکان.

برای بەڕێز هێندێک باسی نیـمـایوشـیج-ت کـردووە دەستخۆش، بەڵام هەر لەو نووسراوەیەدا (فارسییەکەی) فەرەیدوونی موشیری دەڵێت:

(من دو چیز از نیما آموختم، ولی راه خودم را رفتم، به دلیل همان علاقه که به شعر کهن داشته و دارم و بەنظر من، تا هنگامی که ما حافظ، سعدی، فردوسی و دیگر بزرگان شعر فارسی را بزرگ می داریم، می ستاییم وحتی می پرستیم، نمی توانیم این گذشته را یک باره قیچی کنیم بگذاریم کنار).

باشە بۆ ئەو وتە جوانە و پڕ مانایەت وەرنەگێڕاوە کە زیاتر وەرگێڕانەکەی پڕ بایەختر دەکرد، هەروەها کە باسی کتێبەکانی فەرەیدوونی موشیریت کردبایە، باسەکە بەتام و چێژتر دەبوو، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە خولیای ئەدەبی هاوچەرخی ئێـرانین (گناه دریا - ١٣٣٥، نایافـتـە- ١٣٣٦، ابر- ١٣٤٠، ابرو کـوچە- ١٣٤٦، بهـاررا باورکن- ١٣٤٠).

برای بەڕێزم لەم وتارەدا کە لە بڵاوکراوەی (نیـمروز- چاپ لندن) لەسەر فەرەیدوون موشیری بڵاوکراوەتەوە زۆر شتی تر باس کراوە کە جەنابت بەزیادەت زانیون و باست لێوە نەکردوون یان پەنات بۆ وەرگێڕانیان نەبردووە.

لە کۆتاییدا هیوادارم بە چاوێکی واقیع بینانە بڕوانییە بیـروڕاکانم، قسـەکانم دوورن لە ڕق و کـینە تەنیـا ڕەخنە گـرتنێکی برایانەیە و دروسـتکەرە نەک ڕووخـێنەر، بێ شک ڕەخنە و توێژینەوەی زانستییانە نەک بابەتەکە بێ کـەڵـک ناکـەن، بەڵکو دەبنە پاڵپـشت و پشـتـیـوان بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە، ڕەخنە و پێداچوونەوە دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ بابەتەکان.

**سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: نیمروز- چاپ لندن- ژمارە/ ٦١٠ لاپەڕە (١٠).**

### ناهید حوسەینی:

# ئەو ئازار و خولیایانەی ڕۆحم دەخۆنەوە، دەبێ ڕاستەوخۆ بیانهێنمە ناو شیعرەکانم

**ناهید حوسێنی دەنگێکی شیعری ئافرەتانەیە و ماوەیەکە وەک بەرهەمدارێک لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی کار دەکات و حەز و ئارەزوو و ژانەکانی لە بۆتەی شیعردا دەتوێنێتەوە و بە خوێنەرانی دەگەیەنێ. لە گۆڤاری ڕاماندا بە باشمان زانی لەم سۆنگەیەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بکەین و ڕاوبۆچوونەکانی بە خوێنەران ئاشنا بکەین.**

* کورتەیەک لە ژیانت، لە دایکبوون و خوێندن؟

– ناوم (ناهید)ە کچی شێخ مێهرانی (حوسێنی)م. لە ئاوایی دۆزەخدەرە، سەر بە شاری سەقز لەنێو بنەماڵەی ئایینی حاجی شێخ عەبدولقادر دا لە دایک بووم. هەر لە منداڵییەوە بەهۆی، هۆگری باوکمەوە بە ڕاو و سروشت، دەگەڵ سروشت و ئاوازەکانی گەورەبووم. ماوەی بیست ساڵی تەمەنم لە ماڵی باوکمدا، خۆشەویستی و میهرەبانی و لێبووردەییم دی و فێری بووم. باوکم قازییەکی دادگەر و کارامە بوو. ئەم دادگەرییە لە بنەماڵەشدا ڕەنگی خۆی دابووەوە و هیچ جیاوازییەکی لەنێوان برا و خوشکەکاندا نەبوو. قەت هەستم بەوە نەکرد، من کچم و براکەم کوڕ. ئەم دوو وشە بە مانایەک کە جیاوازی دوو مرۆڤ بێت، لە ماڵی باوکمدا نەبوو. ئێستاش سی و چوار ساڵم و لە شاری سنە دەژیم. مێردەکەشم سنەییە و دوو منداڵم هەیە. کوڕەکەم بەناوی ئارمین سێزدە ساڵ و کچەکەم بەناوی ئازادە، دە ساڵانە. پلەی خوێندنم دیپلۆمی تەجروبییە.

هەر لە منداڵییەوە هۆگری مۆسیقا و شیعر بووم، بەڵام زیاتر حەزم لە مۆسیقا و گۆرانی بوو. چیرۆکم زۆر دەخوێندەوە و شیعرم زۆر لەبەر دەکرد. باوکم گەلێک ڕووناکبیر و گەشبین بوو. هەر چاوم کردەوە کتێبخانەیەکی گەورە و پڕ بایەخ لەبەر دەستمدا بوو. هەروەها باوکێکی ڕووناکبیر کە بەوپەڕی خۆشەویستییەوە پەروەردەی کردم. خۆشەویستی سروشت و مرۆڤ و هونەری فێرکردم. بۆ خۆی زۆر دەنگ خۆش بوو. زۆرجار گۆرانی بۆ دەگوتین. لە سەردەمی قەدەغەبوونی وشەی کوردیدا لە ئێران، سەرەڕای ئەوەی باوکم قازی دادگا بوو، هەمیشە شریتی بەیتە کوردییەکان و کتێبی مامۆستا هەژار و مامۆستا قانیع لە ماڵی ئێمە دەست دەکەوت. باوکم (ناڵەی جودایی)ی مامۆستا هێمنی بۆ دەخوێندینەوە و شریتی چوارینەکانی مامۆستا هەژاری بۆ دەگرتین. بە دڵنیاییەوە دەڵێم: باوکم بۆ من شیعر و هونەری ناساند و جوانترین شیعرێک بوو کە لە کیسم چوو. تا ئەمڕۆ نەمتوانیوە شیعرێک بنووسم



پڕا و پڕی هەستم سەبارەت بەو ئازیزە کۆچکردووە بێت. لە تەمەنی هەژدە ساڵەوە دەستم بە نووسین کردووە، سەرەتا بە فارسی و پاشان بە کوردی بەڵام پەرش و بڵاو و یەکنەگرتوو. ئەوەی ناوی بنێم ژیانێکی نوێ کە خۆمم، تایبەت بێ بە نووسین ماوەی پێنج ساڵە.

* ناهید حوسێنی پێش شەش ساڵ کێ بوو؟ ئێستا کێیە؟

– شەش ساڵ لەمەوبەر دایکێکی باش بووم بۆ منداڵەکانم، ژنێکی باش بووم بۆ مێردەکەم و گەلێک ئاسوودە بووم. چۆن بیرم لە زۆر شت نەدەکردەوە. گەلێ جار خەون بەو ئاسوودەییەوە دەبینم. ئەو دەم خۆشەویستی منداڵەکانم دەگەڵ شیعرەکانم بەش نەکردبوو. ئەمڕۆکە حیکایەتی کوردەی لە هەردوو جەژن بووم. تووشی سەر لێشێواوی بووم. نەدەتوانم تازە وەکو جاران ژنێکی ئاسایی بم و بیر لە زۆر شت نەکەمەوە و نەتوانیومە ئەرکەکەم بە دڵی خۆم بەڕێوەبەرم. نە ژنی ماڵم و نە هی دەر بیرم گۆڕاوە، ڕوانینم گۆڕاوە، ناتوانم ئاسایی بیر لە ژیان بکەمەوە.

خـۆمم داوەتە دەست ڕووبارێک، دەمــبـات و دەگــەڵ ئەنجام یان نەء، نازانم. ئەو دەم خەمەکانم ئەوەندە بوون بە گۆرانییەک سەبووریم دەهات. ئەمڕۆ ئەگەر بە قەدەر هەمـوو تـەمـەنی ڕابردووم و داهاتووم بۆ خـۆم سـۆزبـڵـێـم، سەبووریم نییە. خەمەکانی ئەمڕۆم قـووڵـترن، خەستترن. ئەو دەم هەر بیرم لە ژیانی خـۆم دەکـردەوە، ئەمـڕۆ بیـر لە ژیانی ژن و مێژووی ژن دەکەمەوە. ئەو دەم خۆمم بە ئازاد دەزانی ئەمڕۆ بیر لە ئازادی دەکەمەوە.

✱ وەک ئافرەتێک، کێشەکەتان چۆن پێناسە دەکەن؟

– وەک ئافرەتێک پێناسەم بۆ کێشـەکەم ئەوەیە کە تا ئەو ڕۆژەی بە چاوی ئافرەت سەیرم بکرێ، خۆیشم بۆ خۆم بەرپرس دەبم، چ بگا بە کـۆمــەڵـگا. کـە دەنووسم، یان دەبێ ڕاستگۆبم و ئەو ئازار و خولیایەی ڕۆحم دەخواتەوە و هەستی هەژاندووم ڕاستەوخۆ بێنمە سەر لاپەڕە و خۆم ئامادە بکەم بۆ داوەرییە لە بنەڕەتەوە ڕزیو و کرمۆڵەکان و سینگ بدەمە بەر لافاوی تانە و توانج و لۆمە و ببمە شــەوچەرەی مــاڵان. یان وا بنووسم کــە ڕەنگە دەگــەڵ خــۆیشم بێگانەبێ و قــەت بە بەرهەمی ڕۆحی خــۆمی نەزانم. هەر بۆیە دەڵـێم، من و زۆری وەک من هێــشــتــا نەمــانتــوانیــوە لەگــەڵ خـۆمــاندا ڕاســتگۆبین. هێـشــتــا بەتێـــڕادوویـیــەوە نەمــانـتــوانیــوە ڕازی پشت پەنجـەرە داخــراوەکــان و چوارچێـوە هەناســە خنکاوەکان و ئاواتە بەدی نەهاتووەکــان بدرکــێنین. لە شــەرم و بەرگــری لە خۆماندابن و زۆر هەستی کەسک و جوان لە دەروونماندا دەکــوژین و بە کــۆرپەیی لە باری دەبەین. پەنجــەرەی ڕوانگە هەرچەندە گــەورەبێ، دڵ و دەست یەک ناگــرن. زبان ئاوێنەی ڕۆحی مـرۆڤـە. کە ڕۆح بەدوای ڕاسـتـیـدا ســەرگــەردان بوو، چۆن لە مــرۆڤ چاوەڕوانی ڕاســتی دەکرێ.

✱ پێناسـەتان چییـە بۆ هونەر، بەگشـتی، بەتایبـەتی شانۆ و گۆرانی؟

– بەڕای من هونەر بەرهەمی ڕۆحی مرۆڤە. تەقینەوەی هەســتــێکی جــوان و ئاشنایە لە دەروونێکی ئاشنادا. ئامرازێکە بۆ ئەوەی دەروونی خۆت بناسی. کە دەروونی خۆت ناسی، جوانییەکان، جوانتر دەبینی، زیاتر هەست بە خـەم و شــادی دەکەی، زۆر سـەیرە کـە شـادبی، زۆر شادی، زیاتر لە مرۆڤی ئاسایی، کە خەمگینیش بی، بە قەدەر دڵی هەموو مرۆڤەکان لەسەر زەوی هەست بە خەم دەکەی. هونەر ناسکتـریـن هەسـتـە کـە قـووڵـتـرینیـشـە. هەروەکـو کـۆرپەیەکی ناسک چاودێری و شـەونخـوونی دەوێ و پەروەردەکردن.

شانۆ، هونەرێکە کە بەداخەوە کەم ناسراوە و هۆگری لە هونەرەکانی تر کەمترە زۆر هونەری لە خۆیدا گونجاندووە. شـانۆ، دەنگە، ڕەنگە، شـیـعـرە، مـۆسـیـقـایە، چیـرۆکـە، بەیتەو... هەتا.

گـۆرانی هونەرێکە لە لانکەوە هەتا گـۆڕ دەگـەڵ مـرۆڤ دەژی. دەگــەڵ هەمــوو چینێک سـازگـارە. خـوێندەوار و نەخـوێندەوار ناناسێ. هەر کـەسـێک بە پێـوانەی خـۆی چێـژی لێ وەردەگـرێ. لای من گـەورەترین هونەرە. زۆرم حەز لە مـۆسـیـقـا و گـۆرانییـە. هەروەها کـە زۆرجـار لە وتووێژەکاندا وتوومە، گەورەترین ئاواتم لە منداڵییەوە تا ئێـســتــا ئەوە بوو، کــە دەنگم بە گـۆرانی بە کـۆمـەڵـگا بناسـێنم. بۆ مـاوەیەکی زۆر بێـدەنگی، گـوێ دەدەمـە مۆسیقا. ئینجا شیعر دەنووسم. حورمەتێکی زۆرم هەیە بـۆ ئەو ژنـانـەی وا ئـەو سنـوورەیـان بـڕیـوە و ڕچـەیـان شکاندووە. زۆر هۆگـری دەنگی لەیلاخـانی فـەریقـیم و پیرۆزبایی لێ دەکەم.

✱ پێوەندیت لەگەڵ ئەمانەدا چۆنە؟

أ– شـانۆ، ب– ئۆپێـرا، ج– گـۆرانی، د– پیـاو، هـ– شیعر، و– چیرۆک، ز– فەلسەفە، ح– کۆمەڵ؟

أ– شانۆ: هەروەها کە پێشتریش وتم، شانۆ بریتییە لە دەنگ و ڕەنگ و شـیـعـر و چیـرۆک و مـۆسـیـقـا. زۆر هونەری تریشی گـرتووەتە خـۆی وەک گـۆرانی و تەڕاحی گرافیک. هونەرێکی تەواوە لە هەموو بابەتێکەوە. دەبێ دەنگێکی بوێر و بەتواناییت بۆ ئەوەی خۆ لە قەرەی شانۆ بدەی و ئەکـتـەرێکی باش بی، لە تەلەڤـیـزیۆندا دەتوانن دەنگەکـان بگۆڕن و زۆر فـێـڵـی تر دەکـرێ، بەڵام شـانۆ، زیندووە، خۆیەتی بە هەموو تواناکانییەوە.

ب– ئۆپێرا: لەگـەڵ ئۆپێـرا غـەریبم چۆن لای ئێـمـە غـەریبـە. ئەوەی لێی بزانم ئەوەیە کە زیاتر بابەتەکـانی تراژدیایە و بەشێوەی شانۆیی ئاوێتەی گۆرانی و مۆسیقا بەڕێوە دەچێ.

ج– گـــۆرانی: بەشی گــــەورەی ژیانی منە. هەر لە منداڵیـــمــەوە دەگــەڵـی ژیاوم. لە ڕۆژیشـــدا بەدەم کــارو ئیشـەوە هەر لەبەر خـۆمـەوە مۆرەم دێ. تەنانەت لە دوو کـۆسـتـی گـەورەی ژیانمدا واتە مـەرگی باوکم و ژیلاو کۆرپەکەی، گـوێ ڕاگـرتن بۆ مـۆسیـقـای خەمین زیاتر لە هەمـوو شـتێک ئارامی دەکردم. گۆرانی کوردی و فـارسی لە هەموو گۆرانییەک زیاتر ڕازیم دەکا.

د– پیـاو: وا بیـر دەکـەمـەوە کە ئاسـتی ڕۆشنبـیـری و ڕادەی بیرکردنەوەیە کە دوو مرۆڤ لە یەک جیاواز دەکا. نەک وشـەی ژن و پیـاو. پیـاوێکی گـەشبین هەزار ژنی تاریکبین دێنێ و بە پێچەوانەش هەروایە. ئەم بیرە باوکم پێی سەلماندم کە کچێکی ئازا هەزار کوڕی خوێڕی دێنێ. کە ژن و پیاو بیریان لە ئازار و ژانی کۆمەڵ کردەوە و بۆ چارەسـەرکردنی کێـشـەی مـرۆڤایەتی قـۆڵـیان هەڵـماڵـی، ئیـتـر جیـاوازی نامـێنێ. وشـەی پیـاو، وشـەیەکە وەکـو وشەی ژن و هیچی تر، نە زیاتر و نە کەمتر.

هـ– شــیــعــر: ئامــرازێکە بۆ دەربڕینی جــوانـتــرین هەسـتەکـانی مرۆڤ سـەبارەت بە سروشت و کۆمـەڵگا و

ڕووداوەکانی. شیعر وەکو هەموو دیاردەیەکی تر قانوون و چوارچێـوەی خـۆی هەیە و دەبێ لەو قـانوونە پەیڕەوی بکرێ. شیـعر بە ژانەوە لە دایک دەبێ. کۆرپەی ئەوینە. هەتا ئەوینەکـە قـوولتـر بێ و ژانەکـە خـەسـتـتر، لەژێر چاودێرییـەکی دایکانەدا، کـۆرپەکـە لە بارتر و جـوانتـر دەبێ.

و- چیرۆک: هەندێ کەس، هەست و خولیاکانیان بە شیعر دەردەبڕن و کەسانی تریش بەشێوەکانی تری هونەر. چیرۆکیش جۆرە دەربڕینێکە لە هەست و خولیا و خەونی مـرۆڤ لە چوارچێـوە و قـالبی جـۆرا و جـۆر و تایبـەتی خـۆیدا. لە شـێـوەکـانی چیـرۆک، زیاتر مـینی مـاڵ تینوویەتیم دەشکێنێ.

ز- فەلسەفە: بە بڕوای من شیعر لە فەلسەفە جیاوازە. فەلسـەفە بۆ خۆی خاوەنی دنیـایەکە کە دەگـاڵ خەیاڵ و خەون ناگونجێ شیعر ئارەزووە و فەلسەفە مەنتیقە.

ح- کـۆمـەڵ: مـرۆڤ بوونەوەرێکی کـۆمـەڵایەتیـیـە و ناتوانێ جیـا لەکۆمەڵ بژی. هەمـوو ئاکارێکی مـرۆڤ بە جـۆرێک پێـوەندی بە کـۆمـەڵەوە هەیە. هونەریش بۆ کـۆمـەڵە. ئەگـەر وانەبووایە هیچ هونەرێک نەدەخولقـاو ئەگـەریش دەخـولقـا، بەرەو پێش چوون و گـۆڕانکاری و تازەگـەری مـانای نەدەمـا. کـەس هونەری خـۆی بە خراپ نازانێ. دادوەری کـۆمـەڵە کـە هەسـتی بەرەو پێش چوون بەدی دێنێ.

* بەرهەمەکانت چین، چاپکراو، چاپنەکراو؟

- دەفـتـەرە شـیـعـرێکم ئامـادەی چاپە. دەسـتم لێ ڕاگـرتووە، بۆ ئەوەی حـەز دەکـەم دوای چاپکردنی هەمـوو بەرهەمەکانی ژیلە، بەرهەمی خۆم لە فۆڕمی کتێبدا چاپ بکـەم. لە زۆربەی گـۆڤـارەکـان و ڕۆژنامـەکـان و هەفتەنامەکاندا بەرهەمم چاپ بووە وەک: ڕامان، ئێستا، ئاینده، گەلاوێژی نوێ، نڤار، کوردستانی نوێ، هەرێمی کـوردسـتـان لە کوردسـتـانی ڕۆژئاوا و لە ئازادی وڵات لە ئیسـتـانبول و گزینگ لە سوید و هیوا لە ئاڵمان هەروەها لە سروە، زرێبار، ئاویەر لە کوردستانی ئێران.

لە بواری شیـعر و چیرۆک و وەرگێڕان و شانۆدا خۆمم تاقی کـردۆتەوە. شـانۆی (قـربۆقی ناوی ئاوێ)م، لەسـەر بنەمـای فـۆلکلۆر نووسـیـوە کـە لە سنە بۆ مـاوەی دە ڕۆژ بەرێوە چوو.

شانۆیەکە بۆ منداڵان لە (٣١٢) دێڕ شیـعردا. ماوەی ساڵ و نیوێک مامۆستای ڕێنووسی کوردی بووم لە شاری سنە و ئێسـتـاش لە بەشی وەرگێڕانی فیلم بۆ سەر زمانی کـوردی و هەروەها بەشی بەیت و باوی کـوردەواری لە ڕادیۆ و تەلەڤـیـزیۆنی سنە کـاردەکـەم. نووسـەر و وێژەری بەرنامەی بەیت و باوی کوردەواریم.

* پێـتـان وایە شـیـعـر چ کـاریگـەرییـەکی هەیە لەسـەر کۆمەڵ، یان بڵێین ئەرکی شیعر چییە؟

- بە بڕوای من شیـعر چەند قـۆناغ تێپەڕ دەکا. یەکەم قـۆناغی، قـۆناغی دەروونی شاعیـرە. شـاعـیـر سـەرەتا لە خـۆی و هەسـتـەکـانی خـۆیەوە دەست پێدەکـا. کـەسم پێ شک نایە، هەتا خـۆی نەناسـیـبێ و نەناسـاندبێ، توانیـبێـتی کـۆمـەڵگا و ئازادی کـەسـانی تریش بناسێ و باسـیـان بکـا. شیـعرێکی جوان دەتوانێ کـۆمەڵگایەک ژێر و ژووربکـا. دژی ئەوەش شـیـعـرێکی نالەبار دەتوانێ کـەسـایەتیـیـەک لە پێـشـدا و بە گـشـتی ئەندێشـەی سەردەمێک بەرێتە ژێر پرسیـار.

* ئەدەب بۆ ئەدەب چی دەگەیەنێ؟ پێتان ڕاستە؟

- ئەدەب بۆ ئەدەب یان هونەر بۆ هونەر، ڕاو بیـــر و باوەڕی جـەمـاوەرێک بـوو کـە مـەکـتـەبی پارناسـیـــان دامەزراند و هونەریان بۆ خزمەت بە هونەرزانی. شیـعری پارناسین بێ خـەوش و جـوان و ڕێک و پێکە، بەڵام دژی ڕۆمـانـتـیـسم و شـیـعـری ڕۆمـانـتـیکە، دوورە لە هیـوا و ئارەزوو، دوورە لە خـۆشـەویسـتی و هەسـتی جـوان. ناوەرۆک زۆر مـــەبەست نیـــیـــە و ئەوەی گـــرینگە چوارچێـوەیەکی تۆکمە و توند و تۆڵە. من ئەم باوەڕەم لا دروست نیـیـە و بڕوام وایە شـیـعـر سـەرەڕای ئەوەی دەبێ چوارچێـوە و قـالبێکی بێگەرد و توند و تۆڵی بێ، دەبێ خـــاوەنی ڕۆح و هەست بێ ئەگـــینا وەک پەیکـەرێکی جوانی لێ دێ کە جوانە و بەس. هیـچی تری بۆ وتن پێ نیـیـە. شـیـعـر یان هەر چەشنە هونەرێکی دیکە دەبێ خـــولقـــاوی دەســـتی زانست و هەست بێ بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەستی کەسانی تریش بکات.

* ئالان ڕۆب گـــرییـی دەڵێت: نووســـەر وەک هەر کەسێکی تر لە بەدبەختی هاوجـۆرەکانی ئازار دەچێژێ، بەڵام ئەگـەر بڵێین بۆ نووسینەکانی دەیەوێت چارەسەری ئەو بەدبەخـتـیـیـانە بکـات، قـسـەیەکی دژی واقـیـع و ڕاستییە؟ ئێوە چی دەڵێن؟

- مـن هەر لە بنەڕەتدا ئەوە ڕەت دەکـەمـەوە و دەڵێم ئەوەی نووسـەرێک لە خـەڵکی ئاسـایی جـیـا دەکـاتەوە ئەوەیە کە زیاتر هەست بە خەم و شادی دەکا. دروستە کە شـیـعـر نابێ بەنان بۆ برسـیـیـەک، بەڵام دەتوانێ هاندەری سامـاندارێک بێ بۆ تێرکـردنی برسـیـیـەک. شـیـعـر یان هەرچەشنە هونەرێک ناتوانێ چارەســەری بەدبەخـتی بکات، بەڵام دەتوانێ بیـری ئەوانەی وا چارەسـەریان پێ دەکرێ بەرێ بۆ لای ئازارەکە و کێشەکە.

هونەر دەتوانێ بن دەستەیی میللەتێک لەوپەڕی خۆیدا بدا بە گـوێی ئەوانەدا وا گـوێـیـان لە ئازارەکـانی کپ کردووە. دەتوانێ کۆمەڵگایەک بهەژێنێ بۆ گۆڕان و بەرەو پێش چوون.

**ئا: دڵشاد خۆشناو**
**(تاران)**



### زۆزگ قەرەداغی:

# لای ئەو مۆسیقاژەنە لاوانەی حەزیان لەبەردەوامییە، بەرامبەر بەرهەمی چاک و خراپ هۆشیارییەک هەیە

**زۆزگ قـەرەداغی هونەرمـەندێکی تازە پێگەیشـتووی بەهرەدارە، مـاوەی حـەوت سـاڵ زیاترە ئامـادەیی لەناو مـۆزیکاو هونەری کـوردیدا هەیە، واتە هەر لەو کـاتەوەی کە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان قوتابی بووە، سەرەتای تواناو بەهرەی هونەرییـــانەی دەرکــەوتووە، دواتر بە وەبەرهێنانی چەند کـارێکی مـیللی و کـلاسیکی توانی هێندەی تر داهێنانەکانی خۆی بخاتە ڕوو.**

جگە لە ئامـادەکـردنی مـۆزیکاو ژەنین، قـەڵەمـێکی بەبڕشـتی لە بواری ڕەخنەو گـوتاری مـۆزیکی هەیە، لەم دیمانەیەدا بوێرانە باس لە ئاسـتـەنگ و لەمـپـەرەکـانی بەردەم مۆزیکای میللی کوردانە دەکات.

* ئاسـتی ڕەخنە لە مـۆسیـقـای کـوردیدا لەچاو ڕەخنە هونەرییەکانی تر چۆن دەبینی، ئایا پرۆسەی ڕەخنە لە ناو بوارەکانی مۆسیقادا بەچ قۆناغێ گەییوە؟

– چەندین هۆکـار لە پشـتـەوەی لاوازیی ڕەخنەیی لە مۆزیکای کوردیدا هەیە، هەر لە بوونی دەسەڵات و تەمەن تا پەرستنی ڕەگەزایەتی و ڕەسەنایەتی، گرنگترین سیما کە پێڕەوی ئەم شێوازانەی پێ دەکرێت، جۆری هونەرەکەیە بەوەی کە مـۆزیک کـارێکی بەکۆمـەڵە، هەروەک شـانۆ، ئەمـــەش بە پێـــچـــەوانەی هەندێ هونەری تری وەک شێوەکاری و پەیکەرتاشی...تاد

سەرەتا ئاماژەم بە وشەی دەسەڵات دا، بۆ نموونە ئەگەر من هونەر خـوازێکی مـۆزیک بم لە بنکەیەکـدا ببـمـە لێپرسراوی سەرجەم گرووپە مۆزیکییەکانی کوردستان، ئەگەر ژمارەی گرووپە مۆزیکییەکان شەش گرووپ بن و منیش دەست بەســـەر چواریاندا بگرم، ئەگـــەر دوو گـرووپەکـەی تر لە مـۆزیکی کـوردیدا حەز بە نوێخـوازی بـکەن و ڕەخنەی بنیـــــاتگەر بگرن، ئەوا مـن وەک لێپرسراوی گرووپەکـان هیچ جۆرە هاوکارییەکی ماددی و مـەعنەوییـان ناکـەم و دەسـتـیـان لێ هەڵدەگـرم، ڕێگەی دەرکـەوتنیـشـیـان لێ دادەخـەم و دەیانچـەوسـێنمـەوەو ناشـهـێـڵـم دەنگـیـان بگاتە ڕاگــەیاندن، هەندێ لە دەســەڵاتدارانی هونەری ئەم جـۆرە سـەرکــوتکارییـە بەکاردەهێنن، ڕەخنە کاتێ دەگیرێ کە هەموو گرووپەکان وەک یەک کـاربکەن و ئازادیی هەبێ لە کـاتێکدا هەمـان ڕێگەو بەجێگەیاندن بۆ هەمـوان بێ، ڕەخنە لە کـەسێ دەگیرێ کە کاری کردبێ، لە کەمانچەژەنێ کە ژیانی پڕە لە نمایش و ژەنین لەناو ستۆدیۆ یان لە دانەرێ کە دانراو و شیکاری هەیە لە کـەسێ ناگیـرێ کە بووە بە ئامێرێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەبری ژەنین هەر خەریکی مۆنتاژ و سیناریۆ و تۆمارکردنبێ و بەس.

* ڕەخنە کـە بەرپرسـیـارێتی مـێـژوویی لە پشـتـە، خەسـڵـەت و مـەرجەکانی کـەسێک کە بیـەوێ ڕەخنەی هونەری لە مۆسیقادا بگرێ چین؟.

– پێویستە شارەزا و پشت بەستوو بێ بە ڕابردوویەکی پڕ لە ئەزمـوون، بەڵام مۆسیـقـای ئێـمـە بەهەمـووی پەنجا سـاڵێکە سـەری هەڵداوە بۆیە وەک بوارەکـانی ئەدەبی کوردی بەو فراوانییە نایبینم، چونکە هۆنراوە و چامە و بابەتی ئەدەبی کـوردی پێـشـینەیەکی دێرینەی پشت ئەستووری هەیە، ڕەخنەگر دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ، بەڵام سەبارەت بە مـۆزیکا پێشـینەیەکی کورتی هەیە و پێشـتریش لە ڕێی گۆرانیبێژانی میللییەوە سەرچاوەی گـرتبـوو، هۆیەکی تری لاوازی لە بواری ڕەخنە نووسـیندا کەمی شارەزایی و زمان نەزانی مۆزیک ناسەکانە، بەوەی کـاری مـۆزیکژەن تەنیـا ژەنینی ئامێرێک و گـۆرانی وتنە بەلای ئەمـانەوە، دوای ئەوەی هەندێ کـتـێـبی زانسـتی مـۆزیکای جـیـهـانی هەیە کـە ئەگـەر مـۆسـیـقـازان وەرینەگێرێتە سەر زوبانی نەتەوەکەی، هەر کەسێکی تر ئەوە بکات لاواز دەردەچێ، ناشبێ ئەوەمـان لەیاد بچێ کە هەندێ لەو مـێـزگـرد و چاوپێکەوتنانەی لە گـۆڤـاری (ڕامـان) لەسـەر مـۆسیـقـاو گـۆرانی کـراون جۆرێکن لە والاکردنی دەروازە بۆ ڕەخنەی مۆسیقایی و هونەری.

* وەچەیەک لە دوای ڕاپەڕینەوە لەناو مـۆسـیــقـای

کوردیدا دروست بووە گەرچی چالاک و بزێون و بەرهەمی جوانیان هەیە، بەڵام یەکتری قبوڵ ناکەن؟

– ئەمە بۆ بناغەی کەسانێک دەگەڕێتەوە کە پێشتر لە بواری هونەریدا بەبێ بوونی پێڕەو و پرۆگرامی داڕێژراو کاریان کردووە، سەرەتا دەکرێ وەک بیناسازێ هەر مۆسیقارێ کاری خۆی بزانێ، نەک من بێم و مۆسیقایەک دابنێم و ئەو ئامێرانەی کە لە مۆسیقاکەدا نۆتم بۆ نووسیوەتەوە هەمووی خۆم بیژەنم یا خۆم میکسی ناو ستۆدیۆ بکەم لە کاتێکدا شارەزای شیاوتر هەبێت.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا دەسەڵاتدارانی هونەر کاتێک بە یەکجار هەموو ئەو لاوە بزێوانەی هونەر سەرکوت دەکات و تەنیا کارەکانی خۆی دەگەیەنێتە جێ، گوێگر و بینەری کۆمەڵگەی ئاسایی لەسەر ئەوە ڕادێن کە هەموو شت بەو دەسەڵاتدار و پیاوە کۆنانەی هونەری مۆزیک ڕەوایە، ئەمەش لە ڕێی خۆ دەرخستن و زۆر خۆ دووبارەکردنەوەی بێ داهێنان، ئەمەش خاڵی دروستبوونی ئەو قبوڵ نەکردنەی لاوەکانە کە لەژێر دەستی سەرسپییەکانی هونەردان، کاتێک کەس ناتوانێ بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێ، بۆ نموونە ئەگەر لاوێک بە نهێنیش بێ هونەرێکی جوان و پڕ مانا لە ڕێگەیەکی ترەوە دەربڕێت، ئەوا هەموو ئەو لاوە دەستبەسەر و دیلانەی تر پێیان ڕەوا نییە و قبوڵی ئەو هونەرە گەشەی هاوڕێکەیان ناکەن و بەبێ پرسی دەسەڵاتدارە گەورەکانی هونەر پەنجە بە ئاودا ناکەن.

* بەرهەمهێنانی مۆسیقا لای هونەرمەندە لاوەکان شێوازی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام زۆرجار هونەرمەندانی بە ئەزموون گلەیی ئەوەتان ئاراستە دەکەن کە ئێوە لە ئامادەکردنی مۆسیقادا زۆر پەلە دەکەن؟

– ئێ خۆ ناکرێ لە چاخە ڕابردووەکانی ئەوروپاوە دەست پێ بکەینەوە، ئەگەر وا بکەین فریای کۆن و نوێ ناکەوین، لەلایەکی ترەوە خراپی باری بژێوی هونەرمەندەکە پاڵ بە پەلە کردنییەوە دەنێت بۆ پەرشکردنی کاری هونەری، ئەویش بە مەبەستی دەستکەوتی ماددی کاری هونەری پرۆڤەی تاڵی دەوێ تا پەنجەت شیرین بکات، پەلەکردنێ باشە کە بازهەڵدان نەبێ بەسەر زانستدا، چونکە ئەگەر بازدان بێ ئامانج ناپێکێ، دوای ئەوە مۆسیقا بەشی زۆرە هەر لە دانان تا ژەنین و کۆنسرماستر و ماسیترۆ و مامۆستا و ڕەخنەگر، هەریەک لەمانە دەریایەکە و ماندووبوونی دەوێ بۆ بڕینی.

من بۆ خۆم هەندێ جار پەلەم، بەڵام لە کاتێکدا کارێکی هێواشم دانابێت و دوای تەواوبوون هەوڵ دەدەم بە زووترین کات بیگەیەنمە جێ و گوێ بیستی کارەکەم ببمەوە، من زۆر هاوڕێی مۆزیکناسی ناسراو (ع.ج، سەگرمە)م، ئەو ئاگاداری کارەکانمە، دەزانێ کە زۆر بە پەلەم لە دانانی مۆسیقادا، کارێکی ئۆرکێستراییم لەسەر گۆرانییەکی کەلەپووری کوردی نووسیبوو کەلە سەرەتادا شەش ئامێر بوو، پاشان کە گوێبیستی ئەم کارەم بوو، بە کۆمپیوتەرەکە نووسیبوومەوە باسی شێوازی ئامێربەندیی ئۆرکێستراسیۆنی بۆ کردم کە چۆن دەبێت و منیش ئامێرەکانم بەپێی ڕێنماییەکانی (ع.ج. سەگرمە) زیاد و کەم کردەوە، دواییش هەر نەگەیشتمە ئەنجام، ئەمە نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر لەبەرئەوەی بازم بەسەر ئەو قۆناغانەدا دابوو کە پەیژەیەکت بۆ ئەم قۆناغە بۆ دروست دەکات، ئەمەش باجی پەلەکردن بوو.

* هونەرمەندانی لاو لە چ ئاستێکی ئاکادیمیدان، چ هۆشیارییەکیان سەبارەت بە مۆسیقای میللی هەیە، بەتایبەتی ئەمڕۆ کە لە دنیای مۆسیقادا بایەخی تایبەت بە فۆلکلۆر و بەرهەمی میللی دەدرێ؟

– ئێستا لەناو لاوانی هونەرخوازدا هۆشیارییەک هەیە لە بەرانبەر جوان و ناشریندا، بەتایبەت ئەوانەی حەزیان لەبەردەوامییە، ئەوەی گرفتە هەر کەسێکیان بەرهەم و ستایلی خۆی بەڕەوا بزانێ، بۆ نموونە جۆری کارکردنی دوو ئامێر ژەنی میللی و کلاسیکی جیاوازە لە بەجێگەیاندنی بەرنامەو کۆنسێرتەکانیاندا، بۆ وێنە ئامێری چەلۆ لە ئۆرکێسترادا بەکاردەهێنرێ، کاتێ کە ئاهەنگ سازدەکرێ، ئەم ئامێرە لەگەڵ کۆمەڵە خێزانێکی تردا بەهارمۆنی و کۆنە لراپۆنیت، واتە کۆمەڵێ هێڵی میلۆدیی و هاوشانکردنی جیا لە ئامێری چەلۆ ڕۆڵی هەیە، ناتوانێ لەناو ئەو هەموو خێزانە ئامێرانەدا بەبێ نۆتە کاربکات، بەڵام دەستەیەک ئامێرژەنی میللی کەیەک هێڵ مۆزیک دەژەنن دەکرێت نۆتی گۆرانییەکە لەبەر بکەن و هەر بەبێ نۆت بیژەننەوە.

لاوازیی ئامێرژەنانی میللیمان ئەوەیە کە ئەکادیمی نین، ئەگەر لە ئۆرکێستراشدا وەک چۆن لە ئێراندا تێکەڵییەک لە ئامێری میللی دەکەن، ئەگەر سەنتورێک لەگەڵ ئۆرکێسترادا بژەنێت، ئەگەر نۆتە بەکار نەهێنێ، ئەوا ئەو هەموو هێڵەی بۆ جیاناکرێتەوەو بەبێ نۆتە جێگەی مەبەستی خۆی بژەنێ، ئەوەتا (هۆشەنگ کامکار) کۆنشرتینۆی بۆ سەنتوور و ئۆرکێسترای سیمفۆنی تەهران داناوە، ئەمە لە کاتێکدا پشتی بە نۆتزانێکی سەنتووری وەک ئەردەوانی برای بەستووە، ئینجا ئەوەی جێی

دڵخۆشییە لەم دە ساڵەی دواییدا پێشکەوتنی زیاتر لەبواری رۆشنبیری هونەری مۆسیقی سەری هەڵداوە.

* تۆ مەبەستت ئەوەیە کە پێویستە مۆسیقا میللییەکان، یان ئەو هونەرمەندە مۆسیقییانەی خەریکی کاری میللین، توانای خوێندنەوەی نۆتەیان هەبێت، هەروەک چۆن ئامێرژەنە میللییەکان لە ئێراندا بەشداری کاری ئۆرکێسترای سەمفۆنیایی دەکەن؟

– بێگومان دەبێ ئامێرژەنی میللی نۆتە بزانێت ئەگینا داهێنانیان پێ ناکرێت، هەندێ کەس کە گرووپە میللییەکانی ئێران لەسەر تەختەی شانۆ دەبینن، پێیان وایە، چونکە نۆتەیان دانەناوە نایزانن، بەڵام ئەمە پێوەندی بە پرۆڤەکردنی زۆرەوە هەیە، هەروەک وتم لە پێشتردا کە زۆربەی مۆسیقا میللییەکان یەک هێڵن و لەبەرکردنیان کارێکی ئاسانە، بەڵام کێشەی نەزانینی نۆتە، لە دوو حاڵەتدا زۆر بەروونی زیان بە ئامێرژەنەکە دەگەیەنێ:

١- کاتێ لەگەڵ ئۆرکێسترای سیمفۆنیادا سۆلۆ و کۆنسێرتۆی هەبێ.

٢- لەناو ستۆدیۆدا کاتێک لە هەندێ جاردا ئامێرژەنەکان یەک یەک هێڵەکانی خۆیان دەژەنن، لێرەدا ئەوەی نۆتە نەزانێت، یەک هەڵە بکات نازانێ چۆن خۆی راست بکاتەوە.

من نموونەیەک دەهێنمەوە کارێکی ئۆرکێسترای ژێدارم بۆ سۆلۆی باڵەبان داناوە لەگەڵ ژێدارەکان تۆمارم کردوون، میلۆدی ئامێری باڵەبانەکە هی «کاروان مەحموود»ی باڵەبان ژەنە، چەند رستەیەکی میلۆدییەکەی دانابوو بەکاسێت و دای بەمن و کارەکەم بۆ تەواو کرد، ئەگەر خۆم میلۆدی باڵەبانەکەم دابنایە، بەو شێوازە سەری نەدەگرت جارێکیشیان «ئەرسەلان کامکار» بۆی گێڕامەوەو وتی کابرایەکی نەیژەنمان پێویست بوو، چەندانمان تاقی دەکردەوە کە پەنجەیان شیرین بوو، بەڵام نۆتیان نەدەخوێندەوە، کارمان هەر نەکراو دواکەوتین تا ئەو کاتەی نەیژەنێکی ئاست مامناوەندی دۆزرایەوەو نۆتەی دەخوێندەوە، بێ دواکەوتن کارمان کۆتایی پێ هات و لە بازاڕ بڵاو بۆوە، ئەم نموونەیەم لەیاد ناچێ بۆ رەچاوکردنی کاروباری زانستی لەناو ستۆدیۆدا.

* تاچەند راگەیاندنی کوردی بەگشتی و ئەو دوو کەناڵە کوردییە ئاسمانییە کاریگەرییەکی گرنگیان هەبوو لەسەر ئاستی پێشخستنی گۆرانی و مۆسیقای کوردی؟

– لە دوای راپەڕین تا ساڵی «١٩٩١» گرنگی دەدرێ بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بۆ دەوڵەمەندکردنی میدیا کوردییەکان، بەڵام داخەکەم هەموو ئاستێکی تێدا بڵاودەکرێتەوە کە زۆرجار (TV) بەمە ناشیرین دەبێ و ئاستی هونەری دادەبەزی، پێم وایە بەر لەوەی کارەکانم بچێتە تەلەڤزیۆنەوە، باشترە لە کۆمپانیایەکەوە بەجیهاندا بڵاوبکرێتەوە، یان نمایشی سەرانسەریی بۆ بکرێت، پاشان وێنە بگیرێ، لەم قۆناغەدا (TV) ناتوانێ مافی هەموو بەرهەمەکە دابین بکات و لەگەڵیشیدا وێنەی بگرێت و ببێتە خاوەنی بەرهەمەکە، بەڵام لەچەند (TV)یەکدا هەندێ خزمەتی باش پێشکەش کراون یەکێک لەوانە دانانی ستۆدیۆی دەنگ و تۆمارکردنی گۆرانی و مۆسیقایە یان کەناڵی ئاسمانی کوردستان مافی تۆمارکردن دەداتەوە بە گۆرانیبێژ و مۆزیکژەنان کە ئەمە لە ساڵانی رابردوودا نەبووە.

تێبینی: ئەم هونەرمەندە مۆسیقاژەنە چەند بەرهەمێکی تۆمارکردووە لەوانە «سەمایەک بۆ دایکم- چوارینەی ژێدار»، «سەمایەک بۆ گرووپی کامکاران- ئۆرکێسترا»، «وەرینی ئەرخەوان- چوارینەی ژێدار و باڵەبان»، «مۆزیکی دیرێ- کلارنێت و چوارینەی ژێدار» «مۆزیکێکی کەلەپووری- بۆی دێنم- چوارینەی ژێدار).

**ئا: کامەران حەمە کەریم**
**(سلێمانی)**



# وتوویژ لەگەڵ گۆنتەرگراس

* جەنابی گراس، ئێوە بیستساڵی تەواو، پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بوون، ئایا ئەو ئومێدەتان هەبوو کە خەڵاتێکی ئەوتۆتان بەنسیب بێ؟

– من نە چاوەڕوانی ئەو خەڵاتە بووم و نە حیسابیشم لەسەر دەکرد، چونکە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا نووسین کاتی منی گرتبوو. لەوە خۆشحاڵم کە لە تەمەنی چل ساڵیدا ئەو خەڵاتەم وەرنەگرت، چونکە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ نووسەرێک لەو تەمەنەدا، بێگومان زۆر قورسە. ئێستا کە لە تەمەنی زیاتر لە حەفتا ساڵیدام، دەتوانم ئەو خەڵاتە بەخۆشییەکی زۆرەوە قبووڵ بکەم.

* یەکەم دژە کردەوەتان چی بوو؟

– بیرم لە دایکم کردەوە، خۆزگە ئەو ڕۆژانەی بەچاو دەدیت. ئەو تەنیا سەرەتای دەست پێکردنی چالاکی منی دیت و هەمیشە نیگەرانی داهاتووی من بوو. زۆربەی تایبەتمەندییە دیاردەکانی کەسایەتیم لە دایکم بۆ بەمیرات ماون. دوایی بیرم لە (هاینریش بۆل) کردەوە... کەسێک کە ئەو خەڵاتەی بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا وەرگرت.

(هاینریش) ڕات چۆنە لەوبارەوە؟ دڵنیام ئەگەر زیندووبوایە، زۆر خۆشحاڵ دەبوو.

* ئەو خەڵاتە پێداگرتنێک بوو لەسەر ناوبانگی تۆ لە دەرەوەی ئەڵمانیا. لە کاتێکدا لە ئەڵمانیا ژمارەیەکی زۆر لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی هەروا ڕەخنەت لێدەگرن. ئەو هەڵسوکەوتە دوولایەنەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– نازانم، لە ڕابردوودا کە هێشتا ڕەخنەگران قسەیەکیان بۆکردن پێ بوو، من زۆرتر سەرنجم دەدایە ڕەخنەی ئەوان. زۆربەی ڕەخنەگران ئەو دەقانەیان بەباشی نەخوێندۆتەوە کە ڕەخنەی لێدەگرن، لە لای ئەوان تەنیا دوایین بۆچوونی سیاسیی من گرینگە. یان ئەوەی کە کەسێک داوام لێدەکات دەمم داخەم. لە ڕاستیدا مەسەلە لاوەکی و کەم بایەخەکان دەکەونە پێشەوەو ئەو شتە من ماندوو دەکات. لە وڵاتەکانی دی هەلومەرج بەو توندییە نییە.

* کەواتە بەو حیسابە، وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، بە جۆرێک لە تۆڵە ستاندنەوە لە ڕەخنەگران دادەنێی؟

– بەڵێ، هەڵبەت، ئەوەش هەیە.

* زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە کە تۆ ئەو خەڵاتەت لەبەر سیانەی «دانتریک» {تەپڵی تەنەکە، پشیلەو مشک، ساڵانی سەگی} وەرگرتووە و ئەوە کە تەواوی بەرهەمەکانی دیکەی تۆ هەموویان بێ هێزبوون.

– ئەو شێوە ڕووبەڕووبوونەوەیە ماندووم دەکات. لە دەرەوە «سفرەی ماسی» هەروەک پێشوو پێشوازی لێدەکرێ و ئەو کتێبە هێشتاش خوێنەری خۆی هەیە. ڕۆمانێکی دیکەی من لەژێر ناوی «مشکی خورما» هەر ئێستاکە لە وڵاتە ئەسکاندیناڤییەکان چاپ کراوەتەوە.

ئێستا ئێمە کە ساڵی (گۆتە) جێژن دەگرین (گۆتە) لە قۆناغی وەنێوکەوتوویيشدا لە لایەن هێندێک نەزانەوە سەرزەنش دەکرا، کە هەرگیز بەرهەمەکانی دیکەی نەگەیشتنە «ئالام ڤێرتێری لاو». ئایا دەبوو نوسخەیەکی وەک «تەپڵی تەنەکە»م بنووسیایە؟ لەو بارەدا هەر ڕەخنەیەک کە لێم بگرن لە جێگای خۆی دەبوو.

* ئایا بەرهەمەکانی ئێوە لە دەیەی هەشتاو نەوەد–دا، بەرهەم گەلی وەک «زمان دەرهێنان»، «داری وشک بوو»، «مشکی خورما» و «دەشتی پان و بەرین» ڕەنگدانەوەیەک بوون لە چالاکییە سیاسییەکانی ئێوە؟

– ئەو قسەیە بە تەواوی بێ ئەساسە، من هەمیشە ئەو ئیدیعایەم گوێ لێدەبێ کە «دەشتی پان و بەرین» چیرۆک نییە، بەڵکو وتارێکی زانستییە. ئەوە لە ڕاستی بە دوورە، ئەو بەرهەمە چیرۆکێکی ڕەوانە، هەڵبەت لەسەر مەسەلەیەکی ئاڵۆز و شێوەیەک لە بەرەنگاری لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەران لە تەک ئەو بەرهەڵستکاریەدا ڕێک کەوتوون و مەسەلەکەیان بە تەواوی دەرک کردووە.

* پێت وایە چالاکییە سیاسییەکانی ئێوە کاریگەرییان لەسەر وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ هەبووە؟

– من هیچ زانیارییەکم لەسەر شێوەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ لە لایەنی ئەکادیمیای سوێدەوە نییە، بەڵام بێ شک ناتوانی بەرهەمەکانی من جیا لە چالاکییە سیاسییەکان، دەرک بکەی. ئەکادیمیا لایەنی سیاسیی منیشی لە پێش چاو گرتووە و ئەوە کارێکی ڕاستە.

* خەڵاتی نۆبڵ پێداگرتنە لەسەر ئێوە تاکە نووسەری ئەڵمانی لە کاتی ژیاندا بەناوبانگی جیهانییەوە. ئەو خەڵاتە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەدەبیاتی ئەڵمانی هەیە؟

– من پێم وا نییە «تاکە نووسەر» بم. وێ دەچێ

ئەوەش لە هونەری ڕەخنەگرانی ئەدەبی بێت کە نووسەرانی هاوچەرخی ئەڵمانی لە توانای دەربڕین بە لاواز دەزانن کە هەڵبەت پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە! زیاتر لە ئەیالەتە تازەکان «ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی پێشوو» ژمارەیەکی زۆر نووسەری بەرجەستەهەن. لەوانە دەتوانین «ئینگۆشۆلتسە» ناوبەرین.

«گرۆتد ئێشپیت»ی سویسری یا «گیرهارد کویف» لە بیری خۆتاندا دابنێن. ئەوانەش لە نووسەرە بەناوبانگە ئەڵمانی زمانەکانن، بەڵام هێندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی ئامادەنین ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەن.

* شێوەی داستاننووسی ئێوە لە دەرەوەدا پەیڕەوی زۆری پەیداکردووە، «جۆن ئایرۆنگ» لە قوتابییەکانی تۆیە لە زەمینەی چیرۆکدا، بەڵام لە ئەڵمانیادا بەم شێوەیە نییە. هۆکەی چییە؟

– ئایرۆنگ خۆی بە پەیڕەوی من دەزانێ، هەروەک من کە خۆم بە قوتابی «ئالفرێد دۆبلین» دەزانم. بە بۆچوونی من ئەوە ڕاستەکە هەر کەسێک پەیڕەوی لە کەسێکی دیکە بکات، چونکە هیچ شتێکمان لە ئاسمانەوە بۆ نایەتە خوارێ، فێربوون لە هی دی، بۆم شتێکی زۆر ئاساییە. ئەمرۆکە- لاوان- لە ئەڵمانیادا بەشێوەیەکی دی چاو لەو مەسەلەیە دەکەن، ئەو تێڕوانینە پێ بە پێی شەپۆلێکی نوێ، واتە خۆ دەرخستن وەک بلیمەتێک لە جولان دایە.

* ئایا ئێوەش لەو باوەڕەدان کە نووسەرە لاوەکان بەو جۆرەی کە پێویستە لە چالاکییە سیاسییەکاندا بەشداری ناکەن؟

– بەڵێ، لە تەواوی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو کەمتەرخەمییە بەرچاو دەکەوێ. ئێمە نووسەری بە دەربەستی وەک «هاینە فرایلیکرات»مان هەبوون و بە ڕاستی ئەو سوننەتە دوای شکستی ڕووناکبیران لە کۆماری وایمار لە لایەن وەچەی منەوە پەسندکراو ئێستاکە ترسی ئەوە کە ئەم سوننەتە لەبەر خۆ بواردنی نووسەران بە بای فەرامۆشی بسپێردرێ زۆر زۆرە.

* ئەو خەڵاتە بۆ ئێوە نە تەنیا ناوبانگی نوێ، بەڵکو ١،٨ میلیۆن مارکیشی بە دیاری هێناوە. چ لەو پارەیە دەکەی؟

– باشە. من لە ڕابردوودا سێ دامەزراوەی خێرخوازیم بنیاد نابوون. ڕێکخراوەی «ئالفرێد دۆبلین»، ڕێکخراوەی «چودو ویلی» بۆ پشتیوانی کردن بە گرافیستە پۆڵۆنیاییەکان و هەروەها دامەزراوەیەک بۆ پشتیوانی کردن لە «کولی»یەکان، کە ئەو دامەزراوەیە لە داهاتوودا بە تەواوی بەهێز دەکەم، بەڵام بەبێ شک شێوەی ژیانم ناگۆڕم.

**لە فارسییەوە: د. ئومێد حەسەن پوور (سەردەشت)**

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی (Focous)، ٤/١٠/١٩٩٩.

# بەکر نەبی لەنێوان دوو دنیادا

هونەرمەندی فۆتۆگرافی شاری هەولێر بەکر نەبی چوارەمین پێشانگەی فۆتۆگرافی تایبەتی خۆی لە گەلەری میدیا لە ڕۆژانی (١٢-١٤/٩/٢٠٠٤) نمایش کرد، زیاتر لە پەنجا وێنەی فۆتۆگرافی ڕەنگاوڕەنگی قەبارە (٣٠×٤٠سم) خستنە ڕوو، تابلۆکان ڕەنگدانەوەی جوانی و سیحراوی سروشتی ڕەنگینی کوردستان بوون، زۆربەی گرتەکان، گۆشەنیگای جوانیان پێوە دیاربوو، بنەماکانی هونەری فۆتۆگرافی تێیاندا بەرجەستە کرابوون.

هەروەک لەناونیشانی پێشانگەکەدا هاتووە، هونەرمەند لەمیانی ئەو دوو کۆمەڵە وێنانەی نیشانی دابوون، بەشێکیان ڕەنگدانەوەی جیهانی دەرەوەی سروشتی کوردستان بوون، بەڵام بەشەکەی تری وێنەکان گوزارشتیان لە جیهانی شاراوەی ناوەوەی سروشت دەکرد ئەوانیش ئەو دارشتنە سەیرانەی ناوەوەی ئەشکەوتێک بوون، زۆر لەم گرتانە مرۆڤ هەستی بەوە دەکرد لەبەردەم دەیان پەیکەری شاکاری هونەرمەندی دەستڕەنگین وەستاوە، ئەگەرچی زیاتر لە دەیات گرتە هی هەمان ئەشکەوت بوون، بەڵام بەبینینی گرتەکان هەستت بەخۆ جووینەوە نەدەکرد، هەر گرتەیەو جۆرە دارشتنێک و جوانییەکی خۆی هەبوو، نکوڵی لەوە ناکرێ لەنێو مەملەکەتی تاریکستانی نێو ئەو ئەشکەوتەدا چۆن توانیویەتی ئەو هەموو جوانیە شاراوەیەی سروشت بەرجەستە بکات، دیارە ماندووبوونێکی زۆری چەشتووە تا گەیشتۆتە مەرامەکانی.

جێی وەبیرهێنانەوەیە، هونەرمەند ئەگەرچی تەمەنی هونەری هێندە نییەو لە وەچەی گەنجەکانە، بەڵام عیشقی ئەم هونەرە وا سەوداسەری کردووەو بەهرەو توانای خۆشی بۆ خستۆتە گەڕ و توانیویەتی لەو ماوە کورتەدا هەنگاوی لەبار و دیار بهاوێژێ بەرەو بەرزی. ناوبراو لەساڵی (١٩٧٢) لە هەولێر چاوی بەدنیا هەڵێناوە، ساڵی (١٩٨٨) دەستپێکی کاری هونەری بووەو سەرەتا لە شانۆوە دەستی پێکردووەو دواتر خزاوەتە نێو جیهانی فۆتۆ. لە ساڵی (١٩٩٦) تا ئێستا لە هەشت پێشانگەی هاوبەش بەشداری کردووەو چوار پێشانگەی تایبەتیشی کردۆتەوە.

**ب. هەوراز**





## بۆ مامۆستا سلێمان شاکری هونەرمەند
## «عاشقی سروشت» بە ئومێدی سەلامەتی

دەمێکە من و تۆ لە یەکتر دەپرسین و خەمەکانی
هونەریمان بەبا دەکەین.
بووین بە ئازیز و «هاوکار»ی یەکتر.
خۆ دەمزانی هاوڕێ و ئازیزێکی ترت هەیە!
خانمێکی شەنگ و جوانە- ناوی (سروشت)ی کوردستانە
زۆر لەمێژە ڕەفیقێکی هەرە کۆن و بە تەمەن، ڕێچکە و
ڕێبازی خۆتە..
(دەشزانم واز لەمن، لە خزم و دۆست و برادەران دەهێنی،
بەڵام واز لە «سروشت» ناهێنی!)
زویر نابم هەقی خۆتە...
«سروشت» دیاردەیەکی بەهێزو زاڵە لەسەر دڵ و دەروونت
خود و زاتی خۆتی پێ ئاوپرژێن دەکەی
بەڵێ سروشت: شەوچەرەی شەوانی زستانتە
کزەبای شەماڵی هاوینتە
گزنگی بەیانی ڕۆژانی بەهارتە
جوانی و خۆشی و گەڵاڕێزانی پایزتە
هەناسەتە
پێناسەتە
چونکە هەر «سروشت» بوو لە دەریای واقیعەوە خۆی پێ
نیشان دایت و عاشق و گیرۆدەی بوویت
حەقی خۆتە
مافێکی «سروشتی» خۆتە
ئەوەندە (سروشت)ت خۆش دەوێ
هەردەم لەبەر چاوت ناکەوێ
ئەوەتا جێ پەنجەکانت لەنێو جەستەیدا نقووم بووە و
نازانی چۆن بیرازێنیتەوە و بیکەی بە بووکی مراز
خۆشت دەوێ، وەکو سادەیی و ساکاری و پاکی خۆی
گەلێ جاران، بەدزییەوە دەڕۆیت و دەبیت بە میوانی
(سروشت)
لەوەخت و زەمەنی جیا جیا..
«سروشت»یش بە دەست بەتاڵیی ناتگەڕێنێتەوە!!
بەڵێ وام زانیوە لەخۆشەویستی «سروشت»دا هەندێ جار
ئەگەر سرووشی (بابەت)یش هات، ئەوە بەیەکەوە
ڕەسمیان دەکێشی!
واتە (بابەت و سروشت)، ئەو بابەتانەی کە
بە پۆشاکی فۆلکلۆری کوردی پۆشراون. ئەوەشیان
مافی خۆتە... حەزی خۆتە..
دەی با ئەوەشیانت لێ ئاشکرا بکەم!
کە هەندێ جاران دەستی (سروشت) دەگریت و دەیبەی
لەنێو خانوو و بەرەیەکی ساکاری کوردیدا جێژوانی خۆتی
لەگەڵدا دەکەی و لەسەر سفرەی (بارانی ڕەنگی ڕۆنی)
کە زۆر حەزیان لێ دەکەی، کەسنەزانم ڕەسمیان دەکێشی،
ئینجا لەپاشاندا دێیت و پێمان دەناسێنی
چقەیدییە مامۆستا.. لێت ناگرین
چونکە تۆ سەربەستی!!
بەڵێ مامۆستای بەڕێز..
ئەمانە هەر هەمووی.. خەسڵەتەکانتە و تایبەتە بە دنیا
ڕەنگاڵەییەکانی خۆت..
دەکرێ شتی تریش هەبن من نەیزانم؟!
... ئەوەشیان هەر ماف و حەزی خۆتە
ئارەزوو و خەمی خۆتە.

**دارا محەمەد عەلی**



# گەورەترین پێشانگای کتێب و کەمترین خوێنەر

لە پێشانگایەکی کتێبدا، کە نزیکەی (٢٥٠٠) ناونیشانی جۆراو جۆر لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی نمایش کرابوون، هەروەها لە ڕووی نرخیشەوە داشکاندن بەڕێژەی ٢٠٪ بۆ هەر کتێبێک هەبوو، کەچی خوێنەران و کڕیارانی کتێب لە پەنجەی دەست تێپەڕیان نەدەکرد و ئەمەش ئەوە دەخوازێت، کە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و لەو هۆکارانە بکۆڵرێتەوە، کە خوێنەرانی کتێبیان بەو ئاقارەدا بردووە، کە تەنانەت، ئەگەر بۆ تەماشاکردنیش بێت سەردانی کتێبخانەو ئەم جۆرە پێشانگایانە نەکەن، کە بۆ کتێب ساز دەکرێت. لەمەڕ نەخوێندنەوەی کتێب و کەمبوونی خوێنەرانی لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ئەم ڕیپۆرتاژەمان سازکرد و ئەمەی خوارەوەش پوختەیەکی بۆچوونەکانە: لە سەرەتا نووسەر و وەرگێڕ بەڕێز کەریم سۆفی بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن: لە مێژە وتوویانە «کتێب خۆراکی مێشکە» هەروەها کتێب و کتێبخانە وەک دیاردەیەکی شارستانی و سیمبولی ڕۆشنایی نەتەوەو گەل خۆی دەنوێنێ و بەیەکێک لە پێوەرەکانی ڕادەی پێشکەوتنی گەلان دەژمێردرێ.

کاتێ پێشانگایەکی کتێب دەکرێتەوە، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت زۆرترین کەس لە خوێنەران بە پیریەوە بچن و وەک خۆ پیشاندانێکی جەماوەری پێشوازی لێبکرێت و زۆرترین کتێبی تێدا بفرۆشرێت، بەڵام وەک دیارە بارودۆخەکان لەهەموو سەردەمێکدا وەکو یەک نین و لە گۆڕانی بەردەوامدان چ ڕووەو هەوراز، چ ڕووەو نشێو. لای هەموان ئاشکرایە هەر لەمیانەی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق- ئێرانەوە بیگرە تا ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و تابە ئەمڕۆ دەگات، گەلی عیراق بەگشتی و گەلی کورد و کوردستان بەتایبەتی ڕووبەڕووی سەدان نسکۆ و نەهامەتی و ماڵوێرانی و دەربەدەری و ڕاوەدوونان و ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و بێ سەروشوێنکردن و ئاکامی شەڕە ناوخۆییەکان و خراپی باری گوزەران و چەندان جۆر لە ئابلووقەی ئابووری و سیاسی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و دەیان شێوازی دیکەی تەنگ پێ هەڵچنین و بگرەو بەردەو دڵە ڕاوکێ و... تاد، ئەمانە هەموویان و ناسەقامگیری سیاسی وڵات و ناوچەکەش هەریەکەو بە دەوری خۆی بەشداریی و کاریگەری خۆیان هەبووە لە ماندووکردنی مێشک و چاندنی تۆی دڵساردی و نائومێدی بە ڕادەیەک کەوا مێشک بە ئاراستەیەک جووڵە بکات کە جۆرە سارد و سڕیەک لە دنیای خوێندنەوە بێنێتە ئاراوە، دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە دوای ڕاپەڕین و ئەو شێوە بەرژەوەندییە مادی و گۆڕانکاریانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، هەروەها ئەو هەلومەرجانەی کە لە ئەنجامی هاتنە ناوەوەی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و کۆمپیوتەر و دەیان و سەدان کەناڵی تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێت، تا ڕادەیەکی زۆر وەک سەرچاوەیەکی بەدیل لای زۆر کەس بەتایبەتی چینی لاوان و قوتابیان، دەستی لە خوێندنەوە ساندووە، خەڵکێکی زۆر زیاتر حەز دەکەن، شتەکان هەر بە چاو و بەگوێ ببینن و ببیستن، تاقەتی ئەوەیان نەماوە کە بەدیار خوێندنەوەی ڕۆمانێک، یان لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری، یان کتێبێکی گەورە دانیشن و مێشکی خۆیان بکوشن بۆ هەڵکڕاندنی زانیاری، ئەگەر بەرژەوەندییەکی مادی بەرچاوی لەپشتەوە نەبێت. بەکورتی ئالیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ خوێندنەوەش وەکو ئالیەتی کاروبارەکانی دیکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، پاشان خوێنەر و خوێندەوار، زیاتر ڕوویان لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە و کارەکەش لە حاڵەتی وەرچەرخانە بەرەو پسپۆڕێتی. ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییەو نابێ بە چاوی نائومێدییەوە سەیری بکەین و بڵێین خوێنەری کتێب نەماوە، یان کەم بووە، نەخێر بەلای منەوە بە پێچەوانەوە، زۆرتر بووە، بەڵام وەک وتمان ڕەوتەکە بەرەو ئاراستەی پسپۆڕێتی لە جووڵەدایەو خوێنەریش زیاتر بەدوای بواری بایەخ پێدانی خۆی دەکەوێت. لەناو هەموو میللەتانیشدا وابزانم خوێندەوار هەیەو خوێنەریش هەیە، مەرج نییە هەموو خوێندەوارێک، خوێنەری باش بێت. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت، مەسەلەی خوێندنەوە زەوقە و هونەری خۆی گەرەکە، ئەگەر ئەم زەوقە نەبوو، با دەوروبەری هەموو کتێب بێت! بۆیە دەڵێم مەسەلەی خوێنەر، مەسەلەیەکی ڕێژەییەو ئەم ڕێژەییەش زیاتر بەرەو دەستەبژێری هەنگاو دەنێت.

بۆ برەودان و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری خوێنەر و خوێندنەوە، پێم باشە هەر لەسەرەتای قۆناغی ناوەندییەوە لەپاڵ وانەیەکی پەروەردەیی، یان کۆمەڵایەتی، وانەی کتێب و کتێبخانەش بخوێندرێت و بەتایبەتی کتێبخانەی قوتابخانە بایەخی زیاتری پێ

بدرێ و ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ڕێگەی تەرخانکردنی کادیری کارامەو پسپۆر بۆ پتەوکردنی پێوەندی نێوان خوێنەر و کتێب و شەوق و زەوقێک لە مێشکی قوتابی بخوڵقێنێت بەشێوەیەک پەروەردە بکرێن کە لەگەڵ کتێب بنە هاورێ و خۆشەویستی یەکدی تا لە کۆتاییدا ئەندامێکی چوست و چالاک و خوێنەرێکی کارامە و لێوەشاوەیان لێ دەربچێت بۆ دەوڵەمەندکردنی کولتووری نەتەوەیی و خزمەت گەیاندن بەگەل و نەتەوەو دەوروبەر.

هەروەها ڕێکارێ مزوری نووسەر هۆی نەخوێندنەوەو نەکڕینی کتێبی بۆ چەند هۆیەک گێڕایەوە، لەوانە:

١- ئاستی نزمی باری ژیانی خەڵک و گرانی کتێبەکان.

٢- کەمی هوشیاری خەڵک بەگرنگی و بایەخی زانیارییەکانی کتێب بەتایبەتی قوتابیان بەهەمو قۆناغەکانیانەوە و لاوەکان بەگشتی

٣- پەرەنەدان بەگەورەکردن و فرەوانکردنی کتێبخانە و کتێبەکان و هەروەها کەمی کتێبخانە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی بۆ نموونە: شاری هەولێر، کە دوو کتێبخانە زیاتری تێدا نییە.

٤- گرنگی نەدان بە کتێبخانەی منداڵان و مێردمنداڵان.

٥- ڕوون و ئاشکراشە کە هۆکارەکانی دیکەی تەرفیهی وەک سەتەلایت و ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر.

بۆیە بە پێویستی دەزانین، کە لایەنانی پێوەنداری وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری، پەروەردە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەوڵێک بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەو گرفتانەی، کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردو دیارە کتێبیش خوێنەرانی جارانی بۆ دەگەڕێتەوە.

هەروەها لە پێشانگاکەدا لە کاتێکدا دوو ئافرەت خەریکی هەڵبژاردنی کتێب بوون و نەیانویست ناویان بنووسرێت سەبارەت پێشانگاکە بە گشتی و خوێنەرانی کتێب بەتایبەتی لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە لەبەر ئەوەی ڕۆژگاری ئێستا وەکو جاران نەماوەو گێتی زیاتر بەرەو بەتایبەتکردن دەڕوات؛ خوێنەرانی کتێبیش، وەکو جاران نەماون و هەر یەک دەیەوێت زیاتر لە بوارەکەی ڕۆشنبیری پەیدا بکات. هەر بۆیە تەماشا دەکەین خوێنەرانی کتێبیش ڕەچاوی ئەم خاڵەیان کردووەو بۆ نموونە: ئێستا لەبەر ئەوەی ئێمە پزیشکین لە پاڵ کڕینی چەند کتێبێکی پزیشکی کتێبی چێشتخانەشمان کڕیوەو دیارە لە مەشدا دەمانەوێت لە ماڵەوە ئەو خۆراک و خواردنانە دروست بکەین، کە سەرنجمان ڕادەکێشێ و سەرەدەری لێ دەردەکەین و بۆیە ڕەنگە خەڵکی دیکەش وەکو ئێمە بێت و ئەوانیش ئەو کتێبانە بکڕن، کە لە بوارەکەی خۆیان نزیکە و شارەزایی و پسپۆڕی لێ پەیدا دەکەن.

بەڵام عەباس نەجات و یاسین محەمەد عەزیز قوتابیانی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پزیشکی پێیان وابوو، هۆکارێک، کە وای لە خەڵک کردبێت بەلای خوێندنەوەی کتێب و تەنانەت ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشەوە نەچن؛ بوونی شتی دیکەی تەرفیهی وەک سەتەلایت و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت، کە بە کەمترین ماندوو بوون و خۆ خەریککردن زۆرترین ڕۆشنبیری و زانستی دیکە فێردەبن، هۆیەکی دیکەیە بۆ نەخوێندنەوەی کتێب وەکو جاران لەلایەن خوێنەرانەوە، لەگەڵ ئەمەشدا تارادەیەک کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش دەخوێندرێتەوە لەلایەن ئەو کەسانەی، کە بایەخ و گرنگی بەڕۆشنبیری و نووسین دەدەن. نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت، کە دەستپێکردنەوەی وەرزی تازەی خوێندن و کردنەوەی کۆلێژەکان هۆیەکی دیکەی نەخوێندنەوەی دەرەکین، لەبەر ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کە قوتابیان زیاتر خۆیان بە خوێندنەوەی مەنهەجەکانیان خەریک دەکەن و ئەمەش هەر بە خوێندنەوە پێوانەی بۆ دەکرێت.

لە کۆتاییدا هەندرین عەبدولقادر حەمەد بەڕێوەبەری کۆمپانیای کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەو دابەشکردن سەبارەت کردنەوەی پێشانگاکە لە کتێبخانەی ناوەندی شاری هەولێر و سەرفیاتی کتێب گوتی: «ڕوون و ئاشکرایە، کە کردنەوەی ئەم پێشانگایە لە کتێبخانەی ناوەندی شاری هەولێر بە بۆنەی نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی ناوبراو بانگهێشت کردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆی خوێنەرانی کتێبە بۆ کتێبخانەکە و ئەمڕۆش، کە چوارەمین ڕۆژی پێشانگاکەیە نزیکە بایی (٣٠) ملیۆن دینار کتێبمان لە هەموو ناونیشانە جۆراوجۆرەکان فرۆشتووەو ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە هێشتا خوێنەرێکی زۆر زۆر لە هەولێر هەیە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو»

هەروەها سەبارەت خوێنەرانی کتێبیش گوتی: «هەست دەکرێت، کە ئەو کەسانەن، کە دەیانەوێ فێری زمان بن و جگە لە خوێنەری سیاسی و هزری و مێژووییشمان زۆرن و هیواداربن زیاتر بن»

شایەنی باسە ئەم ڕیپۆرتاژەمان لەو پێشانگای کتێب سازدا، کە ڕۆژی ٢٠٠٤/٩/٢٧، بە چاودێری وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمپانیای کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەو دابەشکردن گەورەترین پێشانگای کتێبی لە کتێبخانەی ناوەندی شاری هەولێر کردەوەو تیایدا چەندین دەزگای بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی عەرەبی و فارسی و ناوخۆ بەشدارییان تێدا کردبوو و وەک بەڕێوەبەری کۆمپانیای کوردستان ئاماژەی بۆ کرد نزیکەی (٢٥٠٠) ناونیشانی جۆراو جۆری کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی نمایش کرابوو؛ داشکاندنیش بەڕێژەی ٢٠٪ بۆ هەر کتێبێک هەبوو.

**ئا: شوان عومەر**

# سمیناری «بەرەو بووژاندنەوەی شانۆی کوردی لە هەولێر»

ئەمەیان یەکەمین جار نییە، کە باس لە قەیرانی شانۆ و بەرەو بووژاندنەوەی شانۆی کوردی دەکرێت لەمەڕ هەموو لقەکانیەوە وەک (دەق، دەرهێنان، بینەر، ڕەخنەی شانۆیی.. تاد) لەنێوان هونەرمەندان و هونەر دۆستانی شانۆی کوردی چ لە کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن چ لە کۆڕ و سمینار، بەڵام ئاشکرایە تا ئێستا پرۆژەیەکی تەواو سەبارەت بە شانۆی کوردی لە ئارادا نییە، تۆ بڵێی سمیناری «بەرەو بووژاندنەوەی شانۆی کوردی»، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژانی ٢٣-٢٠٠٤/٩/٢٤، لە هۆڵی میدیا لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، شانۆی کوردی لەو قەیران و ئەزمەیە دەربێنێ، کە تێی کەوتووە، یان نەء، لەمەڕ بووژاندنەوەی شانۆی کوردی و چەند لایەنێکی پێوەندیدار ئەم ڕاپۆرتەمان سازدا و ئەمەی خوارەوەش پوختەیەکی بۆچوونەکانە:

### بایەخ و گرنگی کات

ڕوون و ئاشکرایە، کە کات بایەخ و گرنگییەکی خۆی هەیە، ئەگەرنا بەڕێوەبەرانی سمیناری بەرەو بووژاندنەوەی شانوی کوردی، کە پێک هاتبوون لە موحسین محەمەد، ژیلوان تاهیر، کامەران حاجی ئەلیاس، چۆن (٦) خولەکیان دادەنا بۆ پێشکەشکردنی بابەتێکی وەک قسەو باس کردن لەسەر دەق، دەرهێنان، ئەکتەر، ڕەخنەی شانۆیی+ ڕاسپاردەو پێشنیازەکان بەتایبەتی لە دووەمین ڕۆژی سمینارەکە... ئەوجا هەندێک پێیان کەم بوو، هەندێکی دی زۆر، ئەمە مەسەلەیەک نەبوو. هەر بۆیە لە سەر ئەم بنەمایە هەرچی قسەو باس هەبوو یان ئەوەتا لە ماوەی (٦) خولەک، یا ئەوەتا کەمتر قسەی لەسەر دەکراو دەبڕایەوە.

### بەشدارانی سمینارەکە

بێگومان ئەوەندەی سەرنج و تێبینیمان کردبێت ئەم سمیناری بەرەو بووژاندنەوەی شانۆی کوردی، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان لە پایتەختی هەرێمی کوردستان سازکرا دەکارین بێژین یەکەمین سمینارە، کە بەم شێوە فرەوانە ئەنجام درابێت. بە واتایەکی دیکە زۆربەی نووسەرو ئەکتەرو دەرهێنەرو ڕەخنەگری شانۆی کوردی لە کوردستان هەیە، وەک لە پارێزگاکانی کوردستان (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) بەشدارییان تێداکرد. ئەمەش بەتەنها ڕاوبۆچوونی من نییە، بەڵکو ڕاوبۆچوونی هەموو ئەوانەیە کە بەشدارییان تێدا کرد. بۆیە ئەگەرچیش هەندێک لە ئامادەبووان کەمی ئامادەیی و بەشداریکردنی هونەرمەندانیان بە کەموکوڕی زانی، بەڵام زۆربەی ئامادەبووان ئەمەیان بە لایەنی لەباری سمینارەکە پێوانە بۆکرد، چونکە زۆر چاکیان دەزانی و هەستیان پێدەکرد، کەلە زۆریدا زیاتر لە بۆری ناخوێنرێتەوە، بۆیە پێیان وابوو ئەگەرچی خەڵکێکی کەم بەشدارییان تێدا کردووە، بەڵام هەموو شارەکانی کوردستانی گرتووەتەوە و بەمەش دەتوانین بڵێین: «ئەوەندە بەسە بۆ دەرککردن بە قەیرانی شانۆی کوردی و دانانی خاڵ لەسەر پیتی هۆکارەکانی نەبووژاندنەوەی شانۆی کوردی و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو، بۆ پێچەوانەکەی و بەمەش شانۆی کوردی لەو قەیرانە ڕزگاری دەبێت، کە تێی کەوتووەو ئەو بووژاندنەوەیە دەست پێدەکات، کە لە سمینارەکەدا بانگەشەی بۆ دەکرا.

### هونەرمەندان و ئەکتەران و ڕەخنەگرانیش قسەی خۆیان هەیە

بێگومان لەیەکەمین ڕۆژ و دووەمین ڕۆژی سمینارەکەدا، کە وەک ئاماژەمان بۆ کرد هونەرمەند و نووسەرێکی زۆری شانۆی کوردی لە کوردستاندا بەشدارییان تێدا کرد؛ هەروەها ڕەخنەگرێکی زۆریش. دیارە ئەمانەش لە ماوەی تەرخانکراودا هەرچی پێیان بوو و شکیان پێدەبرد خستیانە بەر قسەو باس و لە ئاکامدا ڕاوبۆچوون گەلێکی زۆریان سەبارەت بەبووژاندنەوەی شانۆی کوردی ورووژاند لەوانە سابیر عەبدولڕەحمانی هونەرمەند یەک لە هۆکارەکانی بوونی ئەو قەیرانەی، کە شانۆی کوردی تێی کەوتووە بۆ نەبوونی خۆشەویستی و تەبایی گێڕایەوە، کە بەچ شێوەیەک بوونیان نییە لەنێو شانۆکارانداو لەمەشدا بێگومان نەک هەر شانۆ، بەڵکو هەموو شتەکانی کورد بەخۆشەویستی دەبووژێتەوەو پێش دەکەوێت.

هەروەها جیهاد دڵپاکی هونەرمەند لەم بارەیەوە پێی وابوو، کە شانۆی کوردی بە بڕیار نابووژێتەوە و ئەگەرچیش ڕاستە کۆبوونەوە و سمینار، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو دیالۆگ شتێکی شارستانییە و لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ ئەم قەیرانەی شانۆی کوردی و ئەگەر توانیمان خۆمان لێی دەربازکرد ئەوە شانۆی کوردی دەبووژێتەوە و پێش دەکەوێت.

دواتر جیهاد دڵپاک هاتە سەر هۆکارەکان و گوتی: «یەکەمین قەیران لە خودی هونەرمەندی کوردە و ئیدی بۆچی بیخەینە ئەستۆی دەسەڵات و حکومەت، هەرچەندە ڕاستیشە، ئەگەر لەم لایەنەوە هەندێک کەموکوڕیش هەیە لە داو و دەزگاکانی حکومەت، بەڵام هونەرمەندی کوردیش پشکێکی زۆری بەر دەکەوێت و ئەمیش ئەو عیشقەی جارانی نەماوە، لەبەر ئەوەی خەریکی ئیش و کاری ڕۆژانەیە و ئەمە وای لێدەکات، کە فریای ئەوە نەکەوێت، کە بخوێنێتەوە و خۆی ماندوو بکات وەکو ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکان، کە مووچەکەی، یان پارەکەی بەشی دەکرد و ناچار دەبوو خۆی بۆ هونەر تەرخان بکات. ئێستا خۆ تەرخانکردن نییە، ئێوارە

دەگەڕێتەوە ماڵ سیلاک بووە، واتە خودی قەیرانەکە لە هونەرمەندی کوردە، بە دواداچوونی نەماوە، ڕۆشنبیری جارانی نەماوە، خەمی جارانی نەماوە. ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکە هەر ئەمەش وامان لێدەکات، کە قەیرانەکە نەخەینە سەر بابەتە مەوزوعییەکان و ئەگەرچیش کۆمەڵێک بابەتی بابەتیش هەن بۆ نموونە: پشتگیرییەکی باش بۆ بەرهەمهێنان، هەرچەندە تا ڕادەیەک باشە، بەڵام دەکرێت باشتر ببێت. هەروەها نەبوونی تەفەروغ بۆ هونەرمەند و نەبوونی ئامێری باش و نەبوونی هۆڵی لەبار و بەتوانا هۆکارێکی دیکەیە بۆ دروستبوونی تەنگژەکە و نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، ئەگەر ئێستا کام تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو هەیە، هەروەها باشترین هۆڵ، باشترین ڕووناکی و باشترین بوجە فەراهەم بکرێت، کە دەرهێنەر، یان ئەکتەر هیچی لەبار نەبوو بڕوابکەن هیچ ناهێنێ و بۆیە دەبێ هونەرمەندی کورد چاو بەخۆیدا بخشێنێتەوە، بەڵام ڕەفیق نووری حەنا بۆ دەرباز بوون لە تەنگژە و قەیرانەکە و بووژاندنەوەی شانۆی کوردی هەموو بۆچوون و تێڕامانەکانی لە دووخاڵدا چڕ کردەوە، کە ئەمیش لە پاڵ دوورکەوتنەوەی هونەرمەند لە ستاف و گرووپ گرووپانێ و هەوڵدان و ئیش کردن لە پرۆژەیەکی گەورە بە جۆرێک زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، وەک ئەوەی لە درامای تەلەفزیۆنی مەمی ئالان کرا، هەوڵ بدرێ نیمچە جیهانگەراییەکی تێدا ڕەنگ بداتەوە و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی کوردانەدا بەرجەستە بکرێت. شیاوی ئاماژە بۆ کردنە هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمانیش وێڕای دەستنیشانکردنی چەند ڕەخنەیەک لە خودی سمیناری بەرەوبووژاندنەوەی شانۆگەری کوردی و پێوەندی نێوان وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بە هونەرمەند و کارە هونەرییەکانی هەمان ڕاوبۆچوونی هونەرمەند ڕەفیق نووری حەنای هەبوو، وەک پێشنیارێک بۆ دەربازبوون لەم ئەزمەیە و بووژاندنەوەی شانۆی کوردی.

**شانۆ نابووژێتەوە هەتا**
**هەولێرو سلێمانی نەبن بەیەک**

نەک هەر ئێستا، بەڵکو لە هەموو دەور و زەمانێک هەروەک چۆن شانۆ ناسنامەی گەلان بووە ئەوهاش سیاسەت چ لەناوخۆ چ لە دەرەوە کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر پێشکەوتن و دواکەوتنی هونەر بەگشتی، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وای لە (فەتاح) دەرهێنەری شانۆیی کردبێ، کە بگاتە ئەو بڕوایە، شانۆ نابووژێتەوە هەتا کورد ناو ماڵی خۆی ڕێک نەخاتەوە و دوو ئیدارەکە نەبن بەیەک.

**ڕوئیای دەرهێنەر و**
**گرفتە لابەلاییەکان**

یەکێک لە تەوەرەکانی سمیناری بەرەو بووژاندنەوەی شانۆی کوردی ڕوئیای دەرهێنەر و گرفتە لابەلاییەکان بوو، کە زۆربەی ئامادەبووان لە موداخەلەکانیان لەپاڵ تیشک خستنە سەر موعاناتی تایبەتی خۆیان لەگەڵ ئەم و ئەو بەرپرسی شانۆیی، یان نەبوونی شوێنی پرۆڤە و نمایشکردن. بەڵام هونەرمەند حسێن مسری ئەمانەی هەموو بەشتی لابەلایی لە قەڵەم داو گوتی: «من هیچ گرفتێکم لەم لایەنانەوە نییە و ئەز بەش بەحاڵی خۆم گرنگ ئەوەیە ڕوئیام بۆ دەقەکە چییە، تێبینیم بۆ دەقەکە چییە و تا چەند لەگەڵ هونەر و لەگەڵ ستافەکەی خۆتدا ڕاستگۆی لە هەموو شتێک گرنگترە، چونکە ئیشەکانی دیکەی وەک ڕووناکی و جلوبەرگ و هۆڵ بۆ خۆیان پەیدا دەبن.

هەروەها ئەوەشی گوت، کە کێشەی ئەم، بینەریش نییە، چونکە کەی گرفتە هۆڵێک جێی (١٥٠٠) کەسی لێ دەبێتەوەو (٥٠) کەس بێن بۆ دیتنی شانۆگەری، لە کاتێکدا ڕوون و ئاشکرایە، کە ئەم ژمارەی دووەمیان بینەری منەو دەبێ ئەوەش زۆر چاک بزانین کە بینەری ئەمڕۆ گەلێک جیاوازی هەیە لەگەڵ بینەری دوێنێ.

لەبەر ئەوەی بینەری ئەمڕۆ پێش تۆ پرسیاری هەیە، واتە، کە تۆ ئامرازەکانی وەڵامی پرسیارەکانت نەبێت چ بە بینەران دەڵێیت و چۆن خۆت دەپەڕێنیتەوە.

**ڕەخنەو هەڵسەنگاندن**


بێگومان بۆ زانینی ئاستی هەر کارێکی هونەری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن باشترین فاکتەرە،

بۆیە هونەرمەند خەلیل یابە ئەمەی بە کەموکوڕییەک دانا لە شانۆی کوردی و پێی وابوو لەگەڵ پێشکەشکردنی ئەو هەموو شانۆگەرییە هێشتا شانۆی کوردی لە قەیراندایە و پێویستی بە بووژاندنەوە هەیەو دیارە بۆ هاتنەدی ئەم ئامانجەش زیاتر پێویستیمان بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن هەیە، بۆ ئەوەی باش و خراپ لێک جیا بکرێتەوە.

**کۆن و نوێ**

کۆن و نوێ لەچ دەوروزەمانێکدا نەپێکەوە هەڵیان کردووە نەبێ یەکیش. بۆیە تەها خەلیلی هونەرمەندیش پێی وابوو، ئەگەر بمانەوێ شانۆی کوردی ببووژێتەوە، نابێ بەهیچ شێوەیەک فەرق و جیاوازی لە نێوان هونەرمەندە بەتەمەن و خاوەن ئەزموونەکان و هونەرمەندە لاو و تازە پێگەیشتووەکان بکەین، واتە نەوەی کۆن و نەوەی نوێ، لەبەر ئەوەی هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و بەبێ یەک کارە هونەرییەکان کرچ و کاڵیان پێوە دیارە بە تایبەتی کاتێک بۆ ڕۆڵێکی بەساڵاچوو لاوێک بە ماکیاژ ئامادە دەکەیت و ئەگەر لەوەش دوورتر بڕۆین وەک هونەرمەند ئازاد جەلال گوتی: کەسی وا هەیە تەمەنی (١٥)ساڵە کەچی کۆنترین و سەلەفیترین مرۆڤە لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا بۆیە هونەرمەند کۆن نابێت، ئەگەر بەناو ساڵیش بکەوێت.

**ڕاپۆرتی: شوان سەرابی**



# فریدلیم مینکس له سلێمانی

له نۆبەرەی ئەو چالاکییە هونەرییانەی کە تاقیگەی «هونەر هونەر» لە شاری سلێمانی ئەنجامی دەدات، ئەو سیمینارە هونەرییە ڕەخنەییە بوو کە بۆ پرۆفیسۆری ڕەخنەگری هونەری (فریدلیم مینکس) لەماوەی چوار ڕۆژدا، لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی سازی کرد، سیمینارەکان کە لە ڕۆژانی (٢٥-٢٨/٩/٢٠٠٤) بەڕێوەچوون بریتی بوون لە دوو سیمیناری ڕەخنەیی چڕ و پڕ، کە پرۆفیسۆر (فریدلیم) بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی پێشکەشی کرد و لەلایەن وەرگێڕی تایبەتی تاقیگەی (هونەر هونەر) بۆ ئامادەبووان ڕاستەوخۆ دەکران بە زمانی کوردی.

سمیناری یەکەم لەژێر ناونیشانی (فرانسیس بەیکۆن و ڕەگەکانی لەنێو هونەری سوریالیزم و پیکاسۆدا) لەم سمینارەدا ڕەخنەگر سەرەتا لە ڕۆژی یەکەمدا باسی لە چۆنیەتی کارکردنی فرانسیس بەیکۆن کرد لە ڕووی تەکنیک و بارستە و هێڵ و بۆشاییەکانی جگە لەمەش هەندێ لایەنی بابەتیانەی جەوهەری کارەکانی خستەڕوو لە ڕۆژی دووهەمیشدا کە لەسەر هەمان بابەت دوا قسەی لەسەر (پۆرترێت) لەکارەکانی (بەیکۆن) و کاریگەریی دەروونییەکانی هونەرمەند کرد لەسەر کارەکانی.

سیمیناری دووەمیش کە دوو ڕۆژی خایاند لەژێر ناونیشانی («جۆزیف بیوس» هونەرێک بە دەر لە جووڵە) بوو، لەوێدا ڕەخنەگر بەتێر و تەسەلی هەموو لایەنە تەکنیکی و مەعریفییەکانی هونەرمەند (جۆزیف بیوس)ی هەڵوەشاندەوە و قسەی لەسەر سەرجەم بابەتە ئیستاتیکی و تەکنیکیەکانی کرد ئەمە و کە لە درێژەی هەر چوار ڕۆژی سیمینارەکاندا کۆمەڵێ هونەرمەند و هونەردۆستی تایبەت ئاماژەی ئەم چالاکییە ببوون، بە پرسیار و تێبینییەکانیان، سیمینارەکەیان دەوڵەمەند کرد.

جێگای ئاماژە پێکردنە پرۆفیسۆر (فریدلیم مینکس) لە ساڵی (١٩٤٠) لە ئەڵمانیا لەدایک بووە و خوێندنی لەبوارەکانی ئایین و ڕامیاری و فەلسەفە تەواو کردووە و تا ئێستا چەندین کتێبی ڕەخنەیی دەربارەی هونەری شێوەکاری و میوتۆد و بنەما ئیستاتیکیەکانی بەچاپ گەیاندووە و یەکێکە لە ڕەخنەگرە وریاکانی بواری هونەری شێوەکاری و ڕەخنەکانی ئەو بایەخی تایبەتیان لە سەرانسەری دنیادا هەیە.

ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە کە تاقیگەی (هونەر.. هونەر) بازنەیەکی هونەری تۆکمەیە و کۆمەڵێک هونەرمەندی جیدی کە لە ڕوانگەی فەلسەفە و فیکرەو لە هونەر دەڕوانن لە دەوری کۆبوونەتەوە و نیازیانە لە ئایندەدا بایەخەکانیان لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنە و دیدگا دیکۆمێنتی و تێڕوانینی ئاستە باڵاکان چڕ بکەنەوە.

**حەمە هاشم**

---

# پێشانگای داهێنەرانی بێ سنوور

له ڕۆژی (١/١٠/٢٠٠٤) لەهۆڵی مۆزەخانە- لە شاری سلێمانی، پێشانگای (داهێنەرانی بێ سنوور) بۆ هونەرمەندانی عیراقی (گرووپی ئەفکار) کرایەوە، ئەم پێشانگایە کە لە چوارچێوەی میهرەجانی (پێکەوە ژیان)دا ساز کرابوو، نزیکەی (٢٩) هونەرمەندی شێوەکاری بە (تابلۆ و پەیکەر و سیرامیک) بەشدارییان تێداکردبوو، ئەوەی جێگای سەرنجە لە پێشانگاکەدا کاری هونەری باش و خراپ بەشێوەیەکی ڕەمەکی تێکەڵ کرابوو، هەندێ کاری داهێنەرانەی پڕ لە تێڕوانین و دەربڕین، لە تەنیشت کاری لاوازدا نیشان درابوون ئەم حاڵەتە لە ماهییەتی پێشانگاکەی کەم کردبۆوە.. واپێدەچێ ئەم بارە لەوەوە سەری هەڵدابێت، کە ئەم گرووپە هێندەی مەبەستیان بووە زۆرترین کەس بەشداری بکات، هێندە گوێیان لە ڕەهەندەکانی بە پێزی و بارە ئیستاتیکی و تەکنیکە بەهێزەکان نەبووە، ئەمە لە کاتێکدا (گرووپی ئەفکار) لەسەرەتادا بەهێز و توانستێکی باشەوە هاتنە مەیدانی هونەری شێوەکاری عیراقی و تائێستاش چەندین پێشانگای دانسقەیان ئەنجام داوە.

کەچی ئەم جارە بە لاوازیەوە خۆیان نمایش کرد، ئەگەرچی ئەم لاوازیە سەرجەم کارە هونەرییەکانی نەگرتەوە.. شایانی باسە (گرووپی ئەفکار) لە کۆمەڵێ هونەرمەندی ئەکادیمی پێکهاتوون کە بەگوتەی خۆیان کاتی خۆی دروستکردنی وێنەی (صدام)یان ڕەتکردۆتەوە، هەر لەدوای ئازادی عیراق ئەم گرووپە خۆی ڕاگەیاندووە و لە مانگی تەمموزی ساڵی (٢٠٠٣) یەکەمین مانیفێستۆیان بڵاوکردۆتەوە، لە (٢٩/٩/٢٠٠٣) یەکەمین پێشانگای هاوبەشی خۆیان کردۆتەوە، لەچلەی ماتەمینی (سێرجیۆ دیمیلۆ)ی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەم پێشانگایەیان وەک بەرەنگاربوونەوەیەک بۆ تیرۆر وەسف کردووە.

ئەمە و چەند پێشانگایەکی دیکەیان لە شارەکانی عیراقی و پێشانگایەکیان لە ساڵیادی (هەڵەبجە) لە سلێمانی کردۆتەوە و سێ پێشانگایان لە فەرەنسا و پێشانگایەکیان لە جنێف کردۆتەوە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەو (٢٩) هاوبەشەی پێشانگاکە هەموویان سەر بە گرووپی (ئەفکار) نین، وەکو میوان بەشدارییان کردووە، ئەوەی ماوەتەوە ئەم گرووپە لە بیروڕایەکانیاندا، هونەر وەکو کایەیەکی مەعریفی تۆکمە و نزیک لەڕۆحی مرۆڤ دۆستی و هۆشیاری سەیر دەکەن و پێیان وایە ئەمڕۆ لە عیراق دوای ئەو هەم و نەهامەتی و نیگەرانییە پێویست دەکات پەنجەرەیەک لە جوانی و خۆشەویستی بکرێتەوە کە ئەمەش بە هونەر مەیسەر دەکرێت، هەبێت و وانیشان بدرێ کە هونەر لەنێو جەنگەڵەکانی شەڕ و نەهامەتییەکانیش هەر بوونی هەیە.

**هەناسە**

# شەڕێ چەمێ سۆفیانێ

**گوتنی: سەید شملی**



لۆ وەی لۆ، لۆ وەی لۆ، لۆ وەی لۆ،
لۆ وەی لۆ، لۆ وەی لۆ، لۆ وەی لۆ،

هەندەکی دەڵێن، ئەوە تەمە، هەندەکی دەڵێن ئەوە تومانە، هەندەکی دەڵێن ئەوە ڕۆژێ دژێ هەورە.

ئەما (عەبابەکر) ب سێ دەنگا گازی دەکرد لە (لەزگینێ) برا، خۆزی سەرێ من ببا بە گۆڕێ سەرێ لەزگینێ برا هەرچی دەمێ لە چیایێ عەرەبیێ دەرێ (کچک چاپا) ددەنە شۆلێ، (ئاسیایێ) ب سێ دەنگان دکر گازی (گولی جەوەر) خۆزی وەزێ من و تو دێران باینە، بەرێ خۆ بدەینە چەمێ سوفیانێ، مێزە بکەینە بەرخێ ماڵێ (شەکرە ئاغا) وا لەگەڵ ماڵێ (عەمەر ئاغا) ئەمن دەڵێم برا لەسەر برینێ مێران ئاخیر دەورانە یۆ، یۆ، یۆ، ئاخ

ئەمن دەڵێم خورتی گوندان کەکێ (سمکۆ)یە ئەوەی چەپەران دەشکینی (جەمیلێ حێجی) سواری (بەشۆیە) ئەوەی لە ئۆرتێ مەیدانێ دەسەکنی، ڕیشێ چادران دەپسێنی، دەرکێ تۆپان دەستێنی، ئەویش خەڵک و عالەم دەزانن ئەوە (عەبدولکەریم)ە، سواری جوانییەکی (گێور عورچۆ)یە، میرو، یۆ، یۆ، ئاخ. لۆ وەی لۆ، لۆ وەی لۆ، لۆ وەی لۆ.

شەڕەکێ گەلەک گران دادەکەتە چەمێ سوفیانێ برا من گۆ پایزە سەرێ (وەزنەکارە) یۆ، یۆ، ئاخ.

بەفران لێ کر، جەمەدان هاوێتە دەوێ کانییا، خوساران گرتبوو برا چەخماخی جامبێزاران، یۆ یۆ، ئاخ.

ئاسیایێ ب سێ دەنگان دکر گازی گولی جەوەر خۆزی من و تو دێران باینە، بەرێ خۆ بدەینە چەمێ سۆفیانێ، مێزە بکەینە بەرخێ ماڵێ شەکر ئاغا وا لەگەڵ ماڵێ عەمەر ئاغا ئای من گۆ لەگەڵ سەرێ زابیتان و قوماندارە، میرۆ، یۆ، یۆ، ئاخ.

فەرهەنگۆک:

١- مێزە بکەین: بروانینە
٢- بەشۆ: ناوی ئەسپێ جەمیلێ حیجی یە
٣- گێور عورچۆ: ناوی ئەسپێ عەبدولکەریمە
٤- وەرزنەکارە: وەرزی چاندنی گەنم و جۆ
٥- چەمێ سوفیانێ: شوینی شەڕەکەیە
٦- خێڵی گراوی: خێڵێکی گەورەی بەناوبانگی کوردە لە کوردستانی باکووردا.

*: ئەو شەڕە لەنێوان خێڵی (گراوی) کورد و سوپای تورکەکان ڕووی دا لە چەمێ سوفیانێ.

خێڵی گراوی کە سەرۆکیان (شەکر ئاغا) بوو لەگەڵ عەمەر ئاغا، هەروا سوارچاکانی ئەو خێڵە ڕووبەڕووی سێ فرقەی سوپای تورک بوونەوە کە هەموو جۆرە چەکێکیان تێدا بەکارهێنا، لە پاش شەڕێکی خوێناوی زەرەرو زیانێکی کوشندەیان لە سوپای تورک داو، هۆکارەکانی ئەم شەڕە سەردانەهێنانی ئەو خێڵە بوو دژی زوڵم و جەور و بی دادی دام و دەزگای ڕژێمی تورک دژی میللەتی کوردی قارەمان بە درێژایی مێژوو.

* *: سەید شملی: ناوی [سەید شملی سەید مستەفا سەید (حەسەن)ە، لەساڵی (١٩٣٣) لە گوندی (دارەتوو) ناوچەی بەردەڕەش لە دایک بووە. لە ژیاندا ماوەو لە گوندی (چەمە دوبز) نیشتە جێیە.

سەید شملی پێشمەرگە و لاوک زان، دەنگو ئاوازێکی زۆر خۆش و کاریگەری هەیە تام و چێژی خۆی هەیە لە گوندی دارەتوو فێری لاوک بووە، لە ساڵی (١٩٦٣) بووە بە پێشمەرگە لە زۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێر و دەربەندی کۆڕی و سەفین بەشداری کردووە، زۆر پلەی بەرزی وەرگرتووە و چەند جارێک بە سەختی بریندار بووە، ئێستاکەش کاسبە.

**سەرچاوەکان:**

١- دیمانە لەگەڵ سەید شملی لە گوندی چەمەدوبز ساڵی ٢٠٠٢.
٢- کاسێتی تۆمارکراوی سەید شملی ساڵی ١٩٦٣ لە ماڵی یوسف ئاغای شێخ بزێنی دەستم کەوت.

**ئا/ جەلال مەلا حەسەن خۆشناو**

# نێوان – Diegese

ڕەخنەگری فەرەنسی ژێرار ژێنێت لە کتێبی فیگەرەکان، بەشی سێیەم ئەوها پێناسەی ئەم زاراوە دەکا کە: ئەو نێوان، یان بۆشایی و ڤالاییە زەمەنی و شوێنییەیە کە لە هونەری گێڕانەوە: چیرۆک و ڕۆماندا هەیە.

ئەم زاراوە پێش ژێنێت هەر لە سەردەمی ئەرستۆ و ئەفلاتوندا بە مانایەکی دیکە بەکارهاتووە، ئەوان وەک پێچەوانەو دژایەتی لاساییکردنەوە- Memisis-یان بەرامبەر بەنێوان- Die-gese-یان داناوە کە بەم پێیە بە مانای لاسایی نەکردنەوەوە هاتووە. ئەم جووتە مانایەش لە ڕوانگەی ژێنێت بە دووانەیەکی سەقەت لە قەڵەم دەدرێن، هەڵبەت بە مانا کۆنەکەی کە لە نرخی لاساییکردنەوە وەک چەمکێکی هونەری کەم دەکاتەوە. لە ڕاستیدا وەک وشە، ژێنێت ئەم وشەیەی لە نووسەر: ئێتیەن سوریۆ- E. Sourian وەرگرتووە، بەڵام بۆ مەبەستێکی دیکە کە لەگەڵ ئەو مانایەی لە سەرەوە نووسراوە دەگونجێ.

لەو دەستەواژانەی (= زاراوە) پێوەندییان بە هونەری گێڕانەوە هەیە، گوایە پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ناوەڕۆکی چیرۆک و تێیدا کردە لە چیرۆک جیا بکرێتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە ڕێگای ئەوەمان پێ دەدا پێوەندی نێوان چیرۆکبێژ و ڕووداو بزانین کە هەندێ جار دەشێ چیرۆکبێژ نەبێ، ئەمە بە (یەک نێوان= Heterodiegetique) ناسراوە، بەڵام ئەگەر چیرۆکبێژ (حکایەتخوان- یان ئەوەی چیرۆک دەگێڕێتەوە) لەشێوەی یەکێک بێ، ئەم گێڕانەوەیە بە (هاونێوان- Homo-diegetique)ی ناسراوە، بەجۆرێکی دیکە، ئەگەر گێڕانەوە لەیەک کاتدا لەسەر زمانی پاڵەوانەکە بێ و خۆشی چیرۆکبێژ بێ ئەم گێڕانەوەیە بە (ئۆتۆ نێوان - Autodiegetique) ناسراوە.

## ئاخاوتن Discours

ئەم زاراوەیە بەپێی ڕەگ و ڕیشە ئاڵۆزەکەی کێشەیەک دروست دەکا، چونکە لە زمانی عەرەبی بە (خطاب) دێ، ئینجا ئەم (خطاب)ە لەکاتی قسەکردن یان لە نووسیندابێ. لەو بڕوایەدام (ئاخاوتن) پڕ بەپێستی ئەم زاراوەیە ئەورووپییەیە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاتینی. ئاخاوتن- Discours ڕەگە لاتینیەکەی بریتییە لە Discorere کە بە مانای ئەم سەر و ئەوسەر کردن دێ و هیچ پێوەندییەکی بە هونەری شێواز و گفتوگۆ و نووسین نییە، بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی بەکارهێنانی لاتینی، ئەم زاراوەیە بەمانای ئاخاوتن یان هونەری ئاخاوتن و هونەری شێوازی نووسین بەکاردێ، سەرەتا وەک ڕێگایەکی هەڵنەبژێردراو و نادیار دەردەکەوێ لە هونەری قسەکردن و هونەری نووسین. مێژووی ئەم زاراوەیە سەرچاوەکەی لەڕووی فیکرییەوە، بەو شێوەی دوای کۆتایی هاتنی بەکارهێنانی لاتینی بەکارهاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ (logos- ڕۆشنایی= عەقڵ) یۆنانی و (خیتاب= ئاخاوتن= Oratio)ی لاتینی. لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە مێژووەکەی لەگەڵ مێژووی بیرکردنەوەیە.

بەم چەشنە، لەسەدەی حەڤدەم بۆ یەکەم جار لەلای دێکارت بەو مانایە بەکاردێ وەک لە کتێبی (ئاخاوتنێک لە بارەی مێتۆدەوە- Dicours de la Methode) لەگەڵ ئەمەش، ئاخاوتن- Discours، لە پێوەندی لەگەڵ خیتاب -Re-thorique و کە ئەمەی دوایی بە مانای ڕەوانبێژیش دێ، تەنیا هۆیەکی تەعبیرکردن نەبوو لە مەسەلەی فیکر و بیرکردنەوە، بەڵکو پێوەندییەکی ئۆتۆنۆمیشی پێشان دەدا لە پێوەندی نێوان گوێگر و قسەکەر. هەموو ئەمانەش بریتین لە کردەیەک مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی سۆفیستەکان.

لە زانستی زمانناسی پێناسەیەکی فراوانتر بۆ ئاخاوتن- Dicours کراوە کە وەک پرۆسەیەکی پێشاندان و ڕوونکردنەوەی نهێنی و بێ وێنە دێتە بەرچاو کە لە ڕێگای ئەمەوە، ئەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ یان لەبارەی دەنووسرێ زمان دەگوازێتەوە بۆ حاڵەتی وشە، هەڵبەت بە مانا سۆسەریەکەی.

لە ڕوانگەی ئۆستن-Austin بۆ نموونە، بریتییە لە چەند کردەیەک کە ئاخاوتنێک تەواو دەکەن. شیکردنەوەی دەروونی و سۆسیۆلۆژی ئەمڕۆ ڕووناکی بەهێزی ئاگایی و ئیدیۆلۆژی دەخەنە سەر گشت ئاخاوتنێک، واتە لە ڕێگای ئەم دووانە دەکرێ ئاخاوتن بە چاکی بناسرێتەوەو شی بکرێتەوە.

## ڕەوان- Eloquence

دەمێکە لە زمانی کوردی فەساحەت و بەلاغەت و ڕەوانی بەکاردێ، کولتووری وەک حاڵەتێکی بلیمەتی ئەم دیاردەی گەلێک زۆر تێدا هەبووە، ئەمەش چ لە ناوەندی دێهاتی بێ یان شارنشینی، لەم دوو ناوەندە کارێکتەری تایبەتی هەبووە کە جیان لە یەکتری، بەڵام وەک ڕەوانی بەیەکتری چوونە، چونکە ئەمەیان پێوەندی بە هونەری گفتوگۆ و نووسینەوە هەیە قەناعەتێکی پڕ بە مرۆڤ بێنێ. ڕەوان-ی بەشێوەیەکی لاوەلا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕەوانبێژییەوە هەیە، ئەگینا زیاتر بە مانای هونەری قەناعەت پێهێنان دێ لە چوارچێوەی شێوازێکی هونەری. بەڕای شیشرۆن وەک بەهرەیەکی سروشتی مرۆڤی ڕۆشنبیر دێتە بەرچاو و دەڵێ: (ڕەوانی لە ڕەوانبێژی-یەوە نەهاتووە، بەڵکو بەپێچەوانەوەیە) قەناعەت پێهێنان هێزێکە بۆ گرتن و پەڵبەستکردنی ئەوی دیکە. سیاسەت و قەزاو مەدح و توانج بەشێک بوونە لە پەروەردەکردنی هاوولاتی. یۆنانی و ڕۆمانی بۆ ئەوان فەزیلەتێکی بەرگریکردن بووە لەخۆ. ڕەوانی گیانێکە هەموو ڕبەستێکی گۆشتی (ماددی) دەبڕێ و کوێرانە خۆی دەخاتە ناو گیانی ئەویدیکە. ڕەوانی وەک بچمێکی شۆڕش و ڕاپەڕین دێتە بەرچاو هەڵبەت بەسەرەنجدانی خیتابی شۆڕشگێڕەکان، وەک: دانتۆن، سان ژوست، ترۆتسکی...) لە مێژووی فیکرو فەلسەفە، ڕوانینی دژ بەیەک دەربارەی ڕەوانی هەیە، ئەفلاتوون قەناعەت پێ هێنان دەبەستێتەوە بە ڕواڵەت و ڕای پێچەوانەی ڕاستی گوتن، تێکەڵکردنی ڕەوانبێژی و پیاهەڵدان. لەلای سۆفیستەکانیش وەکو وەهم دێتە بەرچاو، بەپێچەوانەوە لەلای ئەریستۆ وەک ستایشێکی پێویست بەهەمان ئاستی لۆژیک بایەخی پێ دراوە، بەڵام لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، هەتا ئەو کاتەی ئەفلاتون لە کتێبی- Phedre، بنچینەی ڕەوانبێژی و ئاخاوتن دادەڕێژێ، ڕەوانی ڕاستەوخۆ بە مانای گوتنی ڕاستی نەهاتووە. ئەمە بریتییە لە لایەنی پراتیکی سۆفیستییەکان، هەروەکو نیتشە- Nietzsch دڵنیایی لەسەر ئەمە کردووە و دەڵێ: بێگومان سروشتێکی دیکەی زمان هەیە وەک لە ڕەوانبێژی، وڕێنەیەکی دیکە هەیە وەک لە ڕەوانی. نیتشە مەبەستی لەمە ئەوەیە بە قەد ئەوەی ڕەوانی هەیە وڕێنەو زمان تێکەڵ بوونیش هەیە.

**ئا: د. موحسین ئەحمەد عومەر**